MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

**سەرهەڵدان و بەردەوامی**

**حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا**

# سەرهەڵدان و بەردەوامی حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا

نووسینی: د. حوجەتوڵا ئەیووبی

وەرگیرانی: ئازاد وەڵەدبەگی


ئەم کتێبە وەرگێڕدراوی ئەمەی خوارەوەیە:
پیدایی و پایایی احزاب سیاسی در غرب،
دکتر حجه الله ایوبی، سروش، تهران، ١٣٧٩

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **سەرهەڵدان و بەردەوامی حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا**
- **نووسینی: د. حوجەتوڵا ئەیووبی**
- **وەرگێڕانی: ئازاد وەڵەدبەگی**
- **نەخشەسازی ناوەوە: طـە حسین**
- **پیتچنین: محەمەد مامەند**
- **بەرگ: هۆگر صدیق**
- **سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات**
- **ژمارەی سپاردن: (٨٧٩)**
- **نرخ: ٤٠٠٠**
- **چاپی یەکەم : ٢٠٠٧**
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس (هەولێر)**

**زنجیرەی کتێب (٢١١)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................................................ ١
پێشەکی وەرگێڕ ................................................................ ١٧
**بەشی یەکەم:** نهێنی سەرکەوتنی پرۆسەی حیزبایەتی لە رۆژئاوا
پاژی ١: وێنەیەکی گشتی لە حیزبی سیاسی ..................................... ٢١
پاژی ٢: زەمینەی سیاسی- کۆمەڵایەتی رکابەرییە حیزبییەکان لە رۆژئاوادا .. ٥٩
پاژی ٣: پرۆسەی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان ............................ ٧٥
**بەشی دووەم:** توێژینەوەی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی حیزب
پاژی ١: رێکخراو و رێکخستنی حیزبەکان ...................................... ١٠١
پاژی ٢: ئایدۆلۆژیای حیزبی چوارچێوەیەکی کلاسیکی بۆ جۆرناسی حیزبە
سیاسییەکان ...................................................................... ١٢٥
پاژی ٣: سەرچاوگەی کۆمەڵایەتی حیزبە سیاسییەکان ........................ ١٤١
پاژی ٤: ئابووری حیزبە سیاسییەکان ........................................... ١٦٧
**بەشی سێهەم:** لە حیزبی سیاسییەوە تا سیستەمی حیزبی
پاژی ١: سیستەمی حیزبی و فاکتەرە کارتێکەرەکانی ......................... ١٩١
پاژی ٢: پێداچوونەوەیەک لەسەر چۆنێتی دروستبوونی سیستەمە
حیزبییەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا ........................................... ٢٣١
دەرەنجام ........................................................................ ٢٧٩
سەرچاوەکان .................................................................... ٢٨٣

ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

- دۆستی زێدە ئازیزم بەڕێز (جەواد سووزەنی)

وەرگێڕ

# پێشەکی

دەبێ بە دامەزراوبوونی ململانێ و کێشمەکێشە سیاسییەکان لە چوارچێوەی حیزبەکاندا بە یەکێك لە گرنگترین سیماکانی نوێگەرایی سیاسی لە ڕۆژئاوا بزانین. وەرچەرخانە جۆراوجۆرە سیاسی- کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و ڕووداو و پێشهاتە گرنگە مێژووییەکان بەرەبەرە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانی بەرەو ڕکابەری ئاشتیانە و کەمکردنەوەی گرژییە توندوتیژەکان و جەنگە ناوخۆییەکان پاڵ پێوەنا.

حیزبی سیاسی کە بۆ خۆی دەرئەنجامی وەرچەرخانە قووڵە پێکهاتەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە، توانی بە نۆرەی خۆی ببێتە سەرچاوەی وەرچەرخانێکی گەورە لەم کۆمەڵگایانەدا و ببێتە دڵی نائارامی سیستەمە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا. لێدانی دڵی پڕ لە جۆشی حیزب، جموجۆڵ و چالاکی و گەرموگوڕیی و لە هەمان کاتدا ئارامی و سەقامگیرییەکی تایبەتی بە جەستەی سیستەمە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بەخشی. لە لایەکی ترەوە، حیزبی سیاسی توانی وەك مێشکی بیرمەندی سیستەم، جەستەی سیستەمی سیاسی بخاتە ژێر تاکە فرمانێکەوە و هەڵسوکەوتی بەدەر لە ڕێسای بەشە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتردا هاوئاهەنگ بکات. بە هۆی حیزبایەتی، پێکادان و ڕەفتارە سیاسییەکان شێوازێکی لەباریان بەخۆوەگرت و قەیران و گرژیی بەردەوام و جەنگی ناوخۆ و بشێویی سیاسی جێی خۆیان دابە سەقامگیری و ئارامی سیاسی.

حیزبایەتیکردن لە ڕۆژئاوا توانی فەرهەنگی زۆر و توندوتیژی بگۆڕێت بە فەرهەنگی گفتوگۆ و داواکاری.

بەشێوەیەکی سروشتی دیاردەیەکی گرنگی وەك حیزبی سیاسی سەرنجی گەلێك لە توێژەرانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و گەلێك توێژینەوە لەم بارەیەوە ئەنجامدراون. فراوانی تیۆری



و نووسراو و وتارەکان لەم بوارە لە ئاستێکدایە کە دەتوانین بڵێین حیزبی سیاسی بەشێکی گرنگی لە زانستە سیاسییەکان بۆ خۆی تەرخانکردووە و دەتوانین بە لقێکی زانستی سیاسی لە قەڵەمی بدەین. زانستی حیزبەکان ڕەوتی سروشتی خۆی پێواوە و بەرهەمی گەلێك لە پێشڕەوانی ئەم زانستە وەك ڕۆبرت میخلز، مۆریس دۆڤێرژە و ئەوانیتر کۆمەڵێك توێژینەوەی ڕێکوپێك و تۆکمە یان لەسەر حیزبەکان دروستکردووە.

هەرچەندە ناتوانین حیزب بەواتابەربڵاوەکەی خۆی تەنها بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی بزانین، بەڵام حیزب بەواتا نوێ و زاراوەییەکەی خۆی بەتایبەت سیستەمی سیاسی بنیاتنراو لەسەر حیزبەکان، بێگومان بە داهێنانێکی نوێی سیاسی ڕۆژئاوا لە قەڵەم دەدرێت. ئەگەرچی هەندێ کەس، لە ئەمریکا بە دوای ڕەگوڕیشەی یەکەم حیزب بەواتا نوێیەکەی دەگەڕێن، بەڵام گەلێك کەس لەو باوەڕەدان کە یەکەمین حیزبی سیاسی لە ساڵی ١٨٣٢ لە وڵاتی ئینگلتەرا سەری هەڵداوە.

بەهەرحاڵ، ئەزموونی حیزبایەتی بەخێرایی سنووری کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانی بڕی و لەگەلێك لە وڵاتانی نا ڕۆژئاوایی لاسایی کرایەوە.

ڕوانینێکی خێرا بۆ حیزبە سیاسییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات نیشاندەری ئەوەیە کە ڕێکخراوەکان، پێکهاتەی ڕێکخستنەکان و تەنانەت بەرنامەی حیزبەکان لەم وڵاتانە لە مۆدێلە ڕۆژئاواییەکان وەرگیراون.

بەم حاڵەش، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ئەزموونی حیزبایەتی لاسایی کرایەوە، بەڵام بەکردەوە ئامانجە سەرەکییەکەی کە لەناوبردنی گرژییە سیاسییە توندوتیژەکان و زاڵبوونی ڕکابەری ئاشتیانەیە، نەیتوانی هاوشانی حیزبایەتیکردن لەم کۆمەڵگایانە و بەتایبەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا بێتەدی.

ئەگەر ئەم نووسینە بەم گریمانەیە دەست پێ بکەین کە «حیزبی سیاسی بەشێکە لەدوا قۆناغەکانی نوێگەرایی سیاسی لە ڕۆژئاوا»، بەر لە خەریکبوون بە حیزبی سیاسی لەگەڵ پرسیارێکی سەرەکیتر بەرەوڕوودەبین و ئەویش ئەوەیە کە دەبێ چۆن لەگەڵ چەمك و دیاردەکانی سەرچاوەگرتوو لە فەرهەنگ و شارستانیەتی ڕۆژئاوا هەڵسوکەوت بکەین؟ لە بەشەکانی دیکەی ئەم نووسینە ئەوە دەسەلمێنین کە حیزبە سیاسییەکان بەواتا نوێیەکەی دیاردەیەکی ڕۆژئاوایین و لە ڕەوتی مۆدێرنیتەی سیاسی لە ڕۆژئاوادا سەریان هەڵداوە.

دەستپێکردنی ئەم نووسینە بە گریمانەیەکی لەم جۆرە، لە بەرامبەر ئەم پرسیارەی سەرەوە وەڵامێکی روونی دەوێ. ئەگەر حیزبی سیاسی بە دەرەنجام و بەرهەمی مۆدێرنیزم لە رۆژئاوا بزانین، لانی کەم لەم بارەیەوە خۆمان لەبەردەم دوو هەڵوێستی توندڕەوانەدا دەبینینەوە. لەلایەکەوە ئەو کەسانەن کە دژ بە هەر جۆرە سیمایەکی شارستانیەتی رۆژئاوان و چەمکە رۆژئاواییەکان بەزادەی فەرهەنگ و مێژوو و کۆمەڵگایەکی بە تەواوی جیاواز لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر دەزانن و بە هیچ جۆرێك گواستنەوەو مۆدیل وەرگرتن لە شارستانیەتەکانی تر بەرەوا نازانن. تێڕوانینێکی لەم جۆرە ئێمە لە توێژینەوەی چەمك و مۆدیلەکانی گەشەکردنی سیاسی لە رۆژئاوا بەبێ نیاز دەزانێ و لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی وەك حیزبی سیاسی نەخاتە سەرووی توێژینەوەکانی خۆیەوە. بەپێی ئەم دیدگایە توێژینەوە لە حیزبی سیاسی تەنها بۆ ناسینی زیاتر و قووڵتری وەرچەرخانە سیاسییەکانی کۆمەڵگاکانی دیکەیە.

لەلایەکی ترەوە، تێگەیشتنێکی زێدەڕۆیانە لە فەرهەنگ و شارستانیەتی رۆژئاوا هەیە کە رۆژئاوا بە کاروانسالاری شارستانیەتی مرۆیی دەزانێ و چەمك و داهێنانە تازە سیاسییەکانی رۆژئاوا بە خاوەن بەهایەکی جیهانگیر و چارەنووسی حەتمی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدات. دیدگایەکی لەم جۆرە داهێنانە تازەکانی شارستانیەتی رۆژئاوایی بە نوسخەیەکی لەپێش ئامادەکراوی گەشەکردن و پێشکەوتنی دەزانێ بۆ هەموو کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکان و توێژەر لە ناسینی وردی پێداویستی و خواستەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بەبێ نیاز دەزانێ.

ئەم دوو تێڕوانینە, هەردووکیان گرفتاری داوی زێدەڕەوی و کەمڕەوین (افراط و تفریط). لەبەرامبەر ئەم دوو دەروازەیەش، رێگایەکی ناوەنجیش هەیە کە لە بڕی رەتکردنەوە یا پەسندکردنی یەکجارەکی ئامۆژگاری دەستە بژێرکردن دەکات. ئەم رێگا ناوەنجییە کە ئێچمە لە زێدەڕەوی و کەمڕەوی پێشوو دەپارێزێ تێڕوانینی ئێمە بۆ دیاردەی حیزبایەتی پێکدەهێنێ. بۆ دیاریکردنی تێڕوانینی خۆمان لەم بارەیەوە هیچ چارەیەك نییە جگە لە پێداچوونەوەیەك خێرا بەسەر شێوازەکانی پێشوودا.



لە دەیەی شەستی زایینی و لە سەردەمی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە نوێیانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم رزگاریان ببوو، پرسی گەشەکردنی سیاسی و شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ مۆدێلەکانی گەشەکردنی رۆژئاوایی سەرنجی گەلێك لە توێژەرانی بەرەو لای خۆی راکێشابوو.

بەخێرایی دوو دیدگای جۆراوجۆر و دژبەیەك لە بەرامبەر یەکتردا خۆیان رێکخست. دیدگایەك لەو باوەڕەدا بوو کە چەمك و مۆدێلە رۆژئاواییەکان زادەی شارستانییەتی رۆژئاوان و رەگوڕیشەیان لە مێژووی ئەم کۆمەڵگایانەدا هەیە و بە هیچ کلۆجێك ناکرێ ئەوانە بۆ کۆمەڵگا ئاسیایی و ئەفریقییەکان بەکاربهێنین، کە بە تەواوی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا جیاوازن، بەپێی ئەم دیدگایە، کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکان لەگەڵ هەندێ گرفت بەرەوڕوون کە بە تەواوی بۆ کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان نامۆیە.

ئەم پرس و گرفتانە هەرچەندە لە رواڵەتدا هەندێ لێکچوونیان لەگەڵ پرسی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا هەبێ، بەڵام لە رووی بنچینە و بنیاتەوە لەگەڵ ئەواندا جیاوازن و بەکارهێنانی چەمك و رێگای چارەی رۆژئاواییەکان بۆ دەربازبوون لە گرفتی کۆمەڵگاکانی تر بێ سوود و بێ ئەنجامە. لەم حاڵەتەدا، گەلێك لە چەمك و مۆدێلە رۆژئاواییەکان کە کۆڵەکە و بنەمای هەندێك لە زانستەکان، بەتایبەت زانستی سیاسی پێك دەهێنن، تەنها لەم کۆمەڵگایانەدا بەکاردێن و بەسەر کۆمەڵگاکانی تردا گشتگیر ناکرێن.

واتای دیکەی ئەم وتەیە ئەوەیە کە بنەما و بنیاتەکانی زانستی سیاسەت سست و لەرزۆکن و زانستی سیاسەت شتێك نییە جگە لە کۆمەڵێك چەمکی ناگشتگیر کە تایبەتن بە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان.

لە بەرامبەر ئەمەشدا، قوتابخانەیەکی تر کە بە گەشەخواز ناوبانگی دەرکردووە، نکۆڵی لە ناکۆکی بنچینەیی لە نێوان کۆمەڵگاکاندا دەکات. بەپێی ئەم دیدگایە کامڵبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان وەك کامڵبوونی مرۆڤەکانە و بە تاکە رێڕەوێکدا تێدەپەڕن. هەروەك چۆن هەموو مرۆڤەکان بە ناچار بە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ساوایی، منداڵی، نەوجەوانی، گەنجێتی و پیریدا تێپەڕدەبن، کۆمەڵگاکانیش لە رێگای کامڵبوونی خۆیاندا تاکە هێڵ و رێڕەوێکیان لە بەردەمدایە و هەموویان ناچارن بەم تاکە گوزەرگایەدا تێپەڕبن. ئەم تیۆرییە کە لە دەیەی شەستی زایینی گەلێك لایەنگری هەبوو ئەمڕۆ بە توندی کەوتۆتە بەر رەخنە و راستییە مێژووییەکانیش پێچەوانەی ئەمەیان سەلماندووە.

رەنگە بتوانین (هێربرت سپنسر) لە ریزی ئەو یەکەمین کەسانە دابنەین کە بە شێوەیەکی لابەلا ئاسۆیی بوونی گەشەکردن و کامڵبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکانی خستۆتە روو. سپنسر لەو باوەڕەدا بوو، هەروەك چۆن خانەکان (سلول) لە رەوتی گەشەکردنی خۆیاندا لە سادەییەوە بەرەو فرە جۆریی پێکهاتەیی دەڕۆن و زیادبوونی خانەکان دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی هەرچی زیاتری ئەوان، کۆمەڵگا مرۆییەکانیش لە سادەیی سەرەتاییەوە تێپەڕیون و بەرە بەرە رێگای فرە جۆری و ئاڵۆزییان گرتەبەر و هێدی هێدی پێکهاتەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگاکاندا سەریانهەڵدا و فرە جۆری و ئاڵۆزی کۆمەڵگا مرۆییەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر بوو. سپنسر تاکە رێگایەك بۆ کامڵبوون و گەشەکردن دادەڕێژێت و کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بە کاروانسالاری شارستانیەتی مرۆیی دەزانێ. دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگاکان لە رێڕەوی کامڵبوونی خۆیاندا پەیڕەویی لە یاسا و رێسایەکی یەکسان دەکەن.

ئۆگۆست کونتیش بە خستنەڕووی سێ قۆناغ بۆ کامڵبوونی کۆمەڵگاکان، رۆژئاوا بە پێشڕەوی شارستانییەتەکان دەزانێ و لەو باوەڕەدایە کە هەموو شارستانییەتەکان لە رەوتی کامڵبوونی خۆیاندا بەرەو شارستانیەتی رۆژئاوا هەنگاو دەنێن و رۆژئاوا دیاریکەری ئاراستەی گەشەکردن و کامڵبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکانە.

بەم جۆرە بەرە بەرە تیۆرییە رۆژئاوا تەوەرەکان لە باسەکانی گەشەکردندا دەقیان گرت و ئەم تیۆرییانە لە نێوان زانایانی زانستی سیاسەتدا گەلێك لایەنگریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە. گەشەخوازەکان[١] لە ریزی ئەو دەستە لە توێژەراندان کە بە تێڕوانینێکی لەم جۆرە سەیری دەستکەوتەکانی شارستانیەتی رۆژئاوایی دەکەن و بە جیهانگیریان دەزانن و شایستەی ئەوەن کە بەسەر هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا گشتگیر بکرێن. بەپێی ئەم دیدگایە، جیهانی سێهەمی ئەمڕۆ لە دۆخی دوێنێی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندایە و بەهەمان ئەو هەوراز و نشێوانەدا تێدەپەڕێ کە رۆژئاواییەکان لەمەو پێش بە سەلامەتی پێیدا تێپەڕیون.

ئەم دیدگایە بنچینەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی گەشەخوازەکان پێکدەهێنێ. گەلێك لە توێژەرە بەناوبانگەکانی گەشەکردنی سیاسی بە بڕوابوون بە گریمانەیەکی لەم جۆرە لە توێژینەوەکانی خۆیاندا هەوڵیانداوە کە هۆکار و نیشانەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکان روون بکەنەوەو پێگەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان لەسەر پلیکانەی گەشەکردندا

---

(١) Dévélopemonta lisme.



دیاری بکەن. (رۆبرت دال)[٢] ئاستی داهاتی سەرانە بە یەکێك لە مەرجەکانی گەشەکردنی سیاسی دەزانێ و لە توێژینەوەکانی خۆیدا لەم روانگەیەوە ئاستی گەشەکردنی وڵاتانی جۆراوجۆر بەراورد دەکات و لەسەر ئەم بنەمایە پلەی گەشەکردوویی وڵاتان هەڵدەسەنگێنێ[٣].

بە بۆچوونی (کارل دۆیچ)[٤] ئاستی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی بە پێوەری گەشەکردوویی دادەنرێ. ئەو لە بەرهەمە بە ناوبانگەکەی خۆیدا لە ژێر ناونیشانی (نەتەوەگەرایی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) هەوڵی سەلماندنی ئەم گریمانەیە دەدات کە بوونی ناوەندێکی سیاسی بەهێز مەرجی یەکەمی گەشەکردنی سیاسییە.

لە روانگەی ئەوەوە واپێویست دەکات کە هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پێوەندی و وابەستەیی خۆیان بە دەوڵەت لە سەرووی هەموو پێوەندی و وابەستەییە ئەتنی، خێڵەکی و نەژادییەکان و ئەوانیترەوە دابنێن. بەم جۆرە گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە پێوەندی راستەوخۆدا دەبن لەگەڵ دەوڵەت و بەرە بەرە بۆ بەشداربوون لە دەسەڵاتدا ئامادە دەبن و جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و رکابەری بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات دەست پێدەکات.

لرنر[٥] رزگار بوون لە نەریتە کۆنەکان و رووکردنە شارەکان، لە ناوچوونی پێوەندییە کلاسیکیەکان، رزگاربوونی تاك لە گرووپە سەرەتاییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبونی پێوەندییە نوێیەکان لەسەر تەوەری قازانج بە کەرەستەی پێویستی جموجووڵی کۆمەڵایەتی و گەشەکردن دەزانێ. گابریل ئالموند[٦] و لۆسیەن پای[٧] کامڵبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگاکان گرێ دەدەن بە ئاستی فرە پێکهاتەیی سیاسەت و پلەی پێشکەوتنی سکۆلاریزم لە کۆمەڵگادا و هەوڵ دەدەن بە سوود وەرگرتن لەم بگۆڕانە نایەکسانی گەشەکردن لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا روون بکەنەوە. لۆسیەن پای لەو باوەڕەدایە کە تەنها یەك رێگای گەشەکردن هەیە و دەتواندرێ هەموو کۆمەڵگاکان بخرێتە سەر هێڵێك لە گەشەکردن سیاسی و بەراورد

---

(٢) DAHL. R, polyarchy, New Havent, Yal University press, 1971, p. 203

(٣) HIBBS D, Mass political violence, a cross national causal Analysis, Newyork, J wilecy and sous, 1968.

(٤) DETSCH, The Nervers of Government: a model for political comuniction and control, Newyork, The free press, 1963.

(٥) LERNER D, The passage of Traditional society Modernizing the Middle East, Glenco, The free press, 1958, pp. 44-50.

(٦) ALMOND G, POWELL B, Comparative politics, Boston Little, Brown and co, pp 23-28, 1966.

(٧) PYE L. W. Aspects of political Development, Boston, Little, Brown, 1966.

بکرێن. لە روانگەی ئەوەوە چەمکی قەیران دەتوانێ گەشەکردنی لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا روون بکاتەوە. ئەو چارەسەرکردنی قەیرانەکان بە کەرەستەی پێویستی گەشەکردن دەزانێ کە هەموو کۆمەڵگاکان ناچارن پێیدا تێپەڕبن.

دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە قوتابخانەی گەشەخواز هەوڵ دەدات بە خستنە رووی چەمکە جیهانگیر و گشتگیرەکان، پێوەرە راستینەکان (عینی) بۆ گەشەکردن بخاتە روو. بەپێی ئەم دیدگایە گەشەکردن نایەکسانە و ئاستی ئەم نایەکسانییەش شیاوی پێوانە کردنە، چونکە گەشەکردن و پێشکەوتن هەریەکن. بەم جۆرە دەبێ هەوڵ بدرێ کە بەربەستەکانی بەردەم بەدیهاتنی گەشەکردن لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا هەڵبگردرێت.

لەم روانگەیەوە چەمك و دەستکەوتەکانی شارستانیەتی رۆژئاوایی کە لە رێڕەوی کامڵبووندا پێش کۆمەڵگاکانی تر کەوتوون، جیهانگیرن و شیاوی ئەوەن کە بەسەر هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا گشتگیر بکرێن.

جیاوازی نێوان کۆمەڵگا مرۆییەکان جیاوازی نێوان پلە و قۆناغە و دەکرێ هەموو وڵاتان بەسەر پلیکانەیەك لە پێشکەوتنەوە ببنیرێن. هەندێکیان پێشڕەون و لەسەرەوەن و هەندێکی تر لە پلەکانی خوارووتردا جێگیرن و چاوەڕوانی سەرکەوتنن.

لەم روانگەیەوە، حیزبە سیاسییەکان وەك یەکێك لە گرنگترین دیاردەکانی گەشەکردنی سیاسی بەهایەکی جیهانگیریان هەیە و دەبێ هەوڵ بدرێ وێڕای ناسینی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا، بەربەستەکانی بەردەم بەدیهاتنیان لە کۆمەڵگاکانی دیکە هەڵبگیردرێت و رێگا بۆ گەشەکردنی سیاسی سەقامگیر خۆش بکرێت. کەم نین ئەو توێژینەوانەی کە بە تێڕوانینێکی لەم جۆرە سەیری حیزبە سیاسییەکان دەکەن.

تێڕوانینی رۆژئاوا تەوەر کە لە دەیەکانی شەست و حەفتای زایینی بە بێ رکابەر و بێ بەرهەڵست دەهاتە پێش چاو، بەکردەوە تووشی گیروگرفتی جدی بوو. ئەم قوتابخانەیە کە هێشتاش لایەنگری بەتینی هەیە، لە لایەنی جۆراوجۆرەوە کەوتەبەر رەخنە. یەکەمین گرفتی ئەم تیۆرییانە لەبەرچاو نەگرتنی جیاوازی فەرهەنگییە لە نێوان کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا.

تیۆرییە رۆژئاوا تەوەرەکان لەسەر بنەمای دوو پێش گریمانە دامەزراون. ئەم دوو پێش گریمانەیە بریتین لە: جیهانگیربوونی چەمکە رۆژئاواییەکانی گەشەکردنی و جیهانگیربوونی رێگا و شێوازی گەشەکردن و کامڵبوونی کۆمەڵگاکان. دەرەنجامی گرنگی ئەم دیدگایە ئەوەیە کە



کاریگەری فەرهەنگ لەسەر شکڵ گرتنی سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگا جۆراوجۆراەکاندا فەرامۆش دەکات. لەم روانگەیەوە، دەستکەوتەکانی شارستانیەتی رۆژئاوایی بە سەروو فەرهەنگی لەم قەڵەم دەدرێت و پابەندی کات و شوێنی تایبەت نین. ئەم توێژەرانە هەوڵ دەدەن بە ئیلهام وەرگرتن لە تیۆرییەکانی ماکس ویبەر وێڕای خستنەڕووی مۆدیلە ئامانجگەراکان کە دیاریکەری ئاراستەی گەشەکردنی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانە، ئاستی مەودای کۆمەڵگاکان لەگەڵ ئەودا هەڵبسەنگێنن. بۆ وێنە، بۆ بۆرۆکراسی کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی گەشەکردن و کامڵبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان، مۆدێلێکی ئامانجگەرایانە دادەڕێژن و دوور و نزیکی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئەودا دەخەنە بەر باس و توێژینەوە. لەم روانگەیەوە، هەموو کۆمەڵگاکان بە ئاراستەی جۆرە بۆروکراسییەك لە جموجۆڵدان و جیاوازی نێوان کۆمەڵگاکان شتێکی ناوەڕۆکی نییە بەڵکو شکڵییە.

لاسایی کردنەوەی بێ ئەم لاوئەولا لە رۆژئاوا ئەو نوسخە سەرەکییەیە کە ئەم دەستە لە توێژەران بۆ کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان پێشنیاری دەکەن.

وڵاتە ئەفریقیەکان پاش سەربەخۆیی بە خێرایی داموودەزگا رۆژئاواییەکانیان لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا دروستکرد و ئەم ئامۆژگاریانەیان بە باشی جێبەجێ کرد، بەڵام زۆری نەخایاند کە راستیەکانی ئەم کۆمەڵگایانە، بێ بنەما بوونی ئەم تێڕوانینەیان دەرخست. ئەو داموودەزگایانەی کە لاسایی رۆژئاوایان دەکردەوە و هیچ جۆرە لێکچوونێکیان لەگەڵ فەرهەنگ و پێکهاتە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی ئەم کۆمەڵگایانەدا نەبوو، نە تەنها سەقامگیری سیاسیان بۆ ئەم کۆمەڵگایانە بە دیاری نەهێنا، بەڵکو بۆ خۆیان بوونە فاکتەری پێکادان و بزاڤێکی توند و تیژ و بوونە هەڕەشەیەکی سەرەکی لەسەر سەقامگیری سیاسی، چونکە ململانێ و پێکادانە سیاسییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا لە رووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ جەنگ و پێکادان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان جیاوازە و خاوەن خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی.

واقیعیەتی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان، هەندێ لە توێژەرانی ناچار کرد تا رەگەزی فەرهەنگیش بهێننە ناو شیکردنەوەکانی خۆیانەوە و هەوڵ بدەن بە سوودوەرگرتن لە رەگەزی فەرهەنگ فرەیی و جیاوازییەکان روون بکەنەوە(٨).

(٨) GEERTZ C, The Interpretation of culture, Newyork, Basic Books, 1973.

رەگوڕیشەی شیکردنەوە فەرهەنگییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و وڵاتانی ئانگلۆساکسۆن بە زێدی سەرەکییان دادەنرێ. شیکردنەوە فەرهەنگییەکان بە پلەی یەکەم دروستکراوی دەستی ئانترۆپۆلۆژیستەکانن[٩].

(ئالموند) و (ڤێربا)[١٠] لەو توێژەرانەن کە بە تێڕوانینێکی لەم جۆرە بۆ فەرهەنگ خەریکی توێژینەوەی رەفتاری سیاسی و بەراوردکردنی فەرهەنگی سیاسی وڵاتانی بریتانیا، ئەمەریکا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و مەکسیك بوون.

لێکدانەوەی فەرهەنگی نەك تەنها حاڵەتی وەسفکردنی تێدایە بەڵکو شیکردنەوەش لە خۆدەگرێ. چونکە بەپێی ئەم دیدگایە دەبێ لە واتای ورد و چەمکەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان تێ بگەین کە ئەمە دەتوانێ رێ خۆشکەر بێت بۆ لێکدانەوەیەك کە لەگەڵ واقیعدا بگونجێت. بۆ وێنە، بە روون کردنەوەی واتای راستەقینەی هەندێ چەمکی وەك دەوڵەت، نەتەوە و حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگایەکدا دەتوانی پەی بە چاوەڕوانییەکانی خەڵك ببەیت و لەم رێگایەوە دەکرێ بە باشی ناکۆکی و پێکدادانەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایانە روون بکرێتەوە. قازانجی ئەم رێگایە ئەوەیە کە ئەو دەرفەتە بۆ توێژەران دەڕخسێنێ تا بە تێگەیشتنی باشتر لە واتا و چەمکەکان لەناو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، لە ئەزموونی نوێگەرایی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان تێ بگەن بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی گونجاو لەگەڵ راستییان هەبێ لە واقیعی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان هەبێ.

ئەم شێوازە بەباشی دەرفەتی بەراوردکردن دەڕەخسێنێ و جگە لە لێکچوونەکان جیاوازییەکانیش ئاشکرا دەکات. بەپێی ئەم بۆچوونە، فرەیی رێگاکانی گەشەکردن و کامڵبوون شتێکی سروشتییە و نوێگەرایی لەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەن فەرهەنگی جۆراوجۆرن بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ و ناکرێ دەستکەوتەکانی شارستانیەتێك بەبێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازییە فەرهەنگیەکان، بە شتێکی جیهانگیر بزانین.

یەکێکی دیکە لە گرفتە سەرەکییەکانی پارادایمی گەشەخواز لەبەرچاو نەگرتنی رۆڵی رووداوە مێژووییەکانە. لەم توێژینەوانەدا پشت بەستن بە قوتابخانەی رەفتارگەرایی وەك شێواز و

(٩) BADIE B. political comparél, paris, PUF, 1990, p. 46.

(١٠) ALMOND G, VERBA S, The civic culture, Boston Little, Brown and co.1965.



بڕوامەندی بە سەربەخۆ نەبوونی مێژوو لە ڕیزی فاکتەرەکانی گرنگی نەدانن بە رۆڵی بگۆڕە مێژووییەکان کە ئەنجامەکەشی سەر پێی بوونی شیکردنەوەکانە.

ئەمڕۆ، بەتایبەت کۆمەڵناسی هەڵبژاردن، بەرتەسکبوونی تێڕوانینی رەفتارگەراکانی پتر لە جاران ئاشکرا کردووە. ئەو لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرانەی کە بۆ راڤەکردنی هەڵسوکەوتی دەنگدەران ئەنجامدراون، بە زۆری جەخت لەسەر کاریگەری بگۆڕە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت مێژووییەکانیش دەکەنەوە لەسەر فۆرم بەخشین بە بۆچوونی سیاسی دەنگدەران. لە روانگەی هەندێك لە توێژەرانی ئەم بوارەوە هەڵسوکەوتی دەنگدەران ملکەچە بۆ پێگەپیشەییەکان، ئاستی خوێندەواری، رەگەز و هتد[١١].

ئەم توێژەرانە لەو باوەڕەدان کە بەپێچەوانەی هزری رەفتارگەراکان ناتوانی مۆدێلی جیهانگیر و سەروو فەرهەنگی بۆ شیکردنەوەی دەنگی دەنگدەران بخەینە روو و ناکرێت رەگەزی کات و شوێن و مێژوو و تەنانەت جوگرافیاش لە شکڵ پێدانی بیروهزری گشتی لەبەرچاو نەگرین[١٢].

مارکسیستەکانیش بیانەوێ و نەیانەوێ تووشی داوێکی لەم جۆرە هاتن و لە شیکردنەوەکانی خۆیاندا رۆڵی فەرهەنگ و مێژوویيان لە فۆرم بەخشین بە سیستەمە سیاسییەکان فەرامۆش کرد. لە دیدگای مارکسیستەکانەوە مێژووی مرۆڤ بە تاکە ڕێڕەوێکدا تێپەڕدەبێ و هەموو کۆمەڵگاکان لە ئەنجامدا بەرەو تاکە سەرمەنزڵێك رێنوێنی دەکرێن. لە روانگەی مارکسیستەکانەوە سیستەمی ئابووری سیستەمێکی سیاسی تایبەتی بەدواوە دەبێ و ململانێ چینایەتیەکان تاکە فاکتەری دیاریکەری جۆری رکابەرە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگان، کە لە ئەنجامدا دەوڵەتێکی بێ چین بۆ مرۆڤایەتی بە دیاری دەهێنێ.

بە سەرنجدان بە گیروگرفتی تیۆرییەکانی پێشووتر، جارێکی تر سەرنجی توێژەران بەرەو لای مێژوو و کۆمەڵگا راکێشرا و تێڕوانینێکی نوێ بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو چەمکانە دروستبوو کە بەرهەمی نوێگەرایی بوو و بە کۆمەڵناسی مێژوویی ناودەبرێت. لەم تێڕوانینەدا هەوڵ دەدرێ کە دیاردەکان لە زەمینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا بخرێنەبەر توێژینەوە.

(١١) LAZARSFEID. P, BEREISON B. GAVDETH, The peoples choice, Columbia University press, 1994, p. 27.

(١٢) لەم بارەیەوە بڕوانە بۆ: ایوبی، حجت الله، مشارکت انتخاباتی: علل وانگیزەها در مشارکت سیاسی، (به اهتمام علیخانی)، نشر سفیر، ١٣٧٦.

سەرنجدان بە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە چەمك و داهێنانە نوێیەکانی پەیوەست بە هەر شارستانیەتێك لە چوارچێوەی کات و شوێنی خۆیدا بخرێتە بەرشێکردنەوە و هەڵسەنگاندن و پێش بە گشتاندنی بە پەلەی دەستکەوتەکانی شارستانیەتێك بۆ شارستانیەتێکی تر بگیرێت. لەڕاستیدا کۆمەڵناسی مێژوویی کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر پارادایمی گەشەکردن و مارکسیزم. ئەم قوتابخانەیە لە دەیەی حەفتای زایینی لە لایەن هەندێ بیرمەندی وەك (بارینگ تۆن موور)[١٣] دامەزرا و لەلایەن (پیری ئاندرسون)، (ئیمانوێل [و الرشتاین])[١٤]، (میخائیل هیچتر)[١٥] و (تیدا سکوچ پول)[١٦] یەکەمین بنیاتە تیۆرییەکانی داڕێژرا.

(ستین روکان)، (شارل تیلی) و (ساموێل ئایزن شتات)[١٧]، و (راین هارد بندیکس) لەو توێژەرە بەناوبانگانەن کە بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگا و سیستەمە سیاسییەکان سوودیان لە مێژوو و کۆمەڵناسی وەرگرتووە. ئەو توێژەرانەی کە ناوبران پتر هەوڵیانداوە تا وێرای سەر لە نوێ سازکردنەوەی مێژووی رۆژئاوا، دەوڵەتسازی و مۆدێرنیزمی سیاسی لەم کۆمەڵگایانەدا بخەنە بەر توێژینەوە و پێداچوونەوە تابتوانن ئەو چەمکە سیاسییانەی کە بەرهەمی ئەم پرۆسەیەن لە زەمینەی کات و شوێن و زێدی سەرەکی ئەواندا توێکاری بکەن.

مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوانە پیشاندانی ئەم راستیەیە کە ناتوانین گەلێك لە چەمکە سیاسییەکانی رۆژئاوا بە خاوەن بەهایەکی جیهانگیر بزانین و ئەوان لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا گشتگیر بکەین کە خاوەن مێژوو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاوازن[١٨].

---

(١٣) MOOR B. The origins of English Individualism, Cambridge University press, 1979.

(١٤) WALERSTEIN I. Le systéme du monde, du Xxé a nos jours, paris, Flammarrion, 1974.

(١٥) HACHTER M. Brustien W. "Regional: Modes of production and patterns of state Formation in western Europe", American Journal of sociology, Mars 1980.

(١٦) THEDA SKOHCPOL.

(١٧) SAMVEL ISENSTADT.

(١٨) لەم بارەوە بڕوانن بۆ:

BADIE B. "L, analyse des parties politiques en monde musslman, La crise des paradigms universals", in MENY Y. (DIR.), Ideologies, parties politiques et groupes Sociaux, paris, press de la foundation Nationale des sciences politiques, ١٩٨٩. pp. ٢٧١-٢٨٦. BADIE B., LʾEtat importé: Poccidentalisation de pordre politique. Paris, 1992, 334 pages.



بەم جۆرە ئەم دەستە لە توێژەران هەوڵیاندا لە بری گشتگیرکردنی مۆدیلەکانی گەشەکردنی رۆژئاوا رۆڵی رووداوە مێژووییەکان لە داهێنانە سیاسییە نوێیەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا بخەنەبەر باس. (بارینگتون موور)[١٩] هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی دروستبوونی سیستەمە دیموکراتیەکانی خستەبەر توێژینەوە و هەوڵیدا رۆڵی رووداوە مێژووییەکان لەم بارەیەوە پیشان بدات. (پیری ئاندرسون)[٢٠] بە تێڕوانینێکی لەم جۆرە لە دایکبوونی دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان دەداتە بەر توێژینەوە و (شارل شیلی)[٢١] هەر بەم تێڕوانینەوە چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەت -نەتەوەکان دەکاتە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی خۆی. (بندیکس)[٢٢] لە نووسەرانی بەناوبانگی دیکەی ئەم بوارەیە کە لە توێژینەوەکانی خۆیدا چۆنێتی دروستبوونی دەوڵەت- نەتەوەکان دەداتە بەر توێژینەوە و دەگاتە ئەم ئەنجامە کە ئەو چەمکانەی کە بەرهەمی نوێگەرایی سیاسی رۆژئاوان زادەی فەرهەنگ و شارستانیەتی رۆژئاواین و هەندێ چەمکی وەك، دەوڵەت، حیزب، کۆمەڵگای مەدەنی و ئەوانیتر بە ناهەق وەها وێناکراون کە جیهانگیرن و بۆ هەموو کۆمەڵگاکان گشتگیر دەکرێن.

بەم جۆرە، دیسان سەرنجدان بە فەرهەنگ و مێژوو وەك ئامرازی شیکردنەوە بە پێویست دێتە بەرچاو و ژمارەیەك لە توێژەران بەتایبەت لە سیاسەتی پراکتیکی دەگەیەنێتە ئەم ئەنجامە کە لە باسی گەشەکردن، ئەرکی سەرەکی و یەکەمی توێژەر راڤەکردن و شیکردنەوەی ناکۆکی و جیاوازیی و ریشە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی ئەوانە. بەم جۆرە تێڕوانینی سەرپێیانە و یەکلایەنەی گەشەخوازەکان جێگای خۆی دەداتە توێژینەوەیەکی قووڵ کەلە لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا بگۆڕە جۆراوجۆرەکان لەبەرچاو دەگرن. لەم روانگەیەوە کەڵك وەرگرتن لە بگۆڕە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مێژووییەکان بۆ راڤەکردنی واقیعی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان دەبێتە زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگر. ئەم جۆرە توێژینەوانە، هەروەك (رۆبرت نیسبت)[٢٣] دەنووسێت، تاکگەرایی لە بەرامبەر گشتگیری دادەنێ و لە بری کەڵك وەرگرتن لە

---

(١٩) MOORE., Les origins Sociales de La dictature et de La democratie, paris, F. Maspero. 1969.

(٢٠) ANDERSON P., LʾEtat absolutisle, paris, F. K. Maspero, 1978.

(٢١) TILLY C., The Formation of Nation states in western Europe, Princeton, Princeton University press, 1975.

(٢٢) BENDIX R.M King or people. Power and the Mandate of Rule, Berkeley, University of California press, 1978.

(٢٣) NISBET R., Social change and History. Aspect of western Theory of Development, Newyork, Oxford University press, p. 363.

چەمکە ڕەها و جیهانگیرەکان لەگەڵ چەمکە بژاردەکان و سەرچاوەگرتوو لە واقیعە جۆراوجۆرەکاندا هەڵسوکەوت دەکات.

پێدەچێ ڕێگای ڕاست هەمان ڕێگای ناوەڕاست و میانڕەویی بێ. چونکە ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ناتوانین چەمك و دەستکەوتەکانی هەر شارستانیەتێك تەنیا بە بیانووی شوێنی سەرهەڵدانی ڕەت بکەینەوە و ناتوانین یەکسەریش پەسندی بکەین.

پەسندکردنی کوێرانەش هەروەك نکۆڵی لێکردنی یەکسەرەو بێ ئەم لاو ئەو لا هەردووکیان مەحکوومن. لێکۆڵەر و توێژەری ڕاستەقینە و دادپەروەر ئەو کەسەیە کە دەستکەوتی شارستانیەتەکانی تر، لەوانەش شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بداتە بەر توێژینەوە و بەبێ ئەوەی لە پێشدا بڕیارێکی جیهانگیربوونی بۆ دەربکات، ئەوانەی کە شیاوی گشتاندنن بۆ کۆمەڵگاکانی تر لەوانی دیکەی جیابکاتەوە. توێژەری ڕاستەقینە ئەرکێکی قورس و دژواری لەسەر شانە و ناچارە لە بری پەسندکردن یا یەکسەر ڕەتکردنەوە، دەستە بژێر بکات. دەستە بژێرکردن کارێکی زۆر دژوار و پڕ مەترسییە، چونکە پێویستی دەستە بژێرکردنێکی ڕاست و واقیعگەرایانە، لە لایەکەوە ناسینی وردی پێکهاتە کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی و مێژووییەکان و دۆخی کات و شوێنی داهێنانە نوێیەکانی شارستانیەتە جۆراوجۆرەکانە و لە لایەکی تریشەوە ناسینی وردی پێداویستیە شوێنی و زەمەینیەکانی شارستانیەتی خودییە. بۆ وێنە لە هەڵسوکەت لە گەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەبێ بە باشی سەرچاوەکانی سیما شارستانیەتی ڕۆژئاوا بناسی و جیاوازی دابنێ لە نێوان ڕەهەندە جیهانگیر و گشتگیر و حاڵەتە تایبەتیەکانی و بە ناسین وردی پێکهاتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی شارستانیەتی خودی، ئەو داهێنانە نوێیانەی ڕۆژئاوا دەستەبژێر بکرێن کە شیاوی سوود لێوەرگرتنن.

کەڵك وەرگتن لە مێژوو و کۆمەڵناسی لە توێژینەوە سیاسییەکان و بەوتەیەکی تر کۆمەڵناسی- مێژوویی، وا لە توێژەر دەکات کە لە لاسایی کردنەوەی بێ ئەم لاو ئەو لای مۆدیلی کۆمەڵگاکانی تر زۆر بە لە سەرخۆیی بجووڵێتەوە. داهێنانە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا تەنها لە بەر ڕۆژئاوایی بوون نە مەحکوومن و نە سەدا سەد پەسندن.

لە ئەنجامدا، ئەرکی توێژەر زۆر دژوار دەبێ، چونکە ئەو دەبێ بە هەوڵدانێکی هەمەلایەنە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی، سیاسی- فەرهەنگی، مێژوویی و تەنانەت ئابووری شارستانیەتی



ڕۆژئاوا بخاتەبەر توێژینەوەی ورد، تابتوانێ ڕەهەندە گشتگیرەکان لە ڕەهەندە ناگشتگیرەکان جیابکاتەوە.

کەوابوو، لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان ئەوەی کە لەسەر توێژەر پێویستە ئەوەیە کە لە لایەکەوە توێژینەوە لەو هۆکارە جۆراوجۆرانە بکات کە کاریگەرییان لە سەرهەڵدان و کارایی حیزبەکان هەبوو لە ڕۆژئاوادا و لە لایەکی ترەوە، بە سەرنجدانی ورد لە پێکهاتەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە کۆمەڵگای خۆی، کارایی ئەزموونێکی لەو چەشنە هەڵسەنگێنێ.

دەرەنجام ئەوەیە کە لاسایی کردنەوەی کوێرانە لە شارستانیەتەکانی تر پەسند نییە، بەڵام سوود وەرگرتنی وشیارانە و چاوکراوانە لە ئەزموونی کۆمەڵگاکانی تر و لەوانەش کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان ئەرکی توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە. بەم جۆرە، توێژەر دەبێ بە وشیاری و چاوکراوەیی توێژینەوە لەسەر یەکایەکی دەستکەوتەکانی شارستانیەتەکانی تر بکات و بە ناسین پێویستییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی و هەڵبستێ بە جیاکردنەوەی نێوان «جیهانگیرەکان» کە سەروو سنوورین و «تایبەتەکان» کە هەڵقوڵاوی پێداویستیە تایبەتیەکانی ئەو شارستانیەتەن کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێ.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بە کەڵك وەرگرتن لە شێوازی کۆمەڵناسی مێژوویی، توێژینەوە لەسەر یەکێك لە گرنگترین سیماکانی مودێرنیتەی سیاسی ڕۆژئاوا بکەین کە حیزبە سیاسییەکان و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بدەینەبەر توێژینەوە. ناسینی وردی حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت شێواز و هەلومەرجی پێکهاتنیان دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێت بۆ ناسینی هەرچی پتری مۆدێلێکی شیاو بۆ ڕکابەری سیاسی بە سەرنجدان بە پێداویستەکانی کۆمەڵگاکەمان.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین توێژینەوە لەسەر هۆکارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیەکان و ئەو دەستە لە ڕووداوە مێژووییەکان بکەین کە سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان قەرزداریانە. پرسیارێکی گرنگ کە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی بدەینەوە ئەوەیە کە: گرنگترین ئەو فاکتەرە سیاسی-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانە کامانەن کە بوونە هۆی ئەوە کە گرژی و توند و تیژییە سیاسییەکانی سەدەی هەژدەهەمی ئەورووپا لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا ئۆرگانیزە بکرێن؟ و بە وتەیەکی تر چۆن پێکادانە توند و تیژەکانی ڕابردوو کە هەرەشەیان لە سەرجەم بنیاتی سیستەمی سیاسی دەکرد، بۆ ڕکابەرییەکی ئاشتیانە گۆڕان کە بووە هۆی سەقامیگریی بۆ سیستەمە

سیاسییەکان؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێ وەڵامی هەندێ پرسیاری گرنگی تریش بدەینەوە، بۆ وێنە حیزبی سیاسی چ واتایەك دەبەخشێ؟ ئایا حیزبی سیاسی هەڵقوڵاوی شارستانیەتی رۆژئاوایە یا رەگوڕیشەی لە شارستانیەتەکانی تریشدا هەیە؟ زەمینە سیاسی-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی حیزبە سیاسییەکان کامانەن؟ زێد و سەرچاوەی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا چین؟ چ پێوەندییەك لە نێوان حیزبەکان و ئایدۆلۆژیادا هەیە؟ پێکهاتە و رێکخستنی حیزبی چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟ و چ پێوەندییەك لە نێوان حیزب و کۆمەڵگادا هەیە؟ رۆڵ و پێگەی حیزبەکان و رەهەندەکانی دیکەی ئەوان وەك پێگەی یاسایی و بەتایبەت پرسی خەرجی حیزبە سیاسییەکان لەو بابەتانەی دیکەن کە لەم نووسینەدا بایەخیان پێدەدرێ.

# پێشەکی وەرگێڕ

ئارامی و سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگا، یەکێکە لەو ئامانجانەی کە مرۆڤ هەردەم هەوڵی بۆ داوە و لەم پێناوەدا گەلێك ئەزموون و ڕێبازی جۆراجۆری تاقیکردۆتەوە. سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکانیش وەك فاکتەرێکی سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگا، یەکێکە لەو هەوڵانەی مرۆڤ لەم بوارەدا کە هەتا نووکەش لە قۆناغەکانی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی خۆیدایە. مێژووی سەرهەڵدانی یەکەمین حیزبی سیاسی بە واتا نوێیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٣٢ لە بەریتانیا، بەم پێیە حیزبی سیاسی مێژوویەکی ١٧٤ ساڵەی هەیە لە ڕۆژئاوادا. هەربۆیە دەتوانین بڵێین حیزبی سیاسی دیاردەیەکی ڕۆژئاواییە کە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکانیش لاسایی کراوەتەوە.

حیزبی سیاسی لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان لەناو فەرهەنگ و پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیدا سەریهەڵداوە و لەناو کەلێنە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەدا ڕەگوریشەی داکوتاوەو هێدی هێدی قۆناغەکانی گەشەکردنی خۆی بڕیوە، هەر بۆیە لەو کۆمەڵگایانەدا بووەتە فاکتەرێك بۆ سەقامگیریی سیاسی، بەڵام لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان، لەبەر جیاوازی چوارچێوە و پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی ئەم کۆمەڵگایانە، حیزبە سیاسییەکان بە ڕەوتێکی جیاوازی گەشەکردندا تێپەڕیون و دەتوانین بڵێین ڕەوتی سروشتی گەشەکردنی خۆیانیان نەپێواوە، هەربۆیە حیزبی سیاسی لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان هەتا ئێستا نەیتوانیوە وەك پێویست ببێتە فاکتەرێك بۆ سەقامگیریی و بەپێچەوانەشەوە هەندێ جار بووەتە فاکتەری توندوتیژیی و لێکترازانی ریزەکانی کۆمەڵگا و لە ئامانجی سەرەکی خۆی لایداوە.



سروشتییە کۆمەڵگای کوردستانیش لە پرۆسەی حیزبایەتی و سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان بێبەش نەبووە و ڕەنگە بتوانین بڵێین کە یەکەمین حیزبی سیاسی لە کوردستان (جەمعیەتی تەعالی و تەرەقی) بووە کە لە ساڵی ١٩٠٨ لەلایەن ئەمین عەلی بەدرخان، عەبدولقادری شەمزینان، شەریف پاشا و ئەحمەد زولفیك پاشا لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە و بەم پێیە مێژووی خەباتی حیزبی لە کوردستان خۆی لە ٩٨ ساڵ دەدات. بێگومان گەشەکردنی حیزبی سیاسی و بەجێ هێنانی ئەرکەکانی لە ناو کۆمەڵگا، پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە. کوردستان، چونکە هەتا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەربۆیە ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی حیزبە سیاسییەکان لەم وڵاتەدا جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان و تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریشدا هەیە. ئەگەر ئامانجی دروستکردنی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... سەقامگیریی سیاسی بووبێت، ئەوا لە کوردستاندا بێگومان ئامانجی سەرەکی حیزبەکان نەتەوەسازیی و ڕزگاریی نەتەوەیی بووە و ئامانجی چاکسازی سیاسی و کۆمەلایەتی بەشێکی لاوەکی بەرنامەی حیزبەکان بووە و وەك پێویست نەیانپەرژاوەتە سەر ئەم بوارە.

لەبەر دژواریی هەلومەرجی خەباتی سیاسی و سەربازیی لە کوردستاندا، حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی سروشتی قۆناغەکانی گەشەکردنی خۆیان ببڕن، جگە لەمەش کاریگەریی کەلتووری سیاسی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەشکردووە، ڕۆڵی کارای هەبووە لە بەلاڕێ بردن و دواکەوتنی قۆناغەکانی گەشەکردنی حیزبە سیاسییەکان لەم وڵاتەدا.

بەهەرحاڵ توێژینەوەی ئەم بابەتە بۆ خۆی دەتوانێ ببێتە هەوێنی توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی تر، کە هیوادارم بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە هاندەرێك بێت بۆ بەجێ گەیاندنی هەوڵێکی لەو جۆرە، چونکە هەتا ئێستا هیچ هەوڵێکی ئاکادیمی لەو جۆرە بەدی نەکراوە.

حیزبی سیاسی بە یەکێك لە نیشانەکانی نوێگەرایی سیاسی و گەشەکردنی سیاسی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێت کە پێویستە لەبری زمانی پێکدادان و توندوتیژی زمانی دیالۆگ بەسەر کۆمەڵگادا زاڵبکات. ئەمڕۆ لە کوردستاندا ژیانێکی سیاسی فرەحیزبی بەدی دەکرێ و دەتوانین بڵێین پرۆسەی حیزبایەتی هەتا ناخی کۆمەڵگا شۆڕبووەتەوە.

بەڵام ئایا تا چەند تێگەیشتن لە چەمك و واتاو فەلسەفە و مێژوو و ئامانجەکانی حیزبی سیاسی هەیە؟ وشیاری سیاسی کۆمەڵگا و ئەو کەسانەی کە بەکاروباری سیاسییەوە خەریکن

لەم بارەیەوە لە چ ئاستێکدایە؟ ئەم کتێبەی کە لەبەر دەستتاندایە، توێژینەوەیەکی ورد و هەمەلایەنەی توێژەری بەناوبانگی ئێرانی و پسپۆڕ لە کاروباری حیزبە سیاسییەکان (د. حجت الله ایوبی) یە، کە بە وردی توێکاری حیزبە سیاسییەکان دەکات لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا کە بەسەرچاوگەی حیزبی سیاسی لە قەڵەم دەدرێن و دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە و دەیان پرسیاری دیکەی لەو جۆرە بداتەوە کە رەنگە بۆ خوێنەری کورد یا ئەو کەسانە بێتە پێشەوە کە بە کاری سیاسییەوە خەریکن.

بەراوردکردن لە نێوان قۆناغەکانی گەشەکردنی حیزبی سیاسی لە رۆژئاواو گیروگرفتەکانی بەردەمی لەگەڵ پرۆسەی حیزبایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا رەنگە بتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئاشنابوون بە رەگوریشەی بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی حیزبە سیاسییەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی شیاو بۆ ئەو گرفتانەی کە لەم بوارەدا هەن. هەربۆیە پێم خۆشە لێرەدا پێشنیار بکەم، هەموو ئەو کەسانەی کە بەکاری سیاسییەوە خەریکن یا ئارەزوومەندی ئەم بوارەن ئەم کتێبە زۆر بە وردی بخوێننەوەو تێڕامانی تێدا بکەن.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم کتێبە خزمەتێك بێت بە گەشەپێدانی رۆشنبیریی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان و کتێبخانەی کوردی و دەرگاش بۆ هەموو رەخنە و پێشنیارێکی بە سوودی خوێنەرانی هێژا لەسەر پشتە.

ئازاد وەڵەدبەگی
هەولێر ٢٠٠٦/٧/٨
Email: awaladbagi ٢٠٠٢@yahoo. com

# بەشی یەکەم:

## نهێنی سەرکەوتنی پرۆسەی حیزبایەتی لە رۆژئاوا:

## زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبە سیاسییەکان

### پاژی– ١:

### وێنەیەکی گشتی لە حیزبی سیاسی

## أ- واتای حیزبی سیاسی چییه؟
## توێکاری چەمکی حیزب

پێناسەکردنی چەمکەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کارێکی زۆر دژوارە، چونکە چەمکەکان، واتای جۆراوجۆر و هەندێ جاریش ناهاوجۆر لەخۆدەگرن و کاری توێژەر دژوار دەکەن. پێناسەکردنی وردی زاراوەکان بەتایبەت لە توێژینەوە مەیدانییەکاندا گرنگییەکی زیاتری هەیە. ئەو زاراوە هاوبەشانەی کە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا کەڵکیان لێوەر دەگیرێت، هەندێ جار توێژەر لە لێکۆڵینەوەی ورد و گونجاو لەگەڵ واقیعی دیاردەکاندا تووشی هەڵەدەکەن. هەندێ زاراوەی وەك دەوڵەت، ڕەوایی، حیزب و ئەم جۆرە شتانە کە لە زەمینە هزری فەرهەنگییە جیاوازەکاندا کەڵکیان لێوەردەگیرێ، سەرەڕای هاوبەشبوونی وشەیی باس لە هەندێ واقیعی زۆر لێك جیاواز دەکەن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێ لە پسپۆڕانی توێژینەوەکانی مەیدانی باس لە قەیرانی چەمکەکان بکەن، چونکە ئەم چەمکانە بە تێپەڕبوون لە سنوورە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان واتای نوێیان بەخۆوەگرتووە و هەندێ جار ئەم جیاوازییە لە ئاستێکدایە کە دەتوانین بڵێین ئەم زاراوانە تەنها لە ڕووی وشەییەوە هاوبەشن. (برتراند بەدیع) و (گەی هێرمە) لەو توێژەرانەن کە لەو باوەڕەدان لە توێژینەوە بەراوردکارییەکاندا، ئاشنایەتی لەگەڵ زمانە خۆجێییەکان بۆ تێگەیشتن لە گوتاری زاڵ لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێویستە و زاراوە وەرگێڕدراوەکان لە زمانی لاتینییەوە هەندێ جار دەتوانێ نادروست بێ و توێژەر تووشی هەڵە بکات.

بێگومان حیزبی سیاسی یەکێکە لەو چەمکە زۆر باو و لە هەمانکاتدا پڕمەتەڵانە کە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا لەسەر زارانن و ورد و درشت باسی لێوە دەکەن.

کەمتر قامووسێکی وشە هەیە کە زاراوەیەکی هاوتای حیزبی سیاسی لەخۆنەگرتبێ و کەمتر کۆمەڵگایەك هەیە کە ڕێکخراوێکی تێدانەبێ کە ناوی حیزبی سیاسی لە خۆی نەنابێ.



لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسیش حیزبی سیاسی زاراوەیەکی دێرینە و ساڵانێکی زۆرە کە هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی ئێمەوە. کەم نین ئەو ڕێکخراوانەی کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژوویی سیاسی وڵاتەکەماندا بانگەشەی ناوی حیزبی سیاسییان بۆ خۆیان کردووە.

حیزبی سیاسی لە نێو توێژەر و نووسەراندا هەمیشە جێی باس و مشتومڕ بووە. هەندێ کەس حیزب بە دیاردەیەکی ڕیشەدار لە نێو شارستانیەتی ئیسلامی و ئێرانیدا دەزانن و بە پێویستی هەر کۆمەڵگایەکی لە قەڵەم دەدەن. هەندێکی تر لە توێژەران و چالاکە سیاسییەکان، حیزب بە دیاردەیەکی هاوردە و سەرچاوەگرتوو لە فەرهەنگ و شارستانیەتی ڕۆژئاوایی دەزانن و لەگەڵ خواستەکانی فەرهەنگی ئێرانی و ئیسلامیدا بە نامۆی دەزانن. بەهەر حاڵ، ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی جدی خۆی دەخاتەڕوو کە حیزبی سیاسی چ واتایەك دەبەخشێ؟ چۆنکە ئەم زاراوەیە لە ئەدەبیاتی سیاسی ڕۆژئاوا واتا بەخشی زاراوەی گفتوگۆ و ڕکابەری ئاشتیانەیە، لە کاتێکدا لەگەڵێك لە کۆمەڵگاکانی دیکە ناوی لەگەڵ توند و تیژیدا تێکەڵاو بووە؟ چۆن دەکرێ جیاوازی تێگەیشتن لەسەر زاراوەیەك بگاتە ئەو ئاستەی کە هەندێ کەس ڕەگوڕیشەی لەناو فەرهەنگی کۆمەڵگاکەماندا بزانن و هەندێکی تریش بە تەواوی بە هاوردە و نامۆی لە قەڵەم بدەن؟

ڕەنگە هەریەك لە خاوەن کێشەکان باس لە دیاردەیەك دەکەن کە تەنها لە ڕووی وشەوە هاوبەشن نەك لە ڕووی واتاوە! بۆ نیشاندانی ئەم ڕاستییە جگە لە توێکاریی کردنی چەمکی حیزب هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەمان لە بەردەمدا نییە.

### ١- تێگەیشتنی گشتی و کۆن لە حیزبی سیاسی: واتای زمانەوانی

بۆ توێژینەوە لە چەمکی حیزب سەرەتا بە پێداچوونەوەیەك لەسەر ئەدەبیاتی ئیسلامی و ئێرانی دەست پێدەکەین.

**چەمکی حیزب لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئیسلامی و ئێرانی**

هەر لە سەدان ساڵ لەمەو پێشەوە هاوتای وشەی حیزب لە قامووسی وشەی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا بینراوە. دەتوانین دێرینی ئەم زاراوەیە لەگەڵ زاراوەیەکی وەك «کۆمەڵگا» بەراورد بکەین.

لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی وشەی حیزب بە واتای «گرووپێك لە خەڵك، چەك، پەیڕەوان و هاوڕێبازانی مرۆڤ، بەهرە و بەش، یەك بەش لە شەست بەشی قورئان» هاتووە[٢٤].

راغب ئەسفەهانی لە (فقه اللغة) دەربارەی واتای وشەی حیزب دەنووسێ: «الحزب جماعە فیها غلظ». حیزب، گرووپێکن کە بەجۆش و خرۆش و حەماسەتەوە بەرگری لە ئامانجە هاوبەشەکانی خۆیان دەکەن[٢٥].هەندێکی تر دەنووسن کە: «حیزب کۆبوونەوەی گرووپێکە کە لەسەر یەك هزر و ئامانج رێك دەکەون و بە گرنگییەوە بەرگری لێ دەکەن»[٢٦]. لە قامووسی لارووسی عەرەبی چوار واتای جۆراوجۆر بۆ وشەی حیزب خراونەتە رووکە بریتین لە:

١- کۆبوونەوەی خەڵك لە جێگایەکی تایبەت.

٢- کۆبوونەوەی خەڵك بۆ پشتگیری کردن لە کەسێك (بە زۆری لەگەڵ لام جارەدێ).

٣- کۆبوونەوەی خەڵك بۆ رووبەڕووبوونەوەی تاك یا گرووپێك (کە بە زۆری لەگەڵ پیتی [جر علی] بەکاردێت).

٤- دەستە دەستەبوونی خەڵك. وشەی «حیزب» کە لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە چەندین جار لە قورئانی پیرۆزدا بە کارهاتووە. لە قورئانی پیرۆزدا «حیزب» بە واتای گرووپێك بە کارهاتووە کە بۆ ئامانجە خوداییەکان (فان حزب الله هم الغالبون) و یا بۆ ئامانجە دژە خوداییەکان کۆدەبنەوە (ولما رأی المؤمنون الاحزاب...) و هەروا بەشە جۆراوجۆرەکانی سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزیش بە حیزب ناودەبرێت. جگە لەمەش، لە قورئانی پیرۆز چەندەها جار باس لە «حزب الله»[٢٧] و «حزب الشیطان»[٢٨] کراوە و ئەندامانی حیزبی خودا بەڵێنی بەختەوەری و ئەنجامی باش و ئەندامانی حیزبی شەیتان بەڵێنی سەرئەنجامێکی خراپ و تاریکیان پێدراوە.

(٢٤) خلیلی، فرهنگ عربی به فارسی (ملخص ازالمنجد و منتهی الارب)، کتابفروشی علی اکبر علمی، ص١٢٢.

(٢٥) راغب اصفهانی، مفردات، تهران، المکتبة المرتضوية، ١٣٦٢، ص ١٥.

(٢٦) مصطفوی حسن، التحقیق فی کلمات القرأن الکریم، تهران، مرکز نشر کتاب، بی تا، ص ٢٢٢.

(٢٧) مائدة، ٥٦، مجادله، ٢٢، ٢٣.

(٢٨) مجادلة، ١٩-٢٠، فاطر، ٦.



ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هەموو گرووپێك بە (حزب الله) و (حزب الشیطان) ناونابرێت. خودای مەزن لەو شوێنە باس لەم دوو حیزبە دەکات کە جۆرێك لە رووبەڕووبوونەوە و ململانێ لە ئارادایە. ئەندامانی حیزبی شەیتان ئەو کەسانەن کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێغەمبەری ئیسلام خۆیان رێکخستووە و ئەندامانی حیزبی خودا ئەو کەسانەن کە لە دەوروبەری پێغەمبەری ئیسلام کۆبوونەتەوە و خەریکی جەنگن لەگەڵ کافر و موشریکەکاندا.

بە کورتی، دەتوانین بڵێین کە حیزب لەواتا کۆن و زمانەوانیەکەیدا نیشاندەری دەستەبەندی و کۆبوونەوەی کەسانێکە کە ئامانج یا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و لەگەڵ ئەو کەسانەدا خەبات دەکەن کە ئەم ئامانج و بەرژەوەندیانە دەخەنە مەترسییەوە.

*** هاوتای وشەی حیزب لە ئەدەبیاتی لاتین**

لە ئەدەبیاتی لاتین هەر لە کۆنەوە وشەگەلی هاوتای حیزب هاتوونەتە ناو قامووسی وشەکانەوە و بەقەدەر وشەی «کۆمەڵگا» دێرینن. ئەمەش گەواهیدەری ئەو راستیەیە کە حیزب بە واتا کۆن و دێرینەکەی لە هەموو کۆمەڵگا سیاسییەکاندا هەبووە.

لە قامووسی وشەی فەرەنسا، وشەی پارتی (Parti) سەرەتا خاوەن واتایەکی سەربازی بووە و بە دەستەیەك لەو سەربازانە دەگوترا کە بۆ رووبەڕوونەوەی دوژمن لە لەشکر جیادەبوونەوە و لەگەڵ دوژمندا دەجەنگان[٢٩]. بەم جۆرە کۆنترین بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فەرەنسی بە مەبەستی ململانێ و رووبەڕوونەوەی سەربازی بووە و نیشاندەری ململانێ و پێکارانی سەربازیی گرووپە رێکخراوەکانی خەڵکە. بەرە بەرە، ئەم زاراوەیە بۆ دەربڕینی «کۆڕ و کۆمەڵ یا گرووپێك لە خەڵکی هاوباوەڕ کە خاوەن دیدگایەکی هاوبەش بوون» بەکارهات[٣٠]. پارتی کە لە گفتوگۆکاندا بە واتای بەشێك لە هەر شتێك بەکاردەهات، لە سەدەی شازدەهەم بە واتای باڵ و ئۆردوگایەك لە بەرامبەر ئۆردوگایەکی نەیاردا بەکاردەهات و لە قامووسە کۆنەکانی وشەدا دەگوترا «فلانکەس چووەتە ناو پارتی شازادە» یاخود «ئەو لە پارتی (حیزب) فلان شازادەیە». لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا حیزبی

(٢٩) LITTRE E., Dictionnaire de la langue francaise, paris, Gallimard-Hachette, 1960, mot "porti".

(٣٠) Dictionaire Larusse, Etymologique, paris, Libraire Larousse, 1971, mot "parti".

بوون بە واتایەکی لایەنگیریی کردنە لە گرووپێکی تایبەت کە لە بەرامبەر گرووپێکی تردا یەکیان گرتووە.

سەرئەنجام لە سەدەی حەڤدەم وشەی «پارتی» لە زمانی فەرەنسی چەمکێکی سیاسی بەخۆوە دەگرێ و ئەم زاراوەیە لە قەڵەمڕەوی سیاسەتیشدا کەڵکی لێوەردەگیرێت، و بۆ یەکەمجار، «پارتی» بە گرووپێك دەگوترێ کە خاوەن دیدگای سیاسی یەکسانن و لە بەرامبەر گرووپێکی تر دا کۆبوونەتەوە. بەرەبەرە، لە سەدەی نوزدەهەم بە دروستبوونی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان، دەگەینە واتایەکی تەواو نوێ لە وشەی پارتی و ئەم زاراوەیە بەو ڕێکخراوە تایبەتیانە دەگوترا کە لە سیستەمە دیموکراسییەکان لەگەڵ یەکتر لە رکابەریدان.

«پارتیتۆ»[٣١] لە زمانی ئیتالی و «پارتای»[٣٢] لە زمان و فەرهەنگی ئەڵمانی و وشەی «پارتی»[٣٣] لە زمانی ئینگلیزی مێژووییەکی هاوچەشنیان هەیە. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، حیزب بە واتای دەستە، گرووپ، بەشێك لە شتێك و کۆمەڵێك لە بەرامبەر ئەوانیتردا بەکاردێت.

مێژووی وشەی حیزب ئەوە دەردەخات کە سێ تایبەتمەندی سەرەکی ڕەگەزە پێکهێنەکانی زاراوەکانی هاوتای حیزبن لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا. ئەم سێ ڕەگەزە بریتین لە: جیاوازی، هاوبەشی، خەبات، چونکە لە هەموو ئەم فەرهەنگانەدا حیزب بە واتای کۆمەڵێکە لە بەرامبەر ئەوانیتردا کە پشتگیری لە بەرژەوەندییەکان یا دیدگا هاوبەشەکان دەکات و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپێکی تر خۆیان ڕێکخستووە.

هەروەك لەمەو بەریش گوترا، لە فەرهەنگی قورئانیشدا زاراوەکانی (حزب الله) و (حزب الشیطان) لە بەرامبەر یەکتردا هاتوون و حیزب بە گرووپێك لە بڕواداران و یا موشریکەکان گوتراوە کە لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون و بۆ خەبات دژ بە یەکتر خۆیانیان ڕێکخستووە.

حیزب بە واتا بەربڵاوەیەکەی، دیاردەیەکی جیهانگیر و زۆر کۆنە و دەتوانین لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بە دوایدا بگەڕێین. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵگاکانەوە دەتوانین بەو واتایە باس لە دیاردەی حیزب بکەین و مێژووی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بینەری گەلێك

---

(٣١) Partito.
(٣٢) Partei.
(٣٣) Party.



ڕێکخراوی لەو جۆرەیە کە بە ئاسانی دەتوانین بە حیزب ناویان ببەین. لە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بە درێژایی مێژوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتداران سەریان هەڵداوە دەتوانین سێ ڕەگەزی پێکهێنەری چەمکی حیزب بەدی بکەین و ناوی حیزبیان لێ بنەین. دەتوانین بڵێین کە خاڵی سەرەکی هاوبەش لە نێوان ئەم ڕێکخراوانەدا دیارەیەکە کە دەتوانین بە «کاری حیزبی»ناوی ببەین. بەم جۆرە دەتوانین لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا باس لە حیزب بکەین و بە هیچ جۆرێك ناتوانین حیزبی سیاسی بە خاوەن زێدێکی ڕۆژئاوایی بزانین. کە وابوو، حیزب بەم واتایە تایبەت نییە بە شارستانیەتی ڕۆژئاوا و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بڵێین کە حیزب دیاردەیەکی کۆن و جیهانگیرە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەیە کە هەندێك لە توێژەران باس لە حیزب لە ئێرانی کۆن و ئیسلامدا دەکەن کە ئەمەش وتەیەکی ڕاست و پەسندە. حیزب بەم واتایە کەمتر جێی گفتوگۆ و مشتومڕە و هەمووان لەسەر پێویستی و بوونی هاوڕان. ئەو شتەی کە جێگای باس و مشتومڕە حیزبە بە واتا نوێیەکەی کە لە ئەنجامی ڕەوتی نوێگەرای سیاسی لە ڕۆژئاوادا سەریهەڵدا. حیزب بەم واتایە دیاردەیەکی چۆنە و چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟

## ٢- تێگەیشتنێکی نوێ و سنووردارتر لە حیزبی سیاسی
## واتای زاراوەیی

حیزب بەو واتایەی کە باسی لێوەکرا لە ناوەندە زانستیەکاندا جێگای باس و مشومڕنییە و بە دیاردەیەکی نوێ و شیاوی لێوردبوونەوە لە قەڵەم نادرێت. ئەگەر ئەمڕۆ باسی حیزب دێتەئاراوە و باس لە قازانجی دەکرێت مەبەست چەمکە تازەکەیەتی. ڕێکخراوێك کە بە وتەی ماکس ویبەر «ڕۆڵەی دیموکراسییە لە ڕۆژئاوا» و گەلێك کەس هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سەرچاوەیەکی ڕۆژئاوایی هەیە. لە ڕوانگەی گەلێك کەسەوە، یەکەمین حیزبی سیاسی بە واتا نوێیەکەی لە ساڵی ١٨٣٢ لە وڵاتی بریتانیا لەدایکبوو و بەخێرایی لە لایەن گەلێك لە وڵاتانی ئەوروپییەوە لاسایی کرایەوە و بەرەبەرە بووە بەشێك لە کۆڵەکەی سیستەمە دیموکراسییەکان.

حیزبە نوێیەکان ئەگەرچی لە زۆر لایەنەوە، خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ حیزب بەواتا گشتیەکەی هەیە، بەڵام سەرجەم خاوەنڕایان لەسەر ئەم خاڵە هاوڕان کە ناتوانین هیچ کام لە گرووپ و ڕێکخراوە کۆنەکان بە حیزبی سیاسی ناوزەد بکەین. هەروەك (پاتریك لۆکۆمت) و

(دۆنی) دەڵێن تایبەتمەندی، ئامانج و پێکهاتەی رێکخراوەیی ئەم گرووپانە لە ناوەرۆکدا جیاوازی بنچینەییان لەگەڵ ئەو شتە هەیە کە ئەمڕۆ بە حیزبی سیاسی ناوی لێ دەبەین(٣٤).

بەم جۆرە حیزبی سیاسی دیاردەیەکە لە هەمانکاتدا کە نوێیە. بەڵام خاوەن مێژوویەکی کۆن و پێشینەیەکی دوور و درێژە. ئەگەرچی هەندێ کەس حیزب بە واتا نوێیەکەی بە درێژە و بەردەوامی رێکخراوەکانی رابردوو دەزانن(٣٥)، بەڵام دەبێ بڵێین کە ئەم دیاردە نوێیە لەگەڵ پێشینانی خۆیدا جیاوازییەکی جەوهەری هەیە. دەبێ بزانین کە حیزبی نوێ چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە و لایەنە جیاوازەکانی لەگەڵ رێکخراوەکانی پێشوو لە چیدایە؟ بە وتەیەکی تر چۆن دەتوانین پێناسەی حیزبی سیاسی بکەین؟ باسکردن لە گرفتی پێناسە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شتێکی دووپاتکراوە دەزانین و چاوپۆشی لێدەکەین. هەر توێژەرێك بەپێی سەرچاوەی هزری خۆی بە شێوازی دڵخوازی خۆی حیزبی پێناسەکردووە. رێکخراوگەراکان پێکهاتەی رێکخستنی حیزبە سیاسییەکانیان بەرجەستە کرد و لە پێناسەکانی خۆیاندا ئەمەیان بە خاڵی نایابی حیزبی نوێ بەسەر رێکخراوەکانی تر لە قەڵەمدا. دەبێ تێڕوانینی پێکهاتەگەرایانە بۆ حیزبەکان بە کۆنترین دیدگا بزانین دەربارەی حیزبە سیاسییەکان. یەکەمین پێناسەکانی حیزبی سیاسی لەسەر بنەمای پێکهاتەی رێکخستنی حیزبەکان بنیات نراوە. (میخلز) لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا توێکاری تایبەتمەندییەکانی حیزب دەکات و رێکخستنی حیزبی کە لە روانگەی ئەوەوە جگە لە «ئۆلیگارشی تەکنۆکراتەکان» هیچ ئەنجامێکی دیکەی نییە بە گرنگترین رەگەزی پێناسەکەری حیزب دەناسێنێ(٣٦).

(مۆریس دوڤێرژە) لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی لە ژێر ناونیشانی «حیزبە سیاسییەکان» بەبێ ئەوەی پێناسەیەکی روون لە حیزب بخاتە روو، بە تێروتەسەلی رێکخستنی حیزب دەداتە بەر توێژینەوە و بە گرنگترین تایبەتمەندی حیزبە سیاسییەکانی دەناسێنێ(٣٧).

---

(٣٤) بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە بۆ:

AYOOBI H., De La pertinence de la théorie occidentale du parti Politique: Le Cas de Iran de La permierre moiteé du 20 é siécle, Thése Pour Doctorat de Science poliique, Lyon 2, 1997, chapitre 1.

(٣٥) LECOMTE P, DENNI B, Sociologie du politique, Grenoble, PUG, 1990, p. 164.

(٣٦) AVRIL P., Essais sur Les paties politiques, Paris, payot, 1990, p. 10.

(٣٧) MICHELS R. LES Parties politiques, Essai sur les tendances oligarchiques des démocratis Paris, Flammraion, 1971.



ئەو لە کتێبێکی دیکەی خۆیدا حیزبەکان بە رێکخراوێك دەزانێ کە مەبەستیان بە دەستهێنانی دەسەڵاتە و ئەندامانی هەوڵدەدەن کە رێبەرانیان پۆستە حکومییەکان بە دەستەوە بگرن(٣٨)..

بەم جۆرە حیزبە سیاسییەکان لە گرووپەکانی قازانج و گرووپەکانی گوشار جیادەبنەوە کە ئارەزووی ئەوەیان نییە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و راستەوخۆ بەکاری بهێنن.

رەنگە بتوانین بڵێین کە گرنگترین پێناسەیەك کە بۆ حیزبی سیاسی لە روانگەی رێکخراوگەراکانەوە خرابێتەڕوو پێناسەی (لاپالومبارا) و (واینر)ە.

ئەم دوو نووسەرە لە پێناسەی خۆیاندا بۆ حیزب چوار تایبەتمەندی سەرەکی بۆ دەژمێرن. لەم روانگەیەوە بۆ ئەوەی رێکخستنێك بە حیزب دابنرێ دەبێ ئەم چوار تایبەتمەندییەی خوارەوەی هەبێت:

١- خاوەن رێکخستنێکی بەردەوام و درێژخایەن بێ و بتوانرێ لە نەبوونی دامەزرێنەرەکانیشیدا لەسەر ژیانی رێکخراوەیی خۆی بەردەوام بێت.

٢- خاوەن لقی ناوچەیی بێ و رێکخستنی حیزب لەسەر ئاستی وڵاتدا پەرەبستێنێ.

٣- رێبەرانی بە تەمای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات بن و بیانەوێ جگە لە کاریگەربوون لەسەر شێوازی بەرێوەچوونی دەسەڵات، خۆیانیش بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری تێدا بکەن.

٤- بە نیازی پەرەپێدانی بنکەی جەماوەری خۆی بێت و هەوڵ بدات ژمارەی دەنگدەران و لایەنگرانی زیاد بکات(٣٩).

هەروەك لەم پێناسەیەدا دەبینین رەهەندی سەرەکی جیاکەرەوەی حیزبی نوێ لە رێکخراوەکانی تر رێکخستنی رێکوپێك و ئالۆزیەتی. هەر بەم هۆیەوە هەندێك لە توێژەران وایان بە باش زانیوە کە رێکخراوە جۆراوجۆرەکان بەپێی پلەی شێوازی رێکخستنیان لەسەر تەوەرێك پلە بەندی بکرێن. لە سەرەتای ئەم تەوەرەدا دەتوانین ئەو گرووپانە دابنەین کە خاوەن رێکخستن نین و لەسەر تەوەری تاکەکان بنیات نراون.

---

(٣٨) DUVERGER M., Les paries politiques, Paris A. colin, 1951.

(٣٩) DUVRGER M., Instution politiques et droit contitutonnel, Paris, PUF, 2 ééd. 1968. p. 67.

پاش ئەوان گرووپەکانی نیوەرێکخراو و پاشان ڕێکخستنی لە جۆری ئەنجوومەن و گرووپەکانی گوشار و سەرئەنجام لە کۆتایی تەوەرەکەدا حیزبە سیاسییەکان جێگیر دەبن[٤٠]. بەم جۆرە ئەو گرووپانەی کە پلەیەکی دیاریکراو لە ڕێکخستنیان نەبێ لە بازنەی حیزبە سیاسییەکاندا جێگیر نابن[٤١].

دەتوانین ڕەخنە لەم پێناسەیەی حیزبەکان بگرین، چونکە جیاوازی ناوەڕۆکی لە نێوان حیزب و گرووپەکانی دیکە لەبەرچاو نەگرتووە و جیاوازییە پێکهاتەیی و ڕێکخراوەییەکانی زیاتر لە ڕادەی خۆی بەرجەستەکردووە.

هەندێکی دیکەش لەو باوەڕەدان کە ناتوانین بە دەستەوەگرتنی دەستەڵات و حکومەت بە گرنگترین ئامانجی حیزبەکان بزانین. ئەم ڕەخنەیە پتر لە هەلومەرجێکدا ڕەوایە کە حیزبەکان لە خەباتدا بن دژ بە حکومەت و بۆ ڕووخاندنی خەبات بکەن. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، (ئالین وار) حیزب بە خاوەنی دوو تایبەتمەندی سەرەکی دەزانێ کە بریتین لە: کاریگەر بوون لەسەر دەوڵەت، کە بە زۆری لە ڕێگای بە دەستهێنانی پۆستە حکومییەکانەوە ئەنجام دەدرێ و هەوڵدان بۆ بەدیهێنان و دەربڕینی ڕێکخراوانەی پتر لە قازانجێك.[٤٢] (بە پێچەوانەی گرووپەکانی قازانج کە بۆ بەرگری کردن لە قازانجێکی تایبەتی پێکدێن).

دەستەیەکی تر لە پێناسەکانی پەیوەست بە حیزبە سیاسییەکان لە ڕوانگە و تێڕوانینی کارکردگەراکانەوە خراوەتەڕوو. کارکردگەراکان بە پێی سەرچاوەی هزریی خۆیان لە باوەڕەدان کە دەبێ لەو تایبەتمەندی و ڕۆڵە نوێیانەی کە حیزبە نوێیەکان لە ئەستۆیاندایە و گرووپەکانی پێشوو بە تەواوی لێی بە دووربوون بە دوای خاڵی جیاکەرەوەی نێوان حیزبەکان و گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بگەڕێین. دەتوانین پێناسەکانی توێژەرێکی وەك (فرانك جی

(٤٠) LAPALOMBARA, J WENER, M., Political party and political Development, Princeton, N J, Princeton University press (Studies in political Development). 1966, pp. 5-6.

(٤١) بۆ وێنە دوو پسپۆری بە ناوبانگی حیزبە سیاسییەکان لە فەڕەنسا ئەم تەوەرەیان بۆ جیاکردنەوەی حیزبەکان لە گرووپەکانی دیکە پێشنیار کرد.

(٤٢) دەربارەی ڕێکخستنی حیزبەکان بڕوانە بۆ:
HILESINGER JA., "on the theory of party organization", Journal of politics, vol. 46, n 2, 1984, pp. 360-400. KATZR. S. MAIR P., "changing of party organization and and party Democrcy, The Emergence of the cartel party" party politics, vol. 1, 1995, pp. 5-29.



سورۆف) لەم دیدگایەوە هەڵسەنگێنن. ئەو کە بەتوندی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی واقیعی کۆمەڵگای ئەمەریکا، گرنگترین ئەرکی حیزبە سیاسییەکان لە پروپاگەندەی هەڵبژاردندا کورت دەکاتەوە. ئەو وێڕای بەرجەستەکردنی ڕۆڵی حیزبەکان لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، پێکهاتە و شێوازی ڕێکخستنی حیزبەکان لە ژێر کاریگەریی ئەو ژینگەیەدا دەزانی کە حیزبەکان تێیدا چالاکی دەکەن. چالاکی هەڵبژاردنەکان وەك گرنگترین تایبەتمەندی حیزبە سیاسییەکان، سەرنجی گەلێك لە توێژەرانی، بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە. لە ڕوانگەی (ئێپشتاین)یشەوە گرنگترین ڕۆڵ و ئەرکی حیزبە سیاسییەکان لە ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان و ئاراستەکردنی دەنگی دەنگدەراندا کورت دەبێتەوە[٤٣].

هەروەك دەبینین فۆنکسیۆنالیستەکان (کارکردگەراکان) تەنها سەرنج دەدەنە سەر ئەو ڕۆڵانەی کە حیزبە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئەستۆیاندایە و لە چالاکی و ڕۆڵە شاراوە و ڕاستەوخۆکانی حیزبەکان خافڵن. نیۆفۆنکسیۆنالیستەکان بە سەرنجدان بەم کەموکورتییە هەوڵیاندا لە پێناسەکانی خۆیاندا سەرنجبدەنە سەر چالاکییەکانی دیکەی حیزبەکان وەك دروستکردنی پێوەندی لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتداراندا. (لاوسۆن) بۆ یەکەمجار سەرنجیدایە سەر ئەم بابەتە و دروستکردنی «پێوەندی» بە گرنگترین ئەرکی حیزبەکان لە قەڵەمدا[٤٤]، و توێژەرانی وەك (مێرتۆن)یش خەریکی ڕاڤەکردنی چالاکی ئاشکرا و نهێنی حیزبە سیاسییەکان بوون[٤٥]. گۆشەنیگای کارکردگەرایانە بۆ حیزبەکان لە لایەن گەلێك کەسەوە ڕەخنەی لێگیرا. لە گرنگترینی ئەو ڕەخنانە ئەمەیە کە ئەو کارکردانەی کە باس کران ناتوانن ناسێنەری ڕاستەقینەی حیزبە سیاسییەکان بن. ئەم جۆرە پێناسانە نە تەنها کۆکەرەوەی تاکەکان نییە، بەڵکو ڕێگر نییە لەبەردەم کەسانی دیکەشدا.

چونکە چالاکییە چاوەڕوانکراوەکان لە لایەن ئۆرگانەکانی دیکەوە جێبەجێ دەکرێن بەبێ ئەوەی بانگەشەی ناونیشانی «حیزبی سیاسی» بکەن.

بەلێکۆڵینەوەکانی توێژەری بەناوبانگی نەرویجی (ستین ڕۆکان) لێکۆڵینەوە دەربارەی حیزبە سیاسییەکان پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و دەروازەیەکی نوێ بەسەر کۆمەڵناسی حیزبەکاندا

(٤٣) Ware A., political parties and party systems, Oxford, Oxford University press. 1996, p. 9.

(٤٤) ESTEIN L. D, political parties in the American model, Newyork, University of wiscons in press, 1986, p. 9.

(٤٥) LAWSON K., "political parties and linkage, Acomparative prespective, Newyork, Yal University press, 1966, p.3.

کرایەوە. لەمەوبەدوا، ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژەران هەوڵیاندا لە دیدگایەکی کۆمەڵناسانەوە توێژێنەوە لەسەر حیزبە سیاسییەکان بکەن. ئەم کەسانە کە لەناو کەلێن و هاودژە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دوای رەگوڕیشەی حیزبەکاندا دەگەڕێن، جەختێکی زۆر لەسەر زێدی کۆمەڵایەتی حیزبەکان دەکەنەوە و بە بگۆڕێکی سەربەخۆی دەزانن بۆ روونکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان. بەپێی ئەم دیدگایە، سەرەتا کەلێنە پێکهاتەییەکان سەرهەڵدەدەن و پاشان حیزبە سیاسییەکان وەك وتەبێژی ئەم کەلێنانە سەرهەڵدەدەن. بەم جۆرە ناوی حیزبەکان لەگەڵ هاودژەکان ئاوێتەیە و دەبێ بوونی حیزبەکان بە وەرگێڕانی کەلێنێکی سەرەکی لەناو کۆمەڵگا بزانین. (دانیل لویی سیلر) دەنووسێ: «دوو جۆرە تێگەیشتن لە حیزبی سیاسی هەیە. لە دیدگای یەکەمدا حیزبەکان لە سێ قۆناغی یەك لەدوای یەکدا سەرهەڵدەدەن، ئەم سێ قۆناغە بەپێی ریزبەند بریتین لە: ١- پرۆژە و بەرنامە ٢- داواکردنی دەسەڵات ٣- مۆبیلیزەکردنی هێزەکان». لێرەدا هەر وەك دەبینین پتر جەخت لەسەر رەگەزی ئایدۆلۆژیا دەکرێتەوە.

سیلر ئەم سێ قۆناغە بە فەرمی دەناسێ بەڵام پاش و پێش بونیان پەسندناکات. بەڕای ئەو، سەرەتا هەڵوێست وەرگرتن لەناو کۆمەڵگادا دروست دەبێ و پرۆژە و بەرنامە، داواکردنی دەسەڵات و مۆبیلیزەکردن (بسیج) بەپێی ریزبەند لە قۆناغەکانی دواتر جێگیر دەبن. هەروەك دەبینین لەم دیدگایەدا کەلێن و ناکۆکییەکان دەکەونە قۆناغی یەکەمەوە و گرنگییەکی تایبەتییان هەیە بۆ راڤەکردنی دیاردەی حیزبگەریی(٤٦). بۆ ئەوەی حیزبە سیاسییەکان سەرهەڵبدەن سەرەتا لێك ترازان لەناو کۆمەڵگادا دروست دەبێ و لە پرۆسەیەکی تایبەتدا تاکە هاوبڕواکان بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە و بەم جۆرە حیزبە سیاسییەکان سەرهەڵدەدەن. کەوابوو لەو کۆمەڵگایانەی کە خەڵکەکەی لەهەر جۆرە ناکۆکی و گۆڕانێك بە دوورن، هیچ زەمینەیەك بۆ حیزبایەتیکردن دروست نابێ. سیلر لە کۆتاییدا بەم شێوەی خوارەوە حیزبی سیاسی پێناسەدەکات: «حیزب بریتییە لە رێکخراوێك کە هەوڵ دەدات تاکەکان بۆ بەشداری لە کردارێکی بە کۆمەڵ لە بەرامبەر ئەوانیتردا رێکبخات تا لەم رێگایەوە بە تەنیایی یا بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەوانیتردا پۆستە حکومییەکان بە دەست

(٤٦) SEILER D. L, De La comparison des parties politiques, paris, Economica, 1986, p. 72.



بهێنێ. بەرژەوندییە گشتییەکان پاساوی مۆبیلیزەکردنی تاکەکان و داواکردنی دەسەڵاتن لە لایەن حیزبەکانەوە»(٤٧).

لەم تێگەیشتنەدا، سێ رەگەزی سەرەکی، چەمکی حیزب پێکدەهێنن. حیزب رێکخراوێکە کە خوازیاری بە دەستهێنانی دەسەڵاتە بۆ بەدی هێنانی بەرنامەیەکی تایبەت، بەرنامەیەك کە سەرچاوەکەی ئەو تێگەیشتنەیە کە حیزب لە بەرژەوەندی گشتی هەیەتی. رێکخستنی تۆکمە و مۆبایلیزەکردن وەك دوو رەگەزی بنچینەیی دیکە، ئامرازی سەرەکین بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە.

دەستەیەکی تر لە پێناسەکان لە لایەن ئەو کەسانەوە خراونەتە روو کە بە بیرکردنەوەیەکی ئامرازیی سەیری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و بە دیدگایەکی ئابووری تەوەر راڤەی حیزبە سیاسییەکان دەکەن. لەم جۆرە پێناسانەدا حیزبی سیاسی بە زۆری وەك «کۆمپانیا» باسی لێوە دەکرێ. لەم روانگەیەوە حیزبەکان کۆمپانیاگەلێکی سیاسیین کە لە بازاڕی سیاسەتدا خەریکی رکابەرین و بە نیازن کە قازانجی خۆیان بگەیەننە ئەو پەڕی خۆی.

ماکس ویبەر یەکەمین کەسە کە حیزب وەك کۆمپانیا ناو دەبات و لە پێناسەکردنی حیزبدا دەنووسێ: «حیزب بریتییە لە کۆمپانیایەکی پێکهاتوو لە کۆبوونەوەی خۆویستی ئەو تاکانەی کە هەوڵ دەدەن رێبەرانی خۆیان بگەیەننە دەسەڵات و لەم رێگایەشەوە خۆیان بگەنە بەرژەوەندی ماددی و مەعنەویی تایبەتی....»(٤٨) گەلێك لە توێژەرانی هاوچەرخ بە ئیلهام وەرگرتن لەم دیدگایە و بە تێڕوانینێکی ئابووری تەوەر خەریکی شیکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان بوون. (دانیل کولاس)(٤٩) و (دانیل گاکسی) لەو نووسەرە فەرەنسیانەن کە بە تێڕوانینێکی لەم جۆرە سەیری حیزبی سیاسی دەکەن. گاکسی بەم جۆرە پێناسەی حیزبی سیاسی دەکات:

«حیزب بریتییە لە گرووپێکی رێکخراو و پیشەیی کە ئەندامەکانی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و نوێنەرایەتییە سیاسییەکان لە خەباتدان»(٥٠).

(میشل ئۆفێرلە)ش یەکێکی دیکەیە لە پسپۆڕانی حیزب کە بە ئیلهام وەرگرتن لە هزرەکانی (پیر سۆردیۆ) حیزبە ساسییەکان بە «کۆمپانیاگەلێك» دەزانێ کە بەخستنەڕووی

(٤٧) SEILER D. L, Les parties politics, op. cit, p. 23.
(٤٨) WEBER M, Economic et socitété, paris, plon, tome, I, 1971 (Lerd, allemande, 1921), p. 29.
(٤٩) COLAS D., Sociologie politiqul, pans, PUF 1994, p. 299.
(٥٠) GAXIE D. La democratie representative, paris, Montchrestien, clefs, 1993, p.99.

بەرنامەگەلی سەرنجراکێش لە گۆڕەپانی ململانێکانی هەڵبژاردندا بە نیازی زیاترکردنی ژمارەی دەنگەکانی خۆیانن[٥١].

### ٣- پێناسەیەکی تێروتەسەل بۆ حیزبی سیاسی

تێڕوانێکی کورت بۆ پێناسەکانی پێشوو ئەم راستیەمان بۆ دەردەخات کە هەریەکە لە توێژەران تەنها سەرنجیان داوەتە سەر رەهەندێکی حیزب و بە بەرجەستەکردنی ئەو لایەنە، پێناسەی حیزبی سیاسییان کردووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تا رەهەندە گرنگەکانی دیکەی حیزبە سیاسییەکان لە بازنەیەکی تەمومژاوییدا بمێنێتەوە. واپێدەچێ دەتوانرێ بە کەڵك وەرگرتن لەو دیدگا جۆراوجۆرانەی کە باسکران پێناسەیەکی تێروتەسەل لە حیزبە سیاسییەکان بخرێتەڕوو. بەر لە هەموو شتێك دەبێ بزانین کە حیزب یەکێکە لەو رێکخراوانەی کە لەناو کۆمەڵگادا هەیە. حیزبی سیاسی رێکخراوێکە کە وەك رێکخراوەکانی تر خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە. سروشتییە کە ناتوانین هەر کۆڕ و کۆمەڵێك بە رێکخراو بزانین. رێکخراو، بریتییە لە کۆبوونەوەیەك لە نێوان مرۆڤەکان کە تێیدا پێوەندییەکی بەرامبەر لە نێوان تاکەکاندا بەرقەراربووە. هەر رێکخراوێك شیاوی چاکسازی و گۆڕینە. هەڵبەت ئەم گۆڕانە ناتوانی بگاتە ئەو ئاستەی کە سنوورە واتاییەکانی ئەو تێپەڕێنێ و بیکاتە رێکخراوێکی دیکە.

رێکخراوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بە سێ رەگەزی پێکهاتە، تایبەتمەندی و ئامانجەکان لە یەکتر جیادەکرێنەوە و دەتوانین هەر رێکخراوێك بەم سێ تایبەتمەندییە لە رێکخراوەکانی تر جیابکەینەوە[٥٢].

روانینێك بۆ پێناسەکانی رابردووی حیزب نیشاندەری ئەوەیە کە لە هەر دەستەیەکی ئەو پێناسانەدا تەنها یەکێك لەو سێ تایبەتمەندیانە لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی چەمکی رێکخراوی حیزبین و دەبێ لە پێناسەکردندا هەموویان لەبەرچاو بگیردرێن. بەم جۆرە بۆ خستنەڕووی پێناسەیەکی تێروتەسەل لە حیزبی سیاسی دەتوانین بە چاکی سوود لە پێناسەکانی رابردوو وەربگرین.

(٥١) OFFERELE M., Lesparties politiques. Op. cit,. p. 67.
(٥٢) MACDONALD N. A., The study of political parties, Newyork, Garden City, 1995, p. 8.



ئەگەر حیزب بە رێکخراوێك بزانین وەك رێکخراوەکانی تر، بۆ راڤەکردنی سنوورە واتاییەکانی ناچارین تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی باس بکەین. بەم جۆرە دەبێ توێژینەوە لەسەر پێکهاتە، ئامانج و تایبەتمەندی حیزبە سیاسییەکان بکەین تابتوانین لە نێوان رێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا، رێکخراوی حیزبی بناسینەوە.

حیزبی سیاسی رێکخراوێکە کە خاوەن ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە دەبێت:

١- لە رووی پێکهاتەییەوە خاوەن رێکخراوێکی بەردەوام و درێژخایەن بێ و تەمەنی لە تەمەنی دامەزرێنەرانی درێژتر بێ و جگە لە ناوەندی سیاسی وڵات، لە سەرانسەری وڵاتدا لقی هەبێ. (هەروەك لە لایەن لاپالومبارا و واینرەوە باسکراوە).

٢- لە رووی کارکردییەوە، مەبەستی کۆکردنەوەی تاکەکان بێ بۆ بە دەستهێنانی پۆستە حکومییەکان (هەروەك لە زۆربە پێناسەکانی پێشوودا سەرنجی دراوەتێ).

٣- لە رووی ئامانجەکانەوە، خاوەن بەرنامە و پرۆژەی وابێ کە بە ناویانەوە خوازیاری مۆبایلیزەکردنی دەنگدەران بێ و پاساو بۆ دەسەڵاتخوازی خۆی بهێنێتەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی حیزبەکان بە ناوی بەرژەوەندی گشتییەوە پاساو بۆ بەرنامەکانی خۆیان دەهێننەوە و ئەم بەرنامانە بە تاکە رێگای دابینکردنی بەرژەوەندە گشتییەکان رادەگەیەنن. لەم روانگەیەوە حیزبەکان بە پێچەوانەی گرووپەکانی بەرژەوەندی یا گرووپەکانی گوشار کە بە دوای بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت و کاتین، بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی لەبەرچاو دەگرن و رووی گوتاری خۆیان ئاراستەی هەموو خەڵك دەکەن نەك توێژێکی تایبەت.

ئەنجام ئەوەیە کە حیزبەکان هەوڵدەدەن بەرنامەگەلێك بۆ هەموو کۆمەڵگا جێبەجێ بکەن.

حیزب بەم واتایە ئەگەرچی بە دوورنییە لە واتای زمانەوانی و بەربڵاوی خۆی، بەڵام جیاوازیی بنچینەیی لەگەڵ ئەواندا هەیە و دیاردەیەکی نوێیە کە رەگوڕیشەی بۆ مێژووی سیاسی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان دەگەڕێتەوە و هەندێك کەس بە دوا هەنگاوەکانی مۆدێرنیزمی سیاسی دەزانن لە رۆژئاوادا.

حیزبی سیاسی بە واتا نوێیەکەی بابەتی ئەم نووسینەیە. حیزبی سیاسی بەم واتایە، بابەتی باس و توێژینەوەی گەلێك لە توێژەران بووە لە زانستە سیاسییەکاندا. بەر لە باسکردنی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی حیزبە سیاسییەکان، لە جێی خۆیدایە پێداچوونەوەیەکی کورت بکەین بەسەر ئەو توێژینەوانەی کە لەم بارەیەوە ئەنجامدراون.

بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵدەدەین لەم بارەیەوە توێژینەوە لەسەر تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان بکەین.

## ب- تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان دەربارەی حیزبە سیاسییەکان:
## پێداچوونەوەیەکی ئەدەبیاتی باو

توێژینەوەی سیاسی دەربارەی حیزبەکان هاوکات لەگەڵ ئەو وەرچەرخانە بنەڕەتیەی کە حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بە خۆیانەوە بینیویانە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانەوە هەتا ساڵانێکی بەرچاو، حیزبەکان دەربڕی ئەو ناکۆکییە قووڵە ئایدۆلۆژییەی ناو کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بوون و خۆیان بە وتەبێژی ئامانج و دیدگا ئایدۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمەڵگایانە لە قەڵەم دەدا. رێبەرایەتی کردنی دەزگای حیزبی بە زۆری لە ئەستۆی ئەو کەسانەدا بوو کە زۆر بە توندوتۆڵی پابەندی ئامانج و بنەمای ئایدۆلۆژیی حیزبەکانی خۆیان بوون و بە دیهاتنی بێ کۆت و مەرجی ئەوانەیان بە تاکە رێگای رزگاری کۆمەڵگای خۆیان دەزانی. خەباتکاران و لایەنگرانی حیزبی، نەیارانی ئامانج و رێبازی خۆیانیان بە بێگانە دەزانی و تەنها بە نرخی وازهێنانیان لە ئامانجی هزریی خۆیان ئامادەبوون ئەوان لە ئۆردووگای خۆیاندا وەربگرن. حیزبە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان، حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان و گەلێك لە حیزبە راستگەراکان زۆر بە توندی پێیان لەسەر پرەنسیپی ئامانجخوازی دادەگرت لە حیزبەکانی خۆیاندا.

وەرچەرخانی پلەبە پلە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان و کەمرەنگ بوونی رۆڵی ئامانجەکان و بە تایبەت ئایینزا لە لایەك، و زاڵبوونی بیرکردنەوەی تاکگەرایانە و ئابووری بەسەر سیما جۆراوجۆرەکانی ژیان لە لایەکی ترەوە، بوونە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی رۆڵی ئایدۆلۆژیا و بنیاتگەرایی لە حیزبە سیاسییەکاندا و بەکردەوە گەلێك لە حیزبەکانی کردە ئامێری هەڵبژاردن. بەم جۆرە لە دەوروبەری دەیەی ٦٠ی زایینی (مەبەست سەدەی بیستەمە، وەرگێڕ) سەردەمی ئەو حیزبانە دێتە ئاراوە کە تەنها بیر لە سەرکەوتن لە هەڵبژاردن و گەیشتن بە دەسەڵات دەکەنەوە. بۆ ئەم حیزبانە ئیدی دەسەڵات ئامرازێك نییە بۆ بەدی هێنانی ئامانجە حیزبییەکان بەڵکو خۆی دەبێتە لووتکەی ئامانج و بەهاکان.

لەمەو بەدوا، حیزبەکان کە بەکردەوە خۆیانیان لە بەرامبەر بۆشایی ئایدۆلۆژیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا بینیەوە، لە بری پابەندبوون بە ئامانجێکی سەقامگیر، روانینی نیگەران ئامێزی



خۆیانیان بڕییە سندووقەکانی دەنگدان و بەرنامەکانی خۆیانیان بە جۆرێك رێکخست کە لە هەڵبژاردن زیاترین ژمارەی دەنگەکان بەدەستبهێنن. بەم جۆرە حیزبەکانی تینووی دەسەڵات، لە ململانێ لەگەڵ رکابەرانی خۆیاندا لە بری راگەیاندنی بنەماگەلێکی سەقامگیر و نەگۆڕ، پشت بەو دروشمانە دەبەستن کە لەگەڵ کەشوهەوای هەڵبژاردندا گونجاوێ بۆ ئەوەی بتوانن دەنگدەرێکی زیاتر بە قازانجی خۆیان بۆ بەردەم سندووقەکانی دەنگدان رابکێشن. هەر بەو جۆرەی کە ماکس ویبەر پێش بینی دەکرد حیزبەکان بەکردەوە بوونە «کۆمپانیا»یەك کە لە بازاڕی سیاسەتدا جگە لە راکێشانی کڕیاری زیاتر بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەنەوە.

بۆ یەکەمین جار (ئۆتۆکێرچ هایمر) لە ساڵی ١٩٦٦ رایگەیاند[٥٣]، حیزبە ئایدۆلۆژییەکان کە زیاترین ژمارەی حیزبەکانی دەیەی پەنجایان پێکدەهێنا، ئیدی تەمەنیان کۆتایی پێهاتووە و سەردەمی حیزبگەلێکی نوێ دەستی پێکردووە کە ئەو بە «حیزبە گشتگیرەکان» ناویاندەبات و توێژەرانی دیکە ئەوەیان نیشانداوە کە ئەم حیزبانە لەڕاستیدا کۆمپانیاگەلێکی بازرگان پیشەن کە لە بازاڕی سیاسەتدا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لەگەڵ رکابەرانی خۆیان لە ململانێ دان.

رەوتی وەرچەخان لە توێژینەوەی حیزبەکاندا باس لەوە دەکات کە تێڕوانینی توێژەران بۆ دیاردە سیاسییەکانیش هاوکات لەگەڵ وەرچەخانی راستییە سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بایەخدان بە ئامانج و ئایدۆلۆژیاکان لە شیکردنەوەی حیزبەکان جێگای خۆی داوەتە دیدگا ئابورییەکان کە بنەماکانی زاڵ بەسەر بازرگانی و بازاڕ بەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیانیش بە باڵا دەست دەزانێ. کەوابوو، یەکەمین توێژینەوە دەربارەی حیزبەکان پتر بە رێکخراوە حیزبییەکان و ئامانج و ئایدۆلۆژیای ئەوانەوە خەریك دەبێ و بە تێپەڕبوونی کات شێوازەکانی گەیشتن بە دەسەڵات و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان زاڵ دەبێ بەسەر توێژینەوە دەربارەی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوادا.

توێژینەوەی رەوتی دیدگا جۆراوجۆرەکان لەمەڕ حیزبەکان وێڕای ئەوەی کە رێگایەکە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ گرنگترین رەهەندێ حیزبەکان لە رۆژئاوا، نیشاندەری ئەم راستیەیە کە لە زانستە سیاسییەکاندا دەتوانین باس لە زانستێکی نوێ بکەین لە ژێر ناونیشانی حیزبە سیاسییەکان. زانستێك کە کۆمەڵێك زانیاری تۆکمەی لەخۆ گرتووە و بەکردەوە وەرچەخانێکی

(٥٣) KIRCHHEIMER o. "The Transformation of the western European party systems", in LAPALOMBARA J., WEINER M., political parties and political Development, Princeton, 1966. p. 184.

وەرچەرخانێکی گرنگ بەخۆیەوە بینیوە. لەم بەشەی نووسینەکەی خۆماندا دەمانەوێ بە کورتی گرنگترین دیدگاکان لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان و رەوتی مێژوویی ئەوان بدەینەبەر توێژینەوە و تەنها بۆچوونی ئەو توێژەرانە شیدەکەینەوە کە بە خستنەڕووی چەمك و مۆدێلە نوێیەکان توێژینەوە لەمەڕ حیزبە سیاسییەکانیان بەرەو پێشەوە بردووە. بەم ئامانجە باسەکەی خۆمان لە کۆنترینی ئەم دیدگایانە واتە «پێکهاتەگەراکان» و «رێکخراوگەراکان»ەوە دەست پێدەکەین.

## ١- حیزبی سیاسی لە روانگەی «پێکهاتەگەراکان»: جەختکردنەوە لەسەر رێکخستنی حیزب

یەکەمین توێژینەوەی تۆکمە لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان لە لایەن «پێکهاتەگەراکان» و «رێکخراوگەراکان»ەوە ئەنجامدراوە. لەم دەستە لە توێژینەوەکان، رێکخستنی حیزبی لە پلەی یەکەمی گرنگیدایە و پێکهاتەی رێکخراو و رێکخستنی حیزبی خاڵی جیاکەرەوەی حیزبەکانە لە رێکخراو و گرووپەکانی دیکە. لەم دەستەیە لە توێژینەوەکاندا رێکخستنی حیزبی وەك گرنگترین رەهەندی حیزبی سیاسی، جێگایەکی بەرزی هەیە و بووەتە بنەمای پێناسەکردن، دەستەبەندی و راڤەکردنی رەهەندەکانی دیکەی حیزب.

بەم حاڵەش، رێکخستنی حیزبی لای ئەم توێژەرانە بە شێوازی جۆراوجۆر و تەنات دژ بە یەکیش هەڵسەنگێندراوە. هەندێ کەس وەك «رۆبێرت میخلز» ئەمە بە ئامرازێك دەزانن بۆ هەنگاوانانی حیزب بەرەو تاکڕەوی.

میخلز لەو باوەڕەدایە کە رێکخستنی حیزبی هیچ ئەنجامێکی نییە جگە لە دەسەڵاتدارێتی گرووپێك لە سیاسەتمەدارانی شارەزا. چونکە حیزبەکان بۆ بە جێگەیاندنی رۆڵی خۆیان ناچارن رێکخراوی خۆیان بەهێز بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کە هەندێ کەس هەموو کاتی خۆیان بۆ رێکخراوی حیزبی تەرخان بکەن. لە ئەنجامدا، بەرە بەرە گرووپێکی بچووك لە تکنۆکراتە سیاسی و شارەزاکان خۆیان لە سەرەوەی هیرەمی دەسەڵات و پلەوپایە حیزبەکاندا دەبیننەوە و بە زوویی ئەمەیان بۆ دەردەکەوێ کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتی و تەنانەت حیزبەکانی خۆیان دەبێ رێگای هاتنە ناوەوەی کەسانی دیکە بۆ ناو گرووپە بچووکەکەی خۆیان داخەن. بازنەی بچووك و داخراوی رێبەرایەتی بەکردەوە ساڵانێکی دوورودرێژ رێبەرایەتی حیزب لە ئەستۆ دەگرێ و جۆرە تاکڕەوییەکی تکنۆکراتانە بەسەر رێکخستنەکانی حیزبیدا زاڵدەبێ. تیۆرییەکانی میخلز بە تەواوی لەگەڵ هەلومەرجی



کۆمەڵایەتی ئەودا دەگونجا چونکە ئەو دەیبینی کە لە ئەڵمانیا حیزبی سوسیال دیموکرات و حیزبەکانی تر بەکردەوە بوونەتە هۆی دەسەڵاتدارێتی گرووپێکی بچووك بەسەر رێکخراوی حیزبدا و جۆرێك لە تاکڕەوی بەسەر رێکخستنەکانی حیزبدا زاڵ بووە کە میخلز بە «ئۆلیگارشی ئاسنینی تکنۆکراتانە» ناوی لێدەبات[٥٤].

بەم حاڵەش، میخلز نە تەنیا دژ بە رێکخراوی حیزبی نییە بەڵکو بە ئامرازێکی بەرگری دەزانێ بۆ لاوازەکان لە بەرامبەر خاوەن دەسەڵاتەکاندا و لەو باوەڕەدایە کە کرێکاران و توێژە بێ تواناکان جگە لە رێکخستن هیچ چەکێکی دیکەیان بە دەستەوە نییە بۆ بەرگری کردن لە بوون و مافەکانی خۆیان[٥٥].

بە پێچەوانەی میخلز، نووسەرانی دیکەی وەك (ئیلدێر سڤێلد) لە هەمان کاتدا کە لە توێژینەوەکانی خۆیاندا جەخت لەسەر رۆڵی رێکخراوی حیزبی دەکەنەوە، لە رووی خودییەوە بەشتێکی دیموکراتیانەی دەزانن و لەو باوەڕەدان کە رێکخراوی حیزبی دەرگای لەسەر هەمووان کراوەیە و لە ئەنجامدا ناوەڕۆکێکی ناتاکڕەوانەی هەیە[٥٦].

سەرەڕای گرنگی زۆری بەرهەمەکەی میخلز، دەبێ کتێبی حیزبە سیاسییەکانی (مۆریس دۆڤێرژە)[٥٧] بە یەکەمین بەرهەمی گرنگی زانستی و تێروتەسەلی حیزبەکان بزانین کە تێیدا جەختێکی زۆر لەسەر رۆڵی رێکخراو و رێکخستنی حیزبی کراوەتەوە.

دۆڤێرژە لە یەکەمین بەرهەمی خۆی بەبێ ئەوەی پێناسەیەکی رۆشن لە حیزب بخاتەڕوو، رێکخراوی حیزبی دەکاتە بنەمای توێژینەوەکانی خۆی و سەرەکیترین ئەرکی حیزب بە هەوڵدان دەزانێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. لە روانگەی دۆڤێرژەوە حیزبەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە بە تەنیایی یا لە رێگای ئیئتلاف کردن لەگەڵ ئەوانیتردا کورسییەکانی نوێنەرایەتی بەدەستبهێنن و پاڵێوراوانی خۆیان بگەیەننە کورسی دەسەڵات[٥٨].

(٥٤) MICHELS R., Les parties politiques, essai sur Les tendances oligarchiques, paris, Flammarion, 1977
(ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩١١ بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە).

(٥٥) هەمان سەرچاوە.

(٥٦) ELDEREVELD S. J., porties, Chicago, Round MC Nall 1964.

(٥٧) DUVERGER M., Les parties politiques, paris, A. colin, 1951.

(٥٨) DUVERE M., Institutions politiques et droit constitution nel, paris PUF, 1968 (Ler edition 19550 p. 67.

لە روانگەی دۆڤێرژە سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان دەرەنجامی پەرەسەندنی مافی دەنگدان و گشتگیربوونی هەڵبژاردنە. لە دیدگای ئەوەوە رەگوریشەی یەکەمین حیزبە سیاسییەکان دەگەرێتەوە بۆ ئەنجوومەنەکانی یاسادانان و تێکەڵبوونی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن و گرووپە پارلمانییەکانەوە دروست بووە. بەپێی یاسای دۆڤێرژە، حیزبە سیاسییەکان لە پرۆسەیەکی زۆر ساکاردا سەریانهەڵداوە.

لە قۆناغی یەکەمدا، سیناتۆرەکان و گرووپە هاوئاراستەکان لە چوارچێوەی هەندێ گرووپی بچووك لە ژێر ناونیشانی گرووپی پارلمانی لەناو ئەنجوومەنەکانی یاساداناندا خۆیانیان رێکخست، و لە قۆناغی دووهەمدا، پاش گەشەکردنی مافی دەنگدان لە بازنەکانی هەڵبژاردندا هەندێ کۆمیتەیان پێکهێنا بۆ ئەنجامدانی پرۆپاگەندە لە رۆژانی هەڵبژاردندا.

ئەو کۆمیتانەی کە ناوبران سەرەتا تەنیا لە رۆژانی هەڵبژرادندا دروست دەبوون و بە تەواو بوونی کاتی هەڵبژاردن ئیدی هیچ هۆیەك بۆ مانەوەیان لە ئارادا نەبوو. بەڵام گەشەکردنی مافی دەنگدان وای دەخواست کە نوێنەران، پێوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ بازنەکانی هەڵبژاردنی خۆیاندا دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە خولەکانی داهاتووش لە پۆستەکانی خۆیاندا بمێننەوە. بەم جۆرە ئەو کۆمیتانەی هەڵبژاردن لە پێویستیەکی تێپەرِوکاتییەوە دەرچوون و بوونە پێویستییەکی هەمیشەیی.

بەپێی یاسای دۆڤێرژە یەکەمین حیزبە سیاسییەکان لە تێکەڵ بوونی ئەو کۆمیتە و گرووپە پارلمانییانە پێکهاتن. ئەم تێکەڵبوونە بە دوو ئاراستەی ستوونی (کۆمیتە و گرووپە پارلمانییەکان) و ئاسۆیی (لە نێوان کۆمیتە هاوئاراستەکاندا) روویاندا و بوونە هۆی دروستبوونی یەکەمین حیزبە سیاسییەکان لە ئەرورووپا[٥٩]. بە تێپەربوونی کات و گەشەکردنی مافی دەنگدان، گرووپ و توێژی جۆراوجۆر هاتنە ناو گۆرەپانی سیاسەت و بەرە بەرە هەندێ حیزبی نوێ لە دەرەوەی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان سەریان هەڵدا بۆ رێکخستنی ئەو توێژە نوێیانەی کە خوازیاری بەشداری سیاسی بوون. ئەم حیزبانە کە لەناو گرووپە هزریی و ئایینی و کرێکارییەکانی کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا رەگوریشەیان هەیە، لە لایەن دۆڤێرژەوە بە حیزبی خاوەن سەرچاوەی دەرەکی (لە دەرەوەی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان) ناونراون. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٠٠ کۆنگرەی یەکێتییە کرێکارییەکان لە بریتانیا رایگەیاند کە لە تێکەڵبوونی سەندیکا کرێکارییەکانی ئەندامی ئەم یەکێتییە حیزبێکی نوێ بەناوی «حیزبی کرێکار» لە

(٥٩) DUVERGER M., Les parties politiques, …. Cit., p. 10.



دایکبوو. حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان، سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکان بە زۆری لە دەرەوەی ئەنجوومەنی یاسادانان سەریانهەڵداوە و سەرچاوەیەکی سەروو ئەنجوومەنییان هەیە.

مۆریس دۆڤێرژە، بۆ یەکەمین جار رێکخراوی حیزی کردە پێوەری دابەشکردنی حیزبە سیاسییەکان و حیزبی جەماوەری و حیزبی تایبەتی لە یەکتر جیاکردەوە. حیزبە جەماوەرییەکان، بە پێچەوانەی حیزبە تایبەتییەکان، لەسەر بنەمای مافی ئەندامێتی دامەزراون و خاوەن رێکخراوێکی رێکوپێك، زنجیرەی پلەوپایەی بەهێز و رێکخستنی تۆکمەن و ئەمە لە کاتێکدایە حیزبە تایبەتییەکان کە پشت بە سەرمایەی تایبەتییەکانی رێبەرە ئارسیتۆکرات و خاوەن نفووزەکانی خۆیان دەبەستن، پێویستیان بە رێکخستنێکی بەر بڵاوی لەم جۆرە نییە[٦٠]. یەکەمین حیزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا هەمان حیزبە تایبەتییەکانن و حیزبە جەماوەرییەکان بەرەبەرە لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا سەریانهەڵدا و هێدی هێدی لەم کۆمەڵگایانەدا پەرەسەندنێکی نائاساییان بەخۆیانەوە بینی.

مێژووی سیاسی حیزبەکان لە ئەوروپا پیشاندەری تێپەربوونە لە حیزبە تایبەتییەکانەوە بەرەو حیزبە جەماوەرییەکان و بەکردەوە لە دەیەی ٦٠ی زایینی زۆربەی حیزبەکانی ئەوروپا بە ناچاری روویانکردە جەماوەر و ئەزموونی حیزبە جەماوەرییەکانیان کردە سەر مەشقی رێکخستنەکانی خۆیان.

دابەشکردنەکانی دۆڤێرژە بووە بنەمای گەلێك لە دابەشکردنە باو و تەنانەت زۆر نوێیەکانی حیزبە سیاسییەکان. نووسەرە جۆراوجۆرەکان بە وەرگرتنی شێوازی دۆڤێرژە وەك بنەمایەك هەوڵیاندا مۆدێلی دۆڤێرژە لەگەڵ وەرچەخانە نوێیەکانی حیزبایەتیکردندا بگونجێنن.

(ئیلدێر سڤێلد) حیزبی سەروو چینەکانی بۆ حیزبی جەماوەری و تایبەتی دۆڤێرژە زیادکرد و هەوڵیدا کە دابەشکردنەکەی دۆڤێرژە کە لەسەر بنەمای واقیعیەکانی ئەوروپا بنیاتنرابوون بەسەر ئەمەریکاشدا بچەسپێنێ. حیزبە پێشنیارکراوەکانی ئیلدێر سڤێلد کە لە ئەرمەریکا پەرەسەندنێکی بەرچاویان هەیە، بە پێچەوانەی حیزبە ئەوروپییەکان زنجیرەی پلەوپایەی بە هێزی حیزبییان نییە و پتر سەرنج دەدەنە سەر دەنگدەران نەك ئەندامانی حیزب[٦١].

(٦٠) هەمان سەرچاوە.

(٦١) ELDERSVELD, S. M., political parties. A Behavioral Analysis, Chicago, 1966.

(ژان شارلۆت) توێژەری فەرەنسی حیزبی «دەنگدەران»ی بۆ سەر دابەشکردنەکەی دۆڤێرژە زیاد کرد کە بە کردەوە هەمان حیزبە پێشنیارکراوەکەی ئیلدێر سڤێلدە[٦٢].

(کەی لاوسۆن) یەکێکی دیکەیە لەو نووسەرانی کە رێکخراوی حیزبی کردە بنەمای دابەشکردنەکەی خۆی و بەپێی پلەی رێکخستنی حیزبی شەش جۆر حیزبی سیاسی خستەڕوو. ئەم حیزبانە بریتین لە یانەکان (کلوپەکان)، حیزبە جەماوەرییەکان، حیزبە کاتییەکان کە تەنها لە کاتی هەڵبژاردندا سەرهەڵدەدەن، حیزبە پێشڕەوەکان (بەپێی زاراوەی لینین)، کۆمیتە حیزبییەکان و حیزبە تایبەتییەکان[٦٣]. (ئۆتۆکێرچ هایمر) یەکێکی ترە لەو توێژەرانەی کە خەریکی تەواوکردنی دابەشکردنەکەی دۆڤێرژە بوو. کێرچ هایمر لە ساڵی **١٩٦٦** حیزبێکی نوێی لە ژێر ناونیشانی «گشتگیر» خستەڕوو بۆ دەربڕینی واقیعی گەلێك لە حیزبەکانی ئەو سەردەمە و ئەوەی نیشاندا کە سەردەمی حیزبە جەماوەرییەکان کە جێگای حیزبە تایبەتییەکانیان گرتۆتەوە کۆتایی پێهاتووە و پێش بینی کرد کە بە زوویی حیزبە گشتگیرەکان جێگای حیزبە جەماورییەکان دەگرنەوە.

(لاپالومبارا) و (واینر) لەو توێژەرانەن کە دەبێ لە ریزی پێکهاتەگەراکان لە قەڵەم بدرێن و لە توێژینەوەکانی خۆیاندا لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان جەختێکی زۆر لەسەر رێکخراو و رێکخستنی حیزب دەکەنەوە. ئەم دوو نووسەرە وێڕای قووڵکردنەوەی هزرەکانی دۆڤێرژە ئاسۆیەکی نوێیان لەبەردەم توێژینەوەی حیزبەکاندا کردەوە. لە سەرەتای کتێبی (حیزبەکان و گەشەکردنی سیاسی)، رەگەزی رێکخستن، بە خاڵی جیاکەرەوەی حیزبی نوێ لە رێکخراوە سیاسییەکانی تر لە قەڵەم دەدرێ و لە روانگەی ئەو دووانەوە، حیزب بە رێکخستنێك دەگوترێ کە تەمەنەکەی بە تەمەنی رێبەرانییەوە نەبەسترابێتەوە و بتوانێ پاش مەرگی رێبەرەکانیشی لەسەر ژیانی رێکخراوەیی خۆی بەردەوام بێت. جگە لەمەش، بۆ ئەوەی رێکخستنێك بە حیزب ناوبرێت، دەبێ لقی جۆراوجۆری لە ناوچە جۆراجۆرەکانی وڵاتدا هەبێ و رێکخستنەکانی خۆی لە دەرەوەی پایتەختیش پەرە پێبدات. لە روانگەی ئەم نووسەرەش، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی

(٦٢) CHARLOT J., CHARLOT M., Le péhenméne gaulliste, paris, Fayrd, 1970, pp. 63-65.

(٦٣) LAWSON K., The comparative study of political parties Newyork, st. Martins press, 1976, pp. 77-79.



دەسەڵات بە یەکێك لە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان حیزبی سیاسی و گرووپە خاوەن نفووزەکان دادەنرێت[٦٤].

لاپالومبارا و واینریش بە نۆرەی خۆیان هەوڵیاندا قەرەبووی یەکێك لە گرنگترین کەموکوڕییەکانی تیۆرییەکانی دۆڤێرژە، واتە سنووردار بوونیان بە راستییەکانی ناو کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بکەنەوە و بازنەی تیۆرییەکانی خۆیان بۆ کۆمەڵگاکانی دیکەش پەرە پێبدەن. ئەم دوو نووسەرە بە کەڵك وەرگرتن لە چەمکی «قەیران» ئاسۆیەکی نوێیان لە بەردەم راڤەکردنی حیزبە سیاسییەکان بە تایبەت لە کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکاندا کردەوە. بەپێی ئەم روانگەیە سیستەمە سیاسییەکان لە رەوتی کامڵبوون و گەشەکردنی خۆیاندا لەگەڵ سێ قەیرانی گرنگی، «رەوایی»، «هاوبەندیی» و «بەشداری» بەرەو روون و حیزبە سیاسییەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانە بەدیهاتوون.

شیاوی باسە کە چەمکی قەیران لە لایەن (لۆسیەن پای) لە گەشەکردنی سیاسی بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵکی لێوەرگیراوە[٦٥]. حیزبە سیاسییەکان لە رەوتی گەشەکردندا بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان بەدیهاتوون[٦٦]. کە وابوو یەکەمین توێژینەوەی حیزبەکان لەسەر تەوەری رێکخراو و رێکخستنی حیزبەکانەوە دروست بووە و لە زۆربەی ئەم لێکۆڵینەوانەدا رێکخستنی حیزبەکان وەك بگۆڕی سەربەخۆیی روونکەرەوەی حیزبە سیاسییەکان لەبەرچاو گیراوە.

## ٢- کارکردگەراکان و حیزبە سیاسییەکان:

بەشێکی تر لە توێژینەوی حیزبە سیاسییەکان دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە «رۆڵ» و «کارکرد» بە گرنگترین بگۆڕی روونکەرەوەی دیاردەکان دەزانێ. کارکردگەراکان (فۆنکسیۆنالیستەکان) سەرنجێکی تایبەتی دەدەنە سەرکردایەتی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا بە تایبەت رۆڵی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ سیستەمی سیاسیدا. ئەم توێژینەوانە رێژەیەکی بەرچاو لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە حیزبە سیاسییەکان پێکدەهێنن. ئەو پرسیارە

(٦٤) هەمان سەرچاوە ل ٦٥.

(٦٥) PYEL,. Aspects of political Development, Boston, Little, 1967, pp. 63-66.

(٦٦) لە بەشەکانی داهاتوودا ئەم تیۆرییە بە تێروتەسەلی دەخرێتە بەر باس.

سەرەکییەی کە لەم دەستە لە توێژینەوەکان لە ئارادایە ئەمەیە کە: گرنگترین تایبەتمەندییەکانی حیزبە سیاسییەکان کامانەن؟

شیاوی باسە کە کارکرد، (فۆنکسۆن) دەتواندرێ بە دوو واتای گشتی و تایبەتی کەڵکی لێوەربگیردرێت. لە حاڵەتی یەکەمدا کارکرد تەنیا چالاکی ئاشکرای حیزبەکان لەخۆدەگرێت، بەڵام لە حاڵەتی دووهەم جگە لە کرداری راستەوخۆ، دەرەنجام و پێشهاتی ناڕاستەوخۆی چالاکییە حیزبییەکانیش لەخۆ دەگرێت.

تیۆرییەکانی کلاسیکی و کۆنتری کارکردگەرا روویان لە واتای تایبەتی «کارکرد»ە و لە ئەنجامدا حیزبە سیاسییەکان لە بازنەی تەسکی سیستەمە دیموکراتیەکاندا سنووردا دەکەن. لەم روانگەیەوە، حیزبی سیاسی لە حاڵەتێکدا شایستەی ئەم ناوەیە کە بتوانێ رۆڵە تایبەتی و لە پێش دیاریکراوەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا بەجێ بگەیەنێ.

(فرانك جەی. سۆراف) لە کتێبێکدا لە ژێر ناونیشانی (سیستەمی حیزبی ئەمەریکا) ئەرکی حیزبەکان لە چوارچێوەی چالاکییەکانی هەڵبژاردندا بەرتەسك دەکاتەوە و حیزب بە دەزگایەك بۆ کۆنترۆڵ و رێنمایی کردنی هەڵبژاردن دەناسێنێ. لە روانگەی سۆرافەوە، حیزبە سیاسییەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا جگە لە چاودێری کردنی ئەنجامی هەڵبژاردن، ئامرازێکیشن بۆ ئاراستەکردنی رای گشتی و ناساندنی پاڵێوراوەکان. لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان و بەپێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر، حیزبەکان بە شێوازی جۆراوجۆر لە پرۆسەی هەڵبژاردندا رۆڵی خۆیان بەجێ دەگەیەنن.

سۆراف لەو کەسانەیە کە لە شیکردنەوەکانی خۆیدا لە رۆڵی فەرهەنگ و ژینگە و پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە توێژینەوەی حیزبەکاندا خافڵ نییە و رەنگە بتوانین بڵێین کە لەو یەکەمین کەسانەیە کە سەرنجی داوەتەسەر رۆڵی ژینگە لە رێکخستن و پێکهاتەی حیزبیدا. سۆراف لەو باوەڕەدایە کە رێکخستن و پێکهاتەی حیزبەکان بە هۆی شێوازی جێبەجێ کردنی رۆڵەکان لە کۆمەڵگادا دیاری دەکرێت. بە وتەیەکی تر پێوەندی نێوان حیزب و ژینگە بەم شێوازەی خوارەوە نەخشە ڕێژ دەکرێ:

پێکهاتەی حیزبی ← کارکرد ← ژینگە

لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، لە روانگەی سۆرافەوە ئەو شتەی کە حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە شێوازی کارکردنیانە(٦٧).

(٦٧) SORAVF F.J., political parties in the American system, Boston, 1964.



جەختکردنەوەی زۆری سۆراف لەسەر بابەتی هەڵبژاردن و کورتکردنەوەی ئەرکی حیزبەکان لەم چوارچێوەیەدا تارادەیەکی زۆر لە واقیعەکانی کۆمەڵگای ئەمەریکا سەرچاوەی گرتووە. لە سیستەمی سیاسی ئەمەریکا، حیزبە سیاسییەکان بەکردەوە گرنگترین رۆڵی خۆیان لە هەڵبژاردندا بەجێ دەگەیەنن و پرۆسەی دووروودرێژی هەڵبژاردن لەم وڵاتە و درێژخایەن بوونی ماوەکەی، حیزبەکانی کردۆتە ماشینی هەڵبژاردن. دەرەنجام ئەوەیە کە واقیعی وڵاتانی تر بە تایبەت ئەورووپای رۆژئاوا تارادەیەکی زۆر لەبەر چاوی سۆراف شاراوەبوون.

جەختکردنەوە لەسەر هەڵبژاردن تایبەت نییە بە سۆراف و توێژەرێکی بەناوبانگی وەك (ئیپشتاین)یش لەو باوەڕەدایە کە حیزبەکان گرنگترین رۆڵی خۆیان لە هەڵبژاردندا وازی دەکەن(٦٨).

بە کورتی دەتوانین بڵێین، شیکردنەوە کلاسیکیە کارکردگەراکان بە لەبەرچاو گرتنی واتای تایبەتی «کارکرد» بە گشتی سێ رۆڵی سەرەکی بۆ حیزبەکان دەست نیشان دەکەن کە بریتین لە:

١- فۆرم بەخشین بە رای گشتی.
٢- دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن.
٣- رێکخستن و ئاراستەکردنی دەنگدەران.

بەم جۆرە، تەنها لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکانی بنیاتنراو لەسەر هەڵبژاردن حیزبەکان دەرفەتی بوونیان بۆ دەڕەخسێ و لەو کۆمەڵگایانەی کە مافی دەنگدان باوی نییە و لەسەر بنەماکانی دیموکراسی بنیات نەنراون ناتوانین باس لە حیزب بکەین.

دەستەی دووهەم لە توێژینەوە کارکردگەراکان، بە لەبەرچاو گرتنی واتایەکی بەربڵاو بۆ کارکرد (فۆنکسۆن) و گشتگیرکردنی جگە لەسەر خودی کارکرد لەسەر دەرەنجامە ئاشکرا و شاراوەکانیش، هەندێ تایبەتمەندی زیاتر بۆ حیزبەکان دەخەنەڕوو، بەپێی ئەم دیدگایە، حیزبە سیاسییەکان جگە لەو رۆڵە راستەوخۆیەی کە لە کاتی هەڵبژاردندا لە ئەستۆیانە، هەندێ رۆڵی گرنگتریش جێبەجێ دەکەن کە زۆر ئاشکرا و هەست پێکراو نییە. لەڕاستیدا ئەم دەستە لە نووسەران لە هەوڵی ئەوەدان کە حیزبە سیاسییەکان لە پاوانی سیستەمە دیموکراتییەکان رزگار

(٦٨) EPSTEIN L. D., political parties in the Amrican Model, University of Wisconsin press, 1988, p. 6.

بکەن و پێناسەیەکی وا لە حیزب بخەنەڕوو کە لەسەر حیزبەکانی ناو کۆمەڵگا نادیموکراتییەکانیش بچەسپێ.

(کەی لاوسون) یەکێکە لە گرنگترینی ئەو توێژەرانەی کە بە کەڵك وەرگرتن لەم شێوازە بە توێژینەوە و شیکردنەوەی حیزبەکانەوە خەریك بووە. ئەو بە خستنەڕووی چەمکی «پێوەندی»(٦٩) پیشانیدا کە گرنگترین ئەرکی حیزبەکان دروستکردنی پێوەندییە لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتداراندا. حیزبە سیاسییەکان بە دانانی نوێنەرانی خۆیان لە پۆستە حکومییەکان لەڕاستیدا دەبنە فاکتەری جۆرە پێوەندییەکی هەمیشەیی لە نێوان خەڵك و دەوڵەتدا.

کەوابوو، ئەگەرچی بە رواڵەت هەڵبژاردن بەکارکردنی گرنگی حیزبەکان دێتە بەرچاو، بەڵام لە راستیدا دەرەنجامی ئەم کردارە کە هەمان پێوەندی نێوان خەڵك و دەوڵەتە، ئەرکی سەرەکی حیزب پێکدەهێنێ(٧٠).

ئەنجام ئەوەیە کە فەلسەفەی بوونی حیزبە سیاسییەکان لە هەڵبژاردندا تەنها بە هەڵبژاردن سنووردار نابێ و حیزبەکان رۆڵی دروستکردنی پێوەندیشیان لە ئەستۆدایە لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتداراندا(٧١).

لە روانگەی لاوسونەوە، حیزبەکان لە رێگای «پێوەندی» و «کاردانەوە» خەڵك و دەسەڵاتداران پێکەوە گرێ دەدەن. لە حاڵەتی یەکەم (پێوەندی)، لە لایەکەوە حیزبەکان نوێنەرانی خۆیان لە پۆستە حکومییەکاندا جێگیر دەکەن و لە لایەکی تریشەوە بەرپرسانی حکومی بە نۆرەی خۆیان لە کۆڕ و کۆبوونەوەی هاوڵاتیاندا ئامادە دەبن. لە حاڵەتی دووهەمیشە (کاردانەوە)، حیزبەکان هاووڵاتیان فێردەکەن کە لە بەرامبەر کردار و سیاسەتەکانی دەوڵەت و سیاسەتمەداراندا کەمتەرخەم نەبن و لە بەرامبەریاندا «کاردانەوە»یان هەبێت. ئەم تایبەتمەندییەی حیزب کە لەڕاستیدا جۆرە راهێنانێکی هاووڵاتیانە بۆ بەشداری سیاسی، دەبێتە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتداران پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەواندا بپارێزن و پتر لە جاران هەوڵی دابینکردنی خواستەکانیان بدەن، چونکە مانەوە لەسەر کورسی دەسەڵات تەنها

(٦٩) To Link
(٧٠) LAWSON K., The comparative study of political parties, Newyork, st. Martins press, 1977.
(٧١) LAWSON K., The comparative study of political parties and Linkage, Acomparative prespective, Newyork, Yal University press, 1966, p. 3.



بە رەزامەندی خەڵك دێتەدی. لە ئەنجامدا پرەنسیپی «پێوەندی» بەو جۆرەی کە لاوسون راڤەی دەکات، پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ بەشداری سیاسیدا هەیە و بەوتەیەکی تر، حیزبەکان رێکخەر و رێنماییکەری بەشدارین. لاوسون لەو باوەڕەدایە کە بەردەوامی ژیان و مانەوەی رێکخراوی حیزبی بەستراوەتەوە بە ئەنجامدانی دروستی رۆڵە سەرەکییەکەی واتە «پێوەندی». بە پێچەوانەوە، ئەو حیزبەی کە نەتوانێ ئەم ئەرکە گرنگە بەجێ بگەیەنێ سەردەمی ئەو کۆتایی پێ دێت و رێکخراوێکی تر جێگای دەگرێتەوە(٧٢).

بایەخدان بە دەرەنجامی کرداری حیزبەکان هەندێ چەمکی نوێی لە زانستی حیزبە سیاسییەکاندا دروستکردووە. هەر بۆیە چالاکییە حیزبییەکان لە روانگەیەکی نوێوە بەراوردکران و ئەو دەستە لە چالاکییە حیزبییەکان کە دەبنە هۆی ناسەقامگیریی سیستەمی سیاسی بە «ناکارکردیی» و ئەو دەستە لە چالاکییەکانەش کە دەبنە هۆی سەقامگیریی سیستەمی سیاسی بەر «کارکردیی» ناودێرکروان.

بە سەرنجدان بە چەمکە نوێیەکان و بە فراوانکردنی چەمکی کارکرد و گشتاندنی چەمکەکەی بەو جۆرەی کە باسکرا، حیزبە نەیارەکانی وەك حیزبی کۆمۆنسیت لە دیدگای نوێوە خرانەبەر توێژینەوە. بۆ وێنە (ژۆرژ لاڤۆ) پیشانیدا کە حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا ئەگەرچی بە رواڵەت ئۆپۆزیسیۆنی سیستەمی سیاسییە، بەڵام بەکردەوە دەبێتە هۆی بە هێزبوونی سیستەم و کردارەکەی بە پێچەوانەی رواڵەتەکەی بە «کارکردیی» لە قەڵەم دەدرێ.

(ر. ك. میرتۆن) یەکێکی ترە لەو کارکردگەرایانەی کە «کارکرد» بە چەمکە بەر بڵاوەکەی لەبەرچاو دەگرێ و لە شیکردنەوەکانی خۆیدا بە داهێنانی هەندێ چەمکی تازەی وەك کارکردە «ئاشکرا» و «شاراوە»کان توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکانی هەنگاوێکی تر بەرەوپێشەوە برد.

مێرتۆن پیشانیدا کە گەلێك لە کارکردەکانی حیزب لە یەکەم نیگادا لەبەرچاوانی توێژەر بە شاراوەیی دەمێننەوە و سیمایەکی ئاشکرا و هەست پێکراویان نییە. ئەم کارکردانە کە ئامانجی راستەوخۆی حیزبەکان پێك ناهێنن دەرەئەنجامی ئەو رۆڵانەیە کە لە لایەن حیزبەکانەوە جێبەجێ کراون.

(٧٢) LAESON K., when parties faile Emerging Alternative organizations, Princeton (N. J.), Princeton University press, 1988.

میرتۆن لە شیکردنەوەکانی خۆیدا هەوڵیدا بایەخ بە دەرەنجامە شاراوە و نهێنییەکانی چالاکی حیزبەکان بدات[٧٣].

شیکردنەوە کارکردگەراکان هەندێ چەمکی گرنگیان لە توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکاندا خوڵقاند. بەم حاڵەش گرفتی گرنگی ئەم جۆرە توێژینەوانە ئەوەیە کە لە رۆڵی ژینگە و پێوەندی قووڵی نێوان فاکتەرە ژینگەییەکان خافڵ دەبن. لەم روانگەیەوە حیزبەکان لە پشتەوەی ژینگەی خۆیان وێناکراون و دەبێ بە ناچار بە دوای هەندێ رۆڵی تایبەتی و لە پێش دیاریکراوادا بچن، چونکە بە پێچەوانەی ئەمەوە ئیدی شایستەی ئەو ناونیشانە نابن. کارکردە پێشنیارکراوەکان لەڕاستیدا بە بەشێك لە چەمکی حیزب وێناکراون و تەنها کاتێك دەتوانین باس لە حیزب بکەین کە ئەم رێکخراوە بتوانێ ئەو رۆڵانە بە باشی جێبەجێ بکات کە بۆی دیاریکراون. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو کارکردانەی کە باسیان لێوەکرا، گەلێك جار لە ئەستۆی هەندێ دامەزراوە و رێکخراوی وادایە کە بە دڵنیاییەوە حیزبی سیاسی نین.

## ٣- کۆمەڵناسی حیزبە سیاسییەکان: جەختکردنەوە لەسەر زێدی کۆمەڵایەتی حیزبەکان

هەندێك کەس لەو باوەڕەدان کە دەبێ لەناو شیکردنەوەکانی مارکسدا بە دوای خاڵی دەستپێکی توێژینەوەکانی کۆمەڵناسانەی حیزبایەتیکردندا بگەڕێین، چونکە ناوبراو بۆ یەکەمجار خەریکی توێژینەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو رەوتە سیاسییە جۆراوجۆرانە بوو کە لە کۆماری دووهەمی فەرەنسادا هەبوون و پیشانیدا کە ئەو باڵانە سەمبولی ئەو کێشمەکێشە شاراوانەن کە لەناو ناخی کۆمەڵگای فەرەنسیدا هەن. بەوتەیەکی تر مارکس ئەوەی پێشاندا کە حیزب و گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکان وەرگێڕدراوی پێکادانەکانی هەڵقوڵاوی ناو ناخی کۆمەڵگان. بەمجۆرە بۆ یەکەمین جار بۆ توێژینەوەی حیزبەکان لە بری خەریکبوون بە رێکخستنی حیزب یا کارکردەکەی بەرەو لای کۆمەڵگا و ناکۆکییە شاراوەکان هەنگاو دەنێین.

بە گریمانەی پەسندکردنی ئەم بانگەشەیەش، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە توێژینەوەی حیزبەکان تادەیەی ٦٠ زایینی زۆر لە ژێر کاریگەریی راڤەکردنی کۆمەڵناسانەدا نییە. گەرچی مارکس لە

(٧٣) وەرگێڕدراوی فەرەنسی MERTON R. K., Elements de theories et de methods Socilogiques, ١٩٦٥, p. ٢٥.



توێژینەوەی رەوتە کرێکارییەکان و حیزبەکان سەرنج دەداتە سەر فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئەم شێوازە رەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە تیۆرداڕێژی لەسەر حیزبەکان نەبووە.

وادیارە دەبێ لەناو توێژینەوە قووڵ و بەنرخەکانی لێکۆڵەری نەرویجی (ستین رۆکان)دا بە دوای سەرەتای شیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی حیزبەکان بەواتا راستەقینەکەیدا بگەڕێین. بە دان پێدانانی گەلێك کەس، رۆکان توێژینەوەی حیزبەکانی بەرەو قۆناغێکی نوێ برد و ئەگەر نەڵێین کۆمەڵناسی حیزبە سیاسییەکان بە ئەوەوە دەستی پێکردووە، بێگومان دەبێ بڵێین کۆمەڵناسی حیزبەکان بە هۆی بەرهەمەکانی ستین رۆکان بەتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی لە ژێر ناونیشانی (هاووڵاتی، هەڵبژاردن و حیزبە سیاسییەکان)[٧٤] پێیناوەتە گرنگترین قۆناغی خۆییەوە.

رۆکان لە توێژینەوەکانی خۆیدا لەو ململانێ و پێکادانانە دەست پێدەکات کە لە ناو کۆمەڵگادا هەن و حیزبە سیاسییەکان بە دەرەنجامی ئەو کەلێنە شاراوانە دەزانێ کە لەناو ناخی کۆمەڵگادا هەن. بەمجۆرە، بۆ توێژینەوە لەسەر حیزبەکان دەبێ بەر لەوەی بە رێکخستن و کارکردەکەیەوە خەریك بین، لە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و پێکادان و ململانێ کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست پێ بکەین، چونکە حیزبە سیاسییەکان رەگوریشەیان لە کەلێنەکانی ناو کۆمەڵگادایە و لەڕاستیدا وتەبێژی ئەوانن. لە ئەنجامدا رۆکان بۆ توێژینەوە لەسەر حیزبە سیاسییەکان لە ئەوروپای رۆژئاوا توێژینەوەکانی خۆی لە کۆمەڵگای رۆژئاوا و ئەو وەرچەرخانە قووڵانە دەست پێکرد کە سەرچاوەی کەلێنەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایانەن[٧٥].

ئەو لە توێژینەوەکانی خۆیدا لە شێوازەکانی شیکردنەوەی «ورد» و «درشت» کەڵکی وەرگرت. ئەو هەروا لە شیکردنەوەکانی خۆیدا سەرنجی دایە سەر رەفتاری تاکەکان لەسەر ئاستی ورد و پێکهاتەی سیستەمە سیاسییەکان لەسەر ئاستی درشت.

(س. تیلی) لە راڤەکردنی هزرەکانی رۆکاندا دەنووسێ: «ناوبراو لە چەندین خاڵی شیکردنەوەکانی خۆیدا باوەڕی بە تاکی عەقڵگەرا و حەسابگەر هەیە (بەو جۆرەی کە ماکس وێبەر دەڵێ)». رۆکان هەوڵیدا بە خستنەڕووی مۆدێلێکی نوێ هەموو ئەوروپای رۆژئاوایی لە چوارچێوەی یەکەیەکدا کۆبکاتەوە کە ئەو خۆی بە «نەخشەی دەرککراوی ئەوروپا» ناوی لێ دەبرد و توانی ئەم کارە بە جوانی جێبەجێ بکات. «نەخشەی دەرککراوی ئەوروپا» هێشتاش

(٧٤) ROKKANS, CITIZEN, Election, parties politiques, oslo, 1970

(٧٥) LIPSETS., OOKKANS, Cleavages structures, party systems and voter Alignmmeat, an Introduction, Free press, Newyork, 1977, pp. 1-64.

لە لایەن گەلێك لە توێژەرانەوە پشتی پێ دەبەسترێ بۆ ڕاڤەکردنی شێوازی دروستبوونی دەوڵەتە نیشتمانییەکان لە ئەوروپا و سیستەمی حیزبی ئەم وڵاتانە و توێژینەوەی مەیدانی سیستەمە سیاسییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا گەلێك ئاسانتر دەکات.

ڕۆکان لە توێژینەوەکانی خۆیدا نە تەنها کەڵك لە توێژینەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵناسی وەردەگرێ، بەڵکو لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا سوود لە مێژوو، ئابووری، ئانترۆپۆلۆژیا و جوگرافیاش وەردەگرێ بۆ ڕاڤەکردنی شێوازی دروستبوونی سیستەمە حیزبییەکان لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا[٧٦]. دەتوانین بەرهەمەکانی ڕۆکان بە هەوڵێك بزانین بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی بەم جۆرەی خوارەوە:

سەرچاوەی یەکەمین کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و ڕیزبەندی گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر یەکتردا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا چۆن سەریهەڵدا؟ چۆن ئەم کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییانە ڕەهەندی سیاسییان بەخۆیانەوە گرت؟ ئەم کۆمەڵگایانە چۆن لە کەلێنە قووڵ و سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو حیزبە سیاسییەکان ڕێنوێنی کران؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە جگە لە ڕاڤەکردنی شێوازی سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان، سیستەمە حیزبەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواش ڕوون دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی ڕۆکانەوە بۆ تێگەیشتن لە حیزبە سیاسییەکان دەبی بزانین یەکەمین کەلێنە سەرەکییەکان چۆن لە کۆمەڵگادا سەریانهەڵدا. چونکە حیزبەکان لەڕاستیدا خۆیان بە وتەبێژی ئەوهاودژانە دەزانن کە لە ناخی کۆمەڵگاوە سەریان هەڵداوە. لە ئەنجامدا بۆ توێژینەوە لە حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگایەکدا دەبێ لە گرنگترین ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە دەست پێبکەین کە کەلێنی قووڵ و سەرەکی لە نێوان توێژە جۆراوجۆرەکاندا خولقاندووە.

دەرەنجام ئەوەیە کە لە توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکاندا دەبێ لە کۆمەڵگاوە دەست پێبکەین و سەرەتا بە دوای لێك ترازانە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگا و شێوازی دروستبوونیاندا بڕۆین. ڕۆکان بەم دیدگایەوە خەریکی شیکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان دەبێ لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا و هەوڵ دەدات هۆکارە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی سیستەمە حیزبییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا ڕوون بکاتەوە.

(٧٦) Revue International de politique compare, vol. 2, N 1, 1995, pp. 141-142.



لە دیدگای ڕۆکانەوە کەلێنە سەرەکییەکان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا دەرەنجامی دوو شۆڕشی مێژوویی و گرنگن کە ئەم کۆمەڵگایانە بە خۆیانەوە بینیویانە.

ئەم دوو شۆڕشە کە لە گرنگترین ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی ڕۆژئاوان بریتین لە: «شۆڕشی نەتەوەیی» و «شۆڕشی پیشەسازی».

ڕاڤەکردنی بیروبۆچوونەکانی ڕۆکان بۆ خۆیان پێویستیان بە باسێکی سەربەخۆیە کە لەم نووسینە دا ناگونجێ. لەم کورتە باسەدا مەبەستمان ئەوە بوو کە ئەم ڕاستییە بخەینە ڕوو کە بە توێژینەوەکانی ڕۆکان لاپەڕەیەکی نوێ بەسەر توێژەینەوەی حیزبە سیاسییەکاندا کرایەوە و بەر لە هەموو شتێك سەرنجی توێژەرانی بەرەو لای کۆمەڵگا و کەلێنەکانی ناو کۆمەڵگا ڕاکێشا.

ئیدی ڕێکخراو و کارکردی حیزبەکان وەك بگۆڕێکی سەربەخۆ گرنگی خۆیان لە شیکردنەوەکاندا لە دەستدا و پسپۆڕان پتر لە جاران سەرنجیان دایە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کۆمەڵگاکان.

(دانیل لویی سیلر) خەریکی تەواوکردن و هەندێ جار ڕاڤەکردنی هزر و تیۆرییەکانی ڕۆکان دەبێ. بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕۆکان، ئەویش لەو باوەڕەدایە کە دەبێ لە کۆمەڵگاوە دەست بە توێژینەوەی حیزبەکان بکەین. سیلر جیاوازی دەکات لە نێوان دوو هاودژ لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا: ئەو هاودژانەی کە لە ناخی کۆمەڵگادا ڕەگوڕیشەیان داکوتاوە و بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگا دروستبووە و ئەو هاودژانەی کە لە ڕووداوە خێرا و کاتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو هاودژەکانی یەکەم بە «پێکهاتەیی» ناودەبات و لەو باوەڕەدایە کە ئەم جۆرە هاودژانەن کە دەتوانن ببنە کەلێنێکی سەقامگیر لەناو کۆمەڵگادا و لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا ڕەنگبدەنەوە. سیلر دووهەمین دەستەی هاودژەکان بە «کاتی» ناو دەبات و لەو باوەڕەدایە کە ئەم ناکۆکییانە بە تێپەڕبوونی زەمەن دەسڕێنەوە و ناتوانن ببنە سەرچاوە بۆ حیزبێکی سەقامگیر.

دەبێ توێژینەوەکانی کۆمەڵناسانە بە تایبەت توێژینەوەکانی ڕۆکان بە سەرچاوەی وەرچەرخانێکی سەرەکی بزانین لە زانستی حیزبە سیاسییەکاندا. بەم حاڵەش هەندێ پرسیاری گرنگ هەر وا بێوەڵام ماونەتەوە و ڕۆکان پێیانەوە خەریك نابێ. لە بەرهەمەکانی ڕۆکاندا دەتوانین لە ڕێگای چوار کەلێنی سەرەکی و شێوازی دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە باشی سەرچاوەی کۆمەڵایەتی حیزبەکان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و جیاوازی نێوان سیستەمە حیزبییەکانی ئەم کۆمەڵگایانە ڕوون بکەینەوە، بەڵام ناتوانین لەوە تێبگەین کە کۆمەڵگا

ئەوروپییەکان چۆن لەم چوار کەلێنەوە گەیشتنە حیزبایەتیکردن. هەر چەندە بوونی هاودژە شاراوەکان لە ناخی کۆمەڵگادا مەرجی سەرەکی حیزبایەتیکردنە، بەڵام بێگومان مەرجی پێویست نییە. ئەم پرسیارە گرنگە کە چۆن دەتوانین لە ناکۆکی و پێکادانە توندوتیژەکانی رابردوو بگەینە رکابەرییەکی ئاشتیانەی حیزبی، هەروا بێوەڵام دەمێنێتەوە. وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بە تایبەت بۆ توێژینەوە لە هۆکارەکانی ناسەقامگیریی حیزبەکان لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا گرنگییەکی زیاتری هەیە.

## ٤- حیزبەکان وەك بازرگان پیشە سیاسییەکان شیکردنەوە ئابووری- تەوەرەکان

ماکس ویبەر لە پێناسەی حیزبی سیاسیدا دەنووسێ: «حیزبەکان کۆمەڵەگەلێکی خۆبەخشن کە ئەندامەکانیان هەوڵدەدەن رێبەرانی خۆیان بگەیەننە دەسەڵات، تا لەم رێگایەوە هەندێ ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوی بەدەستبهێنن، وەك بەدیهێنانی بەرنامەی سیاسی دڵخوازی خۆیان و یا گەیشتن بە هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی و یا هەردووکیان»[٧٧]. ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢١ بە زمانی ئەڵمانی لە چاپدراوە.

لە دەربڕینەکانی ویبەردا حیزب وەك «کۆمپانیا (Bertried)» ناوی لێبراوە. لە دیدگای ویبەرەوە حیزب کۆمپانیایەکە کە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵاتە و وەك کۆمپانیا ئابورییەکانی دیکە لەگەڵ بەرامبەرەکانی خۆی لە رکابەریدایە. یاساکانی زاڵ بەسەر بازاڕ بەسەر حیزبەکانیشدا زاڵە و لێرەشدا یاساکانی داوا و خستەڕوو، بڕیاردەرە لە پەیوەندیکردنی تاك بە حیزبەکانەوە. تاکەکان بە لێکدانەوەیەکی عەقڵانی و بۆ گەیشتن بە هەندێ مەبەستی راستینە (عینی) روودەکەنە حیزبەکان. Bertried بە کۆمەڵێکی رێکخراو دەگوترێ کە بەدوای هەندێ ئامانجی درێژ خایاندا دەگەڕێ و خاوەن رێکخستن و رێکخراوێکی هەمیشەییە و رێبەرایەتی و بەڕێوەبردنێکی دامەزراوی هەیە.

هەندێ توێژەری دیکەی وەك (ژۆزیف. ئا. شل سینگر) بە ئیلهام وەرگرتن لە ماکس ویبەر حیزب بە «ماشینی هەڵبژاردن» ناودەبەن و بە ئامرازێکی دەزانن بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی دەسەڵات.

(٧٧) WEBER M., Economic et Societe. Paris, plon, tom 1, 1971 (وەرگێری فەرەنسی).



سینگریش زاراوەی «کۆمپانیای سیاسی» بۆ حیزبەکان بەکاردەهێنێ و بە کۆمپانیا ئابوورییەکانی دیکەیان دەچوێنێ[٧٨].

ئەگەرچی دەبێ لەناو توێژینەوەکانی ماکس ویبەردا بە دوای خاڵی دەستپێکی دیدگای ئابووری لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان بگەڕێین، بەڵام سەرنجدانی لە رادەبەدەری رێبەران و جەنگاوەرانی حیزبی بە بنەما ئایدۆلۆژییەکان بوونە بەربەستێك هەتا شیکردنەوەی ویبەر ئەوەندە لە لایەن شارەزایانی حیزبەکانەوە بایەخی پێنەدرێت.

لە سەرەتای دەیەی ٦٠ ئارەزوو بۆ شیکردنەوە ئابوورییەکان دەربارەی حیزبەکان گرنگییەکی لە رادەبەدەری پێدرا. رەگوڕیشەی بایەخدان بەم جۆرە توێژینەوانە دەگەڕێتەوە بۆ وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان لە رۆژئاوا و زاڵبوونی بێ ئەم لاو ئەولای پرەنسیپی سوود هێنەری ماددی و ئابووری بەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا. لەم نێوانەدا بەرهەمی بەناوبانگی (ئانتۆنی داونز) لە ژێر ناونیشانی (تیۆرییەکی ئابووری لە دیموکراسی)، کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە چاپدرا، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر رەوتی وەرچەرخانی هزر لە توێژینەوە سیاسییەکان بەتایبەت لە حیزبەکاندا و بووەهۆی ئەوەی کە ئارەزوویەکی زۆر بۆ بەکارهێنانی پڕەنیسپە ئابوورییەکان لە شیکردنەوەی رووداو و دیاردە سیاسییەکاندا دروست ببێ[٧٩].

زاڵبوونی لۆژێکی بازاڕ بەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو رۆڵی ئایدۆلۆژیای کەمکردەوە و رەنگوبۆنێکی ئابووری بە گەلێك لە رەهەندەکانی ژیان بەخشی. لەم نێوانەدا، حیزبە سیاسییەکانیش وەرچەرخانی بنەڕەتیان بە خۆیانەوە بینی و ئەم سەردەمە دەبێ بە سەردەمی کۆتایی هاتنی ئامانجخوازی و سەرەتای بارزگاچێتی سیاسی حیزبەکان ناوبنرێت. حیزبە سیاسییەکان لە بری پێداگرتن لەسەر بەرنامە نەگۆڕەکان و ئایدۆلۆژیایەکی دیار و جەختکردنەوە لەسەر چین و توێژێکی تایبەتی، پتر روویان کردە دەنگدەرەکان و سەرکەوتن لە هەڵبژاردن و بە دەستهێنانی دەنگی زیاتریان کردە ستراتیژی سەرەکی خۆیان. بەرگری لە چینی کرێکار، خەبات دژ بە ئیمپریالیزم، بەرگری لە بەها ئەخلاقی یا ئایینییەکان بەرە بەرە جێگای خۆیان دایە هەندێ بەرنامەی زۆر بەربڵاوتر کە بتوانێ دەنگدەری زیاتر بەرەو لای خۆی رابکێشێ. بە وتەیەکی تر، پێناسەی ماکس ویبەر بۆ

(٧٨ ) SCHLESINGER J, A., "The Nucleus of patty organization", in wright w., A comparative study of party organization, colbus, 1971, pp. 55.
(٧٩) DOWNS A., An Economic Theory of Democracy, Newyork, Har Der and Rows, 1957.

حیزبی سیاسی کە لە ساڵی ١٩٢١ سەرنجێکی ئەوتۆی پێنەدرابوو، لە دەیەی ٦٠ وەك خۆی هاتەدی و بۆشایی ئایدۆلۆژیایی، حیزبەکانی کردە کۆمپانیایەکی راستەقینەی بازرگانی. ئەو کۆمپانیایەی کە تەنها بیری لەوە دەکردەوە کە لە هەڵبژاردندا سەر بکەوێ.

بە سەرنجدان بەم راستەیە، (ئۆتۆ کێرچ هایمر) لە ساڵی ١٩٦٦ لە وتارێکیدا پیشانیدا کە حیزبە ئایدۆلۆژییەکان کە دۆڤێرژە بە حیزبە جەماوەرییەکان ناوی لێ دەبردن گەیشتوونەتە کۆتایی تەمەنیان و سەردەمی حیزبگەلێکی نوێ دەستی پێکردووە کە ئەو بە حیزبە «گشتگیرەکان»[٨٠] ناوی لێ دەبردن. لە روانگەی کێرچ هایمەرەوە ئەم حیزبانە دەرەنجامی وەرچەرخانە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوا و بێ رەنگ بوونی واتای چینە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەکانن لەم کۆمەڵگایانەدا. حیزبە «گشتگیرەکان» لە بری خەریکبوون بە بەرژەوەندی چین یا ئایدۆلۆژیا تایبەتەکان بایەخی سەرەکی بە دەنگدەران دەدەن و لە بەرنامەکانی خۆیاندا زۆر کردارگەران. سەرهەڵدانی ئەم حیزبانە لە دەیەی شەستی زایینی کە بەکردەوە جگە لە گەیشتن بە دەسەڵات هیچ ئامانجێکی تریان نەبوو، برەوێکی تایبەتی بە شیکردنەوەی ئابووری حیزبەکان بەخشی و ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران لەم روانگەیەوە توێژینەوەیان لەسەر حیزبەکان کردووە. بۆ وێنە نووسەرانی وەك رایت[٨١] تێرۆم[٨٢] زۆر بە توندی کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم تێڕوانینە.

توێژینەوە لەسەر حیزبەکان لە فەرەنساش لەم وەرچەرخانە بە دوورنەبووە و ژمارەیەك لە نووسەرانی بەرچاو روویانکردە بنەما ئابوورییەکان بۆ توێژینەوە لەسەر حیزبەکان. تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی بە ناوبانگی فەرەنسی (پیربۆردیۆ) کە کۆمەڵگا بە پێکهاتەیەك لە قەڵەمڕەوە جۆراوجۆرەکان دەزانێ کە تێیدا تاك و گرووپە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی جۆراوجۆر لە رکابەریدان (تیۆری قەڵەمڕەوەکان)، هەرچی زیاتر زەمینەی بۆ شیکردنەوە ئابوورییەکان خۆشکرد.

(میشل ئۆفێرلە)ش لەو کەسانەیە کە حیزبە سیاسییەکان بە کۆمپانیا گەلێکی بازرگانی دەزانێ کە لە بازاڕی سیاسەتدا بە دوای راکێشانی کڕیاری زیاترن. ئەو لە کتێبی (حیزبە

(٨٠) Catch-all party

(٨١) WRICH T E., "comparative party Models, Rational efficient and party Democraty", in WRICHT E., A comparative Study of party organization, colmbus, ohio, chatles E. Merrill, 1971.

(٨٢) STROM K., "A Beharioural Theory of competitive political parties "American Journal of political Science, 34, 1970, pp. 565-598.



سیاسییەکانی) خۆیدا وێرای پەسندکردنی تیۆری بۆردیۆ، "قەڵەمڕەوی سیاسی" بە ژینگەیەك دەزانێ کە تێیدا قازانج و کاڵا سیاسییەکان لە بەرامبەر دەنگ و پشتگیریدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن. بەپێی ئەم تێڕوانینە، قەڵەمڕەوی سیاسەت بازاڕێکە وەك بازاڕە بازرگانی و ئابوورییەکان و هەر وەك چۆن لە گۆڕەپانی ئابووری کۆمپانیا بازرگانییەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ زیاترکردنی قازانجی خۆیان و راکێشانی کڕیاری زیاتر، حیزبە سیاسییەکانیش بۆ بە دەستهێنانی کاڵای سیاسی وەك دەسەڵاتی سیاسی و کورسی پەرلەمانی سەرمایە گوزاری دەکەن[٨٣].

هەروەك چۆن لە ناوەندە بازرگانییەکان کڕیارەکان بە توێژینەوە لە چۆنێتی کاڵاکان و ناونیشانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان و لەبەرچاو گرتنی نرخی کاڵا ئەو پەڕی قازانجی خۆیان لە هەڵبژاردنی کاڵادا رەچاو دەکەن و پاشان هەڵدەستن بە کڕینی کاڵای خوازراوی خۆیان، لە بازاڕی سیاسەتیش، تاکەکان لە نێوان بەرنامەی جۆراوجۆر و بەڵێنی جۆراوجۆری حیزبەکان، ئەو حیزبە هەڵدەبژێرن کە زیاترین بەرژەوەندی ئەوان دابین بکات.

(دانیل گاکسی)، بە دەربڕینی ئەم راستییە کە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان، حیزبە سیاسییەکان لە بۆشاییەکی ئایدۆلۆژییدا دەژین، پیشانیدا کە حیزبەکان لە بری هەڵبژاردنی بنەما و ئامانجی نەگۆڕ و لە پێش دیاریکراو، وای بە باش دەزانن کە بە سەرنجدان بە بارودۆخ و هەلومەرج پشت بەو بنەمایانە ببەستن کە کڕیاری زیاتریان هەیە و کڕیاری پتر بەرەو لای خۆیان رادەکێشن[٨٤].

گاکسیش وای بە باش دەزانێ کە حیزبە سیاسییەکان بە کۆمپانیاگەلێکی سیاسی ناوببات کە لە بازاڕی سیاسەتدا هیچ ئامانجێکیان نییە جگە لە قازانجی زیاتر. ئەم کۆمپانیایە بە قەدەر ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستیاندایە لە بەرامبەر ئەو ئیمکانیاتە ماددی و هەندێ جار سەمبولیکەی کە پێشکەشی کڕیارانی خۆیانی دەکەن لە پشتگیری ئەوان بەتایبەت دەنگەکانیان بەهرەمەند دەبن. لە سەردەمی ئێستاش حیزبە سیاسییەکان لە لووتکەی بڵندی ئامانجگەراییەوە بۆ ئاستی بازرگانچێتی سیاسی دابەزیون و هاووڵاتی کە سەردەمێك لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بە تەوەری جیهانی بوون لە قەڵەم دەدرا بۆ سیاسەت پیشە شارەزاکان بەهاکەی بەرامبەرە لەگەڵ "دەنگ"ێك.

(٨٣) OFFERLE M., Les parties politiques, paris, PUF, 1987, p. 22.

(٨٤) GAXIE D., La democtatie representative, paris, Monchretien, CLEFS, 1993, p.99.

ئەو حیزبانەی کە بەنیگەرانی تەواوەوە چاویان بڕیوەتە سندوقەکانی دەنگدان، هەموو بەرنامە و ئامانجەکانی خۆیان بۆ سەرکەوتن لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ڕێکدەخەن. سەرنجدان بەم ڕاستییەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، وایکردووە کە لە توێژینەوەی حیزبەکاندا سەرنجی هەرچی زیاتر بدرێتە سەر شیکردنەوە ئابوورییەکان.

هەروەك دەبینین زانستی حیزبەکانیش ڕووبەڕووی فرەیی دەروازە و تیۆرانیینەکان دەبێتەوە توێژینەوەی ئەو توێژەرانەی کە لەمەو پێش باسمان لێوەکردن، ئەگەرچی تێگەیشتنی جۆراوجۆریان لە حیزبی سیاسی هەیە، بەڵام لەسەر یەك خاڵ کۆکن و ئەویش ئەوەیە کە حیزبی سیاسی لە دایکبوونی ئەو وەرچەرخانە سیاسی- کۆمەڵایەتییە گرنگانەیە کە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بە خۆیانیانەوە بینیوە.

حیزبی سیاسی لە فاکتەرە گرنگەکانی سەقامگیریی و بەتایبەت ئارامی سیاسی بووە و لە ڕۆژئاوادا بەر لە هەموو شتێك دەبێ بزانین کە چ فاکتەر گەلێك بوونە هۆی لە دایکبوونی حیزبی سیاسی لە ڕۆژئاوا و زەمینەی سیاسی- کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی سەرهەڵدانی حیزبەکان لە ڕۆژئاوادا چی بووە؟

# پاژی ٢:

## زەمینەی سیاسی- کۆمەڵایەتی ڕکابەرییە حیزبییەکان لە ڕۆژئاوادا

## به دامەزراوبوونی پێکادانە توندوتیژەکان لە چوارچێوەی پێکادانە حیزبییەکاندا

بە سەرنجدان بەو شتانەی کە گوترا بە باشی دەتوانین لەوە تێبگەین کە بە دامەزراوبوونی پێکادانەکان لە چوارچێوەی رێکخراوە حیزبییەکاندا و زاڵبوونی فەرهەنگی گفتوگۆ لە بری توندوتیژیی لە گۆڕەپانە سیاسییەکاندا گرنگترین دەرەنجامی دروستبوونی حیزبەکانە بە واتا نوێیەکەی خۆی.

پاش دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان، رەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە بری ئەوە هەوڵی لەناوبردنی فیزیکی یەکتر بدەن جیاوازی بەرژەوەندی گرووپە جۆراوجۆرەکان قبووڵدەکەن و، هەوڵدەدەن بە پەرەپێدانی بەرنامەکانی خۆیان قەناعەت بە خەڵك بهێنن بۆ ئەوەی لایەنگیری لەو رێکخراوە بکەن کە ئارەزوویان لێیەتی. زاڵبوونی فەرهەنگی گفتوگۆ لەبری توندوتیژی و بە دامەزراوبوونی پێکادانە سیاسییەکان لە چوارچێوەی حیزب و گرووپە هاوشێوەکاندا پاش پرۆسەیەکی درێژخایەن هاتۆتە دی. دروستبوونی حێزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان لە پرۆسەیەکی تەواو سروشتی و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بووە.

وەرچەرخانە سیاسییە- کۆمەڵایەتییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا بە جۆرێك بوو کە لەدایکبوونی حیزبە سیاسییەکان ئەنجامە سروشتییەکەی بوو. لەم نووسینەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە توێژینەوە لەسەر هەموو ئەو فاکتەرانە بکەین کە رێخۆشکەری حیزبە سیاسییەکان بوون، بەڵکو مەبەست پێشاندانی سروشتی بوونی دیاردەی حیزبایەتیکردنە لە رۆژئاوادا. سەرنجدان بەم خاڵە لەو رووەوە پێویستە کە بەراوردکردنی پرۆسەی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان لە ئێران و رۆژئاوا دەتوانێ دەستکردبوونی ئەم پرۆسەیە و دەرەنجامەکانی لە کۆمەڵگای ئێرانیدا پێشانبدات.



### أ- دەوڵەت- نەتەوە رۆژئاواییەکان، رێخۆشکەری لەدایکبوونی حیزبە سیاسییەکان

کەمتر توێژەرێك هەیە کە نکۆڵی لە پێوەندی قووڵی نێوان حیزبە سیاسییەکان و دەوڵەتە نەتەوەییەکان بکات. حیزبە سیاسییەکان لەناخی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا لەدایکبوون و لەو ژینگەیەی کە بەهۆی ئەم دەوڵەتانەوە دروستببوو رێگای کامڵبوونی خۆیان پێوا. بۆ روونکردنەوەی ئەم گریمانەیە ئەگەرچی بە کورتیش بێ پێویستە لەمەڕ چەمکی دەوڵەتە نوێیەکان بدوێین، بەو سەرەتایەوە کە دەبێ سەهەڵدانی دەوڵەت- نەتەوە بە بناغە و کۆڵەکەی سەرەکی نوێگەرایی سیاسی (مۆدێرنیتە) بزانین لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا.

بەر لە باسکردنی رۆڵی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لە دروستکردنی زەمینەی پێویست بۆ حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا، بە کورتی باس لە چەمکی دەوڵەت دەکەین لە رۆژئاوادا. باسکردن لەم چەمکە لەو رووەوە گرنگە کە پێوەندی نێوان حیزبەکان و گرنگترین سیمای مۆدێرنیتە لە رۆژئاوا پێشان دەدات.

#### ١- چەمکی دەوڵەتی نوێ:

لە روانگەی ماکس ویبەر، دەوڵەتی نوێ کە تەنها دامەزراوی رەوای بەکارهێنەری زۆر و توندوتیژییە لە کۆمەڵگادا، لەسەر چوار رەگەزی سەرەکی بنیاتنراوە کە بریتیین لە: دەسەڵات، رێکوپێکی سەپێندراو، بەردەوامی و بۆرۆکراسی کارگێڕی[٨٥]. لە روانگەی ویبەرەوە، بۆرۆکراسی کارگێڕی خاڵی جیاکەرەوەی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نوێییەکانە لە رێکخراوەکانی سەردەمی رابردوو. دامەزراوی دەوڵەتیش لەم رێسا گشتییە ویبەرییە بەدەرنییە. ویبەر پلەی نوێگەرایی دەوڵەتەکان لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی بۆرۆکراسی کارگێڕی ئەواندا هەڵدەسەنگێنێ و لەو باوەڕەدایە بەو ئاستەی کە قەبارەی بۆرۆکراسی کارگێڕی دەوڵەت زیاددەکات و فرە پێکهاتەی لە دەوڵەتدا دروستدەبێ گەشەکردوویشی زیاتر دەبێ. لە روانگەی ماکس ویبەرەوە، ناتایبەتی بوونی دامەزراوی دەوڵەتی و بنیاتنانی لەسەر دامەزراوە کارگێڕی و بۆرۆکراسیە ناتایبەتییەکان بە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئاستی نوێگەرایی دەوڵەت دادەنرێت. بە وتەیەکی تر، لە روانگەی ماکس ویبەرەوە، پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان پلەی گەشەکردوویی دەوڵەتێك و ئاستی ئاڵۆزی پێکهاتەی ئەودا هەیە. بەم حاڵەش، لە کۆمەڵە

(٨٥) WEBER M., Economic et soliété, op. cit, P. 220.

شیکردنەوەکانی ویبەر لەمەڕ دەوڵەت دەتوانین واتێبگەین کە گرنگترین تایبەتمەندی دەوڵەتە نوێیەکان هەمان بنەمای نوێی ئەو رەواییەیە کە دەوڵەتەکان لەسەری بنیاتنراون. ئەم رەواییە کە بە وتەی ویبەر بە یاسایی- عەقڵانی ناودەبرێ، بەپێچەوانەی رەواییە کاریزماتیك و کلاسیکییەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی پێوەندییەکی ئاسۆیی و ناتایبەتی لەنێوان فەرمانڕەواکان و فەرمان بەسەرکراوەکاندا (حاکم و محکوم) و بەناچار بۆرۆکراسی و فرە پێکهاتەی بەدوادا دێت.

لە ڕوانگەی ویبەرەوە دەوڵەت- نەتەوەکان بەپێچەوانەی دەوڵەتەکانی پێشوو لەسەر بنەمای پێوەندی بە دامەزراوبوونی ناتایبەتی بنیات نراون و لەئەنجامدا بانگەشە بۆ هەمەگیری و گشتگیریی دەسەڵات و خزمەتگوزارییەکان دەکەن بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاو بەهۆی خەسڵەتی ناتایبەتی خۆیانەوە خۆیان بە خاوەن پەیامێکی گشتگیر دەزانن[٨٦].

تێگەیشتنی دۆرکهایمیش لە دەوڵەتی نوێ جیاوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ دیدگای ویبەر نییە. ئەو دابەشکردنی کار بە بگۆڕێکی سەربەخۆ دەزانی بۆ راڤەکردنی چەمکی دەوڵەت و لەو باوەڕەدایە کە فرە پێکهاتەیی و تایبەتمەندییەکانی دیکەی دەوڵەت لەم دیاردە نوێیەوە سەرچاوە دەگرن. فرەیی و دابەشکردنی کار بووە هۆی دروستبوونی پێکهاتەگەلێکی نوێ لە کۆمەڵگادا و وەرچەرخانێکی سەیری لە کۆمەڵگای مرۆییدا دروستکرد. دۆرکهایم لەو باوەڕەدایە کە بەگوێرەی ئالۆزی کۆمەڵگا دەوڵەتیش گەشەی کرد و فرە پێکهاتەییەکەشی زیاتر بوو[٨٧]. دەرەنجام ئەوەیە کە لە روانگەی دۆرکهایمەوە دەوڵەت دیاردەیەکی سروشتییە کە بەرهەمی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگایە[٨٨]. دەوڵەت لە کۆمەڵگادا وەك ((مێشکە لەناو جەستەدا کە رێنمایی کردنی چالاکییەکانی لە ئەستۆدایە))[٨٩]. ئەرکی سەرەکی دەوڵەت بیرکردنەوەیە، هەروەك چۆن کاری مێشك لە جەستەدا بیرکردنەوەیە. دۆرکهایم لایەنگری دەوڵەتی نەتەوەیی بەهێز و گشتگیرە و بە تاقە رێگای دابینکردنی ئازادی تاکەکانی دەزانی[٩٠]. ئەو لەو باوەڕەدایە کە دەبێ هەموو پێوەندییە نەتەوەیی و نەژادی و ئاینییەکان جێگای خۆیان بدەنە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەت و تاك و بەر لەوەی کە خۆی سەر بە نەتەوە یا

(٨٦) WEBER M., Le Savant et le politique, Paris,. Plan, 1959, P. 107.
(٨٧) DURKHEIM E., Texte, op. cit, P. 220.
(٨٨) DURKHEIM E., DE La division du travail Sociel, Paris, PUF, 1960, P. 201.
(٨٩) Ibid., P. 205.
(٩٠) DURKHEIME., Lecsons de sociologie, Paris, PUF, 1950, P. 77.



کەمینەیەکی تایبەت بزانێ خۆی سەر بە دەوڵەت بزانێ. دەوڵەتی نەتەوەیی بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بەبێ ناوبژیوان وەك هاوڵاتی لەگەڵ تاك لە پێوەندیدایە و دەوڵەت بەشێوەیەکی یەکسان سەیری هەمووان دەکات.

دەرەنجام ئەوەیە کە دەوڵەت — نەتەوەکان لە رۆژئاوا کە حیزبە سیاسییەکان لە ناخیانەوە هەڵقوڵاون خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندین کە گرنگترینیان بریتین لە بۆرۆکراسی کارگێڕی، فرە پێکهاتەیی و رەوایی یاسایی و عەقڵانی. باسکردن لە فەلسەفەی دەوڵەت لە توانای ئەم نووسینە بەدەرە و هەر بەوەندە کۆتایی پێدەهێنین. ئەو شتەی کە لەم پێشەکیەدا مەبەستمانە سەرنجدانە بەو خاڵە کە حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا لەناخی ئەو دەوڵەتە- نەتەوانەوە دروستبوون کە زۆر جیاوازن لەو دەوڵەتانەی کە لە گەڵێك لە کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکاندا بەدی دەکرێن.

پاش کورتە باسێك لەسەر بنیاتی سەرەکی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان ئێستا دەمانەوێ ئەوە پێشان بدەین کە چۆن دەوڵەتە نەتەوەییەکان بەو تایبەتمەندییانەی کە باسکران بوونە رێخۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان.

## ٢- رۆڵی دەوڵەت- نەتەوەکان لە سەرهەڵدانی حیزبەکاندا

دەوڵەت — نەتەوە رۆژئاواییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر کاریگەربوون لەسەر دروستبوونی رکابەرییە حیزبییەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

### جەماوەرگەرایی بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی رەوایی

هەروەك لە وتاری پێشوودا گوترا لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت — نەتەوە نوێیەکان ئەوەیە کە لەسەر جۆرێکی نوێ لە رەوایی بنیاتنراون کە لە دابەشکردنی ویبەری بە یاسایی — عەقڵانی ناونراوە. ئەم جۆرە نوێیە لە رەوایی پێوەندی پێشووی نێوان فەرمانڕەوایان و فەرمان لەسەرکراوانی بە تەواوی گۆڕی و پێوەندییەکی نوێی لە نێوان ئەم دوو بەشە گرنگەی کۆمەڵایەتییەدا دروستکرد. ئەو رەواییەی کە ماکس ویبەر بە کلاسیك (سنتی) ناوی دەبات خاوەن ئەم تایبەتمەندییە بوو کە پێگەیەکی لەپێش دیاریکراوی بە هەموو خەڵك و رووە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشێ و، هەر کەسێك لەسەر پلیکانەی زنجیرەی پلەو پایە کۆمەڵایەتییەکاندا بەباشی جێگای خۆی دەناسی و بە واقعێکی نەگۆڕی دەزانی. بەڵام رەوایی

نویٚ کە لەسەر بنەما عەقڵانییەکان بنیات نراوە و لە بیرکردنەوەی ئامرازییەوە سەرچاوە دەگریٚ فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان بەشیٚوەیەکی مەرجدار، سنووردار و کاتی پەسند دەکات و لە ئەنجامدا قەیرانی رەوایی بە توندی هەڕەشە لە رەوایی سیستەمە نویٚیەکان دەکات. سیستەمەکانی رابردوو رەوایی خۆیان لە نەریت و ئایینەکانەوە وەردەگرت، و لە قەیرانیٚکی وا بەدووربوون و خاوەن رەواییەکی هەمیشەیی و پلە کۆتایی بوون. (ژان بلۆندل) لەو باوەڕەدایە کە یەکەمین و بەرزترین هەنگا و بەرەو حیزبە سیاسییەکان ئەو کاتە هەڵگیرا کە دەوڵەتەکان هەستیان کرد بنەمای رەواییان لەبەردەم قەیرانیٚکی هەمیشەییدایە(٩١).

دەوڵەتەکان بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانی رەوایی خۆیاندا ناچارن رووبکەنە خەڵك و بەم جۆرە پیٚوەندییەکی نویٚ لە نیٚوان خەڵك و حکوومەتدا دروستدەبیٚ کە زەمینە بۆ حیزبە سیاسییەکان خۆشدەکات. سستبوونی پیٚوەندییە کلاسیك و دیٚرینەکان لە نیٚوان خەڵك لەلایەکەوە و لە نیٚوان خەڵك و حکوومەت لەلایەکیترەوە دەبیٚتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت ببیٚتە دامەزراویٚکی ناتایبەتی و بنیاتنراو لەسەر ریٚساگەلیٚکی بە دامەزراوبوو و سەروو کەسی و دەوڵەتەکان تەنها بەدەستهیٚنانی رەزامەندی گشتی بە ئەرکی خۆیان بزانن و گرنگترین نیگەرانیان بەدەستهیٚنانی رەزامەندی ژمارەیەکی زیاتری خەڵك بیٚت. کەوا بوو دەوڵەتە نویٚیەکان لە بنەڕەتدا نابەرپرسن و بەدوای پەیامیٚکی لە پیٚش دیاریکراودا نارۆن.

بەرژەوەندییە نەتەوەیی و گشتییەکانیش لەم کۆمەڵگایانەدا ملکەچە بۆ بگۆڕی رەزامەندی خەڵك و دەتوانی بابەتی باس و رووبەڕووبوونەوەکان بیٚت. بە پیٚچەوانەی رەوایی کلاسیك، کە پیٚناسەیەکی لەپیٚش دیاریکراو و نەگۆڕی بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان هەیە، رەوایی یاسایی — عەقڵانی پیٚناسەیەکی لەپیٚش دیاریکراوی بۆ بەرژەوەندی گشتی نییە و خودی بەرژەوەندییە گشتییەکانیش دەتوانیٚ ببیٚتە خاڵی گفتوگۆ و رووبەڕووبوونەوەی نیٚوان گرووپە جۆراوجۆرەکان. حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا وەك گرنگترین فاکتەرەکانی ئەم رووبەڕووبوونەوانە لە هەلومەرجیٚکی وەهادا دەهاتنە ناو گۆڕەپانەکەوە(٩٢). لە شویٚنەوارەکانی دیکەی رەوایی نویٚی دەوڵەتەکان ئەوەیە کە دەوڵەت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو قەیرانە رەواییەی کە لە سستبوونی

(٩١) BLONDEL L., Political parties; a Genuine case el Discontent 2, London, Windowhood House, 1978, P. 15.

(٩٢) لەم بارەیەوە بڕوانە بۆ:

AVRIL P., Parties Politiques, op. cit., P. 48.



بناغەی کۆنەکانی رەوایی خۆیەوە سەرچاوە دەگریٚ چارەیەکی نییە جگە لە گەڕانەوەی بەردەوام و هەمیشەیی بۆ جەماوەر بە مەبەستی بەدەستهیٚنانی رەوایی. بە وتەیەکی تر، ناوەند ناچارە کاربکاتە ناو قووڵایی پەراویٚزەکان و هەموو ئەو شتانە لەناو ببات کە لەنیٚوان ئەو و تاکدا بوونەتە بەربەست. بەم جۆرە هەوڵدان بۆ دروستکردنی پیٚوەندی پتەو لەنیٚوان جەماوەر و حکوومەت ریٚگایەکە کە دەوڵەتە نویٚیەکان پیٚوەی پابەندن (مولزەم). رووکردنە جەماوەر دیویٚکی تری هیٚرشی تویٚژ و گرووپە جۆراوجۆرەکانە بۆ گۆڕەپانە سیاسییەکان کە لە چوارچیٚوەی دەوڵەتە نویٚیەکاندا دەرفەتیٚکیان بۆ دەربڕینی خواستەکانی خۆیان دۆزیوەتەوە. ریٚك لە قۆناغیٚکی وەهادایە کە حیزبە سیاسییەکان پیٚ دەنیٚنە ناو گۆڕەپانەکەوە. حیزبە سیاسییەکان لەلایەکەوە هەوڵدەدەن تا ئەو پیٚشوازییە ریٚکبخەن کە بۆ بەشداری سیاسی هاتۆتە ئاراوە و لەلایەکی تریشەوە وەك ناوبژیوانی نیٚوان خەڵك و دەوڵەت هەوڵدەدەن کە لە چوارچیٚوەی رای گشتیدا خواستەکانی خەڵك بگەیەننە گویٚی پیاوانی دەوڵەت و بەرنامە دابڕیٚژن بۆ بەدی هاتنیان. کەوابوو هەر بەو جۆرەی کە بلۆندل دەڵیٚ حیزبە سیاسییەکان لە هەمان کاتدا کە فاکتەریٚکن بۆ جودایی و پەراگەندەیی، ئامرازیٚکیشن بۆ هاوگەرایی و ریٚککەوتن. دەرەنجام ئەوەیە کە دەوڵەتەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی رەوایی خۆیان هەوڵیاندا بە داهیٚنانی هەندیٚ ریٚگا چارەی وەك هەڵبژاردن، بەشداری خەڵك لە گۆڕەپانە سیاسییەکان بەشیٚوازیٚکی مەعقوول ریٚکبخەن و حیزبە سیاسییەکان یەکیٚك بوون لە جیٚبەجیٚکارانی دیاری ئەم ریٚکخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە پرسی هەڵبژاردن پراکتیزە دەکەن.

## دروستکردنی پیٚکادانە سیاسییە نویٚیەکان

ژان بلوندل لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر هەموو خەڵك لەسەر هەموو شتەکان لەگەڵ یەکدا ریٚکبن، ئەوا هیچ هۆکاریٚك بۆ دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان لە ئارادا نییە(٩٣). پیٚشتر گوترا کە شیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی حیزبەکان لە کەلیٚنەکانی ناو کۆمەڵگاوە دەستپیٚدەکات و باوەڕ وایە لە هەر جیٚگایەك کە باس لە حیزب دەکریٚ دەبیٚ بەدوای ناکۆکییەکی قووڵ و پیٚکهاتەیی لەناو ناخی کۆمەڵگادا بگەڕیٚین(٩٤). لەمەوپیٚش، ویٚڕای دابەشکردنی ناکۆکییەکان

(٩٣) BLONDEL J., "Party Systems and patterns of Government in western Democracies", Candian Journal of political science, vol. 1, n 2, 1968, PP. 183-190.

(٩٤) SEILER D. L., Dela Comparaison des parties …, op. cit., P. 58.

بە دوو دەستەی کاتی و پێکهاتەیی پێشانماندا کە حیزبە سەقامگیرەکان رەگ و ریشەیان لەناو دەستەی دووەهەمی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان دایە. ناکۆکییە پێکهاتەییەکان بەپێچەوانەی ناکۆکییە کاتییەکان، رەگ و ریشەیان لەناو ناخی کۆمەڵگادایە و بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگا فۆرمیان وەرگرتووە.

لە روانگەی گەلێك کەسەوە، دەوڵەت- نەتەوەکان زەمینەیەکی زۆر لەباربوون بۆ فۆرم بەخشین بە ناکۆکییە پێکهاتەییەکان و لە دامەزراوبوونیان بە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا. کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەناوەند، بووە هۆی ئەوەی کە پێوەندی لە نێوان ئەو گرووپە جۆراوجۆرانەدا دروستببێ کە لەمەو پێش بە تەواوی لە یەکتری جیاواز بوون. لە ئەنجامدا ئەم دەرفەتە هاتەدی تا جووتیار و خاوەن گوند، دێهاتی و شاریی، ئاریستۆکرات و بازرگان بە بیانووی جۆراوجۆر پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دروستبکەن. پێکدادانی جۆراوجۆری توێژە جۆراوجۆرەکان بەرەبەرە هاودژبوونی بەرژەوەندیی توێژە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ یەکتردا پێشاندا، و بەرەبەرە گرووپە هاوچارەنووسەکان لەگەڵ یەکتردا کۆبوونەوە و لەبەرامبەر گرووپە رکابەرەکاندا دەستیان بە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان کرد. هەڵبەتە، کۆبوونەوەی مرۆڤ هەمیشە تەژی بووە لە ناکۆکی و کێشمەکێش، بەڵام لە چوارچێوەی دەوڵەتدا ناکۆکیگەلێکی تەواو سیاسی دروستبوون کە پێویستیان بە رێگا چارەگەلێکی سیاسی ئاشتیانە و ناتوندوتیژ بوو[٩٥].

(چارلزتیلی) و (پول بوا) پێشانیاندا کە چۆن پێوەندی دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ناکۆکی نوێ لە نێوان توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا. ئەم دوو توێژەرە بە لێکۆڵینەوە لە دوو ناوچەی جوگرافیایی جیاواز بە توێژینەوەی ئەم گریمانەیەوە خەریك بوون. ئەو ناوچانەی کە ئەم دوو توێژەرە لە وڵاتی فەرەنسا توێژینەوەیان لەسەرکردووە بریتین لە: دەشتی (مۆگ) کە دانیشتووانەکەی جووتیار و لایەنگیری پاشایەتی بوون و لە پێکدادانێکی توندا بوون لەگەڵ بۆرژواکاندا و ناوچەی (لوار) کە خاوەن خەڵکانێکی کۆماریخواز بوون و لەگەڵ ژینگەی شاریی لە پێوەندییەکی هەمیشەییدا بووەو پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ناوچە شاریی و گوندییەکاندا هەبووە. لەناوچەی لوار، بەخێرایی پێوەندی دوو قۆڵی لەنێوان بەرهەمهێنەرانی گوندیی و بازرگانانی شاریدا دروستبوو، لەکاتێکدا گوندەکانی مۆگ ساڵانێکی زۆر نامۆبوون بە پێوەندییەکی لەم جۆرە لەگەڵ شاردا. لە سەدەی هەژدەهەم مۆگ بەخێرایی دەبێتە ناوچەیەکی پیشەسازی و خۆی بە ناچار دەبینێ کە پێوەندییەکی هەمیشەیی

(٩٥) BADIE B., Le development…, op. cit., P. 127 et suiv.



لەگەڵ شاردا دروستبکات و ئەمەش ناکۆکییەکی قووڵ لە نێوان ئەم دوو توێژەدا دروستدەکات. (چالزتیلی) و (پول بوا) سەلماندیان کە ئەگەر بە پیشەسازیی بوون بە هێمنی و بە تێپەڕبوونی زەمەن بێتەدی دەتوانێ پێش بە ناکۆکی و کێشمەکێشە قووڵەکانی نێوان شار و گوند بگرێ، بەڵام ئەگەر ئەم شتە بەخێرایی و لەناکاو رووبدات دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی کەلێنە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگا. ئەم دوو توێژەرە پێوەندییەکان و بە پیشەسازیی بوونیان وەك بگۆڕە سەربەخۆکانی شیکردنەوەی ناکۆکی بۆرژوایی — جووتیاریی لەبەرچاو گرتووە.

دەوڵەتەکان بە خوڵقاندنی دەرفەتی پێوەندی لە نێوان توێژە جۆراوجۆرەکان لەلایەکەوە، دەبنە هۆی دروستبوونی ئەو ناکۆکی و کەلێنانەی کە ناوەڕۆکی سیاسییان هەیە، و لەلایەکی ترەوە دەرفەتی دروستبوونی بۆچوونە درشتەکان و رای گشتی لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵگا فەراهەم دەکەن کە حیزبە سیاسییەکان خۆیان بە وتەبێژی ئەوان دەزانن.

(لیپست) و (رۆکان) پێشانیاندا کە سەرهەڵدان و شێوازی ئارایشتی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرە ئەورووپییەکان پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت- نەتەوەکاندا هەیە. ئەم دوو کەسە لەو باوەڕەدان کە یەکگرتن و ناکۆکی دامەزرێنەرانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێکی سەربەخۆیە کە فرەجۆریی سیستەمە حیزبییەکان لە ئەورووپای رۆژئاوا روون دەکاتەوە. بۆ نموونە لەو کۆمەڵگایانەی کە دامەزرێنەرانی دەوڵەت — نەتەوەکان لەگەڵ ئاریستۆکراتەکانی بەستراوە بە زەوی یەکیانگرت، ئەوا کەلێنێك لە نێوان ئاریستۆکرات و بۆرژواکاندا دروستبوو و لەو جێگایەی کە دەوڵەتسازەکان لەگەڵ توێژە لاییکەکان یەکیانگرت، کەلێنێکی قووڵ لەنێوان کەنیسەی کاسۆلیك و لاییکەکاندا سەریهەڵدا و لەهەردولای هەریەك لەم کەلێنانە حیزبە جۆراوجۆرەکان لەبەرامبەر یەکتردا ریزبەندییان کرد.

هەروەك باسکرا، تێگەیشتن لە حیزبە سیاسییەکان تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەت — نەتەوەکاندا مەیسەرە. بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە کە دروستبوونی دەوڵەتە نوێیەکان تاکە مەرجی دروستبوون و بە دامەزراوبوونی حیزبە سیاسییەکانە. ئەو وەرچەرخانە گرنگانەی کە لەناو ناخی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا بەدیهات، رۆڵێکی گرنگی لەم بارەیەوە گێڕاوە. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین کە پێداچوونەوەی هەندێ لە گرنگترین ئەو وەرچەخانە کۆمەڵایەتییانە بکەین کە بوونە زەمینەسازی حیزبەکان.

**ب- وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکانی رێخۆشکەر بۆ حیزبە سیاسییەکان:**

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەناوەند دروستبوون زەمینەیەکی لەباریان بۆ حیزبە سیاسییەکان رەخساند، بەڵام هەروەك گوترا ئەم گۆڕانکارییانە مەرجی پێویستی زەمینەسازی حیزبایەتی کردنن و بە هیچ جۆرێك بە مەرجی تەواو (کافی) لە قەڵەم نادرێن. ئەو گۆڕانەی کە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستبوون، هەرچی زیاتر زەمینەیان خۆشکرد بۆ چالاکی حیزبە سیاسییەکان. لە نێوان وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان تەنها ئاماژە بە دوو وەرچەرخانی سەرەکی دەکەین.

*** تاکگەرایی (ئیندیڤیدیۆ ئالیزم) و رەوایی گرووپگەرایی لەسەر تەوەری بەرژەوەندییەکان**

دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر بەشە جۆراوجۆرەکاندا هەر لە دێر زەمانەوە سەرنجی گەلێك لە کۆمەڵناسانی بەرەو لای خۆی راکێشاوە. بەزۆری دوو جۆر کۆمەڵگا لە بەرامبەر یەکتردا دادەنرێن کە لە راستیدا هەریەك لەم دووانە، نموونەگەلێکی ئامانجگەرایانەن کە واقیعی هیچ یەك لەوان نییە بەڵکو لە یەکێکیانەوە نزیکترە. (ئۆگۆست کونت) باوەڕی بە سێ قۆناغ هەیە بۆ کامڵبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان و پۆزیتیڤیزم بە بەرزترین قۆناغ دەزانێ. لە روانگەی ئەوەوە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان لە قۆناغی کۆتاییدان. (پارسۆنز) ئاستی فرەیی رۆڵەکان دەکاتە پێوەری دابەشکردنەکەی خۆی و کۆمەڵگاکان دابەش دەکات. یەکێك لەو دابەشکردنە گرنگ و بەناوبانگانەی کە گەلێك لە توێژەران پشتی پێدەبەستن، دابەشکردنەکەی (فردیناند تونیس)ـە لە ساڵی ١٨٨٧. ئەو بۆ یەکەم جار جیاوازی کرد لە نێوان کۆمەڵگا (Gesllschaft) و کۆمەڵ (Gemeinscheft) دا. لە کۆمەڵدا پێوەندی تاکەکان لەسەر بنەمای پێوەندی بنەماڵەیی و خوێن پێناسە دەکرێ و ئەو شتەی کە تاکەکان لە دەوری یەکتر کۆ دەکاتەوە هەندێ چەمکی وەك دراوسێتی و ئەوانیترە. لەکاتێکدا کە کۆمەڵگا پێکهاتەی ئەو تاکانەیە کە کۆبوونەوەیان وشیارانە و لەرووی ویستەوەیە[٩٦]. بناغە سەرەکییەکانی کۆمەڵ بریتین لە بنەماڵە (پێوەندی خوێنی)، گوند (پێوەندی دراوسێتی) و کۆمەڵگای رۆحانی (پێوەندی ئایینی)[٩٧]. بە وتەیەکی تر، لە کۆمەڵدا تاکەکان لەبەر هۆی سروشتی و بەدەر لە ویستی خۆیان لەدەوری یەکتر کۆبوونەتەوە و رەگەزی ویست لە کۆمەڵدا رۆڵی نییە. لە کۆمەڵدا بەرژەوەندی گشتی لەسەرووی بەرژەوەندییەکانی تاکە و کۆ خاوەن رەسەنایەتییە.

(٩٦) TONNIES. F, comminuté et solie, Paris, PUF, 1944, P. 34.

(٩٧) TONNIES. F, communauté et societe; catégories fondamen tales de la sociologie pure, Paris, Retz- C. E. P. L., 1977, P. 66.



تاکەکان لە کۆمەڵدا خاوەن رۆڵی لەپێش دیاریکراون و رۆڵەکانیان وەدەست هێنراو (اکتسابی) نییە. بەپێچەوانەی کۆمەڵ، کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پێوەندی کەسی و لێکدانەوەی عەقڵانی و ویست و وشیاریی دامەزراوە. لە کۆمەڵگادا، تاکەکان بەشێوەیەکی سروشتی لەیەکتر جیان و پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا نییە و تاکەکان لە هەمان کاتدا کە جودان بەیەکیشەوە پەیوەستن و ئەم پەیوەست بوونەشیان جگە لە لێکدانەوەی عەقڵانی هیچ هۆکارێکی دیکەی نییە. ماکس ویبەریش دابەشکردنەکەی تۆنیسی کردە بنەمای دابەشکردنەکەی خۆی، لە روانگەی ئەویشەوە گیزلشافت (کۆمەڵگا/ Gesllsheft) لەسەر پێوەندی تاکگەرایانە و عەقڵانی دامەزراوە لەکاتێکدا کە گیماین شافت (کۆمەڵ/ Gemeinschft) لەسەر بنەمای هەست و سۆز دروستبووە. ئەو دابەشکردنانەی کە باسیان لێوەکرا ئێمە بەرەو دوو کۆمەڵگای مرۆیی رێنوێنی دەکات. لەلایەکەوە، ئەو کۆمەڵگایەیە کە پرەنسیپی تاکگەرایی بەسەریدا زاڵە و لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێکە لە مرۆڤەکان کە تێیدا تاك رەسەنایەتی نییە و کۆمەڵ و بەرژەوەندییە گشتییەکان رەسەن و لەسەر هەقن. کۆمەڵگای یەکەم بە (ئیندیڤید والیست) و ئەوەی دووهەمیش بە (هۆلیست) ناوزەد دەکرێ. (لۆیی دۆمۆن) لە پێناسەی کۆمەڵگای تاکگەرادا دەنووسێ: ((لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا تاك بەرزترین بەهایە و لەسەرووی ئەوەوە هیچ بەهایەکی تر نییە)). ئەم دوو کۆمەڵگایە لەلایەنی جۆراوجۆرەوە لەیەکتر جیاوازن. لە یەکێکیاندا، تاکەکان خاوەن پێوەندی یەکسان و ئاسۆیین و لەوی دیکەش پێوەندی ستوونی و زنجیرەی پلەوپایەکان تاکەکان بەیەکترەوە گرێدەدات. یەکێکیان کۆمەڵگایەکی دینامێك و بزۆکە و ئەویتریان کۆمەڵگایەکی وەستاو و سەقامگیرە. لە یەکێکیاندا نەریتەکان پێوەندی و پێگەی تاکەکان دیاری دەکەن، لەویتر لێکدانەوە و هەوڵەکانی تاك رۆڵی دیاریکەریان هەیە. لە روانگەی لۆیی دۆمۆنەوە نموونەی دیاری کۆمەڵگای یەکەم (کە بە هۆلیست ناودەبرێ) کۆمەڵگای کاستەکانە لە هیندستان کە تێیدا پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەپێشدا دیاریکراوە و پێشکەوتن و جموجۆڵ تێیدا مومکین نییە. لە روانگەی دۆمۆنەوە جیاوازی سەرەکی لە نێوان فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای مۆدێرن لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی پێشووتر بۆ ئەو بایەخ و بەهایە دەگەڕێتەوە کە بۆ تاك دایدەنێ. لە فەلسەفەی مۆدێرن تاك بۆخۆی بەرزترین بەهایە و هیچ بەهایەك لە سەرووی ئەوەوە نییە. هەموو بەهاکان بە ئەو کۆتاییان پێدێت و بەختەوەری ئەو ئامانجی سەرەکی کۆمەڵگایە.

دابەشکردنێکی لەم جۆرە لە بەرهەمی نووسەرێکی گرنگی وەك (ئۆستڕۆگۆرسکی)یش دەبینرێت. ناوبراو پاش دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر ئەو دوو بەشەی کە باسکران، تەنها کۆمەڵگای تاکگەرا بە زەمینەیەکی لەبار دەزانێ بۆ جموجۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دامەزراوەییەکان بەتایبەت حیزبە سیاسییەکان[٩٨].

دەرەنجام ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکان بە واتا رۆژئاواییەکەی رەگوریشەیان لەناو تاکگەراییدایە. سەرنجدان بەم خاڵە دەتوانێ ئێمە لەگەڵ ئەرکی حیزبە سیاسییەکان لەو کۆمەڵگایانەدا ئاشنا بکات کە تێڕوانینێکی جیاوازیان بەرامبەر بە تاك و کۆمەڵگا هەیە.

بە پێچەوانەی هۆلیزم کە تاك بە بەشێك لە گروپێکی گشتی لە قەڵەم دەدات، تاکگەرایی لەسەر ئەم گریمانەیە دامەزراوە کە مرۆڤایەتی لە تاکگەرایی جودا لەیەکتر پێکهاتووە. لە روانگەی یەکەمەوە تاك سەربەخۆیە و بەتەنهایی دەتوانێ کاردانەوەی هەبێ و بەژێر گرووپی هیچ گرووپێکی سەرووتر لەخۆی لە قەڵەم نادرێ. تاك تەنها بە خواست و ویستی خۆی دەتوانێ ببێتە ئەندامی گرووپێك، یا بەشێك لە سیستەمێك[٩٩]. چەمکی تاکگەرایی بەم واتایە لەگەڵ چەمکی یەکسانی و ئازادی ئاوێتەیە، چونکە ئەم قوتابخانەیە بەهایەکی بەرزتر لە تاك ناناسێ و تاك خاوەنی سەربەخۆییە. ئەگەرچی بەکردەوە تاکی ئازادبوونی نییە و تاکەکان بیانەوێ و نەیانەوێ دیلی گرووپەکانی بەرزتر لە خۆیانن، بەڵام قوتابخانەی تاکگەرایی لانیکەم لەسەر ئەم گریمانەیە بنیات نراوە کە هەمووان ئازاد و یەکسانن و بەرژەوەندی تاك لە پێشەوەی بەرژەوەندی گشتی دایە و مرۆڤەکان تەنها بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانەی تر کە لەگەڵ ئەودا هاوچارەنووسن کۆدەبنەوە تا باشتر بتوانن قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دابینبکەن. حیزبی سیاسی شتێك نییە جگە لە کۆمەڵێکی رێکخراو لە مرۆڤە ئازاد و یەکسان و هاوچارەنووسەکان. تاکەکان لە کۆمەڵگایەك کە لەسەر تەوەری قازانج و پێوەندی قازانج دامەزراوە هاوچارەنووسانی خۆیان دەدۆزنەوە و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی خۆیان ئازادانە پێوەندییان پێوە دەکەن تا باشتر بتوانن بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن. بە وتەیەکی تر، لانی زۆری قازانج و بەرژوەندی، بناغە و بنەمای حیزبی سیاسی پێکدەهێنێ. لە رەوتی تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای ((سۆز پێوەند)) بۆ کۆمەڵگای ((قازانج پێوەند)) و بە

(٩٨) OSTRO GORSKY M., La demo eratie et les parties politiques (Textes choisis), Paris, Seuil, 1979, P.34.
(٩٩) LAURENT A., Histoire de L'individualisme, Paris, PUF, "Que Sais- Je 2" 1993, P. 4.



وتەیەکی تر لە رەوتی تێپەڕبوون لە هۆلیزم بەرەو ئیندیڤیدوالیزم حیزبە سیاسییەکان دروستدەبن. هەروەك دۆمۆن دەنووسێ، حیزبە سیاسییەکان بەرهەمی کۆبوونەوەی ئەو مرۆڤە یەکسانانەن کە لەسەر تەوەری بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ یەکتردا کۆبوونەتەوە. لێرەوە دەتوانین پەی بە جیاوازییەکی سەرەکی ببەین لە نێوان فەلسەفەی بوونی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا تاکگەراکانی رۆژئاوایی و ئەو کۆمەڵگایانەی تر کە باوەڕیان بە بەها گەلێکی سەرووتر لە تاك هەیە. رەنگە بتوانین لە جیاوازییە بنچینەییەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایانەدا بە دوای یەکێك لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی مۆدیلی رۆژئاوایی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگاکانی تردا بگەڕێین. توێژەرانی کلاسیکی حیزبە سیاسییەکانیش لەم خاڵە ئاگاداربوون کە حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا رەگوریشەیان لە تاکگەراییدایە. بۆ نموونە، (ئۆستڕۆ گۆرسکی) لەو باوەڕەدایە کە تاکگەرایی بناغە و بنەمای دۆکترینە مۆدێرنەکان پێکدەهێنێ. لە دیدگای ئەوەوە، هەموو دۆکترینە مۆدێرنەکان لەسەر ئەم خاڵە کۆکن کە تاك سەرەتا و کۆتایی ژیانی کۆمەڵایەتییە نەك کۆمەڵ، و هیچ بەهایەك لە سەرووی تاکەوە بوونی نییە. ئەو حیزبە سیاسییەکان بە دەرەنجام و بەرهەمی ئەم تێڕوانینە نوێیە لە تاك دەزانێ[١٠٠].

لەمەو پێش دەربارەی دابەشکردنەکەی ماکس ویبەریش قسەمان کرد و پێشانماندا کە لە روانگەی ویبەریشەوە حیزبە سیاسییەکان بەرهەمی کۆمەڵن ((گیماین شافت) و کۆمەڵگا (گزلشافت) لەگەڵ دیاردەیەك بەناوی‌حیزبی سیاسی بە واتا نوێ و زاراوەییەکەی نامۆیە.

لەو شتەی کە گوترا دەتوانین تێبگەین کە حیزبی سیاسی لە رۆژئاوا زادەی ئەو وەرچەرخانە سەرەکیانەیە کە لە سەرەوە و خوارەوەی هیرەمی کۆمەڵدایە. ئەو وەرچەرخانانەی کە ناوەندی سیاسی لە سەرەوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە خوارەوەی هیرەمی کۆمەڵ بەخۆیانەوە بینیوویانە، بوونە هۆی تێپەڕبوون لە پێکادانە توندوتیژەکان و بە دامەزراوبوونیان لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا. لە درێژەی ئەم وەرچەخانانەدا گرووپە کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات و بۆ دەربڕینی خواستەکانی خۆیان دەستیان دایە دروستکردنی رێکخراوگەلێکی جۆراوجۆر کە حیزبە سیاسییەکان بە نموونەی دیاریان دادەنرێن[١٠١]. (گەی هێرمە)، تێپەڕبوون لە بزاڤە جەماوەری و بە کۆمەڵەکان بۆ بەشداری

(١٠٠) OSRO GORSKY, op. cit., P. 34.
(١٠١) GAXIE D., La democratie represent tative, Paris, Monte Herestien, clefs, 1993, P12.

سیاسی بە دامەزراو بوو بە یەکێك لە گرنگترین وەرچەرخانە سیاسی و فەرهەنگییەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان دەزانێ و لەو باوەڕەدایە کە حیزبە سیاسییەکان سەمبوڵی زاڵبوونی گفتوگۆ و وتووێژ و ئاسایی بوونەوەی خواست و داواکارییە لەلایەن خەڵکەوە(١٠٢). لە درێژەی ئەم وەرچەرخانەدا، دەوڵەتەکان بوونە تەوەری هاوبەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا و، خواست و داواکاری لە درێژەی پێوەندی نێوان نەتەوە و دەوڵەتدا بووە شتێکی حەتمی. (دەیڤید ئیستۆن) لە شیکردنەوەی سیستەمی خۆیدا ئەم پێوەندییە بە باشی شیدەکاتەوە و ئەوە پێشاندەدات کە حیزبە سیاسییەکان ئامرازێکن بۆ کۆکردنەوەی خواستەکان، ئەولەویتبەندی کردن و گواستنەوەیان بۆ دەوڵەت. (کارل دۆیچ)یش دەوڵەت بە دەزگایەکی ئەلیکترۆنی و هۆشمەند دەچوێنێ کە لە ژینگەی دەوروبەری خۆی زانیارییەکان کۆ دەکاتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە شێوازی کارکردنی خۆی رێکدەخات(١٠٣).

ئەم دەزگا هۆشمەندە ئەلیکترۆنییە بۆ ئەوەی کە توانای خۆی زیاتر بکات و بتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، پێویستی بە ئاڵوگۆڕی هەمیشەیی زانیارییەکانە. دەوڵەت ناچارە بۆ دابەشکردنی دروستی بەهاکان و گەیاندنی پشتگیرییەکان بۆ ئەوپەڕی خۆی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری خۆی لە کرداری هەمیشەییدا بێ. حیزبە سیاسییەکان یەکێکن لە فاکتەرە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەم هەڵسوکەوتە لە نێوان نەتەوە و دەوڵەت لە رۆژئاوادا. لە درێژەی ئەو وەرچەرخانانەی کە لەمەوپێش باسمانکردن، ناکۆکییەکان لە بری ئەوەی کە رووخێنەربن و دروستکردنی سیستەم و رەواییەکی نوێیان مەبەست بێ لە چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە جووڵەدان. بە وتەیەکی تر حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا لە باتی ئەوەی کە فاکتەری لێك ترازان بن، ئامرازێکن لە چوارچێوەی دەوڵەتدا.

دەرەنجام ئەمەیە کە حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا بەرهەمی پرۆسەیەکی دوور و درێژ و ئەو رێخۆشکەرانەن کە لە رەوتی مۆدێرنیزم لە رۆژئاوادا هاتوونەتە دی. لەلایەکەوە ئەو دەوڵەتانە سەریانهەڵدا کە خۆیان بەسەربەخۆ دەزانن لە حەوزەکانی دیکەی کۆمەڵ و لەسەر جۆرێکی نوێ لە رەوایی بنیات نراون کە ماکس ویبەر بە رەوایی عەقڵانی-یاسایی ناوی دەبات و لە ئەنجامدا، بە پێچەوانەی رابردوو لەگەڵ قەیرانی رەوایی بەرەو روون و هیچ چارەیەکیان

(١٠٢) HERMET G., Aux frontiers de la democratie, Paris, PUF, 1983, P.206 et suir.
(١٠٣) DEUTSCH K. W., The Nerves of Government, New York, The Free press of Glencoe, 1963.



نییە جگە لە گەڕانەوەی هەمیشەیی بۆ خەڵك بۆ راکێشانی پتری پشتگیریی ئەوان و مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات.

لەلایەکی ترەوە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش دووچاری وەرچەرخانێکی سەرەکی بوون و پەیوەستبوون بە دەوڵەت جێگای پەیوەستبوون ستوونییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگای گرتەوە. لە کۆمەڵگای ((قازانج پێوەند)) و تاکگەرا، تاکەکان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان (ماددی یان سەمبولێك) بگەیەننە ئەوپەڕی خۆی. حیزبە سیاسییەکان ئامرازێکی نوێن بۆ دەربڕینی خواستەکان و بە دیهاتنی ئامانجی ئەو تاکانەی کە بەشێوەیەکی خۆبەخش پێوەندی بە هاوچارەنووسەکانیانەوە دەکەن و هەوڵدەدەن کە لەناو سیستەمی سیاسی لە درێژەی رکابەرییەکی ئاشتیانە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن. هەروەك تێبینی دەکرێ حیزبە سیاسییەکان لە زەمینەیەکی تایبەت لە رۆژئاوادا سەریانهەڵدا و ئەرکی دیاریکراویشیان لە ئەستۆدایە. لەم بەشەدا مەبەستمان ئەوەبوو کە وێنەیەکی روونتر لەم زەمینەیە بخەینەڕوو. بەڵام شێواز و میکانیزمی دروستبوونی حیزبەکان، بۆخۆی باسێکی سەربەخۆیە کە لە بەشەکانی تردا باسیان لێوە دەکەین.

مەبەست لە باسکردنی زەمینەی سیاسی — کۆمەڵایەتی حیزبە سیاسییەکان تەنها سەرنجدان بەم خاڵە بوو کە لەدایکبوون و سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا شتێکی سروشتی و هەڵقوڵاوی پێویستییەکانی کۆمەڵگایە. حیزبی سیاسی لە رۆژئاوا رەنگ و بۆنی داب و نەریت و رێ و رەسم و فەرهەنگی ئەم کۆمەڵگایانە دەدات و لە ئەنجامدا بەکردەوە سەرکەوتووە. زۆر روونە کە دام و دەزگاکان ئامرازگەلێکن بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆمەڵگایەك و بۆ خۆیان ئامانج نین. کەوابوو بۆ دروستبوونی دامودەزگایەك، ناتوانین نەریتەکان و فەرهەنگی کۆمەڵگا بگۆڕین، بەڵکو دەبێ دامودەزگاکان بەشێوەیەکی وەها دابڕێژین کە لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵگادا بگونجێ. بەوتەیەکیتر نابێ هەرگیز وەها بیربکەینەوە کە بۆ بەدەستهێنانی حیزبە سیاسییەکان دەبێ جەنگی فەرهەنگ و نەریتەکانی کۆمەڵگا بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ هەوڵبدەین کە حیزبگەلێکی گونجاو لەگەڵ فەرهەنگ و نەریتەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی و ئێرانی دابڕێژین. بایەخ نەدان بەم پێداویستیانە جگە لە ناکامی و شکست بۆ حیزبە سیاسییەکان لە وڵاتەکەماندا هیچ ئەنجامێکی دیکەی بەدواوە نابێ.

# پاژی ٣:

## پرۆسەی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان:

## سەرەتــایەك بۆ رەچــەڵەکناسی حیزبــەکان

ناسینی زێد و سەرچاوەی حیزبە سیاسییەکان ڕێگایەکی لەبارە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ناوەڕۆکیان. ڕەچەڵەکناسی حیزبەکان ئەم دەرفەتەمان پێدەدات تا تێگەیشتنی دروستمان لە خەسڵەت و تایبەتمەندیی جۆراوجۆری حیزبە سیاسییەکان هەبێت. ڕەچەڵەکناسی حیزبەکان لەم ڕووەوە گرنگە کە زێد و سەرچاوەی حیزبەکان دەتوانێ ڕەهەندی جۆراوجۆری حیزبەکان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە حزبەکان هەر لەگەڵ لەدایکبوونیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، گەلێك لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی خۆیان دەپارێزن. تێڕوانینێك بۆ ئەو حیزبانەی کە لە ڕۆژئاوادا هەن ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو حیزبانەی کە خاوەن زێد و سەرچاوەی جووتیارین، هێشتا هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی خۆیانیان پاراستووە و ئەمەش لەکاتێکدایە کە وەرچەرخانی بنچینەیی لە ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبیدا بەدیهاتووە و گەلێك لە زەرووڕەتەکانی سەردەمی دروستبوونی حیزب لەئارادا نەماون.

پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکان مۆدیلی جۆراوجۆریان خستۆتەڕوو بۆ توێژینەوە لە سەرچاوەی حیزبە سیاسییەکان. توێژینەوە لەو دیدگا جۆراوجۆرانەی کە لەم بوارەدا هەن باس لە بوونی چوار تێڕوانینی جۆراوجۆر دەکەن بۆ سەرچاوەی حیزبە سیاسییەکان کە هەریەکەیان دەتوانێ بەشێك لە پرۆسەی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان ئاشکرا بکات و باسکردنی کۆی ئەم دیدگایانە دەرفەت بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم پرۆسەیە دەڕەخسێنێ، ئەم دیدگایانە بریتین لە:

١- تێڕوانینی دەزگاگەرا کە بەردی بناغەکەی لە توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکان لەلایەن (مۆریس دۆڤێرژە)ـەوە دانراوە. بەپێی ئەم دیدگایە حیزبە سیاسییەکان لە ڕەوتی گەشەکردنی مافی دەنگدان و دروستبوونی دەزگا دیموکراتییەکان لە ڕۆژئاوادا سەریانهەڵداوە و لەم سەرهەڵدانەدا قەرزداری بەگشتی



بوون مافی دەنگدان و دروستبوونی ئەنجومەنەکانی یاسا دانانن لە ڕۆژئاوادا. بەپێی ئەم دیدگایە لەدایکبوونی حیزبە سیاسییەکان پێوەندییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ گەشەکردنی پارلەمانەکان لە ئەورووپادا. دۆڤێرژە لەو باوەڕەدایە کە یەکەمین حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا لەناو ئەنجوومەنەکانی یاساداناندا دروستبوون و دەرەنجامی سروشتی بەگشتی بوونی مافی دەنگدان و بەهێزبوونی پارلەمانەکانن. بەپێی ئەم تێڕوانینە دەزگا و ڕێکخراوە حیزبییەکان گرنگییەکی تایبەتییان هەیە و هەمیشە باس لە ڕێکخراو و پێکهاتەی حیزبی دەکرێ.

٢- تێڕوانینی مێژوویی بنیاتنراو لەسەر پێکادان و ناکۆکییە مێژووییەکان. ئەم دیدگایە لەناو ئەو ناکۆکی و قەیرانە جۆراوجۆرانەی کە هەن بەدوای سەرچاوەی حیزبە سیاسییەکان دادەگەڕێ کە لە ڕەوتی گەشەکردنی سیاسی، کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بە ناچار دەستەویەخەی دەبن و حیزبە سیاسییەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانە دروستدەبن.

٣- تێڕوانینی گەشەخواز بە سێهەمین تێڕوانین دادەنرێ لەم بوارەدا. بەم پێیە لەدایکبوونی حیزبە سیاسییەکان قەرزاری پرۆسەی نوێگەراییە و لە ڕەوتی نوێگەراییدا سەریانهەڵداوە.

٤- (دانیل لویی سیلر) باس لە تێڕوانینی چوارەم دەکات بەناوی دیدگای کارکردگەرایانە کە لەدایکبوونی حیزبە سیاسییەکان بە دەرەنجام و بەرهەمی دروستبوونی هەندێ کارکردی نوێ دەزانێ لەناو کۆمەڵگادا و، ئەو دامودەزگایانەی کە لە ئارادابوون توانای ئەنجامدانی ئەو ئەرکەیان نەبوو و حیزبە سیاسییەکان لە ڕەوتێکی سروشتی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پێداویستیانە دروستبوون[١٠٤]. بەپێی ئەم دیدگایە کارکرد (فۆنکسیۆن) بە بنەما دادەنرێ و پێکهاتە و دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵ لە ئەنجامی هەڵچنین و لەپاڵ یەکدانانی ڕۆڵ یا کارکردە جۆراوجۆرەکان دروستدەبن.

بە سەرنجدان بەوەی کە تێڕوانینی چوارەم لە چاو تێڕوانینەکانی تر شتێکی نوێی تێدایە و لە چوارچێوەی تێڕوانینەکانیتردایە، هەربۆیە بە توێژینەوەی ئەو سێ تێڕوانینەکەی ترەوە خەریك دەبین.

(١٠٤) SEILER D. L., Les Parties en Europe, Paris, PUF, “Que Sais-Je2”, 1996, P.11.

## أ- گەشەکردنی دەزگا دیموکراتییەکان و حیزبە سیاسییەکان: تیۆری مۆریس دۆڤێرژە

مۆریس دۆڤێرژە لەو یەکەمین توێژەرە بەناوبانگانەیە کە خەریکی تیۆر دارشتن بوو لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان. کتێبە بەناوبانگەکەی دۆڤێرژە لەژێر ناوی (حیزبە سیاسییەکان)، گرنگترین کتێبە کە لە دەیەی پەنجای زایینی دەربارەی حیزبە سیاسییەکان نووسراوە. سەرەڕای تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر نووسینی ئەم کتێبە، تیۆرییەکانی ئەم توێژەرە فەرەنسییە توانایی و بەهایەکی تەواویان هەیە و گەلێك لە توێژەرانی پاش ئەو تیۆرییەکانی ئەویان کردۆتە بنەمای کاری خۆیان و بە چەسپاندن یا هەڵسەنگاندنیەوە خەریکبوون و هەوڵیاندا کە دروستی و نادروستی ئەم تیۆرییانە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا تاقیبکەنەوە. گەلێك لە توێژەران بە پەسەندکردنی هەندێ بەش لە تیۆرەکانی دۆڤێرژە دەستکاری و چاکسازییان تێداکرد و هەوڵیاندا ئەم تیۆرییانە لەگەڵ خواستەکانی سەردەمی خۆیاندا بگونجێنن.

### ١- رۆڵی گەشەکردنی مافی دەنگدان لە دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان:

لە روانگەی دۆڤێرژەوە حیزبە سیاسییەکان لەسەرهەڵدانی خۆیاندا قەرزداری گەشەکردن و بەگشتی بوونی مافی دەنگدانن لە دیموکراسییە رۆژئاواییەکاندا. حیزبە سیاسییەکان لە ئەورووپای سەدەی نۆزدەهەم هاوئاهەنگ لەگەڵ دروستبوونی ئۆرگانە دیموکراتییەکان بەتایبەت ئەنجوومەنەکانی یاسادانان سەریان هەڵدا[١٠٥]. دۆڤێرژە دوو سەرچاوەی جۆراوجۆر بۆ دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوادا دەستنیشان دەکات. لە روانگەی دۆڤێرژەوە حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا یا لە ئەنجوومەنەکانی یاسا دانانەوە سەرچاوەیان گرتووە یا لە دەرەوەی ئەم ئۆرگانەدا سەریانهەڵداوە. کەوابوو حیزبەکان بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبن: حیزبە پارلەمانییەکان (ناوەکی) و حیزبە نا پارلەمانییەکان (دەرەکی).

### حیزبە پارلەمانییەکان (ناوەکی)

حیزبە پارلەمانییەکان کە مۆریس دۆڤێرژە هەندێ جار بە حیزبە ناوەکییەکانیش ناویان لێدەبات، پاش سەقامگیربوونی سیستەمە دیموکراتییەکان لە رۆژئاوادا سەریانهەڵداو رەگوریشەیان بۆ گشتی بوونی مافی دەنگدان دەگەڕێتەوە. دۆڤێرژە بۆ باسکردنی شێوازی

(١٠٥) DUVERGER M., Les Parties Politiques, 1967, 6é edition, PP. 1-2.



دروستبوونی یەکەمین حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوادا رێسایەکی سادە پێشنیار دەکات کە بە باشی دەتوانێ سەرچاوەی حیزبە پارلەمانییەکان روون بکاتەوە. دۆڤێرژە لەو باوەڕەدایە کە بەر لە دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان، یەکەمین گرووپە پارلەمانییەکان لە ئەنجوومەنەکانی یاسادانانی ئەورووپادا سەریانهەڵدا. ئەم گرووپانە لەو نوێنەر و سیناتۆرە جۆراوجۆرانە پێکهاتبوون کە لە رەوتی هەڵبژاردندا پارلەمانەوە. لە قۆناغی یەکەم گرووپە پارلەمانییەکان پتر رەنگ و بۆنی ناوچەییان هەبووە و نوێنەرانی پارێزگا یا ناوچەیەکی تایبەت لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە و یەکەمین گرووپە پارلەمانییەکانیان دروستکردووە. بەرەبەرە ئەم گرووپە پارلەمانییانە رەهەندێکی سیاسییان بەخۆیانەوە گرت و ئەو نوێنەرانەی کە دیدگای سیاسی هاوبەشیان هەبووە لە چوارچێوەی ئەم گرووپانەدا خۆیانیان رێکخست. لە روانگەی دۆڤێرژەوە ئەم گرووپە پارلەمانییانە کاکڵەی سەرەکی و ناوەندی یەکەمین حیزبە سیاسییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا پێکدەهێنن. گۆڕینی گرووپە پارلەمانییەکان بە حیزبە سیاسییەکان لە پرۆسەیەکی تایبەتدا بەدیهاتووە کە دۆڤێرژە لە کتێبی (حیزبە سیاسییەکان) بە تێروتەسەلی باسی لێوەکردووە[١٠٦].

لە روانگەی دوڤێرژەوە دووهەمین فاکتەری دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان بۆ دروستبوونی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە. ئەم کۆمیتانە لە درێژەی بە گشتی بوونی مافی دەنگداندا سەریانهەڵدا و مەبەستی سەرەکی لە پێکهێنانیان ئەنجامدانی هەموو کاروباری تایبەت بە پڕوپاگەندەی پالێوراوانی هەڵبژاردن بوو. لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەم کۆمیتانە ئەرکی بەرپرسیارێتی نووسینگەی هەڵبژاردنی پالێوراوانیان لە ئەستۆدا بووە و تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا چالاك بوون و پاش تەواوبوونی هەڵبژاردن هەڵدەوەشانەوە. بە سەرنجدان بەوەی کە پڕوپاگەندە رۆژبەرۆژ ئاڵۆزتر دەبوو، نوێنەران هەستیان بەوە کرد کە بۆ سەرکەوتن لە خولەکانی داهاتوودا پێویستیان بە چالاکی هەمیشەیی هەیە و دەبێ لە ماوەی نوێنەرایەتی خۆیاندا پێوەندی بەردەوامیان لەگەڵ بریکارەکانی (موکلین) خۆیاندا هەبێ. هەر بۆیە هەست بە پێویستی هەمیشەیی بوونی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن کرا و ئەم کۆمیتە کاتیانە شێوازی هەمیشەییان بەخۆیانەوە گرت. کۆمیتەکانی هەڵبژاردن ئەرکی جۆراوجۆریان لە ئەستۆ دابوو. بۆ نموونە ئەرکی ئەم کۆمیتانە ئەوەبوو کە پێوەندی لە نێوان نوێنەران و حەوزەی هەڵبژاردنیاندا

(١٠٦) هەمان سەرچاوە.

رێك بخەن و بۆچوونەکانی خەڵك بگوازنەوە بۆ نوێنەران و خەڵکیش لە بیروبۆچوونی نوێنەران ئاگادار بکەنەوە. بە وتەیەکی تر، ئەم کۆمیتانە وەك بەیەك گەیەنەری نێوان خەڵك و نوێنەران دەجووڵانەوە. لە روانگەی مۆریس دۆڤێرژە و هەندێ لێکۆڵەری وەك (دۆنکێن)، گۆڕینی کۆمیتە کاتییەکان بۆ هەمیشەیی یەکێك لەو هەنگاوە گرنگانەبوو کە زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان خۆشکرد[١٠٧]. لە وڵاتی فەرەنسا ئەم ئەرکە لە ئەستۆی ئەو کۆمیتانەدا بوو کە لەژێر چاوێری ئاریستۆکراتییەکاندا بوون و لە وڵاتی ئینگلتەرا هەندێ کۆمیتە بەناوی (کاکس)[١٠٨] ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆدابوو. بۆ یەکەم جار یەکێك لەم کاکسانە کە لەژێر رێبەرایەتی (چمبرلین) دابوو ناوەکەی خۆی گۆڕی بە حیزبێکی سیاسیی.

لە نێوان پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکان ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە ئایا دروستبوونی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن دەرەنجامی بەخورتی و سروشتی بەگشتی بوونی مافی دەنگدانە، یاخود فاکتەرەکانی دیکەش لەم بارەیەوە رۆڵیان هەیە؟

(ژان شارلوت)، توێژەری دیار و بەناوبانگی فەرەنسی لەو باوەڕەدایە کە یەکێك لە فاکتەرەکانی دروستبوونی ئەم کۆمیتانە دروستبوونی جۆرە رۆحیەتێکی یەکسانیخوازیی بوو لەنێوان هاوڵاتیانی ئەوروپیدا. ئەو توێژەرانەی کە تازە پێیان نابووە گۆڕەپانی سیاسەتەوە، هەوڵیاندەدا بە دروستکردنی ئەم کۆمیتانە رووبەڕووی ئاریستۆکراتەکان ببنەوەو ئارستۆکراتەکانیش بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان جگە لە دروستکردنی ئەم کۆمیتانە هیچ رێگا چارەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەبوو[١٠٩].

هۆکاری دروستبوونی ئەم کۆمیتانە بە هەر شتێك بزانین، لە روانگەی مۆریس دۆڤێرژە و هەندێك لە پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکانەوە، ئەم کۆمیتانە یەکەمین کاکڵەی حیزبە سیاسییەکانیان بە واتا نوێیەکەی پێکهێنا. حیزبە سیاسییەکان لە ئەنجامی هەر دوو تێکەڵبوونی ستوونی و ئاسۆییەوە دروستبوون.

تێکەڵبوونی ستوونی لە نێوان گرووپە پارلەمانییەکان و کۆمیتەکاندا دروستبوو و گرووپە پارلەمانییەکان رێبەرایەتی کۆمیتەکانی هەڵبژاردنی جێی پەسەندی خۆیانیان لە ئەستۆ گرت. تێکەڵبوونەکەی‌تر لەسەر تەوەری ئاسۆیی بوو کە تێیدا کۆمیتە هاوئاراستە سیاسییەکان لەگەڵ

(١٠٧) DENQVIN J. M., 1985., op.cit., P.248.
(١٠٨) CAUCUS.
(١٠٩) CHARLOT J, Les Parties POlitiques, op., cit., P.27.



یەکتردا تێکەڵبوون و رێبەرایەتی ئەو گرووپە پارلەمانییەیان گرتە ئەستۆ کە حەزیان لێبوو. بەم جۆرە گرووپە پارلەمانییەکان لەسەر ئاستی سەرانسەری وڵاتدابوونە خاوەن رێکخستنێکی هەمیشەیی و رێکخراو و رێکخستنی حیزبی دروستبوون. بە وتەیەکی تر لە روانگەی دۆڤێرژەوە حیزبە سیاسییەکان دەرەنجامی یەکگرتنی نێوان کۆمیتەکانی هەڵبژاردنن لەلایەکەوە و کۆمیتەکانی هەڵبژاردن و گرووپە پارلەمانییەکانن لەلایەکی ترەوە. هەندێ توێژەری وەك (ژان ماری دۆنکێن) لەو باوەڕەدان کە ناتوانین گەشەکردنی مافی دەنگدان بە تاکە هۆکاری دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان بزانین. لە روانگەی دۆنکینەوە، دەبێ سەرچاوەی حیزبە سیاسییەکان بە تێپەڕبوون لە سیستەمی بریکارێتی تەواو دەسەڵاتەوە (وکالت تام الاختیار) بۆ سیستەمی نوێنەرایەتی (نمایندگی) بزانین. لە رابردوودا، نوێنەرانی خەڵك برێکارگەلێکی تەواو دەسەڵات بوون کە پاش هەڵبژاردنیان، پێوەندییان بە تەواوی لەگەڵ بریکاردارەکانیاندا (موکلین) دەپچڕاو بەهەر جۆرێك کە بیانویستایە بڕیاریان دەدا، بەڵام بە دروستبوونی دیموکراسی، نوێنەرانی چەمکی نوێنەر تووشی وەرچەرخان و گۆڕانکاری بوو و نوێنەر نەك وەك بریکار بەڵکو وەك نوێنەر و دەربڕی بیروبۆچوونەکانی جەماوەر هاتە ئاراوە. هەربۆیە نوێنەرەکان هیچ چارەیەکیان نەبوو جگە لە پێوەندی هەمیشەیی لەگەڵ جەماوەردا و خۆیان بە پابەند دەزانی بۆ پیوەندی بەردەوام لەگەڵ ئەواندا. بەرپا کردنی پێوەندی بەردەوام لەگەڵ حەوزەی هەڵبژاردن وای دەخواست تا نوێنەران هەڵبسن بە دروستکردنی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن هەتا بتوانن لەم رێگەیەوە ئەم پێوەندییە بهێننەدی و بە دامەزراوی بکەن[١١٠].

## حیزبە ناپارلەمانییەکان (دەرەکی):

دۆڤێرژە پاش باسکردنی شێوازی دروستبوونی یەکەمین دەستە لە حیزبە سیاسییەکان واتە حیزبە پارلەمانییەکان باس لە شێوازی دروستبوونی دەستەی دووهەمی حیزبە سیاسییەکان دەکات واتە ئەو حیزبانەی کە لە دەرەوەی پارلەماندا سەریان هەڵداوە. لە روانگەی دۆڤێرژەوە ئەم دەستە لە حیزبە سیاسییەکان رەگوریشەیان لەناو گرووپەکانی گوشار، سەندیکا کرێکارییەکان و گرووپە هزرییەکاندایە کە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرە ئەوروپییەکاندا بوونیان هەبووە. ئەم رێکخراوانە لە سەدەی نۆزدەهەم و پاش بەگشتی بوونی مافی دەنگدان گۆڕان بە

(١١٠) Ibid., P.242.

حیزبی سیاسی و بوونە سەرچاوەی گەلێك لە حیزبەکانی دەرەوەی پارلەمانەکان[١١١]. بەپێچەوانەی حیزبە پارلەمانییەکان، ئەو حیزبانەی کە دەرەوەی پارلەمانەکان سەریانهەڵدابوو لە دەرەوەی ژینگەی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان چالاکییان دەنواند و زۆربەیان بەکاری هزریی و سیاسییەوە خەریکبوون[١١٢].

رەنگە بتوانین بڵێین کە حیزبی کرێکاری بەریتانیا باشترین نموونەی ئەو حزبانەیە کە لە دەرەوەی پارلەمان سەریانهەڵداوە. لە ساڵی ١٨٩٩، لە کۆنگرەی ساڵانەی یەکێتییە کرێکارییەکانی بەریتانیا بڕیاردرا تا سەندیکا کرێکارییەکان لە چوارچێوەی رێکخراوێکی نوێ لەژێر ناوی ((حیزبی کرێکار)) رێك بخرێن، تا باشتر بتوانن بەرگری لە بەرژەوەندی کرێکارانی بەریتانیا بکەن. پاش ئەم بڕیارە، لە ساڵی ١٩٠٠ بە فەرمی دروستبوونی حیزبی کرێکاری بەریتانیا راگەیەندرا. ئەم حزبە سەرەتا هیچ پێگەیەکی لەناو پارلەماندا نەبوو و لە سەندیکا کرێکارییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، حیزبی کرێکار لەو حیزبە ناڕاستەوخۆیانەیە کە ئەندامەکانی سەرەتا ئەندامی یەکێتی کرێکارین و لە رێگای یەکێتییەوە دەبنە ئەندامی حیزب. بە وتەیەکی تر ئەمە یەکێتییەکانن کە ئەندامی حیزبن نەك تاکەکان. حیزبی کرێکار توانی بە سوود وەرگرتن لە ئیمکانیاتی سەندیکا کرێکارییەکان بەخێرایی گەشە بکات و وەك حیزبێکی بەهێز لەم وڵاتەدا سەرهەڵبدات. نموونەیەکی تری حیزبە ناپارلەمانییەکان، حیزبە دیموکرات مەسیحییەکانن کە لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی لەگەڵێك لە وڵاتانی ئەورووپیدا سەریانهەڵدا. ئەم حیزبانە ((خاوەن رێکوپێکی و زنجیرەی پلەوپایەی رێکخستنی بەهێزن و بەزۆری ناوەندگەران و دیسپلینی حیزبی لەم حیزبانەدا بەهێزە و نوێنەرانی حیزب لە ئەنجوومەندا ملکەچی رێکخستنەکانن))[١١٣]. دۆڤێرژە ئەوە پیشاندەدات کە ئەم دوو دەستە لە حیزبەکان جیاوازی سەرەکییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. بۆ نموونە، حیزبە پارلەمانییەکان لە پرۆسەیەکدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بەدەست پێشخەری رێبەران دروستکراون، لە کاتێکدا کە حزبە ناپارلەمانییەکان لە پرۆسەیەکدا لە خوارەوە بۆ سەرەوە دروستکراون. جیاوازییەکی دیکەی ئەم دوو دەستە لە حیزبەکان ئەوەیە کە حیزبە پارلەمانییەکان لەڕووی رێکخستنەوە ناچەقبەستوون (دیسانترالیستی) و دیسپلینی حیزبی تیایاندا لاوازە، لەکاتێکدا کە حیزبە

(١١١) DUVERGER M., 1967, op. cit., P.10 et Suir.
(١١٢) Ibid., PP.8-9.
(١١٣) LECOMTE P., DENNI B., sociologie du politique, op. cit., P.66.



ناپارلەمانییەکان خاوەن رێکخستنێکی چەقبەستوون (سانترالیستی) و خاوەن دیسپلینێکی بەهێزی حزبین.

## ٢- هەڵسەنگاندی تیۆری دۆڤێرژە:

تیۆری مۆریس دۆڤێرژە لەلایەن گەلێك لە توێژەرانی پاش خۆیەوە سەرنجی دراوەتێ و هێشتا خاوەن بایەخ و بەهای تایبەت بەخۆیەتی و بەباشی دەتوانێ رەچەڵەکناسی بەشێك لە حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوادا بخاتەڕوو. بەم حاڵەش تیۆری دۆڤێرژە لەلایەنی جۆراوجۆرەوە شیاوی رەخنەلێگرتن و هەڵسەنگاندنە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

*** خافڵ بوون لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان**

سەرەڕای ئەوەی تیۆری دۆڤێرژە بەشێك لە راستییەکانی پەیوەست بە سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا بە باشی روون دەکاتەوە، بەڵام بەشێکی گرنگ لە راستییەکان لەبەرچاو ناگرێ. مۆریس دۆڤێرژە بەگشتی بوونی مافی دەنگدان لەسەدەی نۆزدەهەم بە گرنگترین هۆکاری لەدایکبوونی حیزبە سیاسییەکان دەزانێ و توێژەرێکی وەك (دۆنکین)یش لەو باوەڕەدایە کە تێپەڕبوون لە سیستەمی نوێنەرایەتی بریکارێتی گرنگترین هۆکاری دروستبوونی حیزبە سیاسییەکانە. بە وتەیەکی تر، بە دروستبوونی دیموکراسی، نوێنەرایەتی و چەمکی نوێنەر تووشی وەرچەرخان و گۆڕان هات و نوێنەر بووە دەربڕی بیروبۆچوونەکانی جەماوەر و نوێنەران هیچ چارەیەکیان نەبوو جگە لە پێوەندی هەمیشەیی لەگەڵ جەماوەردا و بۆ ئەوەی بتوانن دەربڕی بۆچوونی راستەقینەی جەماوەربن، دەستیان دایە دروستکردنی کۆمیتەکانی هەڵبژاردن و پێوەندی خۆیانیان لەگەڵ حەوزەی هەڵبژاردنیاندا بە دەزگایی کرد.

پێدەچێ مۆریس دۆڤێرژە و دۆنکین لە خستنەڕووی واقیعی دیموکراسی لە رۆژئاوا هەندێك زێدەڕۆییان کردبێ. ئەم نووسەرانە، نوێنەران بە دەربڕی راستەقینەی بیروبۆچوونەکانی جەماوەر وێنا دەکەن. بەپێی ئەم دیدگایە، نوێنەرانی خەڵك بۆ ئەوەی بتوانن وەك ناوبژیوان لە نێوان جەماوەر و حکوومەت لە بیروبۆچوونەکانی ئەوان ئاگاداربن هەستان بە دروستکردنی حیزبە سیاسییەکان، لەکاتێکدا کە راستییەکان پێچەوانەی ئەمە پیشان دەدات. پێدەچێ ئەوەی کە پتر لە هەر شتێکیتر رێگای بۆ حیزبایەتیکردن خۆشکردبێ ئاڵۆزبوونی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن و دژواریی گەیشتن بە کورسییەکانی نوێنەرایەتی بێت. لە رابردوودا، تەنها ئاریستۆکراتەکان و ئەو کەسانەی کە توانایان هەبوو رێژەیەکی دیاریکراو باج بدەن، مافی ئەوەیان هەبوو بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن و ئەنجامی هەڵبژاردن لە شار و گوندەکان پێش وەخت دیاریکرابوو و هەر

ئەوەندە بەس بوو کە کەسانی دەستڕۆیشتوو و ئاریستۆکراتەکان پشتگیری لە پاڵێوراو یا پاڵێوراوگەلێك بکەن تا بچنە ناو ئەنجوومەن. بەڵام، بە پەرەسەندنی مافی دەنگدان بۆ هەمووان و هاتنی توێژە نوێیەکان بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسەت، مەیدانەکانی هەڵبژاردن بوونە گۆڕەپانی راستەقینەی ململانێ لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکاندا و تەنها پشتگیری ئاریستۆکراتەکان بەس نەبوو بۆ گەیشتن بە کورسییەکانی نوێنەرایەتی. کەوابوو بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردن هیچ چارەیەك نەبوو جگە لە چالاکی تۆکمە و رێکخراوەیی و بەبێ بەرنامە دارشتنی ورد و چالاکی درێژخایەن، هیچ دەرفەتێك بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا نەبوو. بە وتەیەکی تر، هەروەك دۆڤێرژە دەڵێ حیزبە سیاسییەکان لە درێژەی رەوتی گەشەکردنی مافی دەنگدان بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی جەماوەر سەریانهەڵدا و میکانیزمی دروستبوونیشی هەر بەو جۆرەیە کە دۆڤێرژە دایرشتووە. بەڵام دەبێ پاڵنەری سەرەکی رووکردنە حیزبەکان لەم قۆناغەدا بە ئاڵۆزبوونی زیاتری یاساکانی یارییەکە بزانین لە درێژەی ململانێکانی هەڵبژاردندا. لە سەدەی نۆزدەهەم، بە پێچەوانەی رابردوو، سەرکەوتن لە هەڵبژاردن پێویستی بە بەرنامەرێژی درێژخایەن و تەرخانکردنی کات و خەرجی زۆر و ستراتیژی شیاو بوو. ئەنجامدانی ئەم کاروبارانە ئیدی بەشێوازێکی کلاسیکی مومکین نەبوو و دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان بە یەکێك لە سروشتی ترین رێگاکانی گەیشتن بەم ئامانجە دەهاتە پێش چاو. ئەگەر بمانەوێ لە تێروانینێکی کارکردگەرایانە نەك دەزگاگەرا سەیری ئەم دیاردەیە بکەین، دەبێ بڵێین کە لە رەوتی بەگشتی بوونی مافی دەنگدان، هەندێ کارکرد و رۆڵی نوێ دروستبوون کە شێوازە کلاسیکییەکان ئیدی توانای لەئەستۆ گرتنی ئەوانیان نەبوو و بە سەرنجدان بەوەی کە زەمینە فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان خۆشبوون بۆ دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان، رێکخراوە حیزبییەکان ئەم کارکردانەیان لە ئەستوگرت. بەڵام، لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دەمێنێتەوە کە دۆڤێرژە هەر لە بنەڕەتەوە خەریکی نەبووە. پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی لە نێوان رێکخراوە جۆراوجۆرەکان حیزبە سیاسییەکان ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆگرت. بەشێوەیەکی گشتی دۆڤێرژە لەم روانگەیەوە سەیری دیاردەی حیزبایەتی ناکات و تەنها باس لە میکانیزمی دروستبوونی رێکخراوە حیزبییەکان دەکات. لەڕاستیدا دۆڤێرژە واقیعی ناو کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بەو جۆرەی کە دەیبینێ دەیخاتە ڕوو و باس لە پشت پەردە و ئەو وەرچەرخانانە ناکات کە لە سەرووی دروستبوونی حیزبەکانەوە لە ئارادان. لە راستیدا دەبێ بڵێین کە دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان هاوکاتە لەگەڵ بەگشتی بوونی مافی دەنگدان و شێوازەکەشی



هەر بەو جۆرەیە کە دۆڤێرژە باسی لێوەکردووە. بەڵام لە پشت پەردەی بەگشتی بوونی مافی دەنگدان گەلێك پرسی دیکە لە ئارادان کە لە شیکردنەوەکەی دۆڤێرژە باسیان لێوەناکرێ. حیزبایەتی بە واتا نوێیەکەی دەرەنجامی سروشتی چوارچێوەی ئەو وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییە گرنگانەیە لە رۆژئاوا کە بەدرێژایی سەدەکانی ١٨ و ١٩ روویاندا.

*** رۆژئاوا تەوەریی تیۆری دۆڤێرژە:**

تیۆری مۆریس دۆڤێرژە تەنها دەتوانێ بەشێك لە واقیعی حیزبەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا روون بکاتەوە و ناتوانێ باس لە سەرچاوەی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکاندا بکات. لەڕاستیدا دۆڤێرژە لە کتێبەکەی خۆیدا باس لەو شتە دەکات کە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا بینیویەتی. تیۆرییەکەی ئەو ئەگەر لە ئەوروپا بتوانێ شیاوی جێبەجێکردن بێ بێگومان لە باسکردنی واقیعی حیزبەکان لە کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکاندا بەرەو ڕووی گرفتی جیدی دەبێتەوە. هەندێك لە توێژەران و پسپۆڕانی حیزبەکانیش لە هەڵسەنگاندنی تیۆرەکانی دۆڤێرژە سەرنجیان داوەتە سەر ئەم خاڵە. بۆ وێنە، (کنس جاندا)، توێژەری بەناوبانگی ئەمەریکی، کە گەلێك بەرهەمی دەربارەی حیزبە سیاسییەکان نووسیوە، رەخنە لەم جۆرناسییەی دۆڤێرژە دەگرێ و بەبێ توانای دەزانێ لە باسکردنی راستی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکاندا. جاندا لەگەڵ تیمی توێژینەوەی خۆی، ٢٧٧ حیزبی سیاسییان لە وڵاتانی جۆراوجۆر دایە بەر توێژینەوە و پێشانیاندا کە ٧٢ حیزبی توێژینەوە لەسەرکراو لە وڵاتانی ئەفریقایی تەنها ١٣/١ یان خاوەن سەرچاوەی پارلەمانین، ئەمە لە کاتێکدایە کە ٣/٢ حیزبە سیاسییەکانی لە رۆژئاوا لە ناو پارلەمانەکانەوە سەریانهەڵداوە(١١٤).

توێژەرانی دیکەی وەك (لاپالۆمبارا) و (واینر) لە هەڵسەنگاندنی تیۆرەکانی دۆڤێرژە، رەخنەیان لە رۆژئاوا تەوەرییەکەی گرتووە. ئەو شتەی کە ئەم دوو نووسەرە لێی خافڵ بوون ئەمەیە کە لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا دام و دەزگاکانی نوێنەرایەتی و ئەو رێکخراوانەی کە کاکڵەی سەرەتایی حیزبەکانیان پێکدەهێنا پێشتر بوونیان هەبووە و بەگشتی بوونی مافی دەنگدان زەمینەی خۆشکرد تا حیزبە سیاسییەکان بێنە ناو گۆڕەپانەکەوە. بەڵام لەگەڵێك لە

(١١٤) JANDA K., Information Retrieval, Application to Political science, Indiana Polis, 1962.

کۆمەڵگا نا رۆژئاواییەکان، حیزبە سیاسییەکان بەبێ بوونی پێشینەیەکی لەم جۆرە لەدایکبوون[١١٥]. لە گەلێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم حیزبەکان لە هەلومەرجێکدا لەدایك بوون کە کۆمەڵگا خاوەنی دامودەزگای نوێنەرایەتی و دیموکراتی نەبووە و لە گەلێك لەم کۆمەڵگایانەدا لەدایکبوونی حیزبەکان هاوکات بووە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەکان و ئەمە لەکاتێکدایە کە حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا لە ناخی دەوڵەت-نەتەوەکاندا لەدایکبوون. بەشێوەیەکی سروشتی لەگەلێك لە وڵاتانی نارۆژئاوایی، زۆربەی حیزبەکان ناپارلەمانین و لە زۆر حاڵەتدا حیزبەکان بە مەبەستی دروستبوونی دامودەزگا دیموکراتییەکانی وەك پارلەمان سەریانهەڵداوە. رێساکەی دۆڤێرژە تەنانەت لە ئەورووپاش هەندێ کەموکوڕی جێی سەرنجی هەیە. چونکە لەم وڵاتانەشدا دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان هەمیشە لەگەڵ بەگشتی بوونی مافی دەنگدان و سەقامگیربوونی تەواوی دیموکراسیدا هاوکات نەبووە. بۆ نموونە، لە وڵاتی ئینگلتەرا، حیزبە سیاسییەکان کاتێك لەدایکبوون کە دیموکراسی هێشتا بە واتای راستەقینە لەم وڵاتەدا جێگیر نەبوو بوو و بەگشتی بوونی مافی دەنگدانیش لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیدابوو. لە هەندێ وڵاتی وەك نەرویج و سوێد، ئەو کاتەی کە حیزبە سیاسییەکان هاتنە ناو مەیدانەکەوە هێشتا هیچ باسێك لە بەگشتی بوونی مافی دەنگدان لەئارادا نەبوو. لەلایەکی ترەوە، لە وڵاتانی وەك دانیمارك و فەرەنسا پێچەوانەکەی بەدی دەکەین. لەم وڵاتانەدا، سەرەڕای بەگشتی بوونی مافی دەنگدان دروستبوونی حیزبە سیاسییە راستەقینەکان چەندین ساڵ درێژەیان کێشا[١١٦].

بە سەرنجدان بەوەی کە گوترا، هەندێ لە توێژەران وەك (ژان شارلوت) لە چاکسازی کردنی تیۆرییەکەی دۆڤێرژەدا دەڵێن کە حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوادا کاتێك پێیان نایە مەیدانەوە کە توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك هەستیان دەکرد کە پێویستە هەموو هێزەکانی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسییدا مۆبیلیزە بکەن[١١٧]. بە وتەیەکی تر، تا ئەو کاتەی کە گۆڕەپانی سیاسەت

(١١٥) LAPALOMBARA J., WEINER M., Political Parties and Political Development. Op. cit., P.29.

(١١٦) ئیۆمۆنی تیۆری دۆڤێرژە بە خاوەن کەموکوڕی زۆر دەزانێ و ژمارەیەك لەم کەموکورتیانە باس دەکات بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بۆ:

MENY Y., Politique com Paré e, Paris, Domat-Montchrestien., 1993, P49.

(١١٧) CHARLOT J, CHRLOT M, “Les groupes Politiques Politiques dans Leur environnement et L’interaction des groupes Politiques”, in Grawitz M., Leca J. (dir), Traité de science Politique, 3, L’action Politique, Paris, PUF, 1985., PP.444.



قەڵەمڕەوی پاوانکراوی چالاکی ژمارەیەك ئاریستۆکرات یا سیاسەتمەداری شارەزا بوو، هەست بە پێویستی رێکخراوە حیزبییەکان نەدەکرا. دەرەنجام ئەوەیە کە، حەز بە بەشداریکردن و ئامادەبوون لە گۆڕەپانی سیاسی گرنگترین فاکتەری لەدایکبوونی حیزبە سیاسییەکانە و بەگشتی بوونی مافی دەنگدان گرنگترین سیمای ئەم بەشداربوونەیە. کەوابوو دەتوانین بڵێین لەو شوێنەی کە مافی دەنگدان گشتگیر دەبێ حیزبە سیاسییەکان زەمینەیەکی لەبار بۆ چالاکی دەدۆزنەوە و یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی دروستبوونی حیزبەکان دێتەدی. ئەم مەرجە ئەگەرچی پێویستە بەڵام بەس نییە.

## * لەبەرچاو نەگرتنی فاکتەرە ئایدۆلۆژییەکان:

یەکێکی دیکە لەو رەخنانەی کە لە تیۆری دۆڤێرژە گیراوە، ئەوەیە کە ئەو لە تیۆرییەکەی خۆیدا رۆڵی فاکتەرە ئایدۆلۆژییەکانی لە دروستبوونی حیزبە سیاسییەکاندا لەبەرچاو نەگرتووە. مێژووی سیاسی رۆژئاوا باس لەم راستییە دەکات کە بەر لە دروستبوونی پارلەمان و گرووپە پارلەمانییەکان، ئەم کۆمەڵگایانە بینەری هەندێ ململانێی ئایدۆلۆژیایی بوون دەربارەی کۆمەڵێك پرسی وەك دیموکراسی و زەروورەتی بوونی دامودەزگای دیموکراتی وەك پارلەمان. هەندێك لە نووسەران[١١٨] بەگشتی بوونی مافی دەنگدان و دروستبوونی پارلەمان بە بەرهەمی ئەو خەباتە هزریی و ئایدۆلۆژیاییە دەزانن کە ساڵانێکی دوور و درێژ کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان بەخۆیانەوە بینیویانە. کەواتە، بەر لەوەی مافی دەنگدان گشتگیر ببێ و بەر لەوەی کە گرووپە پارلەمانییەکان دروستبن، حیزبە ئایدۆلۆژییەکان لە هەندێ لە وڵاتاندا سەریانهەڵدا و زەمینەیان بۆ دروستبوونی حیزبە پارلەمانییەکان خۆشکرد.

هەروەك تێبینی دەکرێ، دابەشکردنەکەی دۆڤێرژە پتر رواڵەتییە و بینەری واقیعێکی مێژووییە. دۆڤێرژە، حیزبەکان بە بەرهەمی بوونی دامودەزگا دیموکراتییەکان لەناو کۆمەڵگاکاندا دەزانێ و هەوڵدەدات وێڕای خستنە ڕووی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ تێگەیشتنی باشتر لە چۆنێتی سەرهەڵدانی حیزبەکان لە رۆژئاوا رێکخستنی حیزبەکان پۆلێن بکات. بە سەرنجدان بەو گرنگییەی کە پێکهاتە و دەزگا لە روانگەی دۆڤێرژەوە هەیانە، جۆرناسییەکی

(١١٨) LAPALOMBARA J., WEINER M., Political Parties and … 1966, op, cit., PP. 11-12, PALMER R., The Age of the Democratic Revolution, Princeton University Press, 1959.

لەم جۆرە دەربارەی حیزبەکان بە سروشتی دێتە پێش چاو. ئەو رەخنانەی کە لە تیۆری دۆڤێرژە گیراون پتر باس لەم راستییە دەکەن کە دۆڤێرژە لە توێژینەوەی حیزبەکاندا لەرادەبەدەر گرنگی بە دامودەزگا و رێکخراوی حیزبی دەدات و لە شیکردنەوەکانی خۆیدا فاکتەرەکانی کۆمەڵناسانە و ئایدۆلۆژیایی و فەرهەنگی رێخۆشکەر بۆ حیزبەکان لەبەرچاو ناگرێ و ئەزموونی هەندێ لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان دەکاتە بنەمای تیۆر دارێژی خۆی. سەرەرای ئەو رەخنانەی کە لە دۆڤێرژە گیراون، تیۆرییەکەی ئەو هێشتا هێز و بایەخی پێویستی هەیە و لانیکەم سووچێك لەراستی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا بە باشی روون دەکاتەوە.

## ب- حیزبە سیاسییەکان و نوێگەرایی: تیۆری لاپالومبارا و واینر

هەندێك لە توێژەران و پسپۆرانی حیزبە سیاسییەکان سەرهەڵدانی حیزبەکان بە دەرەنجامی نوێگەرایی سیاسی دەزانن و لەو باوەرەدان کە حیزبەکان بەرهەمی پرۆسەیەکن کە چارەنووسی حەتمی هەموو کۆمەڵگاکانە. ئەم پرۆسەیە کە بە گەشەکردنی سیاسی یا مۆدێرنیزمی سیاسی ناودەبرێت خاوەن چەندین قۆناغی جۆراوجۆرە کە کۆمەڵگاکانی بەرەو گەشەکردن ناچارن پێیدا تێپەرِبن. حیزبە سیاسییەکان لە هەندێ قۆناغی تایبەت لە گەشەکردنی سیاسی سەرهەڵدەدەن.

(ژۆزف لاپالۆمبارا) و (مایرۆن واینر) لە بەناوبانگترینی ئەو نووسەرانەن کە بە تێروانینێکی لەم جۆرە سەیری حیزبە سیاسییەکان دەکەن. ئەم دوو نووسەرە لە بەرهەمە نەمر و کلاسیکییەکەی خۆیاندا لەژێر ناونیشانی (گەشەکردنی سیاسی)، وتارێك بۆ حیزبە سیاسییەکان تەرخان دەکەن(١١٩). نووسەرانی ئەم وتارە هەوڵیاندا پێوەندی نێوان گەشەکردنی سیاسی و حیزبەکان پێشانبدەن. هەوڵی ئەم نووسەرانە ئەوەیە کە لە شیکردنەوەکانی خۆیاندا لە رۆژئاوا تەوەری دوور بکەنەوە و مۆدیلێکی جیهانگیری وا بخەنە روو کە هەموو کۆمەڵگاکان بتوانن کەڵکی لێوەربگرن. نیگەرانی ئەم دوو نووسەرە لە هەموو شوێنەکانی بەرهەمە بە ناوبانگەکەیاندا بەدی دەکرێ و تەنانەت ئەو کاتەی کە دەیانەوێ پێناسەی حیزبی سیاسی بکەن، هەوڵدەدەن پێناسەیەکی وا بخەنەروو کە حیزبەکانی کۆمەڵگا نادیموکراتییەکانیش لەخۆ بگرێت. ئەم دوو توێژەرە، چوار تایبەتمەندی بۆ حیزبی سیاسی دەستنیشان دەکەن کە

(١١٩) LAPALOMBARA J., WEINER M., Political Parties … op. cit., 1966, P.7.



تایبەتمەندی چوارەمی بەم جۆرەیە: ((حیزبی سیاسی لە رێگای هەڵبژاردن یا لە رێگاکانی ترەوە بەدوای راکێشانی پشتگیریی جەماوەریدا دەگەرێ))(١٢٠). ئەو کۆتەی کە لەم پێناسەیەدا هەیە پێشاندەری ئەم راستییەیە کە لاپالومبارا و واینر بە پێچەوانەی دۆڤێرژە لە هەوڵی ئەوەدان کە چوارچێوەیەکی تیۆریی بۆ هەموو کۆمەڵگاکان بخەنەروو و لە شیکردنەوەکانی خۆیاندا لە رۆژئاوا تەوەری دووربکەونەوە. لاپالومبارا و واینر بۆ روونکردنەوەی سەرچاوەی حیزبە سیاسییەکان کەڵك لە چەمکی قەیران وەردەگرن و لەو باوەرەدان کە لە درێژەی رەوتی نوێگەرایی سیاسی هەموو کۆمەڵگاکان ناچارن بەسەر چەند قەیرانێکی گرنگدا تێپەرِبن. حیزبە سیاسییەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بۆ رووبەرِووبوونەوەی ئەم قەیرانانە دروستکراون. بە وتەیەکی تر، حیزبە سیاسییەکان وەك وەڵامێك بۆ ئەم قەیرانە لە قەڵەم دەدرێن. ئەم دوو توێژەرە، لەو باوەرەدان کە هەموو رژێمە سیاسییەکان لە رەوتی گەشەکردندا بەناچار لەگەڵ سێ قەیرانی سەرەکی بەرەو روون و حیزبە سیاسییەکان بۆ رووبەرِووبوونەوەی ئەم سێ قەیرانە دروستدەبن. ئەم قەیرانانە بریتیین لە: قەیرانی رەوایی، قەیرانی هاوبەندیی و قەیرانی بەشداری کە بە کورتی باسیان لێوەدەکەین.

### ١- قەیرانی رەوایی و حیزبایەتی:

قەیرانی رەوایی ئەو یەکەمین قەیرانەیە کە هەموو دەوڵەتەکانی لە حاڵی گەشەکردن رووبەرِووی دەبنەوە. ئەم قەیرانە دەرەنجامی لەناوچوونی بنەما نەریتییەکانی رەواییە. دەوڵەتانی رابردوو، لە بنەرِەتدا لەگەڵ گرفتێك بەناوی رەوایی بەرەو روونەبوون و نەریتەکان یا ئایینێکی هەتاییان بە بنەمای فەرمانرِەوایی خۆیان زانیوە و بە پێویستیان نەزانیوە بۆ بەدەستهێنانی رەوایی بۆ خەڵك بگەرێنەوە. بە دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکان، بنەما نەریتییەکانی رەوایی لەناوچوون و دەوڵەتەکان ناچاربوون بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی گشتی، رەواییەك بۆ حکوومەتەکەی خۆیان دروستبکەن. کەوابوو، بەم جۆرە بۆ یەکەمین جار رەوایی سیستەمە سیاسییەکان تووشی قەیران هات. فەرمانرِەواکان و خاوەن دەسەڵاتەکان بۆ رووبەرِووبوونەوەی ئەم قەیرانە هەستان بە دروستکردنی حیزبە سیاسییەکان بۆ یەکەم جار حیزبە سیاسییەکان لە ئەورووپا سەریانهەڵدا. بەم جۆرە یەکەمین حیزبە سیاسییەکان، ئەو حیزبانەن کە بۆ رووبەرِووبوونەوەی قەیرانی رەوایی سەریانهەڵدا. زۆربەی ئەو حیزبانەی کە

(١٢٠) Ibid., P.6.

دۆڤێرژە بە حیزبە ناوەکییەکان یا پارلەمانییەکان ناویان دەبات لەم گرووپەدا جێگیر دەبن و بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانی رەوایی دروستکراون.

## ٢- قەیرانی هاوبەندی (قەیرانی ئینتگراسیۆن):

قەیرانی هاوبەندی ئەو دووهەمین قەیرانەیە کە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە حاڵی نوێگەرایی سیاسیدان بەرەو رووی دەبنەوە. دەوڵەت-نەتەوەکان بە دروشمی ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەرایی دروستبوون و بەتەمای زاڵکردنی زمان و فەرهەنگێکی تایبەتن. برەوپێدانی یەك زمان و یەك فەرهەنگ دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەمینە ئەتنی و نەژادییەکان لە بەرامبەر دەوڵەتە ناوەندییەکان دەربارەی شوناسی خۆیان هەست بە مەترسی بکەن و بەرەنگاری ببنەوە. بەم جۆرە، نوێگەرایی سیاسی لە رۆژئاوا لەگەڵ قەیرانی هاوبەندیی و بزاڤەکانی دوورکەوتنەوە لەناوەند هاوڕێ بووەکە دەوروبەری رووبەڕووی ناوەند کردۆتە. کەلێنی نێوان ناوەند و دەوروبەر لە ئەوروپا بووە هۆی گرژییەکی فراوان و قەیرانێکی لێکەوتەوە کە بە قەیرانی هاوبەندیی ناو دەبرێت. لاپالۆمبارا و واینر لەو باوەڕەدان کە گەلێك لە حیزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا رەگوریشەیان لەناو ئەم قەیرانە دایە. حیزبە ئەتنی و نەژادییەکان لە دەوروبەر و حیزبە ناوەندگەراکان لە ریزی ئەو حیزبانەدان کە لەم قەیرانەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە ئیتالیا و ئیسپانیا و فەرەنسا بینەری گەلێك حیزبی لەم جۆرەین کە بۆ بەرگری لە کەمینەیەکی نەژادی تایبەت دروستکراون. حیزبی موسلم لیگ لە هیندستان نموونەیەکی تری ئەو حیزبانەیە کە لە درێژەی قەیرانی رەواییدا سەریهەڵداوە.

## ٣- قەیرانی بەشداری و سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان:

سێهەمین قەیرانێك کە کۆمەڵگاکان لە پرۆسەی نوێگەرایی سیاسییدا لەگەڵی بەرەو روون قەیرانی بەشدارییە. لە رەوتی نوێگەراییدا، بەتایبەت لە رەوتی بە پیشەسازی بوون، چینەکانی پێشوو وەك ئاریستۆکرات و فیۆدالەکان پێگەی رابردووی خۆیان لە دەستدا و پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانی رابردوو تووشی قەیران بوون. بە گەشەکردنی پیشەسازی، چینی ناوەنجی شارنشین بەرەبەرە بەهێز بوو و پێگەیەکی گرنگی لە کۆمەڵگادا بەدەستهێنا. ئەم چینە نوێیە کە لە گۆڕەپانی ئابووریدا گرنگییەکی زۆری هەبوو خوازیاری ئامادەییەکی چالاکتر بوو لە گۆڕەپانی سیاسیشدا و کەوتە هەوڵدان بۆ بەشداری هەرچی پتر لە گۆڕەپانی سیاسیدا.



چینی ناوەنجی نوێ بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و بۆ ئەوەی بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا رۆڵ و پێگەی خۆی بەدەستبهێنێ هەستا بە دروستکردنی حیزبە سیاسییەکان[١٢١].

شیاوی باسە کە چەمکی قەیران لەلایەن توێژەرانی جۆراوجۆر، بەتایبەت لە باسی گەشەکردنی سیاسییدا کەڵکی لێوەگیراوە. بۆ وێنە (لۆسیەن پای) لەو باوەڕە دایە، کە کۆمەڵگاکان لە رەوتی نوێگەراییدا ناچارن کە رووبەڕووی شەش قەیرانی جۆراوجۆر ببنەوە. ئەم شەش قەیرانە بریتین لە: قەیرانی شوناس، قەیرانی رەوایی، قەیرانی دەسترۆیی (نفوز)، قەیرانی بەشداری، قەیرانی هاوبەندیی، و قەیرانی دابەشکردن. (لۆسیەن پای)ش لەو باوەڕەدایە کە باشترین رێگا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانە دروستکردنی حیزبە سیاسییەکانە. لەم روانگەیەوە، لەڕاستیدا حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا بە ئامرازێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانە دادەنرێن[١٢٢].

لاپالومبارا و واینر لەو باوەڕەدان کە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانە جۆراوجۆرەکان مەرجی پێویستن (لازم) بۆ دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان لە وڵاتانی رۆژئاواییدا، بەڵام مەرجی تەواو (کافی) نین. حیزبە سیاسییەکان لە هەلومەرجێکدا دروستدەبن کە کۆمەڵگاکان لەڕووی شارنشینی، پێوەندییەکان و خوێندەوارییەوە گەیشتنە ئاستێکی پەسەند رکاو. بە وتەیەکی تر، لەڕەوتی نوێگەرایی لەلایەن توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەستکرا بە پێویستی حیزبایەتی کردن و پاشان حیزبەکان دروستبوون. وتەکەی (هێربرت باترفیلد) لەم بارەیەوە زۆر روونە. ئەو دەنووسێ: ((حیزبە سیاسییەکان لە ئینگلتەرا و سوێد، سەرەتا لەناو زەینی خەڵکدا لەدایکبوون)).

تیۆری نوێگەرایی ئەم خاڵە بەهێزەی تێدایە کە لە شیکردنەوەکانیدا، سەرنج دەداتە سەر کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکانیش، بەڵام بەکردەوە ئەم تیۆرییەش بەجۆرێك لەگەڵ گرفتی رۆژئاوا تەوەرییدا بەرەو رووە. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە لەم رووەوە رۆژئاوا تەوەرن کە رێگای گەشەکردن بۆ کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان هەر بەهەمان رێگای پێوراوی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان دەزانن و باوەڕیان بە رێڕەوێکی ئاسۆیی هەیە بۆ گەشەکردن. ئەم تیۆرییە ئەمڕۆ لەڕووی تیۆر و کادارەوە لەگەڵ کێشەی جدی بەرەو رووە. بەشێکی بەرچاو لە تیۆرداڕێژەرانی گەشەکردنی سیاسی

(١٢١) LAPALOBARA J., WEINAR M., Political Parties and Political…, op. cit., P.11.

(١٢٢) PYE L., Aspects of political Development, Boston, Little Brown, 1967, PP.63-66.

بەتوندی رەخنە لە تیۆرەکانی ئاسۆیی گەشەکردن دەگرن و لەو باوەڕەدان کە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بەپێی پێویستییە فەرهەنگی-سیاسی و مێژووییەکانی خۆیان رێگایەکی تایبەتییان بۆ گەشەکردن هەیە و لەبڕی گەشەکردن دەبێ باس لە ((گەشەکردنەکان)) بکەین. ئەو توێژەرانەی کە لەم بەشەدا باسیان لێوەکرا، لەو باوەڕەدان کە هەموو کۆمەڵگاکان لە رێڕەوی گەشەکردن و نوێگەرایی سیاسیدا بەناچار هەندێ قەیرانی دیاریکراو بەرەو ڕوویان دەبێتەوە و بۆ بەرەنگابوونەوەی ئەم قەیرانانە حیزبی سیاسی جۆراوجۆر دروستدەبن.

## ج- زێدی کۆمەڵایەتی و مێژوویی حیزبەکان: کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و حیزبە سیاسییەکان

تێڕوانینێکی تر کە ئەمڕۆ گەلێك لایەنگری هەیە، هەوڵدەدات حیزبە سیاسییەکان بە سەرنجدان بە زێدی کۆمەڵایەتییان روونبکاتەوە. لەم روانگەیەوە حیزبە سیاسییەکان رەگوریشەیان لەناو کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا دایە. بە وتەیەکی تر، سەرەتا کەلێنە سەرەکییەکان لەناو کۆمەڵگادا دروستدەبن و پاشان لە ئەنجامی پرۆسەیەکدا ئەم کەلێنانە دەبنە حیزبی سیاسی. بەپێی ئەم روانگەیە، باشترین رێگا بۆ جۆرناسی حیزبە سیاسییەکان ناسینی زێدی کۆمەڵایەتییانە. بە وتەیەکی تر لە هەر جێگایەك کە باس لە حیزبی سیاسی دەکرێ، دەبێ لەوێ بەدوای کەلێنێکی سەرەکی لەناو ناخی کۆمەڵگادا بگەڕێین. بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی حیزبەکان دەبێ بزانین ئەو حیزبەی کە مەبەستە رەگوریشەی لەناو کام کەلێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی دایە.

توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای زێدی کۆمەڵایەتییان بۆ یەکەم جار و بەشێوازێکی بەربڵاو و بەڵگەدار لەلایەن توێژەری نەرویجی، (ستین رۆکان)ـەوە ئەنجامدرا. ئەو لە کتێبی (هاوڵاتی، هەڵبژاردن و حیزبە سیاسییەکان)(١٢٣)، توێژینەوەی کۆمەڵناسانەی حیزبە سیاسییەکانی بردە قۆناغێکی نوێوە و گەلێك کەس تێڕوانینی کۆمەڵناسانە لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان بە دەرەنجامی هەوڵەکانی رۆکان دەزانن. لە ڕوانگەی رۆکانەوە، بۆ توێژینەوەی حیزبەکان دەبێ لە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و پێکادان و کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستپێبکەین، چونکە حیزبە سیاسییەکان رەگوریشەیان لەناو کەلێنەکانی ناو کۆمەڵگادایە و لە راستیدا وتەبێژی ئەوانن. لە ئەنجامدا، رۆکان بۆ توێژینەوەی حیزبە

(١٢٣) ROKKAN S., Citizen, Election,… op. cit.



سیاسییەکان لە ئەوروپای رۆژئاوا، توێژینەوەکانی خۆی لە کۆمەڵگای رۆژئاوا و ئەو وەرچەرخانە قووڵانەوە دەستپێکرد کە سەرچاوەی ناکۆکییەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایانەن(١٢٤). ئەو لە توێژینەوەکانی خۆیدا لە شێوازەکانی شیکردنەوەی ((ورد)) و ((درشت)) کەڵکی وەرگرت. رۆکان لە کۆنفرانسێك لە فەرەنسا کە لە یەکێك لە گۆڤارە سیاسییەکانی فەرەنسادا چاپکراوە، بۆ روونکردنەوەی شێوازەکەی خۆی دەڵێ کە لەلایەکەوە توێژینەوەی لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان کردووە لەسەر ئاستی ورد و لەلایەکی ترەوە پێکهاتەی سیستەمە سیاسییەکانی (درشت) لە توێژینەوەکانی خۆیدا داوەتە بەر سەرنج. لەبەر چاوگرتنی فاکتەرە ورد و درشتەکان لەسەرهەڵدان و شیکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان لە ئەوروپای رۆژئاوا بەبێ خوێندنەوەی وردی پێشهات و رووداوە مێژووییەکان مومکین نەبوو. هەر بۆیە رۆکان خۆی بە ناچار زانیوە کە خوێندنەوەیەکی وردی مێژوویی ئەوروپا بکات و لە خوێندنەوەی مێژووییدا هەتا سەدەکانی ناوەڕاست و تەنانەت بەر لەویش دەچێتە پێشەوە(١٢٥).

شیاوی باسە کە لە هزرەکانی رۆکاندا کەلێنە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان دەرەنجامی ئەو کێشمەکێشانەن کە رەگوریشەیان بۆ ئەو ناکۆکیانە دەگەڕێتەوە کە لەناو ناخی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵاون. ئەو گریمانەیەکی خستەڕوو کە بە تێپەڕبوونی کات راستییەکەی هەرچی پتر پەسەندکرا. ئەو لەو باوەڕەدایە کە یەکەمین قۆناغەکانی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. چونکە حیزبەکانی وەرگێڕدراوی کەلێنە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگان و ئەم کەلێنانەش کە لە ئەنجامی رووداوە گرنگە مێژووییەکانی هەر کۆمەڵگایەك دروستدەبن، پاش دروستبوون، سالآنێکی دووردرێژ لەناو ناخی ئەو کۆمەڵگایەدا دەمێننەوەو ئەو حیزبانەش کەلێیانەوە سەرچاوە دەگرن بۆ سالآنێکی دوور و درێژ لە کۆمەڵگادا دەمێننەوە(١٢٦). بە وتەی ئەو کەلێنە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگا لەگەڵ دروستبوونیاندا، بەرەو رچان دەڕۆن. ئەگەرچی دەتوانین هەندێ خاڵی پێچەوانەی تیۆری ((رچانی کەلێنەکان))ی رۆکان بدۆزینەوە، بەڵام ئەوروپای ئەمڕۆ ئێستاش بەکردەوە بینەری ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە شۆڕشی پیشەسازییەوە سەرچاوە دەگرن و لە سەدەی هەژدەهەم

(١٢٤) LIPSET S., ROKKAN S., Cleavages structures, Party systems and Voter Alignmmentman Introduction, Free press. New York, 1977, PP. 1-64.

(١٢٥) ROKKAN S., “Une famile demodele pour I’histoire Comarée de I’Europ occident”, Revue International de pdlitique compare, Vol.2, N1, 1995, PP.140-142.

(١٢٦) LIPSET M., ROKKAN S., Party system and Vote Alignment, Free press, New York, 1977.

چینی کرێکاری لە بەرامبەر خاوەن سەرمایەکان دادەنا. ئەو حیزبە سیاسییانەی کە لەسەر تەوەرەی ئەم کەلێنانە بنیاتنراون هێشتاش بە گرنگترین حیزبەکانی ئەم کۆمەڵگایانە لە قەڵەم دەدرێن. لە ڕوانگەی ڕۆکانەوە، بۆ تێگەیشتن لە حیزبە سیاسییەکان دەبێ بزانین یەکەمین کەلێنە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگادا چۆن سەریانهەڵداوە. چونکە حیزبەکان لەڕاستیدا خۆیان بە وتەبێژی ناکۆکییەکانی هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگا دەزانن. لە ئەنجامدا، بۆ توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا دەبێ لە گرنگترین رووداوە مێژووییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەوە دەستپێبکەین کە کەلێنی قووڵ و سەرەکی لەنێوان توێژە جۆراوجۆرەکاندا دروستکردووە.

دەرەنجام ئەوەیە کە لە توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکاندا دەبێ لە کۆمەڵگاوە دەست پێبکەین و سەرەتا بەدوای کەلێنە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگا و شێوازی دروستبوونیاندا بگەڕێین. ڕۆکان بەم دیدگایەوە خەریکی شیکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان دەبێ لە ئەورووپای رۆژئاوادا و هەوڵدەدات هۆکارە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی سیستەمە حیزبییەکان لە ئەورووپای رۆژئاوادا روون بکاتەوە. لە ڕوانگەی ڕۆکانەوە، کەلێنە سەرەکییەکان لە ئەورووپای رۆژئاوا دەرەنجامی دوو شۆڕشی مێژوویی و گرنگن کە ئەم کۆمەڵگایانە بەخۆیانەوە بینیویانە. ئەم دوو شۆڕشە کە لە گرنگترین رووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی رۆژئاوان بریتین لە: ((شۆڕشی نەتەوەیی)) و ((شۆڕشی پیشەسازی)). شۆڕشی نەتەوەیی یان بزاڤی ئایینی لە ئەورووپای سەدەی شازدەهەم، وێڕای زەمینە خۆشکردن بۆ دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە خاڵی کۆتایی دەسەڵاتی کلێسای کاسۆلیك لە قەڵەم دەدرێ. ئەم شۆڕشە سەرچاوەی دوو کەلێنی سەرەکییە لەم کۆمەڵگایانەدا. لەلایەکەوە کلێسا و لایەنگرانی لە بەرامبەر لایەنگرانی دەوڵەتی نەتەوەیی و لاییکەکاندا رادەوەستن و لەلایەکی ترەوە کەمینە نەژادی و ئەتنییەکان خۆیان لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا دەبیننەوە و لە بەرامبەریدا ریزبەندی دەکەن. بەم جۆرە دووکەلێنی سەرەکی واتە دەوڵەت/کلێسا، و ناوەند/ دەوروبەر لە رۆژئاوادا دروستدەبێ. ئەم کەلێنانە کە پتر رەهەندی فەرهەنگییان هەیە سەرچاوەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی گرنگن لە ئەورووپادا و هەندێ لە حیزبە سیاسییەکانی ئەورووپا رەگوریشەیان لەناو ئەم کەلێنە سەرەکیانەدا هەیە. شۆڕشی دووهەم لە سەدەی هەژدەهەم روودەدات و دەبێتە سەرچاوەی هەندێ کەلێنی نوێ لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا. شۆڕشی پیشەسازی کە بە یەکێك لە گرنگترین رووداوەکانی ئەورووپای رۆژئاوا لە قەڵەم دەدرێت، بووە هۆی کۆچی بەربلاوی



گوندنشینەکان بەرەو کارگە لە شارەکاندا و شارە قەرەباڵغەکان بە پەلە لەسەر تەوەرەی کارگە نوێیەکان دروستبوون و چینێکی نوێ بەناوی کرێکار سەریهەڵدا. کرێکاران لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا دەژیان و ناچاربوون بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی خۆیان کاری هەرزان و تاقەت پڕۆکێن ئەنجام بدەن و تەنانەت منداڵەکانیشیان لەو کارگە تازە دامەزراوانە بەکاری قورسەوە خەریك بوون. سروشتییە کرێکارەکان کە ماوەیەکی زۆر لەکاتی ژیانی خۆیانیان لەگەڵ هاوچارەنووسەکانیان لە شوێنی کار و ژیانیاندا بەسەر دەبرد، وشیارییەك لەسەر بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان خۆیان و کرێکارەکانی تر لەلایان دروستببێ و بەم جۆرە چینێك بەناوی چینی کرێکار دروست بوو. کرێکاران خۆیانیان لە بەرامبەر چینێکی خۆشگوزەرانی دیکەدا دەبینییەوە کە لە خاوەن سەرمایەکان پێکهاتبوون و قازانجێکی زۆریان لەکاری هەرزانی ئەوان دەکرد و بەهۆکاری سەرەکی چەوساندنەوەی ئەوان لە قەڵەمدەدران. بەم جۆرە کەلێنێکی سەرەکی و گرنگی نوێ لە نێوان کرێکاران و خاوەن سەرمایەکاندا دروستبوو کە بۆ ساڵانێکی زۆر هەموو ناکۆکی و کەلێنەکانی دیکەی خستبووە ژێر تیشکی خۆیەوە.

شۆڕشی پیشەسازی ئەنجامێکی سەپێندراوی دیکەشی بەدواوە بووە و ئەویش ئەوەیە کە جگە لە کرێکاران و خاوەن کارەکان، شار و گوندیشی رووبەڕووی یەکتر کردەوە. گوندنشینەکان لەبەرامبەر شارەکاندا هەستیان بە مەترسییەکی نوێ دەکرد و لەبەرامبەر بەرهەمە پیشەسازییەکان و مۆدیلەکانی ژیانی شاری، مۆدیلەکانی ژیانی گوندی، بەتایبەت شێوازی بەرهەمهێنانی کلاسیکی خۆیانیان لە مەترسی جدیدا دەبینی. بەرهەمی وتەکەی رۆکان ئەمەیە کە دوو شۆڕشی نەتەوەیی و پیشەسازی چوار کەلێنی سەرەکی لە رۆژئاوا دروستکرد کە بریتین لە:

١- دەوڵەت/ کلێسا.
٢- ناوەند/ دەوروبەر کە لە شۆڕشی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرن.
٣- کرێکاران/ خاوەن سەرمایەکان.
٤- شار/ گوند کە دەرەنجامی شۆڕشی پیشەسازیین.

هەردوو کەلێنی یەکەم رەهەندی فەرهەنگییان هەیە و تەوەرەی فەرهەنگی هێڵکاری رۆکان پێکدەهێنن و دوو کەلێنەکەی تر رەهەندی ئابوورییان هەیە و لە بەشی ئابووری هێڵکاری رۆکاندا جێگیر دەبن.

مێژووی سیاسی رۆژئاوا ئەم راستییە پێشاندەدات کە کێشمەکێشە فەرهەنگییەکان لەم وڵاتانەدا رۆژبەرۆژ گرنگی خۆی لەدەستدەدات و ئەوروپای رۆژئاوا بووەتە گۆڕەپانی پێکادانی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی کە دەرەنجامی هەردوو کەلێنی ئابوورین. حیزبە سیاسییەکان لە رەوتی تێپەڕبوون لە کەلێنە فەرهەنگییەکانەوە بەرەو کێشمەکێشە ئابوورییەکان سەریانهەڵداوە. تیۆری سەرەوە کە بە مۆدیلی ((کەلێنە سەرەکییەکان)) بەناوبانگە یارمەتییەکی بەرچاو دەدات بۆ تێگەیشتن لەسەرچاوەی کۆمەڵایەتی حیزبە سیاسییەکان لە ئەوروپای رۆژئاوادا و دەبێتە بنەمای گەلێك لە توێژینەوەکانی دواتر. پاش باسکردنی چوار کەلێنەکەی ئەوروپای رۆژئاوا، رۆکان هەوڵدەدات فرە جۆری سیستەمە حیزبییەکان لە ئەوروپای رۆژئاواشیبکاتەوە. رۆکان لەو باوەڕەدایە کە فرە جۆری سیستەمە حیزبییەکان لە ئەوروپا دەرەنجامی ((ئیئتیلافەکان)) و ((ناکۆکییەکان))ی نێوان دامەزرێنەرانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و رەوتە کۆمەڵایەتییەکانە. کەوابوو لە ئەوروپای ناوەندی و باشووری کە دامەزرێنەرانی دەوڵەت لە بەرامبەر کلێسای کاسۆلیکدا سەریانهەڵدا، نەتەوەگەرا لاییکەکان لەبەرامبەر توێژەکاسۆلیك و ئاینییەکاندا ریزبەندییان کرد و هەریەك لەم دوو رەوتە گرنگە سیاسییە، بوونە سەرچاوەی بزاڤە سیاسییەکان و حیزبە گرنگەکان لەم وڵاتانەدا. لەبەرامبەردا، لە وڵاتانی باکووریی کە کلێسا بۆ خۆی لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی نەتەوەییە و لە وڵاتێکی وەك ئینگلتەرا تەنانەت بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی سیستەمەکەش دادەنرێ، ناکۆکی و ریزبەندییەکی لەو جۆرە لەئارادانییە و لە ئەنجامدا حیزبە ئاینییەکان نابنە رێخۆشکەر بۆ بزاڤی سیاسی لەو وڵاتانەدا. رۆکان هەر واپیشانیدا کە هۆکارە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی هۆکارگەلێکی سەقامگیرن و لە رێڕەوی زەمەندا دروستدەبن و لە ئەنجامدا دەتوانن ببنە هۆکاری بزاڤە کۆمەلایەتییەکان و مۆبیلیزەکردنی گشتی لە کۆمەڵگادا. لە ئەنجامدا، یەکەمین بزاڤە سیاسییەکان لە رۆژئاوا لەسەر تەوەرەی پرسە فەرهەنگییەکان دروستبوون و گرنگییەکی زۆریان هەیە.

شیکردنەوەی هزرەکانی رۆکان بۆ خۆی پێویستی بە باسێکی سەربەخۆ هەیە کە لەم نووسینەدا جێی نابێتەوە. لەم کورتە باسەدا مەبەستمان خستنەڕووی ئەم راستییە بوو کە بە توێژینەوەکانی رۆکان دەروازەیەکی نوێ بەسەر توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکاندا کرایەوەو سەرنجی توێژەران، بەر لە هەر شتێك بەرەو لای کۆمەڵگا و کەلێنەکانی ناو کۆمەڵگا راکێشرا. رێکخستن و کارکردی حیزبەکان گرنگی خۆیان وەك بگۆڕەکانی سەربەخۆی شیکردنەوە



لەدەستدا و سەرنجی پسپۆڕان پتر لە جاران بەرەو لای پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی کۆمەڵگاکان راکێشرا. گەلێك لە نووسەران کەڵکیان لە شێوازی رۆکان وەگرت لە توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکاندا. لەم بارەیەوە دەبێ ئاماژە بە ناوی (دانیل لویی سیلر) بکەین کە بەرهەمی جۆراوجۆری لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان بە زمانی فەرەنسی نووسیووە. لە خوێندنەوەی کۆی بەرهەمەکانی سیلر دەگەینە ئەم ئەنجامە کە تیۆرییەکانی سیلر لەسەر سێ پێش گریمانەی گرنگ دامەزراون کە بریتین لە:

١- هیچ دیاردەیەك لە زاتی خۆیدا سیاسی نییە.

٢- کۆمەڵگا لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا کێشمەکێش و دژایەتی و رکابەرییەکان لەخۆ دەگرێ.

٣- حیزبە سیاسییەکان نوێنەرانی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵەکان و رۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتدارانیان لە ئەستۆدایە.

بنەمای یەکەم لە تیۆری کۆمەڵناسانی جۆراوجۆر و توێژەرانی وەك (پییربێرنباوم) وەرگیراوە کە لەو باوەڕەدان هیچ دیاردەیەك خۆی لەخۆیدا سیاسی نییە(١٢٧).

بەپێی ئەم دیدگایە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە رەنگی سیاسی بەخۆیانەوە دەگرن، لەڕووی خۆییەوە دیاردەگەلێکی فەرهەنگی یا ئابوورین و لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا دەبنە دیاردەیەکی سیاسی. (پاتریك لیکۆمپت) لە کتێبی (کۆمەڵناسی سیاسی) خۆیدا ئەوە پێشاندەدات کە چۆن دیاردەیەکی وەك حیجابی قوتابیانی کچ کە خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی تەواو فەرهەنگییە، لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا رەنگی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێ(١٢٨).

بنەمای دووهەمی سیلر باس لەوە دەکات کە حیزبی سیاسی هەمیشە لەگەڵ کێشمەکێش و پێکادانڵدا ئاوێتەیە و لەو جێگایەی کە ناکۆکی و جیاوازی لە ئارادا نییە باسکردن لە حیزبی سیاسی بێواتایە(١٢٩).

بەپێی سێهەمین بنەمای سیلر، حیزبە سیاسییەکان رەهەندێکی مێژوویان هەیە و لەو کەلێنە شاراوانەی ناخی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵاون کە بەدرێژایی مێژوو دروستکراون. (لە هزری رۆکان وەرگیراوە).

---

(١٢٧) BIRNBA UM P., LA fin dupolitique, Paris, Senil, 1975, P.7.
(١٢٨) LECOMPTE P., Denni B., Sociologie du Politique, op. cit, 1990, P.2.
(١٢٩) SEILER D. L., Parties et familes Politiques. Paris, PUF, Coll. Thémis, 1980, P.107.

سیلر لەڕاستیدا بەتەواوکردن و لە زۆر خاڵیشدا بە شیکردنەوەی هزر و بۆچوونەکانی رۆکانەوە خەریك دەبێ. ئەویش بە ئیلهام وەرگرتن لە رۆکان، لەو باوەڕەدایە کە لە توێژینەوەی حیزبەکاندا دەبێ لە کۆمەڵگاوە دەستپێبکەین. سیلر لە نێوان دوو جۆرە ناکۆکی لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا جیاوازی دادەنێ: ئەو ناکۆکییانەی کە رەگوڕیشەیان لەناو ناخی کۆمەڵگادایە و بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگا سەریان هەڵداوە و ئەو ناکۆکییانەی کە لە رووداوە خێراو تێپەڕەکانەوە سەرچاوە دەگرن. سیلر ناکۆکییەکانی لە جۆری یەکەم بە ((پێکهاتەیی)) ناودەبات و لەو باوەڕەدایە کە تەنها ئەم جۆرە ناکۆکیانەن کە دەتوانن ببنە کەلێنی سەقامگیر لەناو کۆمەڵگادا و لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا رەنگ بدەنەوە. سیلر دووهەمین دەستەی ناکۆییەکان بە ((کاتی)) ناودەبات و لەو باوەڕەدایە کە ئەم ناکۆکییانە بە تێپەڕبوونی زەمەن لەناودەچن و ناتوانن ببنە سەرچاوەی حیزبی سەقامگیر. سیلر لە کێتبە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا، تیۆری ((چوار کەلێنە سەرەکییەکان))ی رۆکان دەکاتە بناغەی شیکردنەوەکەی خۆی و دابەشکردنێکی نوێ لە حیزبەکان لە رۆژئاوادا دەخاتە ڕوو. ئەو لە دابەشکردنەکەی خۆیدا سەرنج دەداتە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی حیزبەکان و بە ((پۆلین بەندی زانستی)) ناوی دەبات. چونکە لەم دابەشکردنەدا هەروەك زانستی بایۆلۆژی، هەموو حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا لە خێزانە جۆراوجۆرەکانی حیزبەکاندا جێگیر دەبن. بە کەڵك وەرگرتن لە تیۆرییەکەی رۆکان، سیلر لە هەرلایەکی هەریەك لە چوار کەلێنە پێشنیارکراوەکانی رۆکان، خێزانێکی حیزبی دادەنێ و لە ئەنجامدا کۆی حیزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا لە هەژمارکردنە پێشنیارکراوەکەی سیلر لە ٨ خێزاندا جێگیر دەبن. ئەم هەشت خێزانە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

لە هەردوو دیوی کەلێنی ناوەند/ دەوروبەر خێزانەکانی:

حیزبە ناوەندگەراکان و حیزبە پەراوێزگەراکان (نەژادی و زمانی) جێگیر دەبن. خێزانەکانی لاییك و ئایینی لە هەردوو دیوی کەلێنی دەوڵەت/کەنیسەدا جێگیر دەبن و خێزانەکانی ٥و٦ واتە دەوڵەمەندان و کرێکاران لە کەلێنی دەوڵەمەندان/ کرێکارانەوە سەرچاوە دەگرن و سەرئەنجام خێزانەکانی ٧ و ٨ کە تەنها لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا و لە چوارچێوەی حیزبەکاندا داڕێژراون و لە رووبەڕووبوونەوەی شار/گوند پێکهاتوون.

دەبێ توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان، بە تایبەت توێژینەوەکانی رۆکان بە سەرچاوەی وەرچەرخانێکی سەرەکی لە زانستی حیزبە سیاسییەکاندا بزانین. بەم حاڵەش کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ هێشتا بێ وەڵام ماونەتەوە کە رۆکان پێیانەوە خەریك نابێ. لە بەرهەمەکانی



رۆکان، بەهۆی چوار کەلێنە سەرەکییەکە و شێوازی دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە چاکی دەتوانین سەرچاوەی کۆمەلایەتی حیزبەکان لە ئەورووپای رۆژئاوا و جیاوازی سیستەمە حیزبییەکانی ئەورووپا روون بکەینەوە، بەڵام ناتوانین ئەوە بزانین کە کۆمەڵگا ئەورووپییەکان چۆن بەهۆی چوار کەلێنە سەرەکییەکەوە گەیشتنە حیزبایەتی کردن. ئەگەرچی بوونی ناکۆکییە شاراوەکانی ناخی کۆمەڵگا مەرجی سەرەکی حیزبایەتی کردنە، بەڵام بێگومان مەرجی تەواو نییە.

ئەم پرسیارە گرنگە کە چۆن لە کێشمەکێش و پێکادانە توندوتیژەکانی رابردوو دەتوانین بگەینە رکابەری ئاشتیانەی حیزبی؟ هەروا بێ وەڵام ماوەتەوە، وەڵامدانەوە بەم پرسیارە بەتایبەت بۆ توێژینەوە لە هۆکارەکانی ناسەقامگیریی حیزبەکان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم زەروورەتێکی چەندین جارەی هەیە.

# بەشی دووەم:

## توێژینەوەی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی حیزب:

## نمایەکی نزیکتر لە حیزبە سیاسییەکان

### پاژی ١:

### رێکخراو و رێکخستنی حیزبەکان

ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبی یەکێك لە گرنگترین ڕەهەندەکانی حیزبە سیاسییەکان پێکدەهێنێ. گەلێك لە توێژەرانی حیزبەکان بەتایبەت نووسەرانی کلاسیك، ریکخراوی حیزب بە گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی حیزبە سیاسییەکان بە واتا نوێیەکەی لە ڕێکخراوەکانی تر دەزانن. مۆریس دۆڤێرژە لەو توێژەرە وانەیە کە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر بە ڕێکخستن و پێکهاتەی حیزبی دەدات و ڕێکخراوی حیزب بە بگۆڕێکی سەربەخۆ دەزانێ بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی حیزب.

لەمەڕ ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبی تێڕوانینی جۆراوجۆر هەیە کە کۆنترینیان دیدگای ڕۆبێرت میفلزە. میفلز لەو کتێبە بەناوبانگەی کە لە ساڵی ١٩١١ نووسیویەتی، لە ڕێکخراوی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا دەکۆڵێتەوە. ئەو لە کتێبەکەیدا، ڕێکخراوی حیزبی بە ئامرازێك دەزانێ بۆ دەسەڵاتدارێتی تاکڕەوانەی حیزب بەسەر ئەندامەکانیدا و دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ئۆلیگارشی ئاسنینی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لە ڕێکخراو و ڕێکخستنی ئەم حیزبەوە سەرچاوە دەگرێ.

میفلز لەو باوەڕەدایە کە ڕێکخراو و ڕێکخستنی بەهێز و تۆکمە جگە لە تاکڕەویی هیچ ئەنجامێکی تری نییە و ئەو دووانە بە پێویست و پەیوەستی یەکتر دادەنرێن. لە ڕوانگەی میفلزەوە[١٣٠] هۆی ئەم کارە زۆر ڕوونە چونکە هەموو ڕێکخراوەکان و تەنانەت ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیش بە ئاراستەی جۆرە ئاریستۆکراتییەك دەڕۆن. لە هەموو ڕێکخراوەکاندا بە ناچار ژمارەیەکی کەم ڕێبەرایەتی و ڕێنمایی ڕێکخراو لەئەستۆ دەگرن و خۆیان بۆ ڕێکخستن تەرخان دەکەن. بەم جۆرە ڕێکخراو بەسەر ئاستی جۆراوجۆردا دابەش دەبێ و کەمینەیەك ڕێبەرایەتی زۆرینە لەئەستۆ دەگرێ و ڕێکخراو بەخێرا بەسەر دوو بەشی باڵا دەستان و بندەستاندا دابەش دەبێ.

(١٣٠) MICHELS R., Les Parties politiques, Essai,.., op.cit., P.33.



بەم جۆرە، هەموو ڕێکخراو و ڕێکخستنەکان بەناچار بەرەو تاکڕەویی مل دەنێن و کەمینەیەکی سنووردار جڵەوی دەسەڵاتی زۆرینە بەدەستەوە دەگرن. بەم حاڵەش، میفلز لە شیکردنەوەی کۆتایی خۆیدا ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبی پەسەند دەکات و بە ئامرازێکی دەزانێ بۆ ڕێکخستنی توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا. میفلز لەو باوەڕەدایە هەرچەندە هەر ڕێکخراوێك لەناخی خۆیدا جۆرێك لە تاکڕەویی پەروەردە دەکات، بەڵام دیموکراسی بەبێ ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان مومکین نییە. میفلز ڕێکخراو و ڕێکخستن بە چەکی لاوازەکان دەزانێ لەبەرامبەر خاوەن دەسەڵاتەکاندا[١٣١]. بۆ نموونە، چینی کرێکار کە لە ڕوانگە میفلزەوە بە یەکێك لە لاوازترین توێژە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی خۆیان جگە لە ڕێکخراوبوون هیچ چارەیەکی تریان لەبەردەمدا نییە. ئەو حیزبە سیاسییەکان بە هەڕەشەیەك لەسەر دیموکراسی دەزانێ، چونکە لەو باوەڕەدایە کە واتای ڕاستەقینەی دیموکراسی بریتییە لە فەرمانڕەوایی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، بەڵام حیزبە سیاسییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە کەمینەیەکی شارەزا بەسەر زۆرینەدا فەرمانڕەوایی بکەن.

هەندێ لە توێژەران ئەو ڕەخنەیە لە میفلز دەگرن کە ئەو ڕێکخراوی بەواتایەکی زۆر تایبەتی بەکارهێناوە. ئەوەی کە میفلز مەبەستیەتی ڕێکخراوە زۆر شارەزاکانە و بە ئامرازێکیان دەزانێ بۆ تاکڕەویی و حکوومەتی زۆرینە. بەڵام ڕێکخراو و ڕێکخستن بە واتا گشتی و بەربڵاوەکەی ئەم تایبەتمەندییەی نییە. (ویل هۆفێر) لەو توێژەرانەیە کە ڕەخنە لەم تێگەیشتنەی میفلز لە ڕێکخراو دەگرێ[١٣٢]. ویل هۆفێر ڕێکخراو بە ئامرازێك بۆ کۆکردنەوە دەزانێ و لە پێناسەی ڕێکخراودا دەنووسێ: ((ڕێکخراو بریتییە لە ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی ئەندامان لە گرووپە جۆراوجۆرەکاندا بە مەبەستی ڕێکخستنی چالاکییەکانیان))[١٣٣].

لە ڕوانگەی ویل هۆفێر حیزبە سیاسییەکان ئەو ڕێکخراوانەن کە ئەم ڕۆڵە لە کۆمەڵگادا وازیدەکەن. حیزبە سیاسییەکان بەهۆی ڕێکخستن، تاکە جۆراوجۆرەکان لە دەوری خۆیاندا کۆدەکەنەوە و بە وەرگرتنی ئەندام لە نێوان توێژە جۆراوجۆرەکان، ئەوان لەناو ڕێکخستنی حیزبیدا ڕێکدەخەن.

(١٣١) Ibid.

(١٣٢) Well Hofer.

(١٣٣) Well Hofer, 1979, op.cit., P.206.

هەروەك دەبینین میفلز سەرنجی سەرەکی دەخاتە سەر ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبی و دەتوانین بڵێین بەرهەمەکەی میفلز یەکەمین بەرهەمە کە تێیدا ڕێکخراوی حیزبی بە وردی خراوەتە بەر خوێندنەوە وتوێژینەوە. مۆریس دۆڤێرژە توێژەرێکی ترە کە ڕێکخراوی حیزبی داوەتە بەر توێژینەوە. دۆڤێرژە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کتێبی (حیزبە سیاسییەکان)دا، باس لە ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبی دەکات. هەرچەندە لەڕووی کاتەوە دۆڤێرژە لەدوای میفلزەوە هاتووە، بەڵام تیۆرییەکانی ئەو گرنگییەکی زیاتریان هەیە. دۆڤێرژە ڕێکخراوی حیزبی لەلایەنی جۆراوجۆرەوە دەداتە بەر توێژینەوە. بۆ دۆڤێرژە ڕێکخراوی حیزبی گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی حیزبە لە ڕێکخراوەکانی تر. دۆڤێرژە هەوڵدەدات ڕێکخراوی حیزب وەك بگۆڕێکی سەربەخۆ لەبەرچاوبگرێ و بەهۆی ئەم بگۆڕەوە ڕەهەندەکانی دیکەی حیزب ڕوون بکاتەوە. کەوابوو دەتوانین بڵێین مۆریس دۆڤێرژە یەکەمین توێژەرە کە ڕێکخراوی حیزبی وەك بگۆڕێکی سەربەخۆ سەیردەکات. بۆ وێنە، دۆڤێرژە لە پۆلین کردنی حیزبە سیاسییەکاندا ڕێکخراوی حیزب دەکاتە پێوەر و بنەمای پۆلینکردنەکەی و هەوڵدەدات لەسەر ئەم بنەمایە ڕێکخراوە حیزبییەکان پۆلین بکات. سەرەڕای تێپەڕبوونی پتر لە نیو سەدە بەسەر تیۆرییەکانی دۆڤێرژەدا، ئەو مۆدیلانەی کە لەلایەن ئەم توێژە فەرەنسییەوە خراونەتە ڕوو هێشتا هێز و بەهای تەواویان هەیە و گەلێك لە پسپۆڕانی ئەمڕۆی حیزبە سیاسییەکان کەڵکی لێوەردەگرن و وەك سەرچاوە بەکاری دەهێنن. جاندا یەکێکی تر لەو توێژەرانەی کە هەوڵیداوە مۆدیلی دۆڤێرژە دەربارەی ڕێکخراوی حیزبی تاقی بکاتەوە. جاندا ئەوەی پێشاندا کە ئاستی چەقبەستووی دەسەڵات لە حیزبە سیاسییەکاندا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پلەی ڕێکخستنی ئەو حیزبانەدا هەیە. ئەو حیزبانەی کە خاوەن ڕێکخستنی بەهیزتری حیزبیین پتر بەرەو ئاراستەیەکی چەقبەستوو دەڕۆن. لەبەرامبەردا، ئەو حیزبانەی کە لەڕووی ڕێکخستنەوە لاوازن پتر بەشێوەی ناچەقبەستوو بەڕێوەدەچن[١٣٤]. بە سەرنجدان بەو شتانەی کە گوترا بە چاکی دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ڕێکخراوی حیزبی گرنگییەکی زۆری هەیە و لەلایەن گەلێك لە توێژەران و پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکانەوە سەرنجی دراوەتێ. گرنگی ڕێکخراوی حیزبی بە جۆرێکە کە هەندێك بە گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی حیزبی سیاسیی دادەنێن لە ڕێکخراوەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا. هەر بۆیە، لە جێی خۆیدایە کە ڕێکخراوی حیزبی بە وردی بخرێتە بەر توێژینەوە.

(١٣٤) JANDA K., Political Parties: A cross-National Survey, New York, Free Press, 1980.



لەم بوارەشدا، دیسان مۆریس دۆڤێرژە هزرڤانی بەناوبانگی فەرەنسی پێشڕەوە. دۆڤێرژە لەو توێژەرانەیە کە ڕێکخراوی حیزبی وەك بگۆڕێکی سەربەخۆی ڕوونکەرەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی حیزبە سیاسییەکان لەبەرچاودەگرێ و هەوڵدەدات لەسەر ئەم بنەمایە حیزبە سیاسییەکان پۆلین بکات. تیۆری دۆڤێرژە هێشتاش لەلایەن گەلێك لە توێژەرانی ئەمڕۆوە پشتی پێ دەبەسترێ و گەلێك کەس بە دانانی تیۆری دۆڤێرژە وەك بنەمایەك دەستکاریی و هەموارکاری و چاکسازییان تێداکرد. کەواتە بەر لە هەموو شتێك پێویستە لەم بارەیەوە سەرنج بدەینە سەر تیۆری دۆڤێرژە.

## أ- ڕێکخراوی حیزبی لە ڕوانگەی دۆڤێرژەوە:

دۆڤێرژە ڕێکخراوی حیزبی دەکاتە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان و لەسەر ئەم بنەمایە حیزبەکان بەسەر دوو دەستەی: حیزبە تایبەتییەکان و جەماوەرییەکاندا دابەش دەکات. مۆدیلی دۆڤێرژە پێشاندەری واقیعی مێژوویی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە. لەم کۆمەڵگایانەدا، سەرەتا حیزبە تایبەتییەکان لەناو پارلەمانەکاندا دروستبوون و لە قۆناغی پاشتردا لە دەرەوەی پارلەمانەکان هەندێ حیزب دروستبوون کە دۆڤێرژە بە حیزبە جەماوەرییەکان (عوام) ناویان دەبات. ئێستا باس لە تایبەتمەندی هەر دەستەیەك لەم حیزبە سیاسییانە دەکەین.

١- پۆلینکردنی حیزبە سیاسییەکان لە ڕوانگەی ڕێکخراوی حیزبییەوە: دۆڤێرژە لەڕووی ڕێکخراوەوە باوەڕی بەدوو دەستەی حیزبە تایبەتییەکان و حیزبە جەماوەرییەکان هەیە کە باس لە هەریەکەیان دەکەین.

## حیزبە تایبەتییەکان (خواص):

لەڕوانگەی دۆڤێرژەوە حیزبە تایبەتییەکان لەو یەکەمین حیزبانەن کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا سەریانهەڵدا و ئەنجومەنەکانی یاسادانان بەسەرچاوەی سەرەکییان دادەنرێن. ڕەگ و ڕیشەی ئەم حیزبانە دەگەڕێتەوە بۆ بەگشتی بوونی مافی دەنگدان و لەدایکبوونیان هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی مافی دەنگدان بۆ هەمووان. ئەم حیزبانە وتەبێژی چینە بەرزە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگان و چینە ئاریستۆکرات و بۆرژواکان زیاترین پشکیان لە دروستکردنی ئەم حیزبانەدا هەیە. ئەم حیزبانە لە یەکەمین قۆناغەکانی بەدامەزراوبوونی

دیموکراسی لە رۆژئاوادا سەریانهەڵدا و داڕێژەرن سەرەتایەکانی پتر ئەو نوێنەرانە بوون کە بەهۆی پەرەسەندنی مافی دەنگدان، پێگەی خۆیانیان لە مەترسی جدیدا دەبینی. ئەم نوێنەرانە سەرەتا لە چوارچێوەی گرووپە پارلەمانییەکاندا خۆیانیان رێکخست و کۆمیتەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی خۆیانیان لەژێر رەشماڵێکدا کۆکردەوە و بەم جۆرە توانییان یەکەمین رێکخراوە حیزبییەکان دروستبکەن. ئامانجی سەرەکی ئەم نوێنەرانە رێکخستنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکانی خۆیان بوو بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا، چونکە بە گەشەکردنی مافی دەنگدان ئەم کەسانە هەندێ رکابەری نوێیان لەبەردەمی خۆیاندا دەبینی کە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەرچاویش بوون. شیاوی باسە بەر لە بەگشتی بوونی مافی دەنگدان، هەڵبژاردن شتێکی رواڵەتی بوو و ئاریستۆکراتەکان و ئەو کەسانەی کە لەلایەن ئەوانەوە پشتگیرییان لێدەکرا براوەی بێ رکابەری هەڵبژاردن بوون. ئەم پرسە لەو راستییەوە سەرچاوەی دەگرت کە لەلایەکەوە تەنها رێژەیەکی کەم لە هاوڵاتیان مافی هەڵبژاردنیان هەبوو، لەلایەکی تریشەوە هەموو خەڵك لە مافی هەڵبژێردران بێبەش بوون. بە وتەیەکی تر، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە روونی پێشبینی دەکران و رێژەیەکی زۆر بەرزی کورسییەکانی نوێنەرایەتی لەپێشدا مسۆگەرکرابوون. هەربۆیە، تا بەر لە بەگشتی بوونی مافی دەنگدان پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو و پشتگیری کەسایەتییە دەسترۆیشتوو (ذینفوذ) و ئاریستۆکراتەکان بەس بوو بۆ سەرکەوتن. بەڵام پاش بەگشتی بوونی مافی دەنگدان، نوێنەرانی پارلەمان پێگەی خۆیانیان لە مەترسیدا بینی، هەربۆیە ناچاربوون تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ هێزەکانی خۆیان رێك بخەن. کۆمیتەکانی هەڵبژاردن لە گرنگترینی ئەو رێکخراوانە بوون کە بەشێوەیەکی کاتی لە ماوەی هەڵبژاردن لەبەردەستی ئەم نوێنەرانەدا بوون. ئەم نوێنەرانە پاش ئەوەی کە هەستان بە دروستکردنی گرووپە پارلەمانییەکان، لە قۆناغی یەکەمدا کۆمیتەکانی هەڵبژاردنی خۆیانیان کردە هەمیشەیی و لە قۆناغی دووەم لە تێکەڵ کردنی ئەم کۆمیتە و گرووپە پارلەمانییانە حیزبە سیاسییەکانیان پێکهێنا. حیزبی رادیکاڵی فەرەنسا کە لە ساڵی ١٩٠١ لەو وڵاتەدا دروستبوو بە نموونەی دیاری ئەم جۆرە حیزبانە دادەنرێت. ئەم حیزبانە بەرهەمی پێکەوە لکانی کۆمیتە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن و ئەو تۆڕە ئاریستۆکراتییە جۆراوجۆرانە بوو کە لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا چالاك بوون. حیزبە بۆرژوازی و ئاریستۆکراتییەکان نموونەی



دیاری ئەم جۆرە حیزبە سیاسییانەن. چینی بۆرژواکە رکابەری سەرەکی ئاریستۆکراتەکان بوو، هەوڵیدا بە دروستکردنی ئەم حیزبانە باڵادەستی کلاسیکی ئاریستۆکراتەکان لەناوببات[١٣٥].

کەواتە، هەروەك دەبینین، پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان لەلایەن دۆڤێرژەوە بە حیزبە جەماوەری و تایبەتییەکان دیوێکی تری پۆلێن کردنی حیزبەکانە بەسەر چەپ و راستدا. لەم پۆلێنکردنەدا حیزبە تایبەتییەکان سیمای ئەو باڵەن کە دۆڤێرژە بەدەستە راستی ناویان دەبات و حیزبە جەماوەرییەکان نوێنەری ئەو حیزبانەن کە لە روانگەی نووسەری کتێبی حیزبە سیاسییەکانەوە، لە دەستە چەپدا جێیان دەبێتەوە. دۆڤێرژە لەو باوەڕەدایە هەرچی لە ئۆردوگای راستەوە بەرەو لای باڵە چەپەکان بڕۆین، بینەری رێکخراوی حیزبی بەهێزتر و رێکوپێکتر و بە دیسپلین ترین. حیزب و رێکخراوە راستییەکان بەزۆری خاوەن رێکخستنی رێکوپێك و تۆکمە نین و ئەمەش لەکاتێکدایە کە حیزبە چەپییەکان بەزۆری خاوەن رێکخستن و یەکڕیزی حیزبی زۆر بەرزن. حیزبە چەپییەکان بەزۆری چەقبەستوون و رێکوپێکی و بۆرۆکراسییەکی توند و تۆڵ بەسەر ئەم حیزبانەدا حکوومەت دەکات و ئەمە لەکاتێکدایە کە حیزبە راستییەکان کەمتر خاوەن بۆرۆکراسی و رێکوپێکییەکی رێکخراوەی لەم جۆرەن. کەواتە، دۆڤێرژە لەسەر هەقە کە لەو باوەڕەدایە ئەم دوو دەستە لە حیزبەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە لەیەکتر جیاوازن و رەگ و ریشەی ئەم جیاوازی ناوەڕۆکە بە پلەی یەکەم بۆ ئەو جیاوازییانە دەگەڕێتەوە کە ئەم حیزبە سیاسییانە لەڕووی پێکهاتە و رێکخراوەییە لەگەڵ یەکتردا هەیانە[١٣٦]. حیزبە تایبەتییەکان، بەزۆری لەسەر بنەمای ویستی رێبەرانی حیزبی بنیاتنراون و بەسەرمایەی تایبەتی رێبەرانیان بەڕێوەدەچن. لەم حیزبانەدا، نوێنەرانی حیزبی لە ئەنجومەنەکانی یاسا دانان ئازادی کارکردنی رێژەییان هەیە و ملکەچی زنجیرەی بەرپرسیارێتییەکان و فەرمانە حیزبییەکان نین و ئەمە لە کاتێکدایە کە نوێنەرانی حیزبە جەماوەرییەکان بەزۆری لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی توندوتۆڵی حیزبیدان. بەم جۆرە، لەلایەکەوە، لەگەڵ ئەو حیزبانەدا بەرەو رووین کە خاوەن رێکخراوێکی ناوەندگەراو چەقبەستوو و رێکخستنی بەهێزن و لەلایەکی ترەوە، سەروکارمان لەگەڵ ئەو حیزبانەدایە کە ناوەندگەرایی حیزبی و رێکخراوەیی تیایاندا لاوازە. دۆڤێرژە ئەم دوو دەستەی حیزبەکانی بە حیزبی وشك و نەرمیش دابەشکردووە. دۆڤێرژە ئەو حیزبانە بە وشك ناودەبات کە زنجیرەی

(١٣٥) LECOMTE P., DENNI B., Sociologie du Politique, op. cit. P.178.

(١٣٦) Duverger M. Les parties politiques op. cit., P.84.

بەرپرسیارێتی حیزبی تێیدا زۆر بەهێزە و نوێنەران و ڕێبەرانیان خاوەن ئازادییەکی کارکردنی زۆر نین، لە بەرامبەردا، ئەو حیزبانە بە نەرم لەقەڵەم دەدرێن کە ڕێکی و دیسپلینی حیزبی تیایاندا لاوازە و ڕێکخراوی حیزبی چاودێری و کۆنترۆڵی بەسەر ئەندام و نوێنەرانی خۆیدانییە. هەروەك دەبینین، پۆلێن کردنەکەی دۆڤێرژە تاڕادەیەکی زۆر دەربڕی ئەو چەمکە چەپ و ڕاستەیە کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا باسیان لێوە دەکرێ. بەڕای دۆڤێرژە هەرچی لەڕاستەوە بەرەو لای گرووپە چەپییەکان بڕۆین بینەری چەقبەستوویی و دیسپلینی حیزبی بەهێزترین.

## حیزبە جەماوەرییەکان (عوام)

ڕەگ و ریشەی حیزبە جەماوەرییەکان بۆ گەشەکردنی مافی دەنگدان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان دەگەڕێتەوە. لەڕاستیدا ئەم حیزبانە لە تەوژمەکانی دەرەوەی پارلەمانەوە سەرچاوە دەگرن و لەدایکبوونیان هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی مافی دەنگدان بۆ هەمووان. هەر وەك دەزانین تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم تەنها ڕێژەیەکی کەم لە پیاوان لە ئەوروپا مافی دەنگدانیان هەبوو و سەرجەمی خەڵك لەم مافە بێبەش بوون. پاش بەگشتی بوونی مافی دەنگدان، هەندێ توێژی نوێ پێیان نایە مەیدانی سیاسەتەوە و هەندێ گرووپی وا هاتنە ناو گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە کە ئامرازی پێویستیان بە دەستەوە نەبوو بۆ خەبات لەگەڵ ڕکابەرە بە ئەزموونەکانی خۆیاندا. بۆ نموونە، چینی کرێکار کە بە تازەیی پێی نابووە گۆڕەپانی سیاسەتەوە، خۆی لە بەرامبەر چینی بۆرژوادا دەبینییەوە و بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی خۆی لە بەرامبەر ئەم چینەدا جگە لە ڕێکخستن و ڕووکردنە حیزبایەتی هیچ ڕێگا چارەیەکی تریان لەبەردەمدا نەبوو. ئامانجی سەرەکی حیزبە کرێکارییەکان ڕێکخستن و یەکڕیزکردنی ئەو توێژە کەم دەرامەتانە بوو کە بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان پێیان نابووە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. بەم جۆرە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بینەری سەرهەڵدانی ئەو حیزبە سیاسییە کرێکاریانەین کە بەنموونەی دیاری حیزبە جەماوەرییەکان لە قەڵەم دەدرێن. کۆمۆنیستەکان بەخێرایی ئەم مۆدێلەیان پەیڕەوکرد و حیزبە کۆمۆنیستەکان بەمەبەستی ڕێکخستنی چینی کرێکار سەریانهەڵدا. فاشیستەکان و دیموکرات مەسیحییەکان نموونەکانی دیکەی ئەو دەستە لە حیزبە سیاسییەکانن کە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بەخۆیانەوە بینیویانە.

پۆلێن کردنەکەی دۆڤێرژە، پێشاندەری واقیعی مێژووی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە. لەم کۆمەڵگایانەدا، یەکەمین حیزبە سیاسییەکان لەسەر تەوەرەی کەلێنی نێوان میانڕەوان و لیبراڵەکاندا سەریانهەڵدا و حیزبەکانی ئەم قۆناغە، بەزۆری حیزبە تایبەتییەکانن. ڕەگوریشەی



قۆناغی دووهەمی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٤٨ و پاشتر دەگەڕێتەوە. لەم قۆناغە بەدواوە دروستبوونی کەلێنی نوێ لە نێوان سۆسیالیستەکان و کاپیتالیستەکاندا (سەرمایەدارەکان) بەدی دەکەین. لەم قۆناغەدایە کە سۆسیالیستەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چینی بۆرژوا، حیزبە سۆسیالیستەکانیان وەك یەکەمین حیزبە جەماوەرییەکان دروستکرد. ئەم کەلێنە لە ڕوانگەی دۆڤێرژەوە خاوەن دوو ڕەهەندی ئابووری و ئایدۆلۆژییە[١٣٧].

دۆڤێرژە پاش باسکردنی شێوازی دروستبوونی حیزبە تایبەت و جەماوەرییەکان باس لە سێ مۆدێلی سەرەکی حیزبە جەماوەرییەکان دەکات کە بریتین لە: حیزبە سۆسیالیستییەکان، حیزبە کۆمۆنیستیەکان و حیزبە فاشیستیەکان.

## حیزبە سۆسیالیستییەکان:

حیزبە سۆسیالیستییەکان بە نموونەیەکی دیاری حیزبە جەماوەرییەکان دادەنرێن. ئەم حیزبانە توانییان لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم توێژێکی بەربڵاوی خەڵکی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، حیزبی کرێکاری بەریتانیا و ((حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی))[١٣٨] فەرەنسا لە گرنگترین حیزبە سیاسییەکانی ئەوروپای ئەم سەردەمەن. ئەم حیزبانە لەچاو حیزبە تایبەتییەکاندا خاوەن ڕێکخراوێکی چەقبەستوو و ڕێکخستنێکی زۆر تۆکمەن. ئەم حیزبانە، بەپێچەوانەی ئەو حیزبانەی کە بەسەرمایەی تایبەتی ڕێبەرانی حیزبی بەڕێوەدەچوون، پشتیان بە مافی ئەندامێتی دەبەست و مافی ئەندامێتی یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی دارایی ئەم حیزبانەی پێکدەهێنا. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە هەر ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر گەشەکردنی ڕێکخراوی حیزبی. بەشێوەیەکی سروشتی کۆکردنەوەی مافی ئەندامێتی (ئابوونە) لە هەموو ئەندامەکان پێویستی بە دامەزراوە و ڕێکخراوێکی حیزبی تۆکمە و بۆرۆکراسی پێشکەوتوو هەیە کە حیزبە تایبەتییەکان لێی بێبەش بوون. جگە لەمەش، حیزبە جەماوەرییەکان پێویستیان بە ڕاکێشانی ئەندامی هەرچی پتر و پەرەپێدانی بنکەی جەماوەری خۆیان بوو تا بتوانن وێڕای زیادکردنی لایەنگرانی خۆیان، سەرچاوەی دارایی خۆشیان پتر بکەن. حیزبە سۆسیالیستەکان، بەزۆری

(١٣٧) DUVERGER M., op cit., 1986, P.84 et suir.
(١٣٨) S fio.

خاوەن پێکهاتەیەکی وەك دەوڵەتن و خاوەن یەکەی جۆراوجۆری ڕاپەڕاندن، یاسادانان و تەنانەت دادوەرین. لەم حیزبانەدا، تا ڕادەیەکی زۆر پرسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەبەرچاوگیراوە. کۆنگرەی حیزب، هەمان ڕۆڵی یاسادانانی لەئەستۆدایە و کۆمیتە یا ئەنجومەنی سەرکردایەتی حیزب کاروباری ڕاپەڕاندنی لەئەستۆ دایە. لە پێکهاتەی حیزبدا بەزۆری ئەنجومەن یا کۆمیسیۆنێك هەیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و دادوەری کردن لەسەر ئەو ئەندامانەی کە تووشی هەڵە هاتوون و ئەمەش ڕێکاورێك هەمان ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە پێکهاتەی دەوڵەتدا جێبەجێ دەکات. سروشتییەکە دەزگای گەورەو بەربلاوی حیزب، پێویستی بە توێژێکی فراوانی تکنۆکرات هەیە کە بەڕێوەبردنی بۆرۆکراسی حیزبی لە ئەستۆ بگرن. ئەم کەسانە کە کارمەندانی تەواو کاتی حیزبین، پەیکەری کارگێڕی حیزب پێکدەهێنن. هەروەك دەبینین، بۆرۆکراسییەکی توندوتۆڵ بەسەر ئەم حیزبانەدا زاڵە و حیزب خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و سیستەمی زنجیرەی بەرپرسیارێتی بەهێزە.

میفلز بە بینینی پێکهاتەی ناوەندگەرای حیزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا تیۆری ئۆلیگارشی ئاسنینی خۆی خستەڕوو و گەیشتە ئەم ئەنجامە کە لە ڕەوتی بۆرۆکراسی و زنجیرەی بەرپرسیارێتییە حیزبییەکاندا دەسەڵات لەدەست ژمارەیەکی کەمدا دەمێنێتەوە و ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارە شارەزاکان بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ ڕێبەرایەتی حیزب بەدەستەوە دەگرن[١٣٩]. هەروەك دەبینین، حیزبە سۆسیالیستەکان یەکەمین و هەروا یەکێکن لە سەرکەوتووترین ئەزموونی حیزبە جەماوەرییەکان کە ئەوروپای سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینیویەتی. ئەم حیزبانە هەروا یەکێکن لە گرنگترین حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا و مۆدێلی سۆسیالیستییەکان بەخێرایی لەلایەن حیزبە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت حیزبە تایبەتییەکانیشەوە لاسایی کرایەوە.

## حیزبە کۆمۆنیستیەکان:

حیزبە کۆمۆنیستیەکان نموونەیەکی دیکەی دیارن لە حیزبە جەماوەرییەکان. مۆدێلی سەرەکی و سەرچاوەی حیزبە کۆمۆنیستیەکان حیزبی پێشڕەوی لینینە. لینین لە کتێبی (دەبێ چ بکەین؟) تایبەتمەندییەکانی ئەم حیزبەی خستۆتە ڕوو. لەم کتێبەدا، کە لە ساڵی ١٩٠٢ نووسراوە، لینین ئامۆژگاری ئەوە دەکات کە حیزبی کرێکار دەبێ خاوەن ڕێکخستنێکی

(١٣٩) MICHELS., Les parties politques. Op. cit., P.294.



ناوەندگەراو دیسپلینێکی توند و تۆڵی حیزبی بێت. لەڕوانگەی لینینەوە، دەبێ ژمارەیەکی کەم ڕێبەرایەتی حیزب لەئەستۆ بگرن و جڵەوی کاروباری حیزب بەدەست ژمارەیەکی کەم لە شۆڕشگێڕە شارەزاکانەوە بێت. ئەم ژمارە کەمە، ئەرکی سەرەکی ڕێبەرایەتی بزاڤی کرێکاری لەئەستۆ دەگرن و قورسایی ڕێنمایی کردن و ڕێبەرایەتی کردنی جەماوەری خەڵك دەکەوێتە سەر شانی ئەم ژمارەیە. ئەم گرووپە بچووکە، پێشڕەوی خەباتن دژ بە ئیمپریالیزم و لەسەریانە چینی کرێکار لە ڕۆڵی گرنگیان لە کۆمەڵگادا ئاگادار بکەنەوە[١٤٠].

هەروەك دەبینین ڕێکخراوی بەهێزی حیزبی، دیسپلینی ڕێکخراوەیی و زنجیرەی بەرپرسیارێتی حیزبی لەو گرنگترین بنەمایانەن کە لینین جەختی لەسەر دەکاتەوە. حیزبە کۆمۆنیستیەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان هەوڵیاندا زۆر و کەم سوود لەو مۆدێلە وەربگرن کە لینین خستبوویە ڕوو و حیزبەکەی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە ڕێکبخەن. ڕوانینێك بۆ ڕێکخراو و پێکهاتەی ڕێکخستنی حیزبە کۆمۆنیستیەکان پیشاندەری ئەوەیە کە ئەم حیزبانە خاوەن ڕێکخراوێکی زۆر تۆکمەن و خاوەن پێکهاتەیەکی ڕێکخستنی بەهێزن. لەڕاستیدا، هەندێك لە توێژەران، ڕێکخراوێتی حیزبە کۆمۆنیستیەکان و دیسپلینی زاڵ بەسەر ئەم حیزبە لەگەڵ سوپادا هەڵدەسەنگێنن.

ناوەندگەرایی دیموکراتی، بنەمایەکی ڕێکخستنی پەسەندکراوە لەلایەن ئەم حیزبانەوە. لەم حیزبانەدا، لەلایەکەوە هەندێك لە بنەماکانی دیموکراسی لەبەرچاو دەگیردرێت و ڕێبەرانی حیزبی لە ئاستە جۆراوجۆرەکان، بەزۆری لەڕێگای پرۆسەی هەڵبژاردن و لەلایەن ئەندامانی حیزبەوە هەڵدەبژێردرێن و لەلایەکی ترەوە، دەسەڵاتداریێتی ڕەهای کەمینە بەسەر زۆرینە لە پلە جۆراوجۆرە حیزبییەکاندا دەبینرێ. لەم حیزبانەدا پێوەندییەکان ستوونین و بەپێی زنجیرەی بەرپرسیارێتییەکانە و ئەو کەسانەی کە لە ئاستەکانی خوارووتردان لەسەریانە ملکەچی فەرمانەکانی کەسانی سەرووتری خۆیان بن و هەمووان ملکەچی بڕیارەکانی ڕێبەرانی خۆیانن. بە وتەیەکی تر، دیموکراسی لەم حیزبانەدا تەنها بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێبەران و پاش هەڵبژاردن ئەندامەکان مافی دژایەتی کردنیان نییە و هەمووان دەبێ ملکەچی ڕێبەرانی حیزبی بن.

(١٤٠) LECOMET P., DENNIB., Sociologie…, op. cit. P.80.

## حیزبە فاشیستیەکان

حیزبە فاشیستیەکان بە سێهەمین نموونەی حیزبە جەماوەرییەکان دادەنرێن, مۆریس دۆڤێرژە حیزبە فاشیستیەکان بە دەرەنجامی گرتنەبەری ستراتیژییەکی نوێ دادەنێ لەلایەن میانڕەوانی سەدەی بیستەمەوە. ئاریستۆکراتەکان کە گەلێك لە ئیمتیازات و دەسەلاتەکانی رابردووی خۆیانیان لە مەترسیدا دەبینی هەوڵیاندا تا بە گرتنەبەری شێوازی نوێ، ململانێی دوژمنانی سەرەکی خۆیان واتە کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان بکەن. باڵی میانڕەو هەوڵیدا تا بە جەختکردنەوە لەسەر مەترسی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم، بیروڕای گشتی دژ بەوان هانبدات و کەشوهەوا ئامادە بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەیان. فاشیستەکان پاش گەیشتن بەم ئامانجە، رایانگەیاند کە پشت بەستن بەزۆر تاکە ڕێگایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەترسییە و خوازیاری خەباتێکی بە پەلە و هەمەلایەنە بوون دژ بەم هەڕەشە گەورەیە. بەم جۆرە، ئەم بزاڤە توانی بە پشت بەستن بەم لۆژیکە پاساو بۆ بەکارهێنانی زۆر و هێزی سەربازی بهێنێتەوە و بەهەموو هێزیەوە دەستبکات بە خەبات دژ بە کۆمۆنیستەکان. ڕێکخراوی حیزبە فاشیستەکان لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ڕێکخستنی سوپا دامەزرابوون و لەشکرییەکان، بەتایبەت سەربازەکان ئامانجی سەرەکی گوتارەکانی ئەم حیزبانەبوون.

قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم زەمینەیان خۆشکرد بۆ گەشەکردنی رەوتە فاشیستەکان و فاشیزم بەخێرایی لە بەشێکی بەرچاوی ئەوروپا و ئەمەریکای لاتینیدا پەرەی سەند[١٤١].

حیزبە فاشیستیەکان لەسەر بنەمای توندوتیژی بنیات نراون و بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانیان بەکارهێنانی زۆرو توندوتیژیی بە ڕەوا دەزانن. ڕێکخستنی ئەم حیزبانە لەسەر بنەمای سیستەم و زنجیرەی بەرپرسیارێتی سەربازی بوو و حیزب بەسەر دەستەی بچووکی سەربازیدا دابەشدەکرا[١٤٢].

## ب- چاکسازیکردن لە تیۆری مۆریس دۆڤێرژە:

هەروەك لەمەوبەر گوترا تیۆری مۆریس دۆڤێرژە لەمەڕ حیزبە سیاسییەکان بەزۆری بووەتە بنەماو بناغەی کاری گەلێك لە توێژەرانی حیزبە سیاسییەکان و گەلێك کەس هەوڵیانداوە تا

(١٤١) DUVERGER M., op. cit., 1968, P.692 et suir.
(١٤٢) Ibid., P.693.



بە نەهێشتنی کەموکورتییەکانی تیۆری دۆڤێرژە ئەو بیردۆزە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا تاقیبکەنەوە. هەروەك لەمەوپێش بینیمان، تیۆری دۆڤێرژە پێشاندەری ڕێرەوی مێژوویی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکانە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا و بە چاکی شێوازی دروستبوونی حیزبەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا دەخاتەڕوو. دۆڤێرژە حزبە سیاسییەکان بە دەرەنجامی سروشتی دیموکراسی ڕۆژئاوایی دەزانێ و پێوەندییەکی هۆکاری و دەرەنجامی لەنێوانیاندا دروستدەکات. مۆدیلی دۆڤێرژە لەلایەن توێژەرانی جۆراوجۆرەوە هەموار و دەستکاری کراوە. شیاوی باسە کە دۆڤێرژە، بۆخۆی یەکەمین کەسە کە هەستا بە چاکسازی کردن لە تیۆرییەکانی خۆیدا. دۆڤێرژە لەپاڵ دابەشکردنە کۆنەکەی خۆیدا، لەڕوی ڕێکخراوەییەوە حیزبەکان بۆ سەر حیزبە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان دابەشدەکات. حیزبی ڕاستەوخۆ ئەو حیزبەیە کە ئەندامەکانی وەك تاکی ئەندام لایەنی سەرەکین و زۆربەی حیزبە سیاسییەکان خاوەن خەسڵەتێکی لەم جۆرەن. لە بەرامبەردا، حیزبە ناڕاستەوخۆکان ئەو حیزبانەن کە تاکەکان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تێیدا ئەندامن. حیزبی کرێکاران نموونەی دیاری حیزبێکی ناڕاستەوخۆیە. ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩٠٠ لە ئەنجامی پێکەوەلکانی سەندیکاکان دروستبوو. ئەندامانی ئەم حیزبە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگای سەندیکای تایبەت بەخۆیانەوە، دەبنە ئەندامی حیزب. بە وتەیەکی تر، تاك، ئەندامی سەندیکایە و سەندیکاکەی بە دەنگی زۆرینە دەبێتە ئەندامی حیزب. چاکسازی دووهەمی دۆڤێرژە لەسەر پۆلێن کردنی حیزبەکان بۆ جەماوەری و تایبەتی پێوەندی بە ئاستی چەقبەستوویی ڕێکخراوی حیزبییەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە دۆڤێرژە حیزبەکان بەسەر دوو دەستەی وشك و نەرمدا پۆلێن دەکات. حیزبە وشکەکان ئەو حیزبانەن کە نوێنەرانی حیزبی تێیدا هیچ ئازادییەکی کارکردنیان نییە، لە بەرامبەردا حیزبە نەرمەکان ئەو حیزبانەن کە دیسپلینێکی حیزبی وشکی لەو جۆرەیان تێدا نییە.

## ١- حیزبە گرووپ سالارەکان: چاکسازی ئیلدرسڤێڵد

(سامویێل ج. ئیلدرسڤێڵد) یەکێکە لەو توێژەرانەی کە چاکسازی لە تیۆری دۆڤێرژەدا کردووە. ئەو لەپاڵ هەردوو حیزبی جەماوەریی و تایبەتی دۆڤێرژەدا حیزبێکی تر لەژێر ناوی گرووپ سالار دەخاتەڕوو. ئەو ئەم زاراوەیەی لە (لاسوێل) و (کاپلان) وەرگرتووە[١٤٣].

(١٤٣) LASSWELL H. D., KAPLANA., Power and society, New Haven, Yal University Press, 1950.

ئەم حیزبانە خاوەن هزر و ڕێبازێکی دیموکراتین و دەرفەتی چوونە ناو حیزب بۆ هەمووان هەیە. ئەم حیزبانە، سەرەڕای ئەوەی کە لەڕووی ڕێکخستنەوە بە تەواوی تۆکمەن، سیستەمی زنجیرەی بەرپرسیارێتی زۆر بەهێزیان نییە و دابەشکردنی دەسەڵات لەم حیزبانەدا زۆر دیموکراتیانەیە و لە هەموو ئاستەکاندا نوێنەرانی تاك و گرووپەکان، بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبییان لە ئەستۆدایە. لەم حیزبانەدا، لەبری ئۆلیگارشی، گرووپە جۆراوجۆرەکان باڵا دەستن. بە وتەی ئیڵدرسڤێڵد، لەم حیزبانەدا تاکەکان ئەو دەسەڵاتە تەواوەیان هەیە کە شایستەیانە و شایستەسالاری بەسەر ئەم حیزبانەدا زاڵە[١٤٤].

## ٢- حیزبی دەنگدەران، حیزبی ئاریستۆکراتەکان و حیزبی لایەنگران: چاکسازی ژان شارلۆت:

(ژان شارلۆت) یەکێك لەو توێژەرە فەرەنسیانەیە کە بەرهەمی جۆراوجۆری لە بواری زانستی سیاسەت و حیزبە سیاسییەکان لێ بەجێماوە. شارلۆت وێڕای دەربڕینی گرنگی تیۆری دۆڤێرژە دەستی دایە تەواوکردنی تیۆرییەکەی ئەو و هەندێ حیزبی تری بۆ سەر پۆلێن کردنەکەی دۆڤێرژە زیادکرد کە بەڕای ئەو لەلایەن دۆڤێرژەوە بە شاراوەیی مابوونەوە. ئەو لە ڕوانگەی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنەوە حیزبەکان بەسەر سێ دەستەدا پۆلێن دەکات کە بریتین لە: حیزبە ئاریستۆکراتەکان، حیزبی دەنگدەران و حیزبی لایەنگران. حیزبی ئاریستۆکراتەکان وەرگێڕدراوێکی تری حیزبە تایبەتییەکانی مۆریس دۆڤێرژەیە کە باسی لێوەکرا. بەڵام حیزبی دەنگدەران، ئەو حیزبەیە کە لە پۆلێنکردنەکەی دۆڤێرژەدا باسی لێوە نەکراوە. لەڕوانگەی شارلۆتەوە حیزبی یەکێتی دیموکراتی بۆ کۆماری (حیزبی گولیستی فەرەنسا) بە نموونەیەکی تێر و تەواوی حیزبی دەنگدەران دادەنرێ. ئەم حیزبە نە بە حیزبی ئاریستۆکراتی لە قەڵەم دەدرێ و نە لە ڕیزی حیزبە جەماوەرییەکاندا جێی دەبێتەوە. ئەگەرچی ڕەنگە ئەم حیزبە، ژمارەی ئەندامەکانی لە حیزبی سۆسیالیستیش زیاتر بێ، بەڵام چونکە ئەندامان لەم حیزبەدا ڕۆڵێکی گرنگ ناگێڕن، هەر بۆیە لە ڕیزی حیزبە جەماوەرییەکاندا جێی نابێتەوە. هەروەك دەزانین، لە حیزبە جەماوەرییەکاندا وەك حیزبی سۆسیالیست، ئەندامەکان بە کۆڵەکەی حیزب لە قەڵەم دەدرێن و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پرۆسە جۆراوجۆرەکانی بڕیاردان بەتایبەت لە هەڵبژاردنی ڕێبەراندا، لەکاتێکدا لە حیزبی دەنگدەران ڕۆڵ و پێگەیەکی لەم جۆرە بۆ ئەندامان پێشبینی

(١٤٤) ELDERSVLD S. J., Political Parties. A Behaviors Analysis, Chicago, 1966.



نەکراوە. دۆڤێرژە ئەم حیزبانە بە بەشێك لە حیزبە ئاریستۆکراتەکان نازانێ چونکە ئەم حیزبانە لەلایەن ئاریستۆکراتەکانەوە ئەوەندە جێی سەرنج و پشتگیریی لێکردن نین. کەوابوو، ئەم حیزبە نەتایبەتمەندییەکانی حیزبە ئاریستۆکراتەکانی (حیزبە تایبەتییەکان) هەیە و نە بە بەشێك لە حیزبە جەماوەرییەکان لە قەڵەم دەدرێ.

شارلۆت ئەم حیزبانە بە حیزبی دەنگدەران ناودەبات، چونکە ئەم حیزبانە بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەدەنە سەر دەنگدەران[١٤٥]. شارلۆت لەو باوەڕەدایە، کە ئەم دەستە لە حیزبەکان لە ڕوانگەی دۆڤێرژەوە پشت گوێ خراون و لەلایەن تیۆردارێژی گەورەی حیزبە سیاسییەکانەوە سەرنجیان نەدراوەتێ. شارلۆت هەندێ تایبەتمەندیی جۆراوجۆر بۆ حیزبی دەنگدەران دەخاتەڕوو کە یەك لەوانە بریتییە لە نائایدۆلۆژی بوونی ئەم حیزبانە. ئەم حیزبانە بە پێچەوانەی حیزبە ئایدۆلۆژییەکانی وەك حیزبی کۆمۆنیست بۆ ئەوەی بتوانن دەنگدەرێکی زیاتر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن، خۆیان لەچوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەکیتایبەتدا نابەستنەوە و هەوڵدەدەن بە خستنەڕووی دروشمی زۆر هەمەگیر و هەمە پەسەند تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ فراوانترین توێژەکان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن.

حیزبی لایەنگران، سێهەمین دەستەی حیزبە سیاسییەکانە کە شارلۆت لە پۆلین کردنەکەی خۆیدا باسی لێوە کردووە. ئەم حیزبانە بە پێچەوانەی حیزبەکانی پێشوو لەسەر بنەمای ئەندام وەرگرتن دامەزراون و ئەندامان لەم حیزبانەدا پێگەیەکی بەرزیان هەیە. حیزبە میلیتانەکان ئەگەرچی وەك حیزبەکانی تر بە دوای بەدەستهێنانی دەنگن لە گۆڕەپانەکانی هەڵبژاردندا بەڵام سەرنجێکی تایبەتی دەدەنە سەر ئەندامەکانیان و ئەندامەکانی حیزب کۆڵەکەی سەرەکی ئەم حیزبانە پێکدەهێنن.

## ٣- چاکسازی (کای لاوسۆن) لەسەر تیۆری دۆڤێرژە:

کای لاوسۆن بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی حیزبەکان بگۆڕێکی تر زیاد دەکات بۆ سەر ئەو بگۆڕانەی کە لەلایەن دۆڤێرژەوە خرابوونەڕوو. لاوسۆن پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ دەبینێ لەنێوان ناوەڕۆکی حیزبە سیاسییەکان و دوو بگۆڕی تردا کە بریتین لە: ئاستی بەشداری ئەندامان (لاواز، مامناوەندی و بەهێز) و شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات (پەراکەندەیی یا چەقبەستوویی

(١٤٥) CHARLOT J., Le Phéoméne gaulliste, Paris, Fayard, 1970, PP.63-65.

دەسەڵات). لاوسۆن لەسەر بنەمای ئەو بگۆڕانەی کە باسکران حیزبە سیاسییەکان بەسەر شەش دەستەدا پۆلێن دەکات کە بریتین لە:

١- حیزب- یانە (کلووپ)، کە بریتییە لە ڕێکخراوێکی سیاسی کە ژمارەیەك لە ئارەزوومەندانی کاروباری سیاسی تێیدا چالاکن و بەنیازن لە ڕێگای ئەم ڕێکخراوەوە بەرنامەڕێژی بۆ کردارە سیاسییەکانیان بکەن. ئەم ڕێکخراوانە خاوەن ڕێکوپێکی و دیسپلینی بەهێزی حیزبی نین و زەحمەتە بتوانین بەپێی واتا ناسراوەکەی خۆی ئەوان بە حیزبی سیاسی بزانین[١٤٦].

٢- حیزبە جەماوەرییەکان، بەو شێوازەی کە لە پۆلێنکردنەکەی دۆڤێرژەدا باسکراوە.

٣- حیزبە کاتییەکان، کە تەنها لەکاتی هەڵبژاردن و بە مەبەستی پشتگیریی کردن لە پاڵێوراوێکی تایبەت چالاکی دەکەن و ئەندامەکانیان تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا مۆبیلیزە دەبن.

٤- حیزبی پێشڕەوی لینین، کە لەمەو پێش بە تێروتەسەلی خرایە بەر باس و توێژینەوە.

٥- حیزبی کۆمیتەکان، کە خاوەن ڕێکخستنی تۆکمە و دیسپلینی حیزبی زۆر بەهێزن و پێکهاتەیەکی نادیموکراتییان هەیە.

٦- حیزبە تایبەتییەکان، کە ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبی ئامرازێکن بۆ پشتگیریی کردن لە ئاریستۆکراتەکان.

هەروەك دەبینین لاوسۆن چۆنێتی دابەشکردنی دەسەڵات لە پێکهاتەی حیزبەکان و ئاستی بەشداریکردنی ئەندامان بە پێوەری سەرەکی پۆلێنکردنی حیزبەکان دادەنێ. پۆلێنکردنەکەی لارسۆن ئەم باشییەی هەیە کە لەسەر بنەمای ڕاستی بنیاتنراوە و لەبری پۆلێنکردنی حیزبەکان بەسەر دوو بەشی زۆر بەربڵاو، جیاوازی نێوان حیزبە جۆراوجۆرەکان دەداتە بەر سەرنج و ئەو جیاوازییانە دەخاتە ڕوو کە لەلای دۆڤێرژە بە شاراوەیی مابوونەوە. لە ڕاستیدا پۆلێنکردنەکەی دۆڤێرژە زۆر بەگشتی دێتە بەرچاو و لە نێوان هەر دەستە لە حیزبە تایبەت و جەماوەرییەکانی دۆڤێرژەدا، حیزبی وا جێیان دەبێتەوە کە جیاوازی بنچینەییان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

ئەو ڕەخنەیەی کە ئاراستەی تیۆری لاوسۆن دەکرێ، ئەوەیە کە هەندێ لەو جۆرە حیزبانەی کە ئەو باسی لێوەکردوون بە زەحمەت دەتوانین بە واتای ڕاستەقینەی وشە بەحیزبیان بزانین. بۆ نموونە حیزب- یانە یا حیزبی کاتی لاوسۆن هەندێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حیزبیان

(١٤٦) LAWSON K., The comparative study of Political parties, New York, st. Martin's Press, 1976, PP.77-79.



تێدا بەدی ناکرێ و بە زەحمەت دەتوانین بە واتای ڕاستەقینەی وشە بە حیزبیان بزانین. ڕەخنەی دووهەم کە ئاراستەی ئەم تیۆرییە کراوە ئەوەیە کە هەندێ لەو جۆرە حیزبانەی کە لاوسۆن لە بەرامبەر یەکتردا دایناون ڕووبەڕووی یەکتر نابنەوە و بە زەحمەت دەتوانین لە دوو جۆری بەرامبەر بە یەکتردا جێیان بکەینەوە. بۆ نموونە حیزبی پێشڕەوی لینین و حیزبی کۆمیتەکان زۆر لە یەکترەوە نزیکن و دەتوانین ئەم دوو جۆرە لە حیزبەکان لە چوارچێوەی حیزبە جەماوەرییەکانی دۆڤێرژەدا جێگیر بکەین.

## ٤- حیزبە هەمەگیرەکانی ئۆتۆکێرچ هایمر:

لە نێوان ئەو تیۆریانەی کە لە پاڵ تیۆرییەکەی دۆڤێرژەدا خرانە ڕوو، تیۆری ئۆتۆکێرچ هایمر گرنگییەکی تایبەتی هەیە. کێرچ هایمر وێڕای پەسەندکردنی تیۆری دۆڤێرژە باس لە دایکبوونی ئەو حیزبە نوێیانە دەکات کە پاش دەیەی شەست لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا سەریانهەڵدا و ژمارەشیان بەردەوام لە زیادبووندایە.

هەروەك گوترا تیۆری دۆڤێرژە پێشاندەری واقیعی مێژوویی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە. لەم کۆمەڵگایانەدا، سەرەتا حیزبە تایبەتییەکان و پاشان حیزبە جەماوەرییەکان لەدایکبوون. پاش دروستبوونی حیزبە جەماوەرییەکان، ئەم مۆدیلە حیزبییە نوێیە بەخێرایی لاسایی کرایەوە و گەلێك لە حیزبە تایبەتییەکانیش پێکهاتەی خۆیان گۆڕی و هەوڵیاندا مۆدیلە حیزبییە نوێیەکان پەسەند بکەن. بە وتەیەکی تر، لە سەدەی بیستەمدا بینەری تێپەڕبوونین لە حیزبە تایبەتییەکانەوە بۆ حیزبە جەماوەرییەکان. هەروەك (سارتۆری) دەیگوت حیزبە جەماوەرییەکان لەڕەوتی سەقامگیربوونی دیموکراسیدا دروستبوون و گرنگترین ئەرکی تایبەتییان سەقامگیرکردنی دیموکراسی و بە دامەزراوکردنی بەشداریی جەماوەریی بوو لە گۆڕەپانی سیاسیدا[١٤٧].

کێرچ هایمر لەو باوەڕەدایە کە حیزبە جەماوەرییەکان توانییان لەم قۆناغە لە مێژووی دیموکراسیدا ڕۆڵی خۆیان بە باشی بەجێ بگەیەنن و هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ دامەزراوکردنی بەشداری خەڵك. بەڵام بە هاتنی چینە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ گۆڕەپانی سیاسی و بە دامەزراوبوونی بەشداری ئەوان، ئەم حیزبانە کارایی جارانی خۆیان لەدەستدا و سەردەمی

(١٤٧) SARTORI G., "Political Development and Political Engineering", Political Policy, no 17, 1968, P.292.

ئاوابوونی حیزبە جەماوەرییەکان دەستیپێکرد. ئەو حیزبە هەمەگیرانەی کە کێرچ هایمر باسیان لێوە دەکات لە قۆناغێکی وەهای مێژووی ڕۆژئاوادا دروستبوون[١٤٨]. کێرچ هایمر لەو باوەڕەدایە کە سەردەمی حیزبە جەماوەرییەکان کۆتایی پێ هاتووە و سەردەمی پەرەسەندنی حیزبە هەمەگیرەکان دەستیپێکردووە. بە پێچەوانەی حیزبە جەماوەرییەکان، ئەم حیزبانە لەباتی ئەوەی کە مەبەستیان ڕاکێشانی جەماوەر و ئەندامی زیاتر بێ بە تەمای ڕاکێشانی دەنگدەری زیاترن و ئامانجی گرنگیان سەرکەوتنە لە هەڵبژاردندا[١٤٩]. سەرهەڵدانی حیزبە هەمەگیرەکان لە دەیەی شەست، ڕەگوڕیشەی لەناو ئەو وەرچەرخانە جۆراوجۆرانە دایە کە لەم سەردەمەدا دەیبینین. بۆ نموونە، هەر لەم سەردەمەدا بوو کە پرسی گۆڕینی ڕەفتاری دەنگدەران و ناسەقامگیریی ڕەفتاری هەڵبژاردن سەرنجی گەلێك لە توێژەرانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە[١٥٠].

هەندێ لە توێژەران، دەیەی شەست بەدواوە بە سەردەمی ئاوابوونی ئایدۆلۆژیا و باڵا دەستی عەقڵیەتی ئامرازیی دەزانن لە ڕۆژئاوادا. لە ڕوانگەی هەندێ لە توێژەرانی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانەوە، یەکێکی تر لەو وەرچەرخانانەی کە ئەم کۆمەڵگایانە لەم سەردەمەدا بەخۆیانەوە بینویانە و دروستبوونی کەلێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و لەناوچوونی کەلێنە کلاسیکییەکانە[١٥١].

کێرچ هایمرلە باسکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دەستە لە حیزبە سیاسییەکان ئاماژە بە کاڵبوونەوەی کەلێنە چینایەتییەکانی دەکات و لەو باوەڕەدایە کە لە دەیەی شەست ناکۆکییە چینایەتییەکانی پێشوو زۆر کاڵبوونەتەوە و جیاوازی نێوان چینەکان گەیشتۆتە

(١٤٨) KIRCHHEIMER O., “ The Transformation of the western European party Systems”, in Lapalombara J., Weiner M. (eds.), political parties, op. cit., PP. 177-200.

(١٤٩) Ibid., P.184.

(١٥٠) DALTON R. J., FLANGAN S. C., BECK P. A. (EDS.) ELECTOREL change in Advanced Industrial Democracies: Realignment or Realignment 2, Princeton, Princeton University Press, 1984; Dalton r. k., Flangan S. c, “Parties under stress: Realignment and Dealignment in Advanced Industrial Societies”, West European politics, vol. 7., n 1, 1984, PP. 7-23.

(١٥١) INGLEHART R., The silent Revolution: changing Values and Political styles among Western Publics, Princeton, Princeton University Press, 1977; Inglehart r., “Value change in industrial Societies, The American Political Science Review, Vol. 81, n 4, 1987, PP. 1289-1303.



کەمترین ئاستی خۆی. بە سەرنجدان بەوەی کە ئایدۆلۆژیاش لەم کۆمەڵگایانەدا ڕۆژ بەڕۆژ بایەخی خۆی لەدەستدەدات، قووڵایی کەلێن و پێکدادانەکانی ڕابردوو کەمتر دەبێتەوە و کۆمەڵگاکان بەرەو جۆرێك لە کۆدەنگی هەنگاو دەنێن. لەم کۆمەڵگایانەدا بەشێوەیەکی سروشتی حیزبە سیاسییەکان سیمای چینایەتی و ئایدۆلۆژیایی خۆیان لەدەستدەدەن و حیزبەکان ناچارن لەنێوان جەماوەر و لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکاندا لایەنگر بۆ خۆیان بدۆزنەوە. حیزبە هەمەگیرەکان لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەدا سەرهەڵدەدەن و حیزبە جەماوەرییەکان ناچارن ناوەڕۆکی خۆیان بۆ حیزبی هەمەگیر بگۆڕن. بەجۆرێك کە ئەم حیزبانە ناچارن لەبری جەختکردنەوە لەسەر چین یا ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت ڕوانینی نیگەران ئامێزی خۆیان ببڕنە سندووقەکانی دەنگدان و هەموو ویستی خۆیان بخەنە گەڕ تا لە هەڵبژاردن زیاترین ژمارەی دەنگەکان بەدەستبهێنن[١٥٢].

ئامانجی سەرەکی حیزبە جەماوەرییەکان ئەوەبوو کە جەماوەر لە چوارچێوەی ڕێکخراو و دامەزراوە حیزبییەکاندا ڕێکبخەن و بە پەرەپێدانی ئامانج و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی، جەماوەر بەرەو دامەزراوە حیزبییەکانی خۆیان ڕابکێشن. بەڵام حیزبە هەمەگیرەکان بە پێچەوانەی حیزبە جەماوەرییەکان، ئامانجیان بەدەستهێنانی سەرکەوتنی خێرایە لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەم خاڵەی کە کێرچ هایمریش سەرنجی دەداتێ ئەوەیە کە حیزبە هەمەگیرەکان ئەگەرچی کەمتر چینایەتین و بەشێوەیەکی هەستپێکراو نائایدۆلۆژیین بەڵام هێشتا هەندێ لە بەڵێنە ئایدۆلۆژیایی و چینایەتییەکانی خۆیانیان پاراستووە. بۆ نموونە حیزبی دیموکراتی مەسیحی ئیتاڵیا کە ئەمڕۆ چووەتە ڕیزی حیزبە هەمەگیرەکان، هەوڵدەدات تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ سیمای ئایدۆلۆژیکی خۆی بپارێزێ. حیزبی کرێکاریش نموونەیەکی ترە لە حیزبە هەمەگیرەکان کە تاڕادەیەکی زۆر سیمای چینایەتی هەیە و سەرەڕای دروشمە بان چینایەتییەکانی تێڕوانینی بۆ پرس و گرفتە تایبەتییەکانی چینی کرێکاریش هەیە. جیاوازییەکی سەرەکی دیکە لە نێوان حیزبە جەماوەرییەکان و حیزبە هەمەگیرەکان لەوەدایە کە حیزبە هەمەگیرەکان کەمتر لەدوای دروستکردنی گۆڕانکاریی قووڵ و بنەڕەتین و پتر لە هەوڵی ئەوەدان کە بە خستنەڕووی بەرنامە گەلێك بۆ چارەسەری گرفتە کاتی و خێراکانی

(١٥٢) KIRCHHIMER O., “The Transfomation of the western European Party systems”, Lapalombara J., Weiner M. (ed), Parties and Political Development. New Jersy, Princeton University press, 1966, P.184.

خەڵك، دەنگدەرێکی زیاتر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. ئەمە لەکاتێکدایە کە حیزبە جەماوەرییەکان پتر خوازیاری دروستکردنی وەرچەرخانی سەرەکین لە کۆمەڵگادا و هەوڵدەدەن کە سیستەمێکی سیاسی و ئابووری نوێ بۆ لایەنگرانی خۆیان بە دیاری بهێنن. لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی حیزبە هەمەگیرەکان ئەوەیە کە ئەم حیزبانە بایەخێکی تایبەتی دەدەن بە گرووپەکانی قازانج و هەوڵدەدەن بەڕاکێشانی پشتیوانی ئەم گرووپانەو ژمارەی دەنگدەرانی خۆیان بگەیەننە ئەوپەڕی خۆی. بە سەرنجدان بەم تێبینیانە کە توێژەرانی لەجۆری شارلۆت ئەم جۆرە حیزبانە بە ((حیزبەکانی گردبوونەوە)) ناو دەبەن.

یەکێکیتر لەو پرسانەی کە لە دیدگای گەلێك لە توێژەراندا بەشاراوەیی ماوەتەوە، سەرنجدانە بەو وەرچەرخانەی کە لە سەرچاوەی دارایی حیزبە سیاسییەکاندا دروستبووە. پێدەچێ ئەم وەرچەرخانە کە بە ڕێکەوت بۆ دەیەی شەست بەدواوە دەگەڕێتەوە بە باشی زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی حیزبە هەمەگیرەکان خۆشکردبێ. گرنگترین وەرچەرخانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە دەوڵەتەکان بەشێکی بەرچاو لە خەرجی حیزبە سیاسییەکانیان لە ئەستۆگرت و حیزبە سیاسییەکان بە پێچەوانەی ڕابردوو، ئەوەندە بە مافی ئەندامێتی ئەندامەکانیان پشت ئەستوو نەبوون. ئەمەش بووە هۆی بێ منەتی و بایەخ نەدانی حیزبە سیاسییەکان بە ئەندامەکانیان.

شیاوی باسە کە لە ڕابردوو حیزبە تایبەتییەکان پتر بە سەرمایەی تایبەتی ڕێبەرانی خۆیانەوە پشت ئەستوور بوون و حیزبە جەماوەرییەکان لەڕێگای وەرگرتنی مافی ئەندامێتییەوە خەرجییەکانی خۆیانیان دابیندەکرد. بەرەبەرە بە ئاڵۆزبوون و زیاتربوونی خەرجییەکانی ژیانی سیاسی، حیزبە سیاسییەکان تووشی گرفتی دارایی جدی هاتن و مافی ئەندامێتی (ئابوونە) و یارمەتی دارایی لایەنگران، وەڵامدەرەوەی خەرجییە زۆرەکانی حیزبەکان نەبوون بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردندا. ئەمەش ئەنجامێکی ناخۆشی بۆ حیزبەکان بەدواوە بوو، تەنانەت بووە هۆی لادانی هەندێ لە حیزبە سیاسییەکان و هەڵسوکەوتی وەك دەرکردنی وەسڵی ساختەی لێکەوتەوە لەلایەن بەرپرسە حکومییەکانی لایەنگری حیزب بۆ یارمەتیدانی حیزب، هەروا بووە هۆی وابەستەبوونی حیزبەکان بە تاك و دامودەزگا دەستڕۆیشتووە ئابوورییەکان و هتد.

گەلێك لە دەوڵەتەکان بڕیاریاندا بۆ پاراستنی خاوێنی دیموکراسی و ڕزگارکردنی حیزبە سیاسییەکان یارمەتی ڕێکخراوە سیاسییەکان بدەن و گەلێك لەوان بەشێوەیەکی یاسایی



بەخشینی یارمەتییان بە حیزبە سیاسییەکان پەسەندکرد. بەگشتی، ئەم یارمەتییانە لەسەر بنەمای ژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی هەڵبژاردن، ژمارەی کورسییەکان یا لەبەر بەرچاوگرتنی هەردوو فاکتەر دەدران. بەم جۆرە لە جیهانی ئەمڕۆدا یارمەتی حکوومی گرنگترین سەرچاوەی دارایی حیزبە سیاسییەکانی پێکدەهێنێ و یارمەتی حکوومی لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردن دیاری دەکرێ. ئەنجامی سروشتی ئەم دیاردەیە ئەوەبوو کە حیزبە سیاسییەکان بەردەوامی ژیانی سیاسی و چالاکییەکانی خۆیانیان بەوەدەستهێنانی دەنگی زیاتر لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەبەستەوە. بەم جۆرە، حیزبەکان هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ڕاکێشانی دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردندا تەرخاندەکەن و بەهای دەنگدەر گەلێك زیاترە لە ئەندام. بە وتەیەکی تر، ئەگەرچی کاڵبوونەوەی ئایدۆلۆژیا و لەناوچوونی کەلێنە چینایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە دروستبوونی حیزبە هەمەگیرەکان بەڵام بێگومان سیستەمی پێدانی یارمەتی حکوومیش لەم بارەیەوە کاریگەریی خۆی هەبووە.

## ج- هەوڵدان بۆ چەسپاندنی مۆدیلی دۆڤێرژە بەسەر وڵاتانی ناڕۆژئاواییدا

هەروەك گوترا پۆلێنکردنە باسکراوەکان بەتایبەت پۆلێنکردنەکەی دۆڤێرژە پتر پێشاندەری ڕاستی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە و دەربڕینی زانستی ئەو وەرچەرخانەیە کە لە ڕەوتی سەقامگیربوونی دیموکراسی لەم کۆمەڵگایانەدا ڕوویانداوە. کەوابوو، بەشێوەیەکی سروشتی، ئەم تیۆرییانە ناتوانن ناوەڕۆکی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا ناڕۆژئاواییەکان شیبکەنەوەو، لەڕاستیدا بانگەشەیەکی لەو جۆرەش ناکەن. هەندێ لە توێژەران هەوڵیانداوە بە پشت بەستن بە تیۆرییەکانی دۆڤێرژە هەندێ مۆدیلی وا بخەنەڕوو کە شیاوی گشتاندن بێ بۆ کۆمەڵگا ناڕۆژئاواییەکانیش. لەم بەشەدا ئاماژە بە هەندێ لەو هەوڵانە دەکەین کە لەم بارەیەوە دراون.

(شوارتز نبرگ) لە کتێبی (کۆمەڵناسی سیاسی)، بەشێکی گرنگی بۆ حیزبە سیاسییەکان تەرخان کردووە. ئەو بە پشت بەستن بە تیۆری دۆڤێرژە لە وڵاتانی بەرەو گەشەکردندا حیزبە سیاسییەکان بەسەر دوو بەشی حیزبە جەماوەرییەکان و حیزبە ئاغاواتییەکان پۆلێن دەکات. حیزبە جەماوەرییەکان هەوڵی مۆبیلیزەکردنی جەماوەر دەدەن، لەکاتێکدا حیزبە ئاغاواتییەکان تەنها پشت بە پشتگیریی هەندێ بەشی بچووکی کۆمەڵگا واتە ڕێبەران و ئاریستۆکراتە کلاسیکییەکان دەبەستن. حیزبە ئاغاواتییەکان لەڕووی ڕێکخستنەوە زۆر لاوازن و خاوەن ڕێکخراوێکی حیزبی پێشکەوتوو نین. ئەو حیزبانە هەوڵی مۆبیلیزە کردنی توێژە

جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا نادەن و ئەندامانی حیزب، بەشدارییەکی ئەوتۆیان لە پرۆسەی بڕیاردانەکاندا نییە(١٥٣). هەروەك دەبینین حیزبی ئاغاواتی شوارتزنبرگ هەمان حیزبی ئاریستۆکراتی شارلۆتە و وەرگێڕانێکی ترە لە حیزبی تایبەتی دۆڤێرژە. کەواتە، پێدەچێ ئەم پۆلێنکردنە دەستکەوتێکی نوێی بۆ توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکان پێ نەبێ و بە قسەیەکی نوێ لە قەڵەم نەدرێت. هەندێکی تر، حیزبەکانی ناو کۆمەڵگاکانی بەرەو گەشەکردن بەسەر دوو دەستە حیزبی شۆڕشگێڕی ناوەندگەراو حیزبی کردارگەرای پلورالی پۆلێن دەکەن. کەواتە لێرەدا، ئایدۆلۆژیا بووەتە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبەکان. حیزبە ئایدۆلۆژییەکان لەڕاستیدا خاوەن دیسپلینی حیزبی و ڕێکخستنی بەهێزن.

(بۆردۆ) یەکێکی ترە لەو وتوێژەرانەی کە هەوڵیداوە حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکاندا پۆلێن بکات. بۆردۆ حیزبەکان لەم کۆمەڵگایانەدا بەسەر سێ دەستەدا پۆلێن دەکات. حیزبە دەسەڵات گەراکان، حیزبە کاریزماییەکان و حیزبە فیۆدالییەکان. حیزبە کۆمۆنیستەکان، بەتایبەت حیزبی پێشڕەوی لینین بە نموونەی بەرجەستەی حیزبەکانی دەستەی یەکەم دادەنرێن. ئەم حیزبانە لە بنەڕەتدا دەسەڵاتگەران و پشت بەستن بە شێوازی تاکڕەویی بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانیان بە پێویست دەزانن. تایبەتمەندییەکانی ئەم حیزبانە بریتین لە ناوەندگەرایی توندوتۆڵ و دیسپیلینی زۆر بەهێزی حیزبی. حیزبە کاریزماییەکان ئەو حیزبانەن کە لەسەر تەوەری کەسایەتی سەرۆکێکی کاریزمایی دروستدەبن و بنەمای ڕەوایی خۆیان لە کەسایەتی ئەوەوە وەردەگرن. ئەم حیزبانەش دەتوانن لەکاتی پێویست و بۆ پشتگیریکردن لە سەرۆکی خۆیان پشت بە شێوازە نادیموکراتییەکان ببەستن(١٥٤).

لە کۆمەڵگاکانی بەرەو گەشەکردندا حیزبە فیۆدالییەکان زۆرترین ژمارەی حیزبەکان پێکدەهێنن. بەتایبەت لە وڵاتانی ئەفریقی بینەری ژمارەیەکی زۆر حیزبی لەم جۆرەین. ئەم حیزبانە بەزۆری حیزبی هەمەگیرن و لە وڵاتانی ڕزگاربوو لە ژێر دەستی کۆلۆنیالیزم و بەهۆی پیاوانی دەوڵەت و سەرۆکی وڵاتانەوە دروستدەبن تا بەم جۆرە توێژە جۆراوجۆرەکان و ئەتنیکە جیاوازەکان بە مەبەستی پاراستنی هاوبەندی کۆمەلایەتی لە دەوری یەکتر کۆبکەنەوە. ئەم حیزبانە لەو ڕووەوە هەمەگیرن چونکە نەتەوە جیاوازەکان لەخۆدەگرن و مەبەست لە

(١٥٣) SCHARTZENBERG R. G., Sociology politique, Paris, Montchrestien, 1988, PP.420 et suir.

(١٥٤) BURDEARAU G., Traité., op. cit., 1982, P.425.



دامەزراندنیان بەرەنگاربوونەوەی بەرهەڵستکاریی ئەتنییە لە بەرامبەر دەوڵەتی نیشتمانیدا. بۆردۆ بەو هۆیەوە ئەم حیزبانە بە ئەتنی ناو دەبات چونکە پێوەندی ڕێکخراوەیی ئەوان لەسەر بنەمای پێوەندی فیۆدالی دروستبووە. ئەو شتەی کە ئەندامانی ئەم حیزبانە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە ملکەچ بوونیانە بۆ ڕێبەر یا ڕێبەرگەلێك کە پێوەندییەکی ستوونییان لەگەڵ لایەنگرانی خۆیاندا هەیە. پێوەندی تاکە کەسی بنیات نراو لەسەر سیستەمی ئاغاوات و ڕەعیەت لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم حیزبانەیە. ڕێبەرانی حزبیش بەزۆریی بەشێوازی کلاسیکی لایەنگرانی خۆیان مۆبیلیزە دەکەن(١٥٥). دەستەیەکی چوارەمیش کە دەتوانین بۆ سەر ئەم پۆلێنکردنەی زیاد بکەین، بریتیە لە سیستەمی تاك حیزبی کە مارکسیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و لەو باوەڕەدان لەو کۆمەڵگایانەی کە کەلێنە چینایەتییەکان لەناوچووبن و کۆدەنگی جێگای هاودژی گرتبێتەوە، تەنها تاکە حیزبێك فەلسەفەی بوونی هەیە کە ڕەنگدەرەوەی ئەم کۆ دەنگییە بێت. لەم کۆمەڵگا گریمانەیەدا، هیچ دەرفەتێك نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان چینەکان یا گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا و چەند دەنگی هەر لە بنەڕەتەوە بێ واتایە.

بەکورتی، دەتوانین حیزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبی لەسەر تەوەرێك لەڕووی بەهێزیی و لاوازی ڕێکخستن و پێکهاتەی ڕێکخراوەییەوە پۆلێن بکەین. لەسەر بنەمای ئەم تەوەرە ڕەنگە بتوانین حیزبەکان لە لاوازەوە بۆ بەهێز بەم جۆرە پۆلێن بکەین:

١- حیزبە تایبەتییەکان کە بریتین لە:

حیزبە نەرمەکان: وەك حیزب-یانە، حیزبی ئاریستۆکرات و حیزبە وشکەکان کە بریتین لە: حیزبی دەنگدەران یا حیزبە هەمەگیرەکان.

٢- حیزبە جەماوەرییەکان کە بریتین لە:

حیزبە نەرمەکان: وەك حیزبی لایەنگران و حیزبە وشکەکان: وەك حیزبە هاوبەندەکان.

(١٥٥) Ibid., P.430.

## پاژی٢:

## ئایدۆلۆژیای حیزبی چوارچێوەیەکی کلاسیکی بۆ جۆرناسی حیزبە سیاسییەکان

گەلێك لە حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا بۆ بەرگری کردن لە ئایدۆلۆژیا و ئامانجێکی تایبەتی لەدایکبوون و ناوی حیزبی سیاسی لانیکەم تا سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا ئاوێتە بوو. حیزبەکانی سەدەی ١٩ و نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠ بە شێوازێکی توندوتۆڵ دڵبەستەی ئامانج و رێبازی خۆیان بوون و ململانێی ئایدۆلۆژیایی گرنگترین کێشەی نێوان حیزبە سیاسییەکانی پێکدەهێنا. بەرەبەرە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم رەگەزی ئایدۆلۆژیا بایەخی رابردووی خۆی لەدەستدا و لە دەیەی شەست بینەری حیزبگەلێکی نوێین کە زیاترین بایەخ بە دەنگدەران دەدەن. حیزبەکانی سەردەمی هاوچەرخ هەروەك ماکس وێبەر پێشبینی دەکرد، بوونەتە کۆمپانیاگەلێکی بازرگانی کە لە بازاڕی سیاسەتدا بەدوای دەنگی زیاتر دەگەڕێن هەتا دەستبگرن بەسەر کورسییەکانی نوێنەرایەتی و پۆستەکانی دەسەڵاتدا. سەرەڕای کاڵبوونەوەی ئایدۆلۆژیا لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندا هێشتاش دەتوانین باس لە ئایدۆلۆژیای حیزبی بکەین و حیزبە سیاسییەکان هێشتا هەوڵدەدەن کە رێباز و ئامانجێکی سیاسی و ئایینی تایبەت بۆ خۆیان پێناسە بکەن. هێشتا گەلێك لە پسپۆڕانی حیزب جەخت لەسەر رۆڵی ئایدۆلۆژیا دەکەنەوە و هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە ئایدۆلۆژیای حیزبی دەتوانێ پێوەرێکی شیاوبێ بۆ جۆرناسی حیزبەکان.

ئەگەرچی ئایدۆلۆژیای حیزبی ئەمڕۆ بایەخی رابردووی خۆی لەدەستداوە، بەڵام هێشتا لە توێژینەوەی حیزبەکاندا باسی لێوەدەکرێ و دەتوانین لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا باس لە جۆرناسی حیزبەکان بکەین. بە سەرنجدان بەو رۆڵە گرنگەی کە ئایدۆلۆژیاکان لە سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکاندا گێڕاویانە پێویستە رۆڵ و پێگەی ئەوان لە پێکهاتەی حیزبیدا بخرێتە بەر توێژینەوە.



## أ- رۆڵ و پێگەی ئایدۆلۆژیا لە رێکخستنی حیزبیدا:

لە رابردوو رۆڵ و پێگەی ئایدۆلۆژیا لە رێکخستنی حیزبیدا بەجۆرێك بوو کە توێژەرانێکی وەك (ئیدمۆند بورك) بە یەکێك لە پێکهاتەکانی چەمکی حیزبی سیاسییان لە قەڵەم دەدا. (بورك) لە ساڵی ١٧٧٠ حیزبی سیاسی بەم جۆرەی خوارەوە پێناسە دەکات:

((حیزبی سیاسی گرووپێکی رێکخراوە لەو تاکانەی کە لەسەر بنەمای (ئایدۆلۆژییەکی) هاوبەش لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە تا بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان کار بکەن))[١٥٦].

(تیبۆلت) لەو باوەڕە دایە کە حیزبە سیاسییەکان شتێك نین جگە لە ((بیروباوەڕی هاوبەش))[١٥٧].

لەم روانگەیەوە، حیزبی سیاسی شتێك نییە جگە لە کۆبوونەوەی تاکە هاوبیر و باوەڕەکان. هەندێك لە توێژەران لەمەڕ گرنگی رۆڵی ئایدۆلۆژیا تا ئەو ئاستە چوونە پێشەوە کە بە گەرەنتی مانەوە و سەقامگیریی حیزبە سیاسییەکانیان دەزانی. (کلۆس ڤۆن بیمی) لەو باوەڕەدایە کە تەنها حیزبە ئایدۆلۆژییەکان دەتوانن هیوادار بن بە ژیانێکی سەقامگیر لە کۆمەڵگادا، بەپێچەوانەی ئەمەوە حیزبەکان تەمەنیان کورت دەبێ و ئەو حیزبانەی کە ئامانج و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراویان نییە لە بەردەم مەترسی نەمان و لەناوچووندان. لەڕوانگەی بیمییەوە بە درێژایی رۆژگار ئایدۆلۆژیا فاکتەری سەرەکی سەقامگیریی حیزبەکان بووە.

بەڵام، هەروەك لەمەوپێش گوترا ئایدۆلۆژیا لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بایەخی پێشووی خۆی لەدەستدا و ئەمڕۆ گەلێك لە حیزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکدا دەنگدەر بۆ خۆیان بدۆزنەوە خۆیان لە پەسەندکردنی ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراو دوور دەخەنەوە. جاندا، توێژەر و پسپۆڕی ئەمەریکی حیزبە سیاسییەکان، گەلێك حیزب دەخاتە بەر توێژینەوە و دەگاتە ئەم ئەنجامە کە نیوەی ئەو حیزبانەی کە ئەو توێژینەوەی لەسەر کردوون هیچ ئایدۆلۆژیاییەکی تایبەتییان وەك ئامانجی حیزبی خۆیان هەڵنەبژاردووە[١٥٨].

---

(١٥٦) BURKE E., op. cit., 1770, I. P.530.
(١٥٧) THIBAULT T., op. cit., 1932, P.7.
(١٥٨) JANDA k., Political parties, Across-National Survey, New York, The free press, 1980., P.58.

لە دەیەی شەست بینەری سەرهەڵدانی حیزبگەلێکی نوێین لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا کە کێرچ هایمر بە حیزبە هەمەگیرەکان ناویان لێدەبات. ئەم حیزبانە لەو ڕووەوە هەمەگیرن کە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی دەنگدەری جۆراوجۆر لە هەموو توێژ و گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لای خۆیان رابکێشن. ئەم حیزبانە بۆ راکێشانی کریاری پتر لە گۆڕەپانی هەڵبژاردندا هەموو دروشم و ئامرازێك دەگرنەبەر و بەرامبەر بە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت خۆیان بە پابەند نازانن. سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم حیزبانە پتر لە جاران ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای لە حیزبە سیاسییەکاندا خستۆتەبەر گومان. بەم حاڵەش، هێشتا پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکان پێدادەگرن لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئایدۆلۆژیا لە حیزبە سیاسییەکاندا و لەو باوەڕەدان کە ئایدۆلۆژیای حیزبەکان تەنانەت کاریگەریی لەسەر پێکهاتە و ڕێکخستنی حیزبیشدا هەیە. کنیس جاندا، حیزبە ئایدۆلۆژییەکان بە کلێسا دەشوبهێنێ کە خاوەن دیسپلین و ڕێکخستنی ناوەندگەرا و زنجیرەی بەرپرسیارێتی جدین و ئەندامانی حیزب لەسەریانە دیسپلینی حیزبی لەبەرچاو بگرن(١٥٩). ئەم بابەتەش زۆر لە زەینەوە دوورنییە، چونکە ئەندامانی حیزبێکی ئایدۆلۆژیایی لەسەریانە پابەندی بنەما و ڕێوشوێنی تایبەتی بن و پابەندبوونیان بەو بنەمایانە دەبێتە بەربەست لەبەردەم نەرمبوونیاندا. لەکاتێکدا کە حیزبە ئایدۆلۆژییەکان ئەو حیزبانەن کە بەهۆی پابەندنەبوونیان بە بنەماگەلێکی تایبەتەوە لەبەرامبەر پرسەکاندا زۆر نەرمن.

بە سەرنجدان بە ڕۆڵ و گرنگی ئایدۆلۆژیا و کاریگەریی لەسەر پێکهاتە و ڕێکخستنی حیزبەکان گەلێك لە پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکان ئایدۆلۆژیایان کردۆتە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان. لەم بارەیەوەش دیسان مۆریس دۆڤێرژە پێشڕەوە. دۆڤێرژە حیزبە سیاسییەکانی لەڕووی ئایدۆلۆژیاوە بەسەر دوو دەستەی چەپ و ڕاست پۆلێن کردووە. پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان بەسەر چەپ و ڕاستدا هێشتا بەهای پێویستی خۆی هەیە و ئەم جۆرناسییە هەم لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و هەم لە نێوان توێژەرانی زانستی سیاسەت، بەتایبەتی لەنێوان جەماوەردا باوە. چەمکی چەپ و ڕاست لەو چەمکانەن کە لە سەرانسەری جیهاندا پێشوازییەکی باشیان لێکراوە و لە دوورترین شوێنەکانی جیهان بۆ پۆلێنکردنی حیزب و باڵە سیاسییەکان لەم دوو چەمکە کەڵك وەردەگرن. بە سەرنجدان بە گرنگی ئەم چەمکە و لەبەر ئەوەی چوارچێوەی تیۆریی ئەم پۆلێنکردنە لەلایەن دۆڤێرژەوە خراوەتەڕوو، بەتێروتەسەلی باس لەم دوو چەمکە دەکەین.

---

(١٥٩) Ibid.



## ب- جۆرناسی حیزبەکان لەسەر بنەمای چەپ و ڕاست:

یەکێك لە شێوازە زۆر باوەکان بۆ پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان پۆلێن کردنیانە بەسەر تەوەری چەپ و ڕاستدا. ئەم شێوازە لە مۆریس دۆڤێرژەوە سەرچاوەی گرتووە. بەر لە باسکردنی جۆرناسی حیزبەکان لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە بە وردبینییەکی زیاتر لەسەر چەمکی چەپ و ڕاست بکۆڵینەوە.

### ١- سەرچاوەی چەمکی چەپ و ڕاست:

بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم دوو چەمکە زۆرباوە لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، پێویستە بە کورتی بڕوانینە سەرچاوە و شێوازی هاتنیان بۆ ناو ئەدەبیاتی سیاسی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان. مێژووی کەڵك وەرگرتن لەم چەمکانە بۆ وەسفکردنی باڵە سیاسییەکان بۆ ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی فەرەنسا دەگەڕێتەوە. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا، لە پارلەمانی ئەو وڵاتە مشتومڕێکی جدی هاتە ئاراوە لەمەڕ ئاستی دەسەڵاتەکانی پاشا لەبەرامبەر پارلەماندا.

لە ١١ی ئەیلوولی ١٧٨٩، بەکردەوە نوێنەران بەسەر دوو دەستەدا دابەشبوون بەشێکیان خوازیاری مافی ڤیتۆ بوون بۆ پاشا لەبەرامبەر پارلەماندا و لەو باوەڕەدابوون کە پاشا دەتوانێ هەموو یاسا پەسەندکراوەکانی پارلەمان ڤیتۆ بکات، لەبەرامبەردا بەشێکی تر لە نوێنەران، لایەنگری ڕژێمی پاشایەتی دەستووریی بوون و خوازیاری لانیکەمی دەسەڵات بوون بۆ پاشا. بەشێوەیەکی ڕێکەوت، لایەنگرانی مافی ڤیتۆی پاشا لەلای ڕاستی پارلەمانەوە دانیشتن و لایەنگرانی پاشایەتی دەستووریی لەلای چەپ جێگیربوون. بەم جۆرە، لە گفتوگۆکاندا ئەم دوو دەستە لە نوێنەران بەناوی شوێنی دانیشتنیانەوە ناونراون و چەمکی چەپ و ڕاست چووە ناو ئەدەبیاتی سیاسی فەرەنسا. بە سەرنجدان بە پێگەی تایبەتی فەرەنسا پاش شۆڕش و بە سەرنجدان بەوەی کە فەرەنسا جێی سەرنج و تێڕوانینی گەلێك لە ڕۆشنبیران و خاوەن قەڵەمەکان بوو، ئەم زاراوەیە بەخێرایی سنوورەکانی فەرەنسای تێپەڕاند و لە گەلێك لە وڵاتاندا کەڵکی لێوەرگیرا. ئەم چەمکانە لەو چەمکە دەگمەنانەن کە بەخێرایی پەرەیان سەند و لە سەرانسەری جیهاندا کەڵکیان لێوەرگیرا و تەنانەت لە وڵاتێکی وەك ئێرانیش، هەر لەگەڵ دروستبوونی یەکەمین حیزبی سیاسی لە درێژەی شۆڕشی مەشرووتیەت، ئەم چەمکانە کەڵکیان لێوەرگیرا و ئەمڕۆش بینەری بەکارهێنانی ئەم چەمکانەین لە گۆڕەپانی سیاسییدا. بە سەرنجدان بەکەڵك

وەرگرتنی بەردەوام لەم چەمكانە لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەكاندا، بەشێوەیەكی سروشتی ئەم چەمكانە بە تێپەڕبوون لە سنوورە جۆراوجۆرەكان واتای جیاوازیان لەخۆیان گرتووە و بەشێوازی جۆراوجۆر بەكاردەهێنرێن. بە سەرنجدان بە گرنگی ئەم پرسە و بە مەبەستی بەدەست هێنانی خاڵێكی هاوبەش بۆ ئەم چەمكانە لە كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكاندا، بە توێژینەوەی وردتری ئەم چەمكانەوە خەریكدەبین.

## ڕێژەیی بوونی چەمكی چەپ و ڕاست بەپێی كات و شوێن:

هەروەك لەمەوپێش گوترا چەپ و ڕاست لەسەرەتای سەركەوتنی شۆڕشی فەرەنسا و لە زێدی خۆیدا بۆ دەربڕینی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان كۆماریخوازان و پاشایەتیخوازان بەكاردەهات. كەواتە لەسەرەتادا چەپ و ڕاست دەربڕی جۆرێك لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو باڵ بوو كە لەسەر پێكهاتە و جۆری سیستەم ناكۆكی یاساییان لەگەڵ یەكتردا هەبووە. بە تێپەڕبوونی كات، چەپ و ڕاست بوونە خاوەن ڕەهەندی جۆراوجۆری سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری و تەنانەت كۆمەلایەتی. بەرەبەرە، جگە لە جۆری حكوومەت پرسە ئابوورییەكانیش چوونە ناو چەمكی چەپ و ڕاست. باڵی چەپ، خوازیاری دەست تێوەردانی دەوڵەت بوو لە بواری ئابووریدا و لەو باوەڕەدابوو كە دەوڵەتەكان دەبێ بۆ دروستكردنی شانسی یەكسان لەبواری ئابووریدا دەست تێوەردان بكەن و پشتگیریی لە توێژە لاواز و كەم دەرامەتەكان بكەن. لەكاتێكدا باڵی ڕاست لەو باوەڕەدا بوو كە دەوڵەت مافی دەستێوەردانی لەبواری ئابووریدا نییە و دەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ ئەوپەڕی خۆی كەم بكرێتەوە. بەپێی ئەم دیدگایە دەوڵەت وەك پاسەوان و بەبێ لایەنی تەواوەوە، مافی ئامادەبوونی لەبواری ئابووریدا هەیە و تەنها بۆ پاراستنی ئاسایش و لە حاڵەتی زەرووڕەتی تایبەتیدا مافی دەستێوەردانی هەیە. بەم جۆرە باڵی ڕاست خوازیاری بەتایبەتی كردنی بەشە جۆراوجۆرە ئابوورییەكان بوو، لەكاتێكدا باڵی چەپ خوازیاری بە نیشتمانی كردنی پیشەسازییە گرنگ و بنەڕەتییەكانی وڵات بوو. باڵی ڕاست زۆر حەزی لە سیاسەتی وەرگرتنی باجی داهات نەبوو، لەكاتێكدا باڵی چەپ سوور بوو لەسەر وەرگرتنی باج و یارمەتیدانی توێژە كەم دەرامەتەكان. هەر بۆیە هەندێ كەس باڵی ڕاست لەڕووی ئابوورییەوە بە لیبرال ناو دەبەن[١٦٠]. بەرەبەرە، جگە لە جیاوازی بیروبۆچوون

(١٦٠) MAYER N., PERRINEAU P., Les comportements Politiques, Paris, Armand colin, 1992, P.72.



لەسەر پرسە ئابوورییەكان جۆرە جیاوازییەكی فەرهەنگیش بۆ چەمكەكانی چەپ و ڕاست زیادكرا. باڵی چەپ لە ئەوروپا بەرگری لە ئازادییەكانی تاك و ئازادییە سیاسی و ئایینییەكان دەكرد، لەكاتێكدا باڵی ڕاست پتر جەختی لەسەر بەها ئایینی و نەریتیەكان، ئەخلاق و بنەماڵە دەكردەوە. بە وتەیەكی تر، باڵی ڕاست لەڕووی ئابوورییەوە لایەنگری لە جۆرێك لە لیبرالیزم دەكرد، لە كاتێكدا باڵی چەپ لەڕووی فەرهەنگییەوە لایەنگری لیبرالیزم بوو. بەم جۆرە، لیبرالیزمی فەرهەنگی و ئابووری بووە تەوەرێكی تری ململانێی نێوان باڵی چەپ و ڕاست. هەروەك (ژیرارد گرانبرگ) نووسەری فەرەنسی دەنووسێ، لە وڵاتی فەرەنسا زۆربەی لایەنگرانی كلێسا و توێژە ئایینییەكان پشتگیرییان لە باڵی ڕاست دەكرد، لەكاتێكدا ((لاوان، نائایینییەكان، مەسیحییە پابەندنەبووەكان، و كەسانی بێ ئایین))[١٦١] لە باڵی چەپدا جێگیر دەبوون.

بەم جۆرە، چەمكی چەپ و ڕاست بەدرێژایی زەمەن تووشی وەرچەرخان بووە و خاوەن واتایەكی نەگۆڕ نییە. ئەم چەمكانە نە تەنها لەكاتە جۆراوجۆرەكاندا خاوەن واتای جیاواز بوون بەڵكو لە شوێنە جۆراوجۆرەكانیش واتای جۆراوجۆریان بەخۆیانەوە بینیوە. (ئینگل هارت) لەو باوەڕەدایە كە چەمكی چەپ و ڕاست لەكات و شوێنە جۆراوجۆرەكاندا نە تەنها واتای جۆراوجۆری لەخۆگرتووە بەڵكو پێگەی كۆمەلایەتی چەپ و ڕاستیش بە تێپەڕبوونی كات جیاوازیی بەخۆیەوە بینیوە[١٦٢].

مۆدیلی فەرەنسا وەك سەرچاوەی ئەم چەمكانە بەباشی دەتوانێ ڕێژەیی بوونی ئەم دوو چەمكە بەپێی كات و شوێن پێشانبدات. هەروەك لەمەوپێش گوترا، پاش سەركەوتنی شۆڕشی فەرەنسا دەستە ڕاستی بەو كەسانە دەگوترا كە خوازیاری مافی ڤیتۆی پاشابوون و لایەنگری حكوومەتی پاشایەتی ڕەها بوون، و دەستە چەپی بەو كەسانە دەگوترا كە لایەنگری ڕژێمی پاشایەتی دەستووریی بوون. بەرەبەرە ئەم چەمكانە تووشی وەرچەرخان بوون و لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم چەپ بەو كەسانە دەگوترا كە خوازیاری ئازادی تاكەكەسی و پاراستنی بەرژەوەندی تاك بوون لەبەرامبەر بەرژەوەندی گشتی و چینایەتیدا، لەكاتێكدا باڵی

(١٦١) CEVIPOF, L’électeur francais en question, Paris, Presses de la Fondation Nationale des Sciences Politiques, 1990, P.58.
(١٦٢) INGLEHART R., ROKKAN S., “New perspectives on value change”, comparative political studies, 17, 1985, P.487.

راست بەرگری لە بەرژەوەندی گرووپی چینایەتی دەکرد. هەروەك دەبینین، چەپ و راست لەو سەردەمەدا بەتەواوی بەپێچەوانەی ئەو واتایەی کە ئەمڕۆ باوە بەکارهاتووە(١٦٣).

## ٢- حیزبە سیاسییە راستەکان و حیزبە سیاسییە چەپەکان:

بۆ یەکەمین جار دۆڤێرژە چەمکی چەپ و راستی کردە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان. دۆڤێرژە لەو باوەڕەدایە کە لە قەڵەمڕەوی سیاسەتدا تەنها دوو ئاراستەی چەپ و راست بوونیان هەیە و ئاراستەیەکی میانە یا مامناوەندی بوونی دەرەکی نییە، چونکە ئەوانەش کە لەمیانەدان بەسەر دوو بەشی میانەی راست و چەپی پۆلێن دەکرێن. دۆڤێرژە لەو باوەڕەدایە کە رەنگە حیزبی سیاسی مامناوەندی یا میانەمان هەبێ بەڵام حەز یا ئاراستەی سیاسی تاکەکان بەرەو لای باڵی راست یا باڵی چەپدایە. لەڕوانگەی دۆڤێرژەوە ئاراستەی سیاسی میانە شیاوی وێناکردن نییە. لە بەرامبەر تەوژم و سیاسەتە جۆراوجۆرەکاندا تەنها دوو هەڵوێستی لایەنگر و نەیار شیاوی وێناکردنە و لە ئەنجامدا تاکی سەرپێچکەر ئارەزوویەکی زیاتر بەرەو لای یەکێك لەم دوو هەڵوێستە پێشان دەدات. ئەو بۆ سەلماندنی خواستەکەی خۆی مێژوو بەشایەد وەردەگرێ و ئەوە پێشان دەدات کە بەدرێژایی مێژووی خەباتی سیاسی، پێکادان و ناکۆکی تەنیا لە نێوان دوو گرووپ لەئارادابووە. بۆ نموونە میانڕەوەکان لە بەرامبەر لیبرالەکان، کاسۆلیکەکان لەبەرامبەر پرۆتیستانەکان، بۆرژواکان لە بەرامبەر سۆسیالیستەکان، رۆژئاواییەکان لەبەرامبەر کۆمۆنیستەکاندا، و... ریزبەندییان کردووە. بە وتەیەکی تر، ئاراستەگیریی سیاسی تاك و باڵە جۆراوجۆرەکان لەنێوان دوو کەمپی هزریی و سیاسی لە گەڕاندایە و ئاراستەی میانەکان بە لای یەکێك لەم دوو کەمپەدا دەشکێتەوە. لەڕوانگەی دۆڤێرژەوە هەر کاتێك پرسە گرنگ و هەستیارەکان لە کۆمەڵگادا هاتنە ئاراوە رای گشتی بەخێرایی بەسەر دوو بەشی لایەنگر و نەیاردا دابەش دەبێ و ئاراستەی میانە هیچ پێگەیەکی نییە(١٦٤).

دۆڤێرژە پاش خستنەڕووی ئەم واقیعە مێژووییە دەگاتە ئەم ئەنجامە کە سیستەمی جووت حیزبی سروشتی ترین سیستەمی حیزبی مومکینە و دەتوانێ پێشاندەری واقیعەکانی ناو

(١٦٣) OFFERLE M., Un home, une voix? Historire du suffrage univrsel, Paris, Gallimard, 1993, chp.1.

(١٦٤) DUVERGER M., Les parties politiques, op. cit., P.249.



کۆمەڵگا بێ. چونکە لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرە سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان تەنها دوو ئاراستەی دژ بە یەك لەبەرامبەر یەکتردا ریزبەندی دەکەن. لە گۆڕەپانە سیاسییەکان پاشایەتیخوازان لە بەرامبەر کۆماریخوازان, لە گۆڕەپانی ئابووری لیبرالەکان لە بەرامبەر سۆسیالیستەکان، لە گۆڕەپانی کۆمەلایەتی کرێکاران لەبەرامبەر بۆرژواکان و لە گۆڕەپانی ئایینی پرۆتیستانەکان لەبەرامبەر کاسۆلیکەکاندا دەوەستن. بە سەرنجدان بەو شتەی کە گوترا دۆڤێرژە دەگاتە ئەم ئەنجامە کە دژایەتی نێوان دوو رەوتی سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێتە هۆی ئەوەی کە رای گشتی بەسەر دوو بەشی نەیار و دژ بەیەکدا دابەش ببێ و سیستەمی جووت حیزبی بە دەرەنجامی سروشتی ئەم دوالیزمە دادەنرێ(١٦٥).

دەرەنجام ئەوەیە، کە لە روانگەی دۆڤێرژەوە ئایدۆلۆژیا، بگۆڕێکی سەربەخۆیە بۆ شیکردنەوەی سیستەمە حیزبییەکان. دۆڤێرژە لە بەرهەمەکانی خۆیدا باس لە حیزبە جۆراوجۆرەکان دەکات بەڵام هەموویان لە باڵی چەپ یا راستدا جێ دەکاتەوە. ئەو لە نووسینەکانی خۆیدا باس لە حیزبە سۆسیالیست، کۆمۆنیست و فاشیستەکان و نموونەکانیان دەکات و هەموویان لەسەر تەوەرەی چەپ یا راستدا پۆلێن دەکات.

دوالیزمی دۆڤێرژە لەلایەن گەلێك لە توێژەرانەوە پەسەند کراوە و گەلێك لە پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکان دوالیزمەکەی ئەویان کردۆتە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبەکان. (کاستلێز) و (مایر) لەو نووسەرانەن کە لە ساڵی ١٩٨٤، توێژینەوەیان لەسەر ١١٩ حیزبی سیاسی ئەنجامدا و هەوڵیاندا ئەم حیزبانە لەسەر بنەمای چەپ و راست پۆلێن بکەن. ئەم دوو نووسەرە هەوڵیاندا هەموو حیزبە سیاسییەکان لەسەر تەوەرێك دابنێن کە لە چەپی توندڕەوەوە دەستپێبکات و بەڕاستی توندڕەو کۆتایی پێبێت. ئەم تەوەرە، لە ژمارەی سفرەوە دەستپێدەکات کە نیشانەی چەپی توندەڕەوە و بە ژمارەی ١٠ کە نیشانەی راستی توندڕەوە کۆتایی پێدێت(١٦٦).

(ژان بلۆندل) یەکێکی ترە لەو توێژەرە بەناوبانگانەی کە چەمکی چەپ و راستی کردۆتە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان. بلۆندل حیزبە سیاسییەکان بەسەر شەش خێزاندا

(١٦٥) SEILER, Les parties, op. cit., P.40, CASTLES F. G., MAIR P., “Left-Right political scales: some Expert Judgments”, European Journal of political Research, n 2, 1992, PP.73-88.

(١٦٦) CASTLES F. G., MAIR P., “Left-Right political scales: some Expert Judgments”, European Journal of political Research, no 12, 1992, PP.73-88.

پۆلێن دەکات. لە روانگەی بلۆندلەوە کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان لە باڵی چەپ، لیبرال و رادیکاڵەکان لە ناوەڕاست، حیزبە جووتیارییەکان، دیموکرات مەسیحییەکان و میانڕەوەکان لە باڵی راستدا جێگیر دەبن. بلۆندل لە پۆلێنکردنەکەی خۆیدا جگە لە پرسی ئایدۆلۆژیا گرنگی بە پێکهاتە و رێکخستنی حیزبەکانیش دەدات. حیزبە سیاسییە بچووکەکان لەناوەڕاست و حیزبە گەورە و ناسۆسیالیستییەکان لەلای راست و حیزبە جووتیارییەکان کە لەڕووی رێکخستنەوە مامناوەندین، لەنێوان لیبرالەکان و دەستە راستییەکان و حیزبە کۆمۆنیستییەکان لەلای چەپی سۆسیالیستییەکانەوە جێگیر دەبن(١٦٧).

جۆرناسی بلۆندل لەلایەن هەندێك لە پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکانەوە رەخنەی لێگیراوە. بۆ نموونە (دانیل لویی سیلر) لەو باوەڕەدایە دیموکرات مەسیحییەکان کە لە پۆلینکردنەکەی بلۆندلدا کەوتوونەتە لای راست، دەبێ لە کەمپی چەپدا جێگیر بکرێن. بەڵگەی سەرەکی سیلر ئەمەیە کە دیموکرات مەسیحییەکان خوازیاری دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرمایەن و بۆ ئەم پرەنسیپەش قەرزداری بنەماکانی بیروباوەڕی مەسیحین. دابەشکردنی دادپەروەرانە، جەختکردنەوە لەسەر رۆڵی دەوڵەت لە ئابووری و بەرگری کردن لە پرەنسیپی یەکسانی پتر لەگەڵ بیروباوەڕی باڵی چەپدا دەگونجێ. رەخنەکەی دیکەی سیلر ئاراستەی بۆچوونی بلۆندل دەکرێ دەربارەی حیزبە جووتیارییەکان. لە دیدگای سیلرەوە دانانی جووتیاران لە باڵی راست دوور لە رەخنە نییە. سیلر لەو باوەڕەدایە کە لیبرالەکان دەکەونە لای چەپی دیموکرات مەسیحییەکان و جووتیارانیش دەکەونە لای چەپی هەردووکیانەوە(١٦٨).

نموونەیەکی دیکەی جۆرناسی حیزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا لە لایەن (کلاوس ڤۆن بیمی)ـەوە ئەنجامدراوە(١٦٩). ئەو هەوڵدەدات جۆرناسییەکی تێروتەسەل لەسەر حیزبە سیاسییەکان لە ئەوروپای رۆژئاوادا بخاتەڕوو. ئەو خۆی دان بەم خاڵە دادەنێ کە پۆلێن کردنەکەی ئەو لەسەر هەندێ وڵاتی وەك ئوستralیا، ئەمەریکا، ئەمەریکای لاتین و کەنەدا پراکتیزە نابێ. ئایدۆلۆژیای حیزبە سیاسییەکان بنەمای سەرەکی پۆلێن کردنەکەی بیمییە. ئەو مۆدیلەکەی خۆی بە ((بنەماڵەی رۆحانی))(١٧٠) ناو دەبات. گرنگترین ئەندامانی بنەماڵەی

(١٦٧) BLONDEL J., An Introduction to comparative Government, London, Weidenfeld and Nicolson, 1965, P.161.
(١٦٨) SEILER D. L, Les parties…, op. cit., 1993, P.49.
(١٦٩) Klaus Von Beyme.
(١٧٠) La "Famile Spriituelle".



رۆحانی بیمی برتیین لە: حیزبە لیبرال و رادیکاڵەکان، حیزبە میانڕەوەکان، حیزبە نەتەوەیی و هەرێمییەکان، راستە توندڕەوەکان و ئیکۆلۆژیستەکان. ڤۆن بیمی لەو باوەڕەدایە کە ئەم حیزبانە بە پلەی یەکەم ئایدۆکۆژیایین و بۆ بەرگریکردن لە هزر و بنەماگەلێکی دیاریکراو سەریانهەڵداوە. چونکە ئەو بنەمایانەی کە ئەم حیزبانە بەرگری لێدەکەن لەگەڵ واقیعی هەموو کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا دەگونجێ، هەربۆیە لە هەموو ئەم وڵاتانەدا بینەری دروستبوونی حیزبی لەم جۆرەن.

(بادج) یەکێکی ترە لەو توێژەرانەی کە حیزبە سیاسییەکانی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا پۆلێن کردووە و چەمکی چەپ و راستی کردۆتە بنەمای کارەکەی خۆی. بادج و تیمی لێکۆڵینەوەکەی بۆ ئەنجامدانی ئەم پۆلێنە، توێژینەوەیان لەسەر بەرنامەی حیزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکان کردووە لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوایی هەتا جەنگی جیهانی دووهەم. ئەم توێژەرانە گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە کەلێنی چەپ و راست لە هەموو وڵاتانی ئەوروپیدا هەیە. بادج و تیمی لێکۆڵینەوەکەی حیزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپایان بەسەر چوار دەستەدا پۆلێن کرد. ئەم چوار دەستەیە بریتین لە: کۆمۆنیستەکان، سۆسیالیستەکان، مامناوەندی و میانڕەوەکان(١٧١).

## ٣- سنووردارێتییەکانی دوالیزمی چەپ و راست: سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا نوێییەکان

دەتوانین یەکێك لە گرنگترین کەموکوڕییەکانی تیۆری دۆڤێرژە بەسەرهەڵدانی ئەو حیزبانە بزانین کە نە لە باڵی چەپدا جێیان دەبێتەوە و نە دەتوانین بە ئاسانی لە خێزانەکانی باڵی راستیشدا جێیان بۆ بکەینەوە. ئەو حیزبانەی کە هەندێ کەس بە چەپی نوێ ناویان دەبەن، لە ریزی ئەم جۆرە خێزانەی حیزبەکاندایە. هەندێ کەس، زاراوەی چەپی نوێ بە دوور لە نەرمڕەوی نازانن و لەو باوەڕەدان کە ئەم حیزبانە لە دوالیزمی کلاسیکی دۆڤێرژەدا جێیان نابێتەوە. هەڵبەت دەبێ دان بەوەدا بنێین ئەو شتەی کە لە پۆلێنکردنەکانی رابردوودا باسیان لێوەکرا پتر پێشاندەری ئەوروپای دەیەکانی پەنجاو شەستەکانە، لەکاتێکدا ئەو خێزانە حیزبییە نوێیانەی کە

(١٧١) WARE A., political parties and party systems, Oxford, Oxford University press, 1996, ch P.1.

مەبەستن، پتر بۆ دەیەکانی ئەم دواییە دەگەڕێنەوە. هەندێ کەس ناوی چەپی ئازادیخوازیان(١٧٢) بۆ ئەم حیزبانە بە باش زانیوە(١٧٣). ئەم حیزبانە بۆ یەکەم جار لەولاٚتانی فەرەنسا، هۆڵەندا و ولاٚتانی سکاندیناڤی لەدایکبوون. ئەم حیزبانە بەناوی چەپی نوێوە لەدایکبوون و لەبەرامبەر کۆمۆنیستەکان و سۆسیال دیموکراتەکاندا راوەستان. ئەم حیزبانە، بەتوندی دژایەتی نیشانەکانی گەشەکردنی کۆمەلاٚیەتی و پیشەسازی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی دەکەن و زۆر بەتوندی دژایەتی زاڵبوونی لۆژیکی ئابووری دەکەن بەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا و بە هۆکاری دارمانی بەها مرۆییەکانی دەزانن لە چەرخی مۆدێرنیزمدا. هەروەك دەبینین، ئەم حیزبانە لەگەڵ خێزانە حیزبییەکانی رابردوودا جیاوازی سەرەکییان هەیە. ناتوانین ئەم حیزبانە بە خێزانی سۆسیالیستەکان لە قەڵەم بدەین یا لە ریزی حیزبە میانڕەوەکاندا جێیان بکەینەوە، چونکە هەندێ لە پرەنسیپە لیبرالییەکانی وەك تاکگەرایی و بەشداری جەماوەرییان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا لەگەڵ بنەماگەلێکی وەك یەکسانی ئاوێتە کردووە. عەقڵگەرایی ئامرازیی و شیکردنەوەی ئامرازیی و ئابووری تەوەر لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بە توندی لەلایەن ئەم حیزبانەوە رەخنەی لێدەگیرێ و لەو باوەڕەدان ئەو شیکردنەوە عەقلاٚنییانەی کە ئەمڕۆ بەسەر زانستە کۆمەلاٚیەتییەکاندا سێبەریان کردووە، توانایی ئەوەیان نییە کە لایەنە شاراوەکانی رەفتاری فاکتەرە کۆمەلاٚیەتییەکان لە گۆڕەپانە سیاسی و فەرهەنگییەکاندا روون بکەنەوە. ئەم حیزبانە پێوەندییە کۆمەلاٚیەتییە دێرینەکان بۆ ژیانی مرۆڤ بە پێویست دەزانن کە بە زاڵبوونی لۆژیکی ئابووری بەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان، مەترسی لەناوچوونیان لێدەکرێ. ناوەندگەرایی لە رادەبەدەری دەوڵەتە نوێیەکان، زاڵبوونی تکنۆکراتەکان و پسپۆڕان بەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، لەو خالاٚنەی دیکەن کە لایەنگرانی ئەم حیزبانە بەتوندی رەخنە لێدەگرن.

هەروەك دەبینین، ئەم حیزبانە پشتگیریی لە هەندێك لە بنەماکانی باڵە چەپەکان دەکەن. لایەنگرانی ئەم حیزبانە دژ بە ئابووری بازاڕ و بەرگری لە هاوبەندیی کۆمەلاٚیەتی و یەکسانی دەکەن. ئەم خێزانە نوێیەی حیزبەکان لەو رووەوە بە لیبرال ناودەبرێن چونکە هەندێ لە

(١٧٢) Left Libertaraian party.

(١٧٣) KITSCHLT H. P, “Left Libertarian parties: Explaining Innovation in competitive party systems”, Words politics, Vol. 46, Janv 1994, no 2, PP. 195-234.



بنەماکانی لیبرالی وەك سەربەخۆیی تاك، ئۆتۆنۆمی ناوچەکان و دژایەتی لەگەڵ ناوەندگەرایی بۆرۆکراتیانەی دەوڵەت پەسەند دەکەن.

لاوانی خوێندەوار، فەرمانبەرانی بەشەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزارییە مرۆییەکان و ئەندامی چینی مامناوەندی زۆرترین لایەنگرانی ئەم حیزبانە پێکدەهێنن(١٧٤). گرنگترین دروشمەکانی ئەم حیزبانە لەکاتی هەڵبژاردندا بریتین لە هەندێ پرسی وەك فێمینیزم، دژایەتیکردنی چەکە ناوەکییەکان و بەرگریکردن لە ژینگە.

## فەرەنسی بوونی لەڕادەبەدەری مۆدیلی دۆڤێرژە:

روانینێك بۆ مۆدیلی دۆڤێرژە دەریدەخات ئەو دوالیزمەی کە مۆریس دۆڤێرژە مەبەستیەتی لەسەر واقیعە سیاسییەکانی رۆژئاوا بنیاتنراوە و بە باشی دەتوانێ نەریتی دروستبوونی ئەم کۆمەڵگایانە روون بکاتەوە. ئەم تیۆرییە بە باشی دەتوانێ نەریتی دروستبوونی ئەم کۆمەڵگایانە روون بکاتەوە. ئەم تیۆرییە بەباشی دەتوانێ ببێتە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان لە ولاٚتی فەرەنسا، بەلاٚم ئەو شتەی کە جێی گومانە گشتاندنی ئەم جۆرناسییە بەسەر کۆمەڵگاکانی تر بەتایبەت کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکاندا. خاڵێکی تر لەلایەن هەندێ لە توێژەرانەوە سەرنجی دراوەتێ، لێڵی و ناڕوونی چەمکی چەپ و راست و رێژەیی بوونیەتی لەکات و شوێنە جۆراوجۆرەکاندا. ناتوانین پۆلێنکردنی زانستی لەسەر بنەمایەکی سست و لەرزۆك بنیاتبنێین و دەبێ پۆلێنکردن و جۆرناسی زانستی لەسەر بناغە و بنەمای چەمکە روون و پتەوە زانستییەکان بێ. ناڕوونی چەمکی چەپ و راست بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم چەمکانە تەنانەت لە ولاٚتانی رۆژئاواییش بە سانایی کەڵکیان لێوەربگیرێت. بۆ نموونە لە ولاٚتی ئەمەریکا، لەسەردەمی هەڵبژاردن دەنگدەران بەناوی دیموکرات بە کۆماریخوازەوە ناونووسی دەکەن و بە فەرمی وابەستەیی خۆیان بە یەکێك لە دوو باڵی گەورەی سیاسی ئەم ولاٚتە رادەگەیەنن و هەرچەندە رای گشتی بە فەرمی بەسەر دوو بەشدا پۆلێن دەکرێت، بەلاٚم بەزەحمەت دەتوانین لەم ولاٚتەدا باس لە کەلێنی نێوان چەپ و راست بکەین.

دانیل لویی سیلر لە ریزی ئەو کەسانەیە کە دوالیزمی چەپ و راستی دۆڤێرژە بە بنەمایەکی راست بۆ پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان نازانێ(١٧٥). بەکورتی دەتوانین بڵێین کە

(١٧٤) Ibid.

(١٧٥) SEILER D. L, parties et familles politiques, op. cit., P.46.

تیۆری مۆریس دۆڤێرژە لە سێ لایەنەوە رەخنەی لێگیراوە. ئەو رەخنە گرنگانەی کە لەم تیۆرییە گیراون بریتین لە ئیلهامکردنی چەمکی چەپ و راست، فەرەنسی بوونی لە رادەبەدەری تیۆرییەکە و فراوان بوونی خاڵە پێشێلکەرەکان. چونکە هەروەك لەمەوپێش گوتمان، چەمکی چەپ و راست کە لە رووداوە مێژووییەکانی وڵاتی فەرەنساوە هەڵقوڵاون هیچ جۆرە پێناسەیەکی ورد و زانستییان نییە و چوارچێوە و سنوورە وردەکانی ئەم چەمکانەی بە تەواوی روون نین. جگە لەمەش، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا گەلێك خاڵی وا هەن کە دوالیزمەکەی دۆڤێرژە پێشێلدەکەن و، لەگەلێك لە کۆمەڵگاکان بەتایبەت نارۆژئاواییەکان بە زەحمەت دەتوانین باس لەم دوالیزمە بکەین.

## ج- حیزبەکانی رای گشتی و حیزبە ئایدۆلۆژییەکان:

هەندێ کەس لە پۆلێنکردنێکی گشتیدا حیزبە سیاسییەکانیان بەسەر حیزبە ئایدۆلۆژییەکان و حیزبەکانی رای گشتیدا پۆلێن کردووە. حیزبەکانی رای گشتی ئەو حیزبانەن کە هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی قبووڵناکەن و بایەخی سەرەکی بە دەنگدەران دەدەن. ئامانجی سەرەکی ئەم حیزبانە، راکێشانی کڕیاری زیاترە لە بازاڕی هەڵبژاردندا و هەوڵدەدەن کە ژمارەی کڕیارانی خۆیان بگەیەننە ئەوپەڕی خۆی چونکە پێداگرتن لەسەر ئامانج و ئایدۆلۆژیاییەکی نەگۆڕ دەبێتە بەربەست لەبەردەم پەرەسەندنی بازنەی گوێگران لەنێوان توێژە جۆراوجۆرەکاندا، هەربۆیە ئەم حیزبانە وای بەباش دەزانن کە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕ وەك ئامانجی حیزبی خۆیان رانەگەیەنن. ئەم حیزبانەش وەك حیزبە سیاسییەکانی تر، بەدوای سەرکەوتن لە گۆڕەپانی هەڵبژاردندا دەگەڕێن، بەو جیاوازییە کە حیزبە ئایدۆلۆژییەکان هەوڵدەدەن تا بە پەرەپێدانی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای خۆیان بگەنە ئەم ئامانجە، لەکاتێکدا حیزبەکانی رای گشتی لە هەوڵدان کە خواستە کاتییەکانی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك بخەنە سەرووی بەرنامەی خۆیانەوە. ئەم حیزبانە بەتایبەت لە دەیەی شەستدا ژمارەیان زیاتر بوو و بۆ یەکەمین جار ئۆتۆکێرچ هایمر باسی لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم حیزبانە کرد و بە حیزبە هەمەگیرەکان ناوزەدی کردن. حیزبەکانی رای گشتی بەپێچەوانەی حیزبە ئایدۆلۆژییەکان پتر پشت بە دەنگدەران دەبەستن و کەمتر لەدوای راکێشانی ئەندامی زیاترن، لەکاتێکدا کە حیزبە ئایدۆلۆژییەکان خاوەن ئەندامی نەگۆڕن و لەڕووی بیروباوەڕەوە وابەستەن حیزبی سیاسی خۆیان. حیزبەکانی رای گشتی بەزۆری بان چینایەتین و خاوەن رێکخستن و رێکخراوی حیزبی زۆر



لاوازن. ئەم حیزبانە لەڕاستیدا ناشۆڕشگێڕن و خوازیاری پاراستنی ئەو رەوشەن کە لە ئارادایە[١٧٦].

حیزبە ئایدۆلۆژییەکان بەپێچەوانەی حیزبەکانی رای گشتی لەسەر بنەماگەلێکی نەگۆڕی ئایدۆلۆژیکی بنیاتنراون و دوکترین و بنەماکانی بیروباوەڕ بۆ ئەم حیزبانە لە پلەی یەکەمی گرنگیدایە. ئەم حیزبانە بۆ بەرگریکردن لە هەندێ بەهای تایبەتی دروستدەبن و بەرگری لێکردنیان بە گرنگترین ئامانجی خۆیان دەزانن[١٧٧].

حیزبەکان بەزۆریی لەسەرەتای سەرهەڵدانیاندا خاوەن خەسڵەتێکی ئایدۆلۆژیکی بوون و لەسەر بنەمای ئامانج و چوارچێوەی بیروباوەڕێکی تایبەتدا دروستبوون. لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگیشدا زۆربەی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا خاوەن ئەم تایبەتمەندییە بوون. بەڵام پاش جەنگی جیهانی دووهەم، نەخاسمە پاش دەیەی شەست لە ئەورووپا بینەری حیزبگەلێکی نوێین کە ئامانج و ئایدۆلۆژیاییەکی تایبەتییان نییە. بەرەبەرە ژمارەی ئەم حیزبانە رووی لە زیادبوون کرد و ئەورووپا بینەری حیزبگەلێکە کە هەندێ کەس بە حیزبە هەمەگیرەکان[١٧٨] و هەندێکی تر بە حیزبی دەنگدەران ناوزەدیان کردووە. لەمەوپێش بە تێروتەسەلی لەم بارەیەوە دواوین.

(١٧٦) SEILER D. L, De la comparaison parties, op. cit., P.83.

(١٧٧) لەم بارەیەوە بڕوانە بۆ:

BURDEAU G, “Les parties phénoméne ancient et neuf” in Burdean G., Traité de science politique, Paris, Librairie Général de Droit et de Juris prudence, 1982, P.303, et SEILER D. L, 1986. op. cit., P.83.

(١٧٨) لەم بارەیەوە بڕوانە بۆ:

ایوبی، حجت الله، سیر تحول نظریات و مطالعات احزاب سیاسی، اطلاعات سیاسی – اقتصادی، شماره ١٢٥-١٢٦، ١٣٧٧.

# پاژی ٣:

## سەرچاوگەی کۆمەڵایەتی حیزبە سیاسییەکان:

## پۆلێنکردنی حیزبەکان لە رۆژئاوا

تێروانینی کۆمەڵناسانە بۆ حیزبە سیاسییەکان لەسەر ئەم گریمانەیە بنیاتنراوە کە بۆ توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکان دەبێ لە کۆمەڵگا و کەلێنەکانی ناو کۆمەڵگاوە دەستپێبکەین. ستین رۆکان بۆ شیکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان لە ئەورووپای رۆژئاوا سەرەتا چوار کەلێنە سەرەکییەکەی ئەورووپای رۆژئاوای وێناکرد و لەسەر ئەو بنەمایە بەباسکردن و شیکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان لەو کۆمەڵگایانەوە خەریکبوو. هەروەك لەمەوپێش ئاماژەی پێکرا، تێروانینی کۆمەڵناسانە لەم گریمانەیەوە دەستپێدەکات کە کێشمەکێش و پێکادان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەدی دەکرێن و بناغەی کۆمەڵگاکان لەسەر رکابەری و هاودژی بنیاتنراوە. پێکادانی ناو کۆمەڵگاکان رەنگە کاتی یا پێکهاتەیی بن. تەنها هاودژییە پێکهاتەییەکان دەتوانن ببنە کەلێن و ئەم کەلێنانە سەرچاوەی حیزبە سیاسییە سەقامگیرەکانن لە کۆمەڵگاکاندا. حیزبەکان وتەبێژی کەلێنەکانی ناو کۆمەڵگان و بۆ توێژینەوەی حیزبە سیاسییەکان لە وڵاتێکدا دەبێ سەرەتا لە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەوە دەستپێبکەین.

تیۆری چوار کەلێنە سەرەکییەکەی ستین رۆکان بووە بنەمای توێژینەوە، بەتایبەت پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان لە ئەورووپای رۆژئاوادا. دانیل لویی سیلر لەو کەسانەیە کە تیۆرییەکەی رۆکانی کردووەتە بنەمای دەستەبەندی و بە وتەی خۆی پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان، ئەو لە هەردیوێکی کەلێنە باسکراوەکەی رۆکان خێزانێکی حیزبی دادەنێ و هەموو حیزبە سیاسییەکانی ئەورووپای رۆژئاوا دەستەبەندی دەکات. تیۆری سیلر لەلایەنە جۆراوجۆرەکانەوە شیاوی لێوردبوونەوە و تێڕامانە. یەکەم ئەوەیە کە، سیلر لە پۆلێنکردنەکەی خۆی بەباشی توانیویەتی وێنەیەکی روون لە هەموو خێزانە حیزبییەکانی ئەورووپای رۆژئاوا بخاتەڕوو و ئەمەش تێگەیشتن لە حیزبە سیاسییەکانی ئەورووپای رۆژئاوا زۆر ئاسان دەکات. خاڵێکی بەهێزی دیکەی تیۆری سیلر ئەوەیە کە تیۆرییەکەی بەکاری قووڵی توێژینەوە پشت



ئەستوورە. ئەو بۆ خستنەڕووی پۆلێنکردنەکەی خۆی جگە لە توێژینەوە لەسەر هەموو حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا لەگەڵ گەلێك لەسەرانی حیزبی دیدار و گفتوگۆی جۆراوجۆری سازداوە[١٧٩].

لەم بەشە لە نووسینەکەماندا هەوڵدەدەین بە ئیلهام وەرگرتن لە تیۆری ستین رۆکان و بە کەڵك وەرگرتن لە پۆلێن کردنەکەی سیلر خێزانە حیزبییەکانی رۆژئاوا روون بکەینەوە. تیۆرییەکانی سیلر دەکەینە بنەمای پۆلێن کردنەکەمان و هەوڵدەدەین بە کەڵك وەرگرتن لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ئەو دەربارەی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا وێنەیەکی گشتی لە خێزانە حیزبییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا بخەینەڕوو. لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم نووسینەدا هەوڵدەدەین بە کەڵك وەرگرتن لە تیۆرییەکانی دیکەی پسپۆڕانی حیزبە سیاسییەکان، تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ پۆلێنکردنەکەی سیلر تەواو بکەین. بە سەرنجدان بە بایەخی سەرچاوەگەی کۆمەڵایەتی حیزبەکان، ئەم پۆلێن کردنەی ئێستا دەتوانێ ببێتە مۆدیلێك بۆ پۆلێنکردنی رێکخراوە حیزبییەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

کاتێك کە باس لە پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان دەکەین لە رۆژئاوا، یەکەم پرسیار کە لێرەدا خۆی دەنوێنێ ئەوەیە کە رۆژئاوا چ واتایەك دەگەیەنێ؟ چوارچێوەی جوگرافیایی و سیاسی رۆژئاوا کامەیە؟ ئایا دەتوانین بە سەرنجدان بەو جیاوازییە زۆرانەی کە لە نێو کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا هەیە باس لە خێزانە حیزبییەکان بکەین لە رۆژئاوادا؟ سیلر، ئەورووپای رۆژئاوا، کەنەدا، ئەمەریکا، ئوسترالیا و نیوزیلەندا بە رۆژئاوا ناودەبات. ئەو بەهۆی لێکچوونە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی نێوان ئەم کۆمەڵگایانە پاساو بۆ هەڵبژاردنەکەی خۆی دەهێنێتەوە[١٨٠]. ئەم وڵاتانە لەڕووی ئابوورییەوە لە ریزی وڵاتانی پیشەسازیدان و لەڕووی سیاسییەوە خاوەن سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتین و لەڕووی فەرهەنگییەوە سەر بە شارستانیەتی مەسیحی-یەهوودین. بەم پێیە وڵاتی ژاپۆن سەرەڕای ئەوەی کە لە ریزی وڵاتانی پیشەسازیدایە و خاوەن سیستەمێکی دیموکراتییە بەڵام چونکە سەر بە وڵاتانی مەسیحی و یەهوودی نییە، بە بەشێك لە رۆژئاوا لە قەڵەم نادرێ. هەروەك لەمەوپێش گوترا، سیلر تیۆری رۆکان دەکاتە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبەکان و لە هەر دیوێکی

---

(١٧٩) دانیل لوییی سیلر لە کۆنفرانسێك لە زانکۆی لیۆن ٢ رایگەیاند کە بۆ ئەنجامدانی ئەم پۆلێنە بەتایبەتی لەگەڵ سەرانی هەموو حیزبەکان لە رۆژئاوا دیداری کردووە.

(١٨٠) SEILER D. L., 1993, po. Cit., PP.55.

کەلێنە باسکراوەکانی رۆکان، خێزانێکی حیزبی دادەنێ. بەم پێیە هەریەك لە چوار کەلێنەکەی ئەوروپای رۆژئاوا دەبێتە سەرچاوەی دوو خێزانی حیزبی، سیلر بەگشتی باس لە هەشت خێزانی حیزبی دەکات کە لێرەدا باسیان لێوە دەکەین[١٨١].

## أ- خێزانە حیزبییەکانی سەرچاوەگرتوو لە کەلێنی خاوەن سەرمایەکان/ کرێکاران:

حیزبەکانی سەرچاوەگرتوو لە ململانێ چینایەتییەکان لە ریزی گرنگترین حیزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندان. هەروەك لەمەوپێش گوترا، کەلێنی خاوەن سەرمایەکان و کرێکاران لە درێژەی شۆڕشی پیشەسازی لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا سەریهەڵدا. دیوێکی ئەم کەلێنە، ئاپۆڕەی بەربڵاوی کرێکاران و ئەو کەسانەیە کە جگە لە هێزی کار شتێکی دیکەیان لەبەردەستدانییە و سەرچاوەی هەژاریی و گیروگرفتەکانی خۆیان بۆ حەزی پارە کۆکردنەوەی خاوەن سامان و سەرمایەکان دەگەڕێننەوە. ئەم کەلێنە ناوەرۆکێکی ئابووری و کۆمەلایەتی هەیە و هۆکاری ناکۆکی و لێکترازانی پرسە ئابوورییەکانە. هەڵبەت، ئەم وتەیە بەو واتایە نییە کە کەلێنی نێوان چینی کرێکار و خاوەن سەرمایەکان، خاوەن هیچ رەهەندێکی ئایدۆلۆژیی و فەرهەنگی نییە. چونکە ئەو حیزبانەی کە بەرگری لە مافی کرێکاران و توێژە نزمەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەن بەرگری لە هەندێ پرسی وەك پێشکەوتن و جموجۆڵی کۆمەلایەتی، ئازادی رادەربڕین، دادپەروەری کۆمەلایەتی و شتی لەو جۆرەش دەکەن. بەم حاڵەش، لایەنی زاڵی ئەم حیزبانە کەلێنی ئابوورییە. ئێستا باس لە دوو خێزانی گەورەی حیزبی دەکەین کە لەم کەلێنەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم دوو خێزانە حیزبییە بریتین لە: خێزانی حیزبەکانی بەرگریکەر لە خاوەن سەرمایەکان و خێزانی حیزبە کرێکارییەکان.

### ١- حیزبەکانی بەرگریکەر لە باڵا دەستان:

ئەو حیزبانەی کە سیلر بە حیزبی خاوەن سەرمایەکان ناویان دەبات هەمان حیزبە میانڕەوەکان و حیزبە بۆرژوازییەکانن. گرنگترین حیزبەکانی ئەندامی ئەم خێزانە حیزبە لیبرال و حیزبە میانڕەوەکانن. لە رابردوو ئەم دوو حیزبە لەبەرامبەر یەکتردا بوون و لەشەڕ و پێکادانێکی توندوتیژبوون لەگەڵ یەکتردا. پاش دروستبوونی حیزبە سۆسیالیستییەکان

(١٨١) SEILER D. L., parties et familes politiques, op. cit., P.23.



بەتایبەت سەرهەڵدانی حیزبە کۆمۆنیستییەکان، ئەم دوو دەستە لە حیزبەکان بوونە هاوپەیمانی یەکتر و لەبەرامبەر حیزبە دەستە چەپییەکاندا بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکهێنا. ناکۆکی نێوان ئەم دوو دەستە لە حیزبە سیاسییەکان هێشتا لە گەلێك لە کۆمەڵگاکاندا بەدی دەکرێ. میانڕەوەکان خۆیان بە وتەبێژی ئاریستۆکراتەکان و خاوەن پیشەسازییە گەورەکان و بۆرژوا چینە نزمەکان و وردە بۆرژواکان دەزانن. پاش دروستبوونی حیزبە کرێکارییەکان، کەلێنێکی تر لەم خێزانەدا دروستبوو و رادیکاڵەکانی ئەم خێزانە کەوتنە پشتگیریی کردنی کرێکاران. حیزبە رادیکاڵەکان ئەو حیزبانەن کە بە پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە حیزبە کرێکارییەکانەوە نزیکترن. بەم حاڵەش، لەکاتی هەڵبژاردندا ئەم سێ دەستە لە حیزبە سیاسییەکان لەیەکتر نزیك دەبنەوە. سیلر حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان بە چوارەمین دەستەی ئەم حیزبانە دەزانێ و لەو باوەڕەدایە لەو وڵاتانەی کە ئەم حیزبانە چالاکن حیزبە چینایەتییەکان گرنگی خۆیان لەدەستدەدەن[١٨٢]. بەکەڵك وەرگرتن لە چەمکەکانی مۆریس دۆڤێرژە دەتوانین ئەم حیزبانە بەشێوازگەلێکی تریش پۆلێن بکەین. حیزبەکانی بەرەو ئاراستەی زۆرینە، ئەو حیزبانەن کە زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمانیان بەدەستەوەیە یا رەوشەکەیان بە جۆرێکە کە ئومێدێکی زۆریان لێدەکرێ زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستبهێنن. دەتوانین لە سیستەمە جووت حیزبییەکاندا بەدوای ئەم جۆرە حیزبانە بگەڕێین و حیزبی میانڕەوی بەریتانیا بە نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم دەستە لە حیزبە سیاسییەکان لە قەڵەم دەدرێ. لەم وڵاتەدا، بەهۆی سیستەمی جووت حیزبی و بەتایبەت سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك قۆناغی ئارایشتی هێزە سیاسییەکان بە جۆرێکە کە حیزبی میانڕەو، تاکە وتەبێژی چینی بۆرژواو بە وتەی رۆکان خاوەن سەرمایەکانە. لە بەرامبەردا، لەو وڵاتانەی کە خاوەن سیستەمی فرە حیزبی و سیستەمی هەڵبژاردنی رێژەیین، لە کەمپی حیزبەکانی ئەم خێرانەدا گەلێك ناکۆکی هەیە و حیزبە بۆرژوازییەکان کەمتر بەشێوازی حیزبەکانی بەرەو ئاراستەی زۆرینە دەردەکەون و دەتوانین بە حیزبە پەراگەندە و پرژوبڵاوەکان ناویان ببەین. هەروەك ئاماژەی پێکرا، سەرهەڵدانی حیزبە کرێکارییەکان بووە هۆی جیابوونەوە لەنێو کەمپی ئەم حیزبانەداو سێ تەوژمی جۆراوجۆر لەناو ئەم رەوتەدا دروستبوون کە بریتین لە: راستی کلاسیکی، راستی لیبرال و میانە و رادیکاڵەکان.

(١٨٢) Seiler D. L., Les parties politiques en Europe, op. cit., P41.

راستی کلاسیکی وتەبێژی ویست و خواستی بازرگان و خاوەن زەوییەکانە و بەتوندی دژ بە سەندیکاکان و حیزبی کۆمۆنیستە. حیزبی رادیکاڵی فەرەنسا بە بە نموونەیەکی دیاری حیزبە دەستە راستییە کلاسیکییەکان دادەنرێ. دووهەمین دەستەی حیزبەکانی ئەم خێزانە لە وڵاتێکی وەك دانیمارك، پتر وتەبێژی جووتیاران و توێژە ئایینییەکانە. سێهەمین دەستەی ئەم رەوتە، واتە راستی رادیکاڵ بەرەو ئاراستەی حیزبە کرێکارییەکان دەڕوات و بەرگری لە بەرژەوەندی کرێکارەکان دەکات. لیبراڵە رادیکاڵەکان لە هەندێ حاڵەتیشدا، تەنانەت پشتگیریی خۆیان بۆ حیزبە کۆمۆنیستەکان راگەیاند و لە هەندێ هەڵبژاردنیشدا ئیئتیلافیان لەگەڵدا کردن. ئەم دەستە لە حیزبەکان، پتر لەو وڵاتانەدا پێشوازییان لێدەکرێ کە کەلێنە چینایەتییەکان تیایاندا چالاك بن. لەبەرامبەردا، لە وڵاتانێکی وەك ئیتالیا و وڵاتانی بنلۆکس (لۆکزامبۆرگ، بەلجیکا و هۆڵەندا) کە کەلێنی ئایینی کلێسا/ دەوڵەت تیایاندا چالاکە، کەلێنە چینایەتییەکان ناچالاکن و حیزبە چینایەتییەکان پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێ ناکرێ. لەم وڵاتانەدا پێکادانە چینایەتییەکان لە بەرامبەر پێکادانە ئایینییەکان کاڵ دەبنەوە و حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان وتەبێژی سەرەکی ئەم کەمپەن. هەروا لەو وڵاتانەی کە کەلێنە نەتەوەییەکان چالاکن، کەلێنە ئابوورییەکان کاڵ دەبنەوە و ناچالاك دەبن. بە سەرنجدان بە سروشتی سەروو چینایەتی کەلێنە فەرهەنگییەکان، جیاوازی چینایەتی وەك پرسێکی لاوەکی دەردەکەوێ. لە هەلومەرجێکی وەهادا، ئەگەری فرە جەمسەریی کۆمەڵگا و کەڵەکە بوونی کەلێنەکان لەسەر یەکتردا هەیە کە دۆڤێرژە بە کەڵەکەبوونی دوالیزم لەسەر یەکتر ناوی لێدەبات(١٨٣).

لە کەمپی حیزبی خاوەن سەرمایەکان دەتوانین باس لە رەوتێکی چوارەمیش بکەین کە بریتییە لە راستی توندڕەو. ئەو حیزبانەی کە بەڕاستی توندڕەو ناسراون خاوەن هەڵوێستێکی توندوتیژن لەبەرامبەر سۆسیالیستییەکان و بەتایبەت کۆمۆنیستەکاندا. حیزبە دەستە راستییە توندڕەوەکان خۆیان بە دەربڕی تووڕەیی خاوەن پیشەسازییە دەستییەکان و وردە بۆرژواکان دەزانن(١٨٤).

(١٨٣) DUVERGER M., Parties politiques. Op. cit. P.57.
(١٨٤) SEILER D. Lo Les parties politiques en Europe, 1996, op. cit., P.51.



## ٢- حیزبەکانی بەرگریکەر لە مووچەخۆران و بندەستان:

ئەو حیزبانەی کە لە خێزانی کرێکاریدا جێگیر دەبن لە پشتیوانانی سەرەکی بزاڤە سەندیکاییەکانن و سەندیکا و بزاڤە کرێکارییەکان لەلایەن ئەم حیزبانەوە پشتیوانی تەواویان لێدەکرێ. لەڕابردوودا، یەکێك لە خاڵە ناکۆکەکانی ئەم حیزبانە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی تر لەسەر رۆڵی کۆنگرەی نێودەوڵەتی حیزبی کۆمۆنیست (ئینتەر ناسیۆناڵ/ وەرگێڕ) و بەشێوەیەکی روون لەسەر رۆڵی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو(١٨٥). حیزبە کرێکارییەکان خۆیان بە وتەبێژی کرێکاران و هەموو ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانە دەزانن کە جگە لە هێزی کار هیچ سەرمایەیەکی دیکەیان نییە. کەوابوو مووچەخۆرانی دەوڵەت و کارمەندانی کەرتی تایبەتیش لە رێی ئەو گرووپانەدان کە لەلایەن ئەم حیزبانەوە پشتیوانییان لێدەکرێ. هەروەك پێشتر باسکرا، شۆڕشی پیشەسازی کەلێنێکی قووڵی لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا دروستکرد و ئاپۆرەی بەرفراوانی کرێکاران و مووچەخۆرانی خستە بەرامبەر خاوەن سامان و سەرمایەکان و ئەم کەلێنە بووە یەکێك لە سەرەکیترین کەلێنەکانی ناو کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان و گەلێك لە جموجۆڵە سیاسییەکان و لەوانەش حیزبەکان لەسەر بنەمای ئەم تەوەرە رێکخران. کەمپی ئەم حیزبانە لق و پۆپی جۆراوجۆری لێ جیابووەتەوە. بنەمای ئەم ناکۆکییە، ئەو تێگەیشتنە جیاوازەیە کە حیزب و رەوتە هزرییە جۆراوجۆرەکانی ئەم باڵە لە سۆسیالیزم هەیانە. سۆسیالیستەکانیش خۆیان بەسەر چەند رەوتێکی جۆراوجۆردا دابەش دەبن کە بریتین لە: سۆسیالیستە ئیدیالیستەکان، سۆسیالیستە زانستگەراکان، سۆسیالیستە مەعنەوی و ماددییەکان، سۆسیالیستە ئازادیخوازەکان و کۆمەڵگەراکان. ئەو رێبازە جۆراوجۆرانەی کە لە ناو قوتابخانەی سۆسیالیزمدا دروستبوون، بوونە هۆی جیابوونەوەی جۆراوجۆر لە کەمپی حیزبە دەستە چەپییەکاندا و حیزبی جۆراوجۆر دروستبوون کە هەر هەموویان ئەندامی خێزانی گەورەی حیزبەکانی بەرگریکەری مافی کرێکاران و توێژە کەم دەرامەتەکانن. گرنگترین حیزبەکانی ئەندامی ئەم خێزانە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

حیزبە کرێکارییەکانی مۆدیلی حیزبی کرێکاری بەریتانیا:

گرنگترین تایبەتمەندی ئەم حیزبانە ئەوەیە کە لە سەندیکا کرێکارییەکانەوە هەڵقوڵاون. مۆریس دۆڤێرژە ئەم حیزبانە بە حیزبە ناڕاستەوخۆکان ناو دەبات. لەم حیزبانەدا، کە حیزبی کرێکاری بەریتانیا بە نموونەی دیاری دادەنرێت، سەندیکاکان دەبنە ئەندامی حیزب و تاکەکان

(١٨٥) Ibid., P.19.

بە پلەی یەکەم، ئەندامی سەندیکان و بەهۆی سەندیکاوە دەبنە ئەندامی حیزب. ئەم حیزبانە لەو رووەوە بە ناڕاستەوخۆ ناودەبرێن چونکە ئەندامێتی تاکەکان بەهۆی سەندیکا و بەشێوازی ناڕاستەوخۆیە. ئەم حیزبانە خۆیان بە گرنگترین نوێنەر و وتەبێژی چینی کرێکار دەزانن و پلۆرالیزم و پراگماتیزم گرنگترین بنەما ئایدۆلۆژییەکانی ئەم حیزبانە پێکدەهێنن. مۆدێلی سەرەکی ئەم حیزبانە حیزبی کرێکاری بەریتانیایە. حزبێك کە لە ساڵی ١٩٠١ بەهۆی پێکەوەلکانی یەکێتی و سەندیکا کرێکارییە جۆراوجۆرەکانەوە پێکهات و لە ساڵی ١٩٠٦ ئەم ناوەی بۆ خۆی هەڵبژارد[١٨٦]. لە ساڵی ١٩١٣ یەکێتی سەندیکا کرێکارییەکانی بەریتانیا رێگای بە سەندیکاکان دا کە یارمەتی دارایی پێشکەش بە حیزبی کرێکار بکەن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بنەمای دارایی و دەسەڵاتی حیزب زیاتر بەهێز ببێ. بەهۆی هاوکارییەکانی یەکێتی کرێکاریی و یارمەتی دارایی سەندیکاکان، حیزبی کرێکار بەخێرایی پەرەی سەند و توانی ئەندامێکی زۆر تۆمار بکات و وەك حیزبێکی بەهێز و بڕیاردەر لە بەریتانیا دەربکەوێ[١٨٧]. لەبەر ئەوەی کە سەندیکاکان خەرجییەکانی حیزبی کرێکار دابیندەکەن، هەربۆیە رێبەرانی سەندیکا نفوزێکی زۆریان لەسەر رێبەرانی حیزبی هەیە و حیزبەکان بە تەواوی لەژێر دەسەڵات و نفوزی سەندیکاکاندان حیزبی کرێکاری بەریتانیا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دروستبوو، دۆکترینی ئەنجومەنی فابیانی کردە بنەمای کاری خۆی. دەتوانین ئەم حیزبە بە نموونەیەکی دیاری حیزبێکی سۆسیال دیموکرات بزانین. حیزبی کرێکار لە ساڵی ١٩٤٥ دەسەڵاتی وڵاتی بەریتانیای بەدەستەوە گرت و تێپەڕبوونی هێمنانەی لە سەرمایەداری تایبەتییەوە بۆ سەرمایەداری حکومی خستە سەرووی بەرنامەکانی خۆیەوە. دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەناوبردنی کەلێنی گەورەی چینایەتی، گرنگترین دروشمەکانی حیزبیان لەو سەردەمەدا پێکدەهێنا. (ئاتیلی)، سەرۆك وەزیرانی ئەوسا و رێبەری حیزب، هەندێ لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پیشەسازییە گەورەکانی، وەك بانکی بەریتانیا و گواستنەوەی خۆماڵی کرد و پشتگیری کردنی توێژە کەم دەرامەتەکانی لە ریزی پێشەوەی بەرنامەکانی خۆی دانا.

(١٨٦) AFTALION F., La sociale-démocratie dernier avatar du socialisme: Histoire d’une utopie 1945-1993, Paris, France-Empire, 1993, PP.22-24.
(١٨٧) KAVANAGH D., dir., The politics of the labor party, London, Allen and Unwin 1982, Minikin., The Labor party conference. A study in the politics of Intera-Party democracy, Londresn Allen Lane, 1978.



سیاسەتەکانی ئاتیلی لەگەڵ بەرنامەکانی حیزبی کرێکاردا دەگونجا. ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩١٨ بەرنامەکانی خۆی لە ٢٦ بەندا راگەیاند کە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم حیزبە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین. هەندێك لە گرنگترین بەرنامە راگەیەندراوەکانی ئەم حیزبە بریتین لە:

١- دیاریکردنی لانیکەمی ماف و هەقدەست بۆ هەموو کرێکاران و مووچەخۆران.

٢- خۆماڵی کردنی پیشەسازییە گەورە و سەرەکییەکانی وڵات لە رێگا دیموکراتییەکانەوە و لە سەرەتادا خۆماڵی کردنی پیشەسازی بەردە خەڵووز، کارەبا و گواستنەوە.

٣- دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان لە رێگای باج وەرگرتن.

٤- دروستکردنی هەلی یەکسان بۆ هەمووان بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن[١٨٨].

خاڵی جێگای سەرنج دەربارەی حیزبی کرێکاری بەریتانیا ئەوەیە کە ئەم حیزبە، بە پێچەوانەی حیزبە دەستە چەپی و کرێکارییەکانی ئەوروپا، باوەڕی بە بەهاو بنەما ئایینییەکان هەیە و هەرگیز دژ بە رۆحانیەت و کلێسا لە قەڵەم نادرێ[١٨٩]. یەکێك لە تایبەتمەندیی و جیاوازییە بنچینەییەکانی ئەم حیزبە لەگەڵ حیزبە هاوچەشنەکانی لە ئەوروپا بریتییە لە دوژمنایەتی کۆن و کلاسیکی ئەم حیزبە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا.

دامەزرێنەران و رێبەرانی ئەم حیزبە هەموویان بە پابەندبوون بە بنەما ئایینییەکان بەناوبانگن[١٩٠]. لە بەرامبەردا، روانینێك بۆ حیزبەکانیتر پێشاندەری ئەوەیە کە دژایەتیکردنی کلێسا و ئایین لەسەرووی بەرنامەکانی ئەم حیزبانەدایە[١٩١]. حیزبی کرێکاری بەریتانیا بە یەکێك لە نموونە دیار و بەرجەستەکانی حیزبە کرێکارییەکان و بەرگریکەر لە مافی

(١٨٨) CHARLOT M., Le Party Travailliste Britanique, Paris, Clefs, 1992, PP.21-22.
(١٨٩) Ibid., P.38.
(١٩٠) Arthur Henderson. Philip snowden et Ramsay Macdonald.
(١٩١) دەربارەی ئایدۆلۆژیای حیزبی کرێکاری بەریتانیا بڕوانە بۆ:
BEALEY F., dir., The social and political Thought of the British Labor Party, Londres, Weidenfeld and Nicolson, 1970, Foote G, The Labor Party’s political Thought Londres, croom Helm, 1985.

مافی مووچەخۆران دادەنرێ لە ئەوروپادا. گەلێك حیزب لە ئەوروپا پێکهاتە و بەرنامەکانی ئەم حیزبەیان کردە سەر مەشقی کاری خۆیان و ئیلهامیان لێوەرگرتووە.

## حیزبە سۆسیالیستەکان

حیزبە سۆسیالیستیەکان یەکێکن لە گرنگترین حیزبەکانی ئەندامی ئەم خێزانە. بەزۆری لە پێناسەی سۆسیالیزمدا دەگوترێ، کە سۆسیالیزم قۆناغی سەرەتایی و قۆناغی تێپەڕە بەرەو مارکسیزم. حیزبە سۆسیالیستیەکان لەم دیدگایەوە زەمینە بۆ کۆمۆنیزم خۆش دەکەن و ئەرکی ئامادەسازیی کۆمەڵگایان بۆ حکوومەتی پرۆلتاریا لە ئەستۆدایە. حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان بە حیزبە زۆر گرنگەکانی ئەورووپای رۆژئاوا لە قەڵەم دەدرێن و لەگەلێك لەم وڵاتانە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ حکوومەتیان بە دەستەوە بووە یا بەدەستیانەوەیە. حیزبە سۆسیالیستیەکان بە پێچەوانەی حیزبە کۆمۆنیستییەکان و بە پێچەوانەی حیزبی کرێکاری بەریتانیا نەختێك لە بزاڤی سەندیکالیزم دوور دەکەونەوە و خاوەن رێکخستنێکی نەرمترن لە حیزبی کۆمۆنیست. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم حیزبانە رواڵەتی رۆشنبیرانەی رێبەرانی حیزبییە. هەندێ لە پسپۆڕان ئەم حیزبانە لە ریزی حیزبە ئایدۆلۆژییەکان دادەنێن. چونکە ئەم حیزبانە لەسەر هەندێ بنەمای رۆشنبیرانەی وەك، سکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و شتی لەو جۆرە بنیاتنراون[١٩٢].

هەندێ لە نووسەران وك (ژاك لیژاند) لەو باوەڕەدان کە مێژووی هزری سۆسیالیزم لە حیزبە سۆسیالیستەکان کۆنترە، چونکە مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵدا بووە تا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بەشدار بێ. ئەم ئاراستەگیرییە سیاسییە لە روانگەی لێژاندەوە گرنگترین بنەمای هزریی حیزبە سۆسیالیستیەکان پێکدەهێنێ[١٩٣]. بەپێی ئەم دیدگایە، سۆسیالیزم بەر لەوەی کە جۆرێکی تایبەتی بێت لە حکوومەت، تێڕوانینێکە بۆ کۆمەڵگای مرۆیی و ئەو رێگا چارانەیە کە بۆ گۆڕین و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاکان دەخرێنەڕوو[١٩٤].

(١٩٢) Ibid, P.26.
(١٩٣) LEGAND J., Le socialisme dans i'historie, Messidor, Editions socials, 1988, P.49.
(١٩٤) Ibid., P.51.



تویژەرانی دیکەی وەك (سیدیلۆت)یش لەو باوەڕەدان کە سۆسیالیزم لە حیزبە سۆسیالیستیەکان کۆنترە. لە روانگەی سیدیلۆتەوە رەگوریشەی تێڕوانینی سۆسیالیستی بۆ سەردەمی پێکهاتنی یەکەمین کۆمەڵگا مرۆییەکان دەگەڕێتەوە[١٩٥]. هەروەك زۆربەی تویژەران دانی پێدادەنێن ئەو شتەی کە بنەمای تێڕوانین و هزری سۆسیالیزم پێکدەهێنێ دیاردەیەکی دێرینە، بەڵام قوتابخانەی سۆسیالیزم دیاردەیەکە رەگوریشەی بۆ سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەژدەهەم زاراوەی سۆسیالیزم هاتە ناو ئەدەبیاتی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکانەوە. ئاوەڵناوی سۆسیالیست لەچاو زاراوەی سۆسیالیزمدا مێژوویەکی نوێتری هەیە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٣١ لە وڵاتی فەرەنسا و لە ساڵی ١٨٣٢ لە وڵاتی بەریتانیا، سۆسیالیست وەك ئاوەڵناوێك بۆ باڵ و رێکخراوە سیاسییەکان و تاکەکان بەکار هات. لە ئەدەبیاتی لاتین زاراوەی (سۆسیۆ) بە واتای هاوڕێ، دۆست و یار بەکاردێت[١٩٦].

بەم پێیە، ئەگەرچی سۆسیالیزم بە واتا بەربڵاوەکەی بەدیاردەیەکی کۆن لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام وەك رەوتێکی سیاسی، بەتایبەت وەك رێکخراوێکی حیزبی بە دیاردەیەکی نوێ دەژمێردرێ و رەگوریشەی بۆ سەردەمی سەرمایەداری پیشەسازی دەگەڕێتەوە. هەروەك لەمەوپێش گوترا حیزبە سۆسیالیستیەکان رەگوریشەیان لەناو شۆڕشی پیشەسازیدایە و پاش بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی پیشەسازی سەریانهەڵدا. لە وڵاتی بەریتانیا، (رۆبێرت ئۆینز)[١٩٧] وەك یەکەمین کەس خۆی و لایەنگرانی بە سۆسیالیست ناودەبات. ئۆینز، سۆسیالیزمی بە خاڵی بەرامبەری کۆمەڵگای تاکگەراو دوژمنی دەسەڵاتداریێتی پارەو سەرمایە دەزانی و لەو باوەڕەدابوو کە کۆمەڵگا دەبێ لەسەر بنەمای ئەولەویەت دان بە هەرەوەزی و هاوکاری دروستببێ و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەتن. ئەو سیستەمی سۆسیال[١٩٨] بە سیستەمی ئیدیالی خۆی دەزانێ.

ئۆینز لە ساڵی ١٨٣٦ گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی ((گۆڤاری دوو جیهان)) کە لەم گۆڤارەدا هەستا بە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی هزر و بیروباوەڕی سۆسیالیستی. لەم مێژووە بەدواوە سۆسیالیست، بەڵکو لە بوارەکانی تریش ئاوەڵناوی ((سۆسیال)) و ((سۆسیالیست)) کەڵکی

(١٩٥) SEDILLOT R.,Histoire des socialisme, Paris, Fayard, 1977, P.4.
(١٩٦) TENZER, Histoire des doctrines politiques en France, Paris, PUF, Quesais Je? 1996, chapiter V.
(١٩٧) Robert Owens.
(١٩٨) Social systems.

لێوەردەگیرا. لە هەموو ئەم خاڵانەدا سۆسیالیزم واتای کۆمەڵگەرایی دەبەخشێت لە بەرامبەر قوتابخانەی تاکگەراییدا. بۆ نموونە، یەکێك لە زاراوە باوەکان، زاراوەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتییە کە بە واتای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی بە کۆمەڵە. هەندێ کەس لە پیاهەڵدانی سۆسیالیزمدا گوتوویانە، کە سۆسیالیزم بریتییە لە: ((مەحکووم بوونی یاسای جەنگەڵ، مەحکووم بوونی ڕێسای زاڵبوونی بە هێزەکان بەسەر لاوازەکاندا، پشتگیریی کردن لە سنوورداربوونی موڵکدارێتی تاك و بەرگری کردن لە هاوبەندیی کۆمەلایەتی و کرێکاران))[١٩٩].

هرز و بیروباوەڕی سۆسیالیستی لە ئەورووپا بەخێرایی پەرەی سەند و گەلێك لایەنگری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. حیزبە سۆسیالیستیەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئەورووپادا دروستبوون و گەلێك ڕۆشنبیریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە. چینەکانی کرێکاران و مووچەخۆران و خاوەن پیشەسازییە بچووکەکان سەرچاوگەی کۆمەڵایەتی ئەم حیزبانەیان پێکدەهێنا. لە یەك ریزدا دەتوانین بڵێین کە سۆسیالیزم ڕێگایەکی مامناوەندییە لەنێوان توندڕەویی کاپیتالیزم و کەمڕەویی مارکسیزمدا.

## حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان

سۆسیال دیموکراسی یەکێکە لەو ڕەوتە هزریی و سیاسییانەی کە بەرگری لە کرێکاران و مووچەخۆران دەکات. دەربارەی گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم ڕەوتە دوو دیدگای تاڕادەیەك جیاواز هەیە. هەندێك سۆسیال دیموکراتەکان لە باڵی ڕاستی سۆسیالیستەکاندا جێ دەکەنەوە، چونکە بەپێچەوانەی ڕەوتە توندڕەوەکان ئەم باڵە، وێڕای پشتگیریی لە کرێکاران و توێژە کەم داهاتەکان، باوەڕی بە گۆڕانکاری هەنگاو بە هەنگاو هەیە و سیستەمی سیاسی — ئابووری سەرمایەداری پەسەند دەکات. بەپێی ئەم دیدگایە، سۆسیال دیموکراسی دیوەکەی تری چاکسازیخوازییە. سۆسیال دیموکراتەکان لەو باوەڕەدان کە کرێکاران تەنها بە چاکسازی و نەك

(١٩٩) BEZBAKH P., Histoire et Figure du Socialisme Francais, Paris, Bordas, 1994, P. SALAMA A. G, Les chasseurs d'absolu: genese de la ganche et de la roite, Paris, Editions Grasset et Fasquelles, 1980, colombani J-M., La gauche survivra-t-ele aux socialistes 2, Paris, Flammarion, 1994,. Delwit P., Les Parties Socialistes á L'integration européene, Bruxelles, Edition de L'universite de Bruxelles (These de Doctoret), 1995, PORTELLI H., Le Parties Socialiste, Clets, 1992, REY H., SUBILEAU F., Les militants Socialistes a L'épreure du Pouvoir, Paris, Presse de La Fondation National des Sciences Politiques, 1991.



شۆڕش دەتوانن بگەنە خواستەکانی خۆیان و هەر بۆیە هەڵسوکەوتی توند و شۆڕشگێڕانە پەسەند ناکەن. دیدگایەکی تر، سۆسیال دیموکراسی بە پێکهاتەیەکی حیزبی و سەندیکایی تایبەت دەزانێ کە بەرگریکردن لە مافی کرێکاران دەخاتە سەرووی بەرنامەی کاری خۆیەوە. ئەم ڕەوتە سیاسییە لە بەرەبەیانی شۆڕشی ١٨٤٨ لە وڵاتی فەرەنسا لەدایکبوو و یەکەمین حیزبی سۆسیال دیموکراتی فەرەنسا لە شوباتی ١٨٤٩ لەم وڵاتەدا سەریهەڵدا[٢٠٠].

مێژووی دروستبوونی یەکەمین حیزبی سۆسیال دیموکرات لە ئەڵمانیا، بۆ ساڵی ١٨٧٥ دەگەڕێتەوە. لەم ساڵەدا لە شاری گوتەی ئەڵمانیا حیزبێکی نوێ بەناوی سۆسیال دیموکرات لەدایکبوو. دروشمی سەرەکی ئەم حیزبە ((شۆڕشی کۆمەلایەتی لەسەر بنەمای دیموکراسی)) بوو. بە وتەیەکی تر، ڕێبەرانی ئەم حیزبانە لەو باوەڕەدابوون کە دەبێ کۆبەندییەك لەنێوان بەهاو بنەماکانی دیموکراسی و گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکاندا دروستبکرێ. ئەم حیزبانە تازە لەدایکبووە ئەڵمانییە، لەلایەن ڕۆشنبیران و چالاکە سیاسییەکانی ئەورووپاوە گەلێك بایەخی پێدرا و چەندین حیزب بەم ناوە لە ئەورووپادا دروست بوون. ئەم حیزبانە بەدوای سێ ئامانجی سەرەکیدا دەگەڕان کە بریتی بوون لە:

١- بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی سەرمایەداری.

٢- قووڵکردنەوەی دیموکراسی سیاسی.

٣- بەهێزکردنی هاوبەندیی لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی.

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، چاکسازیخوازانی سۆسیالیست خۆیان بە سۆسیال دیموکرات ناودەبرد. بە وتەیەکی تر، سۆسیال دیموکراسی وك ڕەوتی چاکسازیخوازی باڵی چەپ لە قەڵەم دەدرێ و بە پێچەوانەی کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان، ئەم ڕەوتە خۆی بە پابەند دەزانێ بەرامبەر بە بنەماکانی دیموکراسی وگۆڕان لە ڕێگای چاکسازییەوە نەك شۆڕش.

لەدەیەی بیست، گرنگترین دروشمەکانی ئەم حیزبانە بریتی بوون لە: پارلەمانتاریزم، هەڵبژاردن، ڕێزگرتن لە رای گشتی و سەرکەوتن لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە. ئەم حیزبانە بەتوندی دژایەتی توندوتیژخوازییان دەکرد و سەرکەوتنیان لە ڕێگای هەڵبژاردن بە تاکە ڕێی ڕەوا دەزانێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. پاش جەنگی جیهانی دووهەم، بەرەبەرە کەلێنی نێوان سۆسیال دیموکراتەکان و توندڕەوەکانی باڵی چەپ زیاتر بوو و خەبات دژ بە بنەما کۆمۆنیستیەکان وەك

(٢٠٠) Moschona G., La sociale démocratie de 1945 a nos Jours, Paris, Clefs, 1994, P.17.

مولّکدارێتی حکوومی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بووە یەکێك لە گرنگترین دروشمەکانی ئەم حیزبانە. لە دەیەی شەست بەدواوە، ئەم حیزبانە وەك حیزبگەلێکی پابەند بە نەریتی سەندیکالیزم ناسرابوون و تەنیا ڕێگای ڕزگاری چینی کرێکاریان لە بەهێزکردنی سەندیکاکاندا دەبینیّ و ڕێکخراو و ڕێکخستنی ئەوان نموونەی دیاری حیزبە جەماوەرییەکان بوون. ئەم حیزبانە، هەرچەندە سەرسەختانە بەرگرییان لە بەرژەوەندی چینی کرێکار دەکرد، بەلاّم خۆیان بە حیزبێکی چینایەتی نەدەزانی و هەولّیاندەدا کە توێژە جۆراوجۆرە کۆمەلاّیەتییەکان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن[٢٠١].

## حیزبە کۆمۆنیستیەکان

حیزبە کۆمۆنیستیەکان نموونەیەکی دیاری ئەو حیزبانەن کە بەرگری لە مافی کرێکاران دەکەن و لەسەر چەمکی چین بە واتا ئابوورییەکەی بنیاتنراون. دانیل لویی سیلر حیزبی کۆمۆنیست بە خێزانێکی سەربەخۆی حیزبی لە قەلّەم نادات و بە لقێکی خێزانی بزووتنەوەی کرێکاریی دەزانیّ[٢٠٢]. ئەم جیابوونەوەیە لەکاتی ئینتەرناسیۆنالی سێهەمدا روویدا. ناوەندگەرایی دیموکراتی پرەنسیپی سەرەکی حیزبە کۆمۆنیستیەکان پێکدەهێنیّ. ئەم حیزبانە لەسەر بنەمای دیسپلینێکی توندوتۆلّی حیزبی بنیاتنراون و دیسپلینێکی حیزبی توندوتۆلّ بەسەر ڕێکخراوی حیزبدا زالّە. بەم حالّەش گەیشتن بە دەسەلاّت لەنێو ڕێکخراو و ڕێکخستنی حیزبیدا تەنها لە ڕێگای بنەما دیموکراتیییەکانەوە مەیسەر دەبیّ. ملکەچی بۆ کۆمیتەی ڕێبەرایەتی‌بنەمایەکی چەسپاوی ڕێکخستنە و نوێنەرانی حیزب لە پەرلەماندا هیچ جۆرە ئازادییەکی کردەییان نییە.

حیزبە کۆمۆنیستیەکان بەخێرایی تووشی لێك جیابوونەوە هاتن و سیّ ڕەوتی جۆراوجۆر لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا سەریانهەلّدا. یەکێك لە تەوەرەکانی کەلێن لەناو کەمپی کۆمۆنیستیەکاندا، پرسی چۆنێتی پێوەندی ڕێکخراوەیی بوو لەگەلّ ئینتەرناسیۆنالدا. لەم بارەیەوە بیروڕای جۆراوجۆر هەبوو و ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی سیّ ڕەوت لەناو کەمپی کۆمۆنیزمدا. ئەم سیّ ڕەوتە بریتین لە:

(٢٠١) Ibid., P.25.
(٢٠٢) SEILER D. L., 1986, op. cit., PP.133-143.



أ- بالّی دژ بە ئینتەرناسیۆنال و خوازیاری ئازادی و سەربەخۆیی کارکردن. ئەم بالّە لە سالّی ١٩٨٣ لە ولاّتی ئیسلەندا لەگەلّ بالّی چەپی جیابووەوە لە حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان یەکیان گرت. ئەم گرووپە باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەبوو و پێوەندی خۆیانیان لەگەلّ مۆسکۆدا پچڕاند.

ب- لایەنگرانی سەرلەنویّ سازکردنەوەی حیزبە کۆمۆنیستەکان.

ج- کۆمۆنیستە ئۆرتۆدۆکسەکان کە پاش هەلّوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش پابەندبوون بە میراتی حیزبی کۆمۆنیست. ئەم ڕەوتە ئەو کۆمۆنیستە بنیاتگەراو یەکپارچەخوازانە (ئینتگریست) دەگرێتەوە کە سەرەڕای هەلّوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، هیچ گۆڕانێکیان لە شێوازەکانی خۆیاندا دروستنەکرد و پابەندبوونی خۆیان بە بنەماو شێوازەکانی ڕابردووی مارکسیزم ڕاگەیاند[٢٠٣].

هەروەك دەبینین لە پۆلێنکردنەکەی سیلردا، دەتوانین حیزبە کرێکارییەکان لە پۆلێنکردنێکی گشتیدا بەسەر دوو دەستەی حیزبە کۆمۆنیستیەکان و ناکۆمۆنیستیەکاندا دابەشبکەین. حیزبە ناکۆمۆنیستیەکان بۆخۆیان بریتین لە حیزبە کلاسیکیەکان و حیزبە سەربەخۆکان. سەربەخۆکان، سۆسیالیستە نەتەوەگەراکان، مەسیحییە چەپەکان و ڕادیکالّە چەپەکان لەخۆ دەگریّ. حیزبە کۆمۆنیستیەکانیش بریتین لە دەست و پێوەندەکانی سۆڤیەت و کۆمۆنیستەکانی بڕوادار بە ئەورووپا[٢٠٤].

## ب- حیزبەکانی سەرچاوەگرتوو لە کەلێنی دەولّەت/کلێسا: حیزبەکانی لایەنگری کلێسا

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی حیزبە ئایینییەکان و لایەنگرانی کلێسا ئەوەیە کە ئەم حیزبانە بە پێچەوانەی حیزبەکانی پێشوو، خەسلّەتی چینایەتییان تێدانییە. هۆی ئەمەش روونە، چونکە پرسە فەرهەنگی و ئایینییەکان خاوەن ناوەڕۆکێکی بان چینایەتین و توێژە جۆراوجۆرە کۆمەلاّیەتییەکان لەخۆ دەگرن. لەمەوبەر بە تێروتەسەلی باس لە کەلێنی نێوان دەولّەتە نەتەوەییەکان و کلێسا کراوە. لێرەدا لە گرنگترینی ئەو حیزبانە سیاسییانە دەکۆلّینەوە کە ڕەگوڕیشەیان لەناو ئەم کەلێنەدا هەیە.

(٢٠٣) SEILER D. L., 1996. op. cit., P.33 et 1980, PP.265 et suir.
(٢٠٤) SEILER D. L., 1986, op. cit., PP.133-143.

## حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان

هەروەك لەمەوپێش باسکرا، لە ئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان یەکێك لەو کەلێنە گرنگانەی کە لە وڵاتانی ئەوروپیدا سەریهەڵدا کەلێنی نێوان دەوڵەت و کلێسا بوو. لە دیوێکی ئەم کەلێنە لایەنگرانی دەوڵەتی لایك و لە دیوەکەی تریش، لایەنگرانی کلێسا لە بەرامبەر هێزە لایکەکاندا ریزبەندییان کردووە. لە گەلێك لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا بینەری دروستبوونی حیزبە کاسۆلیکیەکانین. ئەم حیزبانە بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانی کلێسا و بۆ بەرگری لە بەها ئایینییەکان پێکهاتوون. ئەو حیزبە کاسۆلیکیانەی کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتن، بە دیموکرات مەسیحی ناونران. ئەم حیزبانە لە هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا وەك ئەڵمانیا و ئیتاڵیا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنا.

حیزبی دیموکرات مەسیحی لە ئەوروپا وەك رەوتێکی سێهەمی میانە دێتە ئاراوە و هەوڵدەدات کە رێگایەکی نوێ لە نێوان کۆمەڵگەرایی سۆسیالیزم و تاکگەرایی توندڕەوانەی کاپیتالیزمدا بخاتەڕوو. بەم جۆرە، گەلێك لە توێژەران ئەم حیزبانە وەك حیزبگەلێکی مامناوەندیی لە قەڵەم دەدەن[٢٠٥]. خاڵی جێی سەرنج لەمەڕ ئەم حیزبانە، ئەمەیە کە دیموکرات مەسیحییەکان دیموکراسی نوێنەرایەتیان وەك باشترین شێوازی حکوومەت هەڵبژاردووە و بیر لە دروستکردنی حکوومەتی ئایینی ناکەنەوە. ئەم حیزبانە، سکۆلاریزم و جودایی نێوان ئایین و دەوڵەتیان پەسەند کردووە و لە هەمان کاتیش لەو باوەڕەدان کە ئامۆژگارییەکانی مەسیحییەت دەتوانێ وەك بنچینەی رێگاچارە ئابووری و سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا بخرێنەڕوو. بەم جۆرە هەندێ لە توێژەران وەك (پاتریك فۆیارتی)، دیموکرات مەسیحی بە رەوتێکی سکۆلار و باوەڕمەند بە بنەماکانی لائیسیتە دەزانن کە بنەماکانی دیموکراسی پەسەند کردووە[٢٠٦]. رەگوریشەی لەدایکبوونی حیزبە کاسۆلیکییەکان لە ئەوروپا بۆ ناکۆکی و کێشمەکێشەکانی نێوان دەوڵەت و کلێسا دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە لە وڵاتی فەرەنسا، پاش شۆڕشی فەرەنسا ناکۆکی نێوان دەوڵەت و کلێسا توندتربوو. کلێسا خۆی لە بەرامبەر دەوڵەتێکی لاییکدا دەبینییەوە کە خوازیاری بەدەستەوە گرتنی سیستەمی فێرکردنی

(٢٠٥) DUVANT J. D, L’Europe de la démocratie chrétienne, Paris, Editions complexe, 1995, P.11.

(٢٠٦) FOGARTY M. P., christien Democracy in western Europe 1980-1953, London, 1954.



وڵات، تۆماری باری کەسی و شتی لەو جۆرە بوو کە لەمەوپێش بەدەسەڵاتی پاوانکراوی کلێسا لە قەڵەم دەدران. بەم جۆرە پێکادانی نێوان دەوڵەت و کلێسا دەستی پێکرد و لایەنگرانی کلێسا بۆ بەرگری لە مافەکانی کلێسا دەستیان دایە دامەزراندنی حیزبە کاسۆلیکییەکان. لەسەرەتادا، کلێسا خوازیاری سەربەخۆیی بوو لە بەرامبەر دەوڵەتدا و لە پشتەوەی سنووری دەسەڵاتدارێتی کلێسا، سنووردارکردنی هێز و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی لاییکی کردبووە ئامانجی سەرەکی خەباتی خۆی. بە وتەیەکی تر، کلێسا سەرەتا هەڵوێستێکی توند و رادیکاڵی هەبوو لە بەرامبەر دەوڵەتدا. ئەم هەڵوێستە بەتایبەت پتر لەو وڵاتانەدا بەرچاو دەکەوت کە کاسۆلیکەکان لە کەمینەدا بوون. (رۆبێرتۆ پاپینی)، بە توێژینەوەی حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان لە وڵاتانی ئەوروپی, ئەوە پێشان دەدات کە حیزبە کاسۆلیکیەکان پرۆتیستان لەرەوشێکی لەم جۆرەدا دەژیان. بۆ نموونە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، کاسۆلیکەکانی رنانز لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی پرۆس دابوون و کاسۆلیکەکانی هۆڵەندا خۆیان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە پرۆتیستانەکاندا دەبینییەوە. لە وڵاتی ئیرلەنداش پاش دروستبوونی کلێسای ئانگلیکەن، کاسۆلیکەکان بوونە کەمینە و لە وڵاتانی وەك بەریتانیا، کاسۆلیکەکان لەچاو پرۆتیستانەکان خۆیان لە پێگەیەکی نزمتردا دەبینی. لەم وڵاتەدا رۆحی هاوبەندی لەنێوان کاسۆلیکەکاندا دروستبوو و گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگا جگە لە گردبوونەوەیان لە چوارچێوەی رێکخراوە حیزبییەکاندا هیچ چارەیەکی تریان لەبەردەمدا نییە. بەم جۆرە یەکەمین حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا لەدایکبوون[٢٠٧].

(ژان ماری ماور) لەو باوەڕەدایە، ئیرلەندا یەکەمین وڵاتە کە کاسۆلیکەکانی بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی روو لە زیادبووی پرۆتیستانەکان دەستیان دایە دروستکردنی رێکخراوێکی سیاسی. ئەم رێکخراوە لەلایەن (ئۆکۆنێل)[٢٠٨]، پارێزەری بەناوبانگی ئیرلەندییەوە بنیاتنراو گرنگییەکەی لەوەدایە کە کاسۆلیکەکانی ئەم وڵاتە بۆ یەکەمجار بڕیاریاندا خەباتێکی یاسایی دەستپێبکەن و بە لەبەرچاوگرتنی یاساکانی یاری و لە چوارچێوەی رژێمی سیاسی و یاساکانی ئەم وڵاتەدا چالاکی بکەن. ئەم رێکخراوە کە لە ساڵی ١٨٣٢ پێکهاتبوو، بەپێچەوانەی

(٢٠٧) LATEILLEE A., L’eglise catholique et la Révolution francaise, t.II, Hache He, 1950, et MAYEUR J. M., Des parties catholiques á La démocratie chrétienne, XIXe-XXe Siécle, Paris, Armand Colin, 1980, PP.5-12.

(٢٠٨) O’Connell.

ڕێکخراو و ڕەوتەکانی پێشوو، خەسڵەتی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵی نەبوو. ئەم ڕێکخراوە، ڕێکخستنی جەماوەری خەڵکی کردبووە ئامانجی خۆی و فێرکردنی ئەندامانی بە باشترین ئامراز دەزانی بۆ بەدیهاتنی خواستە سیاسییەکانی خۆی. وەك گەلێك لە حیزبە سیاسییەکانی سەدەکانی نۆزدە و بیست کە لەمەوبەدوا دروستبوون، ئەم ڕێکخراوە لەسەر مافی ئەندامێتی (ئابوونە) بنیاتنرابوو. کۆکردنەوەی مافی ئەندامێتی ئامرازێك بوو بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوە جەماوەریتر ببێ و بۆرۆکراسی و ڕێکخراوە کارگێڕییەکەی گەشە بکات. لە ساڵی ١٨٢٨ سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە وەك نوێنەر هەڵبژێردرا و بووە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوەکە ببێتە خاوەن گرنگییەکی زیاتر.

خەباتی ئۆکۆنێل بەخێرایی بەری گرت و لە ساڵی ١٨٢٩ کاسۆلیکەکانی ئیرلەندا گەیشتنە گەلێك لە خواستەکانی خۆیان. ئەم سەرکەوتنە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کاسۆلیکەکانی وڵاتانی تردا هەبوو و ئۆکۆنێل بووە سەمبولی خەباتی کاسۆلیکەکان. ڕێکخراو و ڕێکخستنی ئۆکۆنێل بەخێرایی لەلایەن ئەو کاسۆلیکانەی کە لە کەمینەدابوون لاسایی کرایەوە و ڕێکخستنێکی هاوچەشن لە بەلجیکا و ئەو وڵاتانەی تر دروستبوون کە کاسۆلیکەکان تێیدا کەمینە بوون[٢٠٩].

پاش شۆڕشی هەمەگیری ١٨٤٨ لە ئەوروپا، کاسۆلیکەکان لە هەندێ لە وڵاتان بوونە خاوەن ئازادی کارکردنی زیاتر. لە ئەنجامی ئەم شۆڕشانەدا، بەتایبەت لە ئەوروپای ناوەندی، کاسۆلیکەکان لەبەرامبەر دەوڵەتدا سەربەخۆیی کارکردنی زیاتریان بەدەستهێنا. بۆ نموونە، لە ڕێکەوتی ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٨، پەرلەمانی فرانکفۆرت سەربەخۆیی کلێسای لەبەرامبەر دەوڵەتدا پەسەندکرد و لە ڕێکەوتی ٥ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ، سەربەخۆیی کلێسا لەبەرامبەر دەوڵەت وەك یەکێك لە بنەماکانی دەستووری ئەم وڵاتە پەسەندکرا.

لەم نێوانەشدا، پێکادان و ڕاپەڕینە بەربڵاوەکەی ١٨٤٨، زەمینەی لەباری بۆ دروستبوونی حیزبە کاسۆلیکییەکان خۆشکرد. ژان ماری مایور ئەم هەلومەرجانە بۆ سەرکەوتنی حیزبە کاسۆلیکییەکان بەپێویست دەزانێ بەڵام بە بەس نازانێ[٢١٠]. لەم مێژووە بەدواوە قەشە کاسۆلیکەکان بەرەبەرە لە هەڵوێستی کارتێکراویی و گۆشەگیریی دەرچوون و بە شێوەیەکی

(٢٠٩) لەمەڕ ئۆکۆنێل بڕوانە بۆ:
GUNN D. Daniel O'Connell, Cork Universety press, 1947.
(٢١٠) MAYEUR J. M., des parties. Op. cit., P.41.



چالاك هاتنە ناوگۆڕەپانی سیاسەتەوە. کاسۆلیکەکان کە لەمەوپێش تەنها خوازیاری ئازادی کارکردنی پتر بوون، هەندێ داخوازی نوێیان خستەڕوو و خوازیاری گێڕانی ڕۆڵێکی چالاك بوون لە گۆڕەپانی سیاسەتدا. بۆ وێنە، لە کۆنگرەی ئەنجومەنە کاسۆلیکییەکان کە لە ڕێکەوتی ٣ تا ٥ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٨ ئەنجامدرا، کاسۆلیکەکان خوازیاری ئەوەبوون کە بنەماکانی ئایینی مەسیحیەتی کاسۆلیك بەسەر هەمەوو بوارەکانی ژیاندا زاڵ بکرێ. لە وڵاتی بەلجیکاش، کاسۆلیکەکان داوایەکی لەو جۆرەیان خستەڕوو و خوازیاری ڕۆڵی پتری ئایین بوون لە گۆڕەپانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا. بەم جۆرە، کاسۆلیکەکان شوناسێکی سیاسی سەربەخۆیان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا بەدەست هێنا و چالاکییەکی سیاسی گەرم وگوڕیان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا دەستپێکرد. کاسۆلیکەکان بەباشی کەڵکیان لەو کەشوهەوایە وەرگرت کە پاش شۆڕشەکانی ١٨٤٨ بەدیهاتبوو، بەتایبەت لە بەگشتی بوونی مافی دەنگدان و هەوڵیاندا لە هەڵبژاردندا ڕۆڵێکی چالاك بگێڕن. لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەدا، ڕێکخراوە کاسۆلیکییەکان توانییان لە وڵاتانی جۆراوجۆر، ژمارەیەکی بەرچاو نوێنەر ڕەوانەی پەرلەمان بکەن. بەم جۆرە ئەوروپا بینەری دیاردەیەکی نوێیە کە مایۆر بە ((قەشەی سیاسی)) ناوی لێدەبات[٢١١]. لە ڕووداوەکانی دیکەی ئەم سەردەمە، دامەزراندنی ((گۆڤاری ئەوروپای نوێ))یە[٢١٢] لە فەرەنسا لە ڕێکەوتی ١٥ی نیسانی ١٨٤٨. دەتوانین دامەزراندنی ئەم گۆڤارە بەدەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە چالاکی کاسۆلیکەکان لەم وڵاتەدا لە قەڵەم بدەین[٢١٣].

بە سەرنجدان بەوەی کە گوترا دەتوانین وا تێبگەین کە ڕەگوڕیشەی حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان بۆ قەیرانەکانی ساڵی ١٨٤٨ دەگەڕێتەوە و بە بەرهەمی ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە لە قەڵەم دەدرێن. هەندێ کەس ڕاپەڕینەکانی ئەم سەردەمەیان بە شۆڕشی دیموکراتیك ناوناوە. لەمەودوا، لە ئەوروپا باس لە دیاردەیەك دەکرێ بەناوی حیزبە کاسۆلیکیەکان. بزووتنەوەی کاسۆلیکەکان دیاردەیەکی کۆنە و هەر وەك لەمەوپێش ڕوون کرایەوە، ڕێکخراوگەلێکی سیاسی جۆراوجۆر لەناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپادا دروستکرابوون کە دەتوانین ئەوان بە کاکڵە سەرەتاییەکانی پێکهێنەری حیزبە کاسۆلیکییەکان بزانین. کەواتە،

(٢١١) Ibid., P.3.
(٢١٢) Pére nouvelle.
(٢١٣) MOREL C., "Une grande démocratie en 1848-1849", L'ére nouvelle, "revue d'histoire de" Eglise de France, Janvier-Juin, 1977, PP.25-55. DREYFUS G., HISTOIRE DE LA Démocratie chrétienne in France, Albin Michel, 1982.

حیزبە کاسۆلیکییەکان رەگورِیشەیان لەناو دامەزراندنی سیستەمە دیموکراتییەکانە لە ئەوروپای رۆژئاوادا. لەم سەردەمەدا، ئەوروپا بینەری دەسەلاّتداریّتی و پیّشوازی بیّ ویّنەیە لە دەسەلاّتداریّتی سۆسیالیستەکان لەگەلّیّك لە ولاّتانی ئەوروپای رۆژئاوادا. سۆسیالیستەکان بە توندی پابەندی بنەمای لائیسیتە بوون و خوازیاری گۆشەگیریی هەرچی پتری کلیّسای کاسۆلیك، ئازادییە تاکەکەسی و ئاینییەکان بوون. لە هەلومەرجیّکی وەهادا کاسۆلیکەکان جگە لە دروستکردنی حیزبی سیاسی بەهیّز بۆ بەرگری لە مافەکانیان هیچ ریّگا چارەیەکی تریان لەبەردەمدا نەبوو[٢١٤]. کەواتە، دروستبوونی حیزبە کاسۆلیکەکان بەواتای پەسەندکردنی بنەماکانی دیموکراسی و رکابەری ئاشتیانە بوو لە گۆرِەپانی سیاسیدا. لە روانگەی گەلیّك لە تویّژەرانەوە، دروستبوونی حیزبە کاسۆلیکەکان کاتیّك روویدا کە کاسۆلیکەکان فرەیی دیدگا و جیاوازی بیروبۆچوونەکانیان پەسەندکرد. لە پرۆسەیەکی لەم جۆرەدا پیّکادانە توندوتیژەکانی رابردوو جیّگای خۆیان بە رکابەری ئاشتیانەی حیزبی گۆرِی[٢١٥].

خالّیّکی جیّی سەرنج دەربارەی حیزبە دیموکرات مەسیحییەکان ئەوەیە کە ئەم حیزبانە بەهیچ جۆریّك خوازیاری بەرپاکردنی حکوومەتیّکی ئایینی نین لەناو کۆمەلّگاداو وازیان لە هزری پاشایەتی خودا لەسەر زەوی هیّناوە. ئەم حیزبانە پتر خوازیاری پاراستنی بەرژەوەندی ماددی و سیاسی کاسۆلیکەکانن لەچاو گرووپە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکانی تردا و یەکیّك لە خواستە گرنگەکانیان بریتیە لە بەدەستەوە گرتنی قوتابخانەکان و سیستەمی فیّرکردن[٢١٦]. بە وتەیەکی تر، ئەم حیزبانە بەبیّ ئەوەی خوازیاری پیّکهیّنانی حکوومەتیّکی تیۆکراسی بن، بەدوای زیاترکردنی دەسەلاّتی خۆیاندا دەگەرِیّن و لە هەولّدان تا هەندیّ لە ناوەندەکانی دەسەلاّت وەك قوتابخانەکان بەدەستەوە بگرن و لە پرۆسەی هەلّبژاردندا ریّبەرانی خۆیان بگەیەننە دەسەلاّت. دەرەنجامی ئەم هەولاّنە دابەشبوونی کۆمەلّگای ئەوروپایە بەسەر بەشە جۆراوجۆرەکاندا و هەریەکە لە لاییکەکان و ئایینیەکان قوتابخانەو راگەیاندنی نووسراو و بیستراوی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەم جۆرە کیّشمەکیّش چەندین سالّەی ئەم گرووپانە کۆتایی پیّدیّت. سیلر لە پۆلیّنکردنەکەی خۆیدا حیزبە کاسۆلیکەکان بەسەر سیّ دەستەدا دابەش دەکات. دەستەی یەکەم ئەو حیزبانەن کە رەگورِیشەیان لە ئاریستۆکراسی وابەستە بە زەویدایە.

(٢١٤) DUVAND J. –D., L’europe de la démocratie… op. cit, P.16.
(٢١٥) MAURICE MOTUCLARD, conscience religieuse et démoratie, Paris, seuil, 1965, PP.52-61.
(٢١٦) SELER D. L., 1996, op. cit, PP.53-58.



ئەم گرووپە لە روانگەی ئایینیەوە بونیادگەراو لە روانگەی سیاسیەوە لیّژیتیمیستن[٢١٧]. دەستەی دووهەم ئەو حیزبانەن کە رەگورِیشەیان لەناو چینی بۆرژوازیدایە. ئەم دەستە لە حیزبە سیاسییەکان لە هەولّدان کە کۆبەندییەك لەنیّوان بنەما ئایینییەکان و بەها دیموکراسییەکاندا دروست بکەن. ئەم دەستە لە حیزبە کاسۆلیکیەکان دژایەتی هزرە سۆسیالیستییەکانی گرووپە یەکەم دەکەن و پتر لایەنگری لە ئابووری بازارِ و کەمکردنەوەی دەست تیّوەردانی دەولّەت دەکەن. گرووپی سیّهەم رەوتیّکی میانەیە کە بە پرِۆلتاریا بەناوبانگە. ئایدۆلۆژیای ئەم گرووپە کۆبەندییەکە لەنیّوان بنەما سەرەکییەکانی هەردوو گرووپی پیّشوودا. ئەم دەستە لە حیزبە کاسۆلیکییەکان پشتگیری لە هزرە کۆمەلاّیەتییەکانی (سۆسیال) گرووپی یەکەم و دیموکراسی لیبرالی گرووپی دووهەم دەکەن. هەولّی ئەم گرووپە ئەوەیە کە ئاشتبوونەوەیەك لە نیّوان سۆسیالیزم و کاتۆلیسیزمدا دروستبکەن و لە هەمان کاتیشدا پابەندی بەهاکانی دیموکراسی بن. پاش جەنگی جیهانی دووهەم رەوتی دیموکرات مەسیحی بووە یەکیّك لە گرنگترین رەوتە سیاسییەکان لە ولاّتانی ئەوروپای رۆژئاوادا. لە ریّکەوتی **١٧**ی ئایاری **١٩٩٠** گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست) دەربارەی رۆلّ و پیّگەی ئەم حیزبانە دەنووسیّ:

((زۆرینەی ولاّتانی ئەوروپی بەهۆی حیزبە دیموکرات مەسیحییەکانەوە بەرِیّوەدەچن. لە هەلّبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا لە مانگی حوزەیرانی **١٩٨٩**، گرووپی پەرلەمانی حیزبی جەماوەریی ئەوروپا (دیموکرات مەسیحی) لە کۆی **٥٦٧** کورسی پەرلەمانی **١٥٧** کورسی بەدەستهیّنا. ئەمەش پیّشاندەری دەسەلاّتی ئەم حیزبانەیە لە ئەوروپای ئەم سەردەمەدا. ئەم حیزبانە لە هەندیّ لە ولاّتانی ئەوروپی وەك، ئەلّمانیا، ئیتالیا، بەلجیکا، هۆلّەندا و لۆکسەمبۆرگ دەسەلاّتیّکی بەرفراوانیان هەیە)).

## ج- حیزبەکانی سەرچاوەگرتوو لە کەلیّنی ناوەند/ دەوروبەر

کەلیّنی ناوەند/دەوروبەر، یەکیّکە لەو کەلیّنە گرنگانەی کە ئەوروپای رۆژئاوا هەر لە سەردەمی دروستبوونی دەولّەتە نەتەوەییەکانەوە بەخۆیەوە بینیویەتی. لەمەوپیّش، چۆنیّتی سەرهەلّدانی ئەم کەلیّنە و کاریگەرییەکانی بە تیّروتەسەلی باسکرا. لە هەردوو دیوی ئەم کەلیّنە دوو جۆرە ناسیۆنالیزم لە بەرامبەر یەکتردا ریزبەندییان کردووە کە بریتین لە

(٢١٧) لایەنگری پاشایەتی بۆ ماوەیی رەوا (Legitimist)/ وەرگیّرِ.

ناسیۆنالیزمی سەر بە ناوەند لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی سەر بە دەوروبەر. ئەم کەلێنە لە ڕۆژئاوا بووە سەرچاوەی دروستبوونی دوو خێزانی حیزبی واتە خێزانی حیزبە ناوەندگەراکان و بەرگریکارانی دەوڵەتی نەتەوەیی و خێزانی حیزبەکانی دەوروبەر و بەرگریکاری کەمینە پەراوێز خراوەکان.

## ١- حیزبە ناوەندگەراکان:

گرنگترین نیگەرانی حیزبە ناوەندگەراکان دوستکردنی نەتەوەیەکی بەهێز و خاوەن دەسەڵاتە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. ئەم بزاڤە، یەکەمجار بەهۆی چینی بۆرژوازی لە بەرامبەر ئاریستۆکراتەکاندا دروستبوو. ئەم وتەیە بەو مانایە نییە کە هەموو ئاریستۆکراتەکان لەم ڕووەوە لە خاڵی بەرامبەری بۆرژوازی دابن، چونکە بەشێك لە ئاریستۆکراتەکان لەم ڕوانگەیەوە هاوئاراستەی بۆرژواکان بوون و دژایەتیان لەگەڵدا نەبوون. لەڕووی ئابوورییەوە، ئەم حیزبانە پەرەیان بە ئابووری لیبرال دەدا و لایەنگیریان لە ئابووری بازاڕ دەکرد. بەم حاڵەش، ناوەندگەراکان (سانتریستەکان) سەرەتا لە باڵی ڕاستەوە نزیکبوون و لەریزی حیزبە جەماوەرگەراکاندا بوون. خەسڵەتی جەماوەرگەرایی ئەم ڕەوتە نیشانەی جیاوازی سەرەکی ئەوانە لەگەڵ حیزبە بۆرژوازییەکاندا. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم حیزبانە هەمەگیربوونیانە. دەتوانین ئەم حیزبانە بە یەکێك لە نموونە دیارەکانی حیزبە هەمەگیرەکانی ئۆتۆکێرچ هایمر بزانین. ئەم حیزبانە هەوڵ دەدەن بە خستنەڕووی پرسە هەمەگیر و نیشتمانییەکان، هەمووان لەسەر تەوەری ناسیۆنالیزم کۆبکەنەوە. ئەم حیزبانە بە دروشمی دروستکردنی نەتەوەیەکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات هەوڵدەدەن توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لێکتر گرێ بدەن. لە سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دروشمی سەرەکی ئەم حیزبانە یەکگرتنی گرووپە جۆراوجۆرەکان بوو بۆ پێکهێنان و بەهێزکردنی دەوڵەت، لەکاتێکدا پاش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، مۆدێرنیزم بووە گرنگترین دروشمی ئەم حیزبانە. ئەم حیزبانە مۆدێرنیتە بە تەنها ڕێگای پاراستن و بەهێزکردنی دەوڵەت دەزانن(٢١٨).

دەتوانین ((حیزبی گولیستەکانی فەرەنسا)) بە یەکێك لە باشترین نموونەکانی ئەم حیزبانە بزانین. هەروا ((حیزبی کۆبوونەوە بۆ دیموکراسی)) کە شیراك ڕێبەرایەتی دەکات، بە نموونەیەکی

(٢١٨) SEILER D. L., Parties et Familes politiques, 1980, P.314.



دیاری حیزبە سانتریستەکان لە قەڵەم دەدرێ. ئەم حیزبە توانی لەسەر تەوەری یەکگرتنی توێژە جۆراوجۆرەکان بۆ ناسیۆنالیزمی فەرەنسی، گرووپە جۆراوجۆرەکانی خەڵك لە دەوری یەکتر کۆبکاتەوە و بەشێکی بەرچاو لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بەرەو لای خۆی رابکێشێ. بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبە لە کرێکاران پێکدێن بەتایبەت ئەو کرێکارانەی کە ئەندامی سەندیکاکان نین. لە سەرەتای دروستبوونی حیزبی گولیست، ئەو گرووپانەی کە خاوەن ئاراستەی چەپی بوون، بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبیان پێکدەهێنا. بوونی باڵی چەپی بەهێز لە کەمپی گولیستەکان، بووە هۆی پاڵنانی ئەم حیزبە بەرەو هەڵوێستە سۆسیالیستیەکان. لەڕووی ڕێکخراو و ڕێکخستنەوە ئەم حیزبە، لەناوەڕاستی حیزبە جەماوەرییەکان و حیزبە تایبەتییەکاندایە(٢١٩). حیزبی فاین گالی ئیرلەندا، حیزبی سەربەخۆیی ئیسلەندا، حیزبی رادیکال دیموکراتی سویسرا و حیزبی (FPO)ی نەمسا بە نموونە گەلێکی دیکەی حیزبە ناوەندگەراکان (سانتریست) لە قەڵەم دەدرێن. بۆ فاشیستەکان بەزۆری دەچنە خانەی ناوەندگەرا توندڕەوەکانەوە.

## ٢- حیزبە بەرگریکارەکانی دەوروبەر:

لە ڕوانگەی ستێن ڕۆکانەوە، هەموو ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی کە لە پرۆسەی دەوڵەتسازیدا کەوتوونەتە پەراوێزەوە، بە گرووپەکانی دەوروبەر ناو دەبرێن. بە وتەیەکی تر لە پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، بەشێك لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەست دەکەن کە لە چاو گرووپەکانی تردا بەشخوراون و خراونەتە پەراوێزەوە. هەستکردن بە بەشخوراویی دەتوانێ لە بواری جۆراوجۆری فەرهەنگی، سیاسی و ئابووریدا بێ. دانیل لویی سیلر سێ قۆناغی لێك جیاواز بۆ بزاڤە پەراوێزییەکان دەخاتەڕوو. لە قۆناغی یەکەم لە سەرەتای شۆڕشی نەتەوەییدا، کەمینە نەتەوەیی و نەژادییەکان لەبەرامبەر شۆڕشی بۆرژوازیدا بەرژوەندی خۆیان لە مەترسیدا دەبینی هەربۆیە هەڵوێستێکی دژە بە شۆڕشیان وەرگرت و پێوەندییان بە کەمپی دژی شۆڕشەوە کرد. گرووپە دەوروبەرییەکان، خۆیان لە پەراوێزی ئەم ڕووداوە مێژووییانەوە دەبینی. یەکەمین کاردانەوەی دەوروبەر لە بەرامبەر ناوەند لە پرۆسەیەکدا سەریهەڵدا کە بە ڕەواخوازی(٢٢٠) ناوبانگی دەرکردووە. ئەورووپا لە نێوان سەدەکانی حەڤدە تا نۆزدە گۆڕەپانی چالاکی و بزاڤگەلێکی جۆراوجۆر و فراوانی لەم چەشنە بوو.

(٢١٩) SEILER D. L., Les parties Politiques en Europe, 1996, op. cit., P.69.
(٢٢٠) Legitimisme.

لە قۆناغی دووهەم بزاڤەکانی دەوروبەر لە چوارچێوەی رەوتی ناسیۆنالیزمی جەماوەرییدا بەدەرکەوتن. ئەم رەوتە پاش شکستهێنانی رەوتی یەکەم سەریهەڵدا. لەم سەردەمەدا دوو ناسیۆنالیزم لە بەرامبەر یەکتردا راوەستان، ناسیۆنالیزمی ناوەندگەرا و ناسیۆنالیزمی دەوروبەر. هەردوو رەوتەکە خاوەن گوتارێکی هاوبەش بوون و بەرگرییان لەیەك پارادایم دەکرد.

لە قۆناغی سێهەمدا بزاڤەکانی دەوروبەر پێیان نایە قۆناغێکی نوێوە و بەشێوەیەکی گشتی نکۆڵییان لە دەوڵەت- نەتەوە کرد.

بە سشەرنجدان بەو سێ قۆناغەی بزاڤەکانی دەوروبەر، سیلر سێ دەستە حیزبی دەوروبەر دەستنیشان دەکات. دەستەی یەکەم حیزبە ناسیۆنالیستە پۆپۆلیستەکانە کە تەمەنیان کۆتایی پێ هاتووە و بە شکستهێنانی رەوتی رەواخوازی ئەم دەستە لە حیزبەکانیش کۆتاییان پێهات. دووهەمین دەستەی حیزبە دەوروبەرییەکان لە دەیەی شەست سەریانهەڵدا. ئەم حیزبانە خاوەن ئاراستەی چەپین و خوازیاری چاککردن و بەرەوپێشبردنی رەوشی ئابووری ناوچەکانی خۆیانن و داخوازی ناوچەیی لەو جۆرەیان هەیە. دەستەی سێهەمی ئەم جۆرە حیزبانەش بریتین لە حیزبە نیۆسانترالیستەکان.

## د- حیزبەکانی سەرچاوەگرتوو لە کەلێنی شار/گوند:

رەگوریشەی ئەم دەستە لە حیزبەکان بۆ شۆڕشی پیشەسازی دەگەڕێتەوە. پاش شۆڕشی پیشەسازی، گوندنشینەکان لە بەرامبەر شاردا هەستیان بە مەترسی کرد لە سەرکیانی خۆیان و کەلێنێك لەنێوان شار و گونددا دروستبوو کە لەمەوپێش باسکرا. بەهۆی ئەم کەلێنەوە دوو دەستە حیزبی سیاسی سەریانهەڵدا: حیزبەکانی بەرگریکەر لە شار و حیزبە گوندییەکان کە بە ئیکۆلۆژیست ناسراون. گرووپی یەکەم ئەو حیزبانەن کە بەرگری لە کۆمەڵگای پیشەسازی دەکەن. خواستەکانی کۆمەڵگای شاریی لە رێگای حیزبە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی، وەك حیزبە بۆرژوازییەکان، کرێکارییەکان و شتی لەوجۆرە دەخرێنەڕوو. کەواتە، لە ئەورووپا حیزبێکمان نییە بەناوی حیزبی شاریی، چونکە بەرژەوەندییەکانی شار لە رێگای حیزبەکانی ترەوە بەباشی دەخرێنەڕوو و کۆمەڵگای شاریی بە پێویستی نازانێ کە حیزبگەلێك لەژێر ئەو ناونیشانەدا دروستبکات.

لەبەرامبەردا، لە گەلێك لە وڵاتانی ئەورووپی بینەری دروستبوونی حیزبگەلێکن بەناوی حیزبە ئیکۆلۆژیستەکان (ژینگەپارێز). ئەم حیزبانە کاردانەوەیەکن لەبەرامبەر گەشەکردنی



بەربڵاو و پەرەسەندنی لەڕادەبەدەری پیشەسازییەکان و لەناوچوونی ژینگە. دروشمی سەرەکی ئەو حیزبانە بەرگریکردنە لە ژینگە[٢٢١].

ئەم حیزبانە خۆیان بە وتەبێژی گوندنشینەکان و لایەنگرانی پاراستنی ژینگە دەزانن. بەرگریکردن لە کشتوکاڵ و دژایەتیکردنی گەشەسەندنی بەربڵاوی پیشەسای، دروشمە سەرەکییەکانی ئەم حیزبانە پێکدەهێنن. دوو خێزانی حیزبی خۆیان بە پارێزەری گوندنشینەکان دەزانن: دەستەی یەکەم حیزبە ئیکۆلۆژیستییەکان و دەستەی دووهەم حیزبە جووتیارییەکان یا گوندییەکان. حیزبە گوندییەکان خۆیان بە پارێزەری وردە موڵکدارەکان و خاوەن پیشەسازییە بچووکەکان بەتایبەت پیشەسازیی دەستی دەزانن. حیزبە ئیکۆلۆژیستەکان، دووهەمین دەستەی حیزبەکانی پارێزەری گوندەکان پێکدەهێنن. ئەم حیزبانە کە مێژوویەکی کۆنیشیان نییە لە دەرەنجامەکانی بە پیشەسازی بوون دەترسن و لە هەوڵدان کە دەرەنجامە ناخۆشەکانی ژیانی پیشەسازی بۆ کەمترین ئاستی خۆی دابەزێنن. سەرەڕای تەمەنی کورتی خۆیان، ئەم حیزبانە توانییان دەنگدەرێکی زۆر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و لە گەلێك لە وڵاتانی ئەورووپی ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیرانیش ئارەزوومەندیی خۆیان بۆ ئەم رەوتە پیشاندەدەن[٢٢٢].

بەسەرنجدان بەو شتانەی کە لەم پاژەدا گوتران دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە کە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ببنە سەرچاوەی حیزبە سەقامگیرەکان لە کۆمەڵگادا و یەکێك لە رێگاکانی تێگەیشتنی باشتر لە حیزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگایەك، توێژینەوەی سەرچاوە و پێگەی کۆمەڵایەتی حیزبە سیاسییەکانە. حیزبە سیاسییە واقیعیەکان، رەگوریشەیان لە کەلێنەکانی ناو کۆمەڵگا دایە و خۆیان بە وتەبێژی ناکۆکییە ریشەدارەکانی ناخی کۆمەڵگا دەزانن. پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای سەرچاوگەی کۆمەڵایەتییان لە رۆژئاوا دەتوانێ ببێتە ئامرازێك بۆ تێگەیشتنی باشتر لە حیزبە سیاسییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا و ببێتە مۆدیلێك بۆ پۆلێنکردنی حیزبەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

(٢٢١) PORTEILI H., Les regimes politiques européens, Paris, Le Livre de Poche, 1994, PP.129 et suir.

(٢٢٢) بڕوانە بۆ: Ibid لاپەڕەی ١٥٦ بەدواوە.

# پاژی ٤:

## ئابووری حیزبە سیاسییەکان

## أ- خەرجی حیزبە سیاسییەکان[٢٢٣]:

حیزب و گرووپە سیاسییەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانیاندا، لەگەڵ گرفتی دابینکردنی خەرجی چالاکییە سیاسییەکانیاندا بەرەو ڕوو بوون. ئەو حیزبانەی کە مۆریس دۆڤێرژە بە حیزبە تایبەتییەکان ناویان دەبات، تەنیا پشتیان بە دارایی تایبەتی ڕێبەرانی خۆیان دەبەست کە بەزۆری لە ئاریستۆکرات و دەوڵەمەندەکان پێکهاتبوون. لەبەرامبەردا، حیزبە جەماوەرییەکان کە لە چینەکانی مامناوەندی و خوارەوەی کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان دەگرت، جگە لە پشت بەستن بە ئەندامەکانیان هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نەبوو و، بە مافی ئەندامێتی ئەندامەکانیان کاروباری خۆیانیان ڕایی دەکرد. ئەو سەرچاوە داراییە سنووردارانەی کە باسکران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، کەم تا زۆر وەڵامگۆبوون و پێداویستی سنوورداری دارایی حیزبە سیاسییەکانیان جێبەجێ دەکرد. بەڵام بەرەبەرە، ژیانی سیاسی لە سادەیی و ساکاریی سەرەتایی خۆی لایدا و ڕۆژ بەرۆژ ئاڵۆزتربوو. لە ئەنجامدا حیزبەکان، ناچاربوون ڕێکخراوە حیزبییەکانی خۆیان لەسەر ئاستی وڵات گەشە پێبدەن و بۆرۆکراسی (دیوانسالاری) بەخێرایی تیایاندا پەرەی سەند. لەلایەکی ترەوە، ناچاربوون هێزە تەواو کاتەکانی (فول تایم) خۆیان لە هەموو ئاستەکاندا بەکاربهێنن و بەم جۆرە، خەرجی حیزبەکان بەخێرایی ڕووی لە زیادبوون کرد. هۆکارێکی گرنگی تر کە حیزبە سیاسییەکانی تووشی کێشەی جیدی کرد، پرسی خەرجییەکانی پڕوپاگەندەی حیزبە سیاسییەکان بوو لەکاتی هەڵبژاردندا. بەرەبەرە هەڵبژاردن لە شێوازی سادە و سەرەتایی خۆی دەرچوو و بووە پیشەسازییەکی ئاڵۆز و پسپۆڕیانە. خەرجییەکانی ڕوو لە زیادبووی ژیانی سیاسی، حیزب و

(٢٢٣) بەشێکی ئەم پاژە لە کۆنفرانسی ((حیزبەکان، بەشداری، هەڵبژاردن)) پێشکەش کرا کە لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئەنجامدراو لە کۆمەڵەی وتارەکاندا چاپکرا.



گرووپە سیاسییەکانی تووشی گرفتی جدی کرد. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم گرفتە، ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزبەکان لە بنەما و ئامانجەکانی خۆیان لایانداو بە ڕووکردنە کۆمپانیاکان، دامەزراوە ئابووریی و بازرگانییەکان یا گرووپ و کەسانی خاوەن نفوز سەربەخۆیی خۆیانیان لەدەستدا. لادان، گەندەڵی و دەست پیسی ، بوونە هۆی ئەوەی کە حیزبەکان لە ڕێڕەوی سەرەتایی خۆیان لابدەن. لە ئەنجامدا، گەلێك لە دەوڵەتەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە، ناچاربوون دەست تێوەردان بکەن و یارمەتی حیزبەکان بدەن و لە ڕێگای بە یاسامەندکردنی خەرجی حیزب و گرووپە سیاسییەکان، بەشی سەرەکی خەرجییەکانی ئەوانیان لە ئەستۆگرت. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تا گرنگترین ڕێگاچارە باوەکان لەم بارەیەوە بخەینەڕوو. بەر لە هەموو شتێك گۆشەنیگایەك بۆ خەرجییە ڕوو لە زیادبووەکانی ژیانی سیاسی لە جیهانی ئەمڕۆدا بە پێویست دەزانرێ.

### ١- خەرجییە ڕوو لە زیادبووەکانی ژیانی سیاسی لە جیهانی ئەمڕۆدا:

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە لە جیهانی ئەمڕۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن گرنگترین بەش لە خەرجی حیزبە سیاسییەکان بۆ خۆی تەرخاندەکات. بە سەرنجدان بە ئاڵۆزبوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و خەرجی زۆری ئەم هەڵمەتانە، تەنها توێژێکی سنوورداری تاکەکانی کۆمەڵگا توانایی بەشداریکردنی ململانێکانی هەڵبژاردنیان هەیە، بە وتەیەکی تر تەنها ئەو کەسانە دەتوانن ببنە پاڵێوراوی نوێنەرایەتی کە ئیمکانیاتی دارایی پێویستیان هەبێ یا لەلایەن حیزب و لایەنێکەوە پاڵپشتی بکرێن کە خاوەن ئیمکانیاتێکی لەو جۆرەن. بۆ ساڵانێکی دووردرێژ، حیزبە سیاسییەکان بەشێکی گرنگی ئەو دامەزراو و ڕێکخراوە سیاسییانە بوون کە ڕۆڵێکی لەو جۆرەیان بەجێ دەگەیاند. گەلێك لە توێژەران، حیزبە ئەمەریکییەکانیان بە ((ماشێنەکانی هەڵبژاردن)) ناو ناوە. لە هەمان کاتدا، لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا توانایی دارایی پاڵێوراوەکان، هێشتا بە یەکێك لە فاکتەرە بڕیاردەرەکانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا لە قەڵەم دەدرێت و حیزبە ئەمەریکییەکان بە سەرنجدان بە سنوورداریێتی دارایی لەلایەکەوە و خەرجی زۆر قورسی هەڵبژاردن لەلایەکی ترەوە، وای بە باش دەزانن کە پاڵێوراوانی خۆیان لەنێوان سەرمایەدارانی گەورە هەڵبژێرن. ڕوانینێك بۆ پێکهاتەی کۆنگرێس و ئەنجومەنی پیرانی

ئەمەریکا، دەتوانێ بە باشی ئەم وتەیەبسەلمێنی. ((لە ساڵی ١٩٩٦، $\frac{1}{5}$ ئەندامانی کۆنگرێس لە ملیۆنێرەکان و ٢٨ سیناتۆری ئەمەریکی لە سەرمایەدارانی گەورەبوون))[٢٢٤].

لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٤ ئەوە پێشاندەدات کە لە ٣٥ کورسی هەڵبژێردراوی ئەم ئەنجوومەنە، ٣١ کورسی بەدەست ئەو کەسانەوە بووە کە زیاترین خەرجییان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی خۆیاندا کردووە. روانینێك بۆ هەندێ لە ئاماری خەرجییەکانی هەڵبژاردن، پێشاندەری گرنگی لە رادەبەدەری ئەم بابەتەن. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٦٤ بڕی (٢٠٠) ملیۆن دۆلار لە هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتەدا خەرجکراوە و لە ساڵی ١٩٨٨ خەرجییەکانی هەڵبژاردن چەند قات زیادی کردووە و گەیشتۆتە ٢,٧ ملیار دۆلار. هەروا بەراوردکردنی خەرجییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پیران ئەوە دەردەخات کە خەرجی بەدەستهێنانی یەك کورسی لەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٩٦ بەشێوەیەکی مامناوەندی شەش قات زیادی کردووە، لەکاتێکدا کە رێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردن رووی لە کەمی کردووە و لە ساڵی ١٩٦٤ تا ١٩٨٨ لە ٧٢٪ بۆ ٥٤٪ کەمی کردووە. خەرجی سەرسوورهێنەری هەڵبژاردن ئەوە دەردەخات کە لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا، ناتوانین سەرکەوتن لە هەڵبژاردن بە سەرکەوتنی هزرێکی سیاسی بەسەر باڵێکی سیاسی تردا بزانین، بەڵکو ئەم سەرکەوتنە بۆ کەسێکە کە بتوانێ دۆلاری زیاتر بۆ ئەم مەبەستە خەرج بکات. نابێ رکابەریی هەڵبژاردن بە رکابەریی کۆماریخوازان و دیموکراتەکان بزانین، بەڵکو رکابەریی خاوەن پارە و سەرمایەکانە[٢٢٥].

توێژینەوە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨٠ەوە تا ئێستا، نیشاندەری ئەوەیە کە ٩١,٣٪ براوەکانی هەڵبژاردن ئەو کەسانەن کە زیاترین خەرجی لە هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی خۆیاندا دەکەن. شایەدێکی تر بۆ گرنگی لە رادەبەدەری پڕوپاگەندە، هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ کۆنگرێسی ئەمەریکایە کە تێیدا سەرجەم ٦٧٨ ملیۆن دۆلار لە هەڵبژاردندا خەرجکرا. لەم هەڵبژاردنەدا، ٩٣٪ نوێنەرانی کۆنگریس سەر لەنوێ هەڵبژێردرانەوە، ئەمەش بە سەرنجدان بە ئیمکانیاتی دارایی بەرفراوانی ئەم کەسانە- بەهۆی پێگەی کارییان- پێشاندەری گرنگی و ئیمکانیاتی داراییە بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا. لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا، ئاڵۆزی هەڵبژاردن و خەرجییە قورسەکەی، دەرگای

(٢٢٤) IHL O. Le, Vote, Paris clefs, 1996, P.143.
(٢٢٥) Ibid, P.144.



بەسەر ئەو کەسانەدا داخستووە کە ئیمکانیاتی حکوومییان نییە و بە کردەوە نوێنەرانی کۆنگرێس و سیناتی ئەمەریکا، ساڵەهای ساڵ لەسەر کورسی نوێنەرایەتی دەمێننەوە و کەسانی نەناسراو و ئەوانەی کە وەك نوێنەرەکان ئیمکانیاتی بەربلاویان نییە، کەمتر ئومێدی سەرکەوتنیان هەیە لە هەڵبژاردندا. ئامارەکان ئەوە پێشان دەدەن لە رابردوودا کە هەڵبژاردن کەمتر ئاڵۆز بووە و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن خەرجییەکی زۆری تێنەچووە، رێژەیەکی کەم لە نوێنەران دەیانتوانی لە قۆناغە یەك لە دوای یەکەکان لەسەر کورسی نوێنەرایەتی بمێننەوە، بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩١٣ تەنها ٢,٣٪ براوەکانی هەڵبژاردن لە نوێنەرانی خولەکانی پێشوو بوون، لە کاتێکدا ئەم رێژەیە لە ساڵی ١٩٧١ گەیشتە ٢٠٪[٢٢٦]. دەرەنجامی بە خورتی ئەمەش، رەخساندنی دەرفەتی نایەکسانە بۆ تاکەکان بەمەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات و بە کردەوە دەسەڵاتی سیاسی لەدەست گرووپێك سیاسەتمەداری شارەزا دایە کە لەچاو ئەوانیتر، خاوەن ئیمکانیاتێکی زیاترن. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون، ئەوە پێشاندەدەن کە تێکڕای خەرجی بەدەستهێنانی کورسییەکی سیناتۆری لە ئەمەریکا ٤,٢ ملیۆن دۆلارە و کەسانی نوێ تەنها بە خەرجییەکی زۆر دەتوانن بەسەر سیناتۆرە رکابەرەکانی خۆیاندا سەربکەون[٢٢٧]. لە ساڵی ١٩٩٤ (میخائیل هۆفینگتۆن)[٢٢٨] توانی بە خەرجکردنی ٢٨ ملیۆن دۆلار لە سەرمایەی تایبەتی خۆی پلەی سیناتۆریی ویلایەتی کالیفۆرنیا بەدەستبهێنێ.

بەم جۆرە، خەرجییە قورسەکانی هەڵبژاردن، جگە لە رواڵەتێکی فریودەر شتێکی تر لە دیموکراسی ناهێڵێتەوە و رێگا خۆشدەکات بۆ زاڵبوونی سەرمایە و پارە بەسەر سیاسەتداو توێژێکی بەرفراوان لە دەرفەتی ئامادەبوون لە گۆڕەپانی رکابەرییە سیاسییەکاندا بێبەش دەکات. لە شوێنەوارە خراپەکانی دیکەی ئەم دیاردەیە، گەندەڵ بوونی حیزب و گرووپە سیاسییەکان و پیلانگێڕیی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردنە بۆ راکێشانی پشتگیریی دارایی کە گەلێك لە کۆمەڵگاکان لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا دەستەویەخەن. وابەستەبوونی سیاسی بە کۆمپانیا بازرگانییەکان و کەڵك وەرگرتنی نابەجێی حیزبەکان و نوێنەرانیان لە پێگە حکوومییەکان، لەو بابەتانەن کە هەمیشە لە گەلێك لەم کۆمەڵگایانەدا باسیان لێوەدەکرێ.

(٢٢٦) JOHN A. FEREJOHN, " on the Decline of the competition in congressional Elections". American political science Review, 1977, PP.166-167.
(٢٢٧) IHK O, op. cit., P.146.
(٢٢٨) Micheal Huffington.

٢- دەست تێوەردانی دەوڵەتەکان بۆ دابینکردنی خەرجی حیزبە سیاسییەکان:

سەر ئەنجام گەلێك لە دەوڵەتەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە دەبێ گۆڕەپانی ململانێکانی هەڵبژاردن بخەنە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی یاسایی خۆیانەوە. هەروەك چۆن دەوڵەتەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە ئامادەبوونی ئەوان لە بازاڕی ئابووری بۆ گەرەنتی کردنی ئاسایش و پشتگیری لە توێژە لاوازەکان شتێکی پێویستە، بە هەمان شێوەش ئامادەبوونی دەوڵەت لە گۆڕەپانی هەڵبژاردن رۆژ بەرۆژ دەبێتە زەروورەتێکی هەستپێکراوتر.

لە بنەڕەتدا دەست تێوەردانی دەوڵەتەکان لە هەڵبژاردندا، بەرەو دوو ئاراستەی گشتی ئەنجامدراون.

١- بڕیاردان لەسەر بنمیچێکی (سقف) دیاریکراو بۆخەرجییەکانی پڕوپاگەندە، بەمەبەستی دروستکردنی هەلومەرجێکی دادپەروەرانەتر بۆ ئەو کەسانەی کە توانایی دارایی سنوورداریان هەیە.

٢- تەرخان کردنی یارمەتی حکوومی بۆ حیزب و پاڵێوراوەکان بۆ خەرجکردنی لە هەڵبژاردندا، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی حیزب و پاڵێوراوەکان و پشتگیری دارایی لەو پاڵێوراوانەی کە توانای دارایی پێویستیان نییە بۆ دابینکردنی خەرجییە داراییەکانی پڕوپاگەندە. شیاوی باسە، دەست تێوەردانی دەوڵەت لەم بوارەدا بەبێ دژایەتیکردن نەبووە. ((کول)) ئارگیۆمێنتی سەرەکی نەیاران لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکاتەوە:

١- یارمەتییەکانی دەوڵەت دەبێتە هۆی پاراستنی ئەو رەوشەی کە لە ئارادایە، چونکە حیزبە گەورەکان، زیاترین پشکی ئەم یارمەتییەیان بەردەکەوێ، هەربۆیە سیستەمی حیزبی زاڵ، بەسەر وڵاتدا دەچەسپێ و دەپارێزرێت. لە ئەنجامدا حیزبە بچووکەکان ئەوەندە لەم یاسایە بەهرەمەند نابن و رێگا بۆ دروستبوونی حیزبە نوێیەکان دژوارتر دەبێ.

٢- بەخشینی یارمەتی لەلایەن دەوڵەتەوە، زەمینە خۆشدەکات بۆ خەوشداربوونی سەربەخۆیی حیزب و گرووپە سیاسییەکان. ئەم ئەگەرە لە ئارادایە کە رەوتە سیاسییەکان نەتوانن وەك وتەبێژی سەربەخۆی خەڵك لە بەرامبەر دەوڵەتدا بجووڵێنەوە.



٣- یارمەتییەکانی دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەودای نێوان رێبەرانی حیزبی و ئەندامەکانیان رۆژ بە رۆژ زیاتر ببێ، چونکە رێبەرانی حیزبی لە ئەندامەکانیان بێ منەت دەبن و ئەم بێ منەتییەش، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بایەخ بە ئەندامەکانیان نەدەن. حیزبە سیاسییەکان لە رابردوودا پتر پشتیان بە مافی ئەندامێتی ئەندامەکانیان دەبەست، بەڵام ئەمڕۆ ئەو شتەی کە گرنگە، بەدەستهێنانی دەنگی زیاترە لە هەڵبژاردندا، چونکە بەخشینی یارمەتی حکوومی، بەستراوەتەوە بە ژمارەی کورسییەکان یا ژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکان لە هەڵبژاردندا[٢٢٩].

شیاوی باسە، ئەم دیاردەیە بە کردەوە بووە هۆی ئەوەی کە حیزبەکان هەرچی پتر رووبکەنە دەنگدەران و حیزبگەلێکی نوێ کە بە ((حیزبە هەمەگیرەکان))[٢٣٠] یا حیزبی ((دەنگدەران))[٢٣١] ناودەبرێن، زیاتر پەرەبسێنن. سەرەڕای ئەو رەخنانەی کە لەم دیاردەیە گیراون، هەموو دیموکراسییەکانی ئێستا بە کردەوە، رێگاچارەی کۆتایی لەوەدا دەبینن کە بەشێکی بەرچاوی خەرجییەکانی ژیانی سیاسی بگرنە ئەستۆ. لەم کۆمەڵگایانەدا دەوڵەتەکان، بەشێوازی جۆراوجۆر پشتگیری لە حیزب و پاڵێوراوەکان دەکەن. باوترین شێوازەکان بریتین لە:

١- لە گەلێك لە وڵاتان یارمەتی بێ بەرامبەری تاك یا کۆمپانیاکان، دەکەوێتە بەر داشکاندنی باجی داهات. ئەمەش دەبێتە هۆی هاندانی خەڵك بۆ پشتگیریکردن لە حیزبە سیاسییەکان یا پاڵێوراوەکان و تامەزرۆیی خەڵك بۆ گۆڕەپانە سیاسییەکان پتر دەکات. سروشتییەکە زۆر کەس وای بە چاك دەزانن کە لە بری باجدان، ئەو برە پارەیە بدەنە ئەو پاڵێوراو یا گرووپە سیاسییەی کە حەزی لێدەکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی قووڵتر بوونی پێوەندی نێوان خەڵك و گرووپە سیاسییەکان و ئەو گرفتەی کە ((کول)) باسی لێوەدەکات کاڵتر دەبێتەوە.

٢- کەڵك وەرگرتن لە هەندێ ئیمکانیات و کەلوپەلی حکوومی بەخۆڕایی یا بە داشکاندنی تایبەتی، بۆ وێنە، دەوڵەت هۆڵەکانی کۆبوونەوەی حکوومی دەخاتە

---

(٢٢٩) COLE RUND. "The Modesty of party Finance", In comparative political Finance in the 1980, ed., Herbert E., Alexander, New York University press, 1989, P.210.

(٢٣٠) Catch- all Party.

(٢٣١) Party d'élector.

بەر دەستی حیزبەکان، یاخود ئەم دەرفەتە بۆ ڕێبەرانی حیزبەکان دەڕەخسێنیٚ تا پەیامەکانی پڕوپاگەندەی خۆیان لە ڕێگای ڕاگەیەنەرە گشتییەکان بەتایبەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بخەنە بەرچاو و گوێی جەماوەر.

٣- بەخشینی هەندێ لە خەرجییەکانی پڕوپاگەندە بەشێوەی کاش، ئەم بابەتەش لە وڵاتانی جۆراوجۆر بەشێوەی جیاواز ئەنجام دەدریٚ، بەڵام بەزۆری ژمارەی دەنگەکان و کورسییە بەدەستهاتووەکانی پەرلەمان، دەبنە پێوەری بەخشینی یارمەتی لەلایەن دەوڵەتەوە. وڵاتانی نەمسا، دانیمارک، مەکسیك و تورکیا ڕێژەی دەنگی حیزبەکان و پاڵێوراون دەکەنە پێوەری بەخشینی یارمەتی حکوومی، لەکاتێکدا لە وڵاتانی بەلجیکا، فنلەندا، ئەڵمانیا و سوێد بەپێی ژمارەی کورسییەکان ڕێژەی یارمەتی حکوومی هەیە. شێوازێکی دیکەی بەخشینی یارمەتی، ئەوەیە کە هەموو حیزبەکان بەشێوەیەکی یەکسان یارمەتی بدرێن، بەبیٚ سەرنجدان بەڕێژەی دەنگەکان یا ژمارەی کورسییە بەدەستهاتووەکان، کە ئەم شێوازە کەمتر کەڵکی لێوەردەگیرێت. خزمەتگوزارییە نانەختینەکانی دەوڵەت، بەزۆری بەشێوازێکی یەکسان بەسەر حیزبە سیاسییەکاندا دابەش دەکریٚ و ئەوەندە بە خاڵەکانی تر نابەسترێتەوە. لەم نێوانەدا، تەنها ئەو ماوەیەی کە ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، بەتایبەت تەلەفزیۆن دەیخەنە خزمەتی پاڵێوراوەکان یا حیزبەکان وەك یەك نییە. لە وڵاتانی فەرەنسا، دانیمارك، ئیتالیا و نەرویج بنەمای یەکسانی لەبەرچاو دەگیرێت و هەموو حیزبەکان وەك یەك کەڵك لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن وەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی پڕوپاگەندەی خۆیان, لە وڵاتانی سوێد و بەریتانیا، حیزبە گەورەکان لەم بارەیەوە کەڵك لە ئیمکانیاتی یەکسان وەردەگرن، بەڵام حیزبە بچووکەکان هەلێکی کەمتریان هەیە بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. لەم بارەیەوە لە وڵاتی کەنەدا سنووردارییەکی زیاتر بەدی دەکەین. لەم وڵاتەدا حیزبە سیاسییەکان تەنها بەو مەرجە دەتوانن کەڵك لەم ئیمکانیاتە وەربگرن کە لانیکەم لە $\frac{1}{4}$ حەوزەکان پاڵێوراویان هەبیٚ. جگە لەمەش، ماوەی دیاریکراوی حیزبەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەپێی ڕێژەی کورسییەکانیان لە پەرلەمان دیاریدەکرێت.



گرنگترین باس دەربارەی یارمەتییە حکوومییەکان یارمەتی کاشە، هەربۆیە توێژینەوە لە ئەزموونی وڵاتانی جۆراوجۆر لەم بارەیەوە، دەتوانیٚ ڕێخۆشکەربیٚ بۆ هەڵبژاردنی باشترین شێواز بۆ پشتگیری دارایی لە حیزب و پاڵێوراوان. یاسای وڵاتانی جۆراوجۆر لەم بارەیەوە ئاڵۆزی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ دیاریکردنی ئاست و شێوازی بەخشینی یارمەتی کاش، حیزبەکانی ئەم وڵاتە بەسەر سیٚ دەستەدا پۆلێن دەکرێن. دەستەی یەکەم ئەو حیزبانەن کە پاڵێوراویان بۆ سەرۆك کۆماریی، دەبیٚ لانی کەم ٢٥٪ دەنگەکانی لە قۆناغی سەرەتایی هەڵبژاردندا بەدەستهێنابیٚ. ئەم حیزبانە کە حیزبە گەورەکانی ئەمەریکان، هەمان دوو حیزبی بەناوبانگی کۆماریخواز و دیموکراتن و حیزبەکانی دیکە دەرفەتێکی لەم جۆرەیان نییە. دەستەی دووهەم ئەو حیزبانەن کە لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا، پاڵێوراوەکەیان دەبیٚ لە نێوان ٥٪ تا ٢٥٪ دەنگەکانی بەدەستهێنابیٚ و بە کردەوە، تەنها یەك حیزب هەلێکی لەم جۆرەی لەبەردەمدایە. دەستەی سێهەمی حیزبەکان، هەموو حیزبە سیاسییەکان دەگرێتەوە جگە لە دەستەییەکەم و دووهەم.

پاڵێوراوی حیزبەکانی دەستەی یەکەم، ئەگەربێت و لە هیچ سەرچاوەیەکی تری دارایی کەڵك وەرنەگریٚ و لە سەرچاوەی تایبەتی و بنەماڵەیی خۆشی پتر لە ٥٥,٢٠٠ ملیۆن دۆلار خەرج نەکات، بەپێی یاسای ساڵی ١٩٩٢، پەنجا ملیۆن دۆلار لە دەوڵەت وەردەگریٚ. بەپێی یاسای ساڵی ١٩٧٤ ئەم بڕە پارەیە بیست ملیۆن دۆلار بوو بەڵام بەپێی ئاستی هەڵاوسان لە ساڵی ١٩٩٢ پێداچوونەوەی لەسەرکرا.

پاڵێوراوانی دەستەی دووهەم، بە پێی ئاستی پشتگیریی جەماوەریی و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکانی پێشوو سوود لە یارمەتی دەوڵەت وەردەگرن. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٦، (ڕۆس پرتوت)، بە قەدەر نیوەی یارمەتی کاشی هەردوو حیزبی دەستەی یەکەم، کەڵکی لە یارمەتییە داراییەکانی دەوڵەت وەرگرت. یارمەتییە داراییەکانی حیزبەکانی دەستەی یەکەم و دووهەم، بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێیان دەدرێت.

حیزبەکانی دەستەی سێهەم بەپێی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەی کە لە ئارادایە کەڵك لە یارمەتی کاش وەردەگرن، بەڵام تەنها پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەم یارمەتییەیان پێدەدریٚ(٢٣٢).

---

(٢٣٢) RICHARD S. KATZ, op. cit, 1996, PP.129-133.

بەشێوەیەکی گشتی یارمەتی کاش (نەختینە) بەدوو شێوازی جۆراوجۆر بە حیزب یا پاڵێوراوان دەدرێ. لە هەندێ ولاتی وەك ئوستورالیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئەمەریکا پاش هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان (سەرۆك کۆماری، پارلەمان و ...) حیزبەکان بەپێی ڕێژەی دەنگەکان یا کورسییەکان و ... کەڵك لە یارمەتییە داراییەکانی دەوڵەت وەردەگرن. شێوازێکی تر لە هەندێ ولاتی وەك بەرازیل، کۆلۆمبیا، دانیمارك، فنلەندا، ژاپۆن، نەرویج، سوێد و تورکیا پەیڕەو دەکرێ. لەم ولاتانەدا، حیزبە سیاسییەکان وەك حیزب، نەك بەناوی بەشداری لە هەڵبژاردن، کەڵك لە یارمەتییە داراییەکانی دەوڵەت وەردەگرن. یارمەتییەکانی دەوڵەت بەتایبەت لە حاڵەتی یەکەم، لە هەندێ لە ولاتان بە ڕێکخراوە حیزبییەکان دەبەخشرێ و لە هەندێ ولاتی تر بە پاڵێوراوانی حیزبە سیاسییەکان دەدرێ. سروشتییە، ئەگەر پاڵێوراوان ڕاستەوخۆ یارمەتی لە دەوڵەت وەربگرن، ئاستی وابەستەیی ئەوان بە حیزبە سیاسییەکان کەمتر دەبێتەوە و پاڵێوراو تەوەریی جێگای حیزب تەوەریی دەگرێتەوە.

## ب- چەند وانەیەك لە ئەزموونی ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەن پێشینەی زۆری حیزبایەتین:

### ١- ئەزموونی ولاتی فەرەنسا:

پاش باسێکی کورت لەسەر شێوازی دابینکردنی خەرجی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا بەمەبەستی ئاشنابوونی هەرچی زیاتر بە وردەکاریی ئەزموونی ولاتانی تر، بەشێوەیەکی بەربلاو و تێر و تەسەل باس لە یەکێك لەم ولاتانە دەکەین. پێدەچی ولاتی فەرەنسا لەم بارەیەوە گرنگییەکی زۆری هەبێ، چونکە فەرەنسا یەکێکە لەو دوا ولاتانەی کە خۆی بەناچار بینی یارمەتی حیزبەکان بدات و هەوڵیدا ئەوپەڕی قازانج لە ئەزموونی ولاتانی دیکەی ئەورووپی وەربگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین یاساکانی پەیوەست بە خەرجی حیزبە سیاسییەکان لە فەرەنسا بەسەر سێ بەشی گشتیدا پۆلێن بکەین. ئەم سێ بەشە گشتییە بریتین لە:

١- شێوازی خەرجی حیزبەکان.
٢- شەفافیەتی خەرجی حیزبە سیاسییەکان.
٣- سزادانی ئەو حیزبانەی کە ڕێساکانیان پێشێل کردووە.

بەر لە باسکردنی ئەم یاسایانە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بەپێی یاساکانی ولاتی فەرەنسا، حیزبە سیاسییەکان لەم ولاتەدا بەشێوازێکی ئازادانە دروستدەبن و خاوەن کەسایەتی



مەعنەوی سەربەخۆن، بە وتەیەکی تر، وەك کەسێکی مەعنەوی باسیان لێدەکرێ. کەواتە دەتوانرێ وەك کەسێکی مەعنەویی لێپێچینەوەی یاساییان لەسەر بکرێ و ببێتە خاوەن ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوە، هەروا دەتوانێ ببێتە خاوەن ڕۆژنامە، دامەزراوەو ڕێکخراوی کارگێڕی و فێرکردنی تایبەت بە خۆی[٢٣٣]. بەم ڕوونکردنەوەیە، بەشێوەیەکی کورت باس لە گرنگترین یاساکانی پەیوەست بە خەرجی حیزبە سیاسییەکان دەکەین.

## سەرچاوەکانی داهاتی حیزبە سیاسییەکان:

### داهاتی پەراکەندە.

گرنگترین سەرچاوەکانی دارایی حیزبە سیاسییەکان لەم ولاتەدا بریتین لە:

یارمەتییەکانی دەوڵەت.
یارمەتییە تایبەتی و جەماوەرییە بێ بەرامبەرەکان.
یارمەتی بێ بەرامبەری نوێنەران.
یارمەتی بێ بەرامبەری ئەندامانی حیزب.

## ڕۆڵی دەوڵەت لە دابینکردنی خەرجی حیزبە سیاسییەکان:

بەپێی یاسای ١١/ ئازار/ ١٩٨٨، دەوڵەت دەتوانێ بەشێك لە خەرجی حیزبە سیاسییەکان لە ئەستۆ بگرێت. لەم مێژووە بەدواوە، دەوڵەت بە فەرمی هەستا بە یارمەتیدانی حیزبە سیاسییەکان و بڕیاردرا بەمەبەستی بەرگیریکردن لە لادانی حیزبە سیاسییەکان، بوودجەیەك بۆ حیزبە سیاسییەکان تەرخانبکرێت[٢٣٤]. یارمەتی حکوومی بە دوو جۆر پێشکەش بە حیزب و گرووپە سیاسییەکان دەکرێ کە بریتین لە:

١- بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ڕێژەی دەنگی حیزبەکان.
٢- بەپێی ژمارەی ئەو نوێنەرانەی کە بە فەرمی وابەستەیی خۆیان بە حیزبێکی تایبەت رادەگەیەنن[٢٣٥].

بەشی یەکەمی یارمەتییە حکوومییەکان تەنها ئەو حیزب و گرووپانە دەگرێتەوە کە لەدوا هەڵبژاردندا، لانیکەم لە پەنجا حەوزی جۆراوجۆری هەڵبژاردندا پاڵێوراویان هەبێ. کەواتە، پێویستە پاڵێوراوانی هەڵبژاردن بەهۆی نامەیەك، بە فەرمی خۆیان بە پاڵێوراوی حیزب یا

(٢٣٣) Article 7 de La Lois 88-227, du 11 Mars, 1988.
(٢٣٤) Loi 88-227 du 11 Mars 1988.
(٢٣٥) Article.

گرووپێکی تایبەت رابگەیەنن هەتا حیزبەکەیان بتوانێ کەڵك لەم ئیمتیازە وەربگرێ. مەبەست لەم سنووردانانە ئەوەیە کە تەنها ئەو حیزب و گرووپانە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دارایی بکرێن کە لانیکەمی پێگەی جەماوەرییان لە وڵاتدا هەیە، چونکە ئەم نیگەرانییە هەیە کە یارمەتی دارایی دەوڵەت بە حیزبە سیاسییەکان، هانی گەلێك لە تەوژمە پەراوێزییەکان بدات کە حیزبی سیاسی دروستبکەن و بە کردەوە گرووپ گەرایی و دەستەبەندی بێ بناغە لە کۆمەڵگادا دروستببێ. ئەم یاسایە لە ساڵی ١٩٩٥، هەموارکرا و هەوڵدرا تاڕادەیەك توندی ئەم سنووردانانە کەم بکرێتەوە.

بەشی دووهەمی یارمەتی حکومی لەسەر بناغەی ژمارەی ئەو نوێنەرانەیە کە هەموو ساڵێك لە ماوەی مانگێك پاش کردنەوەی ئەنجومەن، وابەستەیی خۆیان بە حیزب یا گرووپێك رادەگەیەنن یاخود کشانەوەی خۆیان لە وابەستەبوون بە حیزبی پێشوو رادەگەیەنن. هەموو ساڵێك ژمارەی نوێنەرانی وابەستە بە حیزبەکان هەژماردەکرێن و بەم پێیە، رێژەی یارمەتی ئەو حیزبانە دەستنیشان دەکرێ. بۆ ئەوەی وێنەیەکمان لەبەرچاو بێت لە چۆنیەتی تەرخانکردنی بودجە و ئاستی بایەخدانی دەوڵەتی فەرەنسا بە حیزبە سیاسییەکان، جێی خۆیەتی لێرەدا ئاستی یارمەتییەکان و ئەو برە پارەیە بخەینەڕوو کە لەم ساڵانەی دواییدا لە بری هەر نوێنەرێك بە حیزبەکان دراوە کە دەتوانێ سوودمەندبێ:

١- لە ساڵی ١٩٩٠ بڕی ٢٩٥,٧٥٩ فرانکی فەرەنسی.

٢- لە ساڵی ١٩٩١ بڕی ٤٢٩,٢٩٥ فرانکی فەرەنسی.

٣- لە ساڵی ١٩٩٢ بڕی ٣١٣,٤٢٣ فرانکی فەرەنسی.

٤- لە ساڵی ١٩٩٣ بڕی ٤١٢,٤٠٠ فرانکی فەرەنسی.

٥- لە ساڵی ١٩٩٤ بڕی ٢٦٤,٩٣٧,٣١١ فرانکی فەرەنسی لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و بڕی ٢,٦١٠,٠٠٠,٠٠٠ فرانك بە پێی ژمارەی ئەو نوێنەر و سیناتۆرانەی کە وابەستەیی خۆیان بە حیزبێکی تایبەت راگەیاندووە، بە حیزبە سیاسییەکان دراوە.

شیاوی باسە هەموو ساڵێك ئاستی یارمەتی پێشکەشکراو بە حیزبەکان و مافی ئەوان بۆ وەرگرتنی یارمەتی دەوڵەت، بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە رادەگەیەندرێ.

بەپێی ئەو یاسایەی کە باسکرا، تەنها ئەو حیزبە گەورانەی کە توانایی دەستنیشان کردنی لانیکەم پەنجا پاڵێوراویان لە حەوزە جۆراوجۆرەکان هەبوایە، دەیانتوانی کەڵك لە



یارمەتییەکانی دەوڵەت وەربگرن، ئەمەش بووە هۆی نارەزایەتی حیزبە بچووکەکان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، بەپێی یاسای ١٩/کانوونی دووهەمی/١٩٩٥، هەندێ ئاسانکاری بۆ حیزبە بچووکەکان لەبەرچاوگیرا. بەم پێیە، حیزب و گرووپەکان لە حاڵەتی بە دیهاتنی چوار مەرج دەیانتوانی کەڵك لە یارمەتییەکانی دەوڵەت وەربگرن:

١- ئەگەر بێت و لە ماوەی ساڵێکدا لانیکەم یارمەتییان لە دە هەزار کەسی سروشتی وەك یارمەتی بێ بەرامبەر وەرگرتبێ بەو مەرجەی ناسنامە و ناونیشانیان دیاربێت. دانانی ئەم مەرجە بۆ ئەوەیە بزانرێ کە ئەو حیزب یا گرووپە سیاسییە خاوەنی لانیکەمی پێگەی جەماوەرییە.

٢- پێویستە ئەو کەسانە ناسنامەیان بە تەواوی دیاربێ و ناونیشانی شوێنی نیشتەجێ بوونیان روون بێت. هەروا کۆمەك بەخشەکان دەبێ بە نووسراو رێژە و شێوازی یارمەتی خۆیان بە حیزب رابگەیەنن.

٣- پێویستە لانیکەم (٥٠٠) نوێنەری لەناو کۆمەك بەخشەکاندا هەبن. ئەم نوێنەرانە دەتوانن لەریزی نوێنەرانی پارلەمانی ئەوروپا، ئەنجوومەنی نوێنەران، سیناتۆرەکان، ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا و شارەکاندا بن.

٤- پێنسەد (٥٠٠) (نوێنەری باسکراو، دەبێ لانی کەم لە (٣٠) پارێزگای جۆراوجۆربن. ئەم مەرجە و مەرجی پێشوو، بەو مەبەستە دانراون کە نوێنەر خاوەنی لانیکەمی پێگەی جەماوەریی بێ و بە وتەبێژی بەشێك لە رای گشتی لە قەڵەم بدرێ.

یاسا نوێیەکە لەمەڕ لانیکەمی یارمەتی تاکەکان بێدەنگە. ئەگەر بێت و حیزب یا گرووپێك ئەو چوار مەرجەی سەرەوەی تێدا بەدی کرا، ئەوا داوا لە کۆمۆنیسیۆنی نیشتمانی ژمێریاری و خەرجی حیزبەکان دەکات کە لە دۆسیەکەی بکۆڵێتەوە. لە حاڵەتی رەزامەندی کۆمیسۆنی ناوبراو، ئەوا حیزب دەتوانێ بڕی ٢ ملیۆن فرانك وەك یارمەتی لە دەوڵەت وەربگرێ.

## یارمەتییە تایبەتییەکان

حیزبە سیاسییەکان دەتوانن یارمەتی دارایی لە کەسە سروشتییەکان وەربگرن. تا بەر لە ٢٢ی کانوونی دووهەمی ١٩٩٥ کەسە مەعنەوییەکانیش دەیانتوانی یارمەتی دارایی بە

حیزبە سیاسییەکان ببەخشن. بەڵام بە کردەوە بەهۆی فراوانبوونی کەڵك وەرگرتنی نابەجێ لەم بارەیەوە، لەو مێژووە بەدواوە یارمەتی کۆمپانیا و دامەزراوەکان بۆ حیزبەکان لەژێر هەر ناوێکدا قەدەغەکرا. بەر لەم مێژووە، کۆمپانیا و دامەزراوەکان دەیانتوانی ساڵانە لانیکەم تا بڕی (٥٠٠,٠٠٠) فرانك یارمەتی دارایی بە حیزبە سیاسییەکان ببەخشن، بەو مەرجەی کە هیچ کەسێکی مەعنەویی نەیدەتوانی پتر لە **٢٥٪** داهاتی خۆی بۆ کۆمەکیدارایی حیزبە سیاسییەکان تەرخانبکات. بەڵام کەسە سروشتییەکان هێشتاش دەتوانن یارمەتی دارایی بە حیزبە سیاسییەکان ببەخشن[٢٣٦].

بەپێی یاسای نوێ، هیچ کەسێکی مەعنەوی ناتوانێ بەناوی یارمەتی، پارە بخاتە حیسابی حیزبە سیاسییەکانەوە. هەروا بەخشینی هەر چەشنە یارمەتییەکی نانەختێنەی وەك کاڵا و خزمەتگوزاریش لەلایەن کۆمپانیاکانەوە قەدەغە کراوە.

حیزبە سیاسییەکان مافیان نییە لەژێر هەر ناوێکدا بێ یارمەتی دارایی لە وڵاتانی بیانی وەربگرن و کردارێکی لەم جۆرە بە تاوان لەقەڵەم دەدرێ[٢٣٧]. شیاوی باسە کە تەنها وەرگرتنی کۆمەکی دارایی لە دەوڵەت یا کەسایەتی مەعنەویی بیانی قەدەغەیە، بەڵام حیزبەکان دەتوانن یارمەتی دارایی لە کەسانی سروشت وەربگرن بە لەبەر چاوگرتنی ئەو هەلومەرجانەی کە لەمەوپێش دەربارەی ئەم کەسانە باسکران.

## مافی ئەندامێتی (ئابوونە)

مافی ئەندامێتی بە یەکێکی تر لە سەرچاوە گرنگەکانی دارایی حیزبە سیاسییەکان لە قەڵەم دەدرێ. هەر حیزبێك دەتوانێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی، داوای مافی ئەندامێتی لە ئەندامەکانی بکات. بەمەبەستی هاندانی خەڵك بۆ کۆمەککردنی دارایی حیزبە سیاسییەکان، مافی ئەندامێتی دەکەوێتە بەر داشکاندنی باج. سەقفی ئەم داشکاندنە لە باج بە **٥٪** خەملێنراوە. بەم جۆرە ئەو کەسانەی کە یارمەتی دارایی بە حیزبە سیاسییەکان دەبەخشن یا مافی ئەندامێتی دەدەن، دەتوانن ئەوپەڕی هەتا **٥٪** سوود لە داشکاندنی قەرزداریی باجەکانیان وەربگرن.

(٢٣٦) Article 11 Alinéa 1 de La loi n 88-227 du 11 Mars 1988.
(٢٣٧) Article 11-4 ALinéa 5 Loi n 88 du 11 Mars 1988.



سەرچاوەیەکی تری دارایی حیزبە سیاسییەکان ئەو یارمەتییانەیە کە لەلایەن نوێنەرانی پەرلەمانەوە دەبەخشرێ. ئەم بڕە پارەیە تەنها لەلایەن ژمێریاریی حیزبەکانەوە وەردەگیرێ و بەسەرچاوەیەکی دارایی حیزبەکان لە قەڵەم دەدرێ.

## داهاتی پەراکەندەی حیزبە سیاسییەکان:

حیزبە سیاسییەکان دەتوانن کەلوپەل و کەرەستە و ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوەی خۆیان بفرۆشن. هەروا حیزبەکان دەتوانن لە ڕێگای فرۆشتنی بڵاوکراوەکانی خۆیان و دانانی مافی ئابوونە، داهاتی خۆیان زیاتر بکەن. هەروا حیزبە سیاسییەکان ڕێگایان پێدراوە لە کۆمپانیا تایبەتییەکاندا سەرمایەگوزاری بکەن و هەندێ چالاکی وەك کڕینی پشك و شتی لەو جۆرە ئەنجام بدەن و لە ڕێگای ئەم چالاکییانەوە داهات بۆ حیزب بەدەستبهێنن[٢٣٨].

## سنوورە یاساییەکانی یارمەتی بێ بەرامبەر بە حیزبە سیاسییەکان

هەروەك لەمەوپێش گوترا، کەسانی سروشتی دەتوانن یارمەتی بێ بەرامبەر بە حیزبە سیاسییەکان ببەخشن. ئەم بابەتەش نەتەنها ڕەوایە، بەڵکو دەوڵەت هەوڵدەدات بە هەژمارکردنی بەشێك لەم یارمەتییانە وەك باجی داهات، تاکەکان بۆ کارێکی لەم چەشنە هانبدات. بەم حاڵەش، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی حیزبەکان، بەتایبەتی پاڵێوراوانی هەڵبژاردن، هەندێ پێشبینی لە یاسادا کراوە کە ئەم یارمەتییانە مەرجدار دەکات و لەم بوارەدا هەندێ سنوور دروستدەکات. یەکەمین سنووردارکردن بۆ ڕێژەی ئەم یارمەتییانە دەگەڕێتەوە. ئەو پەڕی ئەو یارمەتییەی کە کەسێك لە ماوەی ساڵێکدا دەتوانێ بیداتە لقە جۆراوجۆرەکانی حیزبێك، نابێ لەبڕی پەنجا هەزار فرانك تێپەڕبکات[٢٣٩]. کەواتە، کەس ناتوانێ ساڵانە زیاد لە بڕی دیاریکراو یارمەتی دارایی پێشکەش بە حیزبە سیاسییەکان بکات. هەڵبەت ئەم دەرفەتەش هەیە کە بەدرێژایی ساڵ یارمەتی دارایی بەحیزبە جۆراوجۆرەکان ببەخشێ، بەو مەرجەی کە کۆی یارمەتییەکانی لە پەنجا هەزار فرانك تێپەڕ نەکات.

(٢٣٨) Article 11-4 de la loi , 88-227 du 11 mars 1988.
(٢٣٩) Article 11-4 de la Loin 88-227 du 11 Mars 1988.

هەموو یارمەتییە داراییەکان تەنها لە ڕێگای ژمێریاریی حیزبەکانەوە وەردەگیرێت و بەڵگەنامەکانی دەبێ بەتەواوی روون و ئاشکرابن. بۆ پێشگیریی کردن لە هەر جۆرە کەڵك وەرگرتنێکی نابەجێ، هەموو ئەو کۆمەکە داراییانەی کە بە حیزبە سیاسییەکان دەکرێن و لە بڕی پەنجا هەزار فرانك زیاترن، دەبێ تەنها لە ڕێگای چەکی بانکییەوە بێ و دانانی پارەی کاش لە ژمارە حیسابی بانکی، پتر لەو بڕە دیاریکراوە قەدەغەیە و بەتاوان لە قەڵەم دەدرێ[٢٤٠]. حیزبە سیاسییەکان دەبێ لە بەرامبەر وەگرتنی هەر یارمەتییەکی دارایی، پسوولەی وەرگرتن دەربکەن و ناوی تەواوی کۆمەك بەخشەکەی تێدا بنووسن[٢٤١]. هەروەك لەمەوبەریش گوترا، حیزبە سیاسییەکان مافی ئەوەیان نییە هیچ جۆرە یارمەتییەکی دارایی لە کەسانی مەعنەویی ناوخۆیی یا بیانی وەربگرن و وەرگرتنی یارمەتی داراییش لە وڵاتانی بیانی قەدەغە و بەتاوان دادەنرێ[٢٤٢].

## سزاکان

بۆ ئەو حیزبانەی کە سەرپێچی لە یاساکانی پەیوەست بە چۆنێتی خەرجی حیزبەکان دەکەن، هەندێ سزای جۆراوجۆر لەبەرچاوگیراوە کە بریتین لە: بێبەش بوون لە کۆمەکی دەوڵەت، بژاردنی نەختێنەیی (غرامە) لەنێوان ٣٦٠ تا ١٥,٠٠٠ فرانك و بەندکردنی لە یەك تا دوازدە مانگ[٢٤٣].

هەروا کۆمیتەی نیشتمانی چاودێر لەسەر خەرجی حیزبەکان دەتوانێ لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی، دەنگی بەدەستهاتووی حیزبەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی هەڵبوەشێنێتەوە و حیزب لە بەشی یەکەمی یارمەتییەکانی دەوڵەت بێبەش بکات کە بەپێی ڕێژەی دەنگەکانە. لە حاڵەتە تایبەتییەکاندا، دەتواندرێ بەپێی تێگەیشتنی کۆمیتەی ناوبراو، حیزبە سیاسییە سەرپێچیکەرەکان بۆ ماوەی یەك ساڵ لە هەموو یارمەتییەکی حکوومی بێبەش بکرێن.

## ٢- ئەزموونی وڵاتی ئەڵمانیا:

دەستووری ئەڵمانیا دەربارەی خەرجی حیزبە سیاسییەکان بێدەنگە و هیچ ڕێگا چارەیەکی تایبەتی پێشبینی نەکردووە. تەنها لە بڕگەی ٤، لە بەندی ٢١ دا هاتووە کە حیزبە

(٢٤٠) Article 11-4 Alinea 4 de La Loi n 88-227 du 11 Mars 1988 Modifile.
(٢٤١) Article 11-4 Alinea 3 de La Loi n 88-227 du 11 Mars 1988.
(٢٤٢) Article 11-4 Alinea 2 et 5 de Loi n 88-227 du 11 Mars 1988 Modifile Par La du 19 Janvier.
(٢٤٣) Article 11-4 de La Loi n 88-227 du 11 Mars 1988.



سیاسییەکان دەبێ سەچاوەکانی داهات و خەرجییەکانی خۆیان روون بکەنەوە. دادگای دەستووریی ئەڵمانیا، لە بڕیاری ٩ی نیسانی/١٩٩٢ خۆیدا هەندێ بڕیاری نوێی دەرکردووە دەربارەی خەرجی حیزبەکان و گۆڕانێکی بنچینەیی لەم بارەیەوە دروستکردووە. ئەم دادگایە، داوای لە سەرۆك کۆمار کرد کە کۆمیسیۆنێکی تایبەتی راسپێرێت، کە ئەوپەڕی هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ واتە بەر لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٤، لە خەرجی حیزبە سیاسییەکان بکۆڵێتەوە و پێداچوونەوەیەکی گشتی لەو رەوشە بکات کە ئێستا لە ئارادایە. بەم جۆرە دەرگایەکی نوێ بەسەر پرسی خەرجی حیزبەکان لەم وڵاتەدا کرایەوە و پێوەندییەکی نوێ لە نێوان دەوڵەت، کۆمەڵگا و حیزبەکاندا دروستبوو، چونکە ئەم بڕیارە نیشاندەری ئەوەیە کە لەمەوبەدوا حیزبەکان دەتوانن کەڵك لە سەرچاوە حکوومی و گشتییەکان وەربگرن بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی خۆیان.

یاسای باسکراو جیاوازیی دادەنێ لە نێوان سەرچاوە داراییە حکوومی و تایبەتییەکاندا، هەروا جیاوازی دادەنێ لەنێوان سەرچاوە حکوومییەکاندا، ئەوانەی کە لە حکوومەتی فیدراڵ یا لە حکوومەتە هەرێمییەکانەوە وەردەگیرێن. دەتوانین سەرچاوەی دارایی حیزبە سیاسییەکان لە ئەڵمانیا بۆ سەر دوو بەشی تایبەتی و حکوومی پۆلین بکەین.

یارمەتی دارایی دەوڵەت بە گرووپە پارلەمانییەکانی وابەستەی حیزب و دامەزراوە جۆراوجۆرە سیاسییەکان کە پاڵپشت یا وابەستەی حیزبەکانن، بۆ خۆی حیسابێکی جیاوازی هەیە و بە یارمەتی دارایی بە حیزب لە قەڵەم نادرێت. ئەو بەڵگەیەش کە بۆ ئەم مەبەستە دەیهێننەوە ئەوەیە کە گرووپە پارلەمانییەکان جگە لەو پێوەندییەی کە بە حیزبەوە هەیانە، بە دامەزراوەیەکی دەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێن.

دامەزراو و ڕێکخراوە سیاسییە سەربەخۆکان، ئەگەرچی هاوئاراستەی حیزبێکی تایبەت بن، بەڵام بۆ خۆیان دامەزراوێکی سەربەخۆن و خاوەن کەسایەتی مەعنەویی جیاوازن و هەر بۆیەش ژمێریاری دارایی ئەوان لە حیزبە سیاسییەکان جیاوازە. لە کۆتاییدا، ئاستی یارمەتی دەوڵەت سەقفێکی دیاریکراوی هەیە و بە دوو شێواز سنووردار دەکرێ: ((یەکەم، ئاستی یارمەتییەکانی دەوڵەت ناتوانێ زیاتر بێ لە داهاتی حیزب لە ڕێگاکانی دیکەوە، دووهەم ئاستی یارمەتییەکانی دەوڵەت ناتوانێ لە سەقفی ٢٣٠ ملیۆن مارك تێپەڕبێ)).

کەسانی سروشتیش دەتوانن یارمەتی بێ بەرامبەر و ئابوونە (مافی ئەندامێتی) بە حیزبەکان بدەن. یارمەتی تاکەکان لە باجەکانیان دادەشکێندرێ. پێوەری داشکاندنی باج، داهاتی ئاسایی هاوولاتییە نەك داهاتی نائاسایی.

**پێداچوونەوەیەك لەسەر چۆنێتی دابینکردنی خەرجی حیزبەکان لە ساڵی ١٩٤٥ەوە**

بایەخی ڕەوتی وەرچەرخانی هەڵسوکەوتی دەوڵەت لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان بۆ ئەو ڕاڤە و لێکدانەوە جۆراوجۆرانە دەگەڕێتەوە کە دادگای دەستووریی لە قۆناغە جیاوازەکان لە چۆنێتی پێوەندی نێوان دەوڵەت و حیزبە سیاسییەکاندا کردوویەتی.

لە سەرەتادا وا بڕیان دەکردەوە کە حیزبە سیاسییەکان تەنها دەبێ لە ڕێگا ناحکومییەکانەوە خەرجییەکانی خۆیان دابین بکات. لە ساڵی ١٩٥٤ یاسای باجەکان هەموارکراو بەو پێیە، یارمەتی بێ بەرامبەری تاکەکان بە حیزبە سیاسییەکان لە قەرزی باجەکاندا دادەشکێندرا. بەم جۆرە دەوڵەت بە کردەوە جۆرێك لە یارمەتی و کۆمەکی دارایی بە حیزبە سیاسییەکان پەسندکرد[٢٤٤].

وەرچەرخانی سەرەکی لە ساڵی ١٩٥٩ ڕوویدا، چونکە لەم ساڵەدا دەوڵەت ڕێگای دا کە بڕێك لە بوودجەی هەرێمەکان یا بوودجەی دەوڵەتی فیدراڵ بۆ حیزبە سیاسییەکان تەرخان بکرێ. بەڵام لە بودجەی گشتی وڵاتدا بودجەیەکی تایبەت بۆ حیزبەکان لەبەرچاو گیرابوو. لە ساڵی ١٩٦٥ وڵاتی ئەڵمانیا هەنگاوێکی گرنگی دیکەی هەڵگرت و لەم مێژووە بە دواوە بڕی ٣٨ ملیۆن مارك لە بودجەی گشتی وڵات بۆ حیزبە سیاسییەکان تەرخانکرا. لە ساڵی ١٩٦٦ دادگای دەستووریی ڕایگەیاند کە بەخشینی یارمەتی بە حیزبە سیاسییەکان بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕێکخستنی سیاسییان پێچەوانەی دەستوورە. چونکە حیزبەکان هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگا و دەربڕی ویستی جەماوەرن و دەوڵەت شتێکی جیایە لە کۆمەڵگاو مافی ئەوەی نییە کە دەستتێوەردان لە چۆنێتی دروستبوون یا ڕێکخستنی ویستی گشتیدا بکات. نیگەرانی دادگا لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە دەوڵەت بیەوێ لەم ڕێگایەوە نفوزی خۆی بەسەر حیزبە سیاسییەکاندا بچەسپێنێ.

بەم حاڵەش، دادگا بەتەواوی دەرگای بەسەر یارمەتیدانی حیزبەکاندا دانەخست و ڕایگەیاند ئەگەر حیزب و گرووپە سیاسییەکان لە هەندێ کاروباری وەك هەڵبژاردندا، بەشداری بکەن کە

(٢٤٤) YVES-MARIE DOUBLE T, Le Financement des Parties Politiquesen Ripublique fidirale d'Allemagne, Paris, Economica, 1991, P.108.



ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەت لە پێوەندیدایە، ئەوا دەتوانن کەڵك لە یارمەتی حکوومی وەربگرن. کەواتە پێوەندییەکی نزیك لە نێوان یارمەتی دارایی حیزبە سیاسییەکان و هەڵبژاردن و بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا دروستبوو، لە ئەنجامدا یاسای ساڵی ١٩٦٧ لەسەر ئەم بنچینەیە، یارمەتیدانی دارایی حیزبەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە پێشبینی کرد:

أ- سەرچاوەی ڕاستەوخۆ: بەپێی بەندی ١٨ لە یاسای ساڵی ١٩٦٧، دەوڵەت لە بەرامبەر هەر دەنگێك بۆ حیزب بڕی ٢,٥٠ مارك دەداتە ئەو حیزبە. (ئەم بڕە پارە دواتر بوو بە ٥ مارك). بۆ ئەوەی کە حیزبە بچووکەکانی کەڵکی نابەجێ لەم یاسایە وەرنەگرن، بەپێی یاسا ئەم یارمەتیدانە تەنها ئەو حیزبانە دەگرێتەوە کە لە هەر هەڵبژاردنێکدا لانی کەم ٢,٥٪ دەنگەکانیان بەدەست هێنابێ، لەو حاڵەتانەی کە هەڵبژاردن یەك قۆناغییە بەدەستهێنانی لانیکەم ١٠٪ دەنگەکان بەمەرجی کەڵك وەرگرتن لەم یاسایە دانراوە.

ب- سەرچاوەی ناڕاستەوخۆ: بەپێی ئەم یاسایە حیزبەکان دەتوانن بەشێك لە پێداویستییەکانی خۆیان لە ڕێگای یارمەتی بێ بەرامبەر، یا مافی ئەندامێتی دابین بکەن. بەپێی یاسا ئاستی یارمەتی تاکەکان ناتوانێ لە ٦٠٠ مارك پتربێ.

- هەموارکردنی سێهەم لە ساڵی ١٩٦٨ ئەنجامدرا. دادگای دەستووریی لەم ساڵەدا سەقفی ٢,٥٪ دەنگەکانی بەزۆر زانی و بۆ ٠,٥٪ کەمی کردەوە. ئارگیۆمێنتی دادگاش ئەوەبوو کە ئەم حاڵەتە بەزیانی حیزبە بچووکەکان تەواو دەبێ و بەتەواوی لە گۆڕەپانی سیاسی دووریان دەخاتەوە. پاساوی سەرەکی یاسادانەر، ڕەخساندنی هەلومەرجی یەکسان بوو بۆ هەموو حیزبەکان لە گۆڕەپانی ململانێ سیاسی و ئابوورییەکاندا. لەلایەکی ترەوە، دادگای دەستووریی ڕێژەی ناونووس کراوانی هەڵبژاردنی کردە پێوەر نەك ڕێژەی دەنگدەران، بەو بەڵگەیەی کە پێوەری بەخشینی یارمەتی، هەموو هاوولاتیانی خاوەن مافی دەنگدانن، نەك هەموو ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی کەمتر لە حیزبەکان بتوانن لەم ئیمتیازە کەڵك وەربگرن. چونکە ڕێژەی بەرزی ئامادە نەبوان دەبووە بەربەست لە بەردەم بەدەستهێنانی ڕێژەی ئاماژەپێکراودا.

یاسای ساڵی ١٩٦٨، هەروا ئاستی بەخشینەکانی ساڵی ١٩٦٥ بە پەسند دەزانێ و دەڵێ کە بە تێپەڕبوونی کات و بە سەرنجدان بە ئاستی گەشەکردنی هەڵاوسان، دەکرێ بڕی

بەخشینەکە زیاتر بکرێ. شیاوی باسە کە لەساڵی ١٩٦٥ بڕی ٩٢,٢ ملیۆن مارك وەك ڕێژەی خەرجییەکانی هەڵبژاردن پێشکەش بە حیزبە سیاسییەکان کرابوو[٢٤٥].

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لەم یاسایەدا ئەوەیە کە پەسندی کرد، نابێ یارمەتی تاکەکان و داشکاندنی لە باج لە سەقفی ٦٠٠ مارك تێپەڕ بکات، بەو پاساوەی کە بەهۆی کەمبوونی بڕە پارەکە، تاکە کۆمەك بەخشەکان ناتوانن حیزبە سیاسییەکان بخەنە ژێر نفوزی خۆیانەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ بڕی ٢,٥٠ مارك بۆ هەر دەنگدەرێك کرایە ٣,٥ و لە ساڵی ١٩٧٩ لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ئەورووپا ئەم بڕە پارەیە بۆ ٥ مارك زیادکرا.

لە دەیەی ٧٠ خەرجییەکانی پڕوپاگەندە و چالاکی سیاسی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردو حیزبەکانی تووشی گرفتی دارایی گەورە کرد. لە ساڵی ١٩٧٩، دەوڵەتی هەرێمی باس ساکسۆنی[٢٤٦]، سکالایەکی بەرزکردەوە و خوازیاری زیادکردنی سەقفی یارمەتی تاکەکان بوو لە داشکاندنی باجەکاندا. هەروا لەم هەرێمە بڕیاردرا، یارمەتی بێ بەرامبەری پتر لە ٢٠٠٠مارك بە فەرمی ڕابگەیەندرێ، پاساویش ئەوەبوو کە یارمەتی کەمتر لەم بڕە پارەیە ناتوانێ ببێتە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی تاکەکەسی بەسەر حیزبەکاندا.

لە هەنگاوێکی تردا (کارا شتنز)[٢٤٧]، سەرۆك کۆماری یەکێك لە هەرێمەکان، کۆمیسیۆنێکی تایبەتی دانا بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی بەخشینی یارمەتی دارایی بە حیزبەکان. کۆمیسیۆنی ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٣ ڕایگەیاند کە پێویستە یارمەتی حیزبەکان زیاتر بکرێ چونکە سەرچاوەی دارایی حیزبەکان وەك پێویست نییە. کۆمیسیۆنی ناوبراو هەروا پێشنیاری کرد کە حیزبەکان، بەشێوەیەکی فەرمی هەموو داهات و خەرجییەکانی خۆیان بە سەرۆکی پارلەمانی حکوومەتە هەرێمییەکان ڕابگەیەنن.

لەم ساڵەدا حکوومەتی ناوبراو یاسایەکی پەسەند کرد کە بەو پێیە یارمەتی بێ بەرامبەر و مافی ئەندامێتی بەبێ هیچ سنوور و سەقفێك پەسندکراو بەتەواوەتیش کەوتە بەر داشکاندنی باجی داهات. شیاوی باسە، لەمەوپێش لە ساڵی ١٩٥٤ ئەم بابەتە لەلایەن دادگای دەستوورییەوە بە نایاسایی و بەپێچەوانەی دەستوور ڕاگەیەندرابوو. جگە لەمەش پارلەمانی هەرێمی، ئەمەی پەسند کرد کە یارمەتی کەمی دارایی تاکەکان نەتەنها دەتوانێ بکەوێتە بەر

(٢٤٥) یاسای ساڵی ١٩٦٨ – ٢٤/٣٠٠/٣٣٩ Bverf.

(٢٤٦) BAsse Saxonie.
(٢٤٧) Carstens.



داشکاندنی باجی داهات، بەڵکو دەکرێت لە هەموو باج و قەرزەکانی دیکەی تاکەکان بە حکوومەت دابشکێنرێت.

بۆ دابینکردنی ئەو یەکسانییەی کە لە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن دادگای دەستوورییەوە جەختی لەسەر کرابووەوە، هەندێ پێشبینی ئەنجام دران. بۆ نموونە ئاستی یارمەتییەکانی حکوومەت بۆ حیزبەکان لەکاتی هەڵبژاردندا، بۆ سەقفی نیوەی داهاتی حیزبەکان سنووردارکرا. ئاستی یارمەتی حکوومەت بە حیزبەکان بەرەبەرەو بەتایبەت لە ساڵی ١٩٨٠ەوە بە بیانووی جۆراوجۆر ڕووی لە زیادبوون کرد و لە ساڵی ١٩٩٣ ئەم زیادبوونە بەجۆرێك بوو کە دەتوانین ئەڵمانیا بە پێشڕەوی بزاڤێك بزانین کە بە پرۆسەی ((بە حکوومی بوونی حیزبەکان))یش ناودەبرێت.

لە ساڵی ١٩٨٦ بەتایبەت ئاسانکارییەکی زۆر بۆ یارمەتیدانی دارایی حیزبە سیاسییەکان پێشبینی کرا. لەم ساڵەدا بۆ هەموو ئەو حیزبانەی کە لە هەڵبژاردندا ٢٪ دەنگەکان بەدەستبهێنن، لانیکەمی یارمەتی لەبەرچاو گیراوە. ئەم حیزبانە ٦٪ خەرجی هەڵبژاردن (خەرجی بنچینەیی هەر هەڵبژاردنێك) لە حکوومەت وەردەگرن. جگە لەمەش، بەپێی ڕێژەی دەنگەکان، خەرجییەکانی هەڵبژاردنی هەر حیزبێك بۆی دەگەڕێندرێتەوە. بەهەر حاڵ، کۆی یارمەتی و پارەی گەڕاوەی حکوومەت نابێ لە ٨٠٪ خەرجییە بنچینەییەکانی هەڵبژاردنی هەر خولێك زیاتربێت.

یارمەتی بێ بەرامبەر بە حیزبەکان تا سەقفی ٦٠,٠٠٠ مارك دەکەوێتە بەر داشکاندنی باج و یارمەتییەکانی کەمتر لە ٦٠٠ مارك دەکەوێتەبەر هەموو جۆرە داشکاندنێکی حکوومی.

بەم پێیە بە کردەوە، دیاریکردنی بڕە پارەیەك لەژێر ناوی یارمەتی بنچینەیی، بەشێوەیەکی پراکتیکی بووە هۆی بە فەرمی ناسینی بەخشینی ڕاستەوخۆی حکوومەت بە حیزبەکان کە لەمەوپێش بە پێچەوانەی دەستوور لە قەڵەمدرا بوو و بەم جۆرە ئەڵمانیا چووە ریزی ئەو ولاتانەی کە حکوومەت تێیدا زیاترین یارمەتی دارایی بە حیزبە سیاسییەکان دەبەخشێ. بۆ نموونە، لەنێوان ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩١ بڕی ٢,٨٢٨,٤ ملیۆن مارك بەحیزبە سیاسییەکان دراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەنێوان سالانی ١٩٦٨-١٩٧١ تەنها بڕی ٥١٨,٣ ملیۆن مارك وەك یارمەتی بە حیزبەکان درابوو.

شێوازی ئەڵمانیا بۆ دابینکردنی خەرجی حیزبە سیاسییەکان لەلایەن هەندێ کەسەوە ڕەخنەی لێگیراوە، گرنگترین ڕەخنە ئەوەیە کە ئەم سیستەمە زۆر ڕوون (شفاف) نییە و

خەرجییەکی زۆر دەخاتە سەرشانی حکوومەت. جگە لەمەش، ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حیزبەکان زۆر وابەستەی حکوومەت بن و سەربەخۆییان بکەوێتە بەر هەڕەشە.

بەڵام راستییەکان بە پێچەوانەیە، چونکە حیزبەکان لەسەریانە راپۆرتی وردی خەرجی و داهاتەکانی خۆیان بە حکوومەت رابگەیەنن. لەلایەکی ترەوە ئاستی خەرجییەکانیش لە چاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپی ئەوەندە زۆر نییە و لەڕاستیدا، خەرجییەکانی سەرەوە، دەتوانێ پاساو هێنەرەوە بێ بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمی دیموکراسی و پاراستنی ئەو سیستەمە. دەتوانین ئەو وەرچەرخانە سەرەکییەی کە بەپێی یاسای ٩ی نیسانی ١٩٩٢ دروستبووە لەوەدا کورت بکەینەوە کە دەوڵەت لەمەو بەدوا دەتوانێ یارمەتی دارایی بە حیزبە سیاسییەکانی ببەخشێ، نەك وەکو قەرەبووکردنەوەی خەرجییەکانی هەڵبژاردن، بەڵکو وەك رێکخراوێك کە رۆڵی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگادا دەگێڕێ. دەرەنجام ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکان لەمەودوا دەتوانن بۆ چالاکییە گشتی و سیاسییەکانی خۆیان کەڵك لە سەرچاوەکانی دارایی گشتی وەربگرن[٢٤٨].

دەرەنجام ئەوەیە کە، یاسادانەر جیاوازی دانانێ لە نێوان چالاکییەکانی هەڵبژاردن و چالاکییەکانی دیکەی حیزبدا. لەمەودوا زەمەنیەکانی نێوان هەڵبژاردندا، حیزبە سیاسییەکان یارمەتی بەدیهاتنی ویستی دەوڵەتیش دەدەن لە کۆمەڵگادا. هەرچەندە هەتا ئێستاش رێژەی دەنگەکان و چالاکییەکانی هەڵبژاردن بنەمای دیاریکردنی یارمەتییەکانی دەوڵەتن بە حیزبەکان و ئاستی ئەم یارمەتیانەش ناتوانێ لە ٥٠٪ خەرجی هەموو حیزبەکان تێپەڕ بکات. ئەم پێشبینییە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی حیزبەکانە لە بەرامبەر حکوومەتدا.

لە هەمان کاتدا یاسای ١٩ی تشرینی دووهەمی/١٩٩٢ جەختێکی زۆر لەسەر زەروورەتی پێگەی جەماوەریی حیزبە سیاسییەکان دەکاتەوە و خوازیاری پاراستنی سەربەخۆیانە. هەربۆیە لەمەڕ کۆمەکی کاشی تاکەکان، سەقفی یارمەتی بێ بەرامبەری تاکەکان لە ٤٠,٠٠٠ مارکەوە بۆ ٢٠,٠٠٠ مارك کەم کرایەوە.

بە پێشنیاری هەموو حیزبە سیاسییەکان (جگە لەسەوزەکان)، حکوومەت ئەوەی پەسندی کرد کە بەدرێژایی ساڵ، بەشێك لە خەرجی حیزبەکان بگرێتە ئەستۆ. ئاستی ئەم کۆمەکە داراییەی حکوومەت لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی ئەورووپا، پارلەمانە هەرێمی و نیشتمانییەکان، بەپێی رێژەی دەنگی حیزبەکان و، هەروا ئاستی داهاتەکانی دیکەی حیزبەکان (لە رێگای مافی ئەندامێتی یا کۆمەکی بێ بەرامبەر)، دیاریی دەکرێت.

(٢٤٨) Bverf GE 95, 264.



یاسای نوێ سەقفێکی گشتی بۆ حکوومەت دیاریدەکرد، بەجۆرێك کە کۆی یارمەتییەکانی حکوومەت بۆ حیزبە سیاسییەکان نابێ لەبڕی ٢٣٠ ملیۆن مارك تێپەڕ بکات. لە ئەنجامدا ئەم رێسایەی (فۆرمۆڵ) خوارەوە بۆ کۆمەکە حکوومییەکان و ئاستی بەخشینەکانی حکوومەت لەبەرچاوگیرا:

١- یەك مارك بۆ هەر دەنگێك لە لیستی پێشنیارکراوی حیزبەکان.

٢- $\frac{1}{2}$ مارك لە بەرامبەر هەر یەك مارك ئابوونەدا (ئەوپەڕی تا ٦٠٠٠ مارك بۆ هەر تاکێك هەژماردەکرێ. بە وتەیەکی تر لە بەرامبەر هەر تاکێکی ئەندام کە مافی ئەندامێتی خۆی دەدات، حکوومەت ئەوپەڕی تا بڕی ٣٠٠٠ مارك بە حیزب دەبەخشێ).

هەروا تەنها ئەو حیزبانە دەتوانن لە کۆمەکی حکوومی سوودمەند بن کە لانیکەم لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی یا فیدراڵ یا پارلەمانی ئەورووپا لانیکەم ٥٪ دەنگەکانی بەدەستهێنابێ. لە هەمان کاتدا یاسای نوێش سەقفێکی دیاریکراوی بۆ یارمەتییە حکوومییەکان دەستنیشان کردووە. بەم پێیە، کۆی یارمەتییە حکوومییەکان ناتوانێ لە کۆی ئەو خەرجیانەی حیزبەکان زیاتربێ کە لە رێگاکانی ترەوە بەدەستیانهێناوە. لە یاسای سەرەوە سەقفی یارمەتییە حکوومییەکان بەپێی هەڵاوسان دەگۆڕدرێ و حکوومەتی فیدراڵ لەسەریەتی ساڵانە کۆمیسیۆنێك بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەستنیشان بکات. لە حاڵەتی سەرپێچی کردنی حیزبە سیاسییەکان لە رێساکان و خستەڕووی نادروستی داهاتەکان و شتی لەو جۆرە بەپێی یاسا سزا دەدرێن و لە هەندێ حاڵەتیش بە بژاردنی دوو بەرامبەری یارمەتییە حکوومییەکانی خۆیان سزا دەدرێن.

# بەشی سێهەم

## لە حیزبی سیاسییەوە تا سیستەمی حیزبی

## پاژی ١:

### سیستەمی حیزبی و فاکتەرە کارتێکەرەکانی

## أ- جۆرەكانی سیستەمی حیزبی:

لەو شوێنەی كە باس لە سیستەم دەكرێ، دەبێ باس لە پێوەندییە بەرامبەرەكان و كرداری هەمیشەیی لەنێوان بەشە جۆراوجۆرەكاندا بكەین. سیستەم لە كۆی پێوەندییە بەرامبەرەكانی نێوان بەشەكانی گرووپێك دروستدەبێت، بەو مەرجەی كە كۆی ئەم پێوەندییانە، ١) یاسامەند و رێكوپێك بێ، ٢) بەرامبەر و بەردەوام بێ، ٣) لە ئـەنجامی ئـەم پێوەندییانـە، پێكهاتـە و دیاردەیەكی نوێ دروستبێت كە بوونەكەی بەرهەمی كۆكردنەوەی بەشە جیاجیاكان نەبێ. بـۆ نموونـە، لـە كـۆی پێوەندییـەكانی نێـوان ئەنـدامانی جەسـتەكە بەرامبـەر و بـەردەوامن، بوونەوەرێكی نوێ بەناوی مرۆڤ دروستدەبێت كە ناتوانین بە دەرەنجامی كۆكردنـەوەی جـەبریی ئەندامانی جەستەی بزانین. مـرۆڤ جیـا لـە ئەنـدامانی جەسـتەی خـۆی بـەدوای ئامـانجێكی سەربەخۆدا دەگەڕێ. بەم پێشەكییە، دەتوانین لە پێناسەی سیستەمی حیزبیـدا بڵـێین كـە لـە كۆی پێوەندییە بەرامبەرەكانی نێوان حیزبە سیاسییەكان لەلایەكەوە و حیزبە سیاسـییەكان و حكوومەت لەلایەكی ترەوە، سیستەمێكی تایبەتی دروستدەبێت كە بە سیستەمی حیزبی ناو دەبرێت. توێژەران بەزۆری باس لە سێ جۆرە سیستەمی حیزبی دەكەن و لێكی دەدەنـەوە كـە بریتین لە: تاك حیزبی، جووت حیزبی و فرە حیزبی. هەندێكی تر لـە توێـژەران وای بـە چـاك دەزانن كە جیاوازی لەنێوان سیستەمە ركابەر و ناڕكابەرەكانـدا بكـەن و بـە جیـا توێژینـەوە لەسەر سیستەمە حیزبییەكانی هەریەك لەم دوو سیـستەمە زۆر لێـك جیـاوازە ئەنجامبـدەن. سیستەمی ناڕكابەری، تەنها یەك جۆرە سیستەمی حیزبی دەناسێ كـە بـە سیـستەمی تـاك حیزبی ناوی دەبەن.

سیستەمی ركابەریی، لانی كەم سێ جۆرە سیستەمی حیزبی لەخۆ دەگرێ كە بریتیین لە:

١- سیستەمی فرەحیزبی كە بۆخۆی دەتوانێ تەواو و ناتەواو بێ.



٢- سیستەمی جووت حیزبی كە دیسان بەسـەر دوو جـۆری تـەواو و ناتـەواو و وشـك و نەرمدا پۆلێن دەكرێت.

٣- سیستەمی حیزبی باڵادەست كە هەندێ كەس ئەمەشیان بەسەر دوو دەستەدا پـۆلێن كردووە: سیستەمی حیزبی باڵادەست و حیزبی ئێگجار باڵادەست.

بەسەرنجدان بە بایەخی سیستەمی حیزبی هەریەك لەم بەشـە باسـكراوانە راڤـە دەكـەین و هەوڵـدەدەین كـە ئـەو فاكتەرانـە هەڵـسەنگێنین كـە كاریگـەرییان لەسـەر سیـستەمەكانی هەڵبژاردندا هەیە.

### ١- سیستەمی حیزبی لە سیستەمە ركابەرەكاندا: سیستەمی فرەحیزبی

هەروەك لەمەوپێش باسكرا، گەلێك لە وڵاتـانی دیمـوكراتی جیهـان حیزبـی جۆراوجۆریـان بەخۆیانەوە بینیـوە و سیـستەمی فرەحیزبییـان تێـدا دروسـتبووە. جگـە لـە چـەند وڵاتێكـی ئانگلۆساكسۆنی، وەك بەریتانیا، ئەمەریكا، كەنەدا، نیوزیلەنـدا و ئۆسـترالیا نـەبێ، زۆربـەی وڵاتانی تر خاوەنی سیستەمی فرەحیزبین.

### سیستەمی فرەحیزبی تەواو

سیستەمی فرە حیزبی بەزۆری بە سیستەمێك دەگـوترێ كـە تیایـدا دوو حیزبـی گـەورە و بەهێز نەتوانن زۆرترین رێژەی دەنگەكان بەدەسـتبهێنن و حیزبـی دیكـەش هـەبێ كـە بتـوانێ رێژەیەكی بەرچاوی دەنگەكان بۆ خۆی مسۆگەر بكات. لە جیهانی ئـەمڕۆدا سیـستەمگەلێكی فرەحیزبی جیا جیا بەدی دەكرێن. لە گەلێك لە وڵاتـان بینـەری دەیـان حیزبـی سیاسـیین. بـۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٧٧ لە وڵاتی هۆڵەندا، ١٢ حیزبی سیاسی لە پارلەماندا بوون. پارلـەمانی ئیتالیا تا بەر لە چاكسازیی لە سیستەمی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٩٩٤، چەندین حیزبی سیاسی لەخۆ دەگرت و بینەری پێكادانی نزیكەی ٢٠ حیزبی سیاسی بووین لە ئەنجوومەنی نیـشتمانی ئەو وڵاتەدا.

لە بەرامبەردا، هەندێك لە وڵاتانی فرەحیزبی وەك وڵاتانی سكاندیناڤی خاوەن چوار حیزبی سیاسیین و بەلجیكا و ئەڵمانیا و نەمسا بەزۆری بینەری ئامادەبوونی تەنها سێ حیزبی سیاسیین لە پارلەماندا.

## فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر سیستەمی فرەحیزبی

چەندین فاکتەری جۆراوجۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستبوونی سیستەمە فرە حیزبییەکاندا کە هەندێك لەم فاکتەرانە بریتین لە:

### فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان:

لە روانگەی مارکسیستەکانەوە، حیزبە سیاسییەکان رەنگدانەوەی چینە ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگان. حیزبی سیاسی وتەبێژی چینی ئابوورییە. کەواتە، ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا، وشیاری چینایەتی لە ئارادابێ، ئەم ململانێ و پێکادانە بەشێوازی سیستەمی فرەحیزبی سەرهەڵدەدات و لانی کەم بەپێی ژمارەی چینەکانی ناو کۆمەڵگا بینەری دروستبوونی حیزبی جۆراوجۆر دەبین. بەپێی ئەم دیدگایە، حیزبە سۆسیالیستییەکان وتەبێژی چینی کرێکارن و حیزبە لیبرالەکان وتەبێژی چینە بۆرژواکانن. ناکۆکی لەسەر چۆنێتی پێوەندی لەگەڵ ئینتەرناسیۆنال و حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت حیزبە کرێکارییەکانی کردە دوو بەشەوە و جیابوونەوەی لە کەمپی چینی کرێکاردا دروستکرد.

مارکسیستەکان بۆ روونکردنەوەی سیستەمی فرەحیزبی، چینە ئابوورییەکان دەکەنە بنەمای شیکردنەوەکانی خۆیان. تا سەدەی نۆزدەیەم ململانێ و پێکادانی نێوان ئاریستۆکراتەکانی بەستراوە بە زەوی و بۆرژوازی پیشەسازی و بازرگان، لە چوارچێوەی ناکۆکی لە نێوان پارێزگاران و لیبرالەکاندا رەنگی دەدایەوە. بەڵام لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەیەم، گەشەکردنی پیشەسازی، هێزێکی سێهەمی وەك پرۆلیتاریای دروستکرد کە لە حیزبی سۆسیالیستدا بەدەرکەوت. کەواتە، ناکۆکی کاپیتالیست-سۆسیالیست، بۆ سەر ناکۆکی پێشوو لەنێوان پارێزگار-لیبرالدا زیادبوو. بەم جۆرە، سیستەمی جووت حیزبی رابردوو جێگای بە سیستەمی فرەحیزبی دەدات و لە گەلێك لە وڵاتانی ئەوروپیدا بینەری سەرهەڵدانی حیزبی جۆراوجۆرین. لە هەندێ لە وڵاتان کەلێن و لێك ترازانی چینایەتی پێشوو جێگای خۆی دایە کەلێنی نوێ و لەراستیدا کەلێنەکانی پێشوو لەناو چوون. لە ئەنجامدا لەم وڵاتانەدا سیستەمی جووت حیزبی هەروەك خۆی مایەوە. وڵاتی بەریتانیا نموونەیەکی دیاری لەم جۆرەیە. لەم وڵاتەدا، پارێزگاران و لیبرالەکان کە تا بەر لە سەرهەڵدانی سۆسیالیستەکان لە بەرامبەر یەکتردابوون، پاش سەرهەڵدانی حیزبە کرێکارییەکان یەکیانگرت و بەرەیەکی یەکگرتوویان لە بەرامبەر پرۆلیتاریادا پێکهێنا. پارێزگاران و لیبرالەکان، هەردووکیان هەستیان کرد کە حیزبە



کرێکارییەکان، هەرەشە لە کیانی ئەوان دەکەن و بوونی ئەوانیان کردۆتە ئامانج. ئەم دوو رەوتە لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەش و لە چوارچێوەی پارێزگاراندا یەکیانگرت و پێکادانی سیاسی نوێ، جێگای سیستەمی جووت حیزبی رابردووی گرتەوە و کەلێن و لێکترازانی چینایەتی رابردوو، جێگای خۆی دایە کەلێنێکی نوێ[٢٤٩].

لەمەوبەر بینیمان کە ستین رۆکانیش کەلێنە کۆمەلایەتییەکان دەکاتە بنەمای شیکردنەوەی حیزبە سیاسییەکان و هەوڵدەدات بە کەڵك وەرگرتن لە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتانە فرە جۆریی سیستەمی حیزبی لەم وڵاتانەدا رون بکاتەوە. لە روانگەی رۆکانەوە حیزبە سیاسییەکان وتەبێژی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانن. بەپێچەوانەی مارکس کە دژیەکییە چینایەتی و ئابوورییەکان بە بنەمای کەلێنەکان دەزانێ، رۆکان لەناو رووداوە گرنگە مێژووییەکاندا بەدوای رەگوریشەی کەلێنەکاندا دەگەرێت. بەڵام لە ئەنجامدا ئەم دوو شیکردنەوەیە زۆر لە یەك نزیکن. رۆکان بۆ روونکردنەوەی هەر حیزبێکی سیاسی، بەدوای کەلێنێکی کۆمەڵایەتیدا دەگەرێ و حیزب بە وتەبێژی دەزانێ. لەمەوبەر بە تێروتەسەلی توێژینەوەمان لەسەر تیۆری چوار کەلێنە سەرەکییەکەی رۆکان کرد و بینیمان کە دواتر کەسانێکی وەك دانیل لویی سیلر، ئەم چوار کەلێنەیان کردە بنەمای پۆلێنکردنی حیزبە سیاسییەکان لە رۆژئاوا و لەهەر دیوێکی کەلێنەکان خێزانێکی حیزبییان خستەروو کە وتەبێژی ئەو کەلێنەیە. کورتەی تیۆرییەکەی سیلر، جیاکردنەوەی ٨ خێزانی حیزبییە لە هەردوو دیوی ئەو چوار کەلێنە سەرەکیانەی کە لە رۆژئاوادا هەن.

کەواتە، دژیەکییە چینایەتییەکان یا کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترین بگۆری روونکەرەوەی فرەیی حیزبە سیاسییەکانن لە کۆمەڵگایەکدا. لەو کۆمەڵگایانەی کە ئەم هاودژیی یا کەلێنە لە نێوان دوو چین یا لەنێوان هەردوو دیوی کەلێنێك دابێ، ئەوا بینەری دوو حیزبی سیاسیین و، بەپێچەوانەوە رووبەرووی فرە حیزبی دەبینەوە.

### فاکتەرە ئایدۆلۆژییەکان:

ژمارەیەکی تر لە توێژەران، لەناو فرەیی ئایدۆلۆژیا جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگادا بەدوای رەگوریشەی فرەیی حیزبە سیاسییەکاندا دەگەرێن. ئەم تێروانینانە، ئایدۆلۆژیا بە سەرچاوگەی سەرەکی حیزبە سیاسییەکان دەزانن و لەو باوەرەدان کە حیزبە سیاسییەکان وتەبێژی ناکۆکییە

(٢٤٩) SCHWARTZENBERG R-G, OP. CIT., pp. 443-446.

ئایدۆلۆژییەکانی ناو کۆمەڵگان. نموونەی دیار بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە، سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای مارکسیزمە لە ساڵی ١٩١٧. سەرکەوتنی مارکسیستەکان بووە هۆی دروستبوونی کەلێن لە بەرەی یەکگرتووی حیزبە جەماوەریی و کرێکارییەکاندا و لە گەلێك کۆمەڵگادا بینەری سەرهەڵدانی حیزبی نوێن.

لە هەندێ وڵاتی وەك فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئیتالیا حیزبە کۆمۆنیستەکان زەمینەیەکی زۆر باشیان بۆ رەخسا بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوە و توانییان گۆڕەپانی رکابەرییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەندێ لە وڵاتان، بەتایبەت وڵاتانی ئانگلۆساکسۆن ئەم حیزبانە لە چالاکی و پەرەسەندندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا.

ئایدۆلۆژیای فاشیست یەکێکی ترە لەو ئایدۆلۆژیانەی کە لە ئەوروپا بووە سەرچاوەی دروستبوونی حیزبە نوێییەکان. حیزبی فاشیت لە ئیتالیا، حیزبی نازی لە ئەڵمانیا، حیزبی جەماوەریی و حیزبی سۆسیال لە فەرەنسا، کە لەمەودایەکی دیاریکراو لە جەنگی جیهانی دروستبوون، دەرەنجامی سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای فاشیزمن.

شکستهێنانی مۆسۆلینی و هیتلەر،حیزبە فاشییەکانی تووشی قەیران کرد و ئەم حیزبانە کەوا پێدەچوو دەسەڵاتی لە رادەبەدەر لەئاوروپا بەدەستبهێنن، بەخێرایی بەرەو نشێوی رووخان گلبوونەوە. ئەگەر چی دیسان لە ئەوروپا تەوژمی نیۆفاشیزم ونیۆنازیزم سەری هەڵداوەتەوە و لە هەندێ ولاتیشدا پێشوازییەکی باشیان لێکراوە. تەوژمی راستی توندڕەو کە هەنووکە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی پێی ئاشنان رەگو ریشەی لەناو ئایدۆلۆژیای فاشیستی دایە[1].

ئایدۆلۆژیای دیموکرات- مەسیحی یەکێکی ترە لەو ئایدۆلۆژیانەی کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی حیزبگەلێکی بەهێز لە ئەوروپادا. لەناوەراستەکانی دەیەی چل، لە ئەوروپا بینەری سەرهەڵدانی حیزبە دیموکرات مەسیحییەکانین. ئەم حیزبانە بۆ بەرگری لەبەها ئایینییەکان لە ئەوروپا دروستبوون و لە گەلێك وڵات وەك ئیتالیا و ئەڵمانیا بەخێرایی پەرەیان سەند و چوونە ریزی گرنگترین حیزبەکانی ئەم وڵاتانە. لەمەوپێش لەم بارەیەوە بەتێروتەسەلی قسەمان کردووە.

لەو وڵاتانەی کە ناکۆکی توندوتیژیی ئایینی لە ئارادابووە، بیروباوەڕی ئایینی بەباشی توانیویەتی ببێتە هەوێنی دروستبوونی حیزبی جۆراوجۆر بۆ نموونە، وڵاتی هۆڵەندا کە بینەری



ناکۆکی توندوتیژی ئایینی بووە لە نێوان پرۆتیستان وکاسۆلیکەکان دا، نموونەیەکی دیارە لەسەرهەڵدانی حیزبە ئایدۆلۆرییەکان لە ئەوروپادا.

هۆڵەندا لە سەدەی نۆزدەم, بینەری تێك هەڵپرژانی توندوتیژ بوو لە نێوان کلێسای کاسۆلیك وکلێسای پرۆتیستاندا و ئەم ناکۆکییە لە چوارچێوەی دوو حیزبی پارێزگاردا خۆی دەنوێنێ. پارێزگارانی هەردوولا، بەرەبەرە لەقۆناغێك لە مێژووی ئەم وڵاتە لێك نزیکدەبنەوە و ناکۆکییەکانی رابردوویان بەلاوە دەنێن . زۆر ناخایەنی کە باڵی توندڕەوتری پرۆتیستانەکان، بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەم یەکگرتنە، لە هاوپەیمانە پرۆتیستانە کۆنەکانی خۆیان جیا دەبێتەوە و لە ئەنجامدا سێ حیزبی گرنگی لەم ولاتەدا رکابەری یەکتر دەکەن کە بریتین لە :

١-حیزبی سۆسیال ـ مەسیحی(کاسۆلیك)، ٢-حیزبی دژە-شۆڕش(پرۆتیستان) ٣-حیزبی مەسیحی-مێژوویی(پرۆتیستان).

دەتوانین ئیکۆلۆژیستەکان بەیەکێکی تر لەو حیزبە ئایدۆلۆژیانە بزانین کە لە سەدەی بیستەم لە ئەوروپادا دروستبوون. ئیکۆلۆژیستەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکانی بە پیشەسازی بوون و مۆدێرنیزمی توندڕەوانە دروستبوون و بەرگری کردن لە سروشت و ژینگەیان خستە سەرووی بەرنامەی کاری خۆیانەوە. ئەم تەوژمە بەخێرایی بەسیاسی کرا و لەگەلێك لە وڵاتان سەرکەوتنێکی بەرچاویشی بەدەستهێنا. ئیکۆلۆژیستەکان بەرەبەرە توانییان نفووز بکەنە ناو ئەنجوومەنەکانی یاساداناني هەندێك لە وڵاتان، هەر بۆیە بەردەوام بینەری گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەوانین.

لەمەو پێش، لە جۆرناسی حیزبە سیاسییەکاندا لە تێروانینی ئایدۆلۆژیاییەوە باسمان لە گرنگی رەگەزی ئایدۆلۆژیا لە رابردوو وکاڵبوونەوەی ئەم فاکتەرە کرد لەچەرخی ئێستاداو، ئەوەمان پیشاندا کە ئەمرۆ جیهان لە رۆژئاوادا بۆشایی ئایدۆلۆژیایی حیزبە سیاسییەکان بەدی دەکرێ و سەرهەڵدانی حیزبە هەمەگیرەکان هەرچی زیاتر رەهەندی ئایدۆلۆژیایی حیزبەکانی کاڵ کردۆتەوە.

## ٭فاکتەرە یاسایی و پێکهاتەییەکان:

سیستەمی هەڵبژاردنی هەر وڵاتێك ، یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی کە کاریگەریی لە سەر فرەیی حیزبەسیاسییەکاندا هەیە لە هەر وڵاتێکدا. یاسای دۆڤێرژە لەم بارەیەوە بە ناو بانگە. مۆریس دۆڤێرژە پەیوەندییەکی راستەوخۆ دەبینێ لە نێوان سیستەمی حیزبی و سیستەمی هەڵبژاردندا و بۆ پیشاندانی ئەم پەیوەندییە سێ یاسا دەخاتە روو کە بریتین لە:

١- سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمی فرە حیزبی.

٢-سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك قۆناغی دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمی جووت حیزبی.

٣-سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی دوو قۆناغی دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمی فرەحیزبی و دوو جەمسەری.

بە سەرنجدان بە بایەخی فاکتەرە یاسایی و پێکهاتەییەکان، بەتایبەت بە سەرنجدان بەگرنگی کاریگەریی سیستەمی هەڵبژاردن لەسەر سیستەمی حیزبی، پاژێکی سەربەخۆ بۆ ئەم بابەتە تەرخان دەکەین و لە پاژی داهاتوودا بە تێروتەسەلی ئەم پێوەندییە دەخەینە بەرباس و توێژینەوە.

### * فاکتەرە مێژووییەکان:

یەکێکی تر لە فاکتەرە گرنگە روونکەرەوەکانی سیستەمی حیزبی هەر وڵاتێك، ئەو رووداوە گرنگە مێژووییانەیە کە بەدرێژایی زەمان ئەو کۆمەڵگایە بەخۆیەوە بینیویەتی. پێشتر لە روونکردنەوەی تیۆری ستین رۆکاندا، گوترا کە رۆکان رووداوە گرنگە مێژووییەکان بە سەرچاوەی سەرەکی کەلێنە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دەزانێ و لەو باوەڕەدایە کە رەگوڕیشەی کەلێنە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگا بۆ مێژوو و رووداوە گرنگە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە. کەم نین ئەو توێژەرانەی کە لەناو مێژووی بەریتانیا بەدوای رەگوڕیشەی سیستەمی دوو حیزبی ئەم وڵاتەدا دەگەڕێن و لەو باوەڕەدان کە هەر لە دێر زەمانەوە رای گشتی ئەو وڵاتە بەسەر دوو بەشدا پۆلێن کرابوو و ناکۆکی دێرین و مێژوویی لەنێوان ویسگەکان و تۆرییەکان، لە سەردەمی ئێستادا گۆڕاوە بە دژیەکی و کێشمەکێشی نێوان کرێکاران و پارێزگاران.

لە وڵاتانی دیکەی لەجۆری فەرەنساش بەتەواوی کاریگەریی فاکتەرە مێژووییەکان بەسەر فرەیی حیزبە سیاسییەکاندا بەدی دەکرێن. رووداوە مێژووییەکانی ئەم وڵاتە باڵی راستی بەسەر سێ دەستەی رەواخواز (لێژیتمیست، ئۆرگئانتیست و بوناپارتیست) دا پۆلێن کرد. کاریگەریی ئەم پۆلێن کردنە مێژووییە هەتا ئەمرۆش بەسەر سیستەمی حیزبی ئەم وڵاتەوە دیارە. سەرهەڵدانی حیزبە جووتیارییەکان لە وڵاتانی سکاندیناڤی، لە نموونەکانی تری کاریگەریی رووداوە مێژووییەکانە لەسەر سیستەمی حیزبی. بەپێچەوانەی وڵاتانی دیکەی ئەورووپی،



جووتیارانی ئەم وڵاتانە لەگەڵ باڵی راستی پارێزگاردا یەکیانگرت و حیزبگەلێك بەسەرچاوگەی تەواو جووتیاریی لەم کۆمەڵگایانەدا دروستبوون.

ئەوانەی کە گوترا بەشێکن لەو گرنگترین فاکتەرانەی کە فرەیی حیزبە سیاسییەکان و سیستەمی فرەحیزبی لە وڵاتێکدا روون دەکەنەوە. رەنگە روونکردنەوەی ئەو فاکتەرە باسکراوانە بەباشی گەواهیدەری ئەم راستییە بێ، کە کۆی ئەم فاکتەرانەن کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر سیستەمی حیزبی لە هەر وڵاتێکدا هەبێ و هەڵبەت رۆڵی یەك یا چەندین فاکتەری تایبەت بەپێی هەلومەرجی هەر وڵاتێك دەتوانێ لە فاکتەرەکانی تر بەرجەستەتر بێت.

سیستەمی فرەحیزبی لە کۆڕ و کۆمەڵە زانستییەکاندا هەمیشە جێگای باس و گفتوگۆ بووە و لایەنگران و نەیارانی لە ستایش یا سەرزەنشتکردنیدا زۆر قسەیان کردووە. لایەنگرانی سیستەمی فرەحیزبی، فرەیی حیزبەکان بە باشترین ئاواز دەزانن بۆ دەربڕینی خواستە جۆراوجۆرەکانی خەڵك و پارلەمانێکی پێکهاتوو لە حیزبە جۆراوجۆرەکان بە رەنگدانەوەیەکی واقیعی رای گشتی کۆمەڵگا دەزانن و لەو باوەڕەدان کە سیستەمی فرەحیزبی لە دادپەروەرییەوە نزیکترە. ئەگەر وەك (ئالن تۆرن)، کۆمەڵناسی فەرەنسی، دیموکراسی بە مافی هەڵبژاردنی جۆراوجۆر بزانین، لەگەڵ ئەم گرووپەدا هاوڕادەبین و سیستەمی فرەحیزبی لەگەڵ دیموکراسیدا بە گونجاوتر دەزانین.

لەبەرامبەردا، هەندێ نووسەری بەناوبانگی وەك (ئالموند) و (پاوڵ)[٢٥٠] لەو باوەڕەدان کە سیستەمی فرەحیزبی خواستی جۆراوجۆر و پەراکەندە دەخاتەڕوو و دەوڵەت ئەو توانایەی نابێ کە وەڵامیان بداتەوە. لەکاتێکدا کە لە سیستەمی جووت حیزبیدا، خواستە جۆراوجۆر و پەراکەندەکان لە چوارچێوەی دوو دەستەی زۆر هەمەگیرتر و خاوەن ئەولەویاتی زیاتر کۆدەبنەوە و دەچنە ناو سیستەمی سیاسی. لەم حاڵەتەدا، سیستەمی سیاسی رووبەڕووی هەندێ خواستی هاوئاهەنگ کراو و هەمەگیرتر دەبێتەوە کە لە هەمان کاتدا دەکرێ باشتر لێیان بکۆڵرێتەوە و دەرفەرتی پێڕاگەیشتنیان زیاتر دەبێ.

ئەم تێڕوانینە لەگەڵ شیکردنەوەی سیستەمی (دەیڤید ئیستۆن) دا دەگونجێ. ئیستۆنیش لەوباوەڕەدابوو کە دەبێ خواستە هەمەگیرەکان کەم بکرێنەوە، هەتا سیستەمی سیاسی تووشی ((باری زیادە)) نەبێ و بتوانێ وەڵامیان بداتەوە.

(٢٥٠) ALMOND, POWEL, Comparative Politics, op. cit, cha P. V.

شوارتزنبرگ لەو باوەڕەدایە، کە سیستەمی فرەحیزبی تەواو دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەنگدەران کەمتر دیدگایەکی نیشتمانییان هەبێ و پتر لە دوو تەوەری نوێنەرە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستی ناوچە جیاوازەکاندا کۆببنەوە، هەر بۆیە نوێنەرانی سەر بە حیزبە جیاوازەکان لە پارلەماندا ناچار دەبن یەك بگرن. بە وتەیەکی تر دیموکراسی هەرچی زیاتر شێوازی راستەوخۆ بەخۆیەوە بگرێ خواست و بۆچوونی خەڵك کەمتر لەسەر ئاستی نیشتمانی سەرهەڵدەدات و بە دەردەکەوێ.

ماوەیەکی تر لە روونکردنەوەی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردندا باس لەوە دەکەین، کە سیستەمی فرەحیزبی، دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی حکوومەتەکان. چونکە لەم وڵاتانەدا، حکوومەت بەهۆی یەکگرتنی (ئیئتیلاف) نێوان حیزبەکان دروستدەبێت و لەگەڵ لەناوچوونی ئەم یەکگرتنە لەنێوان حیزبەکاندا، ئەم حکوومەتانەش کە بەهۆی ئەم یەکگرتنە لاواز و ناسەقامگیرەوە دروستدەبن دەڕووخێن. رووخانی یەك لەدوای یەکی حکوومەتەکان یەکێکە لە گرنگترین دەرەنجامەکانی سیستەمی فرەحیزبی و ئەمەش کارامەیی حکوومەتەکان دەخاتە مەترسییەوە.

یەکێکی تر لە دەرەنجامە نێگەتیڤەکانی سیستەمی فرەحیزبی پەراگەندەیی و گرووپگەرایی قووڵە کە لەلایەن گەلێك لە توێژەرانەوە رەخنەی لێگیراوە. بوونی حیزبی جۆراوجۆر بەرەبەرە دەتوانێ رەنگ و بۆنێکی ئەتنی بە حیزبە جۆراوجۆرەکان ببەخشێ و وابکات کە ئەم حیزبانە لە پرسە نیشتمانییەکان خافڵ بن.

## * سیستەمی فرەحیزبی میانڕەو:

بە سەرنجدان بە گیروگرفتەکانی سیستەمی فرەحیزبی تەواو، هەندێك لە وڵاتان روویانکردە سیستەمی فرەحیزبی میانڕەو. مەبەست لەم چاکسازییە ئەوەیە کە سوود لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی سیستەمی فرەحیزبی وەربگیرێ و خاڵە نێگەتیڤەکان بۆ کەمترین ئاستی خۆیان دابەزێنرێن.

ئەو وڵاتانەی کە لە هەڵبژاردندا سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی دوو قۆناغی پەیڕەو دەکەن بە ئاراستەی سیستەمێکی لەم جۆرە هەنگاو دەنێن. لەم سیستەمە حیزبیانەدا، حیزبی جۆراوجۆر هەن بەڵام بەرەبەرە یەکگرتنێکی سەقامگیر لە نێوانیاندا دروست دەبێ و کۆمەڵگا بەزۆری بەسەر دوو جەمسەری چەپ و راستدا دابەش دەبێ.



ولاتی فەرەنسا بە نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم سیستەمە حیزبییە دادەنرێ. لەم ولاتەدا حیزبی جۆراوجۆر هەن کە هەموویان لە قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردندا رکابەریی یەکتردەکەن. بە سەرنجدان بەجۆری سیستەمی هەڵبژاردنی ئەم وڵاتە مەرجی چوونە ناو پارلەمان بەدەستهێنانی (٥٠+١) دەنگەکانە، هەربۆیە هەڵبژاردن بەزۆریی دەگاتە قۆناغی دووەم. قۆناغی دووەم، قۆناغی یەکگرتنە (ئیئتیلاف) و حیزبە هاوئاراستەکانی چەپ و راست لەگەڵ یەکتردا ئیئتیلاف دەکەن و رای گشتی و حیزبەکان بەسەر دوو گرووپ و دوو باڵی گەورەی چەپ و راستدا دابەش دەبن و بە کردەوە کۆمەڵگا بەسەر دوو جەمسەری چەپ و راستدا پۆلێن دەکرێ. بە وتەیەکی تر سیستەمی حیزبی لەم کۆمەڵگایانەدا فرەحیزبی و دوو جەمسەرییە.

## * سیستەمی جووت حیزبی:

لە روانگەی مۆریس دۆڤێرژە، بیرمەندی کلاسیکی حیزبە سیاسییەکان، سیستەمی جووت حیزبی بە سروشتی ترین سیستەمی حیزبی دادەنرێ. لەمەوپێش لە توێژینەوەی چەمکی چەپ و راستدا، گوتمان، کە لە روانگەی دۆڤێرژەوە پۆلێن کردنی دوالیزمیانەی حیزبەکان بەسەر چەپ و راستدا لەگەڵ خەسڵەت و سروشتی مرۆییدا دەگونجێ. چونکە تاکەکان لەبەرامبەر هەر پرسێکدا، یا رازین یا ناڕازین و ئەوانەی کە لە میانەدان و سەرپێچی ئەم رێسایە دەکەن بەئاراستەی یەکێك لە دوولایەنی رازی یا ناڕازیی دەڕۆن[٢٥١]. هەربۆیە رای گشتی بەخێرایی بەسەر دوو بەشی بەرامبەر بە یەك پۆلێن دەکرێ و سیستەمی جووت حیزبی دەبێتە وتەبێژی ئەم ناکۆکی و پێکادانە دوالیزمیانەی ناو کۆمەڵگا.

دۆڤێرژە لەو باوەڕدایە کە بە درێژایی مێژوو هەمیشە دوو گرووپی سەرەکی بەدی دەکرێن کە لە بەرامبەر یەکتردا ریزبەندی دەکەین، بۆ نموونە تێبینی دەکرێ کە پارێزگاران لە بەرامبەر لیبرالەکان، پێشکەوتنخوازەکان لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە حەز لە پاراستنی سیستەم و دۆخی باو دەکەن و بۆرژواکان لە بەرامبەر کرێکاراندا و ... ریزبەندی دەکەن.

کەم نین ئەو توێژەرانەی کە رەخنەیان لەم دیدگایە گرتووە. (ئۆپشتاین) و (ویلداڤسکی) لەو نووسەرانەن کە باوەڕیان بە بوونی هێزە میانڕەوەکان هەیە و گومان لەم وتەیەی دۆڤێرژە دەکەن کە دوالیزم بە شتێکی گونجاو لەگەڵ سروشتی مرۆڤ دەزانێ[٢٥٢].

(٢٥١) DUVERGER M., Les Parties politiques, op. cit. P.245.
(٢٥٢) WILDAVSKY, Journal of Politics, mai, 1959, pp. 305-306.

شوارتزنبرگ هەندێ نموونەی مێژوویی جۆراوجۆر لە ولاتی فەرەنسا دەخاتەڕوو کە دوالیزمی مێژوویی دۆڤێرژە پێشێل دەکەن[٢٥٣].

سیستەمی جووت حیزبی لانی کەم ئەم باشییەی هەیە کە دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیستەمە سیاسییەکان و کاردانەوەی رای گشتی لە بەرامبەر پرسە گشتییە نیشتمانییەکاندا. لە سیستەمی جووت حیزبی پرسە بچووکە ناوچەییەکان، گرنگی خۆیان لەدەستدەدەن و پرسە گرنگەکانی سەرانسەری وڵات جێگایان دەگرنەوە.

لە سیستەمی جووت حیزبی بەریتانیا، کە نموونەیەکی دیار و تەواوی سیستەمێکی جووت حیزبییە، خەڵك هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان، سەرۆکی حکوومەت و دەسەڵاتی راپەڕاندنیش هەڵدەبژێرن و رۆڵی راستەوخۆیان هەیە لە هەڵبژاردنی دوو دەسەڵاتی سەرەکی وڵاتدا. لەم سیستەمەدا هیچ باسێك لە یەکگرتنی سیاسی درۆینکە و لەرزۆك لە ئارادا نییە و حکوومەت سەقامگیریی تەواوی هەیە و رووخانی یەك لەدوای یەکی حکوومەتەکان بەدی ناکرێت.

سیستەمی جووت حیزبیش بۆ خۆی بەشێوازگەلێکی جۆراوجۆر دروست بووە و بەسەر جۆرە جیاوازەکاندا پۆلێن دەکرێ. گرنگترین پۆلێن کردنی سیستەمە جووت حیزبییەکان بەم جۆرەی خوارەوەیە:

*** جووت حیزبی وشك و نەرم:**

سیستەمی جووت حیزبی وشك، ئەو سیستەمەیە کە حیزبە سیاسییەکانی ملکەچی سیستەم و دیسپلینی توندی حیزبین و نوێنەرانی زۆرینە و کەمینە مافی سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی رێبەرانی حیزبییان نییە. ئەم جۆرە لە سیستەمی جووت حیزبی، کە سیستەمی بەریتانیا بە نموونەی بەرجەستەی دادەنرێ، دەبێتە هۆی دروستبوونی دوو دەستەی کەمینە و زۆرینەی سەقامگیر لە پارلەماندا و حکوومەتی زۆرینە سەقامگیریی تەواوی هەیە. سەرۆکی حیزبی زۆرینە، کە سەرۆکی حکوومەتە دەتوانێ پشت بە پشتگیری تەواوی نوێنەرانی حیزبی ببەستێ و هەرگیز نیگەرانی پەسندکردنی پرۆژە حکوومییەکان نەبێ.

سیستەمی جووت حیزبی نەرم، ئەو سیستەمەیە کە حیزبە سیاسییەکان تێیدا خاوەنی رێکوپێکی و دیسپلین نین و نوێنەرانی هەردوو حیزبی زۆرینە و کەمینە لە پارلەماندا ئازادی

(٢٥٣) SCHWARTZENBERG R. G., op. cit., p.472.



کارکردنیان هەیە. سیستەمی جووت حیزبی ئەمەریکا نموونەی بەرجەستەی سیستەمی جووت حیزبی نەرمە. ئەندامانی کۆنگرێس بەبێ ئەوەی پابەندبن بە راوێژکردن لەگەڵ رێبەرانی حیزبی، لە کۆنگرێسدا بڕیار دەدەن. بەپێچەوانەی بەریتانیا، لە ئەمەریکا رێبەری حیزبی زۆرینە هەمیشە نیگەرانی لە بڕیارەکانی کۆنگرێس هەیە. لەمەڕ ئەو پرسە جۆراوجۆرانەی کە لە کۆنگرێسدا دەخرێنەڕوو، رەزامەندیی و ناڕەزامەندییەکان بەشێوەیەکی رەوان (سیال) ئەنجامدەدەرێن و لێکچوونێکی زۆر لە نێوان کۆنگرێس و پارلەمانی سیستەمە فرە حیزبییەکاندا هەیە. شوارتزنبرگ سیستەمی جووت حیزبی بە خاوەنی هەموو زیان و گیروگرفتەکانی سیستەمی فرەحیزبی دەزانێ.

*** جووت حیزبی تەواو و ناتەواو:**

یەکێکی تر لە پۆلێن کردنە باوەکانی سیستەمی جووت حیزبی، پۆلێنکردنیەتی بەسەر جووت حیزبی تەواو و ناتەواودا.

سیستەمی جووت حیزبی بەو واتایە نییە کە لە وڵاتێکدا تەنها دوو حیزب هەبێ، بەڵکو بەزۆری حیزبی دیکەش لەپاڵ دوو حیزبی گەورە و بەهێزدا بەدی دەکرێن. ئەو شتەی کە دەبێتە پێوەری تەواو یا ناتەواو بوونی سیستەمی جووت حیزبی، رێژەی دەنگی حیزبەکانە لە هەڵبژاردندا. شوارتزنبرگ لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر دوو حیزبی گەورە سەرجەم ٩٠٪ یا زیاتری دەنگەکان بەدەست بهێنن، ئەوا دەبێتە سیستەمی جووت حیزبی تەواو و ئەگەر هەردوو حیزبی گەورە ٧٥٪ تا ٨٠٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنن، سیستەمێکی جووت حیزبی ناتەواو دروستدەبێ. گەلێك کەس سیستەمی جووت حیزبی ناتەواو بە سیستەمی دوو حیزب و نیو ناودەبەن.

لە سیستەمی جووت حیزبی تەواودا، حیزبی دەسەڵاتدار بەبێ ئەوەی پێویستی بە ئیئتلاف هەبێ، بەهێز و زۆرینەی تەواو حکوومەت بەدەستەوە دەگرێ و حیزبی سێهەم یا حیزبەکانی تر بە تەواوی دەکەونە پەراوێزەوە و هیچ رۆڵێك لە گۆڕەپانەکەدا ناگێڕن. بەریتانیا لە ساڵی **١٩٣٥** هەتا **١٩٧٤** و جارێکی تریش لە **١٩٧٩** تاکو ئێستا بینەری سیستەمێکی لەو جۆرەیە. لە نێوان ساڵانی **١٩٧٤** هەتا **١٩٧٩** حیزبی لیبراڵ لەم وڵاتەدا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و سیستەمی جووت حیزبی تەواوی ئەم وڵاتەی تووشی قەیران کرد. لە سیستەمی جووت حیزبی ناتەواودا هیچ کام لە دوو حیزبی گەورە، بە تەنیایی زۆرینەی پارلەمانی بەدەست

ناهێنن و ناچاردەبن لەگەڵ یەکتر یا لەگەڵ حیزبی سێهەمدا ئیئتلاف بکەن. وڵاتی ئەڵمانیا لە قۆناغی جۆراوجۆردا سیستەمێکی حیزبی لەم جۆرەی بەخۆیەوە بینیوە.

لە وڵاتی بەریتانیا، لە هەڵبژاردنی ٢٨ی شوباتی ١٩٧٤، حیزبی کرێکار ٣٧,٢٪ دەنگەکان و حیزبی پارێزگاران ٣٨,١٪ دەنگەکانیان بەدەستهێنا و حیزبی لیبرال توانی ١٩,٣٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێ و حیزبە بچووکەکانی دیکەش ڕێژەیەکی کەمی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. بەم جۆرە لەم ساڵەدا سیستەمی جووت حیزبی تەواو جێگای خۆی دایە سیستەمی جووت حیزبی ناتەواو.

*** سیستەمی حیزبی باڵادەست:**

**سیستەمی حیزبی باڵادەست کە سیستەمێکی دەگمەنە، ئەو سیستەمەیە کە تێیدا تاکە حیزبێك بەشێوەیەکی بەردەوام دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ و لە هەڵبژاردندا مەودایەکی زۆری لەگەڵ ڕکابەرانی خۆیدا هەیە.**

**سیستەمی حیزبی باڵا دەست بەسەر هەردوو جۆردا دابەش دەبێ:**

**حیزبی باڵا دەست، حیزبی ئێجگار باڵادەست**

*** حیزبی باڵادەست**

**دۆڤێرژە حیزبێك بە باڵادەست دەزانێ کە لانی کەم دوو تایبەتمەندیی تێدابێ:**

١- لە ماوەیەکی جێی سەرنجدا لە هەموو ڕکابەرانی خۆی پێشبکەوێ.

٢- بتوانێ چینە جۆرا و جۆرە کۆمەلایەتییەکان لە خۆ بگرێ و ببێتە حیزبێکی نیشتمانی.

حیزبی رادیکالی فەرەنسا لە کۆماری سێیەم خاوەنی ئەم دوو خەسڵەتە بوو و توانی وەك حیزبی باڵا دەست لەم وڵاتەدا دەربکەوێ. لەم سەردەمەدا باس لە (( کۆماری رادیکاڵ)) دەکرێ چونکە حیزبی رادیکاڵ فەرمانڕەوای بێ ئەم لاو ئەو لای وڵاتە.

ئەمرۆ تەنها لە وڵاتانی سکاندیناڤی دەتوانین بەدوای حیزبی باڵا دەستدا بگەڕێین، وڵاتانی سوید و نەرویج و دانیمارك بۆ چەندین ساڵە بینەری حیزبی باڵادەستی سۆسیال _ دیموکراتن و



ئیتالیا و ئیسلەنداش لە ریزی ئەو وڵاتانەدان کە حکوومەتی حیزبی باڵادەستی دیموکرات_ (مەسیحی)یان تاقی کردۆتەوە.

شوارتزنبرگ پێوەرێکی چەندێتی تر بۆ ناسینەوەی حیزبە باڵادەستەکان دەخاتە روو و بەپێویستی دەزانێ کە بۆ ئەو مەبەستە ٣٠تا٣٥٪ دەنگی دەنگدەران بەدەستبهێنێ. لەو پێنج وڵاتەی کەئاماژەیان پێکرا، حیزبە باڵادەستەکان لە خولە جۆرا و جۆرەکاندا نزیکەی ٤٠٪ دەنگەکانیان بەدەستهێناوە. بەگشتی ئەو وڵاتانە خاوەن سیستەمی حیزبی باڵادەستن کە فرە حیزبی لە گۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتەدا ئامادەیی هەبێ و، تەنها بەهۆی ڕکابەریی توند لە نێوان حیزبەکان و ورد بوونی دەنگەکان لە نێوان ئەواندایە کە حیزبێك دەتوانی ڕێژەیەکی بەرزی دەنگەکان بەدەستبهێنێ. کەوابوو سیستەمی حیزبی باڵادەست لە بنەڕەتدا لەگەڵ سیستەمی تاك حیزبی جیاوازە، چونکە لە سیستەمی تاك حیزبی، تەنها یەك حیزب مافی چالاکی هەیە و ئەو تاکە حیزبەش لەبەر نەبوونی حیزبی دیکە دەبێتە حیزبی باڵادەست.

گرنگترین باشی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە دەتوانێ ببێتە هۆی سەقامگیریی حکوومەت و پێش بە رووخانی یەك لەدوای یەکی حکوومەتەکان دەگرێ. هەڵبەت سەرنجدان بەم خاڵە زەرووریيە کە سیستەمی حیزبی باڵادەست تەنها کاتێك دەتوانێ ببێتە هۆی سەقامگیریی سیستەمی حوکم کە حیزبی باڵادەست دەرەنجامی ئیئتیلافێکی لەرزۆك نەبێ لەنێوان حیزبە جۆراوجۆرەکاندا. مەرجێکی تر ئەوەیە کە حیزبی باڵادەست، حیزبێکی وشك بێ، بەپێچەوانەی ئەمەوە لە پارلەمان بینەری چەند پارچە بوونی حیزبی باڵادەست بە سەر گرووپی جۆراوجۆر و لەناوچوونی ئیئتیلافەکانی بەر لە هەڵبژاردن دەبین. سیستەمی ئیتالیا نموونەیەکی باشە بۆ سیستەمی حیزبی باڵادەست کە لە هەمان کاتدا بینەری رووخانی بەردەوامی حکوومەتەکانە. سەرەڕای ئەوەی کە حیزبی باڵادەست لەم حاڵەتەدا نزیکەی ٤٠٪ دەنگەکان بەدەستدەهێنێ، بەڵام بەهۆی نەبوونی دیسپلینی حیزبی و ئیئتیلافی لەرزۆك، حیزبی باڵادەست ناتوانێ لە پارلەماندا زۆرینەیەکی سەقامگیر و هەمیشەیی بەدەستبهێنێ.

ئەم سیستەمەش بەهۆی فەرمانڕەوایی دوورودرێژی تاکە حیزبێك دەبێتە هۆی ناچالاك بوونی سیستەمی سیاسی. فەرمانڕەوایی دوور و درێژی تاکە حیزبێك دەبێتە هۆی لەناوچوونی جموجۆڵ و گۆڕان و، بەتایبەت لەوانەیە حیزبی فەرمانڕەوا بە کەڵك وەگرتن لە زانیارییە حکوومییەکان پێگەی خۆی بەهێز بکات و بەربەست بۆ گەشەکردنی ڕەوتەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا دروستبکات.

### * حیزبی ئێجگار باڵادەست:

حیزبی ئێجگار باڵادەست، هەروەك لەناوەکەیەوە دیارە بە حیزبێك دەگوترێ کە لە رووی چەندێتییەوە دەنگێکی زۆر بەدەستبهێنێ. ئەگەر حیزبی فەرمانڕەوا لە نێوان ٣٠ تا ٣٥٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێ، ئەوا سیستەمی حیزبی باڵادەست دروستدەبێت، بەڵام ئەگەر حیزبی فەرمانڕەوا پتر لە ٤٠٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت ئەوا سیستەمی ئێجگار باڵادەست دروستدەبێت. ئیتاڵیا تا بەر لە ساڵی ١٩٧٦ خاوەنی سیستەمێکی لەم جۆرە بوو و حیزبی فەرمانڕەوا ٤٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو.

نموونەیەکی دیکەی سیستەمێکی لەم جۆرە لە هیندستان بەدی دەکرێ. لەم وڵاتەدا حیزبی کۆنگرە، لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥١ و ١٩٥٢ لە کۆی گشتی ٤٩٤ کورسی ٣٥٦ کورسی بەدەستهێنا و توانی لە ساڵی ١٩٦٢دا، ٣٦١ کورسی و لە ساڵی ١٩٦٧دا، ٢٧٥ کورسی بەدەستبهێنێت[٢٥٤].

## ٢- سیستەمە بێ رکابەرییەکان، سیستەمی تاك حیزبی:

سیستەمی بێ رکابەریی بەو سیستەمە دەگوترێت کە رکابەریی دیموکراتی تێدا نییە و تەنها یەك حیزبی سیاسی مافی رکابەریی و چالاکی هەیە.

لە سیستەمگەلێکی لەم جۆرەدا تاکە حیزبێك بەشێوەیەکی بەردەوام دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و ئەمەش نیشانەی پەسەندێتی لە رادەبەردەری حیزبێکی سیاسی نییە بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبەکانی تر تێیدا چالاك نین. لە نموونەکانی سیستەمی تاك حیزبی لە ئەوروپا دەتوانین ئاماژە بە حیزبی پێشڕەوی لینین (Avant – Gard) و حیزبی فاشیستی ئیتاڵیا بکەین.

پاش ئەوەی بەکورتی باسمان لە سیستەمە جۆراوجۆرە حیزبییەکان کرد، بە سەرنجدان بەو رۆڵە گرنگەی کە سیستەمی هەڵبژاردن لە دیاریکردنی سیستەمی حیزبی وڵاتێکدا هەیەتی، پێوەندی نێوان سیستەمی حیزبی و سیستەمی هەڵبژاردن شیدەکەینەوە.

## ب- سیستەمی هەڵبژاردن و کاریگەریی لەسەر سیستەمی حیزبی:

(٢٥٤) SCHWART ZENBERG, op. cit.



پاش بەگشتی بوونی مافی دەنگدان، پرسی هەڵبژاردن بووە یەکێك لە گرنگترین باسەکانی سیستەمە دیموکراتییەکان. بە سەرنجدان بەوەی کە چۆنێتی دابەشکردنی کورسییەکانی نوێنەرایەتی لەنێوان حیزب و گرووپە سیاسییەکاندا پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ سیستەمی هەڵبژاردنی هەر وڵاتێکدا هەیە، هەر بۆیە پرسی سیستەمەکانی هەڵبژاردن و چۆنێتی راقەکردنی دەنگی دەنگدەران لە زانستی سیاسەتدا، پێگەیەکی تایبەتی بەدەستهێناوە. لە گەلێك لە کۆمەڵگاکان چاکسازی لە یاساکانی هەڵبژاردن هەمیشە وەك یەکێك لە خواستە سەرەکییەکانی گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە ئارادایە و سیستەمەکانی هەڵبژاردن نەتەنها سەرنجی گەلێك لە توێژەران و هزرڤانانی زانستی سیاسی بەرەو لای خۆی راکێشاوە، بەڵکو لەلایەن رێبەرانی حیزبی و سیاسیش سەرنجە و بایەخی هەمیشەیی پێدەدرێ. بە وتەی (رۆیر کۆلارد)[٢٥٥]: ((یاسای هەڵبژاردنی هەر وڵاتێك لە راستیدا بە دەستووری ئەو کۆمەڵگایە لەقەڵەمدەدرێ، چونکە یاسای هەڵبژاردنی هەر وڵاتێك سەرچاوەی بەهێزیی یا لاوازیی ئەو حکوومەتانەیە کە بوونی خۆیان بە قەرزداری هەڵبژاردن دەزانن)). یا بەو جۆرەی کە (ئۆلیڤەئیل)، پسپۆری هەڵبژاردن دەڵێ: ((سیستەمی هەڵبژاردنی هەر وڵاتێك، یاسای ئەو گەمە و رکابەرییە دیاری دەکات کە لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرە سیاسییەکان لە ئارادایە، چونکە یاسای هەڵبژاردن، چۆنێتی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان حیزب و گرووپە سیاسییەکانی هەر کۆمەڵگایەك دیاریدەکات)).

سیستەمە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن بە کەڵك وەرگرتن لە هەندێ تایبەتمەندیی وەك ((دادپەروەریی))، ((ئەخلاقی بوون))، ((شایستەیی))، ((شەفافیەت)) و شتی لەو جۆرە وەسفدەکرێن و بوونەتە سەرچاوەی باس و گفتوگۆی زانستی فراوان لەنێوان توێژەراندا.

بە سەرنجدان بەبایەخی سیستەمی هەڵبژاردن و ئەو کاریگەییە زۆرەی کە دەتوانێ لەسەر ئارایشتی هێزە سیاسییەکانی هەر وڵاتێکدا هەیبێت، بەکورتی باس لەو گرنگترین شێوازانەی هەڵبژاردن دەکەین کە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا هەن و هەوڵدەدەین تا بەخستنە رووی بەڵگە و نموونەکان، ئەو شێوازە هەندێ جار ئاڵۆزانە شیبکەینەوە کە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا باون. بە باسکردن لە یەکێك لە کۆنترین و باوترین شێوازەکان، واتە سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە، دەستدەکەین بە توێژینەوەی سیستەمەکانی هەڵبژاردن.

(٢٥٥) Royer Collard.

### * پێداچوونەوەیەك بەسەر گرنگترین سیستەمەکانی هەڵبژاردن سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە و جۆرەکانی:

لەرووی مێژووییەوە، یەکەمین شێوازی هەڵبژاردن لە وڵاتانی ئەوروپیدا، شێوازی زۆرینەیە. بەم پێیە یەکەمین کەس کە لە چاو ئەوانیتردا دەنگی زیاتر بەدەستبهێنێ بە براوەی هەڵبژاردن دادەنرێ. ئەم سیستەمە کە سەرچاوگەی سەرەکی وڵاتی بەریتانیایە، لەسەر بنەمای بەناوبانگی ((The first past the post)) بنیاتنراوە و حیزب و گرووپە رکابەرەکان لە ململانێی هەڵبژاردندا یا براوەی تەواون یا سەدا سەد دۆڕاون.

ئەم سیستەمە لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا بە سەرنجدان بەم خاڵە شیاوی تێگەیشتنە کە تا ساڵی ١٩٤٨، هەڵبژاردن لەم وڵاتەدا لەسێ حەوزی ئاریستۆکراتەکان، شارۆچکە و زانکۆکان ئەنجامدەدرا و پۆلێنکردنی حەوزەکان لەسەر بنەمای چینە جۆراوجۆرەکان بوو و جوگرافیا لە پۆلێنکردنی حەوزەکانی هەڵبژاردندا رۆڵی نەبوو. فەلسەفەی سەرەکی سیستەمی زۆرینە لەم وڵاتەدا ئەوەبوو، کە هەریەك لە حەوزە ناوبراوەکان بتوانن نوێنەریان هەبێ بۆ بەرگریکردن لە مافی ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان. پاساوی ئەم کارەش ئەوەبوو کە نوێنەرانی هەڵبژێردراو سەرەڕای ژمارەی کەمی دەنگەکانیان، چونکە هەڵقوڵاوی ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی تایبەتن، رەوایی تەواویان هەیە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان. ئەم شێوازە ئەگەرچی بەکردەوە بە نادیموکراتیانە دێتە پێش چاو، بەڵام لەگەڵ راستییەکانی ئەوسای کۆمەڵگای بەریتانیدا بەتەواوی گونجاو بووە.

ئەو گرنگترین رەخنەیەی کە ئاراستەی ئەم شێوازەی هەڵبژاردن دەکرێ، نادادپەروەربوونیەتی، بۆ وێنە، ئەگەر لە حەوزەیەك ١٠٠ دەنگدەر و ٩ پاڵێوراو هەبێ و یەکێك لە پاڵێوراوەکان ٢٠ دەنگ و ئەوانی دی هەریەکەی ١٠ دەنگ بەدەستبهێنن، نوێنەری ئەم حەوزەیە تەنها بە ٢٠٪ کۆی گشتی دەنگەکان، دەبێتە خاوەنی کورسی نوێنەرایەتی. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە گەلێك لە وڵاتان بە پەسەندکردنی پرەنسیپی سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە، هەوڵیاندا تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ چاکسازیی تێدا بکەن. هەربۆیە ئێمە لە جیهانی ئەمڕۆدا شێوازی جۆراوجۆری سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە بەدی دەکەین. سیستەمەکانی هەڵبژاردنی زۆرینە دەکرێ بەشێوازی جۆراوجۆر پۆلێنبکرێن، سادەترینیان پۆلێنکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردنە لەسەر بنەمای ئەو جارانەی کە لەوانەیە هەڵبژاردن دووبارە ببێتەوە.



### * شێوازە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی زۆرینە لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی قۆناغەکانی هەڵبژاردن:

هەڵبژاردنی زۆرینە لەوانەیە لە یەك قۆناغدا ئەنجامبدرێ و چارەنووسی هەڵبژاردن لە هەمان قۆناغی یەکەمدا دیاریبکرێت. بەڵام ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی کورسی نوێنەرایەتی رێژەیەکی دیاریکراو لە دەنگەکان (نیوە + یەك یا پتر) بکرێتە مەرج، ئەوا هەڵبژاردن دەبێ چەندین جار دووبارە ببێتەوە هەتا رێژەی پێویست بەدەستدێت. ئێستا بەکورتی باس لە سیستەمە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن دەکەین لەسەر بنەمای سیستەمی زۆرینە.

### * هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك قۆناغی:

لەم سیستەمی هەڵبژاردنەدا ئەو کەسانەی کە لە تاکە قۆناغی هەڵبژاردندا، لەچاو ئەوانیتر دەنگی زیاتر بەدەستبهێنن، بە براوەی هەڵبژاردن لەقەڵەمدەدرێن. ئەم شێوازە هەر لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە هەندێ وڵاتی وەك بەریتانیا، ئەمەریکا، ئەفریقیای باشوور، هیندستان، ئوسترالیا، سریلانکا و نیوزیلەندا باوبووە. هەروەك گوترا، هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك قۆناغی بەکردەوە، زۆر بەنادادپەروەرانە دێتە پێش چاو، چونکە پاڵێوراوێك دەتوانێ بەرێژەیەکی زۆر کەمی دەنگەکان کورسی نوێنەرایەتی بەدەستبهێنێت. لایەنگرانی ئەم سیستەمە بەڵگەی جۆراوجۆر بۆ باشییەکانی ئەم شێوازەی هەڵبژاردنە دەخەنەڕوو. یەکێك لەو بەڵگانە ئەوەیە، لەو وڵاتانەی کە ئەم سیستەمی هەڵبژاردنە بەڕێوەدەچێ، حیزبە بچووکەکان ئومێدێکیان بۆ سەرکەوتن و خۆ دەرخستن نییە لە کۆمەڵگادا و ناچارن لەگەڵ حیزبە بەهێز و گەورەکاندا ئیئتیلاف بکەن. کەڵك وەرگرتن لەم شێوازە دەبێتە بەربەست لەبەردەم گرووپگەرایی و دەستەبەندیی زۆر لە کۆمەڵگادا و بەکردەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگا بە سەر دوو باڵ یا حیزبی گەورەدا دابەش ببێ. چونکە ئەنجامی هەڵبژاردن لە یەکەمین قۆناغدا دیاریدەکرێت، هەر بۆیە حیزبە بچووکەکان هیچ هیوایەکیان نییە بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا و دەزانن کە هەموو کورسییەکانی نوێنەرایەتی بەر حیزبە بەهێزەکان دەکەون. هەربۆیە، ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن رێگایەکە بۆ بەرگریی کردن لە پەراگەندەیی و گرووپگەرایی بەرفراوان لە کۆمەڵگادا. حیزبە بچووك و لاوازەکان، چونکە دەزانن کە هیچ ئومێدێکیان نییە بۆ بەدەستهێنانی کورسی لە پارلەماندا، هەر بۆیە ناچارن لایەنگریی لە یەکێك لەو دوو حیزب یا

باڵە گەورەیە بکەن کە ئومێدی بردنەوەیان هەیە. ئەو وڵاتانەی کە ئەم سیستەمی هەڵبژاردنەیان گرتۆتەبەر، بەزۆریی خاوەن سیستەمی جووت حیزبین.

وڵاتی بەریتانیا ساڵانێکە بووەتە گۆڕەپانی رکابەریی لەنێوان دوو حیزبی بەهێزی کرێکار و پارێزگار و لە ئەمەریکاش هەردوو حیزبی دیموکرات و کۆماریخواز حیزبی باڵادەستی ئەم وڵاتەن.

## * هەڵبژاردنی زۆرینەی فرە قۆناغی:

بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی یەك قۆناغی و بە ئیلهام وەرگرتن لە شێوازی باو لە کلێسای رۆما بۆ هەڵبژاردنی پاپا و بەرپرسانی ئایینی، هەندێ لە وڵاتان سیستەمی هەڵبژاردنی فرە قۆناغییان گرتۆتەبەر. لە هەڵبژاردنی پاپا، چونکە هەڵبژێرەکان، نوێنەرانی کلێسا جۆراوجۆرەکانن و ژمارەشیان سنووردارە، هەربۆیە دەرفەتی ئەوە هەیە کە هەڵبژاردن بۆ چەندین جار دووبارە ببێتەوە هەتا زۆرینەی نزیك لە تێکڕای دەنگەکان بەدەستدێت. کەواتە لە کلێسای رۆما بەدەستهێنانی زۆرینەی نزیك لە تێکڕای دەنگەکان زەرورە، هەربۆیە هەڵبژاردن ئەوەندە دووبارە دەبێتەوە هەتا هەڵبژێردراوی کۆتایی زۆرترین رێژەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێ و ببێتە خاوەن رەوایی پێویست. بەم جۆرە هەڵبژاردن لە چەندین قۆناغدا ئەنجامدەدرێ و لە هەرجارێکدا، ژمارەیەك لە پاڵێوراوان بەلاوە دەنرێن و هەڵبژاردن لە نێوان ئەوانەدا بەرێوەدەچێت کە زیاترین ژمارەی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە و لە کۆتاییدا ئەو کەسەی کە زۆرینەی نزیك لە تێکڕای دەنگەکانی بەدەستهێناوە هەڵدەبژێردرێ. سروشتییە کە بەدیهاتنی ئەم شێوازە لە کۆمەڵگایەك کە گرووپێکی زۆر دەنگدەری ئاسایی و ناشارەزا لەخۆ دەگرێ، بەکردەوە مومکین نییە و دووبارە بوونەوەی چەندین جارەی هەڵبژاردن جگە لە خەرجییەکی قورس، دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی لەرادەبەدەری ماوەی هەڵبژاردن. هەربۆیە گەلێك لە وڵاتان رێگای مامناوەندییان گرتۆتەبەر و بەدەستهێنانی (نیوەی + ١)ی دەنگەکانیان بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا بەپێویست زانیوە. ئەگەر زۆرینەی پێویست لە قۆناغی یەکەم نەیەتەدی، ئەوا رێگاچارەی جۆراوجۆر لەبەرچاو دەگیرێت کە بریتین لە:

١- گرتنەبەری هەمان شێوازی کۆن لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پاپاکان و دووپاتبوونەوەی هەڵبژاردن بۆچەندین جار هەتا ئەو کاتەی کە زۆرینەی پێویست و خوازراو دێتەدی. لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا کە هەتا ساڵی ١٩٦٨ هەڵبژاردنی



سەرۆك کۆمار لە ئەستۆی نوێنەرانی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەراندا بوو، شێوازێکی لەم جۆرە بەرێوەدەچوو و بە دووپاتبوونەوەی هەڵبژاردن لە قۆناغی جۆراوجۆرەکاندا، سەرئەنجام سەرۆك کۆمارێك بە پتر لە ٥٠٪ دەنگەکان هەڵدەبژێردرا. هەروەك لەمەوپێش گوترا لەو هەڵبژاردنەی کە هەموو دەنگدەران دێنە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان، بە کردەوە دەرفەتی جێبەجێ کردنی ئەم شێوازە لە ئارادانییە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێك لە وڵاتان رێگایەکی تر بگرنەبەر.

٢-ئەگەر ئاراستەی گوتاری هەڵبژاردن، بۆ هەموو خەڵك بێ نەك کۆمەڵێکی دەستەبژێرکراو و شارەزا، ئەوا پتر لە جارێك دەرفەتی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن نییە و بە کردەوە دوو شێواز گیراوەتەبەر.

**أ- زۆرینەی رێژەیی لە خولی دووهەم:**

وڵاتی فەرەنسا لە هەڵبژاردنی پارلەمان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجوومەنی شارەکان لەم شێوازە کەڵك وەردەگرێ. کەواتە ئەو کەسانەی کە لە خولی دووهەم زۆرینەی رێژەیی بەدەستبهێنن بە براوە دەدانرێن، ئەگەرچی دەنگە بەدەستهاتووەکانیان لە (نیوە + ١) کەمتریش بێت.

**ب- سنووردارکردنی هەڵبژێردراوەکانی خولی دووهەم:**

بەم پێیە، ژمارەیەکی کەم لەو پاڵێوراوانەی کە لە خولی یەکەم، زیاترین ژمارەی دەنگیان بەدەستهێناوە، مافی ئەوەیان هەیە لە خولی دووهەمدا بەشدارییبکەن.

بەم جۆرە بێگومان لە هەڵبژاردنی خولی دووهەم، یەکێك لە پاڵێوراوان (نیوە + ١)ی دەنگەکان بەدەستدەهێنێ. ئەم شێوازە لە پاش ساڵی ١٩٦٨ لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی فەرەنسا بەرێوەچوو. پاساوی ئەم شێوازەش ئەوەیە کە سەرۆك کۆمار، بە نوێنەری وڵاتێك لە قەڵەمدەدرێ و هەربۆیە پێویستە رەوایی تەواوی هەبێ. لە ئەنجامدا، ئەم شێوازە تەنها بەو مەبەستە دانرا کە بتوانێ پێگەی جەماوەریی پێویست بۆ سەرۆك کۆمار دەستەبەر بکات. بەڵام زۆرجار روودەدات کە لە سیستەمێکی لەم جۆرەدا بەهۆی ئامادەبوونی لەرادەبەدەری دەنگدەران سەرۆك کۆمار سەرەرای بەدەستهێنانی ٥٠٪ دەنگەکان بەکردەوە رەواییەکی زۆر کەمی دەبێت. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٩ لە خولی دووهەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی فەرەنسا هەردوو پاڵێوراوەکە لە باڵی راست بوون و بەم جۆرە، باڵی چەپ هیچ پاڵنەرێکی نەبوو

بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، هەر بۆیە هەڵبژاردنی بایکۆت کرد. لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەدا، (ژۆرژ پۆمپیدۆ) بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا بەڵام سەرەڕای بەدەستهێنانی (نیوە+١)ی دەنگەکان چونکە ڕێژەیەکی زۆر کەمی فەرەنسییەکان هەڵیانبژاردبوو هەر بۆیە حکوومەتەکەی خاوەن ڕەواییەکی زۆر کەم بوو.

ئەمسا، پورتوگال، بەڕازیل، نەرویج و پۆڵەندا لەو وڵاتانەن کە لە هەڵبژاردندا پەیڕەویی لە شێوازێکی لەم جۆرە دەکەن.

هەروەك لەمەوپێش گوترا ئەم سیستەمە هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەوە کە کەسێك بەڕێژەیەکی زۆر کەمی دەنگەکان سەربکەوێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئاستەنگە چاوەڕوانکراوە، هەندێ لە وڵاتان بیریان لە هەندێ ڕێگا چارە کردۆتەوە، بۆ نموونە لە هەندێ لە وڵاتان جگە لە زۆرینەی ڕەهای دەنگدەران بۆ سەرکەوتن، ئەوا پێویستە کە ڕێژەی دەنگەکانی پاڵێوراوەکە لە ١/٤ ئەو کەسانە کەمتر نەبێ کە بۆ هەڵبژاردن ناونووس کراون[٢٥٦].

ئەم مەرجە دەبێتە هۆی ئەوە لەو حاڵەتانەی کە ڕێژەیەکی بەرزی ناونووسکراوانی هەڵبژاردن بەشداری لە هەڵبژاردندا ناکەن، ئەوا کەسی هەڵبژێردراو تەنها نوێنەری کەمینەیەکی سنوورداری ئەو کەسانە بێ کە مەرجەکانیان تێدا بەدی دەکرێ.

لە هەندێ لە وڵاتان ڕێگا چارەیەکیان پێشبینی کردووە هەتا بتوانن کەڵك لە قازانجەکانی ئەم شێوازە وەربگرن و کەموکورتییەکانی بۆ ئەوپەڕی خۆی کەمبکەنەوە. هەربۆیە، هەندێ لە وڵاتان بەدەستهێنانی ڕێژەیەك لە دەنگەکانیان لە خولی یەکەم کردۆتە مەرج بۆ خۆپاڵاوتن لە خولی دووهەم. هەربۆیە، ژمارەی پاڵێوراوان لە خولی دووهەم کەم دەبێتەوە و ئومێد دەکرێ لە دووهەمین خولی هەڵبژاردندا، زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەستبێت. بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنی پارلەمانی فەرەنسا، تەنها کەسانێك لە خولی دووهەمدا مافی خۆپاڵاوتنیان هەیە کە لە خولی یەکەم، لانی کەم ڕێژەی ١٢,٥٪ دەنگە ناونووسکراوەکانیان (بەشێوەیەکی مامناوەندی ١٧,٥٪ بەشداربووان) بەدەستهێنابێ[٢٥٧]. بەکردەوە و بەزۆری لە خولی دووهەم سێ کەس لەگەڵ یەکتردا ڕکابەریی دەکەن. ئەگەر بێت و لە خولی یەکەم، تەنها یەکێك لە پاڵێوراوەکان ١٢,٥٪ دەنگی ئاماژەپێکراوی بەدەستهێنابێ، ئەوا کەسی دووهەم ئەگەرچی دەنگەکانیشی

(٢٥٦) بەندی L-١٢٦ یاسای هەڵبژاردنی فەڕەنسا.

(٢٥٧) بەندی L- ١٩٦٢.



نەگەیشتبێتە ڕێژەی پێویست،دەتوانێ لە خولی دووهەمدا بەشداربیبکات، بەڵام ئەگەر لە خولی یەکەمی هەڵبژاردن، هیچ کام لە پاڵێوراوەکان ڕێژەی ئاماژەپێکراویان بەدەستنەهێنابێ، دوو کەسی یەکەم، ئەگەرچی ڕێژەی دەنگەکانیشیان لە ١٢,٥٪ کەمتر بێ، ئەوا مافی بەشدارییان لە خولی دووهەمی ڕکابەریی هەڵبژاردندا هەیە[٢٥٨].

شیاوی باسە لە کۆماری سێهەمی فەرەنسا، هەر کەسێك دەیتوانێ لە خولی دووهەمدا ببێتە پاڵێوراوی نوێنەرایەتی. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەم قۆناغەدا گرووپە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتردا بکەونە گفتوگۆ و لەسەر ئەو کەسانەی کە بەلایانەوە جێی پەسەندن و لە خولی یەکەمدا باسیان لێوە نەکرابوو، بگەنە ڕێککەوتن. دەرەنجام ئەوەیە کە لە خولی دووهەم، کەسانێکی نوێ دەیانتوانی لە گۆڕەپانی ململانێکانی هەڵبژاردندا دەربکەون. بەڵام لە کۆماری پێنجەم، ئەم شێوازە بەلاوەنرا و هەندێ سنوور بۆ بەشداری لە خولی دووهەم لەبەرچاو گیران. یەکەمین مەرجی خۆپاڵاوتن لە خولی دووهەمی ململانێکانی هەڵبژاردن، بەشداری پاڵێوراوە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا. لە ئەنجامدا، تەنها کەسانێك دەتوانن ببنە پاڵێوراوی خولی دووهەمی هەڵبژاردن کە لەمەوپێش لە خولی یەکەم جارێك بەختی خۆیان تاقی کردبێتەوە. جگە لەمە، مەرجێکی تریش لەبەرچاو گیراوە کە ئەویش بریتییە لە ڕێژەی دەنگەکان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا. هەروەك گوترا، ئێستا بەپێی یاسای ٩ی تەمووزی ١٩٧٦، بەدەستهێنانی ١٢,٥٪ دەنگی ناونووسکراوان بۆ بەشداری لە خولی دووهەمدا بەپێویست دادەنرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتای کۆماری پێنجەم، تەنها بەدەستهێنانی ٥٪ دەنگەکان بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو، لە ساڵی ١٩٦٧ ئەم ڕێژەیە بۆ ١٠٪ و سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ١٢,٥٪ زیادیکرد.

## ج- تاکە دەنگی گوێزراوە[٢٥٩]:

ڕێگا چارەکانی پێشوو، لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن بنیاتنرابوون، بەڵام لە سیستەمی تاکە دەنگی گوێزراوەدا، لەباتی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن، لە هەمان قۆناغی یەکەم، پێشبینی پێویست دەکرێ و داوا لە دەنگدەر دەکرێ کە لە یەکەمین قۆناغی هەڵبژاردندا، دەنگی خۆی بۆ قۆناغی دووهەمیش دیاریبکات. بەم جۆرە، داوا لە دەنگدەر

(٢٥٨) یاسای هەڵبژاردنی فەڕەنسا — بڕگەی ٤ لە بەندی L-١٦٢.

(٢٥٩) Le vote Tranferable.

دەکرێ بە ئەولەویەت بەندییکردن، هەڵبژاردەکانی خۆی دەستنیشان بکات و ئەگەر هەڵبژاردە یەکەمەکەی دەنگی پێویستی نەهێنا، ئەوا چ کەسێك لەجیاتی ئەودا هەڵدەبژێرێت. ئەم شێوازە لەو وڵاتانەدا شیاوی جێبەجێکردنە کە لە هەر حەوزەیەکدا ململانێ تەنها لەسەر یەك کورسی بکرێ[٢٦٠].

ئەم شێوازە جگە لەوڵاتانی ئیرلەندا و چەند وڵاتێکی ئانگلۆساکسۆن لە کەمتر وڵاتێکدا سوودی لێوەردەگیرێ. ئەم سیستەمە کە لە ئەوروپای رۆژئاوادا نامۆیە، ئەم تایبەتمەندییەی هەیە کە تاکەکان بە هەڵبژاردنی تایبەتی خۆیان، نوێنەران دەستنیشان دەکەن و ناچار نین دەنگ بۆ لیستی لەپێش دیاریکراوی حیزبەکان بدەن. ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن بۆ یەکەم جار لە ساڵی **١٨٧٥** لەلایەن (تۆماس هیر)ەوە[٢٦١] بە خەڵك ناسێندرا، هەربۆیە بە (سیستەمی هیر) بەناوبانگە. جگە لە ئیرلەندا، وڵاتانی دیکەی وەك نەمسا، ئوستراليا (بۆ هەڵبژاردنی پارلەمان) و تانزانیا کەڵك لەم شێوازە وەردەگرن. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم شێوازە، کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی حیزب و گرووپە سیاسییەکانە لە هەڵبژاردندا.

## * جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە لەسەر بنەمای چۆنێتی پۆلێنکردنی حەوزەکانی هەڵبژاردن:

پرسی پۆلێنکردنی حەوزەکان بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە لە هەڵبژاردندا کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نییە، هەربۆیە لێرە بەکورتی باس لەم پرسە دەکەین.

### * سیستەمی زۆرینە لە حەوزەی تاك کورسیدا:

لەم سیستەمەی هەڵبژاردندا، پۆلێنکردنی حەوزەکان بە جۆرێکە کە لە هەر حەوزەیەکدا ململانێ تەنها لەسەر یەك کورسی دەکرێ. حەوزەکان بەڕادەی پێویست بچووکن و بەگشتی بەپێی ژمارەی کورسییەکانی ناو پارلەمان، حەوزەی هەڵبژاردن لە وڵاتدا هەیە. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە بەهۆی بچووکبوونی حەوزەکان، دەنگدەران ئاشنایەتییەکی زیاتریان لەگەڵ پاڵێوراواندا هەیە و بە بەرچاو روونییەکی زیاتر نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن. ئەم هەڵبژاردنە لە سەردەمی کۆماری سێهەمی فەرەنسادا باو بووە و بە

---

(٢٦٠) لەم بارەیەوە بڕوانە بۆ:
LANCLOT AL, Les Election sous Republique, Paris, Que-Sais-Je? 1983, P97.
(٢٦١) Thomes Hare.



((هەڵبژاردنی ناوچەکان)) بەناوبانگ بووە. ئەمڕۆش لە فەرەنسا ئەم شێوازە بۆ هەڵبژاردنی کانتۆنەکان کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی ئەوە کە لەبری حیزبە سیاسییەکان، کەسایەتییە خاوەن نفووزەکانی هەر ناوچەیەك، رۆڵێکی گرنگ لە هەڵبژاردندا بگێڕن.

### * سیستەمی زۆرینە لە حەوزە فرە کورسییەکاندا:

لەم سیستەمی هەڵبژاردنەدا لە هەر حەوزەیەك ململانێ لەسەر چەندین کورسی دەکرێ. لە ئەنجامدا، بەپێچەوانەی حەوزە تاك کورسییەکان، ئەم حەوزانە ئەوەندە بەربڵاون کە لە هەر حەوزەیەکدا، چەندین کەس وەك نوێنەر هەڵدەبژێردرێن. لەم سیستەمەدا، حیزبە سیاسییەکان، ئەکتەرانی سەرەکی گۆڕەپانی هەڵبژاردنن و بەزۆریی لە رێگای راگەیاندنی لیستی لەپێش دیاریکراو لەگەڵ یەکتردا دەکەونە ململانێ. لەم سیستەمەی هەڵبژاردندا، بڕیاردەرانی سەرەکی لەسەر پاڵێوراوان، حیزبە سیاسییەکان و بە پلەی یەکەم سەرۆك و رێبەرانی حیزبین. سیستەمی لیست، بەشێوازی جۆراوجۆر لە وڵاتانی جۆراوجۆردا بەڕێوەدەچێ کە گرنگترینیان بەم جۆرەی خوارەوەیە:

١- لیستی داخراو: لەم شێوازەدا، دەنگدەران لەنێوان لیستە جۆراوجۆرەکاندا، تەنها مافی هەڵبژاردنی یەك لیستیان هەیە بەو شێوازەی کە دابەزیوە و ناتوانن هیچ جۆرە دەستکارییەك لە لیستەکاندا بکەن. لە راستیدا، لە سیستەمی لیستی داخراو، دەنگدەران دەنگ بە حیزبە سیاسییەکان دەدەن، نەك بە پاڵێوراوە تایبەتییەکان. ئەم جۆرە هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حیزبە سیاسییەکان بەتایبەت رێبەرانیان ببنە هەڵسووڕێنەری سەرەکی گۆڕەپانە سیاسییەکان.

٢- لیستی کراوە: لەم شێوازەدا، دەنگدەران لە نێوان لیستە جۆراوجۆرەکاندا، پاڵێوراوانی خۆیان هەڵدەبژێرن و بە ئارەزووی خۆیان لیستێك رێکدەخەن. لەم شێوازەدا، تا رادەیەك ئاستی نفووزی حیزبە سیاسییەکان کەم دەکرێتەوە و تاکەکان ئازادی کرداری زیاتریان هەیە. حیزبە سیاسییەکان لیستەکانی خۆیان رادەگەیەنن و تاکەکانیش، بە خوێندنەوەی لیستە جۆراوجۆرەکان، لیستی کۆتایی خۆیان رێکدەخەن.

٣- لیستە هاوپەیمانەکان: لەم سیستەمەدا ئەو حیزب و گرووپە سیاسییانەی کە لیستیان بۆ هەڵبژاردن راگەیاندووە، دەبێ بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لیستە هاوپەیمانەکانی خۆشیان دیاری بکەن. ئەگەر بێت و لە خولی یەکەم، هیچ لیستێك زۆرینەی رەهای بەدەستنەهێنابێ، ئەوا لیستە هاوپەیمانەکان لەپاڵ یەکتر دادەنێن و ئەو هاوپەیمانانەی کە زۆرینەیان بەدەستهێنابێ، بە براوەی هەڵبژاردن لەقەڵەمدەدرێن. پاشان بەپێی رێژەی دەنگەکانی هەر لیستێك، کورسییەکان لەنێوان لیستە هاوپەیمانەکاندا دابەشدەکرێ. وڵاتی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٥١ تا ساڵی ١٩٥٦ لە هەڵبژاردندا ئەم شێوازەی بەکاردەهێنا. مەبەستی سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم شێوازە لەو سەردەمەدا، بەلاوەنانی کۆمۆنیستەکان بوو لە پارلەماندا، چونکە کۆمۆنیستەکان لەگەڵ هەموو گرووپەکان و تەنانەت لەگەڵ حیزب و گرووپە چەپییەکانیشدا ناکۆکی زۆریان هەبوو و نەیاندەتوانی لەگەڵ هیچ گرووپێکدا ئیئتیلاف بکەن. بەکردەوە، ئەم شێوازە زۆر کاریگەر بوو و ژەنراڵ دیگول توانی ژمارەی کورسی کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوپەڕی خۆی کەم بکاتەوە.

### * سیستەمی هەڵبژاردنی رێژەیی:

### تێڕوانینی جۆراوجۆر بۆ سیستەمی هەڵبژاردنی رێژەیی:

بەسەرنجدان بە کەموکورتییەکانی سیستەمی زۆرینە، گەلێك لە وڵاتان روویان کردۆتە سیستەمی رێژەیی. بەم پێیە، هەریەك لە حیزبە سیاسییەکان بەپێی رێژەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردندا، دەتوانن کورسی پەرلەمانی بۆخۆیان دەستەبەر بکەن. لە سیستەمی رێژەیی، بەپێچەوانەی سیستەمی زۆرینە کە براوەی (نیوە+١)ی دەنگەکان، هەموو کورسییەکان بۆ خۆی دەبات، هەر حیزب یا گرووپێك بەپێی رێژەی دەنگەکانی خۆی دەتوانێ ببێتە خاوەنی کورسی نوێنەرایەتی.

بەم جۆرە سیستەمی رێژەیی، لەسەر بنەمای لیست لەلایەن حیزبەکانەوە بنیات نراوە و هەڵبژاردن تەنها لە یەك قۆناغدا ئەنجامدەدرێ. لە سیستەمێکی لەم جۆرەدا، حەوزەکانی هەڵبژاردن دەبێ وەك پێویست بەربڵاو و خاوەن چڕی دانیشتووان بن تا لانیکەم لە هەر حەوزەیەکدا ٤ تا ٥ کەس بۆ هەڵبژاردن پێویست بن[٢٦٢].

(٢٦٢) ZARKA J. C, Les systemes electoraux, Paris, Ellipses, 1995. P.24.



هەڵبژاردنی رێژەیی یەکێك لە باسە سەرەکییەکانی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بوو. بەم حاڵەش، گەلێك لە وڵاتانی ئەورووپی تا بەر لە تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم ئەم سیستەمەیان پەسند نەکرد. تا بەر لەم مێژووە، تەنها وڵاتانێکی بچووکی وەك دانیمارك، بەلجیکا، فنلەندا و کانتۆنەکانی سویسرا بەم سیستەمە کاریان دەکرد. گرووپە جۆراوجۆرەکان بە پاڵنەری جۆراوجۆر پشتگیرییان لەم سیستەمە دەکرد لە هەڵبژاردندا. پارێزگاران بۆیە خوازیاری هەڵبژاردنی رێژەیی بوون چونکە وایاندەزانی کە ئامادەبوونی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە پارلەمان دەبێتە بەربەست لە بەردەم پەسندکردنی گۆڕانکارییە لەناکاوەکان، و گرووپە جۆراوجۆرەکان پاش گەیشتنە دەسەڵات دەتوانن بەدەستەبەر کردنی ئیمکانیات و ئاسانکاری بۆ دەنگدەرانی خۆیان، جۆرێك لە ئەمەگداری تایبەتی بۆخۆیان دروستبکەن. کۆی ئەم دوو فاکتەرە، دەبێتە بەربەست لەبەردەم جموجۆڵ و چالاکی شۆڕشگێڕانە لە گۆڕەپانی سیاسیدا و ئەمەش هەر ئەو شتە بوو کە پارێزگاران بە گەرموگوڕی بەدوایدا دەگەڕان.

باڵی شۆڕشگێڕ و توندڕەوەکانی سەدەی ١٩ ئەم سیستەمەیان بە ئامرازێك دەزانی بۆ بەدیهێنانی ئازادی و رەنگدانەوەی رای گشتی لە دەوڵەتدا و، بەو جۆرە بەڵگەیان دەهێنایەوە کە هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك خولی دەتوانێ دەنگی ٨٠٪ دەنگدەران پشتگوێ بخات و لە هەڵبژاردنی دوو خولی ئەم رێژەیە دەگاتە ٤٩٪ و بە هەر حاڵ، گرفتەکە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە.

لەبەرامبەردا دەبێ دەسەڵاتداران و چینی فەرمانڕەوا لە سەدەی نۆزدەهەم بە گرنگترین نەیارانی ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن بزانین. ئەم ژمارەیە، سیستەمی رێژەییان بە فاکتەرێك دەزانی بۆ رەوایی بەخشین بە گرووپگەرایی و ناسەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا. لە ساڵی ١٨٥٩، پارێزەرێکی بەریتانی بەناوی (تۆماس هێر)، کتێبێکی بڵاوکردەوە و تێیدا بەتوندیی رەخنەی لە سیستەمی دەنگدانی ئەو کاتە گرت و، سیستەمی رێژەیی پێشنیارکرد. لە ساڵی ١٨٨١، لە بەلجیکا ئەنجوومەنێك دروستبوو تا لەسەر باشییەتی هەڵبژاردنی رێژەیی بکۆڵێتەوە. ساڵێك پاش دروستبوونی ئەم ئەنجوومەنە، یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەنەکە بەناوی (ڤیکتۆر دۆنت)[٢٦٣]، کتێبێکی بڵاوکردەوە و تێیدا چۆنێتی هەژمار و دابەشکردنی کورسییەکانی لە سیستەمی رێژەییدا شیکردەوە. ئەم ئەنجوومەنە لە رێکەوتی ٧ تا ٩ی ئابی ١٨٨٥ لە شاری (ئانورس) سیمینارێکی نێودەوڵەتی گرێدا. سیمینارەکە بە دەرکردنی

(٢٦٣) Victor D, Hondt.

ڕاگەیاندراوێك، سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی بە باشتر لە سیستەمی زۆرینە لە قەڵەمدا و شێوەی هەژمارکردنەکەی دۆنتی بە باشترین شێواز ڕاگەیاند بۆ دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی ڕێژەی دەنگەکان[٢٦٤].

ئەو شتەی کە لەم سەردەمەدا پتر سەرنجی ڕادەکێشا، دادپەروەرانە بوونی سیستەمی ڕێژەیی بوو. هێنانەوەی نموونەیەك بەس بوو تا لوتکەی نادادپەروەرێتی سیستەمی زۆرینە ڕوونبکاتەوە و ڕای گشتی بەرەو ئاراستەی سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی ببات. بۆ نموونە، دەتوانین حەوزەیەك بهێنینە پێش چاو کە لە پێنج سەد هەزار دەنگدەر و ٥ کورسی پێکهاتووە. ئەگەر بێت و لە خولی یەکەم، لیستی (أ) ٢٥١ هەزار و لیستی (ب) ٢٤٩ هەزار دەنگ بهێنن، بەپێی سیستەمی زۆرینەی یەك قۆناغی هەر پێنج نوێنەرەکە لە لیستی (أ) هەڵدەبژێردرێن و لیستی (ب) تەنها بە جیاوازیی هەزار دەنگ، هیچ کورسییەك بەدەستناهێنێ.

ڕوانینێك بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨١ی وڵاتی فەرەنسا، ئەوە نیشاندەدات کە حیزبە بچووکەکان دەبێ زۆر لەم سیستەمە ناڕازی بن، چونکە حیزبەکانی زۆرینە، واتە حیزبە دەستە ڕاستییەکانی وەك ((کۆبوونەوە بۆ کۆماری)) یا ((کۆبوونەوە بۆ دیموکراسی فەرەنسا)) بە ٤٥٪ دەنگەکان، ٢٩١ کورسییان بردەوە. بە وتەیەکی تر، حیزبە فەرمانڕەواکان وەك حیزبی سۆسیالیست و ئەو دوو حیزبە دەستە ڕاستییەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، سەرجەم بە ٧٢٪ دەنگەکان، ٨٤٪ کورسییەکانیان بۆ خۆیان دەستەبەرکرد. لەبەرامبەردا، حیزبە بچووکەکانی وەك حیزبی کۆمۆنیست، ڕاستە توندڕەوەکان و... زۆر لەم سیستەمە زیانمەندبوون. هەروەك چاوەڕوان دەکرا، دوا بەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، حیزبە بچووکەکان نارەزاییان لەسەر ئەم سیستەمەی هەڵبژاردنە دەربڕی کە لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٨٥ بووە هۆی چاکسازیی لە سیستەمی هەڵژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا. بەسەرنجدان بە ئاستەنگەکانی سیستەمی زۆرینە، گەلێك لە وڵاتان ڕوویان کردە سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی. لەم سیستەمەدا بەپێچەوانەی سیستەمی زۆرینە، هەر حیزب یا باڵێك سەرەڕای براوەنەبوونی لە گۆڕەپانی هەڵبژاردندا، دەتوانێ ببێتە خاوەن کورسی نوێنەرایەتی. لەم سیستەمەدا دەبێ کورسییەکان

(٢٦٤) BARTOLINI, S, MAIR, P, Identiling, competition and Electoral stabilization of European Electorates 1885-1985, Cambridge University Press, 1990. P.156.



بەپێی ڕێژەی دەنگەکان لەنێوان پاڵێوراواندا دابەش بکرێ. هەندێ جار دابەشکردنی کورسییەکان لە نێوان حیزبەکاندا، بەشێوازێکی زۆر ئاڵۆز ئەنجامدەدرێ. دابەشکردنی کورسییەکان لەسەر دوو ئاستی جۆراوجۆردا ئەنجامدەدرێن. لەلایەکەوە دەبێ ژمارەی کورسییەکانی هەر لیستێك دیاریبکرێن و لەلایەکی ترەوە دەبێ کورسییەکانی ناو هەر لیستێك دابەش بکرێن. باسکردن لەم شێوازانەی سەرەوە بۆخۆی بابەتێکی سەربەخۆیە کە لە توانای ئەم وتارەدا نییە. بە وتەیەکی تر، ئەو حیزبانەی کە ژمارەی دەنگەکانیان لە سەقفی دیارکراو کەمترە، ئەوا بە دۆڕاوی تەواوی هەڵبژاردن لەقەڵەمدەدرێن و هیچ کورسییەکی نوێنەرایەتی پارلەمانیان بەرناکەوێ. لە ئەنجامدا، لە هەڵبژاردنی ڕێژەیش، ڕێژە نزمەکان بەلاوە دەنرێن و پرەنسیپی ((کورسی بەپێی ڕێژەی دەنگەکان)) بە تەواوی لەبەرچاو ناگیرێت. (ڕۆدۆلف هێربێرگ) لەو باوەڕەدایە کە ئەم شێوازە دەبێتە بەربەست لەبەردەم چوونە ناو پارلەمانی ئەو گرووپانەی کە بەشێوەیەکی کاتی و لەبەر هۆکارێکی خێرا و ناسەقامگیر لە کۆمەڵگادا دروستدەبن[٢٦٥]. دابەشکردنی کورسییەکان لە هەڵبژاردنی ڕێژەیی، پتر بە دوو شێوازی گشتی ئەنجامدەدرێ کە بریتین لە:

### * ڕێگای کۆتای هەڵبژاردن[٢٦٦]:

ئەم شێوازە، باوترین شێوازی دابەشکردنی کورسییەکانە لە نێوان حیزبەکاندا. لەم شێوازەدا، بە دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکان بەسەر ژمارەی کورسییەکاندا، ژمارەیەك دێتە دەست پێی دەگوترێ کۆتای هەڵبژاردن. ئەم ژمارەیە، دەبێتە پێوەری دابەشکردنی کورسییەکان و هەر لیستێك بەپێی چەند جارەی جۆراوجۆری ئەم ژمارەیە، کورسی بەردەکەوێت. بۆ وێنە ئەگەر ٥٠٠,٠٠٠ دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنی ٥ کەس بچنە سەر سندوقی دەنگدان، کۆتای هەڵبژاردن لێرەدا دەبێتە ١٠٠,٠٠٠و هەر لیستێك بەرامبەر بە ١٠٠,٠٠٠ دەنگ، یەك کورسی بەردەکەوێت. هەندێ وڵاتی وەك هۆڵەندا و یۆنان بۆ دابەشکردنی کورسییەکان لەم شێوازە کەڵك وەردەگرن، بەڵام هەندێ وڵاتی دیکە وەك نەمسا، سویسرا و لۆکزامبۆرگ سوود لە شێوازێکی هاوچەشن وەردەگرن کە بەشێوازی ((بیسشۆف)) [٢٦٧] بەناوبانگە.

(٢٦٥) ROUDOLF HERBERK, “Le systeme electoral en RFA”, Pouvoirs, no 32, 1985. P.76.
(٢٦٦) Quotient.
(٢٦٧) Hagebach-Bischoff.

ئەم شێوازە تاکە شێوازێکە کە پاشماوەی دەنگی حیزب و لیستەکان لەسەر ئاستی ولات و لە حەوزە جۆراوجۆرەکاندا لەبەرچاو دەگرێ و رەنگدەرەوەی راستەقینەی رای گشتییە لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا. ئەڵمانیا لە سەردەمی کۆماری وایمار لەم سیستەمە کەڵکی وەردەگرت. فەرەنسا لە ساڵی ١٩٧٩ەوە بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەوروپا ئەم شێوازەی گرتۆتەبەر. بەم جۆرە لە هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەوروپا، سەرانسەری فەرەنسا بە یەك حەوزەی هەڵبژاردن لە قەڵەمدەدرێ.

### * سیستەمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو:

ئەم سیستەمە هەوڵدانێکە بۆ کۆکردنەوەی لایەنە باشەکانی هەردوو سیستەمی پێشووی هەڵبژاردن. ئامانجی سەرەکی ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن، کۆکردنەوەیە لە نێوان پرەنسیپی دادپەروەری و لە بەرچاوگرتنی مافی حیزب و گرووپە سیاسییەکان لەلایەکەوە، و رەخساندنی هەلی دروستکردنی زۆرینەیەکی پارلەمانییە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سەقامگیر لەلایەکی ترەوە. ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن، کە ئالۆزییەکی زۆریشی هەیە، ئەمڕۆ سەرنجی گەلێك لایەنی بەرەو لای خۆی راکێشاوە و ولاتانی جۆراوجۆر روویان تێکردووە. مۆدێلی سەرەکی سیستەمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو، ولاتی ئەڵمانیایە کە هەر لە ساڵانی پێشووە ئەم شێوازەی هەڵبژاردووە. ئەو ولاتانەی کە کەڵکیان لە ئەزموونی ئەلمانیا وەرگرتووە،بریتین لە : ئیتالیا لە ساڵی ١٩٩٣، ژاپۆن لە ساڵی ١٩٩٤ و هەندێ ولاتی تری وەك ئەلبانیا، رووسیا، پۆڵەندا، لیتوانیا و جۆرجیا (گورجستان). فەرەنسا لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ تا ١٩٥٦ ئەم سیستەمەی لە هەڵبژاردنی پارلەماندا بەکارهێناوە. فەرەنسا سەرلەنوێ لەساڵی ١٩٨٢ ئەم شێوازەی لە هەڵبژادنی ئەنجومەنی شارەکاندا بەکارهێنایەوە.

بەکردەوە، سیستەمی تێکەڵاو بەشێوازی جۆراوجۆر جێبەجێ دەکرێت کە بەکورتی باس لە هەندێکیان دەکەین.

### * سیستەمی تێکەڵاوی ئەڵمانیا

سیستەمی تێکەڵاوی ئەڵمانیا بە یەکێك لە بەناوبانگترین سیستەمە تێکەڵاوەکان دادەنرێت. لەم ولاتەدا هەر دەنگدەرێك لە رۆژی هەڵبژاردندا دوو دەنگی جیاواز دەدات. دەنگێك لە سەر بنەمای سیستەمی زۆرینە کەبەشێوازی بەریتانیا هەژمار دەکرێ دەنگێکی تر کە لەسەر بنەمای سیستەمی رێژەیی هەژمار دەکرێ. لەم ولاتەدا هەر دەنگدەرێك لە سەر



بنەمای زۆرینە لەحەوزە"تاك کورسییەکان" دا یەك کەس وەك نوێنەری پارلەمانی فیدرال هەڵدەبژێردرێت. کۆی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی ٣٣١ حەوزە، نیوەی کورسییەکانی پارلەمانی دەوڵەتی فیدراڵ پێکدەهێنن.

دەنگی دووهەمی دەنگدەران بۆ ئەو لیستانەیە کە لەلایەن حیزبەکانەوە لەسەر ئاستی " لاندر" ەکان لە حەوزەی حکومەتە هەرێمییەکان رادەگەیەندرێ. هەڵبژاردنی نیوەکەی تری نوێنەرانی پارلەمانی نیشتمانی، بە پێی سیستەمی رێژەیی، و لە نێوان لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردندا دەبێ.

بەم جۆرە دەبینین کە ئەڵمانیا بەباشی تێکەڵاوییەکی راستەقینەی لە نێوان هەردوو سیستەمی زۆرینە و رێژەییدا ئەنجامداوە[٢٦٨].

### * سیستەمی تێکەڵاوی فەرەنسا:

لە ولاتی فەرەنسا تا ئێستا دوو جۆرە سیستەمی تێکەڵاو تاقیکراوەتەوە. شێوازی یەکەم هەڵبژاردنی پارلەمانە لە ساڵی ١٩٥١ و ١٩٥٦ کە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ٩ی ئایاری ١٩٥١ جێبەجێ دەکرێ. ئەم سیستەمە کە بە ((سیستەمی هەڵبژاردنی هاوخێزان)) بەناوبانگە، لەسەر بنەمای لیست بنیات نراوە، بەم جیاوازییە کە حیزب و گرووپە هاوئاراستەکان بەر لە هەڵبژاردن، بە فەرمی هاوخێزانییەك رادەگەیەنن کە بتوانن پێکەوە زۆرینەی رەهای هەڵبژاردن بەدەستبهێنن و، پاش سەرکەوتن، بەپێی سیستەمی رێژەیی و لەسەر بنەمای رێسای ((تێکڕایی پتر)) کورسییەکان لەنێوان لیستەکانیاندا دابەشدەکەن. ئەگەر بێت و هیچ لیستێك زۆرینە بەدەستنەهێنێ، کورسییەکان بەپێی رێسای پێشوو لەنێوان حیزبەکاندا دابەشدەبێ. مەبەستی سەرەکی لە گرتنەبەری ئەم سیستەمی هەڵبژاردنە، دروستکردنی بەربەست بوو لە بەردەم کۆمۆنیستەکاندا، چونکە لە کەمینەدا بوون و نەیاندەتوانی لەگەڵ گرووپەکانی تردا ئیئتیلاف بکەن[٢٦٩].

شێوازی دووهەم، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەکاندا بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ١٩ی تشرینی دووهەمی ١٩٨٢ جێبەجێ دەکرێ. بەپێی ئەم یاسایە، ئەو کۆمۆنانەی کە ژمارەی

---

(٢٦٨) grosser A.L, Allmagne de nothe temps, Paris, fayard, 1978. p.272 et suiv.

(٢٦٩) LANCELOT A. Les elections soes La Ve Republique, Paris. Puf. Que Sais-Je? 1983, ZZRKA J-c., Les Systemes, Op. cit, P. 56.

دانیشتووانیان لە ٣٥٠٠ کەسی زیاترە لە شێوازی تێکەڵاو کەڵك وەردەگرن. مەبەست لەم شێوازە ئەوەیە کە گرووپە کەمینە و ئۆپۆزیسیۆنەکانیش بتوانن لە ئەنجوومەنی شارەکاندا ئامادەبییان هەبێ و ئەم ئەنجوومەنانە لە پاوانی گرووپێکی تایبەتدا نەبێ. ئەم سیستەمە لەڕاستیدا سیستەمی زۆرینەیە بە کەڵك وەرگرتن لە بنەماکانی سیستەمی ڕێژەیی. ئەم شێوازە لەسەر بنەمای ڕاگەیاندنی لیست لەلایەن حیزبەکانەوە بنیات نراوەو، ئەو لیستەی کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت، نیوەی کورسییەکان بۆ خۆی دەستەبەر دەکات و، ئەو کورسیانەش کە ماونەتەوە بە شێوەی ڕێژەیی لە نێوان ئەو لیستانەدا دابەش دەکرێ کە پتر لە ٥٪ دەنگەکانیان بەدەستهێناوە. ئەگەر بێت و هیچ یەك لە لیستەکان زۆرینەی رەها بەدەستنەهێنن، ئەوا هەڵبژاردن دەکەوێتە خولی دووهەم. لەم خولەدا تەنها ئەم لیستانەی کە لانیکەم ٥٪ دەنگەکانیان لە خولی یەکەم بەدەستهێناوە، مافی بەشداریکردنیان هەیە. هەروا ئەو لیستانەی کە لانیکەم ٥٪ دەنگەکانی خولی یەکەم بەدەستبهێنن، دەتوانن لەگەڵ ئەو لیستانەی کە مافی بەشداریکردنی خولی دووهەمیان هەیە تێکەڵ ببەن. لە خولی دووهەم، ئەو لیستەی کە زۆرینەی ڕێژەیی بەدەستدەهێنێ، نیوەی کورسییەکان بۆ خۆی دەستەبەر دەکات و پاشماوەی کورسییەکانیش لەنێوان ئەو لیستانەدا دابەشدەبێ کە لانیکەم ٥٪ دەنگەکانیان بەدەستهێناوە.

### * سیستەمی تێکەڵاوی ئیتالیا:

بە پێی یاسای نوێی هەڵبژاردنی ولات، ئیتالیا لە ساڵی ١٩٩٣، سیستەمی هەڵبژاردنی تێکەڵاوی گرتەبەر. ئەم سیستەمە بۆ یەکەمجار لە هەڵبژاردنی ٢٧ و ٢٨ی ئازاری ١٩٩٣ جێبەجێ کرا. لەم سیستەمەدا کار بەشێوازی ئەڵمانیا دەکرێ، بەم جیاوازییە کە $\frac{1}{4}$ نوێنەرانی پارلەمان لە حەوزە تاك کورسییەکاندا لە ڕێگای هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك قۆناغیدا هەڵدەبژێردرێن، و پاشماوەکەشی بە شێوازی ڕێژەیی لە نێوان لیستی ناوچەکاندا هەڵدەبژێردرێن.

### * سیستەمەکانی هەڵبژاردن و کاریگەرییان لەسەر ئارایشتی هێزە سیاسییەکان و سیستەمی حیزبی:

مۆریس دۆڤێرژە لە ساڵی ١٩٥١ یاسا بەناوبانگەکەی خۆی لەمەڕ پێوەندی لە نێوان سیستەمی حیزبی و سیستەمی هەڵبژاردندا ڕاگەیاند. دۆڤێرژە لە کتێبی (حیزبە



سیاسییەکان)دا، کاریگەریی سیستەمی هەڵبژاردنی لەسەر پێکهاتەی حیزبە سیاسییەکان لە سێ یاسای گشتیدا کورت کردۆتەوە کە لێرەدا شرۆڤەیان دەکەین[٢٧٠]. لە ڕوانگەی مۆریس دۆڤێرژەوە سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك قۆناغی دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمی جووت حیزبی. چونکە لە سیستەمێکی لەم جۆرەدا حیزبە سیاسییەکان بەتەنها ئومێدی سەرکەوتنیان نییە لە هەڵبژاردندا، و دەبێ بۆ خستنە ڕووی پاڵێوراوێکی هاوبەش هەموو گرووپ و باڵە هاوئاراستەکان مۆبیلیزە بکەن. هەر بۆیە حیزبە بچووکەکان بە کردەوە، هیچ ئومێدێکیان بە سەرکەوتن نییە و ناچارن پێوەندی بە حیزبە گەورەکانەوە بکەن. دەرەنجام ئەوەیە، کە دوو باڵ یا دوو حیزبی گەورە و بەهێز دروستدەبێت و حیزبەکانی تر دەبێ خۆیان بە یەکێك لەم دوو حیزبەوە هەڵواسن. بۆ نموونە، لە ولاتی بەریتانیا هیچ گرووپ یا حیزبێکی سیاسی ئومێدی بەدەستهێنانی کورسی نییە لە پارلەماندا ئەگەر خۆی سەر بە حیزبی پارێزگار یا کرێکار ڕانەگەیەنێ.

لە سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك قۆناغی، ئەو کەسانەی کە لەچاو ئەوانیتردا زیاترین ژمارەی دەنگەکان بەدەستدەهێنن، بەبراوەی هەڵبژاردن لە قەڵەمدەدرێن. لە ئەنجامدا هەندێ جار کە حیزب و گرووپی جۆراوجۆر و ڕەنگاو ڕەنگ لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەن، لەوانەیە حیزبێك بە دەنگێکی زۆر کەم بەبراوەی هەڵبژاردن لە قەڵەمبدرێت. ئەم سیستەمە، هەتا جەنگی جیهانی یەکەم شێوازی هەڵبژاردنی زۆربەی ولاتانی ئەورووپی بوو، و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە چۆنێتی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان لەم ولاتانەدا.

هەروەك گوترا، ئەم شێوازە لەسەدەی هەژدەهەمەوە تاکو ئێستا لە بەریتانیا بەڕێوەدەچێ و لە هەندێ ولاتی تری وەك ئەمەریکا، ئەفریقای باشوور، هیندستان، ئوسترالیا، سریلانکا، نیوزیلەندا و ... کەڵکی لێوەردەگیرێت.

بەکارهێنانی ئەم شێوازە بە کردەوە دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر دوو باڵ یا دوو جەمسەری سیاسی سەرەکی. چونکە دەنگدەران لەبری دەنگدان بەو حیزبە بچووکانەی کە ئومێدی سەرکەوتنیان نییە لە هەڵبژاردندا، هەوڵدەدەن دەنگ بەو حیزبە گەورانە بدەن کە تاڕادەیەك لە ئاراستەی سیاسی ئەوانەوە نزیکن. هەربۆیە بە کردەوە ((دەنگی سوودمەند)) جێگای دەنگی بێسوود دەگرێتەوە. هەروا حیزبە بچووکەکان لەبەر ئەوەی ئومێدی ئەوەیان نییە بگەنە دەسەلات، لە ئەنجامدا، پاڵنەری دروستکردنی حیزبی جۆراوجۆر کەم دەبێتەوە و بە

(٢٧٠) DUVERGER M. Les Parties Politiques. Op. cit.

کردەوە دوو حیزبی بەهێز لە کۆمەڵگادا دەردەکەون. لە بەریتانیا حیزبی پارێزگار و حیزبی کرێکار و لە ئەمەریکا حیزبەکانی دیموکرات و کۆماریخواز حیزبەکانی بالادەستی ئەو کۆمەڵگایانەن. کەوا بوو، تیۆریی مۆریس دۆڤێرژە کە دەڵێ هەڵبژاردنی زۆرینەی یەك قۆناغی دەبێتە هۆی چەسپاندنی سیستەمی جووت حیزبی، بەکردەوە زۆر لە راستییەوە دوور نییە.

شیاوی باسە کە هەڵبژاردنی یەك قۆناغی تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانێ ببێتە هۆی سیستەمی جووت حیزبی کە دابەشکردنی حەوزەکان بە جۆرێك بێت کە لە هەر حەوزەیەکدا ململانێ لەسەر چەندین کورسی بکرێت و بە وتەیەکی تر حەوزەکان لەجۆری حەوزەی فرە ئەندامی بن. لە حاڵەتێکدا کە لە هەر حەوزەیەك تەنها یەك کەس هەڵبژێردرێت[٢٧١]، مەرج نییە هەڵبژاردنی یەك قۆناغی بگاتە ئەم ئەنجامە. هیندستان بە نموونەیەکی بەرجەستەی لەم جۆرە دادەنرێ کە تێیدا شێوازی هەڵبژاردن زۆرینەی یەك قۆناغییە، بەڵام بەکردەوە حیزبێکی بەهێزی وەك حیزبی کۆنگرە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم وڵاتەدا حەوزەکانی هەڵبژاردن تاك ئەندامین. لەلایەکی ترەوە یاساکەی دۆڤێرژە بەو واتایە نییە کە تەنها دەبێ لە سیستەمێکی هەڵبژاردنی لەم جۆرەدا چاوەڕێی سیستەمی جووت حیزبی بکەین. بۆ نموونە لە وڵاتی بەلجیکا، سەرەڕای ئەوەی کە تا بەر لە ساڵی ١٨٩٩ سیستەمی هەڵبژاردنی دوو قۆناغی بە حەوزەی فرە کورسی بەڕێوەدەچوو، بەڵام لەو ساڵانەدا لەم وڵاتەش سیستەمی جووت حیزبی بەدی دەکەین.

گومان لەوەدا نییە کە سیستەمی هەڵبژاردن کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر سیستەمی حیزبی هەر وڵاتێکدا هەیە، بەڵام ئەوەی کە جێی گومانە بوونی پێوەندی هۆ و هۆکارێتی و یەکلاکەرەوەیە لەنێوان ئەم دوو دیاردەیەدا. تەنانەت لەمەڕ سیستەمی جووت حیزبی بەریتانیا کە نموونەیەکی بەرجەستەی یاسای دۆڤێرژەیە، هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە سیستەمی هەڵبژاردن تاکە فاکتەری شرۆڤەکەری سیستەمی حیزبی نییە لەم وڵاتەدا. پێدەچێ جگە لە سیستەمی هەڵبژاردن، فاکتەرە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی سیستەمی جووت حیزبی هەبوو بێت لە وڵاتی بەریتانیا.

هەر لە کۆنەوە رای گشتی لە بەریتانیا لە نێوان هەردوو باڵی ویگ و تۆریدا دابەشبوو و ئەم دابەشبوونە توانی دەستەبەندییە بەرتەسك و ناوچەییەکان بخاتە ژێر تیشکی خۆیەوە.

(٢٧١) BACOT P. Dictionnaire du vote, Elections et Deliberations, Lyon, Presses Universitaires de Lyon. 1994, mot Uninominal.



پاڵێوراوە جۆراوجۆرەکانیش لەسەر ئاستی نیشتمانی خۆیان بە یەکێك لەم دوو گرووپەوە هەڵواسی و کەوتنە ململانێ کردنی یەکتر. لەبەر ئەوەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، هیچ نوێنەرێك بەبێ وابەستەبوون بە یەکێك لەم دوو باڵە نەیدەتوانێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ، هەربۆیە ئەم دەستە بەندییە بەخێرایی لەناو دوو کەمپی گەورەدا روویدا. ئۆتۆنۆمی هەرێمەکان و دەرفەتی چارەسەرکردنی گرفتە هەرێمییەکان بەبێ دەست تێوەردانی پەرلەمان بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیاسی بەریتانیا دادەنرێ. بەپێچەوانەی ئیتالیا و فەرەنسا، لە بەریتانیا هەرێمەکان دەتوانن پرسەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، بەبێ ئەوە بۆ باسکردنی پرسەکانیان بۆ پارلەمان بگەڕێنەوە. لە ئەنجامدا، دروستکردنی حیزبی سیاسی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی لاوەکی و ناوچەیی و هەرێمی پێویست نییە و حیزبە سیاسییەکان رەنگدەرەوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانن لەسەر ئاستی سەرانسەری وڵاتدا. هەربۆیە لە پارلەماندا هیچ دەرفەتێك بۆ هێنانە ئارای پرسە لاوەکییەکان و دروستکردنی دەستە و گرووپی سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی لاوەکی و هەرێمی نامێنێتەوەو، کەلێنە سیاسییەکان لەنێوان هێزەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دروستدەبن نەك لەسەر بنەمای بەرژوەندییە ئەتنی و ناوچەییەکان.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیاسی بەریتانیا ئەوەیە کە لەم وڵاتەدا زووتر و بەر لە گەلێك لە وڵاتانی تر دەرکردنی رۆژنامەی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی نیشتمانی دەستیپێکرد و خەڵك لە باس و گفتوگۆ و بیروبۆچوونە جیاوازە پارلەمانییەکان ئاگاداردەبوون. هەڵبژاردن ئەو هەلەی بۆ دەنگدەران دەرەخساند تا بیروبۆچوونیان دەربارەی هەڵوێستە باسکراوەکان لەسەر ئاستی وڵاتدا بخەنەڕوو. چاکسازیی لە یاساکانی هەڵبژاردن و ئامادەبوونی توێژێکی بەربڵاوی خەڵك لە ریزی دەنگدەران وای دەخواست کە ئەم توێژە بەربڵاوە ئاراستە بکرێ و رای گشتی دروستببێ. ئەم کارەش بەهۆی رێکخراوە سیاسییەکان دەهاتەدی کە دەیانتوانی بەهۆی بڵاوکراوەکانی خۆیان پەرە بە بیروبۆچوون و بەرنامەکانی خۆیان بدەن. هەروا دەنگدەر بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن پێویست بوو خۆی بە کۆمیسیۆنێکی تایبەت بناسێنێ بۆ ئەوەی لێهاتووییەکەی پەسند بکرێت. لەلایەکی ترەوە سیستەمی دەنگی دەبڵ وایدەخواست کە رێکخراوێکی سیاسی رێکوپێك بۆ ناونووس کردنی

کەسانی زیاتر و ئاراستەکردنی دەنگەکانیان بەمەبەستی پێشگیریی لە پرژ و بڵاوبوونی دەنگەکانیان دەست بەکاربێ(٢٧٢).

لەساڵی **١٨٧٦** هەڵبژاردن سیمایەکی راستەقینەتری بەخۆیەوەگرت و بەپێچەوانەی رابردوو کە پاڵێوراوەکان لە پێشدا دیاری کرابوون، رێژەی کورسییە لەپێش دیاریکراوەکان بەرەو کەمی رۆیشتن. پێویستە بگوترێ کە تا بەر لەم سەردەمە، **٣٠٠** کورسی لەپێشدا دیاریکرابوون، چونکە لە زۆربەی حەوزەکانی هەڵبژاردندا، پێشەکی ئەنجامی هەڵبژاردن دیاربوو و پاڵێوراو بەر لە هەڵبژاردن لە ئەنجامەکە ئاگاداربوو(٢٧٣).

هەڵبەت ناتوانین بڵێین کە سیستەمی هەڵبژاردنی بەریتانیا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر حیزبە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە نییە. لەم وڵاتەدا گرووپە پارلەمانییەکان دەسەڵات و گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، بەرادەیەك کە دەتوانن حیزبە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بە حیزبی پارلەمانی ناو ببەین. نوێنەری پارلەمان بەر لەوەی کە خۆی بە نوێنەر و وتەبێژی حیزب بزانێ، خۆی بە نوێنەری راستەوخۆی دەنگدەرانی حەوزەی هەڵبژاردنی خۆی دەزانێ و هەر بۆیە لە بەرامبەر حیزبەکاندا ئازادی کارکردنی زیاتری هەیە. لەلایەکی ترەوە ئۆتۆنۆمی ناوچەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە لقی ناوچەیی حیزبە سیاسییەکان لەبەرامبەر کۆمیتەی ناوەندی حیزبی خۆیاندا سەربەخۆییەکی زۆریان هەبێ.

بەم حاڵەش سیستەمی جووت حیزبی لە وڵاتی بەریتانیا تەواو نییە و لە پاڵ هەردوو حیزبی گەورەدا، حیزبی دیکەش هەن و لەم وڵاتەدا **٦** تا **٧** حیزبی سیاسی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتردا رکابەری دەکەن.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ئەزموونی هەڵبژاردن لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان ئەوە پێشاندەدات ئەو وڵاتانەی کە خاوەن سیستەمێکی هەڵبژاردنی لەم جۆرەن، ئامادەییەکی زیاتریان هەیە بۆ گەیشتن بە سیستەمی جووت حیزبی.

بەپێی یاسای دووهەمی مۆریس دۆڤێرژە، هەڵبژاردنی زۆرینەی دوو قۆناغی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمی فرەحیزبی و حیزبی لاواز و وابەستە بە یەکتر و کۆمەڵگا لە بری ئەوەی

(٢٧٢) BALL A. R, British Political Parties: The emergence of a modern Party System. London, Macmillan, 1981. Pombeni P. Introduction a I'histoire des Parties Politiques, PUF, 1985, P.142.

(٢٧٣) بەندی L- ١٢٦ یاسای هەڵبژاردن.



کە جووت حیزبی بێ بەرەو ئاراستەی دوو جەمسەریی هەنگاو دەنێ. لەم سیستەمی هەڵبژاردنەدا، تەنها ئەو کەسانە دەتوانن لە خولی یەکەمدا دەربچن کە زۆرینەی رەها (نیوە+١) دەنگەکانیان بەدەستهێنابێت. لە هەندێ حاڵەتدا جگە لە بەدەستهێنانی زۆرینە، مەرجی دیکەش لەبەرچاو دەگرن.

بۆ وێنە لە فەرەنسا کە پێویستە دەنگدەران بەر لە هەڵبژاردن وەکو دەنگدەر ناونووسی بکەن، بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا پێویستە جگە لە زۆرینەی دەنگەکان، دەنگە بەدەستهاتووەکان لە $\frac{1}{4}$ ناونووسکراوەکانی دەنگدان کەمتر نەبێ. ئەم مەرجە لەو حاڵەتانەی کە رێژەیەکی بەرزی ناونووسکراوەکان لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن، دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەوەی کە کەسی هەڵبژێردراو تەنها نوێنەری کەمینەیەکی سنووردار بێت لەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە.

ئەگەر بێت و لە خولی یەکەم رێژەی پێویستی زۆرینە بەدەستنەیەت، ئەوا هەڵبژاردن دەکەوێتە خولی دووهەم. لە ئەنجامدا لە خولی یەکەم دەنگدەران دەنگ بەتاك و حیزبە دڵخوازەکانی خۆیان دەدەن و لە خولی دووهەم کە خولی ئیئتیلافەکانە، دەنگ بەو باڵە دەدەن کە لە ئاراستەی سیاسەتی ئەوانەوە نزیکترە. هەر بۆیە لەم وڵاتانەدا لە بری دروستبوونی سیستەمی جووت حیزبی، جۆرێك لە سیستەمی دوو جەمسەریی دروستدەبێت. ئەو حیزب و گرووپە جۆراوجۆرانەی کە لە خولێ یەکەمدا زەمینەی خۆ ناساندنیان هەیە، ئەوا هۆ و پاڵنەری پێویستیان هەیە بۆ بەردەوامبوون لە ژیانی سیاسی خۆیان. هەروا لەلایەکی ترەوە، پێویستی ئیئتیلاف لە خولی دووهەم، کۆمەڵگا بەسەر دوو جەمسەری گەورەی وەك چەپ و راستدا دابەشدەکات.

لەم سیستەمی هەڵبژاردنەدا ئەگەرچی حیزب و گرووپە بچووکەکان لە خولی یەکەم دەتوانن بەشێوەیەکی چالاك لە هەڵبژاردندا بەشدار بن، بەڵام بەکردەوە لە پارلەماندا ئامادەنین و هەر بۆیە لە ئەنجامدا هیچ رۆڵێکیان لە دروستبوونی حکوومەت و بڕیارەکاندا نییە. هەربۆیە ئەوەی کە ببێتە خاوەن زۆرینە هەموو دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ.

ولاتانی فەرەنسا، ئیتالیا و ئەڵمانیا تا بەر لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووهەم خاوەن سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی دوو قۆناغی بوون. ئەم سیستەمە بووەتە بەربەست لەبەردەم سەرهەڵدانی خێراو گەشەکردنی حیزبە سیاسییەکان لەم وڵاتانەدا. بە پێچەوانەوە هەڵبژاردنی دوو قۆناغی بووە هۆی بەهێزبوونی کۆمیتەی ئاریستۆکراتەکان و کەسانی دەسترۆیشتوو

(خاوەن نفووز). چونکە بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا زۆرینەیەکی بەرچاو پێویستە و ئەمەش بەهۆی چالاکی بەرفراوانی کەسانی دەسترۆیشتوو و کۆمیتەکانی هەڵبژاردن دێتەدی. ئیئتیلاف لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرەکاندا مەرجی پێویستە بۆ سەرکەوتن لە ململانێکانی هەڵبژاردندا. لە ئەنجامدا حیزبگەلێکی وا دروستدەبن کە بەتوندیی لەژێر کاریگەریی کەسانێکی بەرجەستە دان کە توانایی دروستکردنی ئیئتیلافێکی لەم جۆرەیان هەیە. نوێنەران هەمیشە ناچارن کە متمانەی دەنگدەران بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. هەڵبەتە حیزبە سۆسیالیست و کاسۆلیکەکان کە لە دەرەوەی پارلەمان لەدایکبوون، بەر لەوەی کە خۆیان ببنە بەشێك لە سیستەمەکە، لەم رێسایە ریزپەربوون. ئەم حیزبانە زۆر بایەخیان بە پارلەمان نەدەدا، چونکە لە پارلەماندا هیچ پێگەیەکی بۆ خۆیان بەدی نەدەکرد.

بەپێی سێهەمین یاسای مۆریس دۆڤێرژە، هەڵبژاردنی رێژەیی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمێکی فرەحیزبی بە حیزبگەلێکی تۆکمە، سەربەخۆ و بەهێز. لە سیستەمێکی لەم جۆرەدا حیزبە سیاسییەکان هیچ هۆکارێك بۆ ئیئتیلاف کردن بەدی ناکەن و بۆخۆیان بەتەنهایی دەتوانن بە مۆبیلیزە کردن دەنگدەران، ئەگەرچی بەرێژەیەکی کەمیش بێ ژمارەیەك لە کورسییەکان بۆخۆیان دەستەبەر بکەن(٢٧٤).

---

(٢٧٤) GAXIE D, (dir), Explication du vote, Paris, Presses de la Fondtion Nationale des Sceinces Politiques, 1985.

# پاژی ٢:

## پێداچوونەوەیەك لەسەر چۆنێتی دروستبوونی سیستەمە حیزبییەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا

## ئەورووپای ڕۆژئاوا: ئەزموونی فەرەنسا و بەریتانیا

پاش کورتە باسێك و شیکردنەوەی یاساکانی دۆڤێرژە، بۆ ڕوونکردنەوەیەکی گونجاو لەگەڵ واقیعی پێوەندی لەنێوان سیستەمی حیزبی و سیستەمی هەڵبژاردن، ئێستا ئەزموونی هەندێك لەو وڵاتانە شرۆڤە دەکەین کە ساڵانێکی دوورودرێژە حیزبە سیاسییەکان و سیستەمی جۆراوجۆری هەڵبژاردنیان تاقیکردۆتەوە. لەم نێوانەدا باسکردن لە ئەزموونی وڵاتی بەریتانیا وەك نموونەیەکی دیاری سیستەمی جووت حیزبی و ئەزموونی فەرەنسا وەك نموونەیەکی سیستەمی فرەحیزبی و دوو جەمسەری بەپێویست دەزانین[٢٧٥].

### أ- سیستەمی فرە حیزبی فەرەنسا:
### مۆدیلێك بۆ حیزبایەتی و سەقامگیری سیاسی:

وڵاتی فەرەنسا لەم ڕووەوە گرنگە کە بووەتە مۆدیل بۆ گەلێك لە وڵاتانی ئەورووپی و سیستەمە فرەحیزبی و دوو جەمسەرییەکەی وەك نموونە دێتەوە. هەر بۆیە لێرەدا باس لە ڕەگوڕیشەکانی سیستەمی فرەحیزبی ئەم وڵاتە دەکەین.

### ١- ڕەگوڕیشەکانی سیستەمی حیزبی ئێستای فەرەنسا:

ئەگەرچی سیستەمی حیزبی هەر وڵاتێك پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیستەمی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەگوڕیشەی بۆ وەرچەرخانە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەش دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك کە تێگەیشتنی ورد لە سیستەمی حیزبی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم زنجیرە وەرچەرخانانە مومکین نییە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە

(٢٧٥) بۆ باسەکانی ئەم بەشە پتر سوود لەم سەرچاوەی خوارەوە وەرگیراوە:
POMBENI P., Introductiona L'histoire des Partis Politiques, PUF, 1987.



تێڕوانینێکی خێرا بۆ گرنگترین وەرچەرخانە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتە بکرێ کە ڕێگایان بۆ ئەم سیستەمە حیزبییەی ئێستا خۆشکردووە.

### * فەرەنسا لانکی ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکان:

بەپێچەوانەی بەریتانیاوە، نوێگەرایی سیاسی لە فەرەنسا بەهۆی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانەوە دروستبووە، بەجۆرێك کە دەتوانین فەرەنسا بە وڵاتی شۆڕشەکان ناو ببەین. شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنسا، سیستەمێکی نوێی لەم وڵاتەدا دروستکرد و شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی ١٧٩٣ (شۆڕشی ژاکۆ بنەکان)، کودەتای ١٧٩٧، شۆڕشە جۆراوجۆرەکانی ١٨٣٠، ١٨٤٨، ١٨٧٠ و ١٨٧١، هەریەکە بە نۆرەی خۆیان بوونەتە سەرچاوەی وەرچەرخانی سیاسی نوێ لەم وڵاتەدا.

گرنگترین دەرەنجامی سیاسی ئەم شۆڕشە هەنگاونانە بەرەو ئاراستەی ناوەندگەرایی (سانترالیزم) توندوتۆڵ لە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەدا. لەلایەکی ترەوە، دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەمینە ئەتنی و فەرهەنگییەکان کە لە بەرامبەر دەسەڵاتداریتی دەوڵەتدا ڕادەوەستان، جگە لەدەستتێوەردان و زیاترکردنی ئامادەیی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هیچ ڕێگایەکی تری لە بەردەمدا نەبوو. کەواتە، وڵاتی فەرەنسا بەپێچەوانەی گەلێك لە وڵاتانی ئەورووپی خاوەن دەوڵەتێکی ناوەندگەراو زۆر بەهێزە. هەر لە کۆنەوە سیستەمی سیاسی لە فەرەنسا لە سێ ڕەگەزی سەرەکی دروستبووە. ئەم سێ کۆڵەکە سەرەکییە بریتین لە:

١- ئەو قایمقامیەتانەی کە هەر لە سەردەمی ناپلیۆنەوە بۆ چەسپاندنی ئامادەیی دەوڵەت لە قەزاکاندا دروستبوون.

٢- سوپایەکی بەهێز و دەست تێوەردەر کە قورسایی ئامادەبوونی لە سەرانسەری وڵاتدا هەستی پێدەکرا.

٣- پارلەمانێك کە دروستکردنی هاوکاری و یەکێتی نیشتمانی بە گرنگترین ئەرکی خۆی دەزانی.

کەواتە، لە سیستەمی سیاسی فەرەنسا حیزبە سیاسییەکان هیچ جێگایەکیان نەبوو. ئەو شتەی کە پتر لە جاران گۆڕەپانەکەی لە حیزبەکان تەسك دەکردەوە، زاڵبوونی ئەو هزرە بوو کە بەو پێیە هەر جۆرە نێوانکارییەك لە نێوان هاووڵاتی و دەوڵەتدا مەحکووم بوو، و لەو باوەڕەدابوو کە هاوڵاتیان دەبێ بەبێ هیچ جۆرە نێوانکارێك لەگەڵ دەوڵەت لە پێوەندیدا بن.

كەواتە جێی سەرسوڕمان نییە كە لە فەرەنسای سەدەی نۆزدەهەم گەلێك گرووپ، رێكخراو و ئەنجوومەنی سیاسی لە گۆڕەپانە سیاسییەكاندا ئامادەبوون، بەبێ ئەوەی ئارەزوویان لەوە بێت كە خۆیان بە حیزبی سیاسی ناو ببەن. پێویستە بگوترێ كە لە فەرەنسا بەپێچەوانەی بەریتانیا كەلێنی نێوان شۆڕشگێڕ و ناشۆڕشگێڕ، ناكۆكییەكی قووڵ و بنچینەیی لە نێوان توێژە جۆراوجۆرەكاندا دروستكردبوو. كاریگەریی هەستپێكراوی ئەم كەلێنە لە گۆڕەپانی هەڵبژاردندا ئەوەبوو كە هەر حەوزەیەكی هەڵبژاردن ئاراستەیەكی روون و لەپێش دیاریكراوی هەبوو و لە بواری چالاكی سیاسییدا هیچ دەرفەتێك بۆ هەڵمەتی پڕوپاگەندەی گرووپەكانی دژی شۆڕش لە ئارادا نەبوو.

بەگشتی خەڵكی فەرەنسا بەرامبەر بە حیزبە سیاسییەكان زۆر بەد گومان بوون و ئەوانیان بە فاكتەری سەرەكی گرژیی و شۆڕشە یەك لە دوای یەكەكان دەزانی. كەواتە، لەم وڵاتەدا كاتێك رێگا بۆ چالاكی حیزبە سیاسییەكان دەكرێتەوە، كە سیستەمی سیاسی دەچەسپێ و كۆماری سێهەم سەقامگیر دەبێ و بەهۆیەوە رێكوپێكی و ئارامی جێگای بشێویی و ئاژاوەكان دەگرێتەوە. هەر بۆیە گەلێك كەس لەو باوەڕەدان كە رەگوڕیشەی حیزبە سیاسییەكان لە فەرەنسا بۆ مۆنارشی تەمووز دەگەڕێتەوە نەك شۆڕشی فەرەنسا.

لە نێوان ئەو رووداوانەی كە وڵاتی فەرەنسا بەخۆیەوە بینیویەتی، رووداوەكانی ساڵی ١٨٤٨ گرنگییەكی تایبەتییان هەیە و كاریگەریی سیاسی سەرنج راكێشیان لەخۆیان بەجێ هێشتووە. یەكێك لە رووداوە گرنگەكانی ئەم ساڵە رووخانی پاشای ئەم وڵاتە (فلیپ دۆئۆرلیئان) و راگەیاندنی حكوومەتی كۆمارییە لەلایەن پارلەمانەوە. بە سەرلەنوێ راگەیاندنی كۆماریی، رێكخراوی جۆراوجۆری سیاسی لەدایكبوون و فەرەنسا بووە گۆڕەپانی خەبات و ركابەریی گرووپە جۆراوجۆرە سیاسییەكان. پاش دروستبوونی حكوومەتی كۆماری ناكۆكی سەریهەڵدا لەسەر ئەوەی كە چ كەسانێك بەڕێوەبردنی ئەم حكوومەت و كۆمارە لە ئەستۆبگرن. داواكارانی سەرەكی بەڕێوەبردنی ئەم كۆمارە بریتی بوون لە: پارێزگاران و میانڕەوانی لایەنگری حكوومەتی لویی ناپلیۆنی نەوەی ئیمپڕاتۆر و كۆماریخوازانی دژ بە لویی. كۆماریخوازان لەژێر رێبەرایەتی (لۆردورۆلان) بەرەیەكی یەكگرتوویان لەژێر ناوی ((هاوبەندیی كۆماریخواز)) [٢٧٦] پێكهێنا.

(٢٧٦) La Solidarite Republicaine.



سەرئەنجام لە رێكەوتی ٢٠ی كانوونی یەكەم، ناپلیۆن لە هەڵبژاردندا سەركەوت و فەرەنسا بووە خاوەن سیستەمێكی نوێ كە بە بوناپارتیزم ناودەبرێ. بوناپارت خاوەن خۆشەویستییەكی تایبەتی بوو و گەلێك كەس ئەویان بە سمبولّی گەورەیی و شكۆمەندیی نیشتمانی فەرەنسا دەزانی.

ناپلیۆن كە لە لوتكەی دەسەڵاتدا بوو، لە رێكەوتی ٢ كانوونی یەكەم پارلەمانی هەڵوەشاندەوە و لەژێر ناوی ناپلیۆنی سێهەم حكوومەتێكی رەها و دیكتاتۆرانەی دەستپێكرد. ناپلیۆن لە چەندەها حاڵەتدا رەخنەی لە ئازادی گرووپەكان گرت و حكوومەتی رەهای بە باشترین جۆری حكوومەتەكان ناوبرد. بەم جۆرە لە چەرخی سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژییە جۆراوجۆرەكان لە ئەوروپا، فەرەنسا نوقمی ناو دیكتاتۆری بوو. ناپلیۆن باوەڕی بە حیزبە سیاسییەكان نەبوو و لە بەڕێوەبردنی حكوومەتدا پشتی بە (ئەنجوومەنی دەوڵەت)[٢٧٧] دەبەست. كۆڵەكە سەرەكییەكانی حكوومەتی ناپلیۆن بریتی بوون لە: ئەنجوومەنی دەوڵەت، قایمقامەكان و سوپا. بشێوی و شۆڕشە بەردەوامەكان رێگایان بۆ حكوومەتێكی رەها و بەهێز كردەوە. خەڵكی ماندوو لە شۆڕشەكان خوازیاری حكوومەتێك بوون كە رێكوپێكی و ئارامی بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە و كۆتایی بە قەیرانەكان بهێنێ. بە وتەی ناپلیۆن ئیمپڕاتۆر یەكسانە بە ئاشتی ((چونكە تاكە رێگایە كە دەبێتە بەربەست لەبەردەم سەرهەڵدانی قەیرانەكاندا)). زۆری نەخایەند كە حكوومەتی دیكتاتۆرانەی ئیمپڕاتۆر تووشی قەیرانە ناوخۆییەكان و گیروگرفتی جدی بوو. ئیمپڕاتۆری دەسەڵاتدار جگە لە چاكسازیی لە شێوازی حكوومەتدا هیچ چارەیەكی تر نەبوو و ناچاربوو بۆ دروستكردنی پارلەمان بۆ رای گشتی بگەڕێتەوە. هەڵبەت بەو مەرجە كە پارلەمان تەنها بە یاسادانانەوە خەریك بێ و خۆی دوورە پەرێز بگرێ لەدەست تێوەردان لە كاروباری بەڕێوەبردندا. لە ساڵی ١٨٦٩ ئیمپڕاتۆری پێی نایە قۆناغێكی نوێوە كە بە ((ئیمپڕاتۆریی لیبراڵ)) ناوی لێدەبرێت. لەم ساڵەدا (ئیمیل ئۆلیڤیە)، بۆ كەمكردنەوەی دەسەڵاتی لیبراڵەكان، پڕۆژەیەكی نوێی پەسندكرد كە بەو پێیە ئاستی ناوندگەرایی كەم دەبێتەوە و پاریس بەشێوەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوەدەچێ. لایەنگرانی ناپلیۆنیش سەرسەختانە لە بەرامبەر هەر جۆرە چاكسازییەك دەوەستانەوە كە دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری كەمدەكردەوە. سەرئەنجام لە رێكەوتی ٢ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٨٧٠، ئیمپڕاتۆر لە بەرامبەر پرۆسیەكاندا شكست دەخوات و لەلایەن ئەوانەوە بەدیل دەگیرێت. رووداوەكانی ساڵانی ١٨٦٨

(٢٧٧) Conseil d’Etat.

تا ١٨٧٠ رۆڵێكی كاریگەریان هەبوو لەسەر لەدایكبوونی كۆماری سێهەم، هەربۆیە لەم رووەوە گرنگییەكی زۆریان هەیە[٢٧٨].

**٢- رەوشی حیزبە سیاسییەكان پاش دروستبوونی كۆماری سێهەم:**

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٦٩، لیبراڵەكان ٤٠٪ دەنگەكانیان بردەوە و سەركەوتنێكی گەورەیان بەدەستهێنا. لەم ساڵەدا (گامبا) بە وەزیری ناوخۆ هەڵبژێردرا و لە ٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٧٠ ((حكوومەتی بەرگری نیشتمانی)) لە پاریس پێكهات. لەم سەردەمەدا پرۆسییەكان لە فەرەنسا بەدوای حكوومەتێكی سەقامگیرەوە بوون كە بتوانێ بەڵێنەكانی خۆی جێبەجێ بكات. (بیسمارك) پێكهێنانی پارلەمانی بەتاكە رێگا چارە دەزانی و لە كەشو هەوایەكی هەڵایساو و پڕ بشێویدا، هەڵبژاردنی پارلەمان لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٨٧١ بەڕێوەچوو. لەم هەڵبژاردنەدا ركابەرییەكی نارێكخراو لەنێوان ئاریستۆكراتەكان و پاشماوەی نوخبەكانی رژێمە پێشووەكان لە ئارادابوو. ئامادەبوونی ئاریستۆكراتەكان، بۆ ناپارتیستەكان، كۆماریخوازان و لیبراڵەكان لەم هەڵبژاردنەدا زۆر كەم رەنگ بوو. لەم سەردەمەدا هێشتا ناكۆكیە ئایینییەكان نەبووە سەرچاوەی دروستبوونی گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەكان. كاسۆلیكەكان پتر خاوەنی ئاراستەی راستگەراو پرۆتیستانەكان پتر كۆماریخواز بوون. لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە ٤٠٠ پاشایەتیخواز لە دەستە و گرووپە جۆراوجۆرەكان و ٢٥٠ لیبراڵ چوونە ناو پارلەمان. رێژەی زۆر بەرزی ئاریستۆكراتەكان لەنێو نوێنەران، لە تایبەتمەندییە دیارەكانی پارلەمانی ئەم سەردەمەیە. بوونی ٢٢٥ نوێنەر لە ئاریستۆكراتەكان بووە هۆی ئەوەی كە هەندێ كەس حكوومەتی ئەم سەردەمە بە ((كۆماری ئاریستۆكراتەكان)) ناوببەن. نیگەرانی سەرەكی و گرنگترین باسی نوێنەران لەم سەردەمەدا بریتی بوو لە دەستوور و دیاریكردنی شێوازی نوێی حكوومەت و دیاریكردنی ئەركی گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەكان. لەم سەردەمەدا (ئادۆلف تییر)[٢٧٩] سەرۆكی دەسەڵاتی راپەڕاندن بوو، كە كەسایەتییەكی دەست رۆیشتوو و خاوەن رابردوویەكی زۆر پرشنگدار بوو و لەڕووی سیاسییەوە بە لیبراڵێكی

(٢٧٨) لەم بارەیەوە بڕوانە بۆ:

SELGNOBOS C, Histore Politique de L'Europe contemporaine" evolution des parties et des formes politiques. 1814-1896. Paris, Armand colin, 1908.

(٢٧٩) Adolph Thiers.



میانڕەو لە قەڵەم دەدرا. تییر كە خاوەن خۆشەویستییەكی زۆر بوو، لە رێكەوتی ١٣ی تشرینی دووهەمی ١٨٧٢ رایگەیاند كە كۆماری دڵخوازی فەرەنسییەكان ئێستا دروستبووە و هەر جۆرە هەوڵێك بۆ گۆڕینی حكومەت لەڕاستیدا بە شۆڕشێكی تر لە قەڵەمدەدرێ و بە توندی هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەكرێ. ئەو بەتوندیی دژایەتی ئۆتۆنۆمی هەندێ شاری وەك پاریسی كرد و حكوومەتی خۆبەڕێوەبەری بە فاكتەری گەلێك لە بشێویی و پاشاگەردانییەكان راگەیاند.

پاشایەتیخوازەكان خوازیاری ئەوەبوون كە پاشایەك لەلایەن پارلەمانەوە دیاریبكرێت و لەسەر شێوازی بەریتانیا وڵات بەڕێوەببات. تییریش حكوومەتێكی لەم جۆرەی بە هۆكاری سەقامگیریی سیستەم دەزانی و رای لەسەر بوو. لە هەلومەرجێكدا كە پاشایەتیخوازەكان ئومێدێكی زۆریان بە سەركەوتن هەبوو، كۆماریخوازەكان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكان لە ٣٠ی نیسان و ٧ ئایاری ١٨٧١ و ٢ تەمووز، سەركەوتنێكی بەرچاویان بەدەستهێنا. پارلەمان بۆ دروستكردنی بەربەست لەبەردەم كۆماریخوازان هەستا بە هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردن. یاسای ١٤ ئایاری ١٨٧٤ مافی دەنگدانی لە لەشكرییەكان وەرگرتەوە و بۆ چوونە ناو خولی دووهەمی هەڵبژاردن بەدەستهێنانی زۆرینەی رەهای دەنگەكانی بەپێویست زانی.

گرنگترین فراكسیۆنەكانی پارلەمان لەم خولەدا بریتی بوون لە: یەكێتی كۆماریخواز و چەپی كۆماریخواز لە باڵی چەپ، میانڕەوانی چەپ لەناوەڕاست و یەكێتی پاشایەتیخوازەكان لە باڵی راست[٢٨٠]. ئەم گرووپانە هەرچەندە لە گۆڕەپانی سیاسییدا زۆر چالاك بوون، بەڵام هیچ كامیان خۆیان بە حیزبی سیاسی ناونەدەبرد.

لە رێكەوتی ٢٥ی ئایاری ١٨٧٣، ژەنەراڵ (مەك ماهون) وەك سەرۆك كۆمار گەیشتە دەسەڵات. یەكەمین دروشمی سەرۆك كۆماری نوێ بریتی بوو لە ((بەرگری كردن لە سیستەمی ئەخلاقی))[٢٨١]. دروشمی ئایین و بەرگری لە بەها ئایینییەكان بوونە گرنگترین دروشمی حكومەت. كڵێسای ((دڵی پیرۆز)) وەك زیارەتگایەكی گرنگ، بەهاو برەویەكی زۆر باشی پەیدا كرد و بووە سومبوڵی ئایینخوازیی و ژیاندنەوەی بەها ئایینییەكان لە فەرەنسا.

حكوومەت لەم سەردەمەدا هەوڵێكی بەربڵاوی دەستپێكرد هەتا دەسەڵاتی خۆی بەدەستبهێنێتەوە. بەپێی یاسای ٢٠ی كانوونی دووهەمی ١٨٤٧، سەرۆكی حكوومەت

(٢٨٠) L'union republicaine; La Gauche republicaine, Centre gauche, L'union des monarchis tes.

(٢٨١) La defence de I'ordre morale.

دەسەڵاتی بە هەموو قایمقامەکان بەخشی تا سەرۆکی شارەوانییەکان دابمەزرێنن. لەمەوپێش لە ساڵی ١٨٧٣، سەرۆکی حکوومەتی پێشوو، (دۆبۆرگی)[٢٨٢]، یاسایەکی پەسند کردبوو کە بەو پێیە مەك ماهون بۆ ماوەی حەوت ساڵ وەك ((سەرۆکی کۆمار)) جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە دەگرت. بەڵام سیستەمی کۆمارییی بە واتا راستەقینەکەی لە رێکەوتی ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٥ دامەزرا. لەم رێکەوتەدا پڕۆژەی (والون)[٢٨٣] یاساناسی بەناوبانگ، پەسندکرا کە بەو پێیە دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆمار خرایە ئەستۆی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران. بەم جۆرە دەوڵەتی کۆمارییی دروستبوو.

پارێزگاران (محافظین) لە سیستەمی نوێدا خۆیان بە خاوەن پێگەیەکی متمانەدار دەزانی، چونکە ئاریستۆکراتەکان زیاتریان ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانیان پێکدەهێنا و پیران بە کردەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو.

لەم سەردەمەدا ئەگەرچی باڵی راست دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، بەڵام لە بەرامبەر بەرەو پێشچوونی خێرای باڵی چەپی کۆماریخواز بەبێ توانا دەهاتە پێش چاو. لە هەڵبژاردنی پیران لە ساڵی ١٨٧٩، کۆماریخوازان سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێنا و توانییان ٩٢ کورسی لە بەرامبەر ١١٩ کورسی باڵی راستدا بەدەستبهێنن. دوو گرووپی سەرەکی باڵی چەپ لەم سەردەمەدا بریتیبوون لە: (کورۆ گامبتا) و گرووپێك کە (فری) و (گریڤی)[٢٨٤] سەرۆکایەتییان دەکرد. سەرئەنجام باڵی راست بۆ خۆ رزگارکردن، پیلانێکی نوێیان گرتە بەر و بەرگریکردن لە کلێسا و ئایینی کاسۆلیکیان خستە سەرووی دروشمەکانی خۆیانەوە. بەڵام ئەم دروشمە نوێیە لە بری ئەوەی راستەکان یەکگرتوو بکات، پتر بووە هۆی تۆکمە بوونی باڵی چەپ. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە باڵی چەپ بە توندیی لە بەرامبەر کلێسادا رابوەستێ. بە وتەی گامبتا باڵی چەپ لەبەرامبەر خۆیدا دوژمنێکی نوێی بەناوی کلێسا دەبینی[٢٨٥].

لەم سەردەمەدا باڵی راست باسی لە کودەتای چەپ دەکرد. مەك ماهون بۆ بەرەنگاربوونەوەی جدی چەپەکان دەستبەکاربوو و سیمۆنی لە پۆستی وەزارەت لادا و بە وەرگرتنی رەزامەندی پیران، ئەنجوومەنی نوێنەرانیشی هەڵوەشاندەوە. ئەم کارەش بووە هۆی نارەزایی توندی نوێنەرانی کۆماریخواز و شەپۆلێکی نارەزایی و پێکادان وڵاتی گرتەوە.

(٢٨٢) De Borglie.
(٢٨٣) Wallon.
(٢٨٤) Grevy.
(٢٨٥) Clericalisme.



حکوومەت بە پشت بەستنی بە توندوتیژیی، هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنی حەوزە جۆراوجۆرەکان و مۆبیلیزەکردنی قایمقامەکان، ویستی بەرەنگاری شەپۆلی نارەزاییەکان ببێتەوە. ئەم کردارە سەرکوتگەرانەیە بووە هۆی خۆشەویستی هەرچی پتری باڵی چەپ و گەرمترکردنی هەرچی زیاتری تەنووری هەڵبژاردن. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ خۆیان گەواهیدەری ئەم راستییەن، چونکە لەکۆی ٥٣١ حەوزەدا، تەنها لە ١٥ حەوزە هەڵبژاردن کەوتە خولی دووهەم. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ کۆماریخوازەکان بەدواوە بوو. کۆماریخوازەکان ٣٢٣ کورسی و، باڵی راست پێکهاتوو لە بوناپارتیستەکان و رەواخوازەکان[٢٨٦]، ٢٠٨ کورسییان بەدەستهێنا. لە کۆی دەنگەکان، ٤,٣٦٧,٠٠٠ کەس دەنگیان بە کۆماریخوازەکان و ٣,٥٧٨,٠٠٠ کەس دەنگیان بە پارێزگارەکان دابوو. بەم جۆرە کۆمەڵگای فەرەنسا بە سەر دوو باڵی چەپ و راستدا پۆلێنکرا.

بەم حاڵەش، هێشتا نیشانەیەك لە ململانێ حیزبییەکان بەدی ناکرێ و هەردوو باڵی سیاسی بەگەرمی لەگەڵ یەکتر لە ململانێ دابوون. سەرکەوتنی کۆماریخوازان تەنها لە سنووری ئەنجوومەنی نوێنەراندا نەمایەوە و لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی ١٨٧٨ لە زۆربەی حەوزەکاندا پاڵێوراوانی کۆماریخواز سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. لە ئەنجامدا، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پیران لە هەمان ساڵدا، کۆماریخوازان توانییان ٦٦ کورسی لە کۆی ٨٨ کورسی پیران بەدەستبهێنن. بەم جۆرە باڵی چەپ لە هەردوو ئەنجوومەن زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

مەك مۆهان جگە لە وازهێنان هیچ رێگایەکی تری لەبەردەمدا نەمایەوەو لە ساڵی ١٨٧٦ وازی لە دەسەڵات هێنا. پارلەمان لە ٣٠ کانوونی دووهەم بە تێکڕای دەنگ گریڤی کۆماریخوازی بە سەرۆك کۆمار هەڵبژارد بە (٥٦٣ دەنگ لە کۆی ٧٠٥ دەنگ). بەم جۆرە، هەروەك گامبتا دەیگوت: ((تۆماری دە ساڵەی فەرەنسا داخرا))، چونکە لەمەو بەدوا ((تەنها یەك فەرەنسا بە یەك کۆماری)) لە ئارادا بوو. کۆماریخوازان بەخێرایی هەستان بە گەشەپێدانی رۆشنبیری کۆماریخوازیی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا. پارلەمان گواسترایەوە بۆ پاریس و رۆژی ١٤ تەمووز وەك جەژنی نیشتمانی دیاریکرا. سەرەڕای ئەوەی کە لە رووی پێکهاتەییەوە، حکوومەتێکی سەقامگیر و تۆکمە دروستبوو، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە فەرەنسا بەرەو ئەوە

(٢٨٦) Legitimist.

دەچوو تا سەرلەنوێ بینەری قەیرانگەلێکی جۆراوجۆری وەك بۆلانژیزم و دریفۆس ببێتەوە و لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا ولاتی فەرەنسا حەوت حکوومەتی جۆراوجۆری تاقی کردەوە[٢٨٧].

بە وتەی گەلێك کەس کۆماری سێهەم لەمەو بەدوا گۆڕا بە ((حکوومەتی ڕەهای پارلەمان)). لە حکوومەتێکی لەم جۆرەدا حیزبە سیاسییەکان خاوەن هیچ جۆرە پێگەیەکی پێناسەکراو نەبوون. نوێنەران لە ڕاستیدا وتەبێژی هزر و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بوون. لەم پۆلێن کردنەدا نوێنەرانی پارلەمان وتەبێژی لایەنگران و نەیارانی سیستەمێك بوون. لە ئەنجامدا چاودێریکردنی کاری نوێنەران کە دەیتوانی یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی حیزبە سیاسییەکان بێ بەکردەوە پشتگوێ خرابوو.

یەکێکی تر لە بەربەستە گرنگەکانی سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان بوونی پۆستی کارگێڕی زۆر و زەبەندی حکوومی بوو کە لەسەر ئاستە جیاوازەکان، بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی ولاتی لە ئەستۆدا بوو. بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و چاودێری کردنی لە ڕێگای ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، ئەنجوومەنی ناوچەکان و ئەنجوومەنی پارێزگاوە ئەنجامدەدرا. لە سیستەمێکی لەم جۆرەدا بوونی دامودەزگا حیزبییەکان وەك دامودەزگاگەلێکی هاوتەریبی بێ کەڵك و زیادە دەهاتنە پێش چاو و هیچ پاڵنەرێك بۆ دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان لە ئارادا نەبوو. جگە لەمەش لەم سەردەمەدا لەسەر ئاستی قەزاکان بینەری گەلێك کۆمەڵە و سەندیکاین کە بە کردەوە گەلێك لە کاروباری حیزبە سیاسییەکانیان لە ئەستۆدا بوو. شیاوی باسە کە بەپێی یاسای کۆبوونەوەکان لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٨٨١ ڕێگای کۆبوونەوە بە گرووپە جۆراوجۆرەکان درابوو، بەڵام ئازادی بوونی کۆمەڵەکان لە ساڵی ١٩٠١ پەسندکرا. بەپێی یاسای ساڵی ١٩٠١ هەر گرووپێکی پتر لە ٢٠ کەس مافی دروستکردنی کۆمەڵەیان هەیە. ئەم یاسایە هێشتا لە فەرەنسا بە بنەمای چالاکی کۆمەڵەکان لەقەڵەمدەدرێ.

بەکورتی، دەتوانین بڵێین کە تا سەرەتای سەدەی بیستەم فەرەنسا بینەری دەستە و گرووپی پەراکەندەی سیاسی وایە کە لەسەر پرسە تایبەتییەکان، تاکەکان و کەسایەتییە دەست ڕۆیشتووەکان یا گرووپە پارلەمانییەکان سەریهەڵداوە. لەم سەردەمەدا باڵی ڕاست زۆر لەرزۆك بوو و بەدەست ناکۆکی ناوخۆییەوە دەیناڵاند. باڵی ڕاست لە پاشایەتیخوازەکان، بۆ ناپارتیستەکان و گرووپە ئایینییەکان پێکدەهات. هەوڵی جۆراوجۆر بۆ یەکخستنەوەی باڵی

(٢٨٧) BAOT P, Les Dirigeants Socialistes, Histoisre et Sociologie, Lyon, Presses Universitaires de Lyon, 1979.



ڕاست ئەنجامدران کە زۆربەیان بێ ئاکام مانەوە. لە کۆتایی سەدە باڵی ڕاست هەوڵیدا لە چوارچێوەی بۆلانژیزم جارێکی تر حکوومەت بەدەستەوە بگرێ. چەپی توندڕەوی ڕادیکاڵ یەکێکی تر بوو لە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئەوسا کە لە ساڵی ١٨٧٦ لەسەر تەوەری هەندێ کەسایەتی وەك (لویی بلان)، (کلمانسۆ) و (کامیل پولتان)[٢٨٨] دروستبوو.

چەپی ڕادیکاڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم گرووپە و بەمەبەستی پشتگیریی کردن لە حکوومەت دروستبوو و دروشمە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە پێداچوونەوەی دەستوور، جیاکردنەوەی کلێسا لە سیاسەت و کۆتاییهێنان بە مۆنارشی پارلەمانی و پێکهێنانی حکوومەتێکی دیموکراتی. کلمانسۆ باڵەکەی خۆی بە ((ڕادیکاڵ سۆسیالیست)) ناودەبرد. باڵی کۆماریخوازی دەسەڵاتدار، لەنێوان ئەم دوو گرووپەدا بوو و بۆ خۆی شەبەنگێکی بەربلاوی گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی لەخۆ گرت. کەسایەتییە بەرجەستەکانی ئەم باڵە، وەزیران و سیاسەتمەدارانی دەسەڵاتدار، سیناتۆر و نوێنەرانی پارلەمان بوون. لەم سەردەمەدا لەناو کۆڵان و شەقام و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکاندا ئەندامانی ئەم باڵە بە ((هەلپەرەست)) ناوبراون. لە پۆلێن کردنێکی گشتیدا دەتوانین بڵێین کە ئەم باڵە لە ناخی خۆیدا دوو باڵی ((گامبتا)) و باڵی ((فری)) و ((گریڤی)) لەخۆ دەگرێ.

## * بۆلانژیزم و حیزبایەتی:

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٨١، کۆماریخوازان ٣٨٣ کورسی و پارێزگاران ٢٠١ کورسییان لە پارلەماندا بەدەستهێنا. بەرهەمی هەڵبژاردنەکە سەرهەڵدانی ١٦٠ کەسایەتی سیاسی نوێ لە باڵی چەپ و ١٢٩ کەس لە باڵی ڕاست بوو. چەپی توندڕەو و ڕادیکاڵەکان ڕێژەیەکی بەرزی نوێنەرانی چەپیان پێکدەهێنا. لەم سەردەمەدا (فرای سینە)[٢٨٩] بۆ سەرۆك کۆماریی هەڵبژێردرا. سەرۆك کۆماری نوێ، بەتوندی لەژێر کاریگەریی سەرۆك وەزیرانەکەی خۆی کلمانسۆدا بوو. بە ئاماژەی سەرۆك وەزیران، سەرۆك کۆمار، بۆلانژەی وەك وەزیری جەنگ دەستنیشان کرد کە ئەو کات فەرمانداندەی هێزەکانی فەرەنسا بوو لە توونس و بەم جۆرە کەسایەتییەکی گرنگ پێی نایە ناو گۆڕەپانی سیاسەت. بۆلانژە لەشکرییەکی زیرەك و سیاسەتمەدارێکی خاوەن ئەزموون بوو کە توانی بە ئەنجامدانی زنجیرە کردارێك

(٢٨٨) Camill Pelletan.
(٢٨٩) Frycinet.

خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەردەر و ناوبانگێکی زۆر بەدەستبهێنێ. بۆلانژە دەستی دایە چاکسازیکردن لە سوپادا و لە کردارێکی جەماوەر پەسندا یەکێك لە ئەفسەرانی پایە بەرزی سەر بە بنەماڵەی دەسەڵاتداری لە سوپا دەرکرد. ئەو لە کردارێکی بێ وێنەی تردا خزمەتی سەربازیی تەوزیمی بۆ قەشەکان دانا و ڕایگەیاند کە لەمەوبەدوا لە ڕەوتی مانگرتنەکاندا، مەرج نییە سوپا بە قازانجی خاوەن کارەکان دەست تێوەردان بکات و لەوانەیە بە قازانجی کرێکارەکان بجووڵێتەوە. وتە بەناوبانگەکەی بۆلانژە کە دەیگوت ((سەربازانی ئێمە بەشە نان و سووپی خۆیان لەگەڵ کرێکارانی مانگرتووی کانەکاندا دابەش دەکەن))، بەخێرایی بەناو فەرەنسادا بڵاوبووەوە و ناوبانگێکی زۆری پێ بەخشی.

سروشتییە کە کردەوەکانی بۆلانژە بۆ ئەو کۆماریخوازانەی کە مافی دەنگدانیان لە سوپا وەرگرتبووەوە و دژ بە سیاسی بوونی سوپا بوون، تەحەمول نەدەکرا. باڵی ڕاست کە بەدوای هەلێکدا دەگەڕا تا حیسابی خۆی لەگەڵ بۆلانژەدا پاکبکاتەوە، ئەو گرفتە سنوورییەی کردە بیانوو کە لە سنوورەکانی ئەڵمانیا ڕوویاندا بوو و وێڕای ڕووخاندنی حکوومەتی بۆلانژە، حکوومەتێکی نوێی پێکهێنا کە ناوی بۆلانژەی تێدا بەدی نەدەکرا.

لایەنگرانی بۆلانژە دەستبەکاربوون و بە ئەنجامدانی خۆپێشاندانی جۆراوجۆر خوازیاری گەڕانەوەی ئەوبوون بۆ وەزارەتی جەنگ.لە هەڵبژاردنی پێشوەختی پاریس، بۆلانژە بەڕێژەیەکی زۆر بەرزی دەنگەکان وەك نوێنەر هەڵبژێردرا و ڕەوتی بۆلانژە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. پاش هەڵبژاردن، حکوومەت ڕووخاو سەرۆك کۆمار وازی لە پۆستەکەی هێنا. کلمانسۆ، کەسایەتییەکی نەزۆر گرنگی بەناوی (سادی کارنۆ)[٢٩٠] وەك سەرۆك کۆمار بەسەر پارلەماندا سەپاند و ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرساندنی شەپۆلێکی ناڕەزایی لەم وڵاتەدا. لایەنگرانی پێداچوونەوەی دەستوور گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە تەنها بە سەرۆکایەتی نوێنەری پاریس واتە بۆلانژە دەتوانن بگەنە ئامانجەکانی خۆیان. بەم جۆرە، بۆلانژیزم شەبەنگێکی بەربڵاوی نەیارانی لە دەوری یەکتر کۆ کردەوە و هەموو ئەم گرووپانە لە چوارچێوەی حیزبێك بەناوی ((حیزبی نیشتمانی))[٢٩١] لە دەوری یەکتر گردبوونەوە. کۆماریخوازان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تەوژمە دەستبەکاربوون و هەموو ڕێکخراو و دامودەزگاکانی خۆیان بەتایبەت لۆژە ماسۆنییەکانی لایەنگری خۆیانیان مۆبیلیزە کرد. حکوومەت بۆ سەرکوتکردنی ئەم تەوژمە بەتوندیی

(٢٩٠) Sadi Carnot.
(٢٩١) Parti National.



دەستبەکاربوو و بە هەموارکردنی سەرلەنوێی یاسای هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ یاسای پێشوو بەربەستی لەبەردەم بۆلانژیستەکان و گرووپە نەیارەکانی تردا دروستکرد و بە دەرکردنی بڕیاری دوور خستنەوەی بۆلانژە، لێهاتوویی ئەوی بۆ پاڵێوراوێتی هەڵبژاردن ڕەتکردەوە. ئەم پیلانە کە بە ((ستراتیژی بەرگری نیشتمانی)) ناویدەرکرد، بە کردەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لە هەڵبژاردنی ٢٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٨٩، باڵی چەپ ٣٣٦ کورسی، ڕاستییەکان ١٦٨ و بۆلانژیستییەکان تەنها ٤٢ کورسییان بەدەست هێنا. لە پارلەمانی نوێ و بەگشتی لەسەر ئاستی وڵات ڕادیکاڵەکان و سۆسیالیستەکان بەهێزبوون و باڵی ڕاستیش بەنۆرەی خۆی گیانێکی تازەی هاتەوەبەر و هەندێ قەیرانی دیکەی وەك دریفۆس زەنگی کۆتایی تەمەنی ((کۆماریخوازانیان)) لێدا.

## * بەرەو یەکەمین حیزبە سیاسییەکان:

(ژۆل گسد)[٢٩٢] لە ساڵی ١٨٧٧ ڕۆژنامەی ((یەکسانی))[٢٩٣] بنیات نا. ئەو کە لەلایەن مارکسەوە پشتگیریی لێدەکرا، هەوڵیدەدا تا لەسەر ڕاسپاردەی مارکس، کلمانسۆ بەرەو لای کەمپی سۆسیالیزم ڕابکێشێ. لە ساڵی ١٨٨٣، سۆسیالیستەکانی کەمینە بە سەرۆکایەتی (گسد) هەوڵیاندا حیزبی کرێکار دابمەزرێنن و زۆرینەکانیش بە سەرۆکایەتی (بڕۆس)[٢٩٤] هەستان بە دامەزراندنی ((فیدراسیۆنی کرێکارە سۆسیالیستەکان)). گسدیستەکان لە ساڵی ١٨٩٣ حیزبی کرێکاری فەرەنسایان[٢٩٥] دامەزراند، و بەم جۆرە یەکەمین حیزبی سیاسی بە واتا نوێیەکەی خۆی لە فەرەنسا لەدایکبوو. لە ساڵی ١٨٩٨ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ناوەندیی گۆڕا بە ((حیزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ)) و گرووپێکی جیابووەوە لە باڵی بڕۆس لە ساڵی ١٨٩٠ حیزبێکی نوێی دامەزراند لەژێر ناوی ((حیزبی کرێکاری شۆڕشگێڕ)). لە ساڵی ١٨٩٣، ٢٣ نوێنەر لە باڵی ((سۆسیالیستە سەربەخۆکان)) وەك نوێنەر چوونە ناو پارلەمانەوە. بەسەرهەڵدانی سۆسیالیزم، باڵی چەپ لە ڕوانگەی ڕێکخستن و ڕێکخراوەییەوە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و وەك هێزێکی سیاسی گرنگ لەم وڵاتەدا هاتە ئاراوە.

(٢٩٢) Jules Gusde.
(٢٩٣) Egalite.
(٢٩٤) Brousse.
(٢٩٥) Parti Ouvrier Francais (POF).

پەرەسەندنی بیروهزری سۆسیالیستی و ڕووداوی وەك تیرۆری کارنۆ، سەرۆك کۆماری فەرەنسا، زەنگێکی مەترسیداری جدی بوون بۆ کاسۆلیکەکان. سەرئەنجام پاپا لیئۆنی سێزدەهەم، بێدەنگی شکاند و لە نامەیەکدا کە بە زمانی فەرەنسی نووسرابوو، لە بانگهێشتێکی گشتیدا داوای لە هەموو کاسۆلیکە کۆماریخوازەکان کرد کە بەرەنگاری تەوژمی چەپ ببنەوە. بانگهێشتەکەی پاپا بە شێوازی جۆراوجۆر لێکدرایەوە. هەندێ کەس ویستیان حیزبی کۆماریخواز بەهێز بکەن. لەکاتێکدا کە هەندێ کەسی تر باشترین شێوازی مۆبیلیزەکردنی کاسۆلیکەکانیان لەوەدا دەبینی، کە حیزبێکی دیموکرات مەسیحی بەپێی مۆدیلی ئەڵمانی دروستبکرێ. بەم جۆرە ناکۆکی قووڵ لەنێوان باڵی ڕاست پەرەی سەند و ئەمەش بووە بەربەست لەبەردەم ڕێکخستنی ڕاستەقینەی باڵی ڕاست. کۆماریخوازە دەسەڵاتدارەکانیش لەگەڵ گەلێك گرفتدا بەرەو ڕووبوون و لەنێوان ساڵانی ١٨٩٣ و ١٨٩٦ چەندین جار ناچار بوون گۆڕانکاری لە کابینەدا بکەن. هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی ١٨٩٦ و سەرکەوتنی سۆسیالیستەکان لەگەلێك لە شارەکان گرفتێکی نوێی بۆ باڵی ڕاست خولقاند. کۆماریخوازان بە ڕاگەیاندنی بەرنامەیەکی نوێ و هەندێ دروشمی وەك لێبووردەیی ئایینی هەوڵیاندا هەرچی پتر میانڕەوەکان بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. یەکێك لە بەناوبانگترین دروشمەکانی ڕاستگەراکان لەم سەردەمەدا بریتی بوو لە: ((نا بۆ شۆڕش و نا بۆ کۆنەپەرستی)).

باڵی ڕاستی ئایینی و نەریتخواز لەم سەردەمە هەوڵی دەدا وێڕای پەسندکردنی تەواوی سیستەمی کۆماریی وەك باشترین سیستەم بۆ فەرەنسا، ئەم سیستەمە بە گونجاو لەگەڵ ئایین نەك لەبەرامبەریدا شرۆڤە بکات. دەبێ ساڵانی نێوان ١٨٩٨ تا ١٩٠٢ بە ساڵانی چالاکی کۆمەڵەکان بزانین. کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە گرنگترین کۆمەڵەکانی باڵی چەپ بوون لەم سەردەمەدا، لە بەرامبەردا باڵی ڕاست (کۆمەڵەی نیشتمانی)ی دروستکرد و لەم ڕێگایەوە بەرەنگاری ڕکابەرانی خۆی بووەوە. دروشمی سەرەکی ڕاستەکان لەم سەردەمەدا بریتی بوو لە ناسیۆنالیزمی فەرەنسی و پشتگیریکردن لە سوپا، چەپەکانیش دیموکراسییان کردبووە گرنگترین دروشمی خۆیان. لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەم سەردەمەدا، لایەنگرانی کۆماریی لەلایەکەوە و لایەنگرانی کلێسا، بۆ لانژیستەکان و پشتیوانانی سوپا لەلایەکی ترەوە بوون.



*** سەرەتای سەردەمی سەقامگیریی سیاسی و بە دامەزراوبوونی حیزبەکان:**

سەرئەنجام ململانێ سیاسییەکان بووە هۆی سەرکەوتنی کۆماریخوازان و لە ئەنجامدا ڕادیکاڵەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت.

(والدسك ڕۆسۆ)، کە جێی باوەڕی ماسۆنی و میانڕەوەکان بوو، توانی بۆ ماوەی سێ ساڵ حکوومەتێکی سەقامگیر پێکبهێنێ. لەم نێوانەشدا، یاسای کۆبوونەوە و کۆمەڵەکانی ساڵی ١٩٠١ ڕێگای بۆ گرووپ و ڕێکخراوە سیاسییەکان خۆشکرد و ململانێ سیاسییەکان پێیان نایە قۆناغێکی نوێوە و ڕێگا بۆ دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان خۆشبوو. حیزبی ڕادیکاڵ لە گرنگترین حیزبەکانی ئەم سەردەمەیە کە بەهۆی بایەخی تایبەتییەوە هەندێك باسی لێوەدەکەین.

*** حیزبە سیاسییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم:**

**حیزبی ڕادیکاڵ، لە گرنگترین ڕەوتە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە:**

یەکەمین ڕێکخراوی ڕادیکاڵەکان لە ساڵی ١٨٩٤ لەژێر ناوی ((کۆمیتەی ناوەندی کاری کۆماریخواز))[٢٩٦] دامەزرا. نوێنەرانی کۆماریخواز لە پارلەمان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان ((ئەنجوومەنی چاکسازیی کۆماریخوازانیان)) پێکهێنا. لە ساڵی ١٨٩٥ ئەم دوو ڕێکخراوە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بوون و ((کۆمیتەی ناوەندی کار بۆ چاکسازیی کۆماریخوازان)) یان پێکهێنا کە ٧٠ کۆمیتەی ناوچەیی و ٥٣ لۆژی ماسۆنی لەخۆ دەگرت. ماسۆنییەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە ڕێکخستنی ئەم ڕێکخراوەدا. لە ١٤ی تەمووزی ١٩٠٠، سەرۆکی لۆژی ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا[٢٩٧]، هەستا بە دامەزراندنی ((کۆمەڵەی کاری کۆماریخواز)) و لە ڕێکەوتی ٨ی نیسانی ساڵی ١٩٠١ کۆمیتەی کۆمەڵەی ناوبراو، لە ڕێگای نامەیەکەوە بانگهێشتی بەستنی گۆنگرەیەکی کرد لە پاریس بەمەبەستی دامەزراندنی ((حیزبی ڕادیکاڵ)). لەم کۆنگرەیەدا کە لە ڕێکەوتی ٢١ حوزەیران بەسترا، ٧٥ سیناتۆر، ٢٠١ نوێنەر، ٤٧٦ کۆمیتە، ١١٥ لۆژی ماسۆنی، ٨٤٩ سەرۆکی شارەوانی و ٢١٥ بڵاوکراوە ئامادەبوون. حیزبی نوێ، گرووپی جۆراوجۆری لەخۆ دەگرت و تەنانەت هەر گرووپێك ناوی دڵخوازی خۆی لە حیزب دەنا. بەناچار حیزب لە کۆنگرەی ١٩١٢، خۆی بە کۆماریخوازی ڕادیکاڵ و ڕادیکاڵی

(٢٩٦) Comite Central d’action republicaine.
(٢٩٧) F. Desmons.

سۆسیالیست ناوبرد[٢٩٨]. حیزب دیدگای جۆراوجۆری لەخۆگرت، بەلام هەروەك (شارل دۆمۆن)[٢٩٩] لە كۆنگرەی ساڵی ١٩٠٢ وتوویەتی، خاڵی هاوبەشی هەموو گرووپە جۆراوجۆرەكان، خەباتكردنە دژ بە كلێسا و راوەستانە لە بەرامبەر دەسەلاتداریێتی قەشەكاندا. بە وتەیەكی باشتر خاڵی هاوبەشی هەموو گرووپەكان لە دیدگای ماسۆنییەكاندا كورت دەبووەوە و ئەم حیزبە شتێك نەبوو جگە لە لقی سیاسی و رێكخراوەیی ماسۆنییەكان.

تا ساڵی ١٩١٣ جگە لە كایۆ[٣٠٠] هەموو سكرتێرە گشتییەكانی حیزب لە ماسۆنییە دێرینەكان بوون. بەپێی ئامارێك لە ساڵی ١٩٠٨، ٤٨٪ لە نوێنەرانی كۆمیتەكانی بەڕێوەبردن، ٧٨٪ سیناتۆرەكان، ٤٧٪ نوێنەرانی حیزبی رادیكاڵ لە پارلەمان لە ماسۆنییەكان بوون. ئەم بابەتە تەنانەت لەلایەن كۆڕ و كۆمەڵەكانی لۆژی رۆژهەلاتیشەوە بووە مایەی نیگەرانی و هەست بەو مەترسییە دەكرا كە لۆژی ماسۆنی هەڵبوەشێتەوە و لەگەڵ حیزبی رادیكاڵدا تێكەڵ ببێ.

گرفتی سەرەكی حیزب ئەوەبوو كە حیزب هیچ كۆنترۆڵێكی بەسەر نوێنەرانی خۆی نەبوو لە پارلەماندا. لە ئەنجامدا، گەلێك لە نوێنەرانی لە پارلەماندا لەناو گرووپەكانی تردا ناونووسییان دەكرد. هەربۆیە لە كۆنگرەی ساڵی ١٩١٠، حیزب رایگەیاند كە نوێنەرانی ئیدی مافی خۆناونووس كردنیان نییە لە گرووپەكانی تردا[٣٠١]. ئەم بابەتە لەو رووەوە گرنگە كە بۆ یەكەمین جار رێكخراوێكی سیاسی لەسەر ئاستی نیشتمانی فەرمانی بۆ ئەندامانی خۆی دەردەكرد. ئەم دیاردەیە دەبێ لەم سەردەمەدا بە دیاردەیەكی نوێ لە قەڵەمبدرێ.

باڵی راست كە خۆی لە بەرامبەر ركابەرییەكی تۆكمە و زۆر بەهێزدا دەبینی، كەوتە هەوڵی چارەسەكردن و هەوڵیدا رێكخستنەكانی خۆی سەر لەنوێ رێكبخاتەوە. ئەم جموجۆڵەش وەك گەلێك لە جموجۆڵە سیاسییەكانی تر لە پارلەمانەوە دەستیپێكرد. لە رێكەوتی ٥ی نیسانی ١٩٠١، (ژاك پیۆ)[٣٠٢] دامەزراندنی گرووپێكی نوێی پارلەمانی راگەیاند بەناوی ((كاری لیبرال))[٣٠٣]. ئەم گرووپە لە ساڵی ١٩٠٢ ناوەكەی خۆی بۆ حیزبی ((كاری جەماوەریی

(٢٩٨) POMBENI P. Introduction a l'histoire des Parties Politiques, Paris, PUF, 1985, P.307.
(٢٩٩) Charles Dumont.
(٣٠٠) Caillaux.
(٣٠١) Ibid.
(٣٠٢) Jacques Piou.
(٣٠٣) Action Liberale.



لیبرال))[٣٠٤] گۆڕی. ئەم حیزبە كە لەسەر بنەمای (زینترۆم)[٣٠٥]ی ئەڵمانیا دارێژرابوو، بۆلانژیستە كۆنەكان و بۆناپارتیستە پێشووەكانی لەخۆ دەگرت. دوو گرووپی راستگەرای تریش لە كردارێكی هاوشێوەدا، گرووپگەلێكی پارلەمانی نوێیان پێكهێنا. گرووپەكانی تر و تەنانەت (ALP)یش كەمتر لە حیزبی سیاسی دەچوون.

## * حیزبی سۆسیالیست، یەكەمین حیزبی راستەقینەی فەرەنسا:

سۆسیالیستەكان تەنها گرووپێك بوون كە بەرەو ئەوە دەچوون ببنە حیزبێكی راستەقینە. سۆسیالیستەكان بۆ رێكخستنەوەی هێزەكانی خۆیان كەڵكیان لە ئەزموونی ولاتانی تر و بەتایبەت ئینترناسیۆنالی دووهەم وەرگرت. لە رێكەوتی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٠١، حیزبی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی ڤایان[٣٠٦]، كە لە ساڵی ١٨٩٦ دروست ببوو و حیزبی كرێكاری فەرەنسا بە سەرۆكایەتی گسد، لە چوارچێوەی حیزبێكی نوێ بەناوی ((یەكگرتنی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ)) یەكیانگرت. لە ئەیلوولی ١٩٠٢، ئەم حیزبە ناوەكەی خۆی گۆڕی بە ((حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا))[٣٠٧]. لە ئەیلوولی هەمان ساڵ، ژۆرس و بریاند[٣٠٨] لە شاری توور، ٣١ فیدراسیۆنی سۆسیالیستییان لە دەوری یەك كۆكردەوە و ((حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسییان)) پێكهێنا. رێكخستنی حیزبی سۆسیالیست لەسەر بنەمای ئازادی كردار و سەربەخۆیی فیدراسیۆنەكان بنیات نرابوو. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە كە لەم سەردەمەدا لە نێوان سۆسیالیستەكان، ئەو سۆسیالیستە سەربەخۆیانەی كە ئامادە نەبوون بچنە ژێر دەسەلاتی ئینتەرناسیۆناڵ لە زۆرینەدا بوون[٣٠٩]. پاش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٠٢، ژۆرس كە لەگەڵ ئینتەرناسیۆنال لە پێوەندیدا بوو، پێشنیاری كرد كە بۆ یەكگرتنی هێزە چەپەكان بەرنامە و ستراتیژێكی یەكگرتوو دابڕێژرێ. ئەم دیدگایە پەسندكرا و یەكگرتوویەك لەنێوان چەپی سۆسیالیستدا دروستبوو. لە ئەنجامدا، لە ٢٣ی نیسانی ١٩٠٥ هەردوو حیزبی سۆسیالیست یەكیانگرت و حیزبێكی نوێ بەناوی ((حیزبی سۆسیالیستی یەكگرتوو))[٣١٠] دروستبوو. رێكخستنی ئەم حیزبە لە كۆنگرە و ئەنجوومەنی نیشتمانی پێكهاتبوو كە

(٣٠٤) Action Liberale Populairet (ALP).
(٣٠٥) Zentrum.
(٣٠٦) Vaillant.
(٣٠٧) Parti Socialiste de France.
(٣٠٨) Briand and Jaures.
(٣٠٩) PORTELLI H., Le Parti Socialeste, Paris, Clefs, 1992.
(٣١٠) SFIO.

نوێنەرانی فیدراسیۆنەکان، گرووپی پارلەمانی و کۆمیسیۆنی کارگێڕی هەمیشەیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی لەخۆ دەگرت. سۆسیالیستەکان لە ساڵی ١٩٠٦ خاوەنی ٥٦ نوێنەربوون لە پارلەماندا کە ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩١٠ گەیشتە ٧٦ کەس و لە ساڵی ١٩١٤ گەیشتە ١٠١ کەس. بەم جۆرە سۆسیالیستەکان بەرەبەرە لە چوارچێوەی گرووپێکی پارلەمانی تایبەتی دەرچوون و وەك باڵێکی بەهێز لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەبوون[٣١١].

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم ساڵانەدا لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی پارلەمان روویاندا، بەرە بەرە رێگایان بۆ ئامادەبوونی کاراتری حیزبەکان لە گۆڕەپانی سیاسیدا کردەوە. یەکێك لەو گۆڕانکاریانە بریتیە لە پێکهێنانی کۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەکان لە پارلەماندا. لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٠٢، هەندێ کۆمیسیۆنی هەمیشەیی بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە پرۆژە و پێشنیارەکان دروستبوون. لە قۆناغی یەکەمدا ١٧ کۆمیسیۆن بۆ ئەم مەبەستە پێشبینی کرابوون کە لە قۆناغەکانی دواتردا ژمارەیان گەیشتە ٢٠ کۆمیسیۆن. هەروا لە رێکەوتی ١٠ تەمووزی ١٩١٠، پارلەمان شێوازێکی نوێی بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسان گرتەبەر. بەو پێیە، گرووپە پارلەمانییەکان ئەو مافەیان هەبوو کە وەك گرووپ، پالێوراوانی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی پۆستەکانی بەرپرسیاریەتی رابگەیەنن. ئەگەرچی حیزبە سیاسییەکان هێشتا لە پارلەماندا پێگەیەکی پێناسەکراویان نەبوو، بەڵام پارلەمان بەم کارە گرووپە پارلەمانییەکانی بە فەرمی ناسی و پێگەیەکی یاسایی پێبەخشین. لە ساڵی ١٩٠٥ پارێزراویی پارلەمان بۆ پازدە هەزار فرانك زیادی کرد و لە ساڵی ١٩١٠ نەریتی ئاریستۆکراتیانەی بانگکردنی نوێنەران بە راناوی کۆ هەڵوەشایەوە و لەوە بەدوا نوێنەران بە راناوی تاك یەکتریان بانگدەکرد.

لەمەوبەدوا هەر نوێنەرێك ناچار بوو لە یەکێك لە گرووپە پارلەمانییەکاندا خۆی ناونووس بکات و هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی روون بکاتەوە. لەم سەردەمەدا پارلەمان، هەندێ گرووپی جۆراوجۆری لەخۆ دەگرت کە گرنگترینیان بریتی بوون لە: گرووپی ((سۆسیالیستی یەکگرتوو)) ٧٥ نوێنەر، گرووپی کۆماریخواز- سۆسیالیست٣٠، کۆماریخوازانی رادیکاڵ- سۆسیالیست ١٥٠، چەپی رادیکاڵ ٣٤، گرووپی باڵی راست ١٩، کۆماریخوازانی پێشکەوتوو ٧٥ و سەرئەنجام گرووپی سەربەخۆکان ٢٠ نوێنەریان هەبوو[٣١٢].

(٣١١) Ibid.
(٣١٢) BESBAKH P, Histoire et figure du socialisme Francais, Paris, BORDAS, 1997.



لە ساڵی ١٩١٣، ریمۆن پوانکارە[٣١٣] بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا. لەم سەردەمەدا بەهۆی جەنگی دەرەکی، ناکۆکییە ناوخۆییەکان کەمتربوون. جەنگی جیهانی یەکەم و بوونی دوژمنی یەکگرتوو بووە هۆی کاڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و ((یەکگرتنێکی پیرۆز)) لە پارلەماندا دروستبوو.

## * فاکتەرەکانی بە دامەزراوبوونی حیزبەکان لە سەردەمی پاش جەنگی جیهانی یەکەم:

رووکردنی فەرەنسا بەرەو سیستەمی هەڵبژاردنی رێژەیی، بە یەکێك لە وەرچەرخانە گرنگەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم دادەنرێ. فەرەنسا لە ساڵی ١٩١٩ ئەم شێوازەی بۆ هەڵبژاردنی گرتەبەر. رووکردنی فەرەنسا بەرەو ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سیستەمی حیزبی ئەم وڵاتە هەبوو کە لە حاڵی دروستبووندا بوو.

لەم سەردەمەدا بەرەی چەپ جارێکی تر کەوتە بیری ئەوەی کە کەمپی خۆی رێکبخاتەوە. لە رێکەوتی ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠، سۆسیالیستە جیابووەکانی لایەنگری ئینتەرناسیۆنالی لینین و دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا، سۆسیالیستەکانی تریان بانگهێشت کرد تا پێکەوە بەرەی یەکگرتووی چەپ[٣١٤] دروست بکەن. ئەم بەرەیە تەمەنێکی کورتی هەبوو و بەخێرایی لێك هەڵوەشایەوە. بەم جۆرە، سەرەڕای ئەوەی کە سیستەمی سیاسی فەرەنسا هەر وا لەژێر دەسەڵاتی رەهای پارلەماندا بوو، بەڵام بەرەبەرە حیزبە سیاسییەکان لە دەرەوەی پارلەمان رۆڵێکی کارایان گێڕاو بوونە سەرچاوەی کاریگەریی لەسەر رەوتی کاروبارەکانی پارلەمان. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٢٨، کۆنگرەی حیزبی رادیکاڵ وازهێنانی ژمارەیەك لە وەزیرانی حیزبی لە کابینە رەتکردەوە و پاش ساڵێك (دالادیە)[٣١٥] بەناوی حیزبی رادیکاڵ داوای لە سۆسیالیستەکان کرد کە لە کابینەدا بەشدارییکەن. ئەم کارە هەرچەندە لەلایەن گرووپی پارلەمانی رادیکاڵەکانەوە پەسندکرا، بەڵام لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانی حیزب رەتکرایەوە. شیاوی باسە کە لە ساڵی ١٩٣٢ کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیست بەشداری سۆسیالیستەکانی لە حکومەتدا پەسند کرد و سەرۆکی حکوومەتی ئەوکات،

(٣١٣) Raymond Poincare.
(٣١٤) Le Cartel des gauches.
(٣١٥) Daladier.

(ئیرریۆ)[٣١٦] دەستێوەردانی هەر فاکتەرێکی دەرەوەی پارلەمانی لە کاروباری حکوومەتدا رەتکردەوە. بەم جۆرە حیزبە سیاسییەکان بەرەو ئەوە دەچن تا لە کۆماری سێهەم وەك راستیەك لە گۆڕەپانی سیاسییدا بێنە ئاراوە و رۆڵ بگێڕن. هەڵبەت حیزبە سیاسییەکان هێشتا لە سەرەتای رێگا دابوون و کەسایەتییە سیاسییەکان بەجدی وەریاننەدەگرتن. لەساڵی ١٩٢٩ (تاردیۆ)[٣١٧]، سەرۆکی حکوومەتی ئەوسا خۆی بوارد لە راوێژکردن لەگەڵ گرووپی پارلەمانیدا و رایگەیاند کە ((حیزبە سیاسییەکان لە یاسادا پێشبینی نەکراون و هەربۆیە هیچ هۆکارێك بۆ راوێژ پێکردنیان نییە)). لەم ساڵانەدا، سەرهەڵدانی حیزبی سۆسیالیست و کۆمۆنیست و چاکسازیی لە پێکهاتەی حیزبی رادیکاڵ بە گرنگترین وەرچەرخانەکانی باڵی چەپ دادەنرێن.

لە باڵی راستدا ((کاری فەرەنسی))[٣١٨] کەوتە بەر رق و قینی کلێسا و تووشی قەیرانی جدی هات. لایەنگرانی کلێسا کە لە ساڵی ١٩٢٤ ((حیزبی دیموکرات مەسیحی))[٣١٩]یان پێکهێنابوو، لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٨ توانییان نزیکەی ٢٠ نوێنەر بنێرنە پارلەمان. لە دەیەی ٣٠، دوو حیزبی گرنگی باڵی راست بریتی بوون لە: ((حیزبی جەماوەریی فەرەنسا)) و ((حیزبی سۆسیالی فەرەنسا)). کۆماریخوازان کە پارێزگارانی لاییك و کاسۆلیکی لە دەوری یەکتر کۆدەکردەوە، حیزبێکی سیاسی نەبوو و بە وتەی رێبەرانی تەنها بە کۆمیتەیەکی هەڵبژاردن لەقەڵەمدەدرا. لە ناوەڕاستدا دەتوانین ئاماژە بە ((رێککەوتنی دیموکراتی)) بکەین کە خۆی بە ((حیزبی کۆماریخوازی دیموکراتی)) و ((سۆسیال)) دەزانی. ئەندامانی ئەم گرووپە لە پارلەمان بەپێی پێویستی پێوەندییان بە گرووپە جۆراوجۆرەکانەوە دەکرد. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٩ ئەم گرووپە کەوتە بیری رێکخستنەوەی هەرچی پتری هێزەکانی خۆی.

حیزبی رادیکاڵ تاڕادەیەکی زۆر وەك خۆی مایەوە و گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا نەهات. پاش ئیرریۆ لەساڵی ١٩٣١ تا ١٩٣٥ دالادیە سەرۆکایەتی حیزبی گرتە ئەستۆ. ئەم حیزبە لە بنەڕەتدا لە رێگای نوێنەرانەوە بەڕێوەدەچوو و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە

(٣١٦) Herriot.
(٣١٧) Tardieu.
(٣١٨) L'Action Francaise.
(٣١٩) Democrates Populaire.



نوێنەران پێکهاتبوون. یەکێك لە کەسایەتییە نوێیەکانی حیزب لەم ساڵانەدا (پیرمندس فرانس)ە[٣٢٠] کە توانی بەخێرایی ناوبانگێکی گرنگ بەدەستبهێنێ.

دەبێ حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا بە یەکێك لە گرنگترین هێزە نوێیەکانی گۆڕەپانی سیاسی دەیەی ٣٠ دابنەین. ئەم حیزبە کە لە ساڵی ١٩٢٤ لەسەر بنەمای مۆدیلی حیزبی بۆلشڤیك دامەزرابوو، مۆدیلی حیزبێکی ناوەندگەرای دیموکراتی بوو و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبی لە ئەستۆی کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی بوو. ئەم حیزبە دامودەزگایەکی کارگێڕی تۆکمەی پێکهێنا و لە ساڵی ١٩٢٤ خاوەنی (١٥٠) کارمەندی هەمیشەیی بوو، کە لە ساڵی ١٩٣٠ ئەم ژمارەیە بۆ (٤٥٠٠) کەس زیادیکرد. حیزبی کۆمۆنیست بە فەرمی فەرمانی لە مۆسکۆ وەردەگرت و یەکەمین حیزب بوو کە لە دەرەوەی فەرەنسا ئاراستە دەکرا.

حیزبی سۆسیالیستیش بۆ خۆی بەسەر چەندین گرووپی جۆراوجۆردا دابەش ببوو و حیزبی کۆمۆنیستی بە چاوی رکابەرێکی بەهێز سەیر دەکرد.

گرووپە چەپەکان سەرەڕای ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوانیاندا هەبوو، لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣٦ لەژێر ناوی ((رێککەوتنی جەماوەریی))[٣٢١] بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکهێنا و توانییان ٣٨١ کورسی پارلەمان بەدەستبهێنن. لەم نێوانەدا، زۆرینەی رەها بۆ سۆسیالیستەکان دەگەڕایەوە کە ١٤٩ کورسییان هەبوو. بەم جۆرە، بۆ یەکەم جار لە کۆماری سێهەم، هەندێ رەگەزی نوێ هاتنە ناو سیستەمەوە کە لەلایەن سیستەمەوە خوازراو نەبوون و سۆسیالیزم وەك یەکێك لە باڵە بەهێزە سیاسییەکان جێگای خۆی لەناو گۆڕەپانە سیاسییەکاندا کردەوە و حکوومەتێك بەزۆرینەی سۆسیالیستی پێکهات. حکوومەتی سۆسیالیستەکان تەمەنێکی کورتی هەبوو و لە ١٠ی نیسانی ١٩٣٨، دالادیە بە پشت بەستنی بە میانڕەوە چەپەکان حکوومەتە نوێیەکەی خۆی پێکهێنا.

## * دروستبوونی سیستەمی حیزبی لە کۆماری چوارەم:

بەدەستپێکردنی جەنگ و داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە تەمەنی حکوومەتی کۆماریخوازان کۆتایی پێهات. لە سەردەمی جەنگدا، حکوومەتی تاراوگەی دوگول لە بەریتانیا

(٣٢٠) Pierre Mendes France.
(٣٢١) Rassemblement Populaire.

پێکهات. پاش رزگاربوونی فەرەنسا، دوگول کۆمارێکی نوێی لەسەر بنەمای حیزبە سیاسییەکان پێکهێنا. حکومەتی ژنرال دوگول کە لە ٩ی ئەیلولی ١٩٤٤ دامەزرا، لە کۆمەڵێك حیزبی سیاسی پێکهاتبوو. ئەم حکومەتە، ٣ کۆمۆنیست، ٤ سۆسیالیست، ٣ ئەندامی بزووتنەوەی کۆماریخوازی جەماوەریی (MRP)، ٣ رادیکاڵ و میانڕەوی لەخۆ دەگرت.

لەم سەردەمەدا سێ حیزبی سەرەکی هەمەگیر لە ئارادابوون کە بریتی بوون لە: حیزبی کۆماریخوازی کۆمۆنیست، حیزبی سۆسیالیست و حیزبێکی تەواو نوێ بەناوی ((بزووتنەوەی کۆماریخوازی جەماوەریی))[٣٢٢]. ئەم حیزبە لە ٢٦ی تشرینی دووهەمی ١٩٤٤ لەلایەن کاسۆلیکە کۆماریخوازەکانەوە دامەزرا. پاش شکست خواردنی باڵی راست دوا بەدوای هێرشی نازییەکان، ئەم حیزبە بە ئاماژەی کلێسا بۆ سەرلەنوێ ژیاندنەوەی باڵی راست پێکهات. دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە هاوڕێیانی دوگول بوون لە سەردەمی بەرهەڵستکاریدا[٣٢٣]. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٤٥ سێ حیزبی گرنگی ئەم وڵاتە، هەریەکەیان نزیکەی $\frac{1}{4}$ دەنگەکانیان بەدەستهێنا، حیزبی کۆمۆنیست ١٤٨، بزووتنەوەی کۆماریخوازی جەماوەریی (MRP) ١٤٣ و حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو (SFIO) ١٣٥ کورسییان بەدەستهێنا. لەم هەڵبژاردنەدا رادیکاڵەکان ٣١ و باڵە جۆراوجۆرە میانڕەوەکان ٦٥ نوێنەریان رەوانەی پارلەمان کرد.

لە ریفراندۆمی ساڵی ١٩٤٦، دەستووری نوێ پەسەندکرا و کۆماری چوارەم بە فەرمی دامەزرا. بەپێی دەستووری نوێ، حکومەت مافی دەرکردنی ئەو بڕیارانەی لێ سەندرایەوە کە هێزی یاساییان هەیە. بەم حاڵەش بوونی پێوەندی لە نێوان دەسەڵاتەکاندا نا ڕوون بوو. دوگول سوودی لەم ناڕوونییە وەرگرت و لە رێکەوتی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٤٦ رەخنەی لێگرت. لە رێکەوتی ٣ ئاداری ١٩٤٧، دوگول بانگهێشتێکی گشتی دژ بە سیستەمی حیزبی دەرکرد و لە ١٤ نیسان بە فەرمی ((کۆبوونەوە بۆ گەلی فەرەنسا))[٣٢٤]ی (RPF) دامەزراند و بەم جۆرە حیزبەکەی دوگول پێی نایە ناو گۆڕەپانەکەوە. حیزبی دوگول لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥١ بە ١٠٦ کورسی بەسەر رکابەرانی خۆیدا سەرکەوت. لەم سەردەمەدا باسی سەرەکی لە سەر

(٣٢٢) Mouvement republicain populaire.

(٣٢٣) دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە بریتین لە:

M. Schumnn, G. Bidault, F. de Menthon, P. H. Teitgen.

(٣٢٤) Rassemblement du People Francais.



حیزبی کۆمۆنیست بوو، کە لە روانگەی نەیارانییەوە بە ستوونی پێنجەمی بیانییەکان لە قەڵەمدەدرا. کۆماری چوارەم لە ساڵی ١٩٥٨ دەگاتە کۆتایی تەمەنی خۆی و لەمەوبەدوا فەرەنسا لە پێنجەمین کۆماریدا دەبێتە خاوەن سیستەمێك بە باڵادەستی هەمەلایەنەی دەسەڵاتی راپەڕاندن و سیستەمی دوو جەمسەریی و فرەحیزبی لەم وڵاتەدا شێوازێکی دامەزراو بەخۆیەوە دەگرێ.

### * سەقامگیربوونی سیستەمی فرەحیزبی و دوو جەمسەریی لە کۆماری پێنجەم[٣٢٥]:

کۆماری پێنجەم بۆچوونێکی باشی لەسەر حیزبە سیاسییەکان نەبوو. بەم حاڵەش بەندی ٤ دەستوور، بە راشکاوی دانی پێدانا و بەم جۆرە پاش ٣٠ ساڵ، سەرئەنجام لە وڵاتی فەرەنسا حیزبە سیاسییەکان بوونە خاوەن پێگەیەکی فەرمی و یاسایی. لە سەردەمی رۆسۆ تا دوگول حیزب لە فەرهەنگی سیاسی فەرەنسا بە هۆکاری ناکۆکی لە قەڵەمدەدرا و لە روانگەی رای گشتییەوە زۆر بە نێگەتیف سەیر دەکرا. هەروەك لەمەوپێش گوترا، تا بەر لە ساڵی ١٩٥٨ سیستەمی حیزبی لەم وڵاتەدا تەنها بە گرووپە پارلەمانییەکان کورت دەبووەوە و حیزبەکان لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسییدا، خاوەن پێگەیەکی پێناسەکراو نەبوون.

بەدەستپێکردنی کۆماری پێنجەم کە بە کردەوە لە ساڵی ١٩٦٢ واتە ساڵی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە رێگای راپرسییەوە دەستپێدەکات، حیزبە سیاسییەکان لەم وڵاتەدا گیانێکی نوێیان هاتەوەبەر و لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسییدا پێگەیەکی شیاویان بەدەستهێنا.

لە توێژینەوەی باڵی جۆراوجۆرەکان لە وڵاتی فەرەنسا بینیمان کە لە نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێشەوە تاکو ئێستا، کەلێنی سەرەکی لە نێوان هێزە سیاسییەکان لەسەر تەوەرەی چەپ و راست دروستبووە. بەگشتی ئەم کەلێنە لەسەر تەوەری سێ پرسی سەرەکی بووە کە بریتیین لە: جۆری سیستەمی سیاسی، پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت رۆڵی کلێسا و ئایین و سەرئەنجام رۆڵی فەرەنسا لە گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیدا. هەروەك گوترا رەگوریشەی یەکەمین دەستە بەندییە سیاسییەکان لەم وڵاتە بۆ رووداوەکانی ساڵی ١٧٨٩ دەگەڕێتەوە و لە ناکۆکی لەسەر رادەی دەسەڵاتی سیاسی پاشاوە سەرچاوە دەگرێت. لەم سەردەمەدا سێ باڵی جۆراوجۆر

(٣٢٥) BORELLA F, Les Parties Politiques de la France d'an Jourd'hui, Paris, Leseuil, 1990.

لەبەردەم یەکتردا ریزبەندییان کردبوو. باڵی راست سێ گرووپی جۆراوجۆری لەخۆ دەگرت کە بریتیبوون لە:

١- ئەو کەسانەی کە زۆر دژ بە گۆڕانکاریی و بەتایبەت شۆڕش بوون.
٢- ئەو ریالیستانەی کە دژ بە چاکسازیی و گۆڕانکاریی بوون.
٣- ئەو کەسانەی کە لەو باوەڕەدابوون تەنها دەبێ بە پشت بەستن بە هێزەکانی رابردوو کار بۆ چاکسازیی و گۆڕانکاریی بکرێت.

ئەم رەوتە لەو باوەڕدابوو کە دەبێ رێبەرێك لەلایەن خەڵکەوە بۆ ئەم کارانە هەڵبژێردرێت. ئەم باڵە بە سیزاریستە دیموکراتییەکان ناسراون. باڵی چەپیش سێ تەوژمی هزریی جۆراوجۆری لەخۆ دەگرت کە بریتی بوون لە: چەپی لیبرال کە لەو باوەڕدابوون دەبێ خاوەن دەسەڵاتەکان لە رێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە هەڵبژێردرێن، چەپی ئایدۆلۆژیك و دیموکراتیك کە لەو باوەڕەدابوون تەنها رێگای گەیشتن بە دیموکراسی راستەقینە بەلاوەنانی داب و نەریتەکانی رابردوو و ئایینە، چەپی رادیکاڵ کە هەوڵی مۆبیلیزەکردن و رێکخستنی چینی پێشڕەو واتە چینی کرێکاری دەدا بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی[٣٢٦]. تا ئەم سەردەمە هێشتا بە واتا ئەمڕۆییەکەی هیچ وتەیەك دەربارەی حیزبی سیاسی لە ئارادا نەبوو.

## * بەرەو سیستەمی حیزبی ئێستا:

لە ساڵی ١٩٥٨ ئەو سیستەمە حیزبییەی کە لە سەردەمی کۆماری سێهەم و چوارەمدا دروستببوو، لەناوچوو. لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٢ سیستەمی حیزبی لە ئارادا بوو، بەڵام بەتوندیی کەوتبووە ژێر کاریگەریی هەندێ پرسی وەك جەنگی جەزایر. لەم ساڵانەدا، ژەنراڵ دوگول لایەنگرانی خۆی لە چوارچێوەی حیزبێکی نوێدا رێکخست بەناوی ((یەکگرتن بۆ کۆماری نوێ UNR)). لەبەرامبەردا لە ساڵی ١٩٦٠ حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو پێکهات. لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٢ بە هاتنە سەرکاری (ژۆرژ پۆمپیدۆ) وەك سەرۆك وەزیران، ((پێکەوە ژیانی ئاشتیانە))ی[٣٢٧] دوگول و حیزبە سیاسییەکانی تر دەگاتە کۆتایی تەمەنی کورتی خۆی و پێکادان و ململانێی راستەقینە لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندا دەستپێدەکات. بەم جۆرە، سیستەمی گولیزمی نیشتمانی دەبێتە گولیزمی حیزبی و حیزبەکانی تر لە دوگول

(٣٢٦) Ibid, P.12.
(٣٢٧) Coexistance Pacifique.



دوور دەکەونەوە و حیزبی دوگول وەك حیزبی دەسەڵاتدار و حیزبەکانی تر وەك حیزبی کەمینە و ئۆپۆزیسیۆن دێنە ئاراوە. دوگول لە رێکەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ پارلەمانی هەڵوەشاندەوە و رایگەیاند کە بەتەمای وازهێنانە و دەیەوێ لەم بارەیەوە راپرسی لە خەڵك بکات و لە حاڵەتی دەنگدانی نێگەتیڤی خەڵك ئەوا واز لە دەسەڵات دەهێنێ. راپرسی ئەنجامدرا و ٦١,٨٪ بەشداربوون دەنگی پۆزەتیڤیان پێدا. بەم جۆرە، ئەگەرچی دوگول سەرکەوتووی هەڵبژاردن بوو، بەڵام ناتوانین ئەنجامی راپرسی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ بە سەرکەوتنێکی راستەقینە بزانین بۆ ئەو. بەڵام ئەم ئەنجامە لەو رووەوە گرنگە کە گولیزمی کاریزمایی جێگای خۆی دەداتە گولیزمی حیزبی. لەنێوان ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٨ لەم وڵاتەدا گۆڕانکاری گرنگ لە پێکهاتەی حیزبە سیاسییەکاندا بەدی دەکەین. هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی لە ساڵی ١٩٦٥ لە راستیدا شکستێك بوو بۆ بەرەی دژ بە دوگول و حیزبی دوگولی سەقامگیر کرد. لە باڵی گولیستەکاندا، گولیستە سەربەخۆکان، گرووپێکی پارلەمانی سەربەخۆیان پێکهێنا و پاش ماوەیەك بناغەی فیدراسیۆنی نیشتمانی کۆماریخوازانی سەربەخۆیان دارشت.

لە ساڵی ١٩٦٥ بەرەی سۆسیالیست رووداوێکی گرنگی بەخۆیەوە بینی، چونکە لەم ساڵەدا فرانسوا میتران ((فیدراسیۆنی چەپی دیموکرات و سۆسیالیستی FGDS)) دامەزراند. ئەم فیدراسیۆنە رادیکاڵەکان و حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی (SFIO) لە بەرەو رێکخراوێکدا یەکخست. ئەم فیدراسیۆنە توانی لە رێکەوتی ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستیدا بگاتە رێککەوتنێکی بنچینەیی بۆ هەڵبژاردن. لە رێکەوتی ٢٢ی شوباتی ١٩٦٨ رێککەوتنی هاوکاری هاوبەش لە نێوان فیدراسیۆنی چەپی دیموکرات و سۆسیالیست (FGDS) و حزبی کۆمۆنیستدا واژوکرا[٣٢٨]. بەم جۆرە، باڵی چەپ لە بەرامبەر راستەکاندا بەرەیەکی بەهێز و یەکگرتووی پێکهێنا و بە وتەیەکی تر سیستەمی حیزبی فەرەنسا بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دروستبوو و هێزە سیاسییەکان لە دوو بەرە لە بەرامبەر یەکتردا ریزبەندییان کرد.

پاش بزاڤی ١٥ رۆژەی قوتابییان و هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان، حکوومەت دەستە راستییەکانی بۆ پشتگیریکردن لە خۆی بانگهێشتکرد، بەڵام لە بەرەی چەپدا هەندێ جیابوونەوەی جۆراوجۆر روویاندا. لە ئەنجامدا لە هەڵبژاردنی پارلەمانی لە ساڵی ١٩٦٨،

(٣٢٨) BESBAKH P, Histoire et Figure du Socialisme Francais, Paris, Bordas, 1994.

گولیستەكان لە خولی یەكەم ٤٦٪ دەنگەكانیان بەدەستهێنا و لە خولی دووهەم بەرەی گولیستەكان توانی ٧٤٪ كورسییەكان بەدەستبهێنێ. بەم جۆرە سیستەمی حیزبی رابردوو جێگای خۆی دایە دەسەڵاتدارێتی رەهای تاك حیزبی. بەڵام رووداوەكانی دواتر جارێكی تر سیستەمی فرەحیزبی و دوو جەمسەریی لەم وڵاتەدا سەقامگیر كرد. لە هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماریی ساڵی ١٩٦٩ پۆمپیدۆ هەڵبژێردرایەوە و باڵی چەپ لە گۆڕەپانی هەڵبژاردندا شكستێكی سەختی دیكەی خوارد.

بەم جۆرە، جارێكی تر سەقامگیربوونی سیستەمی حیزبی لەم وڵاتەدا بەدیدەكەین. چونكە جارێكی تر حیزبە سیاسییەكان هاتنەوە مەیدان و حیزبەكانی زۆرینە و كەمینە دەستیان كردەوە بە ململانێی حیزبی لەگەڵ یەكتردا. حیزبی زۆرینە لەم سەردەمەدا خۆی بە تاكە پارێزەری راستەقینەی رێكوپێكی دەزانی لە وڵاتدا. لە بەرامبەر حیزبی زۆرینەدا، رادیكاڵەكان چالاكی بەرنامەداری خۆیانیان بە گوڕتر كرد و میانڕەوەكانیش چالاكانە هاتنە مەیدانەوە.

باڵی چەپیش بە گەرموگوڕی هەوڵی دەدا لە كاروانەكە بەجێ نەمێنێ و هەوڵیدا تا سەرلەنوێ رێكخستنەكانی خۆی رێكبخاتەوە. فرانسوا میتران ئەركی سەرلەنوێ ژیاندنەوەی باڵی چەپی لە ئەستۆگرت و توانی لە ساڵی ١٩٦٩، سەرلەنوێ (SFIO) رێكبخاتەوە و زەمینە بۆ دروستبوونی حیزبی نوێی سۆسیالیست خۆشبكات. لە كۆنگرەی ((یەكگرتنی سۆسیالیستەكان)) كە لە ساڵی ١٩٧١ بەسترا، حیزبی سۆسیالیست لە ١٤ی حوزیرانی هەمان ساڵدا لە دایكبوو و بەدەست پێشخەریی میتران حیزبی سۆسیالیست و كۆمۆنیست بەرنامەیەكی هاوبەشیان راگەیاند.

بەم جۆرە، جارێكی تر سیستەمی حیزبی لەم وڵاتەدا سەقامگیربوو و هەردوو باڵی چەپ و راست لە بەرامبەر یەكتردا ریزبەندیان كرد. لە هەڵبژاردنی مانگی ئایاری ١٩٧٣ قووڵبوونەوەی دوو جەمسەرێتی باڵەكان لەم وڵاتەدا بەدیدەكەین. كەمپی راست بۆ پشتگیریی كردنی لە ژۆرژ پۆمپیدۆ بەرەیەكی یەكگرتووی پێكهێنا. باڵی چەپیش بە نۆرەی خۆی كۆمۆنیست و سۆسیالیستەكانی لەناو كەمپەكەی خۆیدا هەبوو. لەم هەڵبژاردنەدا باڵی راست زۆرینەی پارلەمانی بەدەست هێناو وەك حیزبی زۆرینە دەركەوت.

پاش مەرگی پۆمپیدۆ لە ساڵی ١٩٧٤، لە هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماریدا ململانێی قووڵ لە نێوان هەردوو كەمپی راست و چەپدا بەدی دەكەین. لەم قۆناغەشدا باڵی راست



سەركەوت و (ڤالێری ژیسكاردیستەن) بووە سەرۆك كۆمار و (ژاك شیراك)ی وەك سەرۆك وەزیرانی خۆی هەڵبژارد.

پاش وازهێنانی ژاك شیراك لە ساڵی ١٩٧٦، (ریمۆن بار) بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرا. سەرۆك وەزیرانی نوێ سەر بە هیچ حیزبێكی سیاسی تایبەت نەبوو. شیراك كە لە ساڵی ١٩٧٧ بە فەرمی لە باڵی سەرۆك كۆمار جیا ببووەوە، حیزبێكی بۆ خۆی پێكهێنا بەناوی ((كۆبوونەوە بۆ دیموكراسی)). حیزبی شیراك لە هەڵبژاردنی شارەوانی لە شاری پاریسدا سەركەوت و سەرۆكی حیزب بە سەرۆكی شارەوانی پاریس هەڵبژێردرا. لەبەرامبەردا لایەنگرانی سەرۆكی كۆماریش خۆیانیان رێكخست و حیزبێكیان پێكهێنا بەناوی یەكێتی بۆ دیموكراسی فەرەنسا (UDF). ئەم حیزبە توانی لە ساڵی ١٩٧٨ لە هەڵبژاردنی پارلەماندا زۆرینە بەدەستبهێنێ.

لە رێكەوتی ١٠ی ئایاری ١٩٨١، فرانسوا میتران بە سەرۆك كۆماری فەرەنسا هەڵبژێردرا و باڵی چەپ سەركەوتنێكی گەورەی بەدەستهێنا. جگە لە پۆستی سەرۆك كۆماریی، پارلەمانیش كەوتە دەست باڵی چەپ و لە هەڵبژاردنی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا ئەم باڵە زۆرینەی كورسییەكانی پارلەمانی بەدەستهێنا. میتران بۆ پتەوكردنی ئیئتیلافی سۆسیالیستەكان لەگەڵ كۆمۆنیستدا، سەرۆك وەزیرانی خۆی لەنێوان كۆمۆنیستەكان هەڵبژارد و (پیر مۆریۆ)[٣٢٩]ی بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان كرد. بەڵام كۆمۆنیستەكان وازیان لە ئیئتیلاف لەگەڵ سۆسیالیستەكان هێنا و هاوكاری كردنی ئەوانیان بایكۆت كرد. هۆكاری سەرەكی ئەم ناكۆكییە، بۆ سیاسەتە ئابوورییەكانی سۆسیالیستەكان دەگەڕێتەوە كە بەتوندی لەلایەن كۆمۆنیستەكانەوە رەخنەی لێدەگیرا. میتران، (لۆران فابۆس)ی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵبژارد كە كەسایەتییەكی ناسراوی سۆسیالیستەكان بوو و بەم جۆرە ناكۆكی لە نێوان كەمپی چەپدا قووڵتر بوو. لە ئەنجامی ئەم ناكۆكیانەدا، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكان لە ساڵی ١٩٨٣، باڵی چەپ لە ركابەرە راستەكانی خۆی دواكەوت و زۆرینەی كورسییەكانی بۆ ئەوان بەجێ هێشت.

لەم سەردەمەدا حیزبی شیراك رێبەرایەتی كەمینەكانی لە ئەستۆگرت و ژاك شیراك بووە یەكێك لە بەناوبانگترین سیماكانی باڵی راست. حیزبی سەرۆك كۆماری پێشوو، واتە ڤالێری ژیسكاردیستەن لە پێگەیەكی زۆر بەهێز و شیاودا نەبوو و حیزبی شیراك بە ركابەری سەرەكی سۆسیالیستەكان دادەنرا. لە رێكخراوەكانی دیكەی باڵی راست دەتوانین ئاماژە بە حیزبی

(٣٢٩) P. Mauroy.

کۆماریخواز بکەین، کە لە ساڵی ١٩٨٢ (فرانوا لیوتارد) بووە سکرتێری گشتی ئەم حیزبە. لقی توندڕەوی باڵی ڕاست لەلایەن حیزبێکی نوێ بەناوی بەرەی نیشتمانییەوە ڕێبەرایەتی دەکرا کە (ژان ماری لۆپەن) سکرتێری گشتی و ڕێبەری بێ ئەم لاو ئەولای بوو(٣٣٠).

دەبی ساڵی ١٩٨٦ بە ساڵی ناکامی چەپەکان بزانین. لەم ساڵەدا لە هەڵبژاردنی پارلەمان، ڕاستەکان زۆرینەی پارلەمانییان بەدەستهێنا و چەپەکان جگە لە پێکهێنانی حکوومەتی ئیئتیلافی هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نەمابوو. لەناو باڵی ڕاستدا لەسەر ئیئتیلافێکی لەم جۆرە کۆدەنگی نەبوو. ڕیمۆن بار بەتوندی دژایەتی شتێکی لەم جۆرەی دەکرد و لەو باوەڕادابوو کە سەرۆك کۆمار دەبێ وازبهێنێ، لەکاتێکدا کە شیراك و ژیسکار دیستەن سەرۆك کۆماریان بە خاوەن ئیختیار دەزانی و هیچ گرفتێکیان بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیئیلافی بەدی نەدەکرد. سەرئەنجام میتران لە ڕێکەوتی ٢٠ ئازاری ١٩٨٦ شیراکی بۆ پێکهێنانی حکوومەت بانگهێشت کرد. لە ١٠ نیسان ژاك شیراك بە ٢٩٢ دەنگ لەبەرامبەر ٢٨٥ دەنگی دژ بە سەرۆك وەزیر هەڵبژێردرا. لێك نزیکبوونی دەنگەکان نیشانەی یەکسانی ڕێژەی هێزە چەپ و ڕاستەکان و چەسپاندنی سیستەمی دوو جەمسەریی بوو لەم وڵاتەدا.

لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی لە ساڵی ١٩٨٨، فرانسوا میتران لە خولی یەکەم ٣٤٪ و لە خولی دووهەم ٥٤٪ دەنگەکانی بەدەستهێنا و بۆ دووهەمین جار بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرایەوە. سۆسیالیستەکان بۆ دووهەمین جار جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت.

(میشل ڕۆکارد) لە ڕێبەرانی ناسراوی حیزبی سۆسیالیست بە سەرۆك وەزیران و (لۆران فابۆس) بە سەرۆکی پارلەمان هەڵبژێردران.

لە باڵی ڕاستیشدا هەندێ وەرچەرخان ڕوویاندا. (ئالن ژۆپە) وەك سکرتێری گشتی کۆبوونەوە بۆ دیموکراسی (RPR) هەڵبژێردراو ژیسکار دیستەن خوازیاری دووبارە یەکگرتنەوەی هێزە ڕاستەکان بوو(٣٣١).

باڵی ڕاست لە ڕێگای بەهێزکردنی بەرەکەی خۆی توانی لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ساڵی ١٩٩٥ سەربکەوێ و کۆتایی بە حکوومەتی چواردە ساڵەی سۆسیالیستەکان بهێنێ. بە

(٣٣٠) بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی هێزە سیاسییەکان لە کۆماری پێنجەمی وڵاتی فەرەنسا بڕوانە بۆ:
ALBERT J, L, Vingt ans de vie politique en France, Paris, Les Editions d'organisation, 1996.

(٣٣١) BORELLA F, Les Parties Politiques, Op. cit.



هاتنە سەرکاری ژاك شیراك باڵی ڕاست پاش ساڵانێکی دوور و درێژ گیانێکی تازەی هاتەوەبەر. ئەگەرچی ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بە هەڵبژاردنی پارلەمانی ڕابردوو و سەرکەوتنی حیزبی سۆسیالیست لە دەمی ڕاستەکان تاڵ بوو و شیراك ناچار بوو بەشێوەیەکی دوور لە باوەڕ، ڕکابەری سەردەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی خۆی واتە (لیۆنل ژۆسپەن) بکاتە سەرۆك وەزیران. ئەمەش بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە کە سیستەمی دوو جەمسەریی لەم وڵاتەدا بەباشی چەسپاوە و لەژێر سێبەری حیزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دوو جەمسەری بەهێز لە ململانێیەکی توندان لەگەڵ یەکتردا.

## * گرنگترین فاکتەرە ڕوونکەرەوەکانی سیستەمی حیزبی ئێستا:

کۆماری پێنجەم کۆتایی هێنا بە سیستەمی فرەحیزبی بە حیزبگەلێکی لاواز و نەرم و لەبەرامبەردا سیستەمێکی دووجەمسەریی بە دەسەڵاتدارێتی حیزبی زۆرینە جێگیر کرد. سیستەمی حیزبی ئێستا دەرەنجامی ئەو وەرچەرخانە سیاسی و ئابوورییە جۆراوجۆرانەیە کە هەندێکیان بەم جۆرەی خوارەوەیە.

## * ڕۆڵی سیستەمی سیاسی لە چەسپاندنی سیستەمی حیزبی:

سیستەمی ئێستا لەسەر سێ کۆڵەکەی، پارلەمان، حکوومەت و سەرۆك کۆمار دامەزراوە. هەندێ دامەزراوی وەك ئەنجوومەنی دەستوور، ڕاپرسی، مافی هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان و بەرپرسیاربوونی حکوومەت لە بەرامبەر پارلەماندا پێشبینی کراون بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە پێوەندی نێوان هێزەکاندا.

سەرۆك کۆمار لەسەرووی دەستەبەندییە سیاسی و حیزبەکاندایە بەڵام پارلەمان شوێنی گەیشتنی گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگایە. سەرۆك کۆمار سومبولی دەسەڵاتی یەکگرتوو و یەکپارچەی نیشتمانییە و پارلەمان سومبولی دەسەڵاتێکی پەراکەندە و وابەستەی تەوژمە سیاسییە جۆراوجۆرەکانە. لۆژیکی زاڵ بەسەر بڕیارەکاندا بەرژەوەندی نیشتمانییە نەك بەرژەوەندی گرووپەکان. هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە ڕێگای هەڵبژاردنی دوو قۆناغی، هۆکارێکە بۆ یەکگرتنی هێزە سیاسییەکان، چونکە سەرۆك کۆمار بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ناچارە پشتگیریی حیزب و گرووپە جۆراوجۆرەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ، بە پێچەوانەی ئەمەوە ئومێدی سەرکەوتنی زۆرکەمە. بەڵام بە کردەوە، سەرۆك کۆمار بە

پشتیوانی هێزێكی سیاسی تایبەت دەگاتە دەسەڵات و لە ئەنجامدا وابەستەی حیزب و بەرنامە و رەوتێكی سیاسی تایبەتە و حیزبێكی تایبەت فەرمانڕەوایی دەكات. ئەم حیزبە لە حاڵەتێكدا دەتوانێ بەرنامەكانی خۆی جێبەجێ بكات كە زۆرینەی پارلەمانیشی بەدەستەوەبێ، بەپێچەوانەی ئەمەوە ناچارە لەگەڵ حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی خۆیدا حكومەت پێك بهێنێ، كە ئەمەش بە كردەوە دەبێتە بەربەست لەبەردەم بەدیهاتنی ئامانجەكانی حیزبی سەرۆك كۆماردا. بۆ لەناوبردنی ئەگەری بەربەستەكان، سەرۆك كۆمار مافی هەڵوەشاندنەوەی پارلەمانی پێدراوە.

بەم جۆرە، كۆماری پێنجەم بەناچار لەسەر بنەمای دەسەڵاتدارێتی تاكە حیزبێك بەسەر پارلەمان و دەسەڵاتی راپەڕاندندا دامەزراوە تا بتوانێ بەشێوەیەكی ئیدیال بجووڵێتەوە. لەبەرئەوەی بەكردەوە بەدەستهێنانی ئەم زۆرینەیە بۆ تاكە حیزبێك مومكین نییە، هەربۆیە دەبێ باڵی هاوئاراستەی سەرۆك كۆمار ئیئتیلافێكی گەورە پێكبهێنێ و ئەم ئیئتیلافەیە كە دەتوانێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ نەك تاكە حیزبێك. لەبەرامبەردا، نەیارانی باڵی زۆرینەش بۆ گەیشتن بە سەركەوتنی جگە لە ئیئتیلاف هیچ رێگا چارەیەكی تریان لەبەردەمدا نییە. لە ئەنجامدا لە باڵی ئۆپۆزیسیۆنیش نەك لەگەڵ تاكە حیزبێك بەڵكو لەگەڵ گرووپێك حیزبی ئیئتیلافیدا بەرەو ڕوون. بە وتەیەكی سادەتر سیستەمی حیزبی ئەم وڵاتە لەبری دوو حیزبی، دوو جەمسەرییە. ئەم فاكتەرە باسكراوانە ئەوە نیشاندەدەن كە حكوومەت بە كردەوە، ناتوانێ بە حكوومەتێكی بێ لایەن بمێنێتەوە و بە دڵنیاییەوە دەبێتە حكوومەتێكی حیزبی.

لە ساڵی ١٩٧١ ئەنجومەنی دەستوور رادەسپێردرێ كە پاسەوانی لە دەستوور و بنەما سەرەكییەكانی زاڵ بەسەر كۆمەڵگادا بكات و لە یاسای پەسندكراوی ١٦ی تەمووزی ١٩٧١دا بەڕاشكاویی هاتووە كە نابێ هیچ یاسایەكی پەسندكراوی پارلەمان دژ بە راگەیەندراوی ١٧٨٩ و دەستوور و بنەماكانی كۆماریی بێ. پرەنسیپی گونجاو بوون لەگەڵ بنەماكانی كۆماریی لە راستیدا دەستی ئەنجومەنی بۆ شرۆڤەكردنی خاڵە جۆراوجۆرەكان بە كراوەیی هێشتۆتەوە.

بەپێی یاسای ٢٩ی تشرینی یەكەمی ١٩٧٤ توێژینەوە لەسەر گونجاو یا نەگونجاو نەبوونی یاسا پەسندكراوەكانی پارلەمان، دەتوانێ لەسەر بڕیاری ٦٠ سیناتۆر یا نوێنەر بخرێتە ناو بەرنامەی كاری ئەنجوومەنەوە[٣٣٢].

(٣٣٢) Driot de saisine.



لە ئەنجامدا ئەنجومەن ئەم دەرفەتە بە كەمینە دەدات تا یاسا پەسندكراوەكانی زۆرینە بخەنە ژێر پرسیارەوە و كەمینە بەشێوەیەكی چالاك لە گۆڕەپانی سیاسییدا دەمێنێتەوە[٣٣٣].

## ب- بەریتانیا:
### مۆدێلێكی پراكتیكی بۆ هەموو سیستەمە جووت حیزبییەكان

بەریتانییەكان بەباشی توانییان بە دوور لە هەڵچوونی ئەو شۆڕشانەی كە كیشوەری ئەورووپا بەخۆیەوە بینیویەتی، كۆكردنەوەیەك لەنێوان سیستەمی پاشایەتی و حكوومەتی نوێنەرایەتی بنیات نراو لەسەر دەنگی زۆرینە دروستبكەن. بەریتانیا یەكگرتنێكە لە نێوان چەندین وڵاتی جۆراوجۆردا كە هەریەكەیان خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان هەیە و تەنانەت لەڕووی یاساكانی هەڵبژاردن و سیستەمەكانی هەڵبژاردنەوە، جیاوازیی سەرەكییان لەگەڵ یەكتردا هەیە. جگە لە جیاوازیی و فرەجۆری جوگرافیایی، ناكۆكی قووڵی ئایینی، كەلێنێكی قووڵی لەنێوان ریزەكانی خەڵكی بەریتانیادا دروستكردووە. پاش دروستبوونی كلێسای ئانگلیكەن و راگەیاندنی سەربەخۆبوونی لە كلێسای كاسۆلیك لە ساڵانی ١٥٣٤-١٥٦٣، ناكۆكی ئایینی لەم وڵاتەدا شێوازێكی ئاشكرای بەخۆیەوەگرت و سێ كلێسای جۆراوجۆر لە بەرامبەر یەكتردا ریزبەندییان كرد، كلێسای ئانگلیكەن كە كلێسایەكی حكوومییە و ئەندامەكانی ئەنجوومەنی لۆردەكانن, لە بەرامبەر كلێسای كاسۆلیكدا راوەستا كە وەفادارانی رۆم لەخۆ دەگرێ، و هەردوو كلێسا ناوبراویش خۆیانیان لەبەرامبەر پرۆتیستانە ((ناسازەكان))دا[٣٣٤] بینییەوە.

جگە لەمەش، بەرەبەرە هێزە لاییكەكانی لایەنگری جیاكردنەوەی ئایین لە سیاسەت وەك هێزێكی نوێ و لە هەمان كاتدا بەهێز لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئامادەبوون و لە ساڵانی ١٨٣٠ و ١٨٤٠ وەك مەترسییەكی جدی بۆ هێزە ئایینییەكان هاتنە ئاراوە[٣٣٥].

سەرەڕای ئەو كەلێنە ئایینی و جوگرافیایانەی كە باسكران، وڵاتی بەریتانیا هەر لە كۆنەوە سیستەمێكی تەواوی جووت حیزبی بەخۆیەوە بینیوە و بە نموونەیەكی راستێنە و دیاری ئەم سیستەمە دادەنرێ. پارلەمانی ئەم وڵاتە هەر لە كۆنەوە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی بووە لە نێوان دوو گرووپی سیاسییدا و ئەمڕۆش ئەم نەریتە بە باشی لە بەریتانیادا بەدی دەكرێ.

(٣٣٣) Ibid., pp. 60-83.
(٣٣٤) Non conformity.
(٣٣٥) PORTELLI H, Les Regimes politiques europeens, Paris, Le Livre de poche, 1994.

((ویگ)) و ((تۆری))یەکانی دوێنێ و کرێکاران و پارێزگارانی ئەمڕۆ، گرنگترین هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە لە رابردوو و ئێستادا پێکدەهێنن.

ئەگەرچی رەگوریشەی سیستەمی جووت حیزبی بەریتانیا بۆ مێژووی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە، بەڵام دەتوانین بەجورئەتەوە بڵێین کە سیستەمی هەڵبژاردنی ئەم وڵاتە لانی کەم بووەتە هۆی بە دامەزراوبوون و سەقامگیریی ئەم نەریتە کۆنە و ئەگەر بەریتانیا سیستەمێکی هەڵبژاردنی دیکەی تاقیبکردایەتەوە، ئەوا سیستەمی حیزبی ئەم وڵاتە بەجۆرێکی تر دروستدەبوو. سیستەمی هەڵبژاردنی بەریتانیا بووەتە هۆی ئەوە کە هەردوو گرووپی رکابەر لە هەڵبژاردندا لە هێنانە ئارای پرسە لاوەکی و ناوچەییەکان خۆ بەدوور بگرن و تەنها پرۆژەی گشتی بۆ وڵات بخەنەڕوو. ئەم دوو گرووپە دژ بە یەکە بەم رێگایەوە توانیویانە باڵە جۆراوجۆرەکان لە دوو حیزبی هەمەگیردا کۆبکەنەوە. هەمەگیربوونی هەردوو حیزبی گەورەی ئەم وڵاتە، بەڵگەیە بۆ دۆخی ناسکی سیستەمی جووت حیزبی و بەپێچەوانەی ئەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێ، سیستەمی جووت حیزبی بەریتانیا بە هیچ شێوەیەك تەواو و رەها نییە. دیارترین بەڵگەش لەم بارەیەوە بوونی حیزبێکی سێهەمی ئیرلەندییەکانە لەم وڵاتەدا کە وەك حیزبی سێهەم لایەنگرانێکی بەرچاوی هەیە. جگە لەمەش، هەریەك لە دوو حیزبە گەورەکە، خۆیان لە کۆمەڵێك رەوتی سیاسی دژ بە یەك پێکهاتوون کە هەندێکیان لە چوارچێوەی گرووپی جۆراوجۆری پارلەمانی بەدەرکەوتوون. حیزبی لیبرال لە سێ رەوتی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە: ویگەکانی پێشوو، لیبرالەکان و رادیکاڵەکان. لە باڵی پارێزگارانیش ئەم گرووپ بەندییە لە ئاستێکدایە کە یەکێك لە گرووپەکانی ئەم باڵە هەستا بە دامەزراندنی حیزبێکی چوارەم لەژێر ناوی ((حیزبی چوارەم))[٣٣٦] بە سەرۆکایەتی (راندولف چرچیل). لابییەکان و تۆرییە توندڕەوەکان بە تەوژمەکانی دیکەی ئەم باڵە لە قەڵەمدەدرێن. جگە لەمەش، هەریەك لە نەتەوە جۆراوجۆرەکان رەوتی سیاسی جیاواز پێکدەهێنن و هەریەك لە (ئیرلەندییەکان، سکۆتلەندییەکان و گالەکان) لە رێگای نێوانکاری هەڵبژاردەی خۆیانەوە (WHIP)[٣٣٧] لەگەڵ نێوانکاری خۆیان لە حیزب لە پێوەندیدان. گەلێك جاریش کەسایەتییە بەناوبانگەکان حیزبەکان دەخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە و گەلێك لە نوێنەران ئەم کەسایەتییە دەست رۆیشتووانە

(٣٣٦) Fourth Party.

(٣٣٧) Whip، ئەو نێوانکارانەی کە بە Whip ناودەبرێن، دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە و لە راستیدا رێکخەر و هاوئاهەنگ کەری چالاکییەکانی حیزبن و هەمووان خۆیان بە ملکەچیان دەزانن.



بەسەرووتر لە حیزبەکان دەزانن. کاریزماگەرایی لەم وڵاتە لە ئاستێکدایە کە لە ساڵی ١٨٨٦ بە پەیوەستبوونی (چەمبرلین)[٣٣٨] بە پارتی پارێزگاران، گەلێك لەلایەنگرانی حیزبی کرێکاریش لەگەڵ ئەودا چوونە ناو کەمپی پارێزگاران. کەواتە دەتوانین بڵێین، ئەگەر ئەو لەو سەردەمەدا هەڵوێستێکی دژ بە هەردوو حیزبی زاڵ بەسەر پارلەماندا وەربگرتایە، ئەوا بێگومان سیستەمی جووت حیزبی تووشی گۆڕانکاریی و زیانی جدی دەهات. بۆ تێگەیشتنی وردتر لە سیستەمی حیزبی بەریتانیا پێویستە سەرنج بدرێتە سەر خەسڵەتە تایبەتییەکانی سیستەمی سیاسی بەریتانیا. ئەم سیستەمە کە وەك مۆدیل و سەرچاوەی سیستەمە پراکتیکییەکان باسی لێوەدەکرێ، لە سێ دامەزراوی سەرەکی پێکهاتووە. ئەم سێ دامەزراوە بریتین لە: دامەزراوی پاشایەتی، ئەنجوومەنی لۆردەکان و ئەنجوومەنی گشتی. هەردوو دامەزراوەی یەکەم پارێزەری نەریتە دێرینەکانی ئەم وڵاتەن و دامەزراوی سێهەمیش لەسەریەتی نوێگەرایی بکات و بەپێی خواستە نوێیەکان چارەسەر بۆ گرفتە نوێیەکان بدۆزێتەوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە دامەزراوەی پاشایەتی لەڕاستیدا دروستکراوی گرووپێکە لە هێزە سیاسییەکان و ئەنجوومەنی لۆردەکان و رێگایەکە بۆ بەردەوامی دەسەڵات و دەست رۆیشتوویی ئاریستۆکرات و موڵکدارەکانی ئەم وڵاتە و، تەنها ئەنجوومەنی گشتییە کە نوێنەرانی راستەقینەی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك لەخۆ دەگرێ.

لەم وڵاتەدا لە ساڵی ١٤٣٠، تەنها ئەو پیاوانەی کە خاوەن زەوی یا سامانێك بوونایە بە بەهای ٤٠ شیلینگ مافی دەنگدانیان هەبوو. بەم جۆرە، لە ساڵی ١٧٨٠ لەکۆی ٨ ملیۆن دانیشتووانی ئینگلتەراو گاڵ، تەنها ٢٤١ هەزار کەس مافی بەشداریکردنیان هەبوو لە هەڵبژاردندا. سکۆتلەندا پاش یەکگرتنی لەگەڵ ئینگلتەرا لە ساڵی ١٧٠٧، سنوورێکی زیاتری بۆ دەنگدەران لەبەرچاوگرت. بەم جۆرە لەکۆی (٢,٣٦٤,٠٠٠) دانیشتووانی سکۆتلەندا، تەنها (٤٥٠٠٠) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە لە سیستەمی هەڵبژاردنی بەریتانیا، ئاریستۆکراتەکان ٢ نوێنەر و (BROUGH)ـەکان تەنها یەك نوێنەریان هەڵدەبژارد. لە ئەنجامدا ٥٥٪ دەنگدەران کە لە حەوزەکانی یەکەمدا بوون، ١٦٪ کورسییەکانیان بۆخۆیان دەستەبەر دەکرد. لەو کورسیانەی کە دەمایەوە، پێنج کورسی هی زانکۆکان بوو و پاشماوەی کورسییەکان بۆ ٢٠٣ حەوزەی شارنشین دەمایەوە[٣٣٩].

(٣٣٨) Chamberlain.

(٣٣٩) POMBBENI, Introduction…, op. cit. p. 244.

سیستەمی هەڵبژاردنی بەریتانیا لەم ساڵانەدا بەجۆرێك بوو کە لەنێوان شارە جۆراوجۆرەکاندا تەنها هەردوو شاری لیڤرپول و لەندەن مافی ناردنی نوێنەریان هەبوو، و هەندێ شاری وەك مانچیستر بە ١٨٢ هەزار کەس، بیرمینگهام بە ١٤٤ هەزار کەس، لیدز بە ١٢٣ هەزار و شفیلد بە ٩٢ هەزار کەس، لە مافی ناردنی نوێنەر بێبەش بوون. لەبەرامبەردا (دانویچ)[٣٤٠] بە ٤٤ ماڵ و ٣٢ دەنگدەر، نوێنەرێکی لە پارلەماندا هەبوو. بەگشتی لە ساڵی ١٨٣٠، لە کۆی ٢٠٢ (BROUGH) تەنها ٤٣ دانەیان پتر لە هەزار دەنگدەری لەخۆ دەگرت و زۆربەیان خاوەن دەنگدەرێکی کەم بوون.

خاڵێك کە لێرەدا شیاوی باسە، ئەوەیە کە لە ساڵانی ١٧٠٢ تا ١٧١٤، هەڵبژاردن لە حەوزە جۆراوجۆرەکاندا بەبێ هیچ کێشمەکێش و ململانێیەکی سیاسی بەڕێوەدەچوو و لە ساڵانی ١٧٣٤ تا ١٨٣٢ تەنها لە ١١ ئاریستۆکرات و ٨٢ (BROUGH)دا ململانێی هەڵبژاردن بەدی دەکەین. پاشماوەی حەوزەکان لەژێر کاریگەریی موڵکدار و فیۆدالەکاندا بوون و بە پەیرەوی لەوان نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژارد. سیستەمی موڵکدار و رەعیەت (پاترۆناژ) کە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەم وڵاتەدا سێبەری کردبوو، بووە هۆی ئەوەی کە لە دەرەوەی پارلەماندا دەستەیەك لە نوخبەی سیاسی و سیاسەتمەداری پسپۆڕ دروستبن کە بە حەز و گەرموگوڕییەوە بەدوای پرسە سیاسییەکاندا دەچوون. موڵکدارەکان لە بەرامبەر دەنگی خەڵکدا هەوڵیان دەدا کە یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بدەن و لە کاروباری خێرەومەندانەی گشتیدا بەشداریبکەن و بەم جۆرە متمانەی خەڵك بۆ پاڵێوراوانی خۆیان رابکێشن. کەواتە، بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی ئەوروپی کە گەندەڵی بە واتای بەکارهێنانی سامانی گشتی بوو لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا، لەم وڵاتەدا شێوازی کڕینی دەنگەکانی خەڵك لە گەڵ وڵاتانی دیکەی ئەوروپیدا جیاوازبوو.

## * زەمینەکانی دروستبوونی یەکەمین حیزبە سیاسییەکان:

سیستەمی حیزبی بەریتانیا تاڕادەیەکی زۆر دەرەنجامی یاساکانی هەڵبژاردنی ئەم وڵاتەیە. بۆ توێژینەوەی کاریگەرییەکانی سیستەمی هەڵبژاردن لەسەر سیستەمی حیزبی ئەم وڵاتە، پێویستە سەرلەنوێ بە کورتی چاکسازییەکانی هەڵبژاردنی ئەم وڵاتە بخەینەوە بەرباس و توێژینەوە. یەکەمین چاکسازیی هەڵبژاردن لەم وڵاتە کە گرنگییەکی زۆری هەیە، چاکسازیی

(٣٤٠) Dunwich.



ساڵی ١٨٣٢ە. ئەم چاکسازییە دەرەنجامی چەندین دەیە خەبات و پێکادانە لەم وڵاتەدا. ئەگەرچی کاریگەریی خێرای ئەم چاکسازییە زۆر هەستی پێ ناکرێ، بەڵام بە وتەی کەسێکی وەك (کرۆکر): ((ئەم یاسایە دەچوو تا دامودەزگای پاشایەتی کۆبکاتەوە و گەلی بەریتانیا بۆ هەمیشە لەگەڵ پاشایەتی و لۆردەکان و کلێساکاندا ماڵئاوایی بکات))[٣٤١]. سەرەڕای چاکسازییە ئەنجامدراوەکان لەم ساڵەدا, هێشتا ٦٠ تا ٧٠٪ کورسییەکان هەر لەبن دەستی (Poket BROUGH)ەکاندا بووە و نوێنەری موڵکدارەکان هێشتا زۆرینەی کورسییەکانیان بەدەستەوە بوو و نوێنەری شارەکان و بازرگانان لە کەمینەدا بوون. رەوشەکە بەجۆرێك بوو کە (دیزرائیلی) دامەزرێنەری رەوتی پارێزگاران، بەو هەموو خۆشەویستی و ناوبانگەی کە هەیبوو نەیدەتوانی بچێتە ناو پارلەمان. بەم حاڵەش ناتوانین بڵێین کە ئەو چاکسازییە باسکراوانە کاریگەرییان نەبووە، چونکە لانی کەم بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەی دەنگدەران دووقات زیاد بکات. ئەگەرچی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەران پتر لە حەوزەی ئاریستۆکرات و موڵکدارەکاندا روویدا، بەڵام ئەم چاکسازییانە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێن لە بەگشتی بوونی مافی دەنگدان. خەباتی خەڵکی بەریتانیا بۆ چاکسازیی لە یاساکانی هەڵبژاردندا بووە سەرچاوەی کۆمەڵێك خەباتی سیاسی لەم وڵاتەدا، کە جگە لە چالاککردنی سیاسی خەڵك بووە هۆی دروستبوونی کۆمەڵە و گرووپی سیاسی جۆراوجۆر کە رێگایان خۆشکرد بۆ دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان. لە ساڵی ١٨٣٦ (ڤیلیام لۆڤێت)[٣٤٢] هەستا بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەك بەناوی (کۆمەڵەی پیاوانی کرێکاری لەندەن) و بەرنامەیەکی بەناوی (جاڕنامەی گەل)[٣٤٣] بڵاوکردەوە. لایەنگرانی ئەم کۆمەڵەیە توانییان بە بیانووی جۆراوجۆر خەڵك بەرەو گۆڕەپانی خەباتی سیاسی رابکێشن و ببنە هۆی بەشداری سیاسی توێژێکی بەرفراوانی خەڵك لە کاروباری سیاسییدا. بۆ نموونە، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٣ لایەنگرانی جاڕنامە کە بە چارتیستەکان بەناوبانگن، توانییان داواکارییەك بە ١,٢٥٠,٠٠٠ واژو کۆبکەنەوە و تێیدا خوازیاری چاکسازیی هەڵبژاردن بن لە کۆمۆنەکانی خۆیاندا. بەم جۆرە بۆ یەکەم جار نەریتی کۆکردنەوەی واژو[٣٤٤] لەم وڵاتەدا دروستبوو و لەمەو بەدوا وەك یەکێك لە رێگاکانی دەربڕینی خواستەکانی خەڵك بۆ حکوومەت لەلایەن گرووپە جۆراوجۆرەکانەوە کەڵکی لێوەرگیرا.

(٣٤١) J. W. Croker.
(٣٤٢) William Lovette.
(٣٤٣) Pepol’s chart.
(٣٤٤) Petition.

پارلەمانی بەریتانیا ئەم داوایەی بە هەند وەرنەگرت و لە ئەنجامدا، بزاڤی ١٨٩٣ بێ ئاكام مایەوە. بەڵام ئەم بزاڤە سەرەتایەك بوو بۆ جموجۆڵی تۆكمە و ڕێكخراوێك بوو بۆ بەردەوامی خەباتی سیاسی خەڵكی بەریتانیا[٣٤٥].

بەدرێژایی ساڵانی ١٨٦٠ تا ١٨٩٠، هەندێ كۆمەڵەی جۆراوجۆر سەریانهەڵدا. لەم نێوانەدا ئەو شتەی كە دەبووە هۆی چالاكی سیاسی بەربڵاو لەسەر ئاستی ناوچەییدا، یاسای سەندیكا شارییەكانی[٣٤٦] ١٨٣٥ بوو، كە ئازادی كاركردنی بەرچاوی دەدایە كۆمۆنەكان بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری خۆیان. بەپێی ئەم یاسایە، لە كۆمۆنەكاندا لە هەندێ خاڵی جۆراوجۆر گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی پێشبینی كرابوو. ئەم بابەتەش بووە هۆی بەشداری سیاسی توێژێكی بەرفراوانی چینە كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكان لە كۆمۆنەكاندا. گەشەكردنی ئابووری لە شارەكاندا گیروگرفتی نوێی خوڵقاند. دادوەرانی ئاشتی كە بەزۆریی لە پارێزگاران بوون، ڕۆڵێكی گرنگیان لە ئەستۆ بوو لە بەڕێوەبردنی كۆمۆنەكاندا. لە گوندەكاندا، ئاریستۆكرات و موڵكدارەكان كە داهاتیان لە ڕێگای زەوییەوە بوو، دەسەڵاتێكی بەرچاویان هەبوو و بەكردەوە بەرپاكردنی ڕێكوپێكی و ئەركی دادوەریكردنیان لە ئەستۆدا بوو. بۆرژوازی پیشەسازیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی پەرەسەندووی موڵكدارەكان جگە لە ڕووكردنە كرێكاران و خاوەن پیشەكان هیچ ڕێگایەكی دیكەی لە بەردەمدا نەبوو. شارەكانیش دەیانتوانی وەك كۆمەڵگایەكی تۆكمە لە بەرامبەر گوندەكاندا سەربەرزكەنەوە. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە كە لە شارەكاندا هەوڵدرا تا سوود لە مۆدیلی گوندەكان وەربگیردرێت و پێوەندییەكی كۆمەڵایەتی هاوشێوە دروست بكرێت. ئەگەر لە گوندەكاندا موڵكدارەكان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتدارێتی خۆیان كۆمەڵەی خەیریی و شتی لەو جۆرەیان دروستدەكرد، لە شارەكانیشدا خاوەن سەرمایەكان هەوڵیاندا تا بە لاسایی كردنەوەی مۆدیلی گوندەكان، پێوەندییەكی هاوشێوە لەگەڵ شارنشینەكاندا دروستبكەن. ئەم گرووپە بە ڕووكردنە كرێكاران و دروستكردنی ئاسانكاریی بۆیان وەك بنكەی تەندروستی، قوتابخانە، كتێبخانە و شتی لەو جۆرە هەوڵیاندا تا كۆمەڵگای شارنشین تۆكمە بكەن و دەسەڵاتی خۆیان بەسەریاندا بچەسپێنن. بەم جۆرە لە ڕێگای بزاڤێكی خۆڕسك و لە خوارەوە بۆ سەرەوە، گەلێك لە خەڵك پێیان بۆ ناو گۆڕەپانی

(٣٤٥) BAKER P. J., Introduction to British Politics, Londres, Hatchinson and co, 1984.
(٣٤٦) Municipal corporation Act.



سیاسی كرایەوەو ڕەزامەندیی و بۆچوونی خەڵك لەلایەن سیاسەتمەداران و كاربەدەستانەوە گرنگی پێدرا. گەلێك لە كاروباری بەڕێوەبردنی شارەكان درایە دەست كۆمیتە هەڵبژێردراوەكانی خەڵك و جگە لە ئەنجوومەنی شار، ئەنجوومەنی جۆراوجۆری دیكە بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەكان و ناوەندە گشتییەكانی تر دروستبوون. لە ئەنجامدا خواستی بەشداریی سیاسی و گەشەكردنی مافی دەنگدان، خواستێكی هەڵقولاوی ناخی كۆمەڵگا بوو و خاوەن پیشەكان جگە لە ڕاكێشانی كرێكارانی لایەنگری ئاریستۆكراتەكان و یەككگرتن لەگەڵ بۆرژوا و وردە بۆرژواكاندا هیچ ڕێگایەكی تریان لەبەردەمدا نەبوو و، ئاریستۆكراتەكانی وابەستە بەزەویش ناچاربوون ریزێكی یەكگرتوو لە هەموو ئەو كەسانە دروستبكەن كە لە چینی تازە سەرهەڵداو زۆر ڕازی نەبوون. بەم جۆرە، لە وڵاتی بەریتانیا بەهۆی ئەو چاكسازیانەی كە لە یاسای هەڵبژاردندا ڕوویاندا، هەلومەرجێكی تایبەتی سیاسی و كۆمەڵایەتی دروستبوو بۆ بەشداری سیاسی بەشێكی بەرفراوانتری خەڵك لە گۆڕەپانی سیاسییدا و گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەكان سەریانهەڵدا. چاكسازیەكانی دووەم و سێیەمی سیستەمی هەڵبژاردنی[٣٤٧] لە ساڵانی ١٨٦٧ و ١٨٨٤ ئەنجامدران و بوونە هۆی ئەوەی كە ئەو وەرچەرخانانەی كە لە كۆمەڵگادا ڕوویانداوە لە پارلەمانی نیشتمانی ئەم وڵاتەدا ئۆرگانیزە بكرێن. لە ئەنجامی ئەم چاكسازییانەدا ژمارەی دەنگدەران لە (١,٣٦٤,٠٠٠) كەس لە ساڵی ١٨٦٦ بۆ (٢,٤٤٥,٠٠٠) كەس لە ساڵی ١٨٦٩ و بۆ (٥,٧٠٨,٠٠٠) كەس لە ساڵی ١٨٨٥ و (٧,٩٠٤,٠٠٠) كەس لە ساڵی ١٩١١ زیادبوون[٣٤٨]. ئەم ژمارانە ئەگەرچی نیشانەی زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی دەنگدەرانە، بەڵام لەلایەكی تریشەوە دەتوانێ تارادەیەك فریودەربێ، چونكە لە ساڵی ١٩١١ تەنها ٤١٪ پیاوان مافی دەنگدانیان هەبوو و سەرەڕای بەرزبوونی ژمارەی دەنگدەران، هێشتا زۆربەی پیاوان لە مافی هەڵبژاردن بێبەش بوون. بەرزبوونەوەی ژمارەكان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە تا ساڵی ١٩٤٥ بەپێی یاسای هەڵبژاردن، دەنگدەر دەیتوانی لە هەڵبژاردنێكدا چەندین جار بەشداری بكات. تاكەكان بەهۆی ئەوەی كە خاوەن موڵكی جۆراوجۆربوون، دەیانتوانی لە حەوزە جۆراوجۆرەكاندا دەنگ بدەن. لە ئەنجامدا هەڵبژاردنێك دەیتوانی بۆ چەندین هەفتە درێژە بكێشێ.

(٣٤٧) Second Reform Act, Third Reform Act.
(٣٤٨) POMBENI P, Introduction, op. cit., P.251.

وەرچەرخانی سەرەکی لە سیستەمی هەڵبژاردنی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٨ بە پەسندکردنی یاسای ((ناونووسکردنی دەنگدەران)) هاتە ئاراوە. ناونووسکردنی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە لە یاسای ١٨٣٢ پێشبینی کرابوو و گەلێك کەس سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان بە دەرەنجامی ئەم یاسایە دەزانن. بەم جۆرە، بەمەبەستی پێشگیریی لە ساختەکاری لە هەڵبژاردندا، ئەو کەسانەی کە خاوەن مافی دەنگدان بوون دەبوا بەرلە هەڵبژاردن لە بەردەم دادوەردا ئامادەیی خۆیان رابگەیەنن و پاش ئەوەی کە لەلایەن دادوەرەوە مەرجەکانیان تێدا بەدی دەکرا، ئەوا داواکار وەك دەنگدەر ناونووس دەکرا. ئەو یاسایە جێگای خواست و رەزامەندیی حیزبە سیاسییەکان بوو، چونکە ئەوان هەوڵیان دەدا کە زیاترین ژمارەی لایەنگرانی خۆیان ناونووس بکەن و ئەم کارە بۆ ئەو گرووپ و تاکانە مومکین نەبوو کە خاوەن رێکخستن و رێکخراوی تۆکمەی حیزبی نەبوون. خاڵێکی جێگای سەرنج کە لە توێژینەوەی یاساکانی هەڵبژاردنی بەریتانیادا پشت گوێ دەخرێ، ئەوەیە کە سەرەڕای ئەم چاکسازیانە تا ساڵی ١٨٦٨، هێشتا پتر لە نیوەی کورسییەکانی پارلەمان گەرەنتی کراوبوون و زۆربەی پاڵێوراوان لە پێشدا لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئاگاداربوون. هەر ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە لە گەلێك لە حەوزەکاندا ململانێی هەڵبژاردن لە ئارادا نەبێ و سروشتییە کە کەسانێك ئامادەبوون خەرجییە قورسەکانی پڕوپاگەندە، بەتایبەت نەریتی میواندارییە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن لە ئەستۆ بگرن، کە لە سەرکەوتنی خۆیان لە هەڵبژاردندا دڵنیابوون.

یاسا نوێیەکانی هەڵبژاردن ئەم ئومێدەی بۆ حیزبەکان دروستکرد تا لە هەڵبژاردندا بیر لە ناساندنی پاڵێوراوی نوێ بکەنەوە و ئەم ئومێدەیان لەلا دروستببێ کە دەتوانن ئەو هاوسەنگییە تێکبدەن کە لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا دروستبووە. ئەمەش بەوە دەهاتەدی کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی لێهاتوو لە حەوزەکانی هەڵبژاردن بۆ راکێشانی دەنگدەران، بەتایبەت ناونووسکردنیان مۆبیلیزە بکرێن. بەم جۆرە، حیزبەکان ناچاربوون لق و رێکخراوەکانی خۆیان پەرە پێبدەن و بەشێوەیەکی چالاك لە هەڵبژاردندا ئامادەبن. لە پاڵ ئەم فاکتەرە گرنگەدا سێ فاکتەری دیکەش بوونە هۆی خێراتربوونی دامەزراندنی حیزبە نوێیەکان و سیستەمی حیزبی ئێستا لە بەریتانیا کە بریتین لە: گەشەپێدانی چالاکییە سیاسییەکان لە ئاستە ناوچەییەکان، بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی سیاسی جۆراوجۆر لە سەرانسەری وڵات و قووڵتربوونی ناکۆکی لەنێوان لایەنگرانی دیزراییلی و گلادستۆن. دەتوانین بەدەستەوەگرتنی نۆرەیی (متناوب) دەسەڵات لەلایەن هەردوو باڵەوە بە فاکتەرێکی گرنگی دیکە بزانین کە



لەلایەکەوە رێگای کردەوە بۆ دامەزراندنی حیزبە سیاسییەکان و لەلایەکی تریشەوە رێگای خۆشکرد بۆ سیستەمی دوو حیزبی. ئەو شتەی کە شیاوی باس و تێڕامانە ئەوەیە کە رێکخراوەکانی حیزب لە بەریتانیا، یەکەم جار بە مەبەستی خێراترکردنی خزمەتگوزاریی گشتی وەك گەیاندنی غاز و ئاوی خۆڕایی و خزمەتگوزاریی لەو چەشنە بۆ هەژاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا دروستبوون و پاشان ناچار بوون رێکخستنەکانی خۆیان رێکبخەنەوە زۆربەی حیزبەکان هەستان بە دامەزراندنی رێکخراوگەلێکی تایبەت بۆ باس و توێژینەوە لە بەرنامە و پڕۆژە جۆراوجۆرەکان، جگە لە دامودەزگاکانی راپەڕاندنی خۆیان، هەستان بە دامەزراندنی دەزگایەکی هاوشێوەی ئەنجومەنی نیشتمانی کە ئەندامەکانی بە دەنگی راستەوخۆ هەڵدەبژێردران. بەم جۆرە، وەرچەرخانە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان، بوونە هۆی دروستبوونی رێکخراوە حیزبییەکان لەسەر شێوازی نوێی خۆیان و زەمینە بۆ دروستبوونی حیزبە نوێیەکان خۆشبوو. (ژۆزف چەمبرلین) یەکەمین کەسە کە رێکخراوی خۆی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراند. ئەم رێکخراوە کە لە شاری بیرمینگهام دروستبوو، لەلایەن رکابەرانییەوە بە (کاکس) بەناوبانگە. شیاوی باسە کە ناوبراو بۆخۆی نارازی بوو بەم ناولێنانە[٣٤٩] و کاکسی لە رێکخراوەکەی خۆی بەجیاواز دەزانی کە پتر دیاردەیەکی ئەمەریکی بوو. ئەم ئەزموونە بەرەبەرە لە شارەکانی دیکەش تاقیکرایەوە و ئەم دیاردەیە لە وڵاتی بەریتانیا پەرەی سەند و زەمینەیەکی گرنگ و چوارچێوەیەکی لەباری بۆ دروستبوونی حیزبە سیاسییە نوێیەکان فەراهەمکرد. بەم جۆرە چاکسازییەکانی هەڵبژاردن رۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە دروستبوونی حیزبە سیاسییەکان لەم وڵاتەدا.

ئەو رووداوە گرنگانەی تر کە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی سیستەمی حیزبی ئێستا لە بەریتانیادا هەبوو، رەگوڕیشەیان بۆ رووداوەکانی ساڵانی ١٨٦٠ی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە. لەم ساڵانەدا باڵی لیبرال لە لوتکەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی خۆیانا بوو. رێگەکانی پێشوو لەم سەردەمەدا خوازیاری سیاسەتێکی دەرەکی بەهێزبوون. دروشمە سەرەکییەکانی باڵی رادیکاڵ بریتی بوون لە خوێندنی خۆڕایی بۆ هەمووان، بەربەرەکانێی کحولیزم و نەهێشتنی ئیمتیازاتی کلێساکان. هەندێك لە لیبراڵە دووڵەکان لەژێر کاریگەریی هەردوو گرووپەکەی تر هەڵوێستی جۆراوجۆریان وەردەگرت. لە ئەنجامدا لەم ساڵانەدا بیروڕاو باڵی جۆراوجۆر دروستبوون کە

(٣٤٩) ١٣ی نیسانی ١٨٨٠، Times.

هەریەکەیان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی وڵات رێگاچارەی جۆراوجۆریان پێشنیار دەکرد. ئەم ناکۆکییە بووە سەرچاوەی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی نوێ بەناوی رۆژنامە و بڵاوکراوەکان، کە باڵە جۆراوجۆرەکان هەڵدەستان بە دەرکردنیان. بەم جۆرە بە کەڵك وەرگرتن لە تێلگراف دەنگوباسەکانی پارلەمان و دیدگای باڵە جۆراوجۆرەکان بەخێرایی لەسەر ئاستی وڵات بڵاودەبوونەوە و خەڵك لە رەوتی کاروبارەکان ئاگادارەدەبوون.

گلادستۆن بە چاکی تێگەیشت کە دەتوانێ زۆرباش لەم کارتە بۆ سەرکەوتنی باڵەکەی خۆی کەڵك وەربگرێ. ئەو بە خستنەڕووی هەندێ پرسی گشتی کە جێی پەسندی باڵەکەی بوو، توانی ژمارەیەکی بەربڵاو لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. گلادستۆن بە دروشمی بەرگری لە ئەخلاق و بەها ئایینییەکان، خۆشەویستییەکی تایبەتی لەنێوان توێژە ئایینییە جۆراوجۆرەکاندا بەدەستهێنا. دوو باڵی هزریی جۆراوجۆر بەرەبەرە لە دوو کەسایەتی دەسترۆیشتوودا بەدیارکەوتن و تەوژمی هزریی وڵات بەسەر دوو کەمپی گەورە و جۆراوجۆردا دابەشبوون و هەر کەمپێکی هزریی لە کەسایەتییەکی دەسترۆیشتوو و بەهێزدا رەنگی دایەوە. بەم جۆرە، گلادستۆن و دیزرائیلی، وەك نوێنەرانی ئەم دوو باڵی، لە سەرووی هەموو هەواڵ و ململانێ سیاسییەکانەوە بوون و دەربڕی بیروبۆچوونی دوو هزری سەرەکی ناو کۆمەڵگای بەریتانیا بوون. لە دەیەی ٦٠، گلادستۆن خوازیاری چاکسازیی بوو لە یاسای هەڵبژاردندا و دیزراییلی بە توندیی دژایەتی دەکرد. سەرئەنجام گلادستۆن توانی لە ساڵی ١٨٧٠ هەندێ چاکسازیی لە پارلەماندا پەسند بکات. لە ساڵی ١٨٧٤، گلادستۆن دەسەڵاتی لەدەستدا، بەڵام بەشێوەیەکی چالاك وەك ئۆپۆزیسیۆن لە گۆڕەپانی سیاسییدا مایەوە. لەم سەردەمەدا ناکۆکی سەرەکی و دروشمەکانی پروپاگەندە لەسەر پرسی پشتگیریی یا دژایەتی کردنی تورکیا چەقی بەستبوو. گلادستۆن لەو باوەڕەدا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی دەستی هەیە لە قەڵاچۆ و ئەشکەنجەدانی مەسیحییەکانی دانیشتووی بەشی ئەورووپی تورکیا و ئەم وڵاتەی بەهۆکاری سەرەکی ئەم رووداوە لەقەڵەمدەدا. بەرەبەرە، باڵە جۆراوجۆرە لیبرالەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە سەرەڕای ناکۆکییە لاوەکییەکان دەبێ لەسەر تەوەری بەرنامە و هەڵوێستە هاوبەشەکان یەکبگرن و بە گرتنەبەری ((سیاسەتی لیبرال)) خەباتی سیاسی خۆیان گەرم و گوڕتر بکەن.

لە گەرمەی ململانێی سیاسی نێوان هەردوو باڵ بە سەرۆکایەتی گلادستۆن و دیزرائیلی، چەمبرلین بیری لەوە کردەوە کە رێکخراوە بەناوبانگەکەی خۆی وەك داهێنانێك بخاتە روو کە دەکرێت لەسەر ئاستی نیشتمانیش کەڵکی لێوەربگیرێت. بەم جۆرە حیزبە سیاسییەکانی



بەریتانیا پێیان نایە قۆناغێکی نوێوە و باسکردن لەسەر پرۆژەکەی چەمبرلین وەك باس و خواسی رۆژ، هەموو ناوەندە سیاسییەکانی بەخۆیەوە خەریك کرد. چەمبرلین لە ساڵی ١٨٧٧ بە دروستکردنی دامەزراوەی ئازادی نیشتمانی کە لە ٩٥ رێکخراوی سیاسی پێکهاتبوو، سەرکەوتنی پرۆژەکەی خۆی سەڵماند و ئەزموونێکی نوێی لە بواری چالاکییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتەدا بەدیهێنا[٣٥٠].

## * لە سەرکەوتنی پارێزگارانەوە هەتا دروستبوونی لیبرالیزمی نوێ:

سەرکەوتنی لیبرالەکان لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٨٠ بە یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی ئەم وڵاتە دادەنرێ. گلادستۆن بە کەڵك وەرگرتن لە راگەیەنەرە گشتییەکان و گەشتە جۆراوجۆرەکانی دیدگاکانی خۆی خستە ڕوو و توانی متمانەیەکی زۆر بەدەستبهێنێ. وتاری پروپاگەندەی هەڵبژاردنی ناوبراو لە ئیدنبۆرگ و بڵاوبوونەوەی لە بەیانی هەمان رۆژدا لە فەرهەنگی پروپاگەندەیی بەریتانیادا بەناوبانگە. ئەوەی کە گرنگە ئەمەیە کە گلادستۆن پروپاگەندەی خۆی لەسەر تەوەری پرسێکی بنچینەیی بنیاتنابوو و لەڕاستیدا شێوازێکی نوێی بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن گرتەبەر کە ئەمڕۆش هێشتا کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئەو بە راگەیاندنی رەزامەندی خۆی بۆ پێدانی سەربەخۆیی بە ئیرلەندا، لە راستیدا یەکێك لە پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگای بەریتانیای خستە راپرسییەوە. کەسانێکی وەك چەمبرلین کە بۆ هەڵبژاردن بەرنامەیەکی تێروتەسەلیان (چاکسازیی زەوی و زار، خوێندنی سەرەتایی بەخۆرایی تر و...) خستبووە ڕوو، نەیانتوانی وەك رکابەری خۆیان رای گشتی بەرەو لای خۆیان رابکێشن. گلادستۆن لە هەڵبژاردندا سەرکەوت بەڵام لەناو حیزبەکەیدا ناکۆکی لەسەر پرسی ئیرلەندا قووڵتر بوو. ویگەکانی پێشوو بە سەرۆکایەتی (لۆرد هارتینگتۆن) و گرووپێك لە رادیکاڵەکان بەسەرۆکایەتی چەمبرلین، وازیان لە حیزبەکەی گلادستۆن هێنا و لە ساڵی ١٨٨٦، حیزبێکی نوێیان دامەزراند بەناوی ((لیبراڵە یەکگرتوو خوازەکان))[٣٥١]. لەبەرامبەردا زۆربەی رادیکاڵەکان و گەلێك لە کرێکاران وەفاداریی خۆیان بۆ گلادستۆن راگەیاند. لەبەرامبەر ئەمەشدا NLF و LCA یەکیانگرت و سکرتێرێکی گشتی هاوبەشیان دانا[٣٥٢]. رووداوە

(٣٥٠) CHARLOT M, Le systeme politique britannique, Paris, A. Colin, 1976.
(٣٥١) Liberal Unionistes.
(٣٥٢) Fransic Schadhorst.

سیاسییەکانی ساڵی ١٨٨٦ بووە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوە سیاسییەکان لە دەرەوەی پارلەمان چالاکتربن و بە تۆکمەیەکی زیاترەوە کاربکەن.

لەبەرامبەردا، پارێزگارانیش هەوڵیاندا بە کەڵك وەرگرتن لە شێوازی لیبراڵەکان خەباتی خۆیان باشتر ڕێکبخەن. باڵی پارێزگاران بە سەرۆکایەتی دیزرائیلی لە ساڵی ١٨٧٠ یەکێتی نیشتمانی کۆمەڵەی پارێزگار و لایەنگری دەستووری دامەزراند(٣٥٣). پاش سەرکەوتنی ساڵی ١٨٧٤، پارێزگاران هەوڵیاندا هێزەکانی خۆیان لە سەرانسەری وڵاتدا ڕێکبخەن. لەم نێوانەدا (لۆرد ئاندولوف چرچیل) لەگەڵ دەستەیەك لە پارێزگارانی پارلەمان، حیزبی چوارەمی پێکهێنا و لەبەرامبەر لیبراڵەکاندا، هزری دیموکراسی تۆری هێنایە ئاراوە. چرچیل هەوڵیدا جگە لە موڵکدار و ئاریستۆکراتەکان، لە شاریش لایەنگر بۆخۆی بدۆزێتەوە. ئەو چینی تازە سەرهەڵداوی شارەکانی بە دوژمنی هەژاران و بە دوژمنی ڕۆڵی کڵێسای لایەنگری هەژاران ڕاگەیاند و بە یەکگرتن لەگەڵ (سالیسبوری) بزووتنەوەی پارێزگارانی ڕێکخست.

لەم سەردەمەدا چرچیل هەستا بە دامەزراندنی ((کۆمەڵەی پامچال)) کە بە ڕای زۆربەی پسپۆڕان بە داهێنانی گەورەی سیاسی ئەم سەردەمە لە قەڵەمدەدرێ. ئەم کۆمەڵەیە لەسەر بنەمای کەسایەتی کاریزمایی کەسێکی وەك دیزرائیلی بنیات نرابوو و بەناوی ئەو گوڵەی کە ئەو حەزی لێبوو واتە پامچال ناونرابوو. ئەم کۆمەڵەیە، خوازیاری یەکگرتنی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان بوو لەسەر تەوەری هزری سەرەکی پارێزگاران و دروشمە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە: پاراستنی کیانی کڵێسا، پاشایەتی و ئیمپراتۆریی بەریتانیا. ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵەیە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ حیزبە هەمەگیرەکانی ئەمڕۆدا هەبوو. کۆمەڵە هەروا خوازیاری ئەوەبوو کە ژنان ڕۆڵێکی کاریگەر لە کاروباری سیاسییدا بگێڕن و بەم جۆرە توانی ئەندامانی خۆی لە (٢٣٧٠٠٠) کەسەوە لە ساڵی ١٨٨٦، بۆ ٢ ملیۆن کەس لە ساڵی ١٩١٠ زیاد بکات و جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینەکان، ژمارەیەکی بەرچاوی کرێکارانیشی بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو.

لەو حیزبانەی تر کە لەم ساڵانەدا دامەزراون، دەتوانین ئاماژە بە حیزبی سۆسیالیست بکەین کە لە ساڵی ١٨٨٣ لەژێر ناوی فیدراسیۆنی سۆسیال دیموکرات(٣٥٤) دامەزراو گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو. حیزبێکی گرنگ کە لەم ساڵانەدا بە ئیلهام وەرگرتن لە هزرە

(٣٥٣) National Union of Conservative and Constitutional Association.
(٣٥٤) Social Democratic Federation.



سۆسیالیستییەکان دامەزرا، حیزبی کرێکاری سەربەخۆیە(٣٥٥) کە لە ساڵی ١٨٩٣ دامەزرا. لە ڕێکخراوە سۆسیالیستییە گرنگەکانی تری ئەم سەردەمە دەتوانین ئاماژە بە (فابین سۆسایتی/کۆمەڵەی فابین) بکەین کە لە بیریارانی سۆسیالیست پێکهاتبوو. ئەم ڕێکخراوە کە لە ساڵی ١٨٨٤ دامەزرا، لە ساڵی ١٨٩٥ زانکۆی بەناوبانگی ((قوتابخانەی زانستی سیاسی و ئابووری لەندەن))ی(٣٥٦) دامەزراند.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەریتانیا وەرچەرخانێکی نوێ بەخۆیەوە دەبینێ. بە سەرهەڵدانی ڕۆژنامە حیزبییە نوێیەکان، بڵاوکراوە سیاسییەکان گرنگی خۆیان لەدەستدا. لەلایەکی ترەوە، زۆربوونی باج و بێکاری بووە هۆی ئەوەی کە کرێکاران، بۆ گوزەرانی ژیانیان تووشی دژوارترین هەلومەرجی کاری ببن. لەم سەردەمەدا، هەژاریی و دەستکورتی و گیر و گرفتی ئابووری گەیشتە لوتکەی خۆی و سەرنجی حیزب و ناوەندە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. حیزبە سیاسییەکان ڕێگا چارەی جۆراوجۆریان پێشنیار کرد. پارێزگاران پرۆژەی ناسیۆنالیزم و پشتگیریی لە کاڵا خۆماڵییەکانیان خستەڕوو و لیبراڵەکان و نەوەی گلادستۆن بەردەوامێتی و پەرەپێدانی سیاسەتە ئیمپریالیستیەکانیان بە باشترین ڕێگا چارە ڕاگەیاند.

دەبێ سەردەمی تێپەڕبوون لە سەدەی ١٩ بۆ ٢٠ بەسەردەمی قەیرانی قووڵی کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا ناو ببەین. لە ساڵی ١٩٠١ بڕیاری بەناوبانگی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە مانگرتن لەلایەن سەندیکاکانەوە، قەیرانێکی گەورەی لەناوەندە پیشەسازییەکاندا خوڵقاند. جەنگە خوێناوییە ئاینییەکان لە ئیرلەندا، بزاڤی ژنان بۆ مافی دەنگدان و ناکۆکی و دوو دەستەیی قووڵ لەمەڕ ئەفریقیای باشوور، لەو قەیرانانە بوون کە بەریتانیا لە بەرەبەری هەنگاونان بەرەو سەدەی بیستەم بەرەو ڕوویان بووەوە.

لە هەلومەرجێکی وەهادا بیروباوەڕی چەپ لە نێوان کرێکاران و سەندیکاکاندا لایەنگرێکی زۆری پەیدا کرد و لە سەرەتای سەدەی ٢٠، لیبرالیزم پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و لە ساڵی ١٩٠٥، زاراوەی ((نیولیبرالیزم)) بەکارهات بۆ جیاکردنەوەی لیبرالیزمی ئەم سەردەمە لەگەڵ سەردەمی گلادستۆندا. هزرەکانی لینین و سۆسیالیزمی ئەڵمانیا کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبوو لەسەر لیبراڵەکانی بەریتانیا. لەم سەردەمەدا (( گۆڤاری پێشکەوتوو))(٣٥٧) دامەزرا و

(٣٥٥) Independent Labour Party.
(٣٥٦) London School of Economics and Political Sciences.
(٣٥٧) Progressive Review.

دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی هزریی نیولیبرالەکان. لەم سەردەمەدا، باڵی چەپ بەرنامەی نوێی خۆی رێکخست و خوازیاری چاکسازیی زەویوزار و بەتایبەت سیاسەتی بیمەی کۆمەڵایەتی و پشتگیریی کردن لەو توێژانە بوو کە لە بەرامبەر زیانەکاندا ناسکن. دەبێ دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان لە رێگای وەرگرتنی باج بە یەکێك لە گرنگترین کۆمەڵەکانی بەرنامەی چەپ بزانین لەم سەردەمەدا. جیاوازیی سەرەکی لە نێوان بەرنامە نوێیەکان لەگەڵ بەرنامەکانی رابردوو لەوەدا بوو کە لەمەوبەدوا حکوومەت ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ دەگرت. (هێربرت گلادستۆن) کوڕی گلادستۆن و سەرۆکی پێوەندییەکانی حیزبی لیبرال لەو باوەڕەدا بوو کە رێبازی نوێی حیزب، دەبێتە دەستپێکی بزووتنەوەیەکی نوێ.

چالاکی سەربەخۆی سەندیکاکان لە هەڵبژاردنی پارلەمان، وەرچەرخانێکی گرنگی دیکەیە کە بەریتانیا لە بەرە بەری سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینیویەتی. لە ساڵی ١٨٩٩، کرێکاران و فەرمانبەرانی رێگای ئاسن، کۆمیتەی هەڵبژاردنی کۆنگرەی یەکێتی کرێکارانیان[٣٥٨] پێکهێنا. کرێکاران کە تا ئەو سەردەمە لە پارلەماندا خاوەنی کورسی نەبوون، بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی کرێکارانیان بە ئامانجی سەرەکی خۆیان راگەیاند. لە ساڵی ١٩٠٠، کۆمیتەی نوێنەرانی کرێکاران پێکهات و پێشوازییەکی گەرمی لێکراو گەلێك لە سەندیکاکان پێوەندییان پێوەکرد و ژمارەیەك لە رێکخراوە سۆسیالیستیەکان و کۆمەڵەی فابینیش پێوەندییان پێوەکرد و زەمینە خۆشبوو بۆ دامەزراندنی حیزبێکی بەهێز و دەسەڵاتدار کە پاشان بە حیزبی کرێکار ناونرا.

## * سەرهەڵدانی حیزبی کرێکار و گۆڕینی سیستەمی حیزبی:

ئەو حیزبە نوێیەی کە بەهۆی پێکەوە لکانی سەندیکاکانەوە دروستببوو، توانی لەکاتی بە دەسەڵات گەیشتنی (لۆید جۆرج سکویت)دا بگاتە هەندێك لە خواستەکانی خۆی. حکوومەتی نیۆلیبرالەکان بە پەسندکردنی پڕۆژەیەك لەمەڕ وەرگرتنی باج، چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەستپێکرد.

بەم جۆرە، باڵی چەپ توانی بە دروشمی خەبات دژ بە سەرمایەداران و فیۆدالەکان سەرکەوتنێکی بەرچاو لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩١٠ بەدەستبهێنێ و بەریتانیا لە بەرەبەری جەنگی جیهانی یەکەم خاوەن دەستەبەندییەکی سیاسی لەم جۆرەبوو.

(٣٥٨) Trade Union Congress.



جەنگی جیهانی یەکەم، بە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی حیزبە سیاسییەکانی بەریتانیا لە قەڵەمدەدرێ. بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی ئەورووپی، لەم وڵاتەدا ((پێشکەوتنخوازەکان)) لە سەردەمی جەنگ لەسەر کورسی دەسەڵات بوون و داوای ئیئتیلاف و هاوکارییان لە لیبرالەکان، حیزبی کرێکار و ئیرلەندییەکان کرد، ئەگەرچی ئەم بانگهێشتە پێشوازیی لێنەکراو بە کردەوە تووشی شکست هات. لە بەرامبەردا سکویت پێشنیاری کرد کە لەگەڵ پارێزگاراندا حکوومەتی ئیئتیلافی پێکبهێنن کە ئەم داوایە لەلایەن رێبەرەکەیانەوە پەسند کرا. بەم جۆرە حیزبی لیبرال بە کردەوە گەیشتە کۆتایی تەمەنی خۆی. پەسندکردنی ئەم ئیئتیلافە لەلایەن (بوناردلا)، سەرۆکی پارتی پارێزگاران، بە شێوەیەکی زۆر بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو. ئەو دەیزانی کە ئەم ئیئتیلافە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی حیزبی کرێکار و لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆی لەناوچوونی لیبرالەکان. بەڵام چونکە حیزبی کرێکار بەشێکی کەمی کۆمەڵگا (سەندیکاکان) لەخۆ دەگری، هەربۆیە بێگومان پارتی پارێزگاران دەبێتە حیزبی دەسەڵاتداری داهاتوو. هەڵبژاردنی دواتر تاڕادەیەك ئەم گریمانەیەی سەلماند. دەنگی لیبرالەکان لەنێوان حیزبی کرێکار و پارێزگاراندا دابەشبوو و حیزبی لیبرال بەخێرایی بەرەو نشێوی داڕووخان هەنگاوی نا[٣٥٩].

لە ساڵی ١٩١٨ بوناردلا و لۆید جۆرج لیستێکی هاوبەشی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی حیزبی کرێکار و پارێزگارانیان راگەیاند. ئەم لیستە کە لە فەرهەنگی سیاسی بەریتانیا بە ((کۆپینی هەڵبژاردن)) بەناوبانگە، ٣٤٧ پاڵێوراوی پارێزگاران، ١٥٩ لیبرال و ١٨ پاڵێوراوی حیزبی نوێی ((ناسیۆنال دیموکرات))ی لەخۆ دەگرت.

لەم نێوانەدا، حیزبی کرێکار هەوڵیدەدا تا بەرەبەرە لە حاڵەتی گرووپی گوشار دەربچێ و شێوازی حیزبێکی سیاسی راستەقینە بەخۆیەوە بگرێت. رێبەرانی ئەم حیزبە، دەستیان کرد بە رێکخستنی رێکخراوەکانیان و بەم جۆرە حیزبی کرێکار بەرەو ئەوە دەچوو کە ببێتە یەکێك لە حیزبە بەهێزەکانی بەریتانیا.

بەم جۆرە، حیزبی کرێکار بەشێوەیەکی چالاك پێی نایە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە و بە گۆڕینی پەیڕەوی خۆی لە ساڵی ١٩١٨ هەنگاوێکی کاریگەری نا بە ئاراستەی پەرەپێدانی چالاکییەکانی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسییدا. بەپێی پەیڕەوی نوێ، کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانی حیزب لە ١١ نوێنەری سەندیکاکان، ٥ نوێنەر لە رێکخراوەکانی حیزب لە ناوچە

(٣٥٩) CHARLOT, Le Parti Travailliste Britannique, Paris, Clefs, 1992.

جۆراوجۆرەکان و ٤ نوێنەر لە بەشی ئافرەتان پێکدەهات کە ئەندامانی لە کۆنگرەی ساڵانەدا هەڵدەبژێردران. حیزبی نوێ لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٣ هێزی خۆی نیشاندا و سەلماندی کە دەتوانێ ببێتە جێنشینی یەکجارەکی لیبرالەکان. لەم هەڵبژاردنەدا، پارێزگاران ٢٥٨ نوێنەر، حیزبی کرێکار ١٩١ و لیبرالەکان ١٥٨ نوێنەریان ناردە ناو پارلەمان. حکوومەتی ئیئتیلافی لەلایەن (مەك دۆناڵد)ـەوە پێکهات. لەمەودای نێوان هەردوو جەنگ و لە هەلومەرجێکدا کە بەریتانیا دەستەویەخەی قەیرانە ئابوورییەکان و گەلێك گیروگرفتی دیکە بوو، لیبرالەکان هێشتا ئامادەیی خۆیانیان لە گۆڕەپانی سیاسییدا پاراست. لە ساڵی ١٩٣١، حکوومەت بۆ قەرەبووکردنەوەی کەم هێنانی بوودجە، بیمەی بێکاری بڕی و ئەنجامەکەشی جیابوونەوەبوو لە بەرەی زۆرینە. سەندیکالیستەکانی حیزبی کرێکار لە ئیئتیلاف جیابوونەوە و مەك دۆناڵد هەستا بە دامەزراندنی حیزبێکی نوێ بەناوی حیزبی نیشتمانی کار[٣٦٠]. ئەم ئیئتیلافە پتر لە هەمووان لە قازانجی پارێزگاران کەوتەوە، کە بەهۆی هاوڕێییەتیان لەگەڵ لیبرالەکان توانییان لەناو چینی مامناوەندیی لایەنگرانێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣١ ژمارەی نوێنەرانی خۆیان لە ٢٥٨ کەسەوە بۆ ٤٧١ کەس زیاد بکەن.

یەکێکی تر لەو بزاڤە سیاسییانەی کە لە ئەوروپا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بزاڤی فاشیزم بوو. بەریتانیا لەم رووەشەوە، بەوە لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپی جیادەکرێتەوە کە فاشیزم لەم وڵاتەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. یەکێك لە ئاریستۆکرات[٣٦١] و سیاسەتمەدارە ناودارەکان، حیزبی یەکێتی فاشیستی بەریتانیای[٣٦٢] لە هەلومەرجی قەیرانی ئابووریدا دامەزراند. بەڵام بەدەستپێکردنی گەشەکردنی ئابووریی ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٣٤، ئەم حیزبە پێگە بچووکەکەی خۆی لەدەستدا و سەرۆکی حیزب لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣٥دا هیچ پاڵێوراوێکی دەستنیشان نەکرد.

لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٤٠، حکوومەتی ئیئتیلافی بەزۆرینەی بەرچاوی پارێزگاران لەسەر کاربوو. لەم سەردەمەدا بایەخی سەرەکی بە سیاسەتی دەرەکی دەدرا و سەندیکاکان تا رادەیەك دەسەڵاتی خۆیانیان لەدەستدابوو. لەبەرامبەردا، هەندێ لە کەسایەتییەکانی حیزبی

(٣٦٠) National Labour Party.
(٣٦١) Oswald Mosley.
(٣٦٢) British Union of Fascit.



کرێکار وەك (ئاتلی)[٣٦٣] لە گۆڕەپانی سیاسییدا ناوبانگێکیان بەدەستهێنابوو. لەم ساڵانەدا لە وڵاتی بەریتانیا رووداوێکی جێی بایەخی ئەوتۆ بە ئاراستەی چەسپاندنی حیزبەکان روونادات.

حیزبی کرێکار پاش جەنگی جیهانی دووهەم لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٤٥ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و چرچیل سەرەڕای ئەوەی کە براوەی جەنگ بوو، لەبەرامبەر باڵی رکابەردا شکستی خوارد. حیزبی کرێکار بە ٣٩٣ کورسی سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆخۆی تۆمارکرد و پارێزگاران کە لە روانگەی رای گشتییەوە بەرپرسی بوون لەوەی کە بەریتانیا بچێتە ناو جەنگی جیهانییەوە، لە بەرامبەر رکابەرانی خۆیاندا تووشی شکستێکی قورس هاتن[٣٦٤]. حیزبی کرێکار بە پێکهاتنی حکوومەت، گەلێك لە بەرنامەکانی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەهەمی جێبەجێ کرد, هەندێ بەرنامەی وەك: بیمەی تەندروستی گشتی، دەست تێوەردانی حکوومەت لە کاروباری ئابووری و خۆماڵیکردنی کارەبا و سووتەمەنی و شتی لەو جۆرە. لەساڵانی حکوومەتی حیزبی کرێکاردا، پارێزگاران هەستان بە رێکخستنەوەی رەوشی حیزبەکەیان و بە پێکهێنانی لقی لاوانی حیزب و هەموارکردنی سیاسەتەکانی خۆیان توانییان لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥١، زۆرینەی کورسییەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و بە ٣٢١ کورسی لە بەرامبەر ٢٩٥ کورسیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن. بەم جۆرە سیستەمی حیزبی بەریتانیا کە بە سەرهەڵدانی حیزبی کرێکار دروستببوو، چەسپا و کورسییەکان بەم جۆرە لەنێوان هەردوو حیزبی بەهێزدا دابەشبوون و ئەم نەریتە هەروا لەم وڵاتەدا بە پارێزراویی مایەوە. ئەگەرچی هەندێ جار حیزبێکی نوێ پێ دەنێتە ناو گۆڕەپانی چالاکییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتەوە، بەڵام سیستەمی حیزبی لەم وڵاتەدا هەر بەشێوەی دوو حیزبی ماوەتەوە و حیزبە بچووکەکان لە پارلەماندا بوونیان نییە[٣٦٥].

(٣٦٣) Attlee.
(٣٦٤) Charlot, Le Parl, op. cit.
(٣٦٥) BANKER A. J. Examininig British Politics, Londres, Hutchinson and Co., 1986, LEURUEZ J., Government et Politiques en Grand-Bretagne, Paris, Presses de la Fondation des Sceinces Politiques and Dalloz, 1989.

# دەرەنجام

*** یەك:**

بێگومان دەتوانین بڵێین کە حیزبی سیاسی بە یەکێك لە نیشانە گرنگەکانی نوێگەرایی سیاسی لە قەڵەمدەدرێ. سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان، پێوەندی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت و شێوازی ململانێی سیاسی تووشی وەرچەرخانێکی بنچینەیی کرد. ((حیزبی سیاسی)) بەخێرایی بووە بابەتی باس و توێژینەوەی لێکۆڵەرە جۆراوجۆرەکان و کۆمەڵەیەکی ڕێکوپێك و بەربڵاوی زانیارییە مرۆییەکانی لە زانستی سیاسەتدا بۆخۆی تەرخانکرد.

سەرەڕای توێژینەوەی زۆر لەم بارەیەوە، هێشتا لە کۆمەڵگای ئێمەدا لانی کەم کۆدەنگییەك لەمەڕ چەمکی حیزبی سیاسی لە ئارادا نییە. هەندێ کەس دەڵێن ڕەگوریشەی بۆ مێژووی ئیسلام و ئیران دەگەڕێتەوە و هەندێکی تر بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوگەیەکی ڕۆژئاوایی هەیە بە ناپەسندی دەزانن.

ناکام مانەوەی پرۆسەی حیزبایەتی لە ئێران، بووەتە بابەتی باس و توێژینەوەی توێژەرە جۆراوجۆرەکان و ئەم پرسیارە هەمیشە لەبەردەم ئێمەی توێژەردا خۆی دەنوێنێ کە بۆچی حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە ئەو ئەرکە تایبەتیانە لە ئەستۆ بگرن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێ.

ئەم نووسینە بەم گریمانەیەوە دەستی پێکرد کە حیزبی سیاسی هەڵقوڵاوی شارستانییەتی ڕۆژئاوایە و یەکەمین حیزبە سیاسییەکان بە واتا نوێ و زاراوەییەکەی خۆی لە پرۆسەی نوێگەرایی سیاسی لە ڕۆژئاوادا لە دایکبوون.

حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا لە پرۆسەیەکی سروشتی و لە ڕەوتێکی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دروستبوون، چونکە ڕەگوریشەیان لەناو کەلێنە سەقامگیرە کۆمەڵایەتییەکاندا بوو، هەربۆیە خاوەن سەقامگیریی و جێگیرییەکی ڕێژەیین.



*** دوو:**

حیزبی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکاندا لەدایکبوو و بوونەکەی قەرزاری ئەو وەرچەرخانە سیاسییە جۆراوجۆرانەیە کە لە سەروو و خوارووی هێرەمەکەدا هەیە. ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی کە بەپێچەوانەی رابردوو خۆیان بەرەو ڕووی قەیرانی ڕەوایی دەبینییەوە، جگە لە ڕووکردنە جەماوەر هیچ ڕێگا چارەیەکی تریان لەبەردەمدا نەبوو، ئەو خەڵکانەی کە لە ڕەوتی تاکگەراییدا، پێوەندییە ستوونییەکان و زنجیرەی بەرپرسایەتییەکانی ڕابردوویان لەدەستدا بوو، جگە لە پەیوەست بوون بە هاوقازانجەکانی خۆیان هیچ ڕێگایەکی تریان لە بەردەمدا نەبوو. لەم پرۆسەیەدا، هاوڵاتییە هاوقازانج و هاوچارەنووسەکان بۆ ئەوەی کە بتوانن کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاردانە حکوومییەکاندا هەبێ و بەو ئومێدەی کە بتوانن ڕێبەرانی خۆیان بگەیەننە دەسەڵات، دەستیان دایە دامەزراندنی حیزبە سیاسییەکان.

لە دایکبوونی حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا، هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی مافی دەنگدان بۆ هەمووان و حیزبە سیاسییەکان لە ڕەوتی هەڵبژاردن و گەشەکردنی مافی دەنگدان بۆ هەمووان دامەزران، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر قەیرانی بەشداریی و ڕێکخستنی بەشداری ئەو توێژە بەربڵاوانەی کە بە تازەیی پێیان نابووە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. ژمارەیەکی تر لە حیزبە سیاسییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی ڕەوایی و قەیرانی هاوبەندیی لە ڕەوتی نوێگەراییدا سەریانهەڵدا و هەموو ئەم حیزبانە ڕەگوریشەیان بۆ ئەو لێك ترازانانە دەگەڕێتەوە کە لەناو ناخی کۆمەڵگادا ئۆرگانیزە کرابوون.

ڕەنگە بتوانین یەکێك لە نهێنییەکانی سەقامگیریی حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوا بەوە بزانین کە ئەوان ڕەگوریشەیان لەناو کەلێنە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگادا هەیە. لە خۆڕاش نییە کە توێژەرێکی وەك ستین ڕۆکان، بۆ ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆرێتی سیستەمە حیزبییەکان لە ڕۆژئاوا، پشت بەو کەلێنە سەرەکیانە دەبەستێ کە ڕەگوڕیشەیان بۆ مێژووی ئەم کۆمەڵگایانە دەگەڕێتەوە. ئەو حیزبانەی کە بۆ بەرگریی لە بەرژەوەندی تاکەکان یا لەسەر تەوەری دژیەکییە کاتییەکان دروستدەبن، جگە لەناوچوون هیچ ئەنجامێکی تریان نییە و بە لەناوچوونی گرژییەکانی ناو کۆمەڵگا یا لەناوچوونی ڕێبەر یا ڕیبەرانیان، بەرەو نەمان دەچن.

*** سێ:**

گرنگترین ئەرکی حیزبە سیاسییەکان بریتییە لە دروستکردنی پێوەندی لە نێوان دەوڵەت و گەل و لەناوبردنی پێکادانە توندوتیژەکانی ناو کۆمەڵگا. حیزبە سیاسییەکان ئەم ئەرکە

تایبەتییەی خۆیان بە چەند هۆکارێکی جۆراوجۆر دەبەستنەوە، کە گرنگترینیان بریتییە لە زاڵبوونی فەرهەنگی گفتوگۆ بەسەر کۆمەڵگادا. حیزبەکان کە بۆخۆیان لەبری توندوتیژیی ڕەگوریشەیان لەناو فەرهەنگی گفتوگۆدایە، هەر لەگەڵ دروستبوونیان، گفتوگۆیان لە کۆمەڵگادا ئۆرگانیزە کرد و لەبری دەست بردن بۆ پێکادانە شوناسی و دوور لە ناوەندەکان، هەوڵیاندا لە چوارچێوەی ئەو پێکهاتەیەی کە دەبێتە هۆی کۆدەنگی و هاوکاری لە ڕێگای گفتوگۆ و، نەك توندوتیژیی بگەنە خواستەکانی خۆیان.

*** چوار:**

جگە لە وەرچەرخانە سیاسی و فەرهەنگییەکان، وەرچەرخانە یاسایی و پێکهاتەییەکانیش بوونە یارمەتیدەری حیزبەکان و پاڵپشتی بە دامەزراوبوونی پرۆسەی حیزبایەتییان کرد. لەو وەرچەرخانە پۆزەتیڤانە دەتوانین ئاماژە بە شەفاف کردنی خەرجی حیزبەکان، چاکسازیی سیستەمی هەڵبژاردن و بەخشینی یارمەتی حکوومی بە حیزبە سیاسییەکان بکەین. چارەسەرکردنی گرفتی ئابووری حیزبەکان توانی قەیرانی دارایی حیزبەکان چارەسەر بکات و حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا بە دامەزراو بکات.

*** پێنج:**

نەتەنها دەتوانین لەناو سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکان یا بە دامەزراوبوونیاندا بەدوای پێوەندەیی نێوان حیزب و کۆمەڵگادا بگەڕێین، بەڵکو سیستەمی حیزبیش پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ هەلومەرجی هەر کۆمەڵگایەکدا هەیە. لەبەرامبەر ئەم گرووپەی کە لەو باوەڕەدایە، سیستەمی حیزبی هەر وڵاتێك پێویستی بە داڕشتن نییە، ئەزموونی وڵاتە جۆراوجۆرە ڕۆژئاواییەکان ئەوە پێشاندەدات کە سیستەمی حیزبی کارامە دەبێ وەڵامدەرەوەی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی هەر کۆمەڵگایەك بێت. بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە بەهۆی فرە فەرهەنگی و فرە ئەتنی لەبەردەم مەترسی هەڵوەشانەوە و گرووپگەرایی لە ڕادەبەدەردایە، سیستەمی جووت حیزبی لە هەندێ ڕووی جۆراوجۆرەوە بە سوودبەخش دادەنرێ. چونکە ئەم سیستەمە دەبێتە بەربەست لەبەردەم گرووپگەرایی لەڕادەبەدەر و ڕای گشتی لەسەر تەوەری پرسە درشت و نیشتمانییەکان نەك ناوچەیی و هەرێمییەکان ڕێکدەخات و دەبێتە هۆی چەسپاندن و سەقامگیریی سیستەمی سیاسی.



سیستەمی فرەحیزبی تەواو یا ناتەواو هەریەکەیان لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆیان هەیە، کە دەتوانین بە سەرنجدان بە ئیلزاماتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەر کۆمەڵگایەك کارامەییان تاقیبکەینەوە. بە وتەیەکی تر، دەتوانین بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی کۆمەڵگاکانی تر، لە پێشدا سیستەمی حیزبی کارامەی کۆمەڵگایەك دیاریبکەین و زەمینەکانی بەدیهاتنیان خۆشبکەین.

ڕووکردنە سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە زۆرینە یا ڕێژەیی و زۆرینەی یەك قۆناغی یا دوو قۆناغی یەکێکن لەو پێشبینیانەی کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی سیستەمی حیزبی هەر وڵاتێکدا هەبێ.

پێویستیی داڕشتنی سیستەمێکی حیزبی کارامە و تێگەیشتنی دروست لە هۆیەکانی ناکارامەیی حیزبە سیاسییەکان لە ئێران، وادەخوازێ کە تێگەیشتنێکی دروست و گونجاو لەگەڵ واقیعمان لەسەر ئەزموونی حیزبایەتی لەسەرچاوگە سەرەکییەکەی واتە ڕۆژئاوا هەبێ.

ئەم توێژینەوەیە بەو مەبەستە ئەنجامدراوە و سەرەتایەکە بۆ گەیشتن بە مۆدیلێکی خۆماڵی لە حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای ئیسلامی ئێراندا.

# سەرچاوەکان

## کتێبەکان


ALMOND G., VERBA S., Civic Culture Revisited, New York, Sage Publication, 1989,421 pages.

BACOT P., Les Dirigeants Socialistes, Histoire et Sociologie, Lyon, presses universitaires de Lyon, 1979, 352 pages.

BACOT P., «Le Parti socialiste et les idéologies nouvelles», in BACOT P., JOURNÈS C. (dir), Les novelles idéologies, Lyon, Presses Universitaires de Lyon, 1982, pp. 193-214.

BADIE B., Les deux Etats, Paris, Fayard, 1986, 334 pages.

BADIE B., «L'analyes des partis, Politiques en monde musulman, La crise des paradigmes universels», in MÈNY Y. (dir.), Ldéologies, parties politiques et groupes sociaux, Partis, presse de la Fondation Nationale des Sciences Politiques, 1989.

BADIE B., L'Etat importé: l'occidentalisation de l'ordre Politique, Paris, Fayard, 1992, 334 pages.

BADIE B., Le développement Politique, Economica, 1994, 169 pages.

BADIE B., HERMET G., politique comparée, paris, PUF, 1990, 404 pages.





BALL A.R., British political parties: the Emergence of a Modern Party System, London, Macmillan, 1981, 292 pages.

BENETON P., Le conservatisme, paris, PUF, «Que sais-je»?, 1988, 121pages.

BERGER, D., Sociologie des partis politiques. Essai Méthodologique. Le cas du parti communiste français (1920-1988), Doctorat d'Etat, paris 8, 1988.

BERSTEIN S., «Les partis», in REMOND (dir.). pour une histoire politique, paris, Le Seuil, 1988, 399 pages.

BESBAKH P., Histoire et figure du socialisme français, paris, BORDAS, 1994, 225 pages.

BIRNBAUM P., Sociologie, politique, paris, Armand Colin, 1978, 277 pages.

BIRNBAUM P., (dir.), Les élites socialistes au Pouvoir, 1981-1985, Paris, PUF, 1985, 320 pages.

BIRNBAUM P., LECA J, (dir.), Sur l'individualisme, paris, Presses de la Fondation Nationale des Sciences Politiques, 1986, 313 page

BLONDEL J., Political parties : a Genuine Case for Discontent?, London, Widowhood House, 1978.

BORELLA F., Les Partis Politiques de la France d'aujourd'hui, Paris, Le Seuil, 1990, 297 pages.

BOURDIEU P., Le sens Pratique, Paris, Minuit, 1980, 474 Pages.

BRAUD P., Le jardin des délices démocratiques, Paris, Presses de la Fondation Nationale des sciences Politiques, 1991, 273, Pages.

BRAUD P., La violence Politique dans les démocraties Occidentales, Paris, L'Harmattan, 1993, 415 Pages.

BRAUD P., Sociologie Politique, Paris, LGDJ, 1996, 479 Pages.

BUDGE I., KEMAN H., Parties and Democracy : Coalition Formation and Government Functioning in Twenty States, Oxford, University Press, 1990, 243 Pages.

BURDEAU G., «Les parties, phénoméne ancien et neuf» in BURDEAU G., Traité de science Politique, Paris, Librairie Générale de Droit et de Jurisprudence, 1982, pp. 248-446.

BURNHAM W.D., «Parties and Political Modernization» in, **McCormick R.L.,** Political parties and Modern State, Rutger University Press, New Brunwick, New Jersey, 1983, pp. 109-148.

CHARLOT J., Le Phénomène gaulliste, Paris, Fayard, 1970, 208 Pages.

CHARLOT J., Les Parties Politiques, Paris, Armand Colin, 1971, 254 pages.

CHARLOT J. «Political Parties Towards a New Theoretical Synthesis», Political studies, 37(3), sep. 1989, pp. 352-361.

CHARLOT J., «Partis politiques: pour une nouvelle synthése théorique», in MÈNY Y. (dir.), Idéologies, Partis politiques et groupes sociaux paris, Presses de la Fondation Nationale des Sciences Politiques, 1989, 416Pages.

CHARLOT J., CHARLOT M., «Les groupes Politiques dans leur environnement et L'interaction des groupes Politiques», in GRAWITZ M., LECA J. (dir.), Traité de science Politique, 3, L'action Politique, Paris, PUF, 1985,736 Pages.

CHARLOT M., Le Parti travailliste britannique, Paris, Clefs, 1992,158Pages.

CHEVALLIER J., Institutions Politiques, Paris, L.G.D.J., 1996, 207 Pages.

CHOQUET C., DOLLFUS E., LE ROY E., VERNIERES M. (dir.), Etat: de savoir sur le développement, Paris, Karthala, 1993,229 Pages.



DELWIT P., Les Partis socialistes et l'intégration européenne, Bruxelles, Editions de I'Université de Bruxelles, (Thése de Doctorat), 1995,302Pages.

DOGAN M., PELASSY D., Socialogie Politique comparative: Probléme et Perspectives, Paris, Economica, 1981,218 Pages.

DONEGANI J.M., SADOUAN M., La Démocratie imparfaite, Paris, Gallimard, 1994,270 Pages.

DOWNS A, An Economic Theory of Democracy, New York, Harper, 1957, 310 Pages.

DUMONT L., L 'Homo hiérarchicus: Le système des castes et ses implications, Paris, Gallimard, Coll. «TEL., 1976,449 Pages.

DUMONT L., Essai sur l'individualisme, Paris, Le Seuil, 1983,279 Pages.

DUMONT L'Homo aequalis 1: Géne et épanouissement de l'idéologie économique, Paris, Gallimard, Bibliothéque des Sciences Humaines, 1985,270 Pages.

DUMONT L'Homo aeqalis 2: L'idéologie allemande. FranceAllemagne et retour, Paris, Gallimard, Bibliothéque des Sciences Humaines, 1991,312 Pages.

DURKHEIM E., Les Règles de la méthode sociologique, Paris, PUF, 1990,149 Pages.

DURKHEIM E, La Division du travail social, Paris, PUF, 1991,416 Pages.

DUVANT J.D., L 'Europe de la démocratie chrétienne, Paris, Editions Complexes, 1995,385 Pages.

DUVERGER M., Institutions Politiques et droit constitutionnel, Paris, PUF, Coll. Thémis, 1968,608 Pages.

DUVERGER M., Les Partis Politiques, Paris, Armand Colin, 1971.

ELDERSVELD S.J., Political Parties, Chicago, Rand Mc Nally, 1964,613 Pages.

ELDERSVELD S.J., Political Parties, A Behaviour Analysis, Chicago, Round Mc Nally, 1966.

ELIAS N., La Dynamique de l'Occident, Paris, Calmann-Lévy, 1993,198 Pages.

EPSTEIN, L.D., Political Parties in Western Democracies, New York, Praeger, 1967,374 Pages.

EPSTEIN, L.D., Political Parties in the American Model, New York, University of Wisconsin Press, 1986,440 Pages.

FISCHER G.N., La Dynamique du social, violence, Pouvoir, changement, Paris, Dunon, 1992,243 Pages.

FLAMANT M., Histoire de libéralisme, Paris, PUF, «Que sais-je? »,1992,127 Pages.

GAXIE D.,La démocratie représentative, Montchrestien, Clefs, 1996,156 Pages.

GAXIE D., Le cens caché, inégalité culturelles, segregation Politique, Paris, Le Seuil, 1978,269 Pages.

GAXIE D., (dir.), Explication du vote, Paris, Presses de la Fondtion Nationale des Sceinces Politiques, 1985,450 Pages.

GRAHAM B.D., Representation and Party Politics: A Comparative Perspective, Oxford, Blackwell, 1993,339 Pages.

JANDA K, «A Comparative Analysis of Party Organization: The United State, Europe, and the World», in William J.Crotty (ed.), The Party Symbol: Readings on Political Parties, San Francisco, W.H.Frere man, 1980 a.



JANDA K, Political Parties: A Cross-National Survey, New York, Free Press, 1980,1019 Pages.

KATZ R.S., MAIR P., (ed.), Party Organizations, London, Sage, 1992.973 Pages.

KTZ R., MAIR P., (ed.), How Parties organize. Change and Adaptation in Party Organizations in Western Democracies, London, Sage, 1994, 375 Pages.

KAZANCICIL A. (dir.), L'Etat au Pluriel, Perspectives de sociologie historique, Paris Economica, 1985.

KIRCHHEIMER O., «The Transformation of the Western European Party Systems», in LA PALOMBARA J., WEINER M., Political Party and Political Development, Princeton, Princeton University Press, 1966,pp. 177-200.

KITSCHELT H., The transformation of European social Democracy, Cambridge, Cambridge University Press, 1994,345 Pages.

LAPALOMBARA J., WEINER M., Political Party and Political Development, Princeton, NJ, Princeton University Press, 1966.

LAVAU G., Partis Politiques et réalités sociales: contribution à une étude réaliste des Partis Politiques, Paris, Armand Colin, 1953,169 Pages.

LAVAU G., Idéologie, Partis Politiques et groupes sociaux, Paris, Presse de Ia Fondation nationale des sciences Politiques, 1989,413 Pages.

LAWSON K, The Comparative Study of Political Parties, New York, St.Martin's Press, 1976,261 Pages.

LAWSON K, Political Parties and Linkage: A Comparative Perspective, New Haven, Yale university Press 1980,410 Pages.

LAWSON K, When Parties Fail, Emerging Alternative Organizations, Princeton (N.J), Princeton University Press, 1988,596 Pages.

LAWSON K (ed.) How Political Parties Work; Perspectives From Within, British Library, 1994,317 Page.

LECOMTE P., DENNI B., Sociologie du Politique, Grenoble, PUG, 1990,242 Pages.

LIPSET S., ROKKAN S., «Cleavage Structures, Party Systems and Voter Alignment, An Introduction», in LIPSET S.,

ROKKAN S., (ed.), Party Systems and Voter Alignments, New York, Free Press, 1977, pp. 1-64.

MACCORMICK S., ROKKAN. S., Political Parties anti The Modern State, New Jersey., Rutgers university Press, 1984,163 Pages.

MACDONALD N.A, The Study of Political Parties, New York, Garden City, 1995,97 Pages.

MAHIOU A., L'événement du Parti unique en Afrique noire, Paris, B.A.M., III, L.G.D.J., 1969.

MAIR P., The West European Party System, Oxford, Oxford University Press, 1990,364 Pages.

MAIR P., «Party Organization: From Civil Society to the State», in KATZ R.S., MAIR P. (ed.), How Parties Organize: Changing and Adaptation in Party Organization in Western Democracies, London, Sage Publication, 1994,375 Pages.

MAYEUR J-M., Des Partis catholiques à La démocratie chrétienne, XIXe-XX e siècle, Paris, Armand Colin, 1980,247 Pages;

MÉNY Y. (dir.), Idéologies, Partis Politiques et groupes sociaux, Paris, Presses de Ia Fondation Nationale des Sciences Politiques, 1989,417 Pages.

MENY Y., Politique comparée, Paris, Montchrestien, 1993,490 Pages.

MICHAUD Y., Violence et Politique, Paris, Gallimard, 1978,230 Pages.



MICHELS R., Les Partis Politiques, Essai sur les tendances oligarchiques des démocraties, Paris, Flammarion, (1ér éd. en allemand, 1911), 1971,309 Pages.

MILLES R., PRIDHAM G., Small Parties in Western Europe: Comparative and National Perspectives, London, Sage Press, 1991,232 Pages.

NEUMANN S., «The Party of Democratic Integration», in MAIER P., The West European Party System, Oxford, Oxford University Press, 1990, pp.46-49.

OFFERLE M., Les Partis Politiques, Paris, PUF, «Que sais-je?» 1987,125 Pages.

OFFERLE M., Un homme, une voi? Histoire du suffrage universel, Paris, Gallimard, 1993,160 Pages.

OFFERLE M., Sociologie des groupes d'interêt, Paris, Montchrestien, Clefs, 1994,158 Pages.

OLSON M., Logique de l'action collective, Paris, PUF, 1978,199 Pages.

ORGANISKI A., The Stage of Political Development, New York, Knopt, 1965.

OSTROGORSKY M., La Démocratie er les Partis Politiques (Textes choisis), Paris, Le Seuil, 1979,306 Pages.

PAPINI R., L'internationale démocratie-chrétienne 1925-1986, Paris, CERF, tr.françise 1988,237 Pages.

PERRINEAU P., «Un objet perdu, Ies parties politiques», in GUILLAUME M. (dir.), L'éttat des sciences sociales en France, Paris, La découverte, 1968,604 Pages.

POMBENI P., Introduction à l'histoire des Partis Politiqes, PUF, 1985,437 Pages.

PORTELLI-H., Le Parti socialiste, Paris, Clefs, 1992,156 Pages.

PORTELLI-H., Les Régimes Politiques européens, Paris, Le Livre de Poche, 1994,215 Pages.

QUERMONNE J.L., Les ŕegimes Politiques occidentaux, Paris, Le Seuil, 1986,316 Pages.

RANDALL V., Political Parties in the Third World, London, Sage Publications, 1988,198 Pages.

REY H., SUBILEAU F., Les militants socialistes à l'épreuve du Pouvoir, Paris, Presse de la Fondation Nationale des Sciences Politiques, 1991,291 Pages.

ROKKAN S., Citizen, Elections, Parties, Universitsforlaget, Oslo, 1970,470 Pages.

ROSE R., A Crisis of Confidence in Party System or In Individual Leaders? Glasgow, University of Strathclyde, 1994.

ROSE R., URWIN D.W., «Social Cohesion, Political Parties and Strains», in M.DOGAN, R.ROSE, (Ed), European Politics, London, Macmillan, 1971.

SAINT-OUEST F., Les Partis Politiques; une approche comparative, Paris, Presses universitaires de France, 1990,229 Pages.

SARTORI, G., Parties and Party Systems: A framework for analysis, Cambridge, Cambridge University Press. 1976,370 Pages.

SARTORI G., The theory of Democracy Revisited, Vol.1; the Contemporary debate, Vol.2: The Classical Issues, Chatham House Publishers, 1992,524 Pages.

SAWICKI F., Les réseaux du Parti socialiste. Sociologie d'un milieu Partisan, Paris, Belin, Coll, «socio-histoire», 1997,335 Pages.

SCHEMEIL Y., La Science Politique, Paris, Armand Colin, 1994,185 Pages.

SCHONFELD W.R, «Les Partis Politiques. Que sont-ils et» comment les étudier?», in MÉNY Y. (dir.), Idéologies, Partis Politiques et groupes



sociaux, Paris, Presses de la Fondation Nationale des Sciences Politiques, 1989,417 Pages.

SCHWARTZENBERG R.G., Sociologie Politique, Paris, Montchrestien, 1998,592 Pages.

SEDILLOT R., Histoire des socialismes, Paris, Faya:d, 1977,442 Pages.

SEIGNOBOS C., Histoire Poiltique de l'Europe contemporaine: évolution des Partis et des formes Politiques; 1814-1896, Paris, Armand Colin, 1908,814 Pages.

SElLER D.L., Partis et familles Politiques, Paris, PUF, Colle, «Thémis», 1980,440 Pages.

SElLER D.L., La Politique comparée, Paris, Armand Colin, 1982,224 Pages.

SElLER D.L., De Ia comparaison des Partis Politiques, Paris, Economica, 1986,261 Pages.

SElLER D.L., Les Partis Politiques, Armand Colin, 1993,157 Pages.

SElLER DL, Les Partis Politiques en Europe, Paris, PUF, «Que sais-je?», 1996,125 Pages.

TONNIES F., Communauté et société, catégories fondamentales de la sociologie pure, Paris, Retz-C.E.P.L., 1977.

VICKY R., Political Parties in the Third Word, London, Sage Publications, 1988.

WARE A., Political Parties and Party Systems, Oxford, Oxford University Press, 1996,435 Pages.

WEBER M., Le Savant et le Politique, Paris, Plon, 1959, (1ér éd. Allemande 1919), 231 Pages.

WEBER M., Economie et société, Paris, Plon, tom I, 1971 (1ér ed., allmande, 1921), 650 Pages.

WEISBERG H., (ed.) Political Science: The Science of Politics, New York, Agathon Press, 1986,307 Pages.

WRIGHT W.E. (ed.), A Comparative Study of Party Organization, Columbus, Ohio Charles E.MERRILL, 1971.

YSMAL C., Partis Politiques sous Ia Ve République, Paris, Montchrestien, 1989,312 Pages.

ZIMMERMANN E., Political Violence, Crises and Revolution, Theories and Research, Cambridge, Shenkman (mass), 1983, 345 pages.



## (وتار)

BACOT P., «Une représentation politique du sida, modes discursifs au pcf», Mots, n° 26, mars 1991, pp. 85-12.

BADIE, B., «Comparative Analysis in Political Science Requiem or Resurrection?», Political Studies, Vol.37, n°3, September 1989, pp. 340-351.

BERGES M., «Les conflits Paradigmatiques de la comparaison. Science Politique ou sociologie historique?», Revue Internationale de Politique Comparée, Vol.1, nº 1,1994, pp.111-131.

BLONDEL J., «Plaidoyer Pour une conception aecumenique de l'analyse comparée», Revue internationale de Politique comparée, Vol.1,n° 1,1994, pp. 5-18.

BLONDEL J., «Toward a Systematic Analysis of Government-Party Relationship», International Political Science Review, VoL 16, n° 2, 1995, pp. 127-143.

BOWLER S., «Voter Perceptions and Party Strategies: An Empirical Approach», Comparative Politics, VoL23, n°1, 1990, pp. 61-8.

BOURDIEU P., «La représentation Politique: éléments pour une théorie du champ Politique», Actes de Ia Recherche en Sciences sociales, février-mars, 1981, pp. 3-24.

BRILL E.J., «Party, Government, and Freedom in the Muslim World» Encyclopedia of Islam, Vol.3, pp. 49-50.

BUDGE I., «A New Spatial of Party Competition: Uncertainly, Ideology and Policy Equilibrium Viewed Comparatively and temporally», British Journal of Political Science, Vol.24, n°4 October 1994, pp. 443-467.

CANSINO C., «Party Government: The Search for a Theory», International Political Science Review, Vol.16, n°2, April 1995, pp. 124-209.

CASTLES F.G., MAIR P., «Left-Right Political Scales: Some Expert Judgments», European Journal of Political Research, n° 12, 1992, pp. 73-88.

CHARLOT., J., «Nouvelles études des Partis Politiques», Revue Française de Science Politique, Vol. XX, n° 4, 1970, pp. 818-821.

CHARLOT J., «Political Parties towards a New Theatrical Synthesis» Political studies. Vol.37, n°3, 1989, pp. 352-361.

COMISKEY M., «Electoral Competition and Growth of Public Spending in 13 Industrial Democracies, 1950 to 1983», Comparative Political Studies, n°3, 1993, pp. 350-374.

DAADLER H., «De Ia Norvège à la Politique comparée: l'itinéraire intellectuel de Stein Rokkan», Revue Internationale de Politique Compartée, Vol.2, n°1,1995, pp. 7-27.

GAXIE D., «Economie des Partis et rétributions du militantisme», Revue Française de Science Politique,. Vol.27, n°1, 1977, pp. 123-154.

GREGORY J.KAZAS, «Parties, Interest Groups, and Administrated Mass Organizations», Comparative Political Studies, April, 1993, pp. 81-111.

HANS D., «A Crisis of Party?», Scandinavian Political Studies, Vol.15, n° 4, 1992, pp. 269-287.

HARMEL R., TAN A, JANDA K., «Performance, Leadership, Factions and Party Change: An Empirical Analysis», West European Politics, Vol.18, 1995, pp. 1-33.



HARMEL R., SVASAND L., «Party Leadership and Party Institutionalization: Three Phases of Development», West European Politics, Vol.10, n° 2, 1993, pp. 66-88.

HERBERT K, HELLEMANS S., «The Left-Right and the New Politics Cleavages», Comparative Political Studies, n°23, pp. 210-238.

HOUTTINGER J.T., «Le dégel des clivages ou une mauvaise interprétation de la théorie de LIPSET et ROKKAN», Revue Internationale de Politique Comparée Vol.2, n°1, 1995, pp. 47-61.

HUBER J.D., «Values & Parties Ranship in Left-Right Orientations: Measuring Ideology», European Journal of Political Research, 1992,n° 17, pp. 599-621.

HUBER J.D., INGLEHART R., «Expert Interpretations of Party» Space and Party Locations in 42 Societies, Party Politics, Vol.1, n°1, 1995, pp. 73-112.

HUCKFELDT R., J.SPRAYNE, «Political Parties and Electoral-Mobilization: Political Structure Social Structure and the Party Canvass», American Political Science Review, n° 86, 1992, pp. 70-86.

HUNTINGTON S., «Political Development and Political Decay», Word Politics, Vol.3, n°17, 1965, pp. 386-430.

JANDA K., GILLIES R. «How Well Do Region Explain Political Party Characteristics? », Political Geography Quarterly, n° 12, 1982, pp. 179-203.

JANDA K., «Change in Party Identity: Evidence from Party Manifestos», Party Politics, Vol.1, n° 2, 1995, pp. 171-196.

JANDA K., « (Regional and Religions Support of Political Parties and Effects on Their Issue Positions», International Political Science Revue, 1992, n° 10, pp. 349-370.

JWAAN A., «A Classification of Parties and Party Systems According to Coalition Options», European Journal of Political Research, 1975, n°3, pp. 361-375.

KASZA G.J., «Parties, Interest Groups, and Administered Mass Organizations», Comparative Political Studies, Vol.26, n° 1, 1993, pp. 81-110.

KATZ R.S., MAIR P, «Changing of Party Organization and Party Democracy: The Emergence of the Cartel Party», Party Politics, Vol.1, 1995, n° 1, pp. 5-29.

KEMAN H., PENNINGS P., «Managing Political and Societal Conflict in Democracies: do Consensus and Corporatism Matter? », British Journal of Political Science, Vol.25, n° 2, April 1995, pp. 271-281.

KITSCHELT H., «The Internal Politics of Parties: The Law of Curvilinear Disparity Revisited», Political Studies, Vol.37, n° 3, 1989, pp. 400-421.

KITSCHELT H.,«Class Structure and Social Democratic Party strategy», British Journal of Political Science, Vol.23, n° 3, 1993, pp. 299-337.

KITS.CHELT H., «Left Libertarian Parties: Explaining Innovation in Competitive Party Systems», Words Politics, Vol.46, 1994, n° 2, pp. 195-234.

LAGROYE J., «Change and Permanence in Political Parties», Political Studies, Vol.37 1989, pp. 362-375.

LANDE C. H., «Political Clientalism in Political Studies», Revue Inrernationale de Science Politique, Vol.4, n° 4, 1983, pp.435-454.

LAVAU G., «Partis et système Politiques: interactions et fonctions», Revue Canadienne de science Politique, Vol. II, 1969, pp. 36-44.

LAWSON K., «L'ëvolution des Partis américains», Revue Internationale des Sciences Sociales, Vol.42, n° 5, octobre 1992, pp. 819-834.



LECA J., SCHEMEIL Y., «Clientélisme et Patrimonialisme dans le monde arabe», International Political Science Review, Vol.4, n° 4, pp.455-494.

LISTHAUG O., MCDONALD, ELAINE S., RABINOWITZ G., «A Comparative Spatial Analysis of European Party systems», Scandinavian Political Studies, Vol.13, n° 3, 1990, pp. 227-254.

LISTHAUG O., MCDONALD, ELAINE S., RABINOWITZ G., "Ideology and Party Support in Comparative Perspective," European Journal of Political Research, Vol.25, n° 2, 1994, pp. 111-150.

LANOFORD T., «Left/Right Orientation and Political Attitudes: A Reappraisal and Class Comparison», Canadian Journal of Political Science, Vol.24 n° 3, September 1991, pp. 475-498.

LUTHER KR., Consociationalism, Parties and the Party System, West European Politics, Vol.13, n° 1, 1992, pp. 44-98.

MABILLE X., «Actualité et perspectives de nouvelles applications du modélede» ROKKAN, Revue Internationale de Politique Comparée, Vol.2, n° 1, 1995, pp. 111-135.

MAIR P., «Continuity, Change and the Vulnerability of Party», West European Politics, Vol.12, 1994, pp. 169-187.

MARSHALL P., «Two Types of Rights», Canadian Journal of Political Science Vol.25, n° 4, 1992, pp. 661-676.

MAY J., «Democracy, Organize-Party Systems Action and MICHELS», American Political Science Review, Vol.59, n° 2, 1965, pp. 417-429.

MEDARD J.F., «Le rapport de clientele», Revue Française de Science Politique février 1976, pp. 103-130.

MOLINAR J., «Counting the Number of Parties: an Alternatives Index», American Political Science Review, Vol.85, n°4, 1991, pp. 1384-1391.

NIKONOV V., «Apparition du multipartiesme, une Prolifération de formations, Problémes Politiques» et sociaux, dossiers d'acrualité mondiale, Vol.706, n° 18, juin, 1993, pp. 15-32.

Numéro spécial «Selecting Party Leaders», European Journal of Political Research, Vol.24, n° 3, 1993, pp. 229-360.

Numéro spécial «Les Partis Politiques», Après demain, févriermars 1995, pp. 3-44.

ORDESHOOK P C., SHVETSOVA O.V., «Ethnic Heterogeneity, District Magnitude and the Number of Parties», American Journal of Political Science, Vol.38, n° 1, 1994, pp. 100-123.

OSTROGORSKI M., «Political Party Formation in Central Europe, 1988-93», ANNALS, AAPSS, n° 540, 1995, pp. 77-79.

PAREKH B., «The Cultural Particularity of Liberal Democracy», Political Studies, Vol, XL. 1992, pp. 160-175.

POWELL G.B., «The Competitive Consequences of Polarized» Pluralism, Political Behavior, Vol.16, n° 2, 1994, pp. 172-188.

RICHARDSON J.J., «The Market for Political Activism: Interest Groups as a Challenge to Political Parties», West European Politics, Vol.18, n° 1, 1995, pp. 116-139.

ROHRSCHNEIDER R., «How Is The Iron Law of Oligarchy? Robert Michels and National Party Delegates in Eleven West European Democracies», European Journal of Political Research, Vol.25, n° 2, 1994, pp. 207-238.

ROHRSCHNEIDER R., «Impact of Social Movement on European Party systems», Annal Of the American Academy of Political and Social Science, n° 528, 1993, pp. 157-170.



ROKKAN S., «Une famille de modèles Pour l'histoire comparée de l'Europe Occidentale», Revue Internationale de Politique Comparde, Vol.2, n° 1, 1995, pp. 137-147.

ROKKAN S., «The Structuring of Mass Politics in the Smaller European Democracies, Society and History, Vol.10, n° 2, 1968, pp. 173-210.

ROKKAN S., «Un modéle géo-économique et géo-politique de quelques sources de variations en Europe de l'Ouest», Revue Internationale de Politique Comparée, Vol.2, n° 1, 1995, pp. 147-171.

RONDOT P., «Les parties dans le monde musulman, Pouvoirs, n° 12, pp. 71-91.

SALAME G., «Sur la cansalité d'un manque: Pourquoi le monde arabe n'est-il-donc pas démocratique? », Revue Française de Science Politique, Vol.41, n° 3, Juin 1991, pp. 307-340.

SARTORI G., «Been comparer, mal comparer», Revue International de Politique comparée, Vol.1, n°1, 1994, pp. 19- 35.

SARTORI G., «Political Development and Political Engineering», Political Policy, n° 17, 1968, pp. 292.

SATO S., «Asie et democratie», Revue International de Politiq comparée, Vol.2, n° 2, 1995, pp. 273-285.

SCHLESINGER J.A., «On the Theory of Party Organization», Journal of Politics, Vol.46, n° 2, 1984, pp. 369-400.

SCHLESINGER J.A. «The Primary Goals of Political Parties: A Clarification of Positive Theory», American Political Science Review, n° 69, 1975, 840-849.

SCHMIEGELOW M, «Communauté, société et ethnique en démocratie,» Revue Internationale de Politique Comparée, Vol.2, n° 2, 1995, pp.255-273.

SElLER D.L., «Inter-Ethnic Relation in Central Europe the Quest for a Pattern of Accommodation», Communist and Post-Communist Studies, n° 4, 1993m 00, 325-366.

SElLER D.L., «Science Politique, comparison et universaux ou ce que comparer veut dire», Revue Inrernationale de Politique Comparée, Vol.1, n° 1, 1994, pp. 91-109.

SElLER D.L., «La Pertinence de la carte conceptuelle de Rokkan après l'implosion de l'Empire soviétique», Revue Internationale de Politique Comparée, Vol.2, n° 1, 1995, pp. 61-93.

SELLE P., SVASAND L., «Membership in Party Organizations and the Problem of Decline of Parties», Comparative Political Studies, n° 23, 1993, pp. 459-477.

STROM; K., «A Behavioral Theory of Competitive Political Parties», American Journal of Political Sciences, n° 34, 1990, pp. 565-598.

TAAGEPERA R., SHUGART M.S., «Predicting the Number of Parties: A Quantitative Model of Duverger's Mechanical Effect», American Political Science Review, Vol.87, n° 2, 1993, pp. 455-464.

TAGGART P., «New Populists Parties in Western Europe», West European Politics, Vol.18, n° 1, janv., 1995, pp. 34-51.

THIÉBAULT J.L., «La France dans l'oeuvre de Stein Rokkan», Revue Internationale de Politique Comparée, Vol.2, n° 1, 1995, pp. 93-111.

TILLY C., «Stein Rokkan et les identités Politiques», Revue Internationale de Politique Comparée, VoL2, n°1, 1995, pp. 27-47.

WARE A., «Activist-Leader Relations the Structure of Political Parties: Exchange Models., Vote Seeking Behavior in Parties», British Journal or Political Science, Vol.22, 1992, pp.71-92.



WARE A., «Liberal Democracy: On Form of Many? » Political studies, 1992, Vol. XL, pp. 130-146.

WARE A., «The Party Systems of The Established Liberal Democracies in the 1990s: Is This a Decade of Transformation?», Government and Opposition, Vol.13, n°3, summer 1995, pp. 312-326.

WOLINETZ S.B., «Party Systems Change: The Catch-all Thesis Revisited», West European Politics, Vol.14, No.1, Janvier 1991, pp. 113-128.